حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی مێژوو

# پێگەی شێخانی نەقشبەندی لە هەورامان و هەڵەبجە ١٩١٨-١٩٥٨

**نامەیەکە خوێندکار:**

**لقمان محمد قادر**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لەزانستی مێژوو / لە پسپۆڕی مێژووی نوێ و هاوچەرخ

**بەسەرپەرشتی:**
**پرۆفیسۆر. د. سۆزان کریم مصطفى**

٢٧٢٣ کوردی

٢٠٢٣ زاینی

ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار ( لقمان محمد قادر )
به ناونیشانی

(پێگەی شێخانی نەقشبەندی لە هەورامان و هەڵەبجە ١٩١٨ـ ١٩٥٨)

به چاودێریی ئێمه له كۆلێجی زانسته مرۆڤایەتییەکان / زانكۆی سلێمانی ئاماده کراوه، بەشێکە له پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ( مێژوو)، پێشنیاز دەکەین پێشکەش به لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:
سەرپەرشتیار: سۆزان كريم مصطفى
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
ڕێکەوت: ٢٠٢٣/٣/٦

بە پێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:
ناو: پ.د. پشکۆ حەمەتاهیر عبدالرحمن
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
سەرۆکی بەشی: مێژوو
ڕێکەوت: ٢٠٢٣/٣/١٦

## ڕەزامەندیی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، نامەی خوێندکار ( لقمان محمد قادر )
بە ناونیشانی (پێگەی شێخانی نەقشبەندی لە هەورامان و هەڵەبجە ١٩١٨- ١٩٥٨ )
خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا بە پلەی
(                    ) بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (مێژوو) پێ بدرێت.

واژۆ:
ناو: خسرەو عبدالرحیم نجم
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: ١٧/ ٥/ ٢٠٢٣

واژۆ:
ناو: سیامەند کریم محمود
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
ڕێکەوت: ٧/ ٥/ ٢٠٢٣

واژۆ:
ناو: فارمان قادر محمد
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
ڕێکەوت: ٧/ ٥/ ٢٠٢٣

واژۆ:
ناو: سۆزان کریم مصطفى
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت: ٧/ ٥/ ٢٠٢٣

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان – زانکۆی سلێمانییەوە پەسەند کرا.

واژۆ:
ناو: پ.ی. د. پاکێ جمیل احمد
ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
ڕێکەوت: ٥/ ٦/ ٢٠٢٣

**پێشکەشە بە:**

- دوو نزیکترین مرۆڤی ناو دڵم دایک و باوکی زۆر خۆشەویستم.
- هاودەمی ژیانم م.پەیمان و سێ منداڵە نازارەکەم(میلاد، ئامۆ، دادوەر)
- تاقانە خوشکی سەنگینم.
- هەموو مامۆستایانی قۆناغەکانی خوێندنم
- هەموو پەروەردەکارانی ڕۆح و مرۆڤ دۆستی.

**سوپاس و پێزانی:**

- سوپاس بۆ بەڕێز (پ. د سۆزان کریم مصطفی) کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی توێژینەوەکەمی گرتە ئەستۆ بە درێژایی ماوەی نووسین بە سەرنج و تێبینییەکانی توێژینەوەکەی دەوڵەمەند کرد.

- سوپاسی بۆ سەرۆکی بەشی مێژوو بەڕێز(پ.د پشکۆ حەمەتاهیر) و سەرجەم مامۆستایانی بەشی میژوو بۆ وانە وتنەوایان لە قۆناغی خوێندنی ماستەر بەڕێزان (پ.د. ئارام عەلی، پ.د.یاسین سەردەشتی، پ.ی.د. ئاکۆ شوانی، پ.ی.د. کامەران محەمەد، پ.ی.د.هیوا عەزیز، پ.ی.د. زریان حاجی)

- زۆر سوپاس بۆ هاوسەرم کە بە درێژایی ماوەی خوێندنم هاوکار و پاڵپشتم بووە.

- سوپاس بۆ کەسە ئەزیزەکانم بەڕێزان مامۆستا(کامیل ئەحمەد قادر، محەممەد مەحمود محەممەد، عەبدوڕەحمان ئەوڕەحیم)

- سوپاس بۆ هاوڕێیانی ئەزیزو هاوکارم مامۆستایانی بەڕێز(یاسین تەها، عادل صدیق، عەزیز مستەفا، د.هەردی میکە، بەهرۆز بەکر، کەمال جەلال، د.کارزانی کتێبخانە، ڕێبوار ڕەحمان، شیرزاد عەبدوڵڵا. د.محەممەد گەلاڵە).

- سوپاس بۆ ئەندامانی بنەماڵەی نەقشبەندی (شێخ محەممەد عەلی حیسامی و شێخ ئاوات مەحمود ساحیب) بۆهاوکاری و بەدەمەوە هاتنیان لە چاوپێکەوتن وبەخشینی زانیاری.

- سوپاس بۆ ئەو بەڕێزانەی کە چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئەنجامداون و کاتم گرتن ونامەکەیان دەوڵەمەند کرد.

- سوپاس بۆ سەرجەم هاوڕێیانم لە قۆناغی خوێندنی ماستەر و هەربەڕێزێکی تری هاوکارم.

## لیستی هێما و ناوە کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| بە زمانی کوردی | |
| ل | لاپەڕە |
| و | وەرگێڕ |
| ب | بەش |
| چ | چاپ |
| ژ | ژمارە |
| ز | زاینی |
| بە زمانی عەرەبی | |
| ت | ترجمة |
| ص | الصفحة |
| ج | جلد |
| ط | الطبعة |
| ع | العدد |
| م | ميلادي |
| بە زمانی فارسی | |
| ص | لاپەڕە |
| چ | چاپ |
| ش | شمس |
| هـ | هتاوی |
| | |
| بە زمانی ئینگلیزی | |
| Opera Cit to | op.cit. |
| Pages | P |

## ناوەڕۆک

پێشەکی.......................................................................................................... ١

دەروازە: ........................................................................................................ ٩
تەوەری یەکەم: سۆفیزم وەك بنەمای هزری تەریقەتی نەقشبەندی............................................. ٩
١/ کورتەیەکی مێژووی درووستبوونی سۆفیزم ........................................................... ١٠
٢/ سۆفیزم لە ڕووی زمان و چەمکەوە ................................................................... ١٤
أ: سۆفیزم لە ڕووی زمانەوانییەوە......................................................................... ١٤
ب: سۆفیزم لە ڕووی چەمکەوە ........................................................................... ١٦
٣/ قۆناغەکانی گەشەکردنی سۆفیزم و دابەشبوونی .......................................................... ١٦
تەوەری دووەم: تەریقەتی نەقشبەندی ..................................................................... ٢٠
١/ پێشینەیەکی مێژوویی دامەزراندنی تەریقەتی نەقشبەندی ............................................ ٢١
٢/ ناوەکانی ئەم تەریقەتەکە بەپێی قۆناغە مێژووییەکان......................................................... ٢٢
٣/ پێشینەکانی تەریقەت (شاهی نەقشبەند و مەولانا خالید)........................................................ ٢٥
أ: شاهی نەقشبەند ......................................................................................... ٢٥
ب: مەولانا خالید ......................................................................................... ٢٦
بەشی یەکەم: تەریقەتی نەقشبەندی لە هەورامان وهەڵەبجە. ............................................... ٣٠
باسی یەکەم: سەرهەڵدانی تەریقەتی نەقشبەندی لە هەورامان وهەڵەبجە............................................ ٣٠
تەوەری یەکەم: شێخایەتی بۆ ماوەیی لە هەورامان و هەڵەبجە ................................................ ٤٠
تەوەری دووەم: شێخانی نەقشبەندی لە هەورامان......................................................... ٤٦
باسی دووەم: پەیوەندیی سیاسیی شێخەکانی هەورامان ...................................................... ٦٠
تەوەری یەکەم: پەیوەندیی سیاسیی شێخەکانی هەورامان بە دەسەڵاتدارانی عوسمانی و(قاجاری و پەهلەوی). ........................................................................................... ٦٢
أ: پەیوەندیی سیاسیی شێخەکانی هەورامان بە دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە.............................................. ٦٢
ب: پەیوەندی سیاسی شێخەکانی هەورامان بە دەسەڵاتدارانی (قاجاری و پەهلەوی). .................... ٧٠
١/ پەیوەندی شێخەکانی هەورامان بە دەسەڵاتدارانی قاجاریەوە ............................................ ٧٠
٢/ پەیوەندی شێخەکانی هەورامان بە دەسەڵاتدارانی پەهلەوییەوە ........................................... ٧٥
تەوەری دووەم: پەیوەندی شێخەکانی هەورامان بە دەسەڵاتدارانی (ئینگلیز وعێراق)ی پاشایەتی. .....٧٨
أ: پەیوەندی شێخەکانی هەورامان بە دەسەڵاتدارانی داگیرکاری ئینگلیزەوە ................................ ٧٨
ب: پەیوەندی شێخەکانی هەورامان بە دەسەڵاتدارانی عێراقی پاشایەتییەوە.................................... ٨٣
بەشی دووەم: پێگەی کۆمەڵایەتی و زانستی شێخانی نەقسبەندی لە هەورامان و هەڵەبجە.............. ٩١
باسی یەکەم: پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی شێخانی نەقشبەند.............................................. ٩١
تەوەری یەکەم: پێگەی شێخ لە پێکهاتە چینایەتییەکانی هەورامان و هەڵەبجەدا ............................ ٩١
تەوەری دووەم: ژن و ژنخوازی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی شێخانی نەقشبەندیدا ................... ٩٩

تەوەری سێیەم: دەوری شێخەکان لە چارەسەری گرفت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان........................١٠٣
باسی دووەم: شێخانی نەقشبەندی ومولّکایەتی و زەوی وزار ............................................١٠٧
باسی سێیەم: پێگەی شێخانی نەقشبەندی لە گرنگیدان بە زانستی ئاینی لە هەورامان و هەڵەبجە.....١١٦
تەوەری یەکەم: تێڕوانین بۆ پێگەی ئاینی شێخانی نەقشبەند.................................................١١٦
تەوەری دووەم: حوجرە و قوتابخانە ئاینییەکان لە هەورامان و هەڵەبجە. ..............................١٢٤
أ: دەستپێکی قوتابخانە ئاینییەکان لەناوچەکەدا.............................................................١٢٤
ب: شێخەکانی هەورامان و قوتابخانە ئاینییەکانی ناوچەکە..................................................١٢٨
تەوەری سێیەم: ئاکار و ژیانی ناو قوتابخانە ئاینییەکان لە ناوچەکەدا..................................١٣٨
بەشی سێیەم: پەیوەندی نیوان شێخانی نەقشبەندی و ئایینە جوداکانی ناوچەکە.........................١٤٥
باسی یەکەم: شێخەکان و پەیوەندییان لەگەڵ جووەکان. ......................................................١٤٥
تەوەری یەکەم: جووەکان ......................................................................................١٤٥
أ: پێشینەیەکی مێژوویی لەسەر پێکهاتەی جوو لە هەڵەبجە....................................................١٤٥
١/ مێژووی هاتنی جووەکان بۆ ناوچەکە.......................................................................١٤٧
٢/ جووەکانی هەڵەبجە. .........................................................................................١٥٢
تەوەری دووەم: پەیوەندی خەڵك و شێخانی نەقشبەندی هەورامان لەگەڵ جووەکانی ناوچەکە........١٥٥
باسی دووەم: شێخەکان و پەیوەندییان لەگەڵ کاکەییەکان.....................................................١٦٨
تەوەری یەکەم: کاکەییەکان.....................................................................................١٦٨
أ: پێشینەیەکی مێژوویی لەسەر پێکهاتەی کاکەیی لە هەورامان و هەڵەبجە..............................١٦٨
١/مێژووی دەرکەوتنی کاکەییەکان...........................................................................١٦٨
٢/ بنچینەی ناوی کاکەییەکان. ................................................................................١٧١
٣/ دابەشبوونی جوگرافیی کاکەییەکان.......................................................................١٧٤
تەوەری دووەم: پەیوەندیی خەڵك وشێخانی نەقشبەندی هەورامان و هەڵەبجە لەگەڵ کاکەییەکان. ....١٧٧
ئەنجام. ...........................................................................................................١٨٨
لیستی سەرچاوەکان. ..........................................................................................١٩١
پاشکۆکان .......................................................................................................٢٣٥
پوختەی توێژینەوە...............................................................................................٢٥٢

## پێشەکی

ئاین و ئایندارى سیماوپێناسێك لە پێناسەکانى کۆمەڵگاى کوردیى بووە، لەکۆنەوە تاوەکو ئەوڕۆ، وەنەبێت پەیوەندى کورد و ئاین تەنها بە ئاینى ئیسلامەوە پەیوەستبێت و ئەوە سەرەتاى مێژووى ئایندارى کوردى بووبێت، بەڵکو بەر لەو قۆناغەش کورد و ناوچەکانى ئاینە جوداکانى ناسیووە، جا ئاینە ئاسمانییەکان بووبێت یان ئاینى مرۆڤ کرد. بەهۆى ئەوەى ناوچە کوردنشینەکان وەك بەشێك لە ناوچەکانى ڕۆژ هەڵات لانکەى شارستانیەتى کۆنى مرۆڤایەتى بوون و ئاینەکانیش لەو مێژووەدا ڕۆڵ و شوێن دەستیان هەبووە، بەڵام لە پاش هاتنى ئیسلام و موسڵمان بوونى کورد، زۆرینەى کوردەکان بوونە پەیڕەوکارى ئەم ئاینە ئاسمانییە.

دۆخى کوردان لە زێد و ناوچەکانى خۆیان هاوشێوە بە دونیاى ئیسلامى لە چاخە سەرەتاکانى ئیسلام و بەر لە دروستبوونى ناکۆکى و ململانێکان بەهۆى جیاوازى بیرکردنەوە و دروستبوونى قوتابخانە جوداکان بۆ ئیسلام ناسى و شرۆڤە هزرییەکانى تایبەت بەو بوارە، جێگیر بوو، بەڵام لەوە و پاش کوردەکان لە کۆى ئەو ماوەیەدا بە هاتن و ڕۆشتنى گروپ و دەستەگەلى زۆر هەوڵیان داوە سروشتى ئایندارى خۆیان بپارێزن. بۆیە لەو کاتەى تەریقەتە ئاینییە ئیسلامییەکان دروست دەبن، بە جیاوازى ناوەکانیان، جوگرافیاى کوردەوارى یەك لەو ناوچانە بوون کە کرانەوەى زۆر و دیاریان بە ڕووى قەبوڵکردنى ئیسلامى تەریقەتگەرایى یان ئیسلامى سۆفیزمدا هەبووە، بەڕادەیەك هەندێك لە سیمبوڵ و کەسایەتییەکانى ئەو دیدگا ئاینداریە، بە کورد ناودەبرێن و کەسایەتى کوردى بوون. لەو میانەشدا تەریقەتى نەقشبەندى کە مێژووى درووستبوونى لەناوچەکەدا بووە، بەڵام بوونێکى کاریگەر و بەرجەستە، لە ناو کۆى ڕایەڵەکانى ژیانى ئایندارى و کۆمەڵایەتى و ئاراستەکردنى کۆمەڵگاى موسڵمانى کورد بۆ قۆناغى گواستنەوەى تەریقەتەکە لەلایەن مەولانا خالیدى نەقشبەندى وخەلیفەکانى لە چەشنى (عوسمان سیراجەدین)ى نەقشبەندى لەو بەشەى هەورامانى لهۆن کە کەوتووەتە باشوورى کوردستان، بەوە مێژووى نەقشبەندى بۆ ماوەیەکى زۆر لە ناوچەکە هەژموونى خۆى بەسەر ڕەوتى ئایندارى کوردیدا کێشابوو، بەجۆرێك پێگەى شێخانى نەقشبەندى لە هەورامان و هەڵەبجە لەو مێژووە دیار و نکۆڵى نەکراوە، نەك لە سنورى هەڵەبجە و هەوراماندا، بەڵکو هۆکارێکى گەورە بوون لە گەیاندنى ئەو جۆرە لە ئایندارى بە سنورەکانى دەرەوەى کوردستانیش. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە قسە لە مێژووى تەریقەکە وبنەما هزرییەکانى ئەو تەریقەتە لە ناوچەکەداو ڕۆڵ و کاریگەرى ئەو جۆرە لە پەروەردەى سۆفیزمى ئیسلامى و پێگەى ئەو شێخانە لەناو ئەو مێژووە لە ئایندارى ناوچەکە نیشانبدەین. وەك بەشێك لە ئاوڕدانەوەى مێژووى لۆکاڵى ئایندارى کورد لە سنوورەکەدا.

هۆکارى هەڵبژاردنى بابەت:

دەستبردن بۆ ئەم ناونیشانە بە تاکە هۆکارێکەوە پەیوەست نییە، بەڵکو زۆرتر لە هۆکارێك ڕۆڵییان هەبووە. لەوانەش ڕۆڵبینینى ئاین بەو پانتاییە گەورەیە لە ئاراستەکردنى تاکى کورد، هاوتا بەو مێژووەى تەریقەتگەرایى لە ناوچەکە و ڕەنگدانەوەى لە نماکردنى ژیان و پێکەوەیى لە ناو جوگرافیایەکى دیاریکراودا، بەو هۆیەشەوە هەورامان و هەڵەبجە بوونەتە پێگەى ژیانەوەى تەریقەتى نەقشبەندى، کە تەریقەتێکى ئاینى سوفیگەراى باوى ناو کومەڵگاى کوردییە. شێخانى ئەم تەریقەتە کە لە بنەماڵەیەکى خانەدانى ئاغا گەرى ناوچەکەن، جگە لە سەروکاریکردنى خانەقا و حوجرە ئاینییەکان و کارى ڕێنموونى مورید و شوێنکەوتەکانیان، کەم و زۆر تێکەڵ بە ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانى

قۆناغی ژیانی خۆیان بوون چ لە سەردەمی عوسمانییەکان یا دەسەڵاتە جۆربەجۆرەکانی ئێران و پاشان هاتنی داگیرکاری ئینگلیز و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق. لە سێبەری گۆڕانکارییەکانیشدا بەرخودیان لەگەڵ ڕەوتە کۆمەڵایەتی و ململانێ سیاسی و کێبرکێ کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکەدا هەبووە، کە تێکەڵەیەک بووە لە کوردی موسڵمان و کاکەیی و جووەکان. ئەوەندەی پێزانراوبێت و پیراگەشتبین لەگەڕان و بە دواداچوونەکان، وە ک نزیکایەتیش لە ناوچەکە تاوەکو ئیستا هیچ نامەیەکی زانکۆیی ماستەر یا دکتۆرا لەسەرئەو گۆشە مێژووییەی ناوچەکە نییە. بۆیە هەستمان بەبوونی بۆشاییەکی تایبەت بەو بوارە کردووە، لە کاتێکدا لە ڕووی کاتە مێژووییەکە وهەروەها لە ڕووی کەرەستەی مێژوویی کە خۆی لە مێژووی ئاین و تەریقەتە ئاینییەکان، وەك هێزی مەعنەوی لە گەورەکردنی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی شێخەکان و ڕەنگدانەوەی ئەو بوارەش لە گەشە و پێگەی ناوچەکە بەراوورد بە ناوچەکانی دەرووبەری، لەو قۆناغە مێژووییەدا ناکرێت نادیدەبگیرێت، بەتایبەتی بۆ توێژەری بابەتەکە لە دووفاکتدا ڕۆڵیان لە هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانەدا هەبووە، ئەوانیش پەیوەستبوونی ئاینی و ناوچەییەکەیە.

گرنگی توێژینەوەکە:

وەك چۆن هەربابەتێکی مێژوویی هەڵگری گرنگی خۆیەتی، ئەم توێژینەوەیەش گرنگە، بەو پێیەی قسەکردنە لە مێژووی جۆرێك لە ئاینداری کورد لەم ناوچەیە، ئاینداریيەك کە لە رابووردوودا هەژموونی زۆری بەسەر ڕەوتی بیرکردنەوەی ئاینییەوە هەبووە، بەجۆرێك سەرچاوەی زۆرێك لە مشتومڕە ئاینییەکانی نێوان پەیڕەوانی سۆفیزم وەك قوتابخانەیەك لە بیرکردنەوە ئیسلامییەکان. لەگەڵ ڕەوت و ئاراستە سونەتییەکانی ئاینداری کە خۆی بە سنورێکی دیاریکراو نابەستێتەوە، بەڵام ئەم جۆرە لە بیرکردنەوەی ئاینی کە کرۆکە ڕۆحییەکەی لە سۆفیزمەوە سەرچاوەی گرتووە، جگە لە ڕەهەندە ئاینییەکەی خەسڵەتێکی لۆکاڵی کورد بوونیشی لە خۆدا کۆکردووەتەوە، بەشێوەیەك ئەو تەریقەتە و شێخەکانی لە ناوچەکە تەنها بە سنورە لۆکاڵییەکەوە نەوەستاون، بەڵکو ئەگەر لە رابووردوودا ئاین و ڕابەرانی ئاینی لە دەرەوەی ناوچە کوردییەکانەوە بۆ زێدو وڵاتی کورد ئاراستەکرابن، ئەوا ئەم تەریقەتە ئاراستەکەی پێچەوانە کردەوە، بەڕادەیەك توانی ناوچەکە لە ڕێگەی ناوەندەکانی خانەقا و حوجرەی فەقێکانی بکاتە سەنتەرێکی گرنگ بۆ بڵاوکردنەوە و ئاراستەکردنی ئەو جۆرە لە ئاینداری.

پرسیاری توێژینەوەکە:

ئەوەی بەلامانەوە گرنگە لەم توێژینەوەیەدا دەستخستنی وەڵامی چەند پرسیارێکە. بۆچی مەولانا خالید وەك شێخی ڕۆحی و مامۆستای شێخانی هەورامان قەبوڵ نەکرا و بەو هۆیەشەوە ناوچەکەی بەجێهێشت؟ بەڵام شێخانی هەورامان لە ناوچەکەدا قەبوڵکراوبوون؟ چی هۆکارێك بووەتە هۆی ئەوەی مێژووی دەسەڵاتداری ئاغاگەری ئەم بنەماڵەیە گۆڕانکاری لە خۆیدا بکات لە دەسەڵاتداری دونیا گەرایی بۆ پێگە و دەسەڵاتی ئاینی لە ناوچەکەدا؟ سۆفیزم وەك دیدگایەکی دونیا نەویستانە تاوەکو چەند لە ناو شێخانی هەوراماندا بەرجەستە بووە؟ یا بنەمای سۆفیزم کە خۆی لە زوهد و دونیا نەویستیدا دەبینێتەوە لە ژیانی ئەم شێخانەدا خۆی بەرجەستە کردووە؟ زانستی ئاینی شێخەکان تاوەکو چەند لەگەڵ پێگەی شێخایەتییان هاوسەنگ بووە؟ شێخایەتی لە ناو ئەم بنەماڵەیەدا تاوەکو چەند بە بنەماکانی نەقشبەندی بۆ دیاریکردنی شێخ پابەند بووە؟ پێگە و پەیوەندی شێخەکان تاوەکو چەند لە سودی خەڵك و ناوچەکەدا ڕەنگی داوەتەوە؟ بۆچی ئەم جۆرە لە پێشەوایەتیکردن کە ڕۆژگارێکی

زۆر لە پێشەنگی ئاراستەکردنە کۆمەڵایەتی و ئاینداریيەکانی ناوچەکەدا ڕۆڵی دەگێرا، بەو سەنگ و قورساییەی نەمایەوە؟ دونیا گەری چ ڕۆڵێکی لە کەمکردنەوەی هەژموون و ڕاگرتنی ئەو مێژووە لە دەسەڵاتداری ئاینی شێخەکاندا هەبووە؟

گریمانەی توێژینەوەکە:

ئەوەی لەم توێژینەوەیەوە وەك گریمانە بۆی چووین جودایە لە گریمانەی بەدەست هاتوو کە لە ئەنجامی گەڕان و پشکنین لە کۆی ئەو سەرچاوانەی بۆ نووسینی توێژینەوەکە پێویستمان پێی بووە و زانیارییمان لێوە وەرگرتوون، چونکە نە شێخەکان لە و مێژووە نزیك بە ٢٠٠ ساڵەی ناوچەکە بە یەك ئاراستەی کارکردن کاریان کردووە، نە لە ڕووی پێگە و کاریگەرییانەوە هاوتا بوون، واتە ئەو تێڕوانینە بۆ شێخەکان کە بەرەبابێك و خێزانێك بوون یەك دیدگا و یەك دونیا بینییان هەبووە، لە ئەنجامی پشکنینی کۆی سەرچاوەکان و ئەوەی بەدەست هاتووە، جوودا لەو بیرکردنەوەیە بووە. بە جۆرێك لە کۆی ئەو مێژووەدا شێخی دونیا نەویست و چاو دوور لە سامانی دونیایی هەبوون و بەپێچەوانەشەوە ڕاستە.

ئامانجی توێژینەوەکە:

هەر توێژینەوەیەك کە دەکرێت بەتایبەتی توێژینەوە ئەکادیمییەکان بێگومان بێ ئامانج نابێت، ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش برێتییە لە لێکۆڵینەوە و ووردبوونەوە لە پرسی جۆرێك لە ئاینداری کوردی لە ناوچەیەکی ئاڵۆز و ناوەندی دوو هێزی ئاینی دژ بەیەك (عوسمانی و ئێرانی)، هەوڵ و کاریگەری شێخەکان لە پاراستنی تایبەتمەندێتی ئاینداری کوردی و وابەستە نەبوون و خۆ وون نەکردن لە ئەنجامی ململانێی هێزە ئاینییە باڵا دەستەکانی ناوچەکە و نیشاندانی پێگەی شێخەکانی ئەم تەریقەتە لەو سنورە و بیرکردنەوەی شێخەکان بۆ ئەو ڕووداوانە لە ناوچەکەدا ڕوویداوە. لەگەڵ ئەو دەرەنجامانەی بەهۆی باڵادەستی شێخەکانەوە لە ئاراستەکردنی پێکەوەیی و ژیانی دانیشتوانی ناوچەکە و دەرخستنی ئاستی گرنگیدانی شێخەکان بە گەشەپێدان و بەرەو پێشبردنی سنورەکە تاچەند بووە؟ هاوتا بەوەش نیشاندانی تێڕوانینەکان بۆ هەژموون و دەسەڵاتی شێخەکان لە ناوچەکە و بەکارهێنانی جۆرێتی پەیوەندییەکانیان بۆ چۆنێتی دەسەڵاتدارییان لەناوچەکە.

میتۆدی توێژینەوەکە:

وەک ئامادەسازی بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە زانستییە و بەو بیرکردنەوەیەی کە دەستپێکی توێژینەوەکەی پێ ئاراستەکراوە، زیاد لە میتۆدێکی زانستی بۆ کارکردن بەکارهاتووە، بەڵام لە دەرئەنجامدا جۆرێتی میتۆدەکان وەک یەک لەم تویژینەوەیەدا ڕۆڵ نابینن، بەڵکو زیاتر پشت بە میتۆدی گێڕانەوەی مێژوویی و توێژینەوەی شیکاری میژوویی دەبەستین، وەک پێویستییەکی مێژوویی، ئەوەش لەئەنجامی گەڕان و پشکنینی ئەو سەرچاوە مێژووییانەی کەبۆ وەها توێژینەوەیەک پێویستن و زانیاری ئەو قۆناغە میژووییەیان لەخۆدا هەڵگرتووە، وەک سەرچاوەی نووسراو یان بەڵگەنامە و سەرچاوەی زانیاری کەسی لە دیدار وچاوپێکەوتنەکاندا، هەریەک لەو ڕێگایانە پێویستییەکی بونیادی توێژینەوەکەیە و ناتوانرێت کارییان لەسەرنەکرێت. پاشان لە هەنگاوی دووەمدا بۆ پوختەکردنی زانیارییەکان و بە چەشنێکی زانستی کۆی بابەتە وەرگیراوەکان، پێویستییەکی زۆرمان بە دوو میتۆدی ڕەخنەیی مێژوویی و بەراوردکاری دەبێت، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە گێڕانەوە نازانستییەکان نیشان بدەین و جیایان بکەینەوە لە زانیاری دروست بە بابەتەکە.

بەوەش دەرئەنجامێکی زانستی پوختەکراومان لە چوارچێوەی میتۆدی هەڵهێنجان (استنتاج)دا بۆ بەرهەم دێت. لە پێناو گەیشتن بە ڕاستی مێژوویی، چونکە ئەو بابەتانەی لەسەر شێخەکان و مێژووی شێخەکان نووسراون، بابەتی هەمەچەشنن، بە جۆرێك تێکەڵن بە هەست و سۆزی نوسەرەکانیان بە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی و کەمتربابەتی نووسینی ئەکادیمین. بۆیە گەڕان بەناو ئەو نووسینانەدا پێویستی بە خۆ داماڵینە لە هەست و سۆز بەرامبەر ئەو مێژووە. چونکە نامانەوێت تەنها شوێن زانیاری تۆمارکراوبکەوێن بەقەدەر ئەوەی مەبەستمانە زانیاری دروستی مێژوویمان بۆ بەرهەم بێت.

گرفتی توێژینەوە:

وەك هەر توێژینەوەیەکی ئەکادیمی کە خاڵی نابێت لە گرفت، ئەم بابەتەش هەروا بێ گرفت نەبووە. بە تایبەتی لەو ڕوانگەیەی کە پێویستی بەدەست خستنی بەڵگەنامە مێژووییەکانە، چونکە بەشێکی ئەو مێژووەی توێژینەوەکە کاری لەسەر کردووە، سەردەمی پێش دروستبوونی دەوڵەتی عێراقە لە قۆناغی دەسەڵاتدارێتی دەوڵەتی عوسمانی دواتر دەسەڵاتداری داگیرکاری بەریتانیە. لایەنێکیتری گرفتەکان کەم گرنگیدانی هەندێك لە شێخەکان بە ئەرشیفکردنی نوسراو وپەیوەندییەکانیان، هەروەها ئەو گۆڕانکارییە زۆرانەی لە ناوچەکەدا لە نێوان بەرە جیاوازەکانی دەسەڵاتدارێتی ڕوویانداوە، لە قوناغی باڵادەستی تەوژمی شێخایەتی لەناوچەکە بۆ قۆناغی لاواز بوون و پوکانەوە، ڕۆڵێکی زۆر ئەرێنییان لەسەر ونکردنی بەشێکی ئەو مێژووە هەبووە، خاڵێکیترکەم بە دەمەوەهاتنی کەسەکان بۆ چاوپێکەوتن بەهۆکاری جیاواز، ئەمە لەگەڵ ئەوەی تاوەکو ئێستا وەکو ناوەندێکی ئەرشیفی لە سنورەکانی خۆماندا یان ڕاستر لە هەرێمی کوردستاندا بۆ پاراستن و بە دیکۆمێنتکردنی ئەو زانیارییانەی پێشوونییە، ئەوەش گرفتی سەرەکییە لە بەردەست نەبوونی نوسین و بەڵگەکانی کاتی ڕووداوەکان، وێڕای ئەوەی ناوچەکەش بە بەردەوامی ناوەندی کێشە و ململانێی هێزەکانی عوسمانی و ئێرانی لەلایەك و ئێران و عێراق لەلایەکیترەوە بووە و ناوەندێکی گەرمی ململانێ ناوخۆییەکانی عێراق و هێزە کوردییەکانیش بووە، دەرەنجامی ئەوەش بارکردن و چۆڵکردنی ناوچەکە بووە لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە، بەوەش زۆرێك لە بەڵگەنامەکانی پەیوەست بەو سنوورە پەرش و بڵاوو بەردەستی خەڵکانی نابەرپرس کەتوون. هەموو ئەمانە ڕۆڵیان لە ونکردن و نەپاراستنی نوسراوو بەڵگە نامەکان هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی شێخەکانی ناوچەکە کەمتر گرنگییان بە تۆمارکردنی نووسینەکانیان داوە، بەدەر لە نووسینە ئەدەبییە شیعر ئامێزەکانیان. ناکۆکییەکانی نێوان بەرەی شێخانیش لایەنێکیتری ئەو سەرنگونبوونەی زۆرێك لە بەڵگەکان بووە. خاڵێکی تر پەیوەستە بەو چوارچێوە مێژووییەی بۆ بابەتەکە دەستنیشانکراوە، کە بەشێک لە ژیانی شێخەکان و کاوچالاکییان دەگەرێتەوە بۆ ئەو میژووە، ئەمەش گرفتێکی دیکەی بۆ سازکردین کە نەمانتوانی وەکو پێویست پەیوەست بین بەو سنورە میژووییەی بۆمان دیاریکراوە.

شیکردنەوەی سەرچاوەکان:

بۆئەم توێژینەوەیە پشت بە چەند سەرچاوەیەکی ڕەسەن و دەستنووس و نامەی بەکارهاتووی هەندێك لە شێخەکان و ئەو کتێب و نووسراوانە بەستووە کە لە نووسیندا نزیکایەتییان لەگەڵ توێژینەوەکەی ئێمەدا هەبووە، بە زمانە جیاوازەکانی ( کوردی – عەرەبی – فارسی – ئینگلیزی)، هاوتا بە کتێب و نوسراوەکان دیدار و چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ نووسەر و کەسایەتییەکان چ لە بنەماڵەی شێخان یان دەرەوەی بنەماڵە، لەگەڵ کەسانی بەتەمەن و ئاگادار لەو سەردەمە مێژووییە و

خەڵكانی خاوەن قەڵەم و نوسین لەو بوارەدا، لەگەڵ بەشێك لە پێكهاتە ئاینییەكان بەشێوەیەكی گشتی دەتوانین بەم جۆرە دابەشیان بكەین:-

دەست نووس: ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا بەكارهاتووە سێ دەست نووسی بڵاونەكراوەن وەك بەڵگەی نیشاندەر لە توانستی زانستی حوجرە و خوێندنگەكانی ئاینی ناوچەكە و دۆخی فەقێ لە گرانی دەستخستنی كتێب و سەرچاوەی زانیاریدا، كە بەلامانەوە گرنگ بوون ئەو نیشاندانە بكرێت بە پشت بەستن بەو بەڵگانەی كە لەوسەردەمەوە بۆ ئێمە بەجێماون. لەگەڵ چەند بەڵگەنامەیەكی دەستنووس لە ئەرشیفی عوسمانییەوە وەرگیراون و لە دووتوێی كتێبی (سلێمانی (بابان) لە بەڵگە نامەكانی عوسمانیدا ـ لە ئامادەكردن و پێشكەشكردنی دكتۆر نەوزاد یەحیا باجگر بە بەرگی جیاواز)

بەگشتی پەرتووكەكان بە سێ زمان بەكارهاتووەن:

سەرچاوە كوردییەكان: بۆ ئەم توێژینەوەیە نووسینەكانی مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس (هەردوو بەرگی یادی مەردان، بنەماڵەی زانیاران و ڕۆژگاری ژیان و باوەشێنی دڵ و دیوانەكانی مەولەوی) یەكێك بوون لەو سەرچاوانەی كە بە ووردی خوێندنەوەیان بۆكراوە و لە ناو زانیارییەكانی ئەو نوسینانەدا سودێكی زۆر لەو سەرچاوانەی مامۆستای نووسەر بینراوە، ئەوەشمان بەگرنگ زانیووە. چونكە ناوبراو جگە لەوەی مەلایەكی ئاینی دیاری قۆناغەكە بووە، نزیكایەتییەكی زۆریشی لەگەڵ شێخەكان و ئەو شێوە بیركردنەوە ئاینییەدا هەبووە، بۆ ماوەیەكی زۆریش مامۆستا و مودەڕیسی گەورەی بیارە بووە، لەگەڵ ئەوەشدا قەڵەمێكی دەگمەنیش بووە لەو قۆناغانەدا كە ئەو مێژووەی یاداشت كردووە، بۆیە نوسینەكانی سەرچاوەیەكی نزیكی ناو ڕووداوەكانن كە خۆی بینیونی یان كەسانی پێش خۆی بینیویانە. هەروەها هەردوو بەرگی كتێبی مێژووی هەورامانی محەممەد ئەمین هەورامانی، بۆ ئێمە گرنگ بوون. چونكە ناوبراو خەڵكی ناوچەكە و خوێندەوارێكی بەتوانا بووە لەوبوارەدا، ئەوەی گرنگی نووسینەكانی ئەوی بۆ ئێمە زیاتر كردووە، ناوبراو لە دەرەوەی كاریگەر بوون بە شێخەكان زانیارییەكانی تۆماركردووە، واتە دیوێكیتری دۆخەكەی بە خوێنەران نیشانداوە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆی لە ڕاستییەكان نەشاردوەتەوە. نوسینەكانی شاكرفەتاح (ئاوێنەی ژینم و گەشتێك بۆهەورامان و هەڵەبجە) گرنگییەكی زۆریان بۆ نووسینەكەی ئێمە هەبووە، چونكە دەتوانین بڵێین ناوبراو وەك ئەوەی كاربەدەستێكی حكومی بووە نوسینەكانی لە دیدگایەكی لۆژیكیانەوە نوسیوە خۆی نەخستوەتە ناو چوارچێوەیەكی دیاریكراو، لەگەڵ ئەوەی خاوەن بیركردنەوەی تایبەتی خۆی بووە، بەڵام لە باسكردنی شێخەكاندا بیركردنەوەی خۆی تێكەڵ بە نوسینەكانی نەكردووە. هەروەها سودێكی زۆرمان لە كتێبی كوردناسەكانی وەك(مێجەرسۆن و مس بێل و دیڤید ماكداول و باسیلیی نیكتین) بینیوە ئەوانەی ڕۆژگارێك بە خەسڵەتی فەرمی ڕوویان لە ناوچەكە كردووە وەك كوردناس و ڕۆژهەڵاتناس یان كارمەندی دەزگا سەربازی و سیخوڕییەكانی وولاتانی ڕۆژئاوا بوون. هەروەها كتێبی (ڕەوشی ئاینی لە كوردستان) لە نووسینی ڕەشاد میران كە توێژینەوەیەكی زانستی تایبەتە، هاوتا بەمانە كتێبەكانی نووسەری لاو (عادل صدیق عەلی) كە گرنگییەكی زۆری بە مێژووی هەڵەبجە و ناوچەكە داوە، ئێمەش سودێكی زۆرمان لەو هەوڵە زانستییانەی ناوبراو بینیوە. هەروەها نووسینەكانی نووسەر(ئەیوب كوێخا ڕۆستەم) لەبارەی مێژووی هەورامان و یارسانەكانی هەورامان، بۆ ئێمە سەرچاوەیەكی باش بوون، چونكە نووسەر جگە لەوەی خاوەن نوسینێكی زۆرە نزیكایەتی لەگەڵ یارسانەكان و شێخەكانی هەورامان، وایكردووە نووسینەكانی گرنگی خۆیان هەبێت. كتێبی (كاروانی ژیانم)ی دكتۆر(موستەفا زەڵمی) لایەنێكی تری گرنگ بوون بۆ

نوسینەکەمان چونکە ناوبراو هەم خوێندەوارێکی هەڵکەوتەی سنورەکە بووە، هەم خاوەن دیدگای تایبەت بە خۆی بووە لە سەر شێخەکان و ئەو ئاراستە لە دینداری، هەروەها کتیبی (مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشبەندی) لە نوسینی سەید (تاهیری هاشمی) سودێکی باشی لێوەبینراوە. هەروەها نووسینەکانی دکتۆر (ئاراس محمد صالح) لەبارەی مێژووی مزگەوت و حوجرە ئاینییەکان لایەنێکی باش بوون بۆ زیادکردنی زانیاری لە نوسینەکەدا. (گەوهەری حەقیقەت) بە بەرگە جیاوازەکانیەوە یەکێکیترە لەو کتێبانەی کە توێژینەوەکەی ئێمە بۆی گەڕاوەتەوە وگرنگیش بووە لەلامان، چونکە نووسەرەکە (شێخ موحسین شێخ خالید موفتی) ماوەیەکی زۆری تەمەنی بە هاوڕێیەتی دواهەمین شێخی تەریقەتەکە شێخ (عوسمان سیراجەدینی دووەم) بەسەر بردووە و زانیارییەکانی بەرهەمی وەرگرتنی ڕاستەوخۆی ناوبراوە لەو شێخەی تەریقەت یان لە مورید و سۆفیانی بە تەمەنی دەورووبەری شێخ. هاوتا بەوانەش بنەماڵەی موفتی بەهۆی نزیکایەتییان لەگەڵ شێخانی هەورامان و پێکەوەیی ئەو مێژووە لە سۆفیزم وایکردووە پشکنینی کتێبەکانی بۆ دەستخستنی زانیاری سەرچاوەیەکی باش بن. هەروەها کتێبەکانی شێخی خاڵ بە بەرگە جیاوازەکانییەوە سەرچاوەیەکی باشی زانیاری بوون.

هەرچی سەرچاوە عەرەبیەکانە، سودێکی زۆر لە بەرهەمەکانی نووسەری عێراقی (دکتورعەباس عەزاوی) بینراوە بە تایبەتی کتێبی (الكاكائية في التأريخ) هەروەها سود لە کتێبی (سراج القلوب)ی شێخ (عثمان سراج الدين) بینراوە کەبۆخۆی شێخی ئەوتەریقەتە و ئەندامی ئەو بنەماڵەیە. هەروەها لە نووسینەکانی (دکتۆر احمد سوسة) و کتێبەکانی (دکتۆر محمد احمد درتيقه) لە بابەتەکانی تەسەوف و تەریقەتی نەقشبەندی، لەگەڵ کتێبەکانی (دکتۆرعیمادعبدالسلام) لە بابەت مێژووی شوێنە ئاینییەکانی کوردستان لە حوجرە و قوتابخانە ئاینییەکان. هەروەها کتێبی(الاقليات في العراق الذاكرة، الهوية التحديات)ی نووسەر (سعد سلوم) لەبارەی پێکهاتە ئاینییەکان بینراوە.

سەرچاوە فارسییەکان: ئەو کتێبانەی بە زمانی فارسین وسوودی زۆرمان لێبینیون نووسینەکانی (دکتۆرصديق بۆرەکەئی) (دوره هفتوانه)، هەروەها سودێکی باش لە (هەرسێ بەرگی سیراج السالكين)ی نووسەری ڕۆژهەڵات (سامی دهقانی) بینراوە کە تایبەتە بە جوڵە و نامە و پەیوەندییەکانی شێخ (حیسامەدین) و ئەو قۆناغانەی ئەو شێخە تێیدا چالاك بووە.

دیداروچاوپێکەوتن: لەگەڵ گەڕان بەناو زانیاری کتێبەکاندا هەوڵدراوە لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەوە سود لەو گێڕانەوە و چیرۆکانە ببینرێن کە تاوەکو ئێستا هەر قسەی دەماودەمن و نەبوونەتە نوسینی سەرکاغەز هەم بەمەبەستی تۆمارکردنیان تاوەکو لە لەناوچون بپارێزرێن هەم بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی نوسینەکە ، چونکە چاوپێکەوتن سەرچاوەیەکی سەرەکی وەرگرتنی زانیارییە لە ئێستای زانستی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەدا، بەو هۆیەشەوە کۆی ئەو چاوپێکەوتنانەی کە کراون ژمارەیان(٢٤)چاوپێکەوتنە لە خەڵکی جیاواز و ئاینی جیاواز، بەڵام هەشبوون هەوڵمانداوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ سازدەین و ئامادەییان نەبوو، هەرجارەو بە بیانوویەك. خەسڵەتی ئەو کەسانەشی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ سازداون بەجۆرێك لە جۆرەکان یا بەنووسین یا بەهۆی تێکەڵی لەگەڵ ئەو تەریقەتە یان خەڵکی سنور و ناوچەکە بوون، وێڕای هەندێك لە شێخ زادەکان بۆ وەرگرتنی بۆچونیان لەسەر هەندێك بۆچوونی نووسەرانی بەرامبەرلەوانەش (شێخ ثابت شێخ عەلائەدین نەقشبەندی) دواهەمین کوڕی شێخ (عەلائەدین)ە کەلە ژیاندا مابێت، هەروەها لەگەڵ شێخ (عەلی حیسامی) شێخی جێنشین لە نەوەی شێخ (حیسامەدین)ی نەقشبەندی و مامۆستا شێخ (ئاوات

نەقشبەندی) لە نەوەی شێخ (نەجمەدینی نەقشبەندی)، (ئامانج نەقشبەندی وەك نەوەی شێخ عەلائەدین نەقشبەندی) هەروەها مامۆستا ( محەمەد عەلائەدین) مامۆستا و کەسی بەتەمەنی هەڵەبجە، مامۆستا (نوری فارس حەمەخان) مامۆستای ئاینی و خاوەن بەرهەمی زۆری زانستی و (دکتۆرنەوید نەقشبەندی) مامۆستای زانکۆ و توێژەر لە زانکۆی کوردستان لە شاری سنەو نووسەر (هومایۆن صاحیب هەورامی) خاوەن بەرهەم و توێژەری بابەتی شیعر و عیرفانیات لە هەڵەبجە، مامۆستا (ئەیوب ڕۆستەم) کەخاوەن بەرهەمێکی زۆری نووسینە لەسەر کاکەییەکان و مێژووی ناوچەکە هاوتا بەنووسینەکانی سود لە چاوپێکەوتنیشی بینراوە. لە ئاینی کاکەیش مامۆستا (ئاکۆ شاوەیس) مامۆستا و کەسایەتی کاکەیی لە هەڵەبجە. لەگەڵ چەندین چاوپێکەوتن ودیداری تر، کە لە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەیان پێکراوە. جگە لەمانەی کەباسکراون، بێگوومان سوود لە چەندین سەرچاوەي جیاوازی وەك یاداشت و گۆڤار و ڕۆژنامەو پێگە ئەلیکترۆنییەکانیش بینراوە.

ناوەڕۆکی توێژینەوە:

ئەم ماستەرنامەیە لە دەروازەیەك و سێ بەشی سەرکی پێکهاتووە، دەروازەی نووسینەکە لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، کە (سۆفیزم و تەریقەتی نەقشبەندی)ن لە چوارچێوە گشتییەکەدا، لەوەشدا مەبەستمانە، سۆفیزم وەك بنەمای هزری تەریقەتی نەقشبەندی بناسین لە برەودان بەو تەریقەتە لە مێژوودا، ڕەگەزەکانی پەیدابوون و قۆناغەکانی گەشەکردنی، پاشان لە تەوەری دووەمدا دەرخستنێکی کورت بۆ تەریقەتی نەقشبەندی بکەین لەمێژووی دروستبوون و گەیشتنی بە ناوچەکەی ئێمە و ڕۆڵی مەولانا لەو نێوەندەدا بزانین.

لەبەشی یەکەمدا بەناونیشانی (تەریقەتی نەقشبەندی لە هەورامان و هەڵەبجە) کە پێکهاتەی دوو باسە، لە باسی یەکەمدا، قسە لە مێژووی تەریقەتی نەقشبەندی لەناوچەکە و چۆنییەتی گەشەو فراوان بوونی دەکات، بەجۆرێك لە دواجاردا ئەو سنوورە دەبێتە بناغەیەك بۆ گەیاندنی تەریقەتەکە بە ناوچەکانیتر، لەگەڵ کۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لەناوچەکەدا ڕوویانداوە. پاشان پێکهاتەی ئەم باسە دوو تەوەر لە خۆدەگرێت، لەتەوەری یەکەمدا، دەست بۆ ئەو گۆڕانە دەبەین کە لەم تەریقەتەدا کرا، بەناونیشانی (شێخایەتی بۆماوەیی لە هەورامان و هەڵەبجە).هەرچی تەوەری دووەمە ئاماژەدانە بە مێژوو و کاروچالاکی شێخە دیار و کاریگەرەکانی ناو ئەم مێژووەی تەریقەت لە ناوچەکەدا. لە باسی دووەمدا بەناونیشانی (پەیوەندی سیاسی شێخەکانی هەورامان) جگە لە پێشینەیەك بۆ دەرخستنی تایبەت بەو باسە بۆ پەیوەندییە سیاسییەکان، لە تەوەری یەکەمدا هەموو ئەو پەیوەندییانەی شێخەکانی هەورامان هەیان بووە بە دەسەڵاتە جوداکانەوە لە کات و قۆناغی جیاوازدا لە چوار پێکهاتەی ئەو تەوەرەدا باسیان لێوەکراوە. کە دەکرێت بگوترێت پەیوەندی بوون بە هێزەکانی دەرەوەی سنوورە لۆکاڵییەکە. لە تەوەری دووەمدا کە بۆ پاش گۆڕانکارییە گەورە سیاسییەکانی جیهان دەگەڕێتەوە، جۆرێتی هەڵسوکەوت و پەیوەندی شێخەکانە بە داگیرکاری بەریتانی لە عێراق و پاشانیش بەدەوڵەتی عێراقی پاشایەتی.

لە بەشی دووەمی ئەم نامەیەدا ئاوڕ لە پێگەی شێخەکان دەدەینەوە بەناونیشانی(پێگەی کۆمەڵایەتی و زانستی شێخانی نەقشبەندی لە (هەورامان و هەڵەبجە)کە بۆ سێ باس پۆلێنکراوە، و هەرباسێکیان دەرخەری جۆرێك لەو پێگەو کاریگەرییانەیە، لە باسی یەکەمدا، قسە لە پێگەی کۆمەڵایەتی شێخەکانە، بەجۆرێك لە سێ تەوەردا سەنگ و کاریگەری ئەو پێگەیە دەخەینە ڕوو. تەوەری یەکەم، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی شێخەکانە، لە ناو کۆمەڵگایەکی سیخناخ بە کەلتووری هۆزگەری و

ئاغايەتی لێرەدا شوێنی شێخەکان لە ڕوانگەی گەڕیدە و هۆنەرو خەڵکی نیشان دەکەین، کە خاڵێکی بەهێزی مێژووی شێخەکان بووە، لەو مێژووەدا. هەرچی تەوەری دووەمە مەسەلەی ژن و ژنخوازی شێخەکانە بەخۆیان و نەوەکانیان، کە لە زۆرجاردا دەچنە خانەی گرێ بەستە سیاسییەکانی هاوسەرگیریەوە، ژن ڕێگایەك بووە بۆ پەیوەندی شێخەکان بە خێزانە باڵاکانی ئەو ڕۆژگارەوە. بەم تۆکمەییە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هاوسەرگیری پێگەی شێخەکان بەجۆرێك بەهێز بوو کە بتوانن لە کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو ڕۆژگارانەدا ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبێت ئەوەش کەرەستەی تەوەری سێیەمی کۆتایی باسەکەیە. لە باسی دووەمدا دەچینە سەر هەژموونی شێخەکان لە خاوەندارێتی زەوی و موڵك وماڵ بە ناونیشانی ( شێخانی نەقشبەندی و موڵکایەتی و زەوی وزار) لەم باسەدا ئەوە نیشاندەدەین کە هەندێك لە شێخەکان چۆن لە ئەنجامی دواکەوتوویی سیستمی کارگێڕی و کۆمەڵایەتی ئەو ڕۆژگارەی ناوچەکە سودیان لە تاپۆکردنی زەوی و موڵکەکان بینیووە، دواجار ئەو زەوی و موڵکانەش بۆ باڵاتربوونی پێگە و نەوەکانیان بەکارهاتووەتەوە، لە هەمانکاتدا کەرەستەیەکیش بوون بۆ بەردەوامیدان بە پرۆسەی خوێندنی حوجرەیی کە ناوەندێکی گەورەی ناوبانگ و پێگەی شێخەکان بوو، بەڵام لەو هەولانەش هەموو شێخەکان وەك یەك نەبوون. لە باسی سێیەمدا، لایەنی پەروەردەی زانستی شێخەکان باسدەکەین کە خۆی لە حوجرەکانی خوێندن و خانەقاکاندا دەبینێتەوە. بەجۆرێك لە تەوەری یەکەمدا پێگەی ئاینی شێخان و ڕۆڵی ئەو پێگەیە بەسەر پرۆسەی خوێندنی حوجرەیی نیشاندەدەین، چونکە لەودەمەدا شێخەکان بەو پێگە ئاینییەی هەیان بوو، کۆمەڵگایان ئاراستە دەکرد، بۆیە پیرۆزییەك کە بەهۆی ئاینەوە شێخەکان بۆیان دروست بووبوو لەسەروو هەموو پێگەکانیترەوە بوو. تەوەری دووەمی ئەم باسە حوجرە ئاینییەکانی شێخەکانە کە مێژووەکەی لە شێخەکان کۆنترە بەڵام لای شێخەکانەوە بوژانەوەیەکی زۆری بەبەرداکرا، بەرادەیەك لەو ڕۆژگارانەدا بوونە ناوەندێکی گرنگی زانستی ئاینی و لە زۆر لاوە ڕوویان لێدەنرا، هەرچی تەوەری کۆتایی ئەوباسەیە باسکردنە لە ئاکار و ژیانی ناو قوتابخانەو حوجرە ئاینییەکان لە ئازادی خوێندن و جۆرێتی خوێندن و پێگەشتوویی مەلا و مامۆستایانی کورد بەجۆرێك ئەستەم بوو لەو ڕۆژگارەدا ناوەندێکی نافەرمی لەوجۆرە هەبێت بەو شێوە خزمەت بە خوێندن و زانستی ئاینی بکات.

بەشی سێیەم و کۆتایی باس لە پێکەوە ژیانی شێخەکانە، کە بەشی کۆتایی پێکهاتەی نامەکەیە لەگەڵ پێکهاتە جوداکانی هەورامان و هەڵەبجە لە (جووەکان و کاکەییەکان) ئەوەی لەم بەشەدا نیشاندراوە دەرخەری ڕاستییەکی مێژووییە لە ڕۆڵ و کاریگەری شێخەکان لە قەبوڵکردنی پێکەوەیی لەگەڵ خەڵکانی خاوەن ئاینی جوودا بە جۆرێك ئەو مێژووە لە پێکەوەیی کەلە دووباسدا نیشاندراوە، هەرچی جووەکانە باسی یەکەمی ئەو بەشەیەو دابەشی سەر دووتەوەری سەرەکی کراوە، لەتەوەری یەکەمدا ناساندنێکی جووەکانە لە ناوچەکە و قوڵایی مێژوویان و چۆنێتی هاتنیان بۆ ناوچەکە، لەگەڵ تایبەت مەندێتییان، هەرچی تەوەری دووەمە باس لە پێکەوە ژیانی ئەم پێکهاتەیە لەگەڵ خەڵك و شێخانی ناوچەکەیە لەپەیوەندی و هاوکاری و پێکەوە بوون بەجۆرێك وێنەیەکی جوانی ناوچەکەیە، باسی دووەمی ئەم بەشە قسەکردنە لە پێهاتەی ئاینی کاکەیی کە بەهەمان شێوە دابەشی سەردوو تەوەر کراوە لە تەوەری یەکەمدا، ناساندێکی گشتی بۆ ئەو ئاینەو باوەڕدارانی کراوە لە ناو وجوگرافیای بونیان و مێژووی دروست بوونییان، تەوەری دووەم نیشاندانی ئەو پێکەوە ژیانەی ئەوانە لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە و شێخەکانی تەریقەتی نەقشبەندی بەجۆرێك دوور بوون لەهەر ستەمکارییەك کە بەهۆی جوودایی باوەڕەوە دووچاریان هاتبێت کەبەشێکی ئەو دۆخەش بەهۆی هەژموون و کاریگەریی ڕۆحی شێخەکان وئاراستە پەروەردە سۆفیزمیەکەی تاك بووە، هاوتا بە کەلتوری ئارامی خەڵکی ناوچەکە.

## دەروازە:

## تەوەری یەکەم: سۆفیزم وەك بنەمای هزری تەریقەتی نەقشبەندی:-

سوفیزم وەك دیدگا و هزرێکی (گیان/روح)گەرا هەڵگری خەسڵەتێکی ڕۆحی و کۆمەڵایەتییە و کاریگەری بەرچاوی هەبووە و هەیە بەسەر ڕەوتی ژیانی ئاینی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاوە، بەئامانجی پەیوەندی و پەرستشی نیوان خواوەند و مرۆڤ لە کۆنەوە بوونی هەبووە، بەڵام ڕۆژهەڵاتناسانی وەکو (نیکلسونReynold Alleyne Nicholson) و (ماسینون- Louis Massignon) پێیان وایە، سۆفیگەری دیاردەیەکی ئیسلامییە و دەرئەنجامی ڕەوتی گەشەسەندنی سرووشتی ڕوانگە جۆراوجۆرەکانی خواناسییە، لەسەدەی یەکەمی کۆچیدا لەناو کۆمەڵگای ئیسلامیدا سەرەتاکانی دەرکەوتوون [1]. بۆیە ئەوانەی ئاشنا بە ئیسلام و مێژووی ئیسلامن، بە باشی ئەوە دەزانن کە سۆفیگەری بە درێژایی مێژووی ئیسلام، لە شێوازی جیاوازی پەرستش و دونیا نەویستیدا هەبووە، تاوەکو لە سەدەی دووەمی کۆچی بە ڕوونی و بەهۆی ڕووکردنە دونیا و بایەخدان بە خۆشییەکانی [2]. ئیدی تەسەوف وەک گرووپ و دەستە، لە زۆرێک لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان بە گەل و زمانە جیاوازەکانیانەوە پراکتیزە بوو. لە دونیای ئیسلامیدا زەمینەی تەسەوف برێتی بووە، لەو دونیا نەویستی (زووهد)ەی[3]. کە ئیسلام بانگەشەی بۆ دەکرد، بەجۆرێك ئەم ژیانە وەک ڕاگوزەرێکە بۆ ژیانێکی هەمیشەیی تر[4]. تەسەوفی تاقانە واتە تاوەکو ئەودەمەی بیرکردنەوەی سۆفیگەری لە چوارچێوەی تاکدا بوو، نەخرابووە چوارچێوەی هزرێکی پەروەردەی کۆمەڵایەتی، زۆرجار بە پێچەوانەی بیروباوەڕی سادە و باو لەکۆمەڵدا بیریان دەکردەوە، بەو هۆیەشەوە تاوەکو سەدەی نۆیەمی زایینی ئەو سۆفییانە بەئاشکرا لە ڕێگەی باوی کۆمەڵایەتی لایاندەدا، بۆیە لەلایەن دەوڵەت و کۆمەڵگاوە وەک شێت تەماشا دەکران[5]. تاوەکو دواجار سۆفیزم توانی زەمینەیەکی جەماوەری لە نێو خەڵکی ئاسایی و بڕوادار بەو دیدگا ئاینییە بە دەست بهێنێت و زیاتر لە ناو موسڵماناندا بڵاوبێتەوە و کەسایەتی و خاوەن قەڵەمەکانی لە بواری زانستەکانی (یەکتاناسی و فەرموودە و شرۆڤەکاری دەق و زمان و ڕەوشتپەروەری)دا خاوەن بەرهەم بوون [6].

---

[1] حشمەتوڵڵا تەیبیی: ئاین و زمان و ڕەچەڵەکی کورد،و.ڕەفعەت مورادی ،چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی،٢٠١٨، ل٩٧.

[2] عبدالحكيم عبدالغني قاسم: المذاهب الصوفية و مدارسها، ط٢، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٩،ص٢١.

[3] زوهد، لە جیهانی سۆفیگەریدا بناغەی پێگەشتن و ڕوو لەخوا بوونە، بۆیە زاهید لە نێو سۆفیەکاندا پێگەیەکی دیاری هەیە و بەلای ئەوانەوە چەکی ڕووبەڕوو بونەوەی نەفس و دەروونە لە دونیادا، زاهیدیش لە دیدی ئەواندا بە واتای خۆ بە دوورگرتن نییە لە دونیا، بەڵکو پێویستە بە پێی پێوەرە دینیەکان سود لە ڕێپێدراوەکانی ژیان ببینرێت، شێخەکانی سۆفی دژی قوڵبوونەوەن لە چێژ و دونیا ویستیدا، زوهد پایەیەکی جێگیر و چەسپاوە لایان، هەمووان بانگەشەی بۆدەکەن بەوەی بنەڕەتی تەسەوفە، لە نێو ئەو شێخانەشدا هەیانە پابەندە بە زوهدەوە و هەشیانە تەنها بانگەشەی بۆ دەکات. (بڕوانە// محمد احمد درنيقة(د): الطرق الصوفية ومشايخها في طرابلس، ط١، دار الانشاء، طرابلس،١٩٨٤، ص٥٠،٥٤).

[4] صەباح شێخ محەمەد بەرزنجی(د): سێ گۆشە نیگا بۆ شەڕی ژیارەکان یان گفتوگۆی نێوانیان، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨، ل ٤٦.

[5] ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندیی - خالیدی مەولانا خالید و تەریقەتی خالیدی، و. هەڵکەوت حەکیم(د)، ب٢، چ١، لە بڵاوکراوەکانی دیداری جیهانیی مەولانا خالید ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ١٠.

[6] صباح عبدالرحمن احمد: دور التصوف في نشر الدعوة محافظة السليمانية أنموذجا، رسالة ماجستر غير منشور، كلية الامام الاعظم الجامعة، قسم الدراسات العليا، بغداد، ص ٧.

کەسانێک هەن کە دەرکەوتنی سۆفیزم دەبەنەوە بۆ سەردەمی پێش ئیسلام، هەشە پەیوەستی دەکەن بە ئیسلامەوە، (ئیبن ئەلجەوزی)[1] دەڵێت: "وشەکە لەگەڵ ئیسلامدا دەرکەوتووە و پەیوەست بووە بە زاهید و پەرستراوەکانەوە، بەڵام سۆفییەکان بە سیفەت و حاڵ خۆیان لە زاهیدەکان جیا کردەوە و ناوی دیکەیان لە خۆنا، بۆیە پێویست بوو بە ناوی خۆیانەوە بیان ناسێنین" [2].

## ١/ کورتەیەکی مێژوویی دروستبوونی سۆفیزم:-

سەبارەت بەپەیدابوونی سوفیزم هەندێك لەشارەزایانی ئەو بوارە بۆ(سۆفستاییەکان)[3]ی سەردەمی یۆنانییەکان و هەندێکی تریش بۆبنەما ئاینەکانی (زەردەشت و مانی) دەبەنەوە گروپێکی تریش پێیان وایە ئەم ڕێبازە پەیوەندی بە ئاینی بودا وعیرفانی هیندییەکانەوە هەیە و بەهۆی ئێرانیەکانەوە گەیشتووتە ناو کۆمەڵگای ئیسلام. هەندێك لە لێکۆڵەرەوانی تر لەو باوەڕەدان کە تەسەوف دیاردەیەکی نا ئیسلامییە و لە ئاینی مە سیحییەوە بەمیرات ماوەتەوە، ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ نێو فەلسەفەی ئەفلاتوونی[4]. بەشێکی تر لە نووسەران، ئەوانەن مێژووی تەسەوف و سۆفیگەریی بە کۆنتر لە مێژووی ئیسلام دەبینن و دەیبەنەوە بۆ شارستانییەتی ڕۆژئاوایی و بە تایبەتی یۆنانەکان بەوەی لێکچونێکی پیتی لە نێوان وشەی تەسەوف و (سۆفیا)ی یۆنانیدا هەیە ئەوان لەو بڕوایەدان کە وشەکە بنەڕەتێکی گریکی هەیە و لە وشەکانی (سۆفیا و تیۆسۆفیا)وە وەرگیراوە[5].

لە نێوان وشەی (تەسەوف/تصوف) لە زمانی عەرەبی و وشەی (Mystucism) لە زمانی ئینگلیزیدا جیاوازی هەیە، بەڵام بوونی جیاوازییەکە هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت، کە پەیوەندی بەو ڕەهەندە فەلسەفی و لاهوتییەوە هەیە، کە ئەزموونی سۆفیزم لە دوا مەبەستی خۆیدا بەرە و ڕووی

---

(١) ئەبو فەرەج عەبدوڕەحمان عەلی محەمەد ئەلجەوزییە، لە بنەڕەتدا خەڵکی بەسرەن، نازناوەکەی لە محەلەی ئەلجەوزی بەسرەوە وەرگرتووە، لە (١١١٦م) لەدایك بووە. لە یەکێك لە هەڵکەوتەکانی ڕۆژگاری خۆی بووە لە زانستەکانی مێژوودا، فیقهو، ئەدەب بە جۆرێك خەلیفە ئامادەی کۆڕ و وتارەکانی دەبوو، خاوەنی چەن دانراوێکە، وەك (تبلیس ابلیس) و(الضعفاء و المتروکین) (بڕوانە// خیرالدین الزرکلی: الاعلام. قاموس تراجم لأشهر الرجال و النساء من العرب والمستعربین و المستشرقین،ط١٥، جلد٤، دارالعلم للملاین، بیروت، لبنان، ٢٠٠٢، ص٨٩).

(٢) جمال الدین ابی فرح عبدالرحمن (ابن الجوزي): تلبیس ابلیس، ط٥، دارأسامة للنشر، الاردن، ١٩٩٨، ص١٤٥.

(٣) ئەم دەربڕینە لە زمانی یۆنانیدا بە سۆفستیس Sophistes، ناودەبرێت، بەواتای لێزان/حکیم دێت، لە بنەڕەتیشدا ناوی سۆفیستائیی بۆ مامۆستا و فێرکار لە بوارێك لەبوارەکاندا بەکاردێت. کەسی سۆفستائیش خاوەن توانا و ووردبییە لەکارەکانیدا ئەم ناوە تا سەردەمی ئەرستۆ بۆخەڵکانی خاوەن توانای ژیری ناوێکی ئاسایی بوو، بەڵام بەهۆی ڕەخنە و دژایەتییەکانی ئەو فەیلەسوفە یۆنانییە، لەوە بەدوا وەك ئاماژەیەکی بێزراو لێی دەڕوانرا، هۆکاری دروستبون و دەرکەوتنی سۆفستاییەکان، سەرکەوتنەکانی یۆنان بەسەر فارسەکان و بەهێزبوونی دەسەڵاتی مادی و مەعنەوییان بوو، بەجۆرێك دۆخێکی تازە دروست ببوو، لە دیموکراتیەتی یۆنانیدا لە کێبرکێی وەرگرتنی دەسەڵات و پۆستەکان، ئەوانەشی ئارەزوومەندی وەرگرتنی ئەو پۆستانە بوون، دەبوو بە چەکی ڕەوان بێژی و توانایی دووان و وتاردان پڕو تەواوبن، بۆیە منداڵی دەوڵەمەند و کاربەدەستان بۆ فێربوون بەدیهاتنی مەبەستەکانیان لە مامۆستایانی سۆفستائییەکان نزیك بوونەوە و ئەوانیش وەك بازرگان زانستەکانیان بەکرێ بەرامبەر دەسکەوتی مادی دەفرۆشت و خاوەن بنەمایەکی چەسپیونەبوون بۆیە دەکرێت سۆفستائییەت بە بەرهەمی ژیانی دیموکراسی ئەسینا ببینرێت لە دیارترین مامۆستاکانیشی بروتاجورانس، جورجیاس. (بۆ زیاتر بڕوانە// زروقی کمال و بوکرلدة زواوی(أ.د): نزعة التنویرعند السوفسطائیین، مجلة دراسات انسانیة واجتماعیة، جامعة وهران، المجلد ١١، ص١٢٠، ٢٠٢٢/٦/١٦ (cerist.dz) https://www.asjp.cerist.dz/en/downArticle/١٩٤١٢٨ ) (https://www.asjp.cerist.dz/en/downArticle/).

(٤) حشمەتوولڵا تەییبی: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧.

(٥) ابو ریحان محمد بن احمد البیرونی: کتاب البیرونی فی تحقیق ما للهند من مقولة مقبولة فی العقل او المرذولة، مطبعة مجلس دائرة المعارف العثمانیة، حیدراباد، الهند، ١٩٥٨، ص ٢٥،٢٤. ؛ عبدالحکیم عبدالغنی قاسم: المصدر السابق، ص٢٢.

هەنگاو دەنێت.[١] لەو بارەیەوە (جۆزێف ڤۆن هامەرj.v.hammer) بڕوای وایە وشەی سۆفی لە وشەی (جیمنۆسۆفیست-jimno Sophist)ەوە[٢] وەرگیراوە، نووسەر بۆ ئەم بۆچوونەی جگە لە لێکنزیکی نێوان وشەکان لە دەربڕیندا هیچ بەڵگەیەکی تری بە دەستەوە نییە، هەرچەندە ئەم ڕایە لەلایەن (نۆڵدکە-Noldeke Theodor) و هەردوو نووسەری ڕۆژهەڵاتناس (نیکلسون) و (ماسینون)ەوە ڕەتدەکرێتەوە، ئاشکراشە لە یەك نزیکی نێوان وشەی جیاواز، مەرج نییە هەمیشە بەڵگەی تەواو سەلمێنەری ڕاستییە زانستی و زمانەوانییەکان بێت، بۆیە وەک چۆن وشەی فەلسەفە و فەیلەسووف هاتوونەتە ناو زمانی عەرەبییەوە مەرج نییە وشەی سۆفی و تەسەوفیش هەر لە زمانی یۆنانییەوە بۆ نێو زمانی عەرەبی و کولتووری ئیسلامی گوازرابنەوە [٣]. بەڵام لە ناوخۆی جیهانی ئیسلامیدا هەندێک لە توێژەران هۆکاری دروستبوونی تەسەوف بۆ دوو لایەن دەبەنەوە:-

یەکەم: ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی کە هەندێک لە بڕوادارانی موسڵمان ئەنجامیاندەدا، دواتر پاشگەز دەبوونەوەو بە پەرستش و داوای لێخۆشبوون لە هەوڵدابوون تاوەکو خودا لێیان خۆش ببێت.

دووەم: بوونی ترسێکی زۆر لە ڕۆژی دوایی و سزاکانی لەلای سەرپێچیکاران لە فەرمانەکانی خودا بۆ ئەوەش پەنایان بۆ پەناگیریی و خۆماندووکردنی زیاتر لە پەرستشدا دەبرد، بە هیوای لێخۆشبوونی خودایی[٤]. (ئیبن ئەلجەوزی) لە باسی تەسەوفدا دەبیاتەوە بۆ پێش ئیسلام و پەیوەستی دەکات بە (الغوث بن مر)[٥] بەهۆی خۆ یەکلاکردنەوەیان بۆ پەرستشی خودایی [٦].

(محەممەدی کوڕی ئیسحاق) و هەندێکی تر دەیگێڕنەوە بۆ پێش ئیسلام، گوایا شاری (مەککە) لە کاتێک لە کاتەکاندا چۆڵبووە، بە جۆرێک کەس تەوافی بەیتی نەکردووە، لە ناوچە دوورەکانی ترەوە کەسێکی سۆفی هاتووە و تەوافی (مەککە)ی کردووە و گەڕاوەتەوە، ئەگەر ئەم گێڕانەوەیە ڕاستبێت، کەواتە پێش ئیسلام بوونی هەبووە [٧]. بەڵام ئەگەرێکی لاوازە، ئەگەرنا دەبوو لە ناو ئەو هەموو باس و خواستەی سەردەمی ژیانی پێغەمبەرو هاوەڵاندا باسێک لەو ناوە بکرایە. هەرچەندە هەندێک لەوانەی سەرقاڵی وردبوونەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەن کە بۆچی لەسەردەمی پێغەمبەر و هاوەڵاندا ئەم ناوە نەبووە؟ عیرفان و زوهدی ئیسلامی بە پێچەوانەی کایەکانی دیکەی مەعریفەی ئیسلامییەوە، لەسەرەتاوە بە بەهێزتر و باشتر دەرکەوتووە، بەڵام بەکارنەبردنی زاراوەکانی عیرفان لەو کاتەدا، پێویست نەبووە، چونکە ناوەڕۆکەکە لەناو چەمکی (الطریق الی الله)دا خۆی بینیوەتەوە [٨]. تیۆری

---

[١] محمد کمال جعفر: من التراث الصوفی(سهل بن عبدالله التستری) دارالمعارف، مصر، ١٩٧٤، ص٣ .

[٢] جیمنۆ سۆفیست: زاراوەیەك بوو یۆنانیەکان بە بەشێك لە کار بە دەستە کۆنەکانی هندیان دەگوت، کە بە ژیانی ڕامان و پەرستن بە ناوبانگ بوون. (بڕوانە// ابو العلا عفیفی: الثورة الروحیة فی الاسلام، دارالشعب، بیروت، ١٩٦٣م ، ص٣٤).

[٣] جەعفەر عەلی ڕەسوڵ: سۆفیزم و کاریگەری لە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەیي گەلی کورددا ١٨٨٠-١٩٢٥، چ١، چاپخانەی تیشك، سلێمانی ، ٢٠٠٨، ل٢١،٢٢.

[٤] عبدالحکیم عبدالغنی قاسم: المصدر السابق، ص٢١.

[٥] بە غەوسی کوڕی مڕ ناوبراوە، چونکە دایکی پێش ئەم منداڵی کوڕی بۆ نەماوە، بۆیە غەوسی نەزرکردوە بۆ خزمەتی ماڵی خودا گەربێت و بمێنێت، و پارچەیەك خوری بەسەریەوە داوە و لەوەشەوە بە صوفە ناوبراوە و پاشان گوازراوەتەوە بۆ کوڕەکەی. (بڕوانە// علی علی ابو شامی(د): التصوف والطرق الصوفیة فی العصرالعثمانی المتأخر،ط١، بیسان للنشر والتوزیع، بیروت، لبنان، ٢٠١٧، ص٢١).

[٦] جمال الدین ابی فرح عبدالرحمن (ابن الجوزي): المصدر السابق، ص١٤٥.

[٧] ابونسر السراج الطوسی: اللمع، حققه عبدالحلیم محمود و طه عبدالباقی سرور، دارالکتب الحدیثة، مصر، ١٩٦٠، ص٤٢،٤٣.

[٨] تەحسین حەمە غەریب:حەقیقەت، شەریعەت، تەریقەت، چ١، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٠٩، ل ٣٩٤.

بنەوانی سۆفیزم زۆرن، بەم دواییانە زانایان وازیان لە تیۆریی بنەوانی بێگانەی سۆفیزم هێناوە و هۆی پەیدابوونیان بە کاریگەری (مەسیحییەت و بوودیزم و زەردەشتییەت و مانیزم) لێکداوەتەوە و کەم تا زۆر گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی سۆفیزم ماریفەتێکی ئاوێتەیە، هەریەک لە ڕەگەزەکانی بوودیزم و مەسیحییەتی ڕۆژهەڵاتی لە خۆگرتووە و لەسەر بنەمای ئیسلام لە ئەنجامی گەشەسەندنی ئیسلام لە کۆمەڵگای فیوداڵیدا پەیدابووە[١]. سەرکەوتنە سەربازییەکانی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی بە ناوچەکاندا و دروستبوونی دەوڵەمەندی لە کۆمەڵگا موسڵمانەکان و ئەو ژیانەی دەرەنجامی ئەو گۆرانکارییە دروست بوو، وای لە هەندێک لەوانە کرد، کە خاوەن بڕوای قووڵبوون ڕێگایەک بگرنەبەر دوور بێت لە ڕێگای زۆرینەی خەڵک [٢]. وەک ئەوەی توێژەری ڕۆژئاوایی (جان فلیبی Jan phlipps)لە باسی تەسەوف و سەرەتای دروستبوونیدا دەیباتەوە بۆ ساڵی ٧٧٦ز، بە دانەپاڵ کەسێتی (أبوهاشم[٣] الکوفی)[٤] بەڵام لە بەرئەوەی شاری (کوفە) لەو ڕۆژگارەدا ناوەندی سیاسییەکان بووە، ئەم دیوە عیرفانییە زیاتر لە شاری (بەسرە) زەقبووەتەوە [٥].

ئەم دەستەواژەیە لە(سەدەی٩ز) بۆ ئەوانە بەکارهاتووە کە سەرقاڵی خۆپەروەردەکردنی ڕۆحی و زوهد و پەرستش بوون، لە نێوان ساڵەکانی ( ٨١٤-٨٢١ز) ئەم ناوە بۆ دەستەیەک لەوانەی کە دژ بە جەوروستەمی دەسەڵات بوون لە ئەسکەندەریە بەکارهاتووە، بە بڕوای (ماسینۆن) ئەم جۆرە کەسانە بڕیاریاندابوو خۆیان لە ژیانی گشتی دابڕن و پەیڕەوی وشەیەکیان کردووە کە (غورب)ەیە، بە واتای نامۆبوون لە کۆمەڵگا دێت، بە بیانووی خراپبوون و لادان لە ڕێی ڕاست [٦]. لەسەر ناوبردنی یەکەمین کەسیش بە ناوی سۆفی کە هەریەك لە (جابری کوڕی حەیان)[٧] یان (ئەبوهاشم کوف)ی، بە ئەگەرێکی زۆرەوە بنەڕەتێکی شیعەگەری هەبووە [٨]. هەرچەندە سۆفیگەری و ڕایەڵە بونیادییە-کانی بنەڕەتەکەی سونیگەرایە، بەڵام ئەگەری پەیوەستکردنەوەی بە بنەڕەتێکی شیعەگەرییەوە بۆ فاکتەری جوگرافی دەگەڕێتەوە لە شاری (کوفە)ی ناوەندی ململانێکانی نێوان ئەو دوودەستە ناکۆکەی جیهانی ئیسلامی بوو. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە زۆر دەوترێتەوە کە عیرفان و سۆفیزم بنەڕەتێکی

---

[١] م.ب.ڕۆدێنکۆ: وتار گەلی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست، و.ئەنوەر قادر محەمەد، چ١، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٠، ص ٥٨.

[٢] ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندیی - خالیدی مەولانا خالید و تەریقەتی خالیدی، ب٢، ل ١٣.

[٣] یەکەمین کەسێك کە ناوی سۆفی بەکار هێنابێت، (جاحظ البصری) بووە، وە (اباهاشم الکوفی)یەکەمین کەسە کە خوری پۆشیوە و بە صۆفی بانگکراوە، چونکە بە تەواوی لە دۆخی زوهد و خۆپارێزی لە دونیا و خۆشیەکانی بوو، بۆیە خاوەنی کتێبی (نفحات الانس) بە یەکەم کەسی بانگکراو بە سۆفی ناویدێنێت، بەڵام ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی لویس ماسینۆن بۆ چونێکیتری جیاواز لەوەی خستوەتە ڕوو پێی وایە (جابری کوڕی حەییان) زانای کیمیا گەر، یەکەم کەسە کە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەشتەمی زاینی بە سۆفی ناوبرابێت. (بڕوانە// عبدالحکیم عبدالغنی قاسم: المصدر السابق، ص٢٢. ؛ احمد بن عبدالرحمن العمر(د):الدرر السنیة، موسوعة الفرق، نشأة التصوف،www.dorar.net ).

[٤] عبدالحکیم عبدالغنی قاسم: المصدر السابق، ص ٢٢.

[٥] تەحسین حەمە غەریب: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٧.

[٦] ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندیی - خالیدی مەولانا خالید و تەریقەتی خالیدی، ب٢، ل ١٣.

[٧] جابری کوڕی حەیانی کوفی،٧٢١-٨١٥ ز، کەبە ئەبو عەبدوڵڵا ناسراوە، لە بنەڕەتیدا یەمەنیە و زانای گەلێك بواری زانستە لە نمونەی فەلسەفە سروشت و فەلەك و ئەدەب و کیمیا، زۆر تر لە بەغدا ژیاوە لە سەردەمی عەباسیەکاندا، بە بناغە دانەری زانستی کیمیا دێتە ناوبردن. بۆیە بە گەورەی کیمیاناسان ناودەبرێت. (بۆ زیاتر بڕوانە// الاء جرار: (من هو جابر بن حیان)، ٢٠١٧/١٠/٢٦، https://www.mawdoo٣.com ، سەردانیکردنی٢٠٢٢/٣/١٠)

[٨] مجموع من المؤلفین: موجزدائرة المعارف الاسلامیة، ت.مجموعة من اساتذة الجامعات المصریة والعربیة، الطبعة العربیة مادة التصوف، ج٧، مرکز الشارقة للابداع الفکري، ١٩٩٨، ص٢٢١٤،٢٢١٥.

پەنهانی ئیسماعیلی شیعەگەری هەیە، بەو مانایەی عیرفان و شیعەگەری لەسەرەتادا یەکبوون، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە زۆرترین سیمبوڵەکانی ئەهلی سوننە لە مێژووی ئیسلامدا کەسی عاریف بوون لە چەشنی (موحاسیبی، سوفیانی سەوری، حەسەنی بەسری[1] و پێشەوا غەزالی)، ئەمەش مانای ئەوەیە کە عیرفان هەمیشە توانیویەتی لەگەڵ گرووپە جووداکاندا خۆبگونجێنێت و بەشێک بێت لە پێکەوەیی نەک سەرچاوەی ململانێکان بێت[2]. پێچەوانە بەو بۆچوونەی (فلیبی) لە بۆچوونی تردا پێی وایە تاوەکو ساڵی (٨٥٠ز) گرووپێک بە ناوی سۆفییەوە کە یەکلایی و جوودا بووبن نەناسراون، بەڵام بە دەستپێکی سەدەی نۆیەمی زانینی لە عێراق و بە تایبەتی لە شارەکانی کوفە و بەغداد ناوی سۆفی بۆ هەموو ئەوانەی سەرقاڵی زوهد و پەرستشی زۆر بوون لە نووسراوی فەرمیدا بەکارهاتووە. بۆیە تاوەکو ئەو کاتیش وەک گرووپ و دەستەیەک کە خاوەن پێگە و شوێن بن نەناسراون، بەڵکو زیاتر لە چوارچێوەی کاری کەسیدا بووە[3].

وەک هەر بابەتێک سەرەتاکەی دیار و ڕوون نەبێت دامەزرێنەرەکەشی بە تەواوی دیار نابێت، بەڵام لە زۆرێک لە سەرچاوەکانی تەسەوفدا (جونەیدی بەغدادی)[4] بە پێشەوا و دامەزرێنەری ئەم دەستە ئاینییە دادەنرێت، وەک ئەوەی (تاج الدین السبکی) لە باسیدا بە گەورەی ئەم تایفە و پێشەوای ئەهلی (خرقە)[5] و شێخی تەریقەی تەسەوف و عاریفانی ناو دەبات[6]. جگە لەمەش کەسانی تری ئەم بوارە وەکو (ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم، فوزەیلی کوڕی عەیاز و ڕابیعەی عەدەوی و داودی تائی و مەعرووفی کەرخی و بیشری حافی) کە هەر یەکێک لەمانە، قوبخانەی دیاریکراوی خۆی هەبووە. بۆ نموونە لای (داودی تائی) کاری گەورەی برێتی بووە لە تێکۆشانی دەروون و دوورکەوتنەوە لەخۆ بەگەورە زانین و بوغرابوون و هەڵهاتن لە دونیا بەبێ وازهێنان لە موسڵمانان. لای ڕابیعەی عەدەوی جەختکردنەوەیە لە خۆشەویستی، لای فوزەیلی کوڕی عەیازیش هەڵهاتنە لە ناوبانگ و لای شەقیقی بەڵخی قووڵبوونەوەیە لە ماناکانی قورئان[7].

---

(١) ناوی حەسەنی کوڕی یەسارە، لە دووساڵی کۆتای سەردەمی دەسەڵاتی خەلیفە عومەردا لە دایك بووە، لە بەسرە لە (٧٢٨ز)لە زیندان کۆچی دوایکردووە. (بڕوانە// خیرالدین الزرکلي: الاعلام. قاموس..،جلد٢، ص١٨٥).

(٢) تەحسین حەمە غەریب: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٧.

(٣) نایل جرین: الصوفیة نشأتها و تاریخها، ت.صفیة مختار، مراجعة. مصطفی محمد فواد، مؤسسةهنداوي للنشر، مملکة المتحدة،٢٠١٧، ص٤٠.

(٤) ناوی ئەبو قاسم جونەید کوڕی محەمەد کوڕی جونەیدی خەزازی قەواریریە، بە زوهد و خواناسی بەناوبانگ بووە، ئەو لە بنەڕەتدا خەڵکی نەهاوەندە، بەڵام لە عێراقدا لە دایك بوەو گەورە بووە، لە ٩١٠ز و لە بەغدا ماڵ ئاوایی لە ژیان کردوە. (بڕوانە// ابوالعباس شمس الدین احمد بن محمد بن ابی بکر بن خلکان: وفیات الاعیان وانباء ابناء الزمان، ج١، تحقیق احسان عباس، دارصادر، بیروت، ١٩٠٠م، ص ٣٧٤).

(٥) پۆشاکێکی دڕاو شپرزی لە خوری دروستکراوە، بڕوادارانی تەسەوف وەك سیمای ناسینیان لەبەری دەکەن، بۆ خۆ جیاکردنەوەیان لە گشت، پەیوەست نییە بە پلە و پایەی تەسەوفەوە، ئامانجیش لەو کارە خۆ دوور گرتنە لە خۆشیەکانی دونیا و تێکەڵ نەبوونە بە ژیانی ئاسایی، بڕوایان وایە پۆشینی ترساندنی تیایە بۆ گشت و جۆرێکە لە بەخۆداچونەوە و ئامۆژگارییە بۆ کەسە تایبەتەکان. (بڕوانە// عامر النجار(د): الطرق الصوفیة فی مصرنشأتها ونظمها و روادها الرفاعي- الجیلاني- البدوي- الشاذلي- الدسوقي، ط١، دارالمعارف، القاهرة، مصر، ١٩٩٨، ص٣٠).

(٦) تاج الدین السبکي(عبدالوهاب بن علی بن عبدالکافی السبکي) أبونصر: طبقات الشافعي الکبری،ج٢ ،ط٢، تحقیق محمود محمد الطناحی و عبدالفتاح محمد الحلو، دارهجر للطباعة والنشر والتوزیع، ١٤١٣هـ، ص٢٦٠.

(٧) عبدالله بن دجین السهلي(د):الطرق الصوفیة نشأتها و عقائدها و أثارها، ط١، دارکنوزاشبیلیا للنشر والتوزیع، المملکة العربیة السعودیة، ٢٠٠٥، ص٣٠،٣١.

**٢/ سۆفیزم لە ڕووی زمان و چەمکەوە:-**

**أ: سۆفیزم لە ڕووی زمانەوانییەوە:-**

بۆچوون و تێڕوانینی جیاواز لەلایەن لێکۆڵەران و مێژوونووسانی سۆفیگەرییەوە لەسەر بنچینەی زمانەوانی ئەو چەمکە خراوەتە ڕوو، وشەی تەسەوف لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا لە ژێر بابەتی (صوف/خوری) لە مووی ئاژەڵەکانەوە ناسراوە[١]. لە قورئانیشدا لە ﴿سورەتی النحل و ئایەتی ٨٠﴾ ئاماژەی هەیە بەوەی لە خوری مەڕ و مووی بزن دەتوانن کەلوپەل بۆ خۆتان دروست بکەن و تاماوەیەك سودیان لێوەربگرن[٢]. (قوشەیری)[٣] ڕای خۆی لەسەر وشەی (سۆفی) دەردەبڕێت و دەڵێت:"ئەم ناوە لە هیچ کام لە قورئان و فەرموودەی پێغەمبەرو ڕێزمانی عەرەبیشدا نەهاتووە، وەک ناو، بەڵکو زیاتر نازناوە"[٤]. سۆفیزم خۆی لە بنەڕەتدا کە زانست نییە ناتوانێت ڕێچکەیەکی زانستی دیاریکراویش بێت وەک ئەوەی (ئەبوو حەسەن ئەلنووری)[٥] دەڵێت:"سۆفیزم نە نەریتە نە زانست، بەڵکو ئەخلاقە"[٦]. هەروەها غەزالی دەڵێت:" ناتوانین لە ڕێگەی فێربوونەوە بە پلەی سۆفیگەری بگەین، بەڵکو چێژە. سۆفیزم دیاردەیەکی شاراوەیە و ناتوانین درکی پێکەین"[٧]. لە دیدی سۆفییەکان ئاوەز و بەڵگەهێنانەوە و پرسە ژیرییەکان کۆتیان دەکات و لە ڕێگای گەشتن بە حەقیقەت و زاتی پەروەردگار دووریان دەخاتەوە، ڕێباز و ڕەوتەکەیان دەشێوێنێت. هەر بۆیەشە دەستیان گرتووە بە عەشق و خۆشەویستی خوداییەوە و لە پرۆسەی عەقڵی و پرسی بەڵگە هێنانەوە دوورکەوتوونەتەوە[٨]. (ئیبن قەیمی جەوزی)ش بڕوای وایە تەسەوف ڕەوشتە نەک زانست [٩]. (ئەبونەسری سەراج[١٠] ئەلتوسی)[١١] و (ئیبن خەلدوون)[١] وهەندێکیتریش لە زانایانی لێکۆڵینەوەو

[١] عفاف مصباح بلق(د): (التصوف الاسلامی، مفهومه-نشأته و تطوره- مصادره)، جامعة الزاویة، مجلة كلیة التربیة، ع(١٤)، یونیو،٢٠١٩، ص١٩٣.

[٢] بورهان محەمەد عبدول کەریم تەفسیری ئاسان بۆتێگەیشتنی قورئان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەمیر، تاران، ٢٠٠٠، ل٢٧٦.

[٣] ناوی ئەبو قاسم عەبدول کەریم کوڕی هۆزانی قوشەیرییە، ئەو موسڵمانێکی سۆفی مەشرەب و لە کەسە دیار و دەستەبژێرەکانی ئاینزای شافیعی و ئەشعەرییە، خاوەنی (ڕیسالەی قوشەیری)ە کەلای بڕوادارانی سۆفی لە گشت شوێنێك گرنگە و جێی بایەخە. ئەو لە (١٠٧٢ز) لە شاری نیساپور کۆچ دوایی کردووە. (بڕوانە// أدورد فندیك: اكتفاء القنوع بما هو مطبوع، ج١، دارالصادر، بیروت، ١٩٨٦، ص١٨٩).

[٤] عفاف مصباح بلق: المصدر السابق، ص١٩٤.

[٥] ناوی ئەحمەدی کوڕی محەمەد و ناسراوە بە نوری، کە شارۆچکەیەکی بچوکی نێوان سەمەرقەند و بوخارا بووە، لە بەغدا لە دایك بووە و گەورە بووە، لە (٩٠٨ز) هەر لە بەغدا ژیان ئاوایی کردووە. (بڕوانە// خیرالدین الزركلی: المصدر السابق، ص١٤).

[٦] ابو العلا عفیفی: المصدر السابق، ص٣٠ ؛ عبدالرحمن السلمي: طبقات الصوفیة، یسره ورتبه احمد الشدیاحی، مطابع الشعب، القاهرة، ١٠٣٨هـ، ص٣٨

[٧] جەعفەر عەلی رەسوڵ: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

[٨] عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد ئەحمەد ئاوایی: نەقشبەند و نەقشبەندییەکان، چ١،بەبێ شوێنی چاپ، ٢٠١٨، ل٤١.

[٩] دارا حمید محمد(د) و ئیبراهیم کوێخا محەمەد(د):توێژینەوەکانی زانستی تەسەوف، چ١، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، ٢٠١٤، ل٨٣ .

[١٠] ناوی ئەبو نەسر عەبدوڵا کوڕی عەلی کوڕی محەمەد کوڕی یەحیاسەراجە، کەسێکی سۆفی و شێخ و زاهید بووە، لە شاری توسی ئێران لە دایك بووە. زۆرێك لە شارەکانی ڕۆژگاری خۆی لە دونیای ئیسلامیدا گەڕاوە، لە وێنەی قاهیرە بەغداد تەبرێز، ڕەملە، دیمەشق، بەسرە، نیسابور..، دیارترین بەجێماوی ئەو لە بواری تەسەوفدا کتێبی(اللمع)ە کەبەلای سۆفیەکانەوە فەرهەنگێکی گەورەی مێژووی ئەوانە ساڵی (٩٨٨ز) کۆچی دوایکردوە. (بڕوانە // ابونسر السراج، لە https://stringfixer.com/ar/Historyoftherupee، سەردانیکردنی ٢٠٢١/١٢/٣٠).

[١١] ابی نصر السراج الطوسی: المصدر السابق، ص٤١.

نووسین له مێژوو و لێکدانەوەی ئیسلامی له چەشنی (ئیبن تەیمییه)[2] هەمان بۆچوونیان لەسەر بنەڕەتی وشەکە هەیە، واته له خورییەوە وەرگیراوە [3]. له (حەسەنی بەسری)ەوە دەگێڕنەوە وتویەتی:"حەفتا هاوەڵی بەدریم بینیوە کە جل و بەرگی خوریان لەبەر بووە"[4]. وەك بەڵگە له پاڵپشتیکردنی ئەم بۆچوونە له کاتی کۆچی دوایی پێغەمبەری ئیسلام (عومەری کوڕی خەتاب) بە چەند وشەیەك لاواندویەتییەوە کە تێیدا ئاماژەی کردووە بۆ پۆشینی خوری لەلایەن پەیامبەرەوە [5]. (قوشەیر)ی لەگەڵ ئەم جۆرە شرۆڤانەدا نایەتەوە و ئەو پێی وایە سۆفی له (صف)ەوە هاتووە، نەك خوری گوایه سۆفییەکان له حزووریی خودادا دڵیان له ڕیزی پێشەوەی دڵەکانداییه[6]. بڕوای وایە سۆفی له بنەڕەتی پاکێتییەوە(صفا) هاتووە، چونکە نهێنییەکانی ناخ و دەروونیان پاکە و دڵیان ڕووناک و گەشە، سۆفییەکان پاکترینی مرۆڤەکانن [7]. ئەوانەی سۆفیزم بۆ بنەڕەتی لەبەرکردنی خوری دەبەنەوە، خوری وەك ئاماژە بە گوێڕایەڵی بۆ فەرمانبەرداری خودای گەورە دەبەنەوە و بە دۆخێکی گونجاوی دەبینن، نەک لەبەر زبری پۆشاک و هێمایەک بۆ خۆپارێزی، بەڵکو ئاماژەدانە بە خوری وەک بەرگی قوربانی بۆ خودا[8]. مەبەست له چیرۆکی قوربانی ئیسماعیل پێغەمبەرە[9]. له لێکدانەوەکانی تردا پەیوەستی دەکەن بە ئەهلی(صفه)[10] ئەوەش بە واتاو شێوازی سۆفی نایەت، بەڵکو بە واتای پاڵفتەیی و پاکبوونەوە دێت،(عەبدولقادر عیسا) دەڵێت:"صفه، بەو واتایە دێت کە سۆفییەکان له سیفەتەکانی خودا دەکۆڵنەوە. یاخود خۆیان بە خەسڵەتە جوان و پەسەندەکان ڕەنگ ڕێژ دەکەن و دەستبەرداری خووە خراپ و بەدەکان دەبن" [11]. له ئەنجامدا دەتوانین بڵێین سۆفیزم

---

(١) ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی محەمەد حەزرەمییە، بنەڕەتێکی ئشبیلییە، پاشان له تونس و قاهیرە ژیاوە، زاناو مێژوو نوس و حەکیم و ئەدیب بووە، له (١٣٣١ز) له تونس دایك بووە، ولەوێش گەورە بووە و چوەتە بەر خوێندن و قورئانی لەبەر کردوە، له ساڵی (١٤٠٥ز) له قاهیرە کۆچی دوایکردوە. (بۆ زیاتر بڕوانە// ابو عبدالله بن سعد بن احمد السلمانی: الاحاطة فی اخبار غرناطة، ج٣، ط١، تحقیق. د.یوسف علی طویل، دارالکتب العلمیة، بیروت، لبنان،٣ ٢٠٠، ص٣٧).

(٢) ئەحمەد عەبدولحەلیم عەبدوسەلام عەبدوڵڵا ئەبی قاسم خضر نومەیری حەڕانی دیمەشقی حەنبەلییە، له شاری حەرانی و له (١٢٦٣ز) له دایك بووە بەهۆی هەڵوێست و نوسینەکانیەوە چەندین جار زیندانیکراوە تا له (١٣٢٨ز) هەر له زیندانداا کۆچ دواییکردووە، ئەو خاوەنی زۆرێك له بەرهەمی زانستییە. (بڕوانە// خیرالدین الزرکلی: الاعلام. قاموس..، ج١، ص١٤٤).

(٣) عبدالحمن محمد بن خلدون: المقدمة، مجلد الثانی، ط٣، مؤسسة الکتب الثقافیة، بیروت، ص١٦٠. ؛ احمد تقی الدین: ابن تیمیة، التصوف والصوفیة، جمع وتحقیق.محمد طاهرالزین، دارالایمان، مصر، اسکندریة، بدون سنة الطبع، ص٩.

(٤) محمد بن حسین السلمي: تسعة کتب فی اصول التصوف، ط١، حققها وعلق علیها الدکتور سلیمان ابراهیم اتش، الناشر للطباعة والنشر والاعلان، ١٩٩٣،ص٦.

(٥) رفاعة رافع بن بدوی بن علی الطهطاوی: نیهایة الایجاز فی سیرة ساکن الحجاز، ط١، دارالزخائر، القاهرة، ١٤١٩هـ، ص٤١٦.

(٦) ابو العلاء عفیفی: المصدر السابق، ص ٣٠،٣١ ؛ صابر طعیمة: التصوف التفلسف، الوسائل والغایات، مکتبة مدبولی، القاهرة، ٢٠٠٥، ص١٣؛ ابو القاسم عبدالکریم بن هوزان القشیری: الرسالة القشیریة فی علم التصوف، مطبعة التربیة، دارمنیر، بغداد، بدون سنة الطبع، ص٢١٧.

(٧) ابوبکر محمد الکلا باذی: التعرف لمذهب اهل التصوف، ط١، مکتبة الکلیات الازهریة، القاهرة ، مصر، ١٤٠٠هـ، ص٢٨.

(٨) یوسف سامی الیوسف: مقدمة للنفری، دراسة فی فکر و تصوف لمحمد عبدالجبار النفری، دارالینابیع، دمشق، ١٩٩٧، ص٥٨.

(٩) الصافات، الایة١٠٧.

(١٠) ئەم دەستەیە کۆمەڵێك بوون له هەژارانی ناو مەدینە له سەرەتای ئیسلامدا، کە له سەکۆی مزگەوتی پێغەمبەردا دەمانەوە له دەرەوەی مزگەوتەکە لەلایەن پێغەمبەرەوە بونیاد نرابوو، چونکە خاوەنی ماڵ و نشینگە نەبوون تا لێی بمێننەوە. (بڕوانە// علی علی أبو شامی: المصدر السابق، ص٢٦).

(١١) حقائق عن التصوف، ط٤، دارالعرفان حلب، ١٩٧٠، ص ١٦.

پەروەردەکردنی ڕۆحە لەسەر خۆشویستنی خودا تا ئاستێك  بیرکردنەوەی کەسی پەروەردەکراو خاڵیکاتەوە لە ڕق و دژبەری

**ب: سۆفیزم لە ڕووی چەمکەوە:-**

سۆفیزم وەک چۆن لە ناساندنیدا گرفتی زمانەوانی هەیە، لە ڕووی چەمکیشەوە، بە کۆ دەنگییەک ناگەیت و هەرهەوڵێکیش بۆ خۆقوتارکردن، لە فرەیی پێناسەکان و پێدانی دەربڕینێکی یەکگرتوو، سەرکەوتوو نەبووە، چونکە بابەتەکە لە ڕوانین و شرۆڤەکانیدا پەیوەستە بە دیدگای تاکەوە[1]. بەجۆرێك کەم بابەتێک هەیە وەک تەسەوف پێناسە و لێکدانەوەی لە خۆی کۆکردبێتەوە [2]. لە جونەیدی بەغدادییان پرسی زاتی سۆفیگەری چییە؟ گوتی:"ئۆباڵی دەکەوێتە ئەستوت، ئەگەر ڕواڵەتی وەربگری و ناوەڕۆک و جەوهەری نەپرسی، چونکە ستەمکردنە، سۆفیگەری پاککردنەوەی دڵە لە سەرقاڵبوون بە جیهان و دوورکەوتنەوەیە لە ئەخلاقی سروشت و مراندنی خووە مرۆییەکانە، دووربوونە لە ویستە نەفسانییەکان و ئاوێتە بوونە بە تایبەتمەندی ڕووحانی" [3]. لە دیدی (ئەبو حامیدی غەزالی)یەوە کە قاڵبویەکی گەورەی بواری تەسەوفە، فڕێدانی ڕۆحە بۆ ناو کۆیلایەتی، وابەستەیی دڵە بە پەروەردگار و خۆ جیاکردنەوەیە لە ڕەوشتی ئاسایی و خامۆشکردنی ئاکارە مرۆییە ئاساییەکانە، دیالۆگکردنە بە خەسڵەتە گیانییەکان و وابەستەبوونە بە زانستە ڕاستەقینەکانەوە. شوێنکەوتنی پێغەمبەری خودایە لە شەریعەتدا، پاککردنەوەی دەروون و شتنەوەی دڵەکان و چاکسازییە لە ئاکاردا [4]. (ئەبووبەکری کەتانی) کە لە (٩٣٤ز) مردووە و بڕوادارێکی سۆفی بووە، لە پێناسەی تەسەوفدا دەڵێت: "پەی بردن بە ناسینی خودا، لە پێشتر و ئەولاترە بە عیبادەت کردنی"[5]. کەسێکی وەك شاهی نەقشبەند (محەممەد بەهائەدین)یش دەڵێت:"سۆفیزم سەرتاپای بڕێتییە لە ئەدەب" [6].چونکە ڕۆح بەو ئاکارە پەروەردەکراوە.

**٣/ قۆناغەکانی گەشەکردنی سۆفیزم و دابەشبوونی:-**

پاش فراوانبوونی جیهانی ئیسلامی بەهۆکاری جیاواز، سۆفیزم لە چوارچێوەی زوهد و خۆنەویستی جارانیدا نەمایەوە، سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەم هزرە لە عێراق دەگەڕێتەوە بۆ (سەدەی٨ز) لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی عەباسیدا دەرکەوت، لەو کاتەی کە کۆمەڵگای ئیسلامی نوقمی پشێوی سیاسی و داڕووتانەوەی ئابووری و پەرتەوازەیی هاتبوو. دۆخێکی لەو جۆرەش لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە گوژمێکی توندی دڕدۆنگی دەروونی و لەبەریەک هەڵوەشانی ڕەوشتی بە دوای خۆیدا هێنابوو، سۆفیزمیش خۆی لە بنەڕەتدا دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتییە لە چوارچێوەیەکی ئاینییدا خۆدەنوێنێت، کۆی فاکتەرە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و هزری و ئاینییەکان ڕۆڵیان لە دەرکەوتن و نەش و نوماکردنیدا گێڕاوە [7]. هەرچی کوردستانیشە دەرکەوتنی ئەم بیرکردنەوە ئاینییە (تەسەوف) پێشینەیەکی کۆنی هەیە، بەڵام لە (سەدەی٨ز)وە چالاک و خاوەن بزاوت بووە،

---

[1] صباح عبدالرحمن احمد: المصدر السابق، ص٩.

[2] بڕوانە// ابو عباس احمد بن زروق: قواعد التصوف، تحقيق. عبدالمجيد الخيالي، ط١، دارالكتب العلمية، بيروت، لبنان، ٢٠٠٣، ص٢٦.

[3] ئەمیر فەرهەنگ ئیمانی: بەهائوڵڵا لە کوردستان، و.دڵشاد کریم، چاپخانەی ڕوون سلێمانی ، ٢٠١٠ ل ٤٤٨.

[4] الغزالی: روضة الطالبين وعمدة السالكين، دارالسعادة مصر، ١٩٢٤م، ص ١٤٣.

[5] ئەمیر فەرهەنگ ئیمانی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤٨ .

[6] ئەمین شێخ عەلادین نەقشبەندی: تەسەوف چی یە، چ٢، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٨٧.

[7] ندى موسى عباس (د): (التصوف و اسباب ظهوره في العراق)، مجله ديالى، العدد(٣٥)، ٢٠٠٩، ص٢٧٠.

مێژوونووس (مەقدیسی) لە(٩٨٠ز) ژمارەی (٤٠) کەسی لە خاوەن بڕوایانی تەسەوف لە کوردستاندا بینیوە، لە باسیاندا دەڵێت:" پۆشاکیان لە (وبر/کوڵك)و خواردنیان بەڕوو بوو، کاریگەری ئەمانە بە ڕادەیەک بوو یەکێک لە چەتە ڕێگرەکانی ئەو کات لەسەردەستیان دەبێتە تۆبەکار و دواتر دەبێتە (مورشید/ڕێبەر)ێکی دیار، بە ناوی (ئەبو وەفای حەلوانی لە ١٠١٠ز) یەکەمین کەسیشە لە عێراقدا نازناوی (تاج ئەلعارفین)ی لینرابێت" [١].

سۆفیگەری وەک ڕێبازێکی چاکە خوازی و ڕەوتێکی تازەگەری لەسەرەتای دەرکەوتنەوە وەک پەرچەکردارێک لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا لە فۆرمی بەرهەڵستی کردنی سیاسی و وەستانەوە بە ڕووی ستەمکاریدا شکڵگیر بووە[٢]. بە جۆرێک لە مێژوودا ئەو قۆناغ بەندیانەی بۆ عیرفان کراون لە ڕووی بە دوایەکدا هاتنی مێژووییەوە جۆرا و جۆرن، کە بریتین لە قۆناغەکانی (زوهد، تەسەوف، عیرفانی فەلسەفی و تیۆری)[٣]. بە جۆرێک لەم قۆناغەی دواییاندا، نێوانێک لە بەینی سۆفیگەری ئیسلامی و سۆفیگەری فەلسەفیدا هاتە دروستبوون، تاوەکو ئەوەی کەلێنی نێوانیان بابەتی بڕوا و بێبڕوایی بوو. ئەوانیش پۆلێنی سەر دوو گرووپ بوون-:

١/ سۆفیگەری سوونی ئیسلامی: خۆی لە قوتابخانەکانی ئال و بەیتدا دەبینێتەوە کە:-

أ : قوتابخانەی (موحاسیبی)[٤] بۆ بەرپەرچدانەوەی تەوژمی سەلەفی و موقاتیلی و کیرامی سالمی و شیعە توندڕەوەکان بوو.

ب : قوتابخانەی جونەیدی، بۆ بەرپەرچدانەوەی بۆچوونەکانی (حەلاج)[٥] و بەستامی بوو.

ج : قوتابخانەی غەزالی بۆ لەڕوودا وەستانەوەی بۆچوونەکانی قوتابخانەی حەلاج و (ئیبن عەرەبی)[٦] بوو.

---

[١] وەرگیراوە لە// تۆما بوا: ژیانی کوردەواری، و. حەمەسەعید حەمەکەریم، بەبێ ناونیشانی چاپخانە و شوێنی چاپ، ١٩٧٩، ل٢٠١.

[٢] بەرزانی مەلا تەها: سۆفیزم و شۆڕش، چ١، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١٨، ل ٢٧.

[٣] تەحسین حەمەغەریب: سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦١.

[٤] ناوی (حارسی کوڕی ئەسەد)ە و بە محاسیبی ناسراوە. بە هۆی زۆری سەرزەنشتکردنی ئەو نازناوەی هەڵگرتووە. ئەو خاوەنی چەند نوسراوێکە لە سەر سۆفیزم، زیاتر لە بابەتەکانی شیکاری ژیانی ڕۆحییە، کارو هزرەکانی بە دیدێکی ڕەخنەییانەوە وەردەگرت تا دەگەشتە دروستی بوونیان و سنورەکانی خودای دەپاراست ئەوش ئامانجی بوو لە نووسینی کتێبەکەی (رعایة لحقوق الانسان). هەر ئەوەشە کە لویس ماسینۆن بڵێت، جوانترین کتێبێکە لە بارەی پەنهان/باطن لە دونیای ئیسلامدا نوسرابێت. (بڕوانە// ابو الوفاء الغنيمی التفتازانی(د): مدخل الی التصوف الاسلامی، ط٣، دارالثقافة للنشر والتوزيع، مصر، ١٩٧٩، ص١٠٤،١٠٥).

[٥] (حوسەینی کوڕی مەنصوری محمی)یە، لەو کەسانەیە کە زۆرترین گفتوگۆ و وتاریان لەسەر ئیمان و عەقیدە وتووە، هەندێك جار بە سۆفیەکی زاهید و هەندێك جاریتر بە بێبڕوا و کافر و هەڵگەڕاوە باسیدەکرێت، ئەو لە بنەڕەت دا خەڵکی ناوچەی بەیزای فارسە و باوکی ئاگر پەرستبووە، لە (٨٥٨ز) لەدایك بووە، لە عێراق گەورە بووە و چوەتە بەسرە ئەو زۆر شوێن گەڕاوە(مەککە و هند و بەسرە و بەغدا)، هاوڕێی جونەیدی بەغدادی بووە لە (٩١٢ز) بوە جێی باس، پاش بەرز بوونەوەی چالاکیەکانی و ئاشکرابوونی لەلایەن خەلیفەی عەباسی (المقتدر)ەوە بڕیاری گرتنی دراو بە ڕای زۆرینەی زانایانی ئەودەم کوشتنی واجبکرا، لە ساڵی (٩٢٢ز)دا پاش زیندانی و بڕینی هەر چوار پەڵی و لێکردنەوەی سەری، جەستەی سوتێنراو خۆلەمێشەکەی کرایە ناو دیجلەوە سەریشی بەسەر پردی بەغدادا هەڵواسرا. (بڕوانە// خيرالدين الزركلی: الاعلام قاموس، جلد٢، ص٢٦٠).

[٦] ناوی (محێدین محەممەد عەلی حاتەمی طائی ئەندەلوسی)ە لە شاری میرسیەی ئەندەلوس لەدایك بووە لە (١١٦٥ز) وە لەوێش گەورە بووە و پاشان گەشتی زۆری بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات لە (عێراق و شام و حیجاز) کردووە، گۆشەگیر و دوڕە پەرێز بووە. هەندێك بە خاوەن دەرونێکی پاكژ و هەندێکیتر بە هەڵگەڕاوە و بێبڕوای وێنای دەکەن، زۆرێك لە زانایان خوێندنەوەی کتێبەکانی بە نا شەرعی دەزانن. بە هۆی زۆری بیرو باوەڕی =

هەریەک لەم سێ قوتابخانە سۆفیزمە ئیسلامییە، بنەماکانی بیرکردنەوە و پێوەری کارە هزرییەکانیان لە سەرچاوەکانی ئیسلامەوە هەڵدەگۆزی و هەموو بیروباوەڕێکی دیکەیان ڕەت دەکردەوە[١]. لەوکاتە و بەهۆی چڕبوونەوەی کێشمەکێشمە فەلسەفییەکانی ئەو قۆناغە و دەست والابوونی غەزالی لە پاش وازهێنانی لە وانەگوتنەوە لە قوتابخانەی نیزامییە و خۆیەکلاکردنەوە بۆ ژیانێکی سۆفیگەرانە لە نێوان قودس و دیمەشقدا، کتێبە دیارەکەی (احیاء علوم الدین)ی نووسی ئەو لەوێوە کەوتە هێرشبردن بۆ سەر ڕچەوڕێگای ڕەوتە فەلسەفییەکانی سۆفیگەری لە (فەلسەفی) و فوقەهاکان(شەرع زانەکان) و ڕایگەیاند، ڕێگای ئەوان نەزۆک و بێ بەرهەمە، گفتوگۆکانیان ڕووکەشە، ئەو بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە ئەهلی کەلام ناتوانن تاریکی و سەرلێشێواویان لە جیاوازییەکانی دروستبووندا بسڕنەوە، ئەو سۆفییانەشی کە باس لە یەکێتی بوون دەکەن، باسەکانیان پووچ و بێ ناوەڕۆکە، بۆیە لەوێوە بانگەشەی بۆ گەڕانەوە بۆ بنەما ڕەسەنەکانی ئیسلام دەکرد، وەک چۆن لە چاخی زێڕیندا لەسەری بوون.

٢/ سۆفیگەری فەلسەفی: ئەم قوتابخانەیە کۆمەڵێک ڕەوت و بیرکردنەوەی لە خۆدەگرت کە قوتابخانەکانی (بەستامی حەلاجی مەلاتیە سوهرەوەردی ئیشراقی و ئیبن عەرەب)ی بوون. بنەمای بیرکردنەوەی ئەم ڕەوتە فەلسەفییە تەنیا شەریعەت نەبوو، بەڵکو بیرکردنەوە و بیروباوەڕی فەلسەفییان تێکەڵ بە بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی کردووە، بۆ ئەو مەبەستەش پەنایان بۆ (تەئویلکردن)ی[٢] ئایەتەکانی قورئان دەبرد، تاوەکو بتوانن لەگەڵ بۆچوونە فەلسەفییەکانیاندا بیگونجێنن[٣]. لە دابونەریتی تەسەوفدا پێویستە ڕێبواری ڕێ بە شێوەیەک لە شێوەکان تەسەوف بگرێتەبەر بۆ گەیشتن بە ئامانج، ئەو ئامانجەش بریتییە لە ئیمانی تەواو، کە لای بڕوادارانی تەسەوف خۆیان لە دوو چەمکی (حق الیقین و عین الیقین)دا دەبیننەوە. (حق الیقین) مەبەست پێی دڵنیابوونە لە هەبوونی شتانێک کە لەسەر بنەمای بیروباوەڕ یاخود هەواڵی دروست دامەزرابێت و لەو کەسە نادیار و پەنهان بێت. بابەتی (حق الیقین) یەکێکە لەو چەمکانەی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، وەک بڕوابوون بەپاشەڕۆژ، بەهەشت، هەموو ئەمانە دەچنە ناو (حق الیقین)ەوە، چونکە بە چاوی سەر نەبینراون و درکیش نەکراون، بەڵکو لەسەر بنەمای هەواڵی دروست و بیروبڕوا دامەزراوە[٤].

---

باتنی لە بارەی یەکگرتن و توانەوە، کە دژن بە بنەما سەرەکیەکانی ئیسلام. (بڕوانە// یاسین تەها محمد: الادیان والمذاهب والعقائد فی کردستان خلال العصر الوسیط الاسلامی، ط١، مطبعة سارا، السلیمانیة، ٢٠١٩، ص ١٣٥).

[١] دارا حمید محمد و ئیبراهیم کوێخا محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣ .

[٢] تەئویل لە کرداری (اول)ەوە هاتووە، واتە گەڕاوەتەوە بۆ چاوگی یەکەم، تەئویل لە زماندا ڕۆشتنە لە ڕواڵەتەوە بۆ ناوەڕۆك یان لە دەرەوە بۆ ناوەوە، لە شوێنەوە بۆکات، لە پیتەوە بۆ گیان/روح، لە دەربڕینەوە بۆ واتا لە ڕاستیەوە بۆ مەجاز. جیاوازی هەیە لە نێوان تەئویل و شرۆڤە/تەفسیر. تەفسیر تەنها دەرهێنانی دەقە لە دۆخی دەستەواژەوە بۆ دۆخی زمان و شیکاری، واتە هێنانەدەرەوەی دەقە بۆ دەسخستنی مانایەك. لە کاتێکدا تەئویل پێچەوانەیە گێڕانەوەی دەقە بۆ ناوەخن و قوڵایی دەروون. تەفسیر بۆ ئەهلی ڕواڵەتە و تەئویل بۆ ئەهلی ناوەڕۆکە. (بۆ زیاتر بڕوانە// حسن حنفی(د): (ماذا یعنی التأویل ؟)، الاتحاد، ٢٠٢٠/٨/٢٢، **https://www.alittihad.ae/opinion/-**)، سەردانیکردنی ٢٠٢٢/٤/١٧).

[٣] دارا حمید محمد و ئیبراهیم کوێخا محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٣.

[٤] محمد بن أبي بكر أيوب الزرعي أبو عبد الله (ابن القيم): مدارج السالكين بين منازل إياك نعبد وإياك نستعين، ط٢، ج١، تحقيق: محمد حامد الفقي، الناشر: دارالكتاب العربي، بيروت، ١٣٩٣هـ / ١٩٧٣م، ص٤٠٣،٤٧٢.

(عين اليقين) به هەمان شێوە یەكێكە لە چەمكە قورئانییەكان، مەبەست پێی هەبوونی زانست و زانیاریی دڵنیابەخش و دوور لە گومانە سەبارەت بە شتێک، بەڵام لە ڕێگەی هەستەكانەوە، بەشێوەیەكی بەرجەستەیی نموونەی هەردوو چەمكەكەش لە قورئان و﴿سورەتی البقرة ئایەتی ٢٦٠﴾دا هاتووە لە چیرۆكی گفتوگۆی نێوان پێغەمبەر (ئیبراهیم) و پەروەردگاردا دەبینرێت، كاتێك ئیبراهیم وتی پەروەردگارا نیشانم بدە كە تۆ چۆن مردوو زیندوو دەكەیتەوە، لەوەڵامدا خودا فەرمووی مەگەر تۆ باوەڕت پێی نییە؟ ئیبراهیم وتی باوەڕم هەیە، بەڵام حەزدەكەم بەچاوی خۆم ببینم، تابەتەواوی دڵنیابم[1]. وەك ئەوەی هەموو كەسێكی ژیر دەزانێت و دڵنیایە لەوەی دەمریت، ئەمە پێی دەگوترێت (علم اليقين). بەڵام كە فریشتەی گیانكێشانی بینی، پێی دەگوترێت (عين اليقين). كە گیانی دەرچوو و مردنی چێشت، پێی دەگوترێت (حق اليقين)[2] كەواتە، جیاوازی لە نیوان هەر كام لەم دووچەمكە هەیە، هەر وەک (قوشەیری) دەڵێت: "حق اليقين پشت ئەستوورە بە بەڵگە و هەواڵ، لە ڕێگەی دڵ و ژیرییەوە دەرک دەكرێت، بۆ خاوەن زانستەكانە"[3]. لە بەرامبەردا (عين اليقين) پشت ئەستوورە بە ئەزموون كردن و بەرجەستە بوون، لە ڕێگەی بینین و هەستەكانی دیكەوە پێی دەگەین، هەرچەند بەشێک لە زانایان (حق اليقين) و (علم اليقين) لە جێگەی یەكتر دادەنێن، بەڵام جیاوازییان هەیە، بۆ (سێ) پلەی جیاواز دابەشكراون[4].

١- (علم اليقين): ئەوەیە بە بیستن و هەوال و سەرنجدان پێی دەگەیت.

٢- (عين اليقين): ئەوەیە بە چاوی سەر شتەكە ببینی.

٣- (حق اليقين): ئەوەیە خودی شتەكە لەناو ئەو دۆخەدا بۆت دەستەبەر بێت[5].

بۆیە لەو بڕوایەدام كەسی پایەند بە پەروەردە و ئاكارە سۆفیگەرییەكانەوە وایلێدەخوازێت كۆسپە مادییەكانی بەردەمی بڕمێنێت و لە بۆتەی خۆشەویستی یەزدانیدا بتوێتەوە، بۆیە ڕاستترە بڵێین تەسەوف پەیوەستە بە بیركردنەوەی مرۆڤەوە، چونكە بەرهەمی تێڕامان و وورد بوونەوەیە و موڵكی هیچ ئایین و ئایدیایەكی دیاریكراو نییە، تەنیا لە شكڵ و جۆرێتی بیركردنەوەدا جودایی دەنوێنێت، ئەو ڕچەوڕێگایانەی تەسەوفیش زۆرن كە بە پێی قۆناغەكانی مێژوو دەركەوتوون و گەشەیان كردووە. تەسەوف لە پۆلێنكردندا دابەشی سەرسێ چین دەبن، ئەوانیش (سۆفی، موتەسەویف، مستوسیف)ن، سۆفی ئەو كەسەیە خۆی لە بیركردبێت و ملی لە هەڤنابێت، موتەسەویف ئەو كەسەیە هەوڵی بوونە سۆفی دەدات، موستەوسیف كەسێكە تەسەوف بۆ پەیداكردنی ماڵی دونیا بەكاردەهێنێت و لە

---

(١) بورهان محەمەد ئەمین عەبدولكەریم: سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

(٢) شهاب الدين محمود بن عبدالله الحسينى الألوسي أبو الفضل: روح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني، ج٣٠، دارإحياء التراث العربي، بيروت، ١٩٩٤، ص٢٥٥. ؛ القاضي عبد رب النبي بن عبد رب الرسول الأحمد نكري: دستور العلماء أو جامع العلوم في اصطلاحات الفنون، ج٢، دارالكتب العلميه، لبنان، بيروت، ١٤٢١ هـ/ ٢٠٠٠م، ص٣١.

(٣) الرساله القشيريه، بدون سنه ومكان الطبع، ص٩٠.

(٤) بروانەهەریەك لە// محمد بن أبي بكرأيوب الزرعي أبوعبد الله (ابن القيم): المصدرالسابق، ج٢، ص٤٠١ . ؛ مجموع الفتاوى: أحمد بن عبد الحليم ابن تيميه الحراني، ط٣، مجلد١٠، المحقق. أنورالباز و عامرالجزار، دارالوفاء، ١٤٢٦ هـ/ ٢٠٠٥م، ص٦٤٥، ٦٤٦.

(٥) محمود الألوسي أبو الفضل: المصدر السابق ، ص٢٩،٥٥.

ڕووکاردا خۆی بە سۆفیگەریدا هەڵواسیوە[١]. بۆیە لەسەر موستەوسەویفەکان گوتراوە، موستەوسیف لای سۆفییەکان وەک مێش و مەگەزە و بۆ خەڵکانی دەرەوەی تەسەوفیش وەک گورگن[٢].

**تەوەری دووەم: تەریقەتی نەقشبەندی:-**

لەقەرەباڵغبوونی جیهانی ئیسلامی بەهۆی هزرگەلی جوودا و فشاری هێز و ڕەوتە ئایینی و فەلسەفییەکان، لەلایەک و سەرقاڵ بوونی موسڵمانان بە دونیاویستی و کەم بوونەوەی زوهد، وای کرد پەنا بۆ خۆڕێکخستن ببرێت، تەریقەتەکان و لە ناویشیاندا تەریقەتی نەقشبەندی یەکێک لەو ڕێگایانە بوو، لە قۆناغێکی دیاریکراودا هاتە بوون و لەو گۆڕەپانەدا ڕۆڵی خۆی گێراوە، ئەگەرچی خاڵی نەبووە لە کەم و کورتی و لادان.

ئەگەر وشەی تەریقەت لە دەقە سەرەتاییەکاندا لەلایەن جونەیدی بەغدادی و کەسایەتییەکانی دیکەی (سەدەی٩ز) تووشی هەندێک ناڕوونی بووبێت، ئەوا بابەتەکە لەم قۆناغەدا جیاوازە، چونکە تەریقەت فۆرمی تایبەت بە خۆی وەرگرتوو، لەوێوە ئیتر چەمکەکانی (تەریقە و تەریق) لێک جیابوونەوە، هەرچی یەکەم بوو واتای ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی تایبەتمەندی وەرگرت، بە جۆرێک هەموو (طریق)ێک پێویستی بە (طریقه)تێک هەبوو، هەرچی وشەی دووەمە (طریق) زیاتر بە مانای (ڕێگا/way) مەبەست ئەو هەنگاوانەیە کە ڕێبوار/مرید دەیگرێتە بەر [٣].

(الطريقة) لە زماندا، واتای ڕێڕەو یان بە ڕێگای وەبەرگێراوی سۆفییانیش دەگوترێت[٤]. طريقة، بە واتاکانی (ڕەفتار، ڕێباز، حال/دۆخ)دێت[٥].ئەم ناوە (ڕێگا) دەکرێت بۆ دەستە و گرووپیش بەکاربێت، وەك چۆن لە قورئان و﴿سورەتی الجن لە ئایەتی١١﴾دا ئاماژەی پێدراوە، لەوانەی ڕێگای باشیان گرتوەتەبەر یان بە پێچەوانەوە[٦]. تەریقەت تاوەکو سەدەکانی نۆیەم و دەیەمی زایینی، زیاتر بۆ بابەتەکانی زانستی دەروون و ئاکاری تاک بەکاردەهات، پاشان مانای تری پەیداکرد، هەرچەندە لە قاڵبێکی سەرەتاییدا ناوهێنانی بۆ (سەدەی یازدەمی زایینی) دەگەڕێتەوە، بەڵام بە دیاریکراوی ئەم دەستەواژە و چەمکە لە ڕووی کردارییەوە لە (سەدەی١٢ز)دا بەکارهات، هاوکات بە دەرکەوتنی خانەقاکان ئەویش کەوتە بەکارهێنان و بڵاوبوونەوە[٧]. تەریقەت گرتنی ڕێگای سۆفیزمە، بۆ خۆدوورخستنەوە لە خۆشی دونیا و سەرکوتکردنی خواستی (خود)ە[٨]. تاوەکو دەگاتە پلەی چاکەکاران، بە ڕادەیەک خاوەن ڕێگا/تەریق خودا لە هەمووکارەکانیدا دەبینێت، چونکە وا گومان دەبات کە خودا ئەو لە هەموو کارەکانیدا دەبینێت[٩]. تاوەکو وایلێهات وشەی (طريقة) بەلای

---

[١] عبدالرحمن شێخ صلاح الدین شێخ سلێمان بەرزنجی بێلاف: تەریقەتی نەقشبەندی بنەماو ئامانجەکانی، ب٢،چ١،هەولێر،٢٠٠٢، ل٧٩٤.

[٢] محمد مهنا: الفرق بين الصوفي والمتصوف والمتمصوف، ٢٠٢١/٨/١٩، www.youtube.com سەردانیکردنی،٢٠٢١/١٢/٢٦.

[٣] أبواليزيد أبو زيد العجمي(أ.د): التصوف في حياة المسلمين تاريخ وقضايا، بدون اسم المطبعة، القاهرة، ٢٠١٢، ص ١٤٣،١٤٥.

[٤] مجمع اللغة العربية: المعجم الوسيط، استانبول، دارالدعوة للطباعة و النشر، ١٩٨٩، ص ٥٥٦.

[٥] الامام العلامة ابو فضل جمال الدين محمد بن مكرم بن منظورالافريقي المصري: لسان العرب، ط١، ( باب الطرق) دارالصادر، بيروت، لبنان، ١٩٩٧، ص١٧٣.

[٦] بورهان محەمەد ئەمین عەبدولکەریم: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧٢.

[٧] أبواليزيد أبو زيد العجمي: المصدر السابق، ص١٤٣،١٤٤،١٤٥.

[٨] م.ب.ڕۆدێنکۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.

[٩] أبواليزيد أبو زيد العجمي: المصدرالسابق، ص ١٣٩.

سۆفییەکانی قۆناغی دواترەوە، بۆ ئەو خەڵکانە بەکاردەهات، کە بڕواداری سۆفیزم بوون و بۆ ئەنجامدانی سرووتە ڕۆحییەکان پەیوەستبوون بە شێخێکەوە [1].

**١/ پێشینەیەکی مێژوویی دامەزراندنی تەریقەتی نەقشبەندی:-**

دامەزراندنی تەریقەتە سۆفیگەراکان لە ڕووی پێکهاتنەوە بەو شێوازەی کە هەیە، بۆ (سەدەی ١٢ز) دەگەڕێنەوە، دەستپێکی ئەو تەریقەتانەش تەریقەتی(قادری) بووە، وەک یەکەم تەریقەتی ڕێکخراوی سۆفیگەرا، کە لەلایەن شێخ (عەبدولقادری گەیلانی)ەوە[2] دامەزراوە [3]. تەریقەتەکانی (قادری و ڕفاعی و سوهرەوەردی، مەولەوی) لە کۆنترین تەریقەتەکانی ئیسلامن[4]. تەریقەتی نەقشبەندی دامەزراندنی بەراورد بەوان نوێترە، ناوبردنیشی بە (نەقشبەندی) بە پێی زۆرینەی سەرچاوەکان پەیوەستە بە شێخ (محەممەد بەهائەددینی نەقشبەند١٣١٧-١٣٨٩ز)یەوە[5]. بەڵام مێژووی تەریقەتەکە بۆ پێشتر لە شێخی ناوبراو دەگێڕنەوە، بە ڕەچاوکردنی ناوی جیاواز، بەڵکو ئەو ناوە وەک قۆناغێک لە مێژووی تەریقەتەکە دەهێننەوە کە هەژموونی ئەو کەسایەتییە بەسەر تەریقەتەکەوە دیار و بەرچاوە. لە ناو ئەو بۆچوونانەی کە باس لە تەریقەتی نەقشبەندی دەکەن سەرەتاکەی دەبەنەوە بۆ خەلیفەی یەکەمی موسڵمانان (ئەبووبەکری صدیق) بەوەش پەیوەستی دەکەنەوە بە پێغەمبەرەوە بە بەڵگەی ئەوەی ناوبراو جێگرەوەی یەکەمی پێغەمبەری ئیسلامە لە زانست و ڕێنوێنیدا[6]. ئەم پێشینە دروستکردنە، بە یەکێک لە ترسناکترین ئەو کارانە دادەنرێت کە ڕەوتە سۆفیگەرییەکان کاریان لەسەر کردووە، داهێنراوی ڕشتەی خێزانی شێخەکانیان و پەیوەستکردنەوەی بە پێغەمبەر و هاوەڵانییەوە [7]. مەبەست لێی کۆکردنەوەی هەر دوو دەسەڵاتی دینی و دونیایی بوو لە دەستی خۆیاندا، لەگەڵ ئەوەشدا پێگە و شکۆیان لەناو خەڵکدا بە بەرزی بهێڵنەوە [8]. هەروەها خۆشەویستی و سەرنجی خەڵکی بۆ کارەکانیان و پێدانی پایەی پیرۆزیی بە ڕشتەی خانەوادە و تەریقەتەکانیان مسۆگەربکەن[9]. بەڵام ڕاستتر ئەوەیە هەندێك لە شێخەکانی ئەو تەریقەتە ئەو دۆخەیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەو جۆرە بەکارهێناوە، بەتایبەتی ئەو کاتانەی

---

(١) ابو الوفاء الغنیمی التفتازانی: المصدرالسابق، ص٢٣٥ .

(٢) عەبدولقادر کوڕی ساڵەح کوڕعەبدوڵڵای کوڕی جەنگی دۆستە. ئەو لە شاری گەیلان لە دایك بووە. لە نێوان ساڵانی(١٠٨٤-١١٦٦) ژیاوە، پەروەردەی زانستی لە بەغدا بووە، هەڵکەوتەی ڕۆژگاری خۆی بووە لە زانستە ئیسلامیەکان و زوهد و خواناسیدا، فیقهی حەنبەلی خوێندووە و ڕێگای تەسەوفی هەڵبژاردووە، یەکێك بووە لە ئامۆژگاری کارە دیارەکانی بەغدا، جل و بەرگی زانایایی پۆشیوە، لە ڕێگەی قوتابیەکانیەوە ڕەوت و تەریقەتەکەی بە زۆرێك لە ناوچەکانی دونیای ئیسلامیدا بڵاوبوەتەوە، بەڵام لە ڕێچکەکەیدا زیادەڕەویکراوە، لە لایەن شوێن کەوتەکانیەوە، تا ئیستاش بەردەوامە. لە بەغداد ئەسپەردە کراوە. (بڕوانە هەریەك لە // عماد الدین ابی الفداء اسماعیل ابن عمر بن کثیر القرشی الدمشقی(ابن کثیر): البدایة و النهایة، ج١٢، دارابن الجوزی، القاهرة، ٢٠٠٩، ص٢٩٠. ؛ ابو الوفاء التفتازانی: المصدرالسابق، ص٢٣٦،٢٣٧).

(٣) کامل مصطفی الشیبی(د): الصلة بین التصوف والتشیوع، ط٢، دارالمعارف، مصر، تاریخ النشرالکترونیا ٢٠١١، ص٤٤٣.

(٤) ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندی – خالیدی مەولانا خالید و تەریقەتی خالیدی...، ب٢، ل١٤.

(٥) عبدالمنعم الحنفی(د): الموسوعة الصوفیة، ط١، دارالرشاد للنشر، القاهرة، ١٤١٢هـ، ص٢٩٣ ؛ عبدالله بن دجین السهلی: المصدر السابق، ص٩١.

(٦) محمد سلیمان: الحدیقه الندیه فی اداب النقشبندیه، القاهره، ١٣٤١هـ ، ص٩ .

(٧) الشیخ فریاالدین ایدن: الطریقه النقشبندیه بین ماضیها وحاضرها، العبرللطباعه والنشر، اسطنبول، ١٩٩٧،ص.١٧

(٨) أ. شامیلوف: حول مسالة الاقطاع بین الکرد، ترجمه وقدم له وعلق علیه د.کمال مظهراحمد، ط٢، مطبعة الحوادث، بغداد،١٩٨٤، ص٦٤،٦٥.

(٩) الشیخ فریاالدین ایدن: المصدر السابق، ص١٧.

بنەماکانی سۆفیزم لە هەڵبژاردنی کەسی شێخدا وەك خۆی ڕەچاونەکرابێ، کەسی شێخ نزیك بووە لەو بەرژەوەند خوازییە دونیاییەوە.

هەرچەندە ئەم ڕشتە دروستکردنە بنەمایەکی زانستی تەواوکاری نییە، بەڵکو تاوەکو ساڵانی (١٣٠٠ز) دەچێتە پێش، لەوە بە دوا وەک دەڵێن بەپێی زانستی مەعنەوی یەکلاکراوەتەوە[١]. مەبەست لە زانستی مەعنەوی زانستی پەیبردن و زانینی هەندێك لەو شتانەیە کە لە جیهانی گیان (روح)دا هەن و پێزانینە مادییەکان توانای درك پێکردنیان نییە، ئەوەش لایەنێکی تایبەت بە دونیای سۆفیزم و پەروەردەکراوانی ئەو جیهانەیە، کە گیان تێیدا گەشتووەتە باڵابوونی خۆی.

ئەم شیکاری و بناغە بۆ دروستکردنە لەمەڕ تەریقەتەکە، جێگای بڕوای زۆرێک لە توێژەرانی بواری نووسینی مێژوو نییە، بە تایبەتی ئەوانەی بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە لە تەریقەتی نەقشبەندی دەڕوانن و پێیان وایە، نەک پێشەوا (ئەبوبەکر) ئاگای لێی نییە، بەڵکو بە وشەیەکیش ناوی نەبردووە و بنەڕەتی هێندە قووڵ نییە[٢]. چونکە ئەوانە پێیان وایە بابەتی تەریقەت و تەریقەتگەرایی لە چاخی یەکەمی ئیسلامیدا هیچ بنەمایەکی زانستی نییە، تاوەکو بدرێتەوە پاڵ پێغەمبەرو هاوەڵە یەکەمەکانی ئیسلام، بەڵام کەرەستەکانی لە زوهد و خەڵوەتگیری کە تەریقەتەکان کاریان لەسەردەکەن هەبووە[٣].
لە بەرامبەر ئەم جۆرە لە ڕەخنە بۆ سەرەتای تەریقەتەکە، پەیڕەوکارانی ئەو ڕەوتەش پێیان وایە، نەبوونی ناوی تەریقەت لەو قۆناغەدا بۆ هەژمورنی بەهێزی هاوەڵان و شوێنکەوتووانی بووە، وەک چۆن ئاییىزا لەو قۆناغەدا نەبووە، دواتر بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتە شەرعییەکان، بە مەبەستی تێگەیشتنی زیاتر شرۆڤە بۆ دەق و فەرموودەکان کراوە، تەریقەتیش ئەو کاتە دروستبوو کە ئاراستەیەکی گشتی لە دونیایی ئیسلامیدا ڕوو لە دونیاکردن بوو، بۆیە بە پێی قۆناغەکان ناوەکانیش گۆڕاوە[٤]. نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو بەپێی گۆڕانی شێخەکانیان، گۆڕانکاری لە ناو تەریقەتەکانیشدا بابەتێکی دیار بووە، بە جۆرێک بۆ هەر تەریقەتێک یاد و زیکری تایبەت بە خۆی هەیە، بەو جۆرەی شێخەکەی دیاریدەکات کە مەرج نییە ئەو جۆرە یادە لە (پێغەمبەر)یان یەکێک لە هاوەڵانەوە وەرگیرابێت[٥]. ئەوەش لایەنێکی ڕەخنەییە بۆ ڕەخنەگرانی ئەو ڕەوتە و دەیکەنە بەڵگە بەوەی کارەکانیان لە ئیسلامی سوننەتی جوودایە[٦].

**٢/ ناوەکانی ئەم تەریقەتە بەپێی قۆناغە مێژووییەکان:-**

تەریقەتی نەقشبەندی لە مێژووی دوور و درێژی خۆیدا، چەند جارێک بەهۆی کاریگەری هەندێک لە شێخەکانییەوە گۆڕانکاری بەسەرناوەکەیدا هاتووە لەوانەش:

---

[١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ، (نوری فارس حەمەخان) لەدایك بووی (١٩٣٥) لە قەرەداغ، ساڵی (١٩٥٧) مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە، مامۆستای ئاینی و نوسەری ئیسلامی خاوەن زیاتر لە (٢٥) بەرهەمی زانستییە لە نوسین و وەرگێڕان، ئێستاش لە ژیاندا ماوە و سەرقاڵی نووسینە، شوێنی چاوپێکەوتن سلێمانی، ڕۆژی(سێ شەممە)، ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٥/١٧)، کاتژمێر(٤:٤٨)خولەك، ماڵەوە.
[٢] عبدالرحمن محمد سعيد دمشقيه: الطريقه النقشبنديه، نشر من قبيل موقع فرقان، www.frqan.co، نشرالكترونيا ٢٠١٩، ص٢٠.
[٣] ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندی – خالیدی مەولانا خالید و تەریقەتی خالیدی...، ب٢، ل ١١.
[٤] عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد ئحمەد ئاوایی: سەرچاوەی پێشوو ، ل٨٠ .
[٥] عبدالله بن دجين السهلي: المصدر السابق، ص١٣.
[٦] الشيخ فرياالدين ايدن: المصدر السابق، ص٦.

یەکەم: لەسەردەمی خەلیفە (ئەبوبەکری سدیقە)وە بە (سدیقییە) ناسراوە[١].

دووەم: لەسەردەمی ئەبو (یەزید تەیفوری بەستامی٨٠٤-٨٧٧ز)ەوە، بە ناوی بەستامی ناسراوە[٢].

سێیەم: بە (خواجە)[٣]کانیش ناسراوە، بەهۆی (عەبدولخالق غودجەوانی)[٤] گەشەی (تەریقەتی خواجەکان) وەک بنەڕەتی تەریقەتی نەقشبەندی لە ناوچەکەی خۆیدا، لە ئەنجامی ڕەخنەگرتنی تەریقەتی (چەشتی)[٥]، بەوەی لە خەڵک دووركەوتوونەتەوە و دووچاری لادانی ڕەوشتی و گرنگیدان بە کاروبارە دونیاییەکان بوونەتەوە[٦].

چوارەم: لەسەردەمی شێخ (محەممەد بەهائەددین)ەوە بە نەقشبەندی ناسراوە [٧]. لە سەرەتای (سەدەی ١٤ز) [٨]. پاش خۆی گۆڕانکاری بەسەر تەریقەتی نەقشبەندیدا هات و هێدی هێدی لە دەسەڵاتدارانی سیاسی ئەو دەم نزیکبوونەوە، بەوەش بوونە خاوەن پێگەی گەورە تر و توانای مادی زیاتر[٩].

پێنجەم: بە نەقشبەندی ئەحراریش ناسراوە بەهۆی کاریگەری شێخ خواجە (عوبەیدوڵڵای ئەحرار١٤٠٤-١٤٩٠ز) کە لەسەردەمی باڵا دەستی تەیمووریەکاندا، لە دیارترین و بەناوبانگترین شێخەکانی ئەم تەریقەتە بووە[١٠]. شوێنکەوتووانی ئەویان بە پیرۆز زانیوە[١١]. لە بارەیەوە (کاشیفی) دەڵێت:"ئەوەندە پارە و موڵک و ئاژەڵی کۆکردبووەوە لە ژماردن نەدەهات بە ڕادەیەک سەروەتمەند

---

(١) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب١، چ١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٩، ل ١٣٣،١٣٤.

(٢) سەیدعبدالرحیم مەولەوی: عقیدەی مرضیة، شەرح و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، چاپخانەی خلود، بەغدا، ١٩٨٨، ل ٥٧،٥٣٦.

(٣) خواجە ووشەیەکی فارسیە لە بنەڕەتدا بە کۆمەڵێك واتا بەکاردێت، کە لە کۆدا بە واتای پیاوانی خاوەن پیگەی ئاینی یان تەمەنکردوو یان بەهێز و دەوڵەمەنددێت، کە لە مەڵبەندی بوخارادا لە سەردەمەکانی تەیموری و پێشتریشدا بە پیاوانی ئاینی خاوەن پێگە وتراوە خواجە، بە واتای سەید یان سەروەر دێت، هەروەها لای تورکەکانیش بەکارهاتووە بە واتای ( ئوستاز) بەهەمان شێوە لای عەرەبەکانیش لە میسرو سوریا بەکارهاتووە بەشتێك لە دەستکاری شکڵی ووشەکە بووەتە (خجە) و بە واتای مامۆستای پەروەردەکاری منداڵان ومودەریس دێت. (بۆ زیاتر بڕوانە// ماهو معنی کلمە خواجە، **https://word.helpkade.com**/٢٠٢١/٠٣/٦، سەردانیکردنی ٢٠٢٢/٣/١٢).

(٤) ئەم کەسایەتییە،(عەبدولخالق غودجەوانی) ناوبراو بە ناوی گوندەکەی(غوجدوان)ەوە ناسراوە کە کەوتوەتە باکوری ڕۆژئاوای بوخارا، لە (١٢٢٠ز)دا کۆچیکردووە. ئەو لە بنەڕەتدا مورید و سۆفی خواجە یوسفی هەمەدانی بووە. پاشان بۆ خۆی تەریقەتەکە دادەمەزرێنێت، و بە خواجەکان دەناسرێت. ئەو هەشت بناغە بۆکاری تەریقەتەکەی دادەنێت، وەك پرەنسیپی کارکردنی موریدانی و لە دواتردا ئەو بنەماییانە بە شتێ زیادکردنەوە دەبنە بنچینەی تەریقەتی نەقشبەندی. (بۆ زیاتر بڕوانە// ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندیی – خالیدی مەولانا خالیدو تەریقەتی خالیدی...،ب٢، ل١٤).

(٥) چەشتی: ئەم تەریقەتە لە مەولاناوە بە (٣٦) زنجیرە دەچێتەوە سەر پێغەمبەری خودا لەڕێگەی عەلی مورتەزاوە، ناوی چەشتی لە ناوی دامەزرێنەرەکەیەوە هاتووە کە حەسەن چەشتیی(موعینەدین ئەلئەجمیری) کە بە خواجە غەریب نەواز ناسراوە. لە سەجستان لە دایك بووە شێخێکی خاوەن زوهد بووە، زۆرینەی شوێنکەوتەکانی لە هندستانن و لە (١٧٢٨ز) مردووە. (بۆ زیاتر بڕوانە// اجازات مولانا خالد النقشبندي: من منشورات الملتقی العالمي لمولانا خالد، دراسة وتحقیق.حسین حسن کریم، الطبعة الاولی، مطبعة اراس، اربیل، ٢٠٠٩،ص٧٣،٧٤).

(٦) نایل جرین: المصدر السابق، ص١١٩ .

(٧) عبدالمنعم الحنفی: المصدر السابق، ص٢٩٣ .

(٨) ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندیی – خالیدی مەولانا خالیدو تەریقەتی خالیدی...، ب٢، ل١٥.

(٩) نایل جرین: المصدر السابق، ص١٢٠.

(١٠) خواجە محمد بن محمد پارسای بخارائی: قدسیة، کلملت بهاالدین نقشبند، تصحیح وتعلیق احمد طاهرعراقی، تهران، ١٩٧٥، ص١٣؛ سەید عەبدوڕەحیمی مەولەوی: عقیدەی...، ل ٥٧،٥٣٦.

(١١) م.ب.ڕۆدێنکۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧.

بوو، هەندێک کەس وایان بیردەکردەوە کە ئەو دەوڵەمەندی و کاروبارە سیاسییە لەگەڵ ئیسلام ناگونجێت. ئەوانەش دەرئەنجامی ئەوە بوون هێندە لە سیاسەت و سیاسییەکان نزیک بوو، ئەرکە دینییەکانی لەئاست موریدانی پشتگوێ خستبوو"[١].

شەشەم: لە قۆناغی شێخ (ئەحمەدی سەرهەندی ١٥٦٣-١٦٢٤ز)، بەهۆی هەندێک هەنگاوی نوێخوازی لە تەریقەتەکەدا گرتیەبەر ناوی تەریقەتەکە بە (مجددی) هەزارەی دووەم ناسرا. یەک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغەی نەقشبەندی خۆبەستنەوەی تەواوەتییە بە شەریعەتەوە لە لایەن شێخی سەرهەندییەوە[٢].

حەوتەم: بە (مظهریە) و بە خالیدیش ناو دەبرێت بەهۆی دانەپاڵ مەولانا خالیدی شارەزووری[٣].

بەو جۆرەش لەوە بە دوا تەریقەتی نەقشبەندی دەبێتە یەکێك لە تەریقەتە گەورەکانی سۆفیگەری لە دونیای ئیسلامیدا، لەگەڵ ئەوەشدا بابەتی عیرفان لەم تەریقەتەدا بەوە ناسراوە کە عیرفانێکی وەیسیانەیە[٤]. کە مەبەست لێی خۆ بەستنەوەیە بە کەسایەتی ئیماندار(وەیسی قەرەنی) کە لەسەردەمی پێغەمبەردا ژیاوە. هەرچی ناوی نەقشبەندیشە ڕاجیایی لە بارەیەوە هەیە، هەندێک بۆ مانا مەجازییەکەی نەقشبەندی دەچن، لە یەکێک لە بۆچوونەکاندا والێکدەدرێتەوە کە (خواجە محەممەد بەهائەدین) لە ئەنجامی بەجێهێنان و بەردەوامی یادی خودا. گەیشتە ئاستێک کە وشەی (الله) لە دڵیدا هەڵکۆڵرابوو، دەڵێن (پێغەمبەر) دەستی لەسەر دڵی شێخ (محەممەد بەهائەدین) داناوە و ئەوەش بووەتە وێنەیەک لەسەر دڵی[٥]. بەڵام ئەم بۆچوونە زیاتر لە وێناکردنێکی هەڵبەستراوەوە نزیکە نەك بەڵگەیەکی لۆژیکی بێت بۆ ناوی نەقشبەند، چونکە لەڕووی ئاینییەوە هیچکام لە هاوەڵانی پێغەمبەر وێرای هاوژیانی بە سەردەمی پێغەمبەر و پابەند بوون بە ئاینەوە دۆخێکی وایان بۆ پێش نەهاتووە.

هەندێکی تر بۆ هەڵکۆڵین و نەخشاندن لەسەر قوماشی دەبەنەوە، ئەم جۆرە کارە لە سەدەکانی (٨ – ١٠ز) بە هونەری وێنەکێشان لەسەرقوماش دەگوترا، ئەوانەی بەم هونەرەوە سەرقاڵبوون پێیان دەگوترا نەقشبەند[٦]. بەڵام وەک زانراوە شاهی نەقشبەند خۆی هیچ پیشەیەکی لە ژیانیدا نەکردووە، لە چەشنی هەڵکۆڵین و وێنەکێشان لەسەر قوماش و بابەتی تر، تاوەکو بەو ناوەوە ناسرابێت، بەڵکو تەنها سەرقاڵی قوڵبوونەوە سۆفیگەرییەکانی بووە[٧]. بەڵام بەپێی لێکدانەوەیەکیترو بەهۆی ئەوەی باوکی (خواجە بەهائەدین) کە بە (بابا ساحیبی سەرمەست) ناسراوە پیشەکاری نەخشیکردووە، دەکرێت ناوبراویش پیشەکەی لەباوکییەوە وەرگرتبێت[٨]. لەگەڵ ئەم بۆچونانەدا، بۆچوونێکی تریش هەیە، پەیوەستی دەکات بە ناوی جوگرافیایی شوێنی لەدایك بوونی (خواجە بەهائەدین)، بەڵام بۆچوونەکە زانستی نییە، لەبەر نەبوونی گوندێك لە (بوخارا) بەو ناوەوە[٩]. بۆچونێکیتر ئەم ناوە بە کوردی

[١] ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندیی – خالیدی مەولانا خالیدو تەریقەتی خالیدی...، ب٢، ل١٦.
[٢] هەمان سەرچاوە، ل١٥،١٧.
[٣] عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد ئەحمەد ئاوایی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦،٨٧.
[٤] تەحسین حەمە غەریب:سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٤.
[٥] عبدالرحمن محمد سعید دمشقیە: المصدر السابق، ص١٤.
[٦] ئەمیر فەرهەنگ ئیمانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧٠ .
[٧] صباح عبدالرحمن احمد: المصدر السابق ، ص١٨٨.
[٨] ئەمیر وەزیری: نەقشبەندی لە کوردستان، چاپی دووەم، وعەلی میرزا عارف هەورامی، چاپخانەی گوران، ٢٠٢٠، ل١٠٠.
[٩] سەلاحەدین شێخ تائب نەقشبەندی: ڕێبازی نەقشبەندی و تەسەوف، وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٢ ، ل١٦.

دەزانێت، چونکە نەقشبەندی لەزماندا وشەیەکی لێکدراوە لە وشەی (نقش) لەگەڵ (بەند) پێکهاتووە، لەسەر کێشی (ناڵ بەند) هەردوو ووشەکەش (نقش بەند و ناڵبەند) لە زمانی کوردیدا بوونیان هەیە، لە کاتێکدا وشەی نەقشبەند لە هیچ فەرهەنگێکی زمانی ئاسیای ناوەندا بوونی نییە و بە دڵنیاییەوە تورکیش نییە[1]. هەندێکی تریش بۆ زمانی فارسی دەیبەنەوە[2]. بۆچوونێکیتر ناوی نەقشەبەند دەباتەوە بۆ لێکدانەوەیەکی کەرامات ئاسا گوایا شێخی نەقشبەند بۆ دروستکردنی خانەقا و مزگەوت بە هۆی خەو لێکەوتنەوە کاتەکەی تێپەڕ دەکات و دواجار لە ئەنجامی (جەزبە)[3] بەسەر خشتە قوڕەکانەوە دەکەوێتە هەڵپەڕین بە گوتنەوەی ناوی (الله)ەوە، بۆیە هەموو خشتێک ناوی (الله)ی لەسەر نەخشێنرا، لەوەشەوە بە نەقشبەندی ناسرا[4]. هەموو ئەم بۆچوونانە ئاماژەی مەجازین و لەگەڵ لێکدانەوەی ژیربیدا ڕێک ناکەون، چونکە ناکرێت ناوی (الله) کە بنەما و سەرچاوەی یەکتاپەرستی ئایینەکەیە، لە ئەنجامی (جەزبە) و قووڵبوونەوەی ڕۆحیدا لەلایەن شێخێکی تەریقەتەوە لەژێر پێدا بنووسرێتەوە، ئەمە لە شرۆڤەی لۆژیکدا لە سوکایەتییەوە نزیکە، نەک دۆستایەتی نواندن لەگەڵ ئایین و بانگەشەی ئایینیدا.

### ٣/ پێشینەکانی تەریقەت (شاهی نەقشبەند و مەولانا خالید):-

#### أ: شاهی نەقشبەند:-

محەممەد بەهائەددین کوڕی محەممەد وەیسی بوخارییە، نازناوی شاهی نەقشبەند یان (محەممەدی بوخاری)ە[5]. لە (١٣١٧ز) لە گوندی (قەسری عاریفان) لە نزیک بوخارا لەدایکبووە، توانایی تێدا بینراوە بە تایبەتی لە زانستی فەرمووددا[6]. بەهۆی سەرقاڵی بە خزمەتگوزاری مرۆیی و چاککردنی ڕێگا و بانەکان، زیاتر دەناسرێت[7]. تەریقەتەکەش بە نەقشبەندی ناسراوە[8]. ئەم شێخە

---

(١) أزاد احمد علی(د): (لنقشبندیە: النسخە الكوردیە للإسلام الاجتماعي)، ٢٠١٨/١/١٢، https://www.medaratkurd.com، سەردانیکردنی ٢٠٢٢/٣/١.

(٢) صباح عبدالرحمن احمد: المصدر السابق، ص١٨٨.

(٣) واتە ڕاکێشان، زاراوەیەکی سۆفیگەرانەیە، مەبەست لێی ڕاگرتنی دڵی بەندەیە لەلایەن خوداوە، بە مەبەستی ئامادەکرن و نزیکایەتی لە خودا دێت، بەهۆی بڕین و بەدەستهێنانی پێگە و پلە ڕۆحیەکانەوە. ئەم دەستەواژەیە لە ئەدەبیاتی سۆفیزمدا بۆ ساڵی(٩٨٨ز) دەگەڕێتەوە، بە بڕوای ئەوان کەسی ڕاکێشراو/مجزوب، لە سەرەتاوە ئەنجامی کۆتایی خۆی دەبینێت. ئەکرێ (مەجذوب) لەسەر ئەو دۆخەی بمێنێتەوە و نەگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێشوتری و ئەوەش بە عاشق ناو دەبرێت، یان ئەگەر گەڕایەوە دۆخی پێشووی دەبێتە ڕێبوار. ئەگەرچی لە شرۆڤە سۆفیگەراکاندا لە بارەی جەزبەوە هیچ ئاماژەیەك بە شێت بوون و لە دەستدانی عەقڵ نادرێت، بەڵام ئەوە باس دەکرێت کەسی خاوەن جەزبە لە خەڵك دابڕاوە، بۆ پەیوەندی بەستن بە خوداوە. کەچی لای ئیبن خەلدوون جەزبەگرتوو ژیری لە دەست داوە و نزیکە بچێتە پاڵ گەمژە و شێتەکانەوە، پێگەی کەمترە لە باوەڕدارانی ئاسایی. (بڕوانە// مجموعة من المؤلفين: موسوعة المفاهيم الاسلامية العامة، ج١، المكتبة الشاملة الحديثة، بدون مكان وسنة الطبع، ص١٨٢).

(٤) ئەمیر وەزیری: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠،١٠١.

(٥) عبدالمجيد بن محمد الخانى: الحدائق الوردية فى حقائق اجلاء النقشبندية، دمشق، ١٣٠٦هـ، ص١٢٥،١٤٥ ؛ محمد احمد درنيقة: الطرق الصوفية و...، ص١٠،١١. ؛ سەید تاهیری هاشمی: مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشبەندی، و.دلێرمیرزا، چ١، چاپخانەی قانع، سلێمانی،٢٠٠٤، ل ١٦. ؛ محەمەد ڕەووف تەوەکولی: مێژووی تەسەوف لە کوردستان، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥، ل ٢٢٦.

(٦) شێخ ئەمین شێخ عەلائەدین نەقشبەندی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٠،٤٤٩.

(٧) مير بصري: اعلام الكرد، الطبعة الاولى، رياض الريس للكتب والنشر، لندن-قبرص، ١٩٩١، ص٥٤.

(٨) عبدالرحمن محمد سعيد دمشقيه: المصدر السابق ، ص١٣.

تەریقەتەکەی بە (عروەت الوثقى)[١] ناودەبات و پێداگرە بە سوونەتەو، وەك ئاماژەی پابەند بوونی تەواوەتی بە ئاین و لانەدان لە سونەت[٢]. بۆیە نووسەرانی ئەم ڕەوتە پێیان وایە تەریقەتەکەیان زادەی شەریعەتە[٣]. ڕەخنەگران و نەیارانی ئەم ڕەوتەش پێیان وایە ڕەوتەکەیان گوومڕایی و لادانە لە بنەماکانی سوونەتی پێشینان، شێخی (نەورەسی) لە پۆلێنی سوننەتدا دەڵێت:"پێغەمبەری خودا دوو چەشنە سوننەتی هەیە، سوننەتێکی بینراو بەرجەستە، سوننەتێکی کەونی و نەبینراو، ئەوەی دووەمیان بە درێژایی مێژوو عاریفە گەورەکانی دروست کردووە و هەموویان خۆیان کردووە بە قوربانی"[٤]. ئەگەرچی وەك نەریتی شێخەکانی ترهەندێک لە مێژوونووسان ڕشتەی خێزانی ئەم شێخە دەبەنەوە سەر پێشەوا (جەعفەری سادق)[٥] بەڵام شاهی نەقشبەند بڕوای وایە لە زنجیرەی خێزانییەوە کەس بە شوێنێك ناگات[٦]. ئەو لە بنەماکانی نەقشبەندیدا کە (کلمات قدسیە)ییە[٧] لە کۆی (١١) بنەمای بەخۆدا چوونەوەی ئاکار و ڕەفتار خاوەنی (٣) بنەمایە[٨]. ئەم شێخە لە (١٣٨٨ز) کۆچی دواییکردوە[٩].

**ب: مەولانا خالیدی نەقشبەندی ١٧٧٩-١٨٢٦:-**

ئەم کەسایەتییە کوردە کە ڕۆژگارێک سەرچاوەی بزاوتە سۆفیزمەکانی بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵات بوو لە ئاستی دونیادا بە یەکێک لە شێخ و ڕێبەرە دیارەکانی تەریقەتی نەقشبەندی دادەنرێت، ناوی تەواوی (خالیدی کوڕی ئەحمەد کوڕی حوسێن)ە[١٠] بە نازناوەکانی (زیائەددین ئەبول بەها، مەولانا، زولجەناحەین، شارەزووری و بەغدادی) ناسراوەتەوە[١١]. ئەو لەساڵی (١٧٧٩) لە قەرەداغ لەدایك بووە[١٢]. هەرچەندە ساڵی جیاوازتریش بۆ لەدایك بوونی دیاریکراوە.

---

[١] واتای زۆری هەیە، کە خۆش ویستنی خودا و دەستگرتنە بەوەی خودا پێی ڕازییە، بڕوانەبوونە بە شەیتان دۆستان و دەستگرتنە بەهەموو ئەو پەیامانەی لە قورئاندا هاتووە. (ومن یؤمن بٱللَّه فقد ٱستمسك بٱلعروە ٱلوثقى) (ومن یسلم وجهة إلى ٱللَّه وهو محسن فقد ٱستمسك بٱالعروه ٱلوثقى) ئەم بابەتی عوروەیە لە سەر دوو بنەما وەستاوە. ڕەتکردنەوەی هەرخودایەکیتر جگە لە( الله) و داننانە بە تاك و تەنهایی خودا کە شیاوی پەرستنە. (بۆ زیاتر بڕوانە// سورة البقرة، الایـة ٢٥٦. ؛ سـورة لقمـان، الایـة ٢٢. ؛ مـاهی العـروه الـوثقی؟ ٢٠/دیسـمبر/٢٠١٩، www.Almrsal.com، سەردانیکردنی ٢٠٢٢/٣/٢٣).

[٢] محمد احمد درنیقه(د): الطریقه النقشبندیه واعلامها، ط١، طرابلس، ١٩٨٧، ص٢١ .

[٣] سەید عبدالرحیم مەولەوی: عقیدی مرضیة...، ل ٥٣٤.

[٤] تەحسین حەمە غەریب: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨١.

[٥] ئەمیر فەرهەنگ ئیمانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧٠.

[٦] سەید تاهیری هاشمی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

[٧] مەبەست لە کلمات القدسیە ئەو بنەمایانەی کاری بڕوادارانی نەقشبەندییە کە بۆ پەروەردەکردنیان دەگیرێتەبەر و خۆی لە یازدە بنەمادا دەبینێتەوە، هەشتیان شێخ عەبدولخالق غودجەوانی و سییانیان شاهی نەقشبەند دایان ناوە. هەموو ئەوانەش لەسەر بنەمای یادی دڵ وەستاون کە بنەمای کاری نەقشبەندییەکانە. (بۆ زیاتر بڕوانە// عصام الحساوي: المفردات القدسیه فی شرح کلمات الاحدی عشر عند السادات النقشبندیه، مقتبس من کتاب الصدق والمعرفه لم یطبع بعد، ٢٠٢١، ص٢).

[٨] دارا حەمید محەمەد و ئیبراهیم کوێخا محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

[٩] علی علی ابو شامی: المصدر السابق ، ص١٩٥.

[١٠] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان...، ب١، ل٧. ؛ مەلا عەبدواکەریمی مودەڕیس: باوەشێنی دڵ، ساغکردنەوەی د.عیرفان ڕەشید، چ١، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠٢٢،ل٢٨.؛ کۆمەڵێك توێژەر: توێژینەوەکانی زانستی تەسەوف، ئامادەکردن و کۆکردنەوەی .د.دارا حەمید محەمەد و ئیبراهیم کوێخا محەمەد، چ١، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٤، ل ٤٦٨.

[١١] عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد ئاوایی: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨. ؛ السید ابراهیم فصیح الحیدری: المجد التالد فی مناقب الشیخ خالد، مطبعة العامرة ، ١٢٧٢هـ، ص٢.

[١٢] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان...، ب١، ل٥٣،٨.

کوردناسێکی وەک (ڕیچ) کە ئەو دەمانە لە سلێمانی بووە، لە بارەی گەورەیی مەولانا لە دەروونی خەڵکی ناوچەکەدا دەڵێت:"موسڵمانێکی دەست لە دونیا شوشتووی گەورە لە سلێمانیدا دەژێت، ناوی شێخ (خالید)ە، بەڵام کوردەکان لایان وایە سووکایەتییە ئەگەر لە حەزرەتی مەولانا بەو لاوەی پێ بگوترێ. موسڵمانەکان قسەکانی لە پلەی فەرموودەی پێغەمبەر دادەنێن، وا باوە کە ئەو لەگەڵ وەلی موسڵمانان شێخ (عەبدولقادری گەیلان)ی لە یەک پلەدان"[1]. مەولانا لە زوهد و خۆپارێزیدا، بە ڕادەیەک بوو تەنانەت دیارییەکانیشی پێ قبووڵ نەدەکرا، دژ بە داهێنراو(بدعە) بووە، لە نامەیەکیدا بۆ مەلا (عەبدوڵڵای جەلیزادە)[2] لە کۆیە کە یەکێک لە خەلیفەکانی بووە، بێزاری خۆی دەردەبڕێت لە زۆربوونی دیاردەی بیدعە لە زەوییە پیرۆزەکانی قودسدا، کە ئەو دەمە لە قودس بووە، بەهۆی ئەو دۆخەشەوە ویستوویەتی ئەوێ بەجێ بهێڵێت و بۆ هەر ناوچەیەکی تر کۆچ بکات. بە گشتی مەولانا بۆ قووڵبوونەوەی زانستی، (١٣) ساڵ لەگەڕاندا بووە[3]. لە نێوان ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستاندا، دواجار لەسەر دەستی مەلا (عەبدوڵڵای خەرپانی)[4] و شێخ قەسیمی سنەیی مۆڵەتی زانستی وەرگرتووە[5]. پاش دوو ساڵ لە ڕاهێنانی ڕۆحی لەسەر دەستی شا (عەبدوڵڵای دەهلەوی) مۆڵەتی ئیرشاد لەهەر پێنج تەریقەتی (نەقشبەندی، قادری، سوهرەوەردی، کوبرەوی، چەشتی)، مۆڵەتی دین و دونیاش وەردەگرێت[6]. مەولانا لەبەر دژوەستانەوەی بە شیعەگەری لە هەمەدان ڕووبەڕووی هەوڵی کوشتن بووەتەوە[7]. بەهۆی توانستە زانستییەکانی جێگای سەرنجی هەمووان بووە [8]. تەنانەت مامۆستاکانیشی لە چەشنی مەلای (ئیبنوئادەم)[1] شێخی (خەرپانی)[2]. ئەو دەمە

---

[1] کلودیۆس جیمس ریچ: رحلة ریج المقیم البریطانی فی العراق عام ١٨٢٠الی بغداد-کردستان-ایران، ت.اللواء بهاالدین نوري، ط١ الدار العربیة للموسوعات، بیروت ، ٢٠٠٨،ص١٤٢،١٤٣.

[2] حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە (مەلا عەبدوڵڵا کوڕی مەلا عەبدوڕەحمان) کەبە(واثق باللە)ش ناسراوە پاش مردنی باوکی لە (١٨٠٢) وەك کوڕە گەورەی ئەو مەلایە دەبێتە شوێن گرەوەی باوکی لە زانستە ئایینییەکاندا. ساڵی لەدایك بوونی نەزانراوە، لەگەڵ جیاوازی بۆچوون لەسەر ساڵی مردنی زۆرینەی نوسراوەکان ساڵی کۆچی دوایی بە (١٨٣٠) دادەنێن. لەسەر دەستی باکی مەلا(عەبدوڕەحمانی جەلیزادە) مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە، بەهۆی پەیوەندییەکانی باوکی و مەولانا ئاشنایەتی لەگەڵ مەولانا دەبێت و لە بەغدا ساڵی ١٨١٧ بە دیداری مەولانا شاد بووە، زاوای شێخ (مەحمود ساحیب)ی برای مەلانا بووە ماوەی (٦) مانگ لە سلێمانی دەبێتە شوێننشینی مەولانا. هەڵکەوتەیەکی زانستی سەردەمی خۆی و قوتابی هەریەك لە زانا گەورەکانی وەك مەلای (ئیبن ئادەم و خەتێ) بووە. (بۆ زیاتر بڕوانە هەریەك لە// مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان ،ب١، ل٩٣،٩٢. ؛ مەسعود محەممەد: گەستی ژیانم، ل٧.).

[3] کۆمەڵێك توێژەر: توێژینەوەکانی زانستی ...، ل٤٦٩، ٤٧٥.

[4] کوڕی ئیسماعیل کوڕی شێخ محەممەدی کۆست کوڕی شێخ جامییە لە ساداتی تەکییەی قەرەداغ. بۆساڵی لەدایك بوونی جیاوازی هەیە، هەندێك ساڵی لەدایك بوونی بە (١٧٧٦) و مردنیشی بە (١٨٦٨)دادەنێن، لە بۆچوونیتردا ( ١٧٤٦) هاتووە، پاش تەواوکردنی خوێندن و وەرگرتنی مۆڵەتی زانستی لە تەمەنی بیست ساڵێدا بۆماوەی (٧٥)ساڵ لە تەمەنی خۆی سەرقاڵی ووتنەوەی زانستەکانی حوجرە بووە، لەلایەن بابانەکانەوە گوندی خەرپانێ و بەشێك لە هەڵەبجەی پێدراوە بۆ بەڕێکردنی کارو باری حوجرە و پێویستی فەقێکانی. پاش بەسەر بردنی (٩٥) ساڵ لەتەمەن لە(١٨٣٨) کۆچی دواییکردووە. (بۆ زیاتر بڕوانە// شێخ محەممەدی خاڵ: ناڵەی دەروون، ب١،چ٣، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٢١، ل٢٠٨).

[5] الشیخ عبدالکریم مدرس: علماؤنا فی خدمة العلم والدین، ط١، داراحیاء التراث العربی، بیروت، لبنان،٢٠١٤،ص ١٨٥،١٨٦.

[6] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان،ب١، ل٣١ ،٣٢.؛ عەبدوڵا غەفور(د): ئەتنۆگرافیای باشوری کوردستان، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦، ل٥٤.

[7] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان،ب١،چ١، ل ٣٣. ؛ فەرهاد شاکەلی: شێخانی نەقشبەندی هەورامان و گەنجینەی تەریقەتی خالیدی- موجەددیدی لە کوردستان، گۆڤاری ڕامان، ژ(٢٦٧)، هەولێر، ٢٠١٩، ل٦٩،٧٠. ؛ محەمەد ئەمین زەکی بەگ: کوردی بەناوبانگ، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە(٥ و ٦)، مایسی ١٩٤٢، ل٩٤.

[8] ئەمیر وەزیری: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٥. ؛ سەید تاهیری هاشمی: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤،٣٥.

مەولانا وەك (كاريزما)يەك، هەڕەشە بوو بۆ بەرژەوەندييەكانی شێخانی بەرزنجی، چونكە وەک ڕێچ ئاماژەی پێدەكات، ڕقی بەشێک لە زانا و سەیدەكان لە مەولانا، لە سەروو هەمووشیانەوە (شێخی نۆدێیی)[٣] توانستە زانستییەكانی مەولانا بەجۆرێك بوو دژبەرانی لە ڕووی زانستییەوە توانای لە ڕوودا وەستانەوەی ئەویان نەبوو[٤]. مەولانا گەرچی نوێكەرەوە و گەشەپێدەری تەریقەتەكەیە، بەڵام بەهۆی كاریگەرییەكانییەوە بە دامەزرێنەری تەریقەتەكە لە كوردستان دێتە بینین[٥]. لە بەرامبەر ئەو دژبەرییە توندەی هێزی باڵادەستی ئایینی، لە (١٨١٣)دا چەند جارێک ناچار بە جێهێشتنی سلێمانی دەكرێت[٦]. پاش هەوڵەكانی میری بابان و گەڕانەوەی، جارێكی تر لە (١٨٢٠ /١٠/٢٥)دا ناچار بە كۆچكردن كرا لە سلێمانی[٧]. دوا كۆچیشی لە (١٨٢٢) بوو كە پێ دەچێت بەهۆی فشارەكانی (داود پاشا)ی والی عوسمانییەوە بووبێت، چونكە مانەوەی ئەویان لە بەغدا پێخۆش نەبوو[٨]. شێخی نۆدێیی زانایەكی ئایینی گۆشەگیرو كەنار گرتووبوو، نەیارانی مەولانا بەتەواوی سودیان لەو دۆخە وەرگرتبوو، دژ بە مەولانا زیاتر توندیاندەكرد، تاوەكو ئاستێك لە نوسینێكیدا مەولانای بە بێباوەڕ(كافر) ناو بردبو[٩]. هەرچەندە ئەم بۆچوون و شرۆڤەیە بۆ هۆكاری ململانێكان زیاتر لە هەستی لایەنگیریەوە دەربڕاوە، ئەگەرنا هۆكارە سەرەكیەكەی دژایەتی شێخانی قادری بۆ مەولانا ترس بووە لە پێگە دونیاییەكەیان، چۆن دەكرێت شێخێكی قادری كە بانگەشەی زانینی نەزانرا و بەرچاوڕوونی گیانی بكات، لە ناو شارێكی وەك سلێمانی بە قەبارەی ئەوكاتی ئاگای لە هەنگاو مەبەستەكانی مەولانا نەبێت و پێویستی بەوەبێت خەڵك و دژبەرانی مەولانا بۆی باس بكەن، بۆیە لێكدانەوەیەكی وا هەڵگری ناوەخنێكی ژیرانە نییە.

بەو هەنگاوانەشی لە دژایەتی مەولانادا، دەردەكەوێت كە شێخی (نۆدێیی) لە ڕووی توانستی زانستییەوە لەئاستی مەولانادا نەبووە. بۆیە پەنا دەباتە بەر دیارترین زانای باوەڕدار بە تەریقەتی قادری بەناوی مەلا (یەحیای مزوری) [١٠] دەستەوسان بوونی ئەو زانا ئایینییە قادرییەش بەرامبەر بە

---

(١) مەلا عەبدولكەریمی مودەریس: یادی مەردان ، ب١،چ١، ل٢٢.

(٢) هەردی صابر:(كورتەیەك لە ژیانی مامۆستا مەلا شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی ١٧٤٦-١٨٣٨)، گۆڤاری پەیامی ڕاستی، ژ(١١٦-١١٧)، سلێمانی،٢٠٢٠،ل ١١٥.

(٣) ئەم شێخە لە (١٧٥٢) لە دێی نۆدێ لە دایك بووە، تەمەنی(٨٦) ساڵ بووە، لە ناو خوێندن و نوسیندا، بەجۆرێك (٦٦) دانراو و نوسینی هەیە، دواجار و لە (١٨٣٨) كۆچی دوایی كردووە. (بڕوانە// شێخ محەمەدی خاڵ: ناڵەی دەروون، ب٢، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٢١، ل ٥٤).

(٤) شێخ محەمەدی خاڵ: سەرچاوەی پێشوو، ص٣٠١.

(٥) جەمال ئەحمەد ئاین: مەستوورە، چەند لاپەڕە لە مێژوویەكی تەم داگرتوو، و.عەدنان بەرزنجی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٩٠.

(٦) عبدالرحمن شێخ صلاح الدین شێخ سلێمان بەرزنجی بێلاف: سەرچاوەی پێشوو، ل ٨١٨،٨٠٨ .

(٧) عزالدين على الملا: حي الاكراد في مدينه دمشق بين عامي١٢٥٠-١٩٧٩م دراسه تأريخيه اجتماعيه اقتصاديه، الطبعه الاولى، داراسو للطباعه والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان، ١٩٩٨، ص٩٧.

(٨) نەوشیروان موستەفا ئەمین: میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەم دا، چاپ و بڵاوكردنەوەی مەڵبەندی ئاوەدانی كوردستان، بەرلین، ١٩٩٨، ل١٤٥.

(٩) شێخ محەمەدی خاڵ: ناڵەی دەروون...، ب٢، ل٣٠.

(١٠) بە مەلا یەحیای (مزوری و عەمادەی)ش ناودەبرێت، لە زانا ئایینییە دیارەكانی مێژووی كوردە، هەرئەوەش وایكردووە زۆرێك لە خاوەن قەڵەمەكانی كورد لە بارەیەوە نوسیویانە و بەزانست و خواناسی و زوهد ناسراوە، لە بنەڕەتدا خەڵكی شاری (عەمادییە) لە نزیك موسڵ، ئەگەرچی ساڵی لەدایك بوونی بەتەواوەتی نەزانراوە، بەڵام بەلێكدانەوەی ماوەی تەمەن و مردنی بڕواوایە لە ١٧٣٧ز لەدایك بووبێت، ماوەی سەدساڵ ژیاوە، لەو تەمەنە زۆرەیدا، خزمەتێكی گەوەری زانست و حوجرە ئایینییەكانیكردووە، لە هەریەك لە موسڵ و عەمادی و بەغدا، زۆری دانراوەكانی وایكردووە لای زانایانی عێراق و كوردستان لە پێگەی شێخی (ئیبن حەجر)دا بینیویانە، دووجار سەردانی ماڵی خودای كردووە، بەمەبەستی حەجكردن، بەهۆی مەولانا خالیدەوە تێكەڵ بە تەریقەتی

زانستی مەولانا و بڕواهێنانی بە مەولانا و تەریقەتەکەی و وازهێنانی لە تەریقەتی قادری پاش چەندین ساڵ لە قادری بوون، دوا ئومێدی قادرییەکانی لە شکستپێهێنانی مەولانا لە ڕووی زانست و بنەماکانی سۆفیزمەوە لەباربرد، هەموو ئەوانەش سەلمێنەری ڕاستی پێگەشتوویی زانستی مەولانا بوون[(١)]. پۆزش هێنانەوەی شێخی نۆدێیی بۆ مەولانا لە پاش دوورکەوتنەوەی لە سلێمانی و ڕەوینەوەی مەترسییەکانی بۆ سەر پێگەی بەرزنجییەکان بەڵگەیەکی باشی ئەو ململانێیە لەسەر پێگە و پایەی شێخایەتی لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، نەك لەسەر بنەماکانی ئاین و سۆفیزم بووبێت[(٢)]. بۆیە بەرۆشتنی مەولانا ناکۆکییەکان زۆرکاڵ دەبنەوە، چونکە ئەوانەی پاش مەولانا هێندەی کەسێتی مەولانا خاوەن کارێزمایی و کاریگەری نەبوون، بەتایبەتی لە ناوەندی سلێمانی وەك چەقی تەریقەتی قادری تا ببنەمەترسی بۆ پێگەی شێخانی ئەو تەریقەتە.

---

نەقشبەندی بووە، لەتەمەنی ٧٠ساڵیدا، پاش ئەوەی لەلایەن قادرییەکانەوە بۆ مەبەستی شکستپێهێنانی مەولانا بانگکرابوو، لەلایەن مەولاناوە ڕێزێکی زۆری لێگیراوە، لە ١٨٣٤ز لە بەغدا کۆچی دوایکردووە و لە گۆڕستانی گەیلانی ئەسپەردەکراوە.(بۆزیاتر بڕوانە// محمد القرەداغی: الرسائل المغنية لكل محتاج،الطبعة الاولى،من منشورات الملتقلى العالمى لمولانا خالد، مطبعة اراس، اربيل، ٢٠٠٩، ل ٨ ،١٠، ١٤، ٢٣).

(١) ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندی- خالیدی مەولانا خالید و تەریقەتی خالیدی...، ب٢، ل٥٠،٥١.

(٢) ئەمیر وەزیری: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٦،٢٠٧. ؛ عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد ئاوایی: سەرچاوەی پێشوو،ل١٠٤

### باسی یەکەم: سەرهەڵدانی تەریقەتی نەقشبەندی لە هەورامان[1] و هەڵەبجە[2]:-

بە گشتی، تەکیە قادرییەکان لە سەدەکانی (١٦و١٧ز)دا پاشانیش خانەقاکان کاریگەری فەرهەنگی و سیاسی خۆیان لەسەر دۆخی دەوڵەتی عوسمانی دانابوو[3]. هەڵبەتە دروست نییە، ئەگەر پێمان وابێ

(١) هەورامان لە دوو بەش پێکهاتووە(لهۆن و تەخت)، بەشی هەرە گەورەی بەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتووە، بەڵام لە بەشی (لهۆن) زۆری کەوتووەتە باشووری کوردستانەوە، لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە شاری هەڵەبجەیە. هەورامان بە گشتی ناوچەیەکی سەخت و چڕی دارستانە. لە ڕووی هەڵکەوتنەوە هەرێمێکی جوگرافیی نموونەییە، شارەکانی (هەڵەبجە، مەریوان، پاوە) بەشێکی ئەو سێگۆشەیە پێکدێنن، خاوەن شێوەزاری تایبەت بەخۆیانن کەزاری (گۆرانی)یە، ئەو بەشەی هەورامان کە کەوتووەتە باشووری کوردستان نزیکەی (٢٥) شوێن لە شارەدێ و گوند پێکدێنێت سنووری هەورامان بەشێکە لە هێڵی جیاکەرەوەی سنووری سیاسی نێوان عیراق و ئێران کە سنووری ڕۆژهەڵاتی هەریمی کوردستان پێکدێنێت و بەتێکڕا (٦٣٥)کم٢یە. شارۆچکەی (بیارە)، وەك ناوەندێکی دیار و گرنگی ناوچەکە، ئەکرێ بلێین چەقی بزاوت و جوڵەکانی ئەو بەشەی هەورامانە. لە (١٩٧١/٤/٦)دا بڕیاری بە ناحیە بوونی دەرکراوە. بوونی شوێنە ئاینییەکانی وەك (تەوێڵە و بیارە) کاریگەری گرنگی بەسەر ناوچەکەوە بەجێهێشتووە. (بۆ زیاتر بڕوانە هەریەك لە// جکرخوین: تأریخ کردستان، ت. خالص مسور، ج٢، بدون مکان وسنة الطبع، ص٣٥٨ . ؛ ئەیوب ڕۆستەم: هەورامان لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی کولتوورییە، ب١، چ١، چاپخانەی قانع،٢٠٠٤،ل٧. ؛ فەیرۆز حەسەن عەزیز: گەشتوگوزار لە ناوچەی هەوراماندا، گۆڤاری هەورامان، ژ(٣)، ٢٠٠٥، ل١٠ ؛ عبدالله غفور(د): التشکیلات الاداریة فی جنوب کردستان، مطبعة شڤان، سلیمانیة، ٢٠٠٥، ص٤٠،٩).

(٢) هەڵەبجە، شارێکی باشووری کوردستان و ناوەندێکی دیاری ڕووداوەکانی ڕابووردوو بووە. بە دووری (٧٥)کم کەوتووەتە خوارووی ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی (٧٢٦م )لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، ڕووبەری جوگرافیایی (١٥٢٣)کم لە باشووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی. لە باشوورەوە ڕووباری سیروان لە وڵاتی ئێرانی دادەبڕێت، لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتەوە زنجیرە شاخەکانی هەورامان و سورێن دەبنە سنووری جیاکەرەوەی ئەم پارێزگایە لەگەڵ وڵاتی ئێران، لە باکوورەوە قەزای پێنجوێن و لە باکووری ڕۆژئاواشەوە قەزای شارەزوور، لە ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاواشەوە دەریاچەی دەربەندیخان و ڕووباری سیروان نەخشەی سنوورەکانی پێکدێنن. بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان دروستبوونی هەڵەبجە ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی (١٦٠٠-١٦٥٠ز) کە خێڵەکانی جاف هاتوون و لەم سنوورە نیشتە جێبوون، دواتر ئاوەدانی زیاتر ڕووی لە ناوچەکە کردووە. هەرچەندە بۆچوون زۆر و جۆراو جۆرن لەسەر ناوی هەڵەبجە، بەڵام لای کەسایەتی (حامید بەگی جاف) کە خۆی و خانەوادەکەی لە خاوەن پیگەکانی هەڵەبجە بوون، ناوی شارەکە لە( البجا ) ، (ئەڵەبجە)وە هاتووە. لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی عوسمانیدا لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە قەزای (گوڵعەنبەر)بووە. وەك چۆن بۆ ناوەکەی بۆچوونەکان جوودان بۆ سەرەتای دامەزراندنیشی بەهەمان شێوە، یەکێك لە بۆچوونەکان پێی وایە هەڵەبجەی ئێستا سەرەتا لەلایەن ( شۆڕەبەگ)ەوە کەلە بەگزادەکانی (شێوەکەڵ) بووە لە ساڵەکانی (١٦٥٠،١٧٠٠ز) ئاوەدانکراوەتەوە، پاش ئەوەی لەگەڵ ژمارەیەك لە کەسوکاریدا بۆ یەکەمجار لەو شوێنەی پێی دەوترێ کانی (هەشت هەڵوژە) وەك کۆچەری ڕەشماڵیان هەڵداوە و دواتر لە دەوروبەری مزگەوتی تەکیەی ئێستا خانوویان دروستکردووە. پاشان چەند ماڵێکی جوولەکەش لە خورماڵەوە هاتونەتە ئەوێ و لە نزیك ئەوانەوە خانویان دروستکردوە. لە چوارچێوەی لیوای سلێمانیدا لە(١٨٤٢) ناوی هەریەك لە هەڵەبجە (علوچە) و (گوڵعەنبەر) بە دوو قەزا هاتووە. بەڵام لە پاش (١٨٦٩)وە لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا قەزای گوڵعەنبەر بەکارهاتووە، کە مەبەست لێی شارۆچکەی هەڵەبجەیە لەگەڵ هاتنی دەسەڵاتی ئینگلیزەکان لە (١٩١٨) بە دواوە لە ڕووی کارگێڕییەوە ناوی هەڵەبجە گۆڕانی بەسەردا هات و چیدی ناوی گوڵعەنبەر بۆ یەکەی کارگێڕی هەڵەبجە بەکارنەهات، بەڵکو لە بری ئەوە ناوی (البجە) بەکارهاتووە. ( بۆزیاتر بڕوانە هەریەك لە// حەکیم مەلا صاڵح: هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا،ب١، چ١، چ.منارە، هەولێر،٢٠٠٤، ل ٩. ؛ عطا محمد علاالدین: قضاء هەڵەبجە دراسة في الجغراقیة الاقلیمیة، رسالة ماجستیر، جامعة السلیمانیة، کلیة العلوم الانسانیة، قسم الجغرافیا، ٢٠٠٧، ص٦،٨. ؛ یاسین صابرصالح: ئینسایکلۆپیدیای گشتی، ب٣،چ٢،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٩، ل٥١. ؛ ئەیوب ڕۆستەم: هەگبە و هەوارگە چەمکێك لە مێژوو کەلتوروری چەند تیرە و هۆزو ناوچەیەکی کوردەواری، چ١، چ. قانع، سلێمانی ، ٢٠٠٣، ل٣٥،٣٦. ؛ عادل صدیق عەلی: هەڵەبجە شارێکی بچووك و مێژوویەکی دەوڵەمەند،ب١، چ١،ناوەندی ڕێنوێن، سلێمانی،٢٠٢٠، ل٢٠، ٢٢، ٢٦، ٥٣، ٥٤).

(٣) تێری زرگۆن: (بڵاوبوونەوەی تەریقەتی قادری بەرە و ڕۆژهەڵات)، و. محمد حەمە صالح تۆفیق، گۆڤاری کوردۆلۆجی، ژ (٢)، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٢٣٢،٢٣٣.

دوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی دەستپێکی سۆفیگەری کوردی بوون[١]. چونکە بەر لەو دووتەریقەتە چەند تەریقەتێکی تر (شازلییە و نووربەخشی) لە کوردستاندا هەبوون. شوێنی ئەم تەریقەتانە بە پێی ناوچەکان دابەش بوو بوون، تەریقەتی نووربەخشی، وەک لقێک لە تەریقەتی خەڵوەتییە لەناو بەرزنجییەکاندا هەبووە، تاوەکو ئەو کاتەی شێخ (ئەحمەدی ئیحسائی) دەچێتە بەغدا و تەریقەتی قادری وەردەگرێت[٢]. لە ڕووی بیروباوەڕەوە جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان ئەم دوو تەریقەتە (قادری و نەقشبەندی)دا نییە، زیاتر وەك گروپ کارەکان ئەنجام دەدەن و دێرینترین گروپی ئایینین لە کوردستاندا کە کاریگەرییان مابێتەوە[٣]. تەریقەتەکانیتر بەدەر لە قادری و نەقشبەندی کاریگەری گەورەیان لە ناوچەکە نەبووە [٤].

لەگەڵ کۆتایهاتنی دەسەڵاتی ناوخۆیی میرایەتییە کوردەکان، بۆشاییەکی سیاسی و سایکۆلۆژی و کارگێڕی گەورە لە باشووری کوردستاندا پەیدابوو. ئەگەرچی سەرانی تەریقەتە سۆفیگەرییەکان، لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی میرایەتییە کوردییەکانیشدا هەبوون، بەڵام زیاتر پەیام هەڵگری ڕووە ڕۆحییەکەی ڕەوشی خێڵەکی کورد بوون، لەگەڵ نەمانی ئەو دەسەڵاتانەدا، کە بەشێکی گرنگی پەیوەستبوو بەسیاسەتی (تەنزیمات)[٥] و بە ناوەندیکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، بەرەبەرە تەریقەتە سۆفیگەراکان ئەو بۆشاییە سیاسی و سایکۆلۆژییەی لە ناوچەکەدا دروست بووبوو پڕیانکردەوە[٦]. پاش گەڕانەوەی مەولانا لە هیندستان و گەیشتنی بە سلێمانی (١٨١١) کە هاوتابوو بە کۆتا ڕۆژەکانی سەردەمی (خالید) پاشای بابان وهاتنە سەرکاری (عەبدوڕەحمان) پاشا تاوەکو (١٨١٣) پاش ماوەیەکی کەم مانەوە لە سلێمانی مەولانا لەسەر خواستی شێخەکەی (شێخ عەبدوڵڵای دەهلەوی) چووە بەغدا و دوای پێنج مانگ مانەوە لە مەزاری شێخی گەیلانیدا، سەرقاڵی ووردبوونەوەی ڕۆحی و یادکردنەوە بوو[٧]. لەوێوە یەکترناسینی کرداری مەولانا و(عوسمان سیراجەدین) دەستپێکرد[٨]. پاش ئەو ماوەیە لە بەغدا مەولانا دەگەڕێتەوە سلێمانی لە (١٨١٢) و لەو گەڕانەوەیەیدا (عوسمان سیراجەدین)ی لەگەڵ دەبێت و مانەوەی دووساڵی (١٨١٢-١٨١٣) (سیراجەدین) لەگەڵ مەولانا لە سلێمانی و سەرقاڵبوونی بە تێڕامانە سۆفیگەراکان و سەیروسلوکی سۆفیانە دواجار مۆڵەتنامەی خەلافەتی مەولانا بەدەست دێنێت و دەبێتە یەکەمین خەلیفەی ئەو شێخە

---

[١] کۆمەڵێك توێژەر: توێژینەوەکانی زانستی ...، ل١١٥.

[٢] ڕەشاد میران(د): ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستان، چ٢، بڵاوکراوەی سەنتەری برایەتی، سلێمانی،٢٠٠٠، ل٢٣٠.

[٣] کۆمەڵێك نووسەر: سەلەفیزم لە کوردستاندا، و. ماجید خەلیل، دەزگای ئایدیا بۆ فیکرو لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٦، ١١٩.

[٤] کۆمەڵێك توێژەر: توێژینەوەکانی زانستی...، ل١١٥.

[٥] تەنزیمات کۆ ناوی (تنظیم)ی عەرەبیە، مەبەست لێی دووبارە ڕێکخستنەوەی دەوڵەتی عوسمانی بوو، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە بتوانن ڕزگاری بکەن لەو کێشەو گرفتانەی دووچاری هاتبوو، ئەم هەوڵە لە ساڵی (١٨٧٦) و لەگەڵ دەرچوونی یەکەم دەستوری عوسمانی گەشتە لوتکە. (بۆ زیاتر بڕوانە// ستیڤن همسلی لونگریك: اربعة قرون من تاریخ العراق الحدیث، ت.جعفرالخیاط، ط٥، دارالرافیدین للطباعة والنشر، المملكة العربیة السعودیة، ٢٠٤، ص٢٣٦).

[٦] عەبدوڵڵاعەلیاوەیی: کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان ، سلێمانی ٢٠٠٤، ل٣٢.

(٧) مەلا عبدالکریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب١، ل٣٣،٣٤.

[٨] عزالدین علی الملا: المصدرالسابق، ص.٩٧

نەقشبەندییە[1]. شێخەکانی تەریقەت لە هەموو ناوچەیەك كەسێك دەكەنە نوێنەری خۆیان كە پێی دەوترێت (خەلیفە) ئەوانیش بەناوی شێخەوە مشووری کاروبارو پەیڕەوەکان دەخۆن، لە کۆکردنەوەی خەڵك و پەیداکردنی یارمەتی[2].

لەگەڵ بوونی هزرە سۆفیگەرییەکە لە هەورامان و هەڵەبجەدا، بەڵام بوونی تەریقەتی نەقشبەندی وەک فاکت و ڕاستییەکی مێژوویی پەیوەستە بە مەولاناوە[3]. هەرچەندە مەلای مودەڕیس قۆناغی دەستپێکی ئەو کاروانە بۆ ساڵی (١٨١١) دەباتەوە، بە هاتنەوەی مەولانا و چوونی بۆ بەغدا[4]. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک سەرچاوەی تر بۆ ساڵی (١٨١٣) و (١٨١٦)ی دەگێڕنەوە[5]. پێچەوانە بە تەریقەتەکانی پێش خۆیان لە کوردستاندا، دوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی بە فراوانی بڵاوبوونەوە، وێرای ئەو زەبرانەی لە مێژوودا بەریان کەوتووە، تاوەکو ئێستاش شوێن پێی خۆیان لە کوردستاندا ماوە[6]. بڵاوبوونەوەی زوو وەختی ئەم تەریقەتە لە ناوچەکە تەنها دیوێکی ئەرێنی بە تەریقەتەکە نەبەخشی، بەڵکو بووە مایەی چاودێریکردنی لەلایەن دەوڵەتەوە.

سۆفیگەری و بەتایبەتی تەریقەتی نەقشبەندی کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر تاکی کورد و کۆمەڵگاکەی هەبووە. بەهۆی کاریگەرییە زۆرەکانی لەسەر پێکهاتەی زۆرینەی خەڵکی ئاسایی وردە وردە کاریگەرییەکانی هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری گرتبوەوە، جگە لە کاریگەریی ئایینی، زۆرێک لە سەرکردە و فەرمانڕەواکانی ئەو سەردەمەش بەجۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندییان لەگەڵ شێخەکانی ئەم تەریقەتەدا هەبووە سەرەڕای ئەوەی نوێترین تەریقەتی سۆفیگەری لەناوچەکە بووە، بەراورد بە تەریقەتەکانیتر لەماوەی دووسەد ساڵەی مێژووی خۆیدا، بە خێرایی جێگەی خۆی لە دڵی خەڵکدا بەدەستهێناوە، بە جۆرێک خانەقاکان بوونە ناوەندێك بۆ ئاراستەکردنی خەڵکی جگە لە ڕۆڵ و پێگە ئایینییەکەیان، هەندێک کاریگەری هەبوو تاوەکو ڕادەیەک بەشێک لە شێخەکان و شوێنکەوتوانی ئەم تەریقەتە لە دژی لووتبەرزی و چەوساندنەوەی حکومەتەکان ڕاپەڕین[7].

لەسەر بنەمای ئەو مەترسییانەیە دەوڵەتی عوسمانی هەوڵیدا چالاکی و بزاوتی خەلیفەکانی مەولانا لە باکوری کودستان سنووردار بکات، بۆیە لە ساڵی (١٨٢٦)دا بە فەرمانێك کاروبزاوتی خەلیفەکانی مەولانای لەو بەشەی کوردستان ڕاگرت، لەپاش چەند مانگێك لە کۆچی دوایی مەولانا لە (٧ی حوزەیرانی ١٨٢٧)دا بابی عالی سەرجەم خەلیفەکانی مەولانای لە (ئەستەمبوڵ)دا دەست

---

(١) مەلا عبدالکریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب٢، چاپی یەکەم، مطبعة المجمع العلمی العراقی، بغدا،١٩٨٣، ل١٣،١٤.

(٢) میهرداد ئیزەدی: ئاین و تایفە ئایینیەکان لە کوردستاندا، و. کامەران فەهمی، چ١، مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك)، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٧٩.

(٣) حامید ئەڵگەر: تەریقەتی نەقشبەندی- خالیدی لە تاڵش باکوری ڕۆژئاوای ئێران، و. محەمەد حەمەصالح تۆفیق، ب١، چ١،وەك بەشێك لە کتێبی ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندی-خالیدی مەولانا خالید و تەریقەتی خالیدی، لە بڵاوکراوەکانی دیداری جیهانی مەولانا خالید، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٠١.

(٤)مەلا عبدالکریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب١، ل١٢،١٣.

(٥) محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب٢، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٤٣٦.

(٦) ڕەشاد میران: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣.

(٧) پرستو سعیدی: بررسی طریقت نقشبندیه در دوره پهلوی درکردستان، رشته تاریخ ایران دورەي اسلامی، دانشگاه پیام نور مرکز تهران، خرداد١٣٩٠، ص٥.

بەسەر کردو بۆ هەریەك لە شارەکانی (بەغدا و سلێمانی) ڕایگواستن[١]. هاوتا بەم قۆناغەی لە قاڵبدانی ڕێبازەکە لە بەغدا و ئانادۆڵ، تەریقەتی نەقشبەندی لە باشووری کوردستان، لەسەر دەستی شێخ (عوسمان سیراجەدین) و خەلیفەکانی تری مەولانا لە گەشەکردندا بوو[٢]. چونکە زۆرینەی کوردەکان موسڵمانی سوننی و پەیڕەوکاری ئاینزای شافیعی بوون. مەلا و خوێندەوارە ئاینییەکانی کوردیش بە عەقیدە ئەشعەری و دوو تەریقەتی (قادریی و نەقشبەندی)ش لەوەها دۆخێکدا شوێن پێی خۆیان کردەوە و لە ماوەیەکی کەمدا گەشەیانکرد [٣].

هۆکاری ئەو گەشەکردنەش لە چوارچێوە گشتییەکەی سیاسەتی دەوڵەتدا پەیوەست بوو بە چەند لایەنێکەوە، لە نموونەی بە بەربەستکردنی ئەو تەریقەتە بۆ گەشەنەکردنی بیری شیعەگەرایی و دژ وەستانەوەی هزری وەهابی و بونیادی هزری سۆفیزمی دەوڵەتی عوسمانی[٤]. بانگخوازە شیعەکان لە ئێران چالاکییەکانیان بە شێوەیەکی ڕێکخراوەیی بردە دەرەوەی ناوچە فارسییەکان و سەرکەوتوو بوون لە بە شیعەکردنی زۆربەی هۆزەعەرەبییەکان لە ناوچەی (فرات الأوسط) و خواروو. لەو کاتەدا نەقشبەندی و قادرییەکان بنکەکانی خۆیان لە کوردستان جێگیر دەکرد، ئەوەش بوو بەهۆی بەر یەک کەوتنی بانگەوازە شیعییەکە بە جۆرێك لە وڵاتی کوردان کەوتە بە دیوارێکی پۆڵایین و نەیتوانی کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە ناو کورددا هەبێت[٥]. هەرچی لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆجیانەی گەشەی ئەو تەریقەتەیە پەیوەستی دەکاتەوە بە چەند ڕەهەندێکی دیکەوە، کە خۆی لە بۆشایی سیاسی پاش میرایەتییەکان و ستەمی دەسەڵاتی فیوداڵی کورد و کەسێتی شێخی دامەزرێنەر و بانگەشەی پارێزگاری لە بیروبڕوا دژ بە هێزە نا موسڵمانەکان و سروشتی کۆمەڵگای هەورامان و کوردەواری بڕوادار بە ئایین و میتافیزیک بوو[٦]. بێلایەنی شێخەکان لە کێشەکانی نێوان خەڵک و فیوداڵەکان، وایکرد پێگەی سیاسیشیان بۆ دروست بێت[٧]. ئەگەرچی نەقشبەندی بۆ خۆی پتر هێزێکی ئاینی کۆمەڵایەتی چاکسازیخواز بووە بەوەی ڕووگەیەك بوون بۆ چینە ستەملێکراوەکە لەلایەن بەگەکانەوە، تاوەکو ڕوویان لێبنێن.

هەربۆیە تەریقەتی نەقشبەندی لە ماوەیەکی کورتتدا، لە ناوەندێکدا پەرەی سەند کە تاوەکو ئەو دەم تەریقەتی قادری تێیدا باڵادەست بوو[٨]. ئەوهۆکارانەی وایانکرد تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستاندا پانتاییەکی زۆربگرێتەوە، کەسایەتی مەولانا و دونیا بینییە سۆفیگەراکانی بوو، لەگەڵ دیدگای قووڵی

---

[١] هلكوت حكيم: ابعاد الظهور النقشبندية فى كردستان أوائل القرن التاسع عشر، مجلة سردم العربى، ع(٨)، السليمانية، ٢٠٠٥، ل٤١.

[٢] بوتروس ئەبو مەننە و تێری زارکۆن: دەرکەوتنی تەریقەتی خالیدی و بڵاوبوونەوەی لە جیهانی ئیسلامیدا، و. محەمەد حەمەصالح تۆفیق، ب١، چ١،وەك بەشێك لە کتێبی ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندی-خالیدی مەولانا خالید و تەریقەتی خالیدی، لە بڵاوکراوەکانی دیداری جیهانی مەولانا خالید، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٥،٥١.

[٣] عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ: سۆفیزم لە شیعری کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١٠٧) دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.١٩٨٥، ل٥٢.

[٤] نوبار محمد: علاقة الكرد بالتصوف من خلال الطريقة النقشبندية، ڕۆژی سەردانیکردنی(٢٠٢٢/١/٢٥)، https://www.medaratkurd.com/

[٥] خالید مەجید فەرەج: باڵەکانی مەولانا خالید لە نێوان سلێمانی و شامدا، ٢٠٢٣/٤/٩، سەردانیکردنی ٢٠٢٣/٥/٦، https://www.WTARIKURD .info.

[٦] عزەت فتاح حمە صالح: هەورامان، توێژینەوەیەکی سۆسیۆ ئەنثرۆپۆلۆجی، ٢٠٠٦بێ شوێنی چاپ، ل١٨٦،١٨٧.

[٧] مارتن ڤان برونسن: ئاغاو شێخ و دەوڵەت، ب١، و. کوردۆ عەلی ، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٣٣.

[٨] نەوشیروان مستەفا ئەمین: میرایەتی بابان ...، ل١٤٤.

بۆ شەریعەت و ڕاهێنانی خەلیفەکانی لەسەر هەمان بابەت[١]. خەلیفەکانی نەقشبەندی بەوەرگرتنی پێشنیازی ڕاستەوخۆ لە شێخەکانیانەوە لە سەدەی نۆزدەوە بە خێرایی دەسەڵات و پێگەیان زیادیکرد[٢].

هاوتا بەو باڵا دەستبوونە ڕۆحیی و سیاسییەی شێخەکانی نەقشبەندی، نووسەرانیان زیاتر بایەخیان بە وتار و مەقام نووسی داوە، تاوەکو ڕادەیەکی بەرچاو نووسینەوەی ژیانی زانستی و کۆمەڵایەتی و عیرفانی شێخە گەورە و ناودارەکانی خۆیان پشتگوێ خستبوو. ئەنجامی ئەوەش کاتێک دەست بۆ نووسینی ئەو مێژووە دەبەیت، کەمی ژێدەری پێویست بۆ توێژینەوە لەگەڕان بەدوای ڕاستی ئەو قۆناغە دەبێتە گرفت[٣]. نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو زۆربەی شێخە دیار و گەورەکانی بنەماڵەی (سیراجەدین) شاعیر و نامەنووسی چاک بوون، کەچی لەنامە نووسین و بەرهەمەکانیاندا تاکە نووسینێکی گشتگیرمان بەرچاو ناکەوێت لەبارەی لایەنە فەلسەفی و تیۆرییەکانی ڕێبازی نەقشبەندییەوە، بەڵکو بەشی زۆری وتارەکانیان وەڵامدانەوەی خەلیفە و موریدانیان بووە یان نامە بوون بۆ هەندێک لە شا و سوڵتانەکانی عوسمانی[٤]. ئەمەش وایکردووە نووسینی زانستی لەو بارەوە کەم بێت و مێژوونووس و ڕووناکبیرانی کوردیش نەیان ویستووە لەسەر مێژووی بنەماڵەی شێخان بنووسن[٥]. دەربارەی ئەوەی مێژووی شێخەکان بۆ نەنووسراوەتەوە، (محەممەد ئەمین هەورامان)ی دەڵێت:"شێخەکان بەتایبەتی نەوەکانیان ئەوانەی لە سنە دادەنیشتن، جگە لەوەی کە زۆر بە نارەزایی زانیارییان بەدەستەوە دەدا، بۆ چەند جارێ دەیانهێناین و دەیانبردین، ئەوجا بە چەشنێکی نیوەچڵ هەندێک زانیاری پچڕپچڕیان دەربارەی خۆیان دەداینێ"[٦].

لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە کە تەواوی ناوچەکە بە ڕایەڵەیەکی سۆفیگەرییانە تەنرا بوو، بەجۆرێک لە ناوەندی شارەکانەوە بۆ شارۆچکە و گوندەکان، تەکیە و خانەقا کرانەوە، هەریەک لەو دوو ناوەندە دامودەزگای سەربە تەریقەتەکان بوون، کەوتنە بزاوتن و هاوتا بە ڕووە ڕۆحییەکەی ئیرشاد و ڕێنموونی، کەوتنە ڕۆڵگێرانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی وکلتووری. ئەوەش بە تەنیا پەیوەست نەبوو بە پێگە و تایبەتمەندێتی ئایینی شێخەکانەوە، بەڵکو لە ئاکامی بۆشایی سیاسییەوە هاتەبوون، بەهۆی نەبوونی سەرکردەیەکی دونیایی، کە بتوانێت ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ڕوویان لە شێخەکان کرد و کردنیان بە ڕێبەری ئایینی و دونیایی خۆیان[٧]. لەوکاتەشدا، دەسەڵاتی عوسمانی لاوازبوو.

دەستوەردانەکانی دونیای مەسیحی لە ناوچەکە، بەتایبەتی ناردنی نێردە و موژدەدەرەکان بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی، وایکرد پێگە و دەسەڵاتی شێخەکان لەناو کۆمەڵگادا باڵاتر بێت،

---

(١) محمد نجم الدين النقشبندى: الشيوخ النقشبنديون و تأثيرهم فى الثقافه الكرديه الاسلاميه، گۆڤاری کۆڕی زانیاری (دەستەی کورد) بەرگی (٣١)، چ.کۆڕی زانیاری، بەغدا، ٢٠٠٦، ص٤٥٥.

(٢) حسێن مەدەنی: کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، ب١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات. سلێمانی.٢٠١٤، ل١٦٤.

(٣) سەید تاهیری هاشمی: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

(٤) فەرهاد شاکەلی: شێخانی نەقشبەندی هەورامان، ل٨٤.

(٥) فازڵ کەریم مامۆستا جەعفەر: شاری سلێمانی ململانێی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان ١٨٢٠-١٩٢٠، چاپخانەی شڤان. سلێمانی.٢٠٠٦، ل٨٤.

(٦) مێژووی هەورامان. ب١، ل٦٠٠.

(٧) خالید مەحموود کەریم: باشووری کوردستان لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانیدا، چ١،چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٥٥.

چونکە ئەرکی دژبەری ئەو هەولانەیان لە ئەستۆگرتبوو[1]. بەتایبەت لە پاش دەرکەوتنی مەولانا و هەوڵە چاکسازییەکانی، لەناو تەریقەتی سۆفیگەری نەقشبەندیدا کە ڕۆڵێکی گەورەی لە دەسەڵاتی شێخەکاندا بینی، چونکە بەر لە مەولانا ئەو جۆرە دیندارییە باوەی لە بەرگی سۆفیزمدا بوو، ڕووبەڕووی جۆرێک لە قەیران بووبوویەوە[2]. بەڵام عیرفانی نەقشبەندی بە بۆنەی مەولاناوە تایبەتمەندییەکی کوردی بە ڕێبازەکە بەخشی بوو[3]. بەر لە مەولانا ئەو ڕێبازە لە ناوچەکە لە ئاست پێویستییەکانی سەردەمدا نەبوو، تەریقەتە سۆفیگەرییەکان لەڕووی تێرکردنی گیانەوە، جەوهەری خۆیان لەدەستدابوو. وایلێهاتبوو زانا ئاینییەکان و ڕێبازە سۆفیگەرییەکان بووبوونە بەشێک لەو هێزە نیمچە دەرەبەگانەی خاوەن دەسەڵاتی ناوچەکە بوون، لەبەرامبەر ستەمکاری ئەو دەسەڵاتدارانە بێدەنگ بوون [4]. یان ڕاستتر نەیاندەویست بە دەنگ بێن، چونکە بە هاوکاری دەسەڵاتی دنیایی و پاراستنی بەرژەوەندی خێزانی بنەماڵەکانیان، خۆیان بەشێک بوون لەو ستەمکارییە. تەنیا لەڕووی بانگەشەوە پەیوەستبوون بە زوهد و سۆفیزمی ئیسلامییەوە، ئەگەرنا لە بنەڕەتی سۆفیزم لایان دابوو.

بۆیە نەقشبەندییەکان، لە سەرەتای دەرکەوتنی ڕێبازەکەوە، دژبەری خۆیان بۆ ئەو جۆرە لە سۆفیزمی دەسەڵات ڕاگەیاند[5]. ئەوەش وایکرد لەپاش دەرکەوتنی مەولانا خالید تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستان برەو بسێنێت، بەڕادەیەک سەرکردە سیاسییەکان وزانایانی ئایینی و مامۆستایان، بۆ وەرگرتنی ڕێگای تەریقەت ڕوویان دەکردە ئاستانەی مەولانا. بەم شێوەیە هزری عیرفانی نەقشبەندی لە کوردستان سەقامگیر بوو و ڕێگای سازکرد بۆ بنەماڵەی شێخانی نەقشبەندی هەورامان[6]. دژبەری مەولانا بۆ سۆفیزمی دەسەڵاتی و بەدەمەچوونی سیاسییەکان بۆ ڕووکردنە ئاستانەی مەولانا لەڕووکاردا پێچەوانەی یەکترە، بەڵام دەکرێت پەیوەندی بەو هەژموونە زۆرەی مەولاناوە هەبێت لەوکاتەدا لەسەر تاك و کومەڵگا، کە هەمیشە سیاسییەکان بەدوای هەر هۆکارێکەوەن تاوەکو بتوانن زۆرترین دەسکەوت بەقازانجی خۆیان کۆکەنەوە، نزیك بوونەوەش لە مەولانا لەو ڕۆژگارەدا یەکێك لەو هۆکارانە بوو.

بەهۆی ناکۆکییە دەسەڵاتخوازی نێوان میرەکانی بابان (خالید پاشا وعەبدوڕەحمان پاشا) دژبەرانی مەولانا لە دژایەتی مەولاناو هەوڵە نوێخوازییەکانی بەردەوام بوون بۆیە (مەولانا) ناچار بوو بۆ جاری دووەم سلێمانی بەجێ بهێڵێت تاوەکو سالانی (١٨١٦-١٨١٧) لە بەغدا مایەوە، پاش ئەوە لە سەرخواست و داوای (مەحمودپاشای بابان ١٨١٣-١٨٤١) گەڕایەوە سلێمانی و خزمەتی زۆریکرا، لە دروستکردنی خانەقای مەولانا و وەقفکردنی هەندێك گوندی وەك (کەماڵان) و زەوی کشتوکاڵی بۆ بەڕێوەچوونی کاروباری خانەقا[7]. (عوسمان سیراجەدین) لە گەڕانەوەی دووەم جاری مەولانادا هاوەڵی (مەولانا) بووە، بۆیە لەلایەن (مەحمود) پاشای بابانەوە ڕێزێکی زۆری لێ گیراوە،

---

(1) حسێن مەدەنی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٤.

(2) عمادعبدالسلام ڕووف: دراسات وثائقیه فی تاریخ الکرد الحدیث و حضارتهم. ط١، دارالزمان، دمشق، سوریا، مؤسسة التفسیر، اربیل.٢٠١٢، ص٤٥١.

(3) کۆمەڵێك توێژەر: توێژینەوەکانی زانستی ...، ل١٠٦.

(4) عیماد عبدالسلام ڕووف: دراسات وثائقیه ...، ص٤٥١.

(5) محمد نجم الدین النقشبندی: الشیوخ النقشبندیون و... ، ص٤٥١.

(6) عادل محمد پور: تا زیانەی سلووک لە ڕوخساری دەقەکانی مەولانا خالید دا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە( ١٤٨). هەولێر٢٠٠٩/٩/٥ ،ل٧١.

(7) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب١، ل٣٩.

تەنانەت زۆرجار لە مزگەوتی تایبەتی میر و ماڵی میردا پێشنوێژی کردووە[١]. پاش شەش ساڵ مانەوەی مەولانا لە سلێمانی و دوای قوڵبوونەوەی ناکۆکی لەگەڵ شێخە قادرییەکان دواجار ئەو شێخەی تەریقەت لە (١٨٢٠)دا بەیەکجاری سلێمانی بەجێ دەهێڵێت، وەك چۆن لە پێش کۆچی یەکجاری مەولانا بۆ بەغدا، شێخی (سیراجەدین) لەلایەن مەولاناوە سەرپەرشتی خانەقای مەولانا و تەواوی کاروبارەکانی خرابووە ئەستۆ، فەرمانی پێکردبوو بەیانیان و عەسرانی هەموو ڕۆژێك لەبری ئەو ڕێو ڕەسمی خەتمە و ئاداب و ڕێنمونی موریدان بەڕێوە ببات. لە پاش کۆچکردنیشی هەر لەسەر خواستی مەولانا شێخ (عوسمان سیراجەدین) گەڕایەوە هەورامانی زێدی خۆی بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکە لەو ناوچەیە سەرقاڵی ڕێنمونی تەریقەتی نەقشبەندی بوو[٢].

بەگەڕانەوەی شێخی (سیراجەدین) لە سلێمانیەوە بۆ (تەوێڵە) حوجرەکەی مەلا (نەزیر) لە یەککاتدا (مزگەوت، قوتابخانە، خانەقا و چلەخانە)ش بووە، ئەوەی دواییان وەك شوێنێك بۆ ئەنجامدانی کاری پەرستشی تەنهاییە بۆ ماوەی چل ڕۆژ، ئەو کارەی کەلە ئەدەبیاتی سۆفیزمدا بە چلەکێشان دەناسرێت. بەوشێوەیە و لەو قۆناغەدا (تەوێڵە) کرا بە ناوەندی بڵاوکردنەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لەلایەن شێخانی هەورامانەوە[٣]. (تەوێڵە) لە ڕووی مێژووییەوە لەپێشترە لە کاروانی بڵاوکردنەوەی تەریقەتی نەقشبەندی، بەڵام ڕاستییەك هەیە، کە پێگەی (تەوێڵە) لە ڕووی سەنگ و قورسایی زانستییەوە بۆ بڵاوکرنەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لەگەڵ (بیارە) شیاوی بەراورد کردن نییە، چونکە (تەوێڵە) بنەمایەکی عیرفانیانەی هەیە وەك لەوەی زانستی بێت، بەتایبەتیش پاش سەردەمی شێخ (عومەر زیائەدین) ئەو پێگە زانستییە بە تەواوی دەچێتە (بیارە)، چونکە زۆرینەی دەست نووس و نوسراوەکانی شێخان لە (بیارە)وە سەرچاوەی گرتووە[٤].

شێخایەتی لە هەوراماندا بەر لەوەی مەولانا وڵات جێبهێڵێت دەستیپێکردبوو، چونکە شێخی (سیراجەدین) وەک خەلیفەی مەولانا بۆ بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکە سەردانی شاری سنە و ناوچەکانی دەکرد، لە پاش مەولانا شێخی (سیراجەدین)، دووەم کەسایەتی نەقشبەندییە لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستاندا لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکەدا بووبێت، ئەم سەردانەی شێخی ناوبراو بۆشاری (سنە) لەکاتێکدا بوو، کە شێخ (قەسیمی سنەیی١٧٣٠-١٨١٨)[٥] مامۆستای مەولانا (خالید) و باوەڕدار بە تەریقەتی نەقشبەندی لە (سنە)دا بوو، بەڵام بەهۆی زۆری تەمەنی سنەیی، شێخی (سیراجەدین) کاری تەریقەتەکەی لەو ناوچەیە دەکرد، بەو هۆیەشەوە چەند کەسایەتییەک لەسەر دەستی

---

[١] هەمان سەرچاوە، ب٢، ل ١٥.

[٢] ئەمیر وەزیری: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٦.

[٣] عبدالرزاق عبدالرحمن محمد: سەربوردێکی هەورامان و سەردانێکی تەوێڵە، چ١، چاپخانەی مەهارات، تاران، ٢٠٠٥، ل٥٤.

[٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (دکتۆر نەوید نەقشبەندی)، توێژەری کوردستان ناسی و مامۆستای زانکۆی کوردستان لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان(سنە)، شوێنی چاوپێکەوتن زانکۆی گەشە پێدانی مرۆیی سلێمانی، ڕۆژی چاوپێکەوتن(یەك شەممە)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن (٢٠٢٢/٥/١٩)، کاتی چاوپێکەوتن کاتژمێر(٤).

[٥] قەسیمی سنەیی: ناوی تەواوی محەممەد قەسیم ئەحمەد مەحمود کوڕی مەلا گوشایش، لە نەوەی شێخ محەممەدی مەردۆخە، لە شاری سنە. لە نێوانساڵانی (١٧٣٠- ١٨١٨)، لە خێزانێکی خاوەن میراتی زانستی ئاینی ژیاوە. زۆر شوێن بۆ فێر بوونی زانست گەڕاوە و لە دیمەشق موڵەتنامەی زانستی ئاینی وەرگرتووە. لەسەر دەستی شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ عوبەیدی عەتتار، پاش ئەوە گەڕاوەتەوە سنەو دەستی بەکاری زانست ووتنەوە کردووە، مەولانا خالیدی نەقشبەندی لەسەر دەستی ئەم مۆڵەتنامەی زانستی شەرعی وەرگرتووە. (بۆ زیاتر بڕوانە// الشیخ عبدالکریم مدرس: المصدر السابق، ص٤٥٠،٤٤٨،٤٤٧.

(سیراجەدین) چوونەتە ناو تەریقەتەکەوە. وەک شێخ (شوکروڵڵای سنەیی- مەلا محەممەد باقر)[١] لە پاش مەولانا لەگەڵ هەموو پەرەسەندنەکانی ڕێبازەکە، زۆرتر ناوی شێخانی نەقشبەندی هەورامان دێت، ئەوان وەک مەڵبەندی هەمیشەیی و سەرەکی ئەو تەریقەتە دیار بوون[٢].

ئەوەی تێبینی دەکرێت هەوڵەکانی مەولانا کە لە بنەڕەتدا بۆ ڕاستکردنەوەی باری لاری سۆفیزم بوو بەدەست شێخی تەریقەتەکانەوە، چ لە سلێمانی و چ لە ناوچەکانی شام وەك لەنامەکەی بۆ مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەدا دەردەکەوێت. کەچی لە کەمترین ماوەدا لە پاش مەولانا ئەو دۆخە لەناو تەریقەتی نەقشبەندیدا دروستدەبێتەوە، چونکە لە بنەماکانی شێخایەتی تەریقەتی نەقشبەندی، جوودا لە قادرییەکان خەلیفەکانی شێخ دەیانتوانی بەو متمانەیەی هەیانە لای مورشیدەکەیانەوە ببن بە شێخ[٣]. هەر ئەوەشە وایکردبوو مەولانا بە خواستی خۆی دەسەڵات ببەخشێتە شێخ (عوسمان سیراجەدین)، بۆ ڕابەرایەتیکردنی تەریقەتەکەی[٤]. ئەوەش بەهۆی ئاشنایەتی مەولانا بە کەسێتی شێخ عوسمان، کە لە قۆناغی(فەقێ)یدا[٥]یەکتریان ناسیوە[٦].هەرچەندە مودەڕیس لەزمانی (ئیبراهیم فەصیح حەیدەریی)ەوە دەڵێت:"من بۆم ساغ نەبووەتەوە ئاخۆ شێخی (سیراجەدین) یان شێخ (عوبەیدوڵڵای حەیدەریی) موفتی بەغدا یەکەمین خەلیفەی مەولانا بوون، چونکە ناوبرا و هەردووکیان بە یەکەم دادەنێت، ئەو لە بەغدا و ئەمیش لە کوردستان، وێڕای جیاوازی شوێنی جوگرافییان"[٧].

لە ناو ڕەچەڵەکە دیارەکانی تەریقەتی نەقشبەندی خالیدی بنەماڵەی سیراجەدینی (تەوێڵە) کە پێشتر ئاغا بوون لە ناوچەکە و کاری شێخایەتییان لە (سیراجەدیین)ەوە دەستپێدەکات، جێگای ڕێز بوون، ئەوەش پەیوەندی بە نزیکایەتی و بڕوا بەیەکبوونی مەولانا و شێخی سیراجەدینەوە هەبوو[٨]. بەهۆی گۆڕانکارییەکان وجێهێشتنی سلێمانی لەلایەن مەولاناوە شێخ (عەبدوڵڵای هیراتی) بە سەرپەرشتیاری خانەقای مەولانا لە سلێمانی دانرا، لەسەردەمی (مەحمود پاشای باباندا ١٨١٣-١٨٤١) شێخی هیراتی بەردەوام دەبێت لە سەرپەرشتی خانەقای مەولانا لە سلێمانی تاوەکو ساتی مردنی مەولانا لە (١٨٢٦)[٩]. پاش مردنی مەولانا شێخ (عەبدوڵڵای هیراتی) بەرەو شام چوو، بە مەبەستی شوێنگرتنە وەی مەولانا شێخ (مەحمود ساحیبی) برای مەولاناش بەدوایدا ڕۆشت، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لە خانەقای مەولانا لە سلێمانی، لە شامەوە شێخ (ئەحمەد)ی هەولێرییان ناردەوە[١٠]. بەهۆی ئەوەی شێخ (ئەحمەد)ی هەولێری لە توانای سەرپەرشتیکردنی خانەقا و کۆڕی زیکردا کەم توانا بوو، لەلایەك لەلایەکیترەوە زۆر پێش ئەو قۆناغە مەولانا بە مورید و مەنسوبانی ڕاگەیاندبوو کە بۆ کاروباری

---

[١] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب٢، ل١٦.
[٢] کۆمەڵێك توێژەر: توێژینەوەکانی زانستی ...، ل١٠٦.
[٣] دیڤید ماکداوڵ: مێژووی هاوچەرخی کورد، و. ئەبوبەکر خۆشناو، ب١، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٩٤.
[٤] حامید ئاڵگەر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠.
[٥] فەقێ لە ووشەی (فقیە)ی عەرەبیەوە وەرگیراوە، بە واتای زانا دێت، بەڵام لە زاراوەی ناو حوجرەدا، بەو قوتابیانە دەوترا کە خوێندنی ئاینیان دەکرد. (بڕوانە// حەمەکەریم هەورامی: مێژوی پەروەردە و خوێندن لە حوجرەکانی کوردستاندا، ب١،چ١، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٣٠٧).
[٦] هەردی صابر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١.
[٧] وەرگیراوە لە عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد ئەحمەد ئاوایی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢،١٢٣.
[٨] Michel Chodkiewicz: A lif of Scholarship and DevotionK. Routledge ٢ Park Square. Milton Park. Routledge.U.S.A and Canada.٢٠٠٧،p١٠٢.
[٩] عبدالرحمن شێخ سەلاحەدین شێخ سلێمان بەرزنجی(بێلاف): سەرچاوەی پێشوو، ب١، ل١٤٥.
[١٠] سەید تاهیری هاشمی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠.

ئیرشاد و سەیرو سلوکی تەریقەت، شێخ (عوسمان)ی لە جێی خۆی داناوە و پێویستە هەمووان لێی بەهرەمەند بن[1].

ئەم داخوازییەی مەولانا ئەگەرچی شێخی (سیراجەدین) لەسەر خواستی شێخەکەی لە سلێمانیدا نەمابوو گەڕابوویەوە هەورامان، بەڵام هێشتا کاریگەری لەسەر خەڵکی سلێمانی هەبوو، بۆیە خانەقای مەولانا لە سلێمانی وەك جاران بە جێگیری نەمایەوە، خەڵکێک لە سلێمانی لەبری ئەوەی لە شێخی هەولێری تەریقەت وەربگرن، چونکە ناوبراو سەرپەرشتیاری فەرمی خانەقای مەولانا بوو لە شارێکی گەورەی وەك سلێمانی، بەڵام لە هەورامان و لە شێخی (سییراجەدین)یان وەردەگرت. بەو هۆیەشەوە شێخ (عوسمان سیراجەدین) لە ڕێگەی دوو لە موریدانیەوە (شێخ لوتفوڵڵا و مەلاعوسمانی باڵخی) هەوڵی سەرپەرشتی خەتم و کۆڕی زیکری نەقشبەندیان لە خانەقای مەولانا لە سلێمانی دەدات، ئەو دۆخەش لای شێخ (ئەحمەد)ی هەولێری قبوڵنەکراو بوو، بۆیە ڕێیان لێدەگرێت و ئەوهەنگاوەشی بە دژایەتی خۆی سەیرکردوە. ناچار ئەوانیش چوونە خانەقای (مەلاعوسمان) و هێدی هێدی دەوریان قەرەباڵغ بوو، پێچەوانەی شێخی هەولێری کە تاوەکو دەهات دەوروبەری چۆڵ دەبوو، ئەم ڕووداوە لەسەردەمی میر (سلێمان پاشای باباندا ١٨٢٨- ١٨٣٨) ڕوویدا [2].

ئەم هەوڵەی شێخی (سیراجەدین) هەروا بە سانایی تێپەڕ نەبووە، بەڵکوو دژبەری زۆریشی بۆ پەیدابوو، وەک چۆن مەولانا دژایەتیکرا، بەڵام جیاواز لە مەولانا، ئەم لە ناو خەلیفەکانی خودی نەقشبەندیدا دژایەتی دەکرا، نموونەی ئەو دژایەتیانە لە ڕووداوەکانی پاش مەرگی مەولاناوە دەرکەوتن، چونکە بەو نزیکایەتییەی نێوان مەولانا و شێخی (سیراجەدین)، وەک ئەوەی یەکەم خەلیفەی ئەو شێخەش بووە، دەبوو بەلای کەمەوە ناوی لە لیستی ئەو کەسانەدا بێت کە مەولانا لە دیمەشق بۆ جێگرەوەی خۆی دایانبوون، یان سەرپەرشتی خانەقای سلێمانی پێبدرایە، بەڵام پێدەچێت ناو نەبردنی (سیراجەدین) وەك ئەو چەند کەسایەتییەی ناویان هاتبوو بۆ جێگرتنەوەی خودی مەولانا بۆ ئەوە بووە بڵاوکردنەوەی تەریقەتەکەی لە سنوور و زێدی خۆی پێ سپارد بێت. بۆیە لە بری ئەو شێخ (عەبدوڵڵای هیراتی) لە سلێمانییەوە ڕادە سپێرێت، بچێتە شام بۆ جێگرتنەوەی مەولانا[3]. ئەوەی لەو جووڵە و بزاوتانەی خەلیفە و سەرپەرشتیارانی نوێی تەریقەتی نەقشبەندی دەخوێنرێتەوە هەست بە جۆرێک لە هەوڵی پەراوێز خستن و گرنگی پێنەدانی شێخی (سییراجەدین) کراوە. بە چەشنێک لە پاش ئەو ڕووداوانە ناوچەی هەورامان دەبێتە ناوەندی سەرەکی بۆ کار و چالاکییەکانی ئەم شێخە و لە سەنتەری شارەکان دوور دەخرێتەوە.

پاش ئەو ڕووداوانە زۆری پێناچێت سلێمان پاشا لە (١٨٣٨) کۆچی دواییدەکات و (ئەحمەد پاشا ١٨٠٠-١٨٧٥) وەك کوڕە گەورەی میری کۆچکردوو دەسەڵات وەردەگرێت لە ماوەی (١٨٣٨-١٨٤٧) ئەو دۆخەش شێخ (ئەحمەدی هەولێر)ی ناچار بە سکاڵا لای میر (ئەحمەد)ی بابان دەکات[4]. چونکە لەنەریتی نەقشبەندییەکاندا، شێخی سەردەم لەناو خەلیفەکانیدا، تەنیا یەک کەس بە جێگر دەزانێت بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە دوورە لە شوێنی نیشتەجێبوونی شێخەوە. دەبێت سەرجەم

---

[1] ئەمیر وەزیری: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٦.
[2] سەید تاهیری هاشمی: سەرچاوەی پێشوو، ١٣٢.
[3] هەردی صابر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٠.
[4] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب٢، ل١٨.

خەلیفەکانیتر گوێڕایەڵی بن[١]. بەهۆی سکاڵای بەرامبەر و دەرکەوتنی ناکۆکییەکانی هەردوولا (ئەحمەد پاشا) نامەیەکی لەو بارەیەوە بۆ شێخی (سیراجەدین) ناردووە، وەڵامی شێخی (سیراجەدین) بۆ نامەکەی میر(ئەحمەد) پاشا بە جۆرێک بوو، ئەو کێشەیەی بە قازانجی خۆی کۆتایی پێهێنا. لە هەمان کاتیشدا دەستبەرداری ئەو هەوڵەش نەبوو، کە پاشای بابان بە سەرپێچی لە ڕێنماییەکانی مەولانای زانیبوو. ئەگەرچی شێخی (سیراجەدین) دانی بەوەدا نابوو، لە کاری خێردا لە چوارچێوەی بنەما شەرعییەکاندا، گوێڕایەڵی بە فەرمانی دەسەڵاتدارانەوە پێویستە، بە مەرجێک پێچەوانەی شەریعەت نەبێت. بڕوای وابوو دەبێت بە ویژدانەوە ڕەفتار بکرێت و بە میری ڕاگەیاندبوو، لە هیچ شەریعەت و میللەتێکدا نەبووە، ڕێگە بە خەڵک نەدرێت بۆ ئەنجامدانی کاری خێر و ڕێگرتن لە کاری خراپ، ئەو ئەرکەش تایبەت بکرێت بە تەنیا کەسێکەوە، بۆیە خوانەکردە ناکرێت مەولانا بە پێچەوانەی بنەما شەرعییەکانەوە کارێکی ئەنجام دابێت و وەهای گوتبێت، چونکە ئەو سەرتاپای شەریعەت بوو، بە جیاوازی لە نێوان شەریعەت و تەریقەتدا قایل نەدەبوو[٢]. لەپاش ئەو وەڵامە و سەرپشککردنی میری بابان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە میر بڕیاریدا بەگواستنەوەی شێخی (سیراجەدین) لە هەورامانەوە بۆ سەرپەرشتیکردنی خانەقای مەولانا لە سلێمانی و گواستنەوەی شێخ (ئەحمەد)ی هەولێری بۆ قەرەداغ[٣].

لەوە بەدوا شێخی (سیراجەدین) ماوەی دوو ساڵ سەرپەرشتی خانەقای مەولانای لە سلێمانی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەورامان دانابڕێت و لە وێش کار بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو تەریقەتە دەکات[٤]. ئەو ڕووداوەش بەڵگەیەکی ڕوونی دابەش بوونی پیاوانی ئایینی نەقشبەندی بوو، بەسەر دوو بەرەی سیاسییدا[٥]. چونکە تاوەکو دەمێک (ئەحمەد) پاشای بابان لە سلێمانی بوو شێخی (سیراجەدین) بە پاڵپشتی سیاسی ئەو میرە پێگەکەی جێگیر و کاری بە باشی لە بەر دەڕۆیشت، بەڵام لە پاش سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێگەی والی بەغدا، میری بابان (ئەحمەد پاشا) بانگهێشتکرا بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە میرایەتی بابان و دانانی (عەبدوڵڵا پاشا)ی برای لە(١٨٤٥) بە قایمقامی شاری سلێمانی[٦]. لەوە بەدوا دۆخەکە بۆ شێخی (سیراجەدین) پێچەوانە بوویەوە، شێخ (ئەحمەدی) هەولێری ئەو هەلەی قۆستەوە و بە بیانوی هاتووچۆی شێخی (سیراجەدین) لە نێوان هەورامان و سلێمانی و جێهێشتنی ئەرکەکە بۆ خەڵکی تر و بەخشینی مۆڵەتنامەی خەلافەت بە موریدانی تەریقەت لە ماوەیەکی کەمدا[٧]. لەلای (عەبدوڵڵا) پاشای فەرمانڕەوای سلێمانی و برای (ئەحمەد) پاشا کار لەسەر دوور خستنەوەی شێخی (سیراجەدین) دەکات و بەو هۆیەوە دوورخرایەوە[٨].

---

[١] نورالدین ئایدن: مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە نێوان حەقیقەت و وەهمدا، و. ئەرسەلان تۆفیق، گۆڤاری کۆچ، ژمارە (١٠)، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٣٦٣.

[٢] سەید تاهیری هاشمی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤.

[٣] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب٢، ل١٨،١٩.

[٤] فەرهاد شاکەلی: تەسەوف وەک سەرچاوەیەکی فەرهەنگی کورد، گۆڤاری سەنتەری برایەتی. ژ (١٧)، هەولێر. ٢٠٠٠، ل٢٥٨.

[٥] ئومێد ئیبراهیم محەمەد: ڕەوشی خوێندنی ئایینی ئیسلام لە شاری سلێمانی نێوان ساڵانی ١٩٢٢-١٩٥٨، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی ، ٢٠١٣، ل٩٢.

[٦]عبد ربه ابراهیم الوائلی: تاريخ الامارة البابانية (١٧٨٤-١٨٥١). ط١. دارالزمان للطباعة والنشر، سوريا، ٢٠٠٨ ، ص٢٦١.

[٧] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب٢، ل١٩.

[٨] سەید تاهیری هاشمی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٥.

لەوە و پاش لقی سەرەکی تەریقەتی نەقشبەندی لە ناوچەکە، بە شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان پێناسە دەکرێت[١]. لە کاتێکدا خەلیفەکانی تری مەولانا لە باشووری کوردستان هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئەو تەریقەتەیان داوە، هاوشێوە بەشێخی (سیراجەدین)، شێخ (تاهیر) نەقشبەندی لە بامەڕنی و شێخ (تاجەدین) لە بارزان[٢]. ئەو هەوڵانەش قورساییەکی بەناوچەکە بەخشیبوو، بەجۆرێك بەهۆی تەریقەتی نەقشبەندییەوە کوردستان لە قۆناغێکدا بوو بووە ناوەندی تەریقەتی نەقشبەندی لەتەواوی وڵاتانی هەرێمی و دەرەوەش بە ژمارەیەکی زۆر خەڵک ڕوویان لێناوە. لەبری پاشکۆ بوون بوونەتە سەرقافڵەی ڕەوتی نوێ لە بیرکردنەوە سۆفیزمییەکان و ئاراستەکردنی ئایینداری لەو قۆناغانەدا[٣]. بەوەش بنەماڵەی (سیراجەدین) کاریگەرترین و بەرچاوترین نوێنەرانی لقی (خالیدییە) بوون لە کوردستان و لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا [٤]. دەکرێت بڵێین شێخی (سیراجەدین) لە هەورامان و هەڵەبجە، پاش وەرگرتنی مۆڵەتی خەلافەت لە مەولانا و جێهێشتنی ووڵات لەلایەن مەولاناوە سەرچاوەی سەرەکی بڵاوکردنەوەی تەریقەتی نەقشبەندی بووە لەو سنوورە[٥].

بەو جۆرە سەرەتای کاری شێخایەتی نەقشبەندی وەک تەریقەتێکی سۆفیگەری لە هەورامانەوە لە ناو بنەماڵەی شێخی (سیراجەدین) و نەوەکانیدا دەستپێدەکات، بە گشتی لەو ماوەیەدا هەشت کەس، لەوانە بوونەتە شێخی تەریقەتی نەقشبەندی و کاری فەرمی شێخایەتیان کردووە و نازناوی (شێخ)یان پشتاوپشت بۆ مابوویەوە. کوڕانی شێخ هەوڵیان دەدا لە ناوبانگی شێخی باوکیان سوود وەربگرن و گەشەی زیاتر بەو ناوبانگە بدەن، چونکە شێخەکان بەو ناوبانگ و نازناوە بە دەسەڵاتتر و دەوڵەمەند تر دەبوون[٦]. ئەویش لە ڕێگەی وەقف و دیارییە پێشکەشکراوەکانەوە وەك ئەوەی لە دوایدا لە ژیانی هەندێك لە شێخەکاندا بینراوە، بەڵام ئەم هەوڵانە لەسەر دەستی شێخ (عوسمان سیراجەدینی دووەم) کۆتایی پێهێنرا.

**تەوەری یەکەم: شێخایەتی بۆ ماوەیی لە هەورامان و هەڵەبجە:-**

مێژووی دەسەڵاتدارێتی پشتاوپشت لە شارستانێتی ئیسلامیدا کۆنترە لە مێژووی تەریقەتە سۆفیگەراکان، واتە ئەو نەریتە تازە نەبوو، بەڵکو بنەڕەتەکەی بۆ قۆناغی دەسەڵاتدارێتی (مەعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان)و پاشتریش بۆ دەوڵەتی (ئەمەوی)دەگەڕێتەوە. بۆیە بەر لە تەریقەتی نەقشبەندی هەموو تەریقەتەکانی دیکە لە کوردستاندا شێخایەتیان پشتاوپشت بووە، نەک ئەوەی لەسەردەمی نەقشبەندییەوە ئەو هەوڵە دروستبووبێت، واتە بەگشتی لە کوردستاندا ویستێک بۆ بە بنەماڵەیی کردنی شێخایەتی هەبووە [٧]. سەرباری ئەوەی شێخی (سیراجەدین) هەوڵی زۆری داوە بۆ بڵاوکردنەوەی تەریقەتی نەقشبەندی، بەڵام وەک یەکەمینی ئەو شێخانەی کە شێخایەتی لە نەقشبەندیدا لە ناوچەکە

---

(١) بوتروس ئەبو مەننە و تێری زارکۆن: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.
(٢) خالید مەحمود کەریم: سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.
(٣) بەرزانی مەلا تەها: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.
(٤) فەرهاد شاکەلی: شێخانی نەقشبەندی ... ، ل٦٩.
(٥) نصرالله پور محمدی و علیه جوانمردی: نقش شیوخ أورامان در تحولات سیاسی تأریخ معاصر، با تکیه بر جنگ جهانی أول، پژوهشنامه تأریخ های محلی ایران، سال پنجم، شماره (٢)، ٢٠١٧، ص٨٦.
(٦) أ.م. مینتیشا شڤیلی: کورد کورتەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ئابووری ڕۆشنبیری و گوزەران، و.پ.د عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چ٢، چاپخانەی خانی، دهۆک ،١٩٨٤، ل٥٨.
(٧) مارتن ڤان برونسن: (٢٠١٣/٦/١).(الکرد والاسلام-الطرق الصوفیة و ادوارها الاجتماعیة و السیاسیة)، ت. راج ال محمد، سەردانیکردنی ٢٠٢٢/١/٢، https://www.medaratkurd.com/

کردووە بە پشتاوپشت قسەی لەسەر دەکرێت، ئەمەش هاوشێوەی نەریتی قادرییەکانە[١]. ئەگەرچی لە بەرامبەر ئەم بۆچوونەی (ئاڵگەر)دا، کە پێی وایە شێخی (سیراجەدین) هاوشێوە بە قادرییەکان شێخایەتی لە خێزانەکەیدا کردووە بە پشتاوپشت، بۆچوونی پێچەوانە هەیە، کەپێی وایە شێخی ناوبراو مۆڵەتنامەی خەلافەتی بۆ دوو لە کوڕەکانی نووسیوە، وەک هەموو خەلیفەکانی تری خۆی بۆی نوسیوون و هیچ بەڵگەیەکی نووسراوی تایبەت بەردەست نییە بیسەلمێنێت، شێخی (سیراجەدین) ویستبێتی یان گوتبێتی، لەپاش مردنی تەنها کوڕەکانی ببنە شوێنگرەوەی، ئەوەش کە بووە لەلایەن کۆی خەلیفەکانی ترەوە، وەک ئەدەب نواندنێک بۆ شێخی تەریقەتیان کوڕەکەیان لە شوێنی داناوەتەوە ئەگەرنا، هیچ شتێکی تایبەتی بۆ ئەو کوڕانەی نەبووە و نەنووسیوە، بەڵکو ئەم نەریتی بۆماوەییە بە فەرمی لە سەردەمی شێخ (عومەرزیائەدین)ەوە دەستپێدەکات و لە پاش ئەویش لەلایەن شێخ (عەلائەدین)ەوە دەچەسپێنرێت[٢]. بەڵام لە ڕووی کردارییەوە ئەم نەریتە لە شێخ (عوسمان سیراجەدین)ی یەکەمەوە سەرچاوە دەگرێت، لەکاتێکدا چەندین خەلیفەی پێگەیشتووی هەبووە، کەچی ئاراستە و ڕێنموونی شوێنکەوتووانی کردووە پابەندبن بە گوێڕایەڵی کوڕە جێگرەکانییەوە، بەم جۆرە ئەم سیاسەت و ئاراستەیە تەمەنێکی زۆر بەردەوام بوو[٣].

هەریەک لە تەریقەتەکانی قادریی و نەقشبەندی کە بەهۆی ئاینەوە هاتوونەتە ناوچەکە، بۆ ڕێک کردنەوەی تاقم و دەستەی ئایینی لە ناو پانتایی سیستمە کۆمەڵایەتییەکەدا بووە، دواجارئەمانە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانیان وەک زەویی و باخ و ئاو لەگەڵیشیدا جومگەکانی دەسەڵات و بەشێکی زۆری مەعریفەشییان بەهۆی خانەقا و حوجرەکانیانەوە قۆرخ کردبوو، بەجۆرێک ئەو خاوەندارێتییە لە خۆیانەوە بێ گۆڕانکاری بۆ نەوەکانیان دەگوازرایەوە، واتە هاوشێوە بە سیستمە خێڵایەتییەکە چۆن بەگزادەکان کوڕەکانیان دەبوونەوە بە بەگ، شێخەکانیش هەمان ڕێچکەیان گرتەبەر و کوڕەکانیان لە پاش خۆیان دەبوونەوە بە شێخ، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو لە حاڵی ژیان و ئامادەیی شێخی باوکدا وەکالەتنامەی شێخ بوون بە کوڕ و نەوەکانی دەدرا و هزری خەڵک و دەوروبەری بۆ ئامادە دەکرا[٤]. ئەم حاڵەتە نە لە کردار و نە لە گوتاری مەولانادا نەبیستراوە، هەرچەندە بە بڕوای (نووری فارس حەمەخان) ئەگەر مەولاناش نەوەیەکی پێگەیشتووی هەبووایە و بەو زوویییە ژیان ئاوایی نەکردایە، ئەو شوێنگرتنەوەیە بۆ کوڕەکەی خۆی دەبوو[٥]. بەڵام لە هزر و بڕوای شوێنکەوتوانی تەسەوفدا شوێن گرتنەوەی کوڕ بۆ باوك لە پلەی شێخایەتیدا پەیوەستە بە پیرۆزێتی ڕشتەی خێزانی( نەسەب) بۆیە ئەگەر ئەم حاڵەتە لەمەولاناوە دەرنەکەوتووە بەهۆی ئەوە بووە کە مەولانا لە ڕووی ڕشتەی خێزانییەوە ناچێتەوە سەر پێغەمبەری ئیسلام و ئەو ڕێگە پێدانەی نەبووە، بۆیە ئەم حاڵەتە لە خەلیفەکانی شێخانی نەقشبەندیشدا بەردەوام دەبێت. بە نموونە لە موکریان خانەقای شێخی (بورهان) و خانەقای شێخ (سەید عەبدولکەریمی زەمبیل)، بەهۆی سەیدبوونی شێخ (عەبدولکەریم) ئەو خانەقایە

---

(١) حامید ئەڵگەر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١.
(٢) چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ (شێخ ئاوات شێخ مەحمود نەقشبەندی) لەدایك بووی (١٩٨٣) ، بڕوانامەی ماستەر لە بەشی دیراساتی ئیسلامی، لە نەوەی شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامانە تارخوێنی خانەقای حاجی شێخ ساحیبە لە زەڕایەن، خاوەن بەرهەمی نوسینە لە بواری کەسایەتییە ئاینییەکانی تەریقەتی سۆفیزمی نەقشبەندی، شوێنی چاوپێکەوتن، خانەقای حاجی شێخ ساحێب لە زەڕایەن، ڕۆژی (یەك شەممە)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن(٢٠٢٢/٧/٣)، کاتی چاوپێکەوتن کاتژمێر (٩:١٠)خولەك.
(٣) عەبدوڕەزاق عەبدوڕەحمان محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦٣.
(٤) ئیبراهیم حاجی زەڵمی: پەروەردەی ئایینی و پرسی ئایین و کۆمەڵگە، گۆڤاری پەیامی ڕاستی، ژ (١١٦-١١٧). سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٢٢١.
(٥) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(نوری فارس حەمەخان)، سەرچاوەی پێشوو.

بەردەوامی هەیە و شێخی بورهان لە پاش خۆی و بە وەسێتی خۆی ئەو ڕێچکەیە کۆتایی دێت و کەس لە شوێنی نابێت[١]. بەڵام شێخی (سیراجەدین) مۆڵەتنامەی شێخایەتی بۆ دوو لە کوڕەکانی نووسیووە، کە شێخ (عەبدوڕەحمان) و شێخ (محەممەد بەهائەدین) بوون[٢]. بەم هەنگاوەش نەریتی شوێنگرتنەوەی شێخایەتی لە باوکەوە بۆ کوڕ پشتڕاست کردەوە[٣].

دەکرێت هەوڵێکی لەو جۆرە چەند خوێندنەوەیەک لەخۆبگرێت، بەشێکی بۆ کۆنترۆڵکردنی زۆرترین ڕووبەرە لەڕووی هەژموونی ئایینی و خێزانییەوە یان بۆ ڕێگری لە ناکۆکی لەسەر پێگە و شێخایەتی بووە، چونکە لە مەجرای ڕووداوەکانی دوای (سیراجەدین)دا ئەو ناکۆکیانە بە ئاشکرا بینران. سەرچاوەی هێزی شێخەکان و نەوەکانیان لەو ڕۆڵ بینینە ناوەندگیریانەوە بوو کە لە نێوان خەڵکی گوندی و حکومەت و لایەنە دژبەرە ناوخۆییەکان لەسەر دەسەڵات دەیانبینی[٤]. ئەم گرنگی پێدانەی شێخی (سیراجەدین) بە (محەممەد بەهائەدین)ی کوڕی لەکاتی بوونی خۆیدا و بەخشینی مۆڵەتی ئیرشاد[٥]. و پێسپاردنی هەردوو کوڕەکانی تری (عەبدوڕەحمان ئەبوول وەفا و عومەر زیائەدین) بەر لە مردنی باوکیان ئاماژەی کرداری جێنشینی ناوبراو بوون[٦]. ئەم هەوڵەی شێخ دەچێتە خانەی بەخشینی پیرۆزێتی بە کوڕەکەی، تاوەکو ڕێگای بۆ خۆش بکات لە چاوی کەسانی دەوروبەر و خەلیفە و موریدانیدا وەک شێخی ئایندە بیچەسپێنێت. بەوپێیەی کە شێخی تەریقەتە و لە ڕووی مەعنەوییەوە ئەو باشتر دەزانێت کێ شایستەیی بۆ ئەو کارە هەیە، واتە جۆرێکە لە گەمەی سیاسی بۆ جێگرتنەوەی خێزانی، لە پێگەیەکی ئایینیدا. وەک لە ڕووداوەکانی دواتردا دەرکەوت.

ئەم هەوڵەی شێخی دامەزرێنەر سەرەتای ناکۆکییەکی خێزانییە، هاوتەریب بە تەمەنی شێخایەتی لەو خێزانەدا درێژ دەبێتەوە، بە چەشنێک لە پاش ناکۆکی سانەکان ناکۆکییەکانی ناو کوڕ و نەوەکانی شێخ پلەی دووەمی وەرگرتووە. بەڵام جیاواز لە ناکۆکی سانەکان[٧]. ئەمان بەبێ خوێنڕشتن لە کێبڕکێدا بوون[٨]. بەجۆرێک (عەبدوڕەحمان ئەبول وەفا) بۆ خۆدوورگرتن لە ناکۆکی و دروستبوونی نییەتی خراپ لە دڵدا، دەچێتە گوندی (گوڵپ)، لە هەورامان و پاش چەند مانگێک گەشتی یەکجاری بەغدا دەکات[٩]. وەک پشتڕاستکردنەوەی ئەو ناکۆکیانە، شێخ (محەممەد بەهائەدین) پاش کەنارگرتنی (ئەبولوەفا)، نەیویستووە شێخایەتی بۆ (عومەرزیائەدین)ی برای

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (دکتۆر نەوید نەقشبەندی)، سەرچاوەی پێشوو.

(٢) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب٢، ل٧٦.

(٣) Michel Chodkiewicz : ipd،P١٠٢

(٤) مارتن ڤان برونسن: (الطريقة النقشبندية أداة للاحتجاج السياسي بين الكرد، جزء٢). ت. راج ال محمد، الجزء الثاني، من ورقة مقدمة الى المؤتمر الدولي مقاربات جديدة في الدراسات الاسلامية، المعهد الاندونيسي للعلوم، جاكارتا، ٢٠١٧/٥/٨كاتی سەردانیکردنی٢٠٢٢/١/٢ https://www.medaratkurd.com/،

(٥) محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان. ب١، ل٢٤١ .

(٦) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب٢، ل٧٦.

(٧) هەرچی واتای وشەی (سان)ە بنەڕەتێکی عەرەبی هەیە و لە (سلطان) ەوە وەرگیراوە. گوایە نازناوەکە لەلایەن شاکانی سەفەوییەوە دراوە بە فەرمانڕەوایانی ناوچەیی لە هەورامان، بۆ کەمکردنەوە و سووکایەتیکردن بە پێگەی سوڵتانی عوسمانی. هەندێکیتر پێیان وایە لە وشەی (شاه یان شێخ)ی عەرەبییەوە هاتووە و پاشان بە گۆڕانکاری کراوە بە سان، بەڵام (محمد ئەمین هەورامانی) پێی وایە لە وشەی (ساتراپ)ی میدیاوە هاتووە، کە بەواتای حاکمی ناوچەیی دێت. دیارترین سانەکانیش (هەسەن سان و عەباس قولی سان و جافرسان)ە ناکۆکی و شەڕی نێوان سانەکان لە هەورامان، بەشێکی خوێناوی ناکۆکیەکانن و بەو هۆیەوە زۆرێك خوێنڕشتن ڕوویانداوە. (بۆ زیاتر بڕوانە// عبدارزاق عبدالرحمن محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢،١١١،١١٠).

(٨) عەبدوڕەزاق عەبدوڕەحمان محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١.

(٩) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب٢، ل١٠٢.

بگوازرێتەوە. بۆئەوەش یەک لە موریدانی شێخ (محەممەد بەهائەدین) بەناوی مەلا (فەتحولّڵا)وە دەڵێت: "ساڵێک بەر لە مردنی شێخ (محەممەد بەهادین) چوومە لای بۆ تازەکردنەوەی پەیمان، شێخ پێی ڕاگەیاندم ساڵێکی تر من دەمرم، (عومەری برام) و (عەلی کوڕم/حیسامەدین) دەبێتە ناکۆکیان، ئێوە ئاگاداربن پشتیوانی لە عەلی بکەن"[1]. ئەوەی لەم ڕووداوەوە وەردەگیرێت، ئەوەیە هەر شێخێک پێش لەمردنی هەوڵیداوە جێگا بۆ کوڕە جێنشینەکەی خۆی خۆش بکات، بۆ ئەوەش سۆزی کوڕێتی لە پێش سۆزی برایەتییەوە بووە. ئەگەرچی بابەتی مردن و زانینی ڕۆژی مردن بەپێی دەقی قورئان یەکێکە لە نەزانراوەکان و زانینی کاری مرۆڤ نییە.

وەك لە قورئاندا لە ﴿سورەی لقمان، ئایەتی ٣٤﴾دا هاتووە، هیچ کەس نازانی لە چ سەرزەوییەکدا دەمرێت و کۆتایی ژیانی دێت بەڕاستی هەرخوا زانایە و زۆریش ئاگادارە[2]. بۆیە ئەم قسەیە، لە ڕواڵەتدا دەبێت وەک یەکێک لەو پێشبینییانە لێیبڕوانین کە موریدان بە کەراماتی دەزانن، لە دنیای ئیسلامدا ئەم جۆرە پێشبینییانە زۆرن و ڕاستە زۆرینەیان واقیعی نین و زیادەڕۆییان تێداکراوە، وەك گوتن هەمووکەس دەتوانێت بڵێت ساڵێکی دیکە دەمرم، کە مرد دەڵێن کەراماتی هەبووە. خۆ ئەگەر نەمرد، کەس بوێریی ئەوەی نەکردووە لەو ڕۆژگارەدا بە شێخەکەی بڵێت ڕاستت نەگووت و نەمردی.

بە مردنی شێخ (محەممەد بەهائەدین) هەریەک لە شێخ (عەلی)ی کوڕی و شێخ (عومەر)ی برای خۆیان وەک شێخ ڕاگەیاند و موریدانیش بوون بە دوو دەستەوە، کە بە (زیائی) و (حیسامی) ناسران[3]. بەوەش دوو شێخ لە یەککاتدا لە هەورامان ئەدای کاری شێخایەتیان دەکرد، کە پێچەوانەی بنەماکانی نەقشبەندی بوو، ئەم دۆخە درێژەی دەبێت و لەکاتی مردنی شێخ (نەجمەدین)ی کوڕی شێخ (عومەر)دا، شێخ (عەلائەدین) بۆ شوێنگرتنەوە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتە (بیارە)، بەڵام بەهۆی دانانی شێخ (نورەدین)ی کوڕی شێخ (نەجمەدین) بە شێخی جێنشین[4]. شێخ (عەلائەدین) ناچار بە گەڕانەوە بوو، تەمەنی کورتی (نورەدین) وادەکات شێخ (عەلائەدین) لە ماوەیەکی کەمدا لەپاش مردنی براو برازاکەی بووە شێخی جێنشین[5]. بۆ جێگرتنەوەی شێخ (عەلائەدین) ناکۆکییەکان بوونە دوو ئاراستە، ناکۆکی خێزانی، ناکۆکی بنەماڵەیی، هەرچی ناکۆکی بنەماڵەییە لە نێوان ئامۆزاکاندا بوو، وەك کوڕانی شێخ (عەلائەدین) و شێخ (عومەر)، بەڵام لە بەرژەوەندی کوڕانی شێخ (عەلائەدین) کۆتایی هات. خاڵی دووەمی ناکۆکی لە نێوان کوڕانی شێخ (عەلائەدین) خۆیاندا بوو، هەریەك لە شێخ (عوسمان) و شێخ (زاهید)، ئەوەش لە بەرژەوەندی شێخ (عوسمان) کۆتایی هات، چونکە ئەو دۆخەی شێخ (عوسمان) لە ناوخۆ و دەرەوە توانیبووی دروستی بکات شێخ (زاهید)ی برای ئەو توانایەی نەبوو[6]. دواجار دۆخەکە لە بەرژەوەندی شێخ (عوسمان) یەکلایی بوویەوە و بە کۆتایی گەیشت، شێخ (عوسمان)یش کۆتایی بە نەریتی شێخایەتی بۆماوەیی لە ناو بنەماڵەکەی خۆی

---

[1] ئەمیر وەزیری: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٢.
[2] بورهان محەممەد ئەمین عەبدولکەریم: سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٤.
[3] عەبدولّڵا مەلا ئەحمەد ئاوایی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٣.
[4] ئەمیر وەزیری: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠١.
[5] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: ڕۆژگاری ژیان، یاداشت و بیرە وەرییەکانی، ئامادەکردن و لەسەر نوسینی ڕەووف مەحمودی، چ١، ١٣٩٤، ل١٠٢.
[6] محەممەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب٢،ل٤٦٢،٤٦٣.

و له هەوراماندا هێنا، ئەوەش دەرئەنجامی ئەوە بوو کوڕانی شێخ ئامۆژگاری باوکیان بە دڵ وەرنەگرت و زیاتر لە خەمی وەرگرتنی پۆستی حکومیی و خۆشییەکانی ژیاندا بوون[1].

شێخ (عوسمانی دووەم)یش پەیامی دابوو، کە هیچ کەسێك لە مورید و مەنوسبان بە خاتری خۆشەویستی شێخەوە بەڵێنی شێخایەتی بۆ کوڕ و برا و کەس و کاری ئەو دووپات نەکاتەوە، چونکە لە بڕوای شێخدا هەریەك لەوانە نەك سەیر و سلوکیان بۆ شێخایەتی نەکردووە، بەڵکو بۆنی تەسەوفیشیان نەکردووە.[2] ئەم بۆچوونەی شێخ زۆر پێشتر و لە دیدارێکدا ڕایگەیاندبوو، کە ئەو لەگەڵ کاری زۆرێك لە شێخەکان نییە و بەبڕوای ئەو هەندێک لە شێخەکان هیچ پەیوەندییان بەسەر تەسەوفەوە نییە و تەنیا بۆ قازانجی دونیایی کاری شێخایەتی دەکەن[3]. بە بڕوای هەندێک لە شوێنکەوتووانی تەریقەتی نەقشبەندی ڕازیبوون بە بنەماڵەیی کردنی شێخایەتی لە هەورامان ئەدەب نواندن بووە بەرامبەر شێخ زادەکانیان، بەڵام لە ڕاستیدا بێدەنگ بوون بووە بەرامبەر بە شێواندنی بنەماکانی تەریقەت، چونکە شێخایەتی پێویستی بە توانا و پێگەشتوویی ڕۆحیە، نەک بۆماوەیی وەک لای قادرییەکان باو بوو، شێخایەتی و ڕێنمونی لە بنەڕەتدا بە میرات نادرێت بە کەس، چونکە پابەند بوون و کارکردنە، نەک نازناو.

شێخایەتی هەڵسوکەوت دروست ناکات، بەڵکو هەڵسوکەوتی شیاو شێخایەتی دروست دەکات[4]. بەو واتایەی کوڕە شێخ لەبەر پەیوەستییە خێزانییەکەی ناکرێت بکرێتە شێخ گەر شیاوێتی شێخ بوون و پەروەردە بوونە ڕۆحییەکانی تایبەت بە سۆفیزمی تێدا دەرنەکەوتبێت. چونکە شێخایەتی لە ڕووی لۆژیکەوە لەو چەشنە بابەتانەیە کە نابێت وەك میرات بگوازرێتەوە لە باوکەوە بۆ کوڕ وەك زانست وایە، بەڵام ئەم نەریتە لە سنورەکە پێچەوانەبووەتەوە[5]. دەکرێت ئەم چەشنە بڕیارەی شێخ (عوسمان سیراجەدینی دووەم)، لە کۆتایهێنان بە شێخایەتی بۆماوەیی وەک پارێزگاری لە ڕاسپاردەی شێخایەتی لێکبدرێتەوە، ڕاسپاردەیەک کە بەپێی زنجیربەندی شێخایەتی باوک بۆ کوڕ وا دەردەکەوێت شێخانی پێش خۆی ئەدای ئەو ئەمانەتەیان نەکردووە، بەم چەشنە کاروانی شێخایەتی لە (بیارە) و هەوراماندا پاش ئەو ماوە زۆرە لەو بنەماڵەیەدا کۆتایی هات و بە فەرمی کەسێک بۆ ئەو جێگایە دیاری نەکراوە. بەو نەریتەی کە پێشتر پەیڕەو کرابوو، ئەم هەنگاوەی شێخ (عوسمان سیراجەدینی دووەم) گەڕانەوە بوو بۆ بنەمای سەرەکی نەقشبەندی لە دیاریکردنی کەسێتی شێخدا ئەوەش دەکرێت بە قۆناغی داکشانەوە و چوونەوەیەکی ئەو تەریقەتە لەناو بنەماڵەی (سیراجەدین) و لە ناوچەکە دابنرێت، ئەگەرنا نەقشبەندی لەسەر ئاستە گشتییەکە وەك تەریقەتێکی گەورەی سۆفیزم بەردەوامە و هەیە.

ئەگەرچی بنەماڵەی (سیراجەدین) زیاتر ئامادەگیان لە ناوچەی هەوراماندا هەبووە، بەڵام ناوبانگ و گرنگی پێدانیان ئەو سنوورەی تێپەڕاندبوو، ڕادەی ئەو دەسەڵات و ڕێزەی شێخانی هەورامان لەلایەن (ئەدمۆندز)ەوە جەختی لێکراوەتەوە، ئەو باس لەوە دەکات کە لە ناو ئەو نوێنەرانەی هاتبوون بۆ دیتنی شێخانی هەورامان لەوانەش شێخ (حیسامەدین) لە هەڵەبجە، میرێکی

(١) محمد ڕەووف تەوەکولی: منبع قبلی، ص٢٨٧،٢٨٨.
(٢) چاو پێکەوتنی توێژر لەگەڵ(ئەحمەد عەبدوڵلا دەلاك)، لەدایك بووی (١٩٤٥) ، سۆفی و سەرخەتمی تەریقەتی نەقشبەندی هاوەڵی شێخ عوسمانی دووەم، شوێنی چاوپێکەوتن سلێمانی،ڕۆژی(هەینی)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن(٢٠٢٢/٣/١١)، کاتی چاوپێکەوتن(٢:٣٥) ماڵەوە.
(٣) حەسەن جاف(د): لە یادی شێخ عوسمانی نەقشبەندیدا، گۆڤاری بەیان، ژ(١٨٠)، شوباتی ١٩٩٧، ل ٢٠.
(٤) صبور هەورامی: دەربارەی سۆفیگەری، گۆڤاری هەورامان. ژ (٤٣)، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٧٦.
(٥) موستەفا ئیبراهیم زەڵمی: کاروانی ژیانم، چاپی سێیەم، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر،٢٠١٨، ل٢٥٣.

بەدەسەڵاتی ناوچەی (تاڵش) هەبوو، ئەوە جێگای تێڕامانی ئەو نووسەرە بووە، هاوکات ئاماژەی گەورەیی دەسەڵاتی ئەو شێخانەش بووە، چونکە (تاڵش) ناوچەیەکی ئێرانی نزیک بە سنووری ڕووسیا و لە باشووری ڕۆژئاوای دەریای خەزەرە، هاتنی ئەو سوارەیە بۆ ئەم ناوچە و بڕینی چوارسەد میل ڕێگا بۆ ماچکردنی دەستی شێخ کارێکی هەروا ئاسایی نەبوو[1]. بەهۆی پەیوەندی شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان بە (تاڵش)ەوە زۆرێك لە فەقێی ئەو ناوچەیە (تاڵش) هاتبوونە هەڵەبجە و هەورامان و لەوێ سەرقاڵی خوێندن بوون، بەڕاستیش خەڵکی بە توانا بوون[2]. زۆرێک لە ئایین و ئایدیۆلۆژیا و ڕێبازەکان لە دوای دامەزرێنەر و کەسە یەکەمینەکانیان پارچە پارچە دەبن، ڕەگەزی مانەوەی ئایدیۆلۆژیا و ئایین وەک ڕەگەزی مانەوەی عەشیرەت نییە، ئەو کوتلە مرۆییانەی لەسەر بنچینەی فاکتەرە ستوونی و میراتییەکان دروستبوون وابەستەییان سەلامەتترە، لەوانەی لەسەر بنەمای فاکتەرە ئاسۆیی وعەقڵانیەکان دروستبوون[3]. بۆیە ئاساییە نەقشبەندی و ڕێبازەکەشی بەو پێودانگە تەماشا بکرێت، بەگشتی شێخانی شێخانی هەورامان لە ڕووی پۆلێنکردنەوە دابەشی سەر دوو گرووپ دەبن:

گرووپی یەکەم، تەوژمی خاوەن زوهد و پشت لە دونیایە، کە هیچ کات لە هەوڵی زیادکردنی سەرچاوە دونیاییەکانی خۆیاندا نەبوون، وەک سۆفییەکی پشت لە دونیا ژیانیان گوزەراندووە، ئەوانیش هەریەک لە (شێخ عوسمان سیراجەدینی یەکەم، شێخ عومەر، شێخ عەبدوڕەحمان ئەبول وەفا و شێخ نەجمەدین) بوون، لە بەرامبەردا، گروپی دووەمی شێخان دێت، کە دەکرێت بە تەوژمی دینیی بەرژەوەندگەرایی ناویان ببەین، بە واتای ئەوەی ویستوویانە ئەوەی بەدەستیدەهێنن لە هێزە مادییەکانی دونیا، لە خزمەت سوودی تەریقەت و ڕێبازەکەدا بێت. ئەوانیش هەریەک لە (شێخ محەممەد بەهائەدین، شێخ ئەحمەد، شێخ حیسامەدین، شێخ عەلائەدین و شێخ عوسمانی دووەم) بوون[4]. پشت بەست بەو ئایەتە قورئانییەی لە ﴿سورەتی القصص ئایەتی ٧٧﴾دا هاتووە، هەوڵبدە بەو ماڵ و سامانەی کە خودا پێی بەخشیوی ماڵی قیامەت بکڕە، پشکی خۆت لە دونیا نادیدەمەگرە، چاکە بکە وەك ئەوەی خودا چاکەی لەگەڵ کردووی، نەکەی هەوڵی گوناهـ بدەی لەسەر زەویدا، چونکە بەڕاستی خودا تاوانکارانی خۆشناوێت[5]. کاریان کردووە ویستویانە ئەو وەقفانەی لە بەردەستدان بۆ خزمەتی ڕەوت و تەریقەتەکە بەکاربیهێنن، بەڵام لە دوا جاردا ئەو تێچوونەیان سەرکەوتوو نابێت و نەوەکانیان ئەو موڵکانەی وەقف بۆ خزمەتی خۆیان بەکاردەهێنن.[6] لە کاتێکدا ئەم پۆلێنکردنە شێخ (عومەر زیائەدین) بە باڵی زوهد ناو دەبات، بەڵام سەرەتای کاروانی بە

---

[1] کورد تورك عرب، و.حەمید گەوهەری، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٤، ل٢١٤.

[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(مامۆستا محەممەد عەلائەدین محەممەد حسێن)، لەدایك بووی(١٩٣٨) هەڵەبجە، فەقێ موستەعید لە حوجرەکانی هەڵەبجە و مامۆستای قوتابخانەی گوندی بەڵخەی هەورامان (١٩٦٠)، مامۆستای خانەنشین، شوێنی چاوپێکەوتن سلێمانی،ڕۆژی (چوارشەممە)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن (٢٠٢٣/٢/٨)، کاتی چاوپێکەوتن (کاتژمێر٢)، ماڵەوە.

[3] مەسعود عەبدول خالق: کاریگەری ململانێی تائیفیی لەسەر کوردستان، گۆڤاری خاڵ، ژ(١٣)، سلێمانی ٢٠١٧، ص١٧.

[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ ئاوات نەقشبەندی) سەرچاوەی پێشوو.

[5] بورهان محەمەد ئەمین عەبدولکەریم: سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩٤.

[6] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ ئاوات نەقشبەندی) سەرچاوەی پێشوو.

میراتگرتنی شێخایەتیشی دەداتەوە پاڵ، وەك لە پێشتردا ئاماژەمان بۆکرد. لەبەرامبەر ئەم پۆلێنکردنەدا بۆچونیتر هەیە کە شێخ (محەمەد بەهائەدین) دەباتە خانەی شێخە دونیا نەویستەکان.[1]

**تەوەری دووەم: شێخانی نەقشبەندی لە هەورامان:-**

هەندێک لە نووسەران، ڕشتەی خێزانی(شجرة) شێخانی هەورامان لە ڕێگەی ساداتی (نوعێمیی)ەوە[2]. دەبەنەوە سەر (پێغەمبەر)ی ئیسلام، بەڵام ئەو بەڵگانەی بۆ ئەو بوارە باسیان لێوەدەکرێت، لاواز و جێگەی بڕوانین. تەنانەت وەک حاڵەتێکی ئاسایی نەریتگەرا لای خانەوادە سەیدەکانی کوردستان کە نووسراوی ڕشتەی خێزانییان هەیە، تاوەکو دەگەنەوە بە (پێغەمبەر) لە ڕێگەی (حەسەن وحوسێن)ەوە، ئەم بنەماڵەیە ئێستاشی لەگەڵدابێت ئەو بەڵگە سەلمێنەرەیان نییە[3]. پێچەوانە بەم لێکدانەوەیە کوردناسێکی وەک (مارتن ڤان برونسن-Martin Van Bruinessen) لای وایە، بنەڕەتی شێخەکانی تەریقەت و خەڵکی ناوچەکە لێک جوودان، چونکە بە لێکدانەوەی ئەو، شێخەکان بەشێک نین لەخانە جیاوەزەکانی پێکهاتەی هۆز و لەڕووی خوێنەوە، هیچ خزمایەتییەکیان لەگەڵ هۆزەکانی دەوروبەریاندا نییە. دامەزرێنەرانی ئەو ناوەندە ئایینیانەی (تەکیە و خانەقا)کان، لە جێگەی دیکەوە هاتوون[4]. هەرچەندە ئەوان بۆ خۆیان بانگەشەی ئەوەیان نەکردووە، کە بنەڕەتێکی (هاشمی)یان هەیە[5]. بەڵام لە دژیشی نەوەستاون، گوایە ئەوانە لە بنەماڵەیەکی عەرەبی خاوەن پێگەی مێژووییەوە هاتوون[6]. ئەگەر بردنەوەی ڕشتەی خێزانی ئەم بنەماڵەیە بۆ بنەڕەتێکی عەرەبی هاشمی بابەتێکی زانراو بیستراو بێت، ئەوا لەلایەن شێخ (حیسامەدین)ەوە سەرچاوەیەکی تر بۆ ڕشتەی خێزانیان زیادکراوە، ئەویش خۆ بردنەوەیە بۆ بنەڕەتی سوڵتانە ساسانییەکانی ئێران، بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە نووسراوە ئێرانییەکان ئەمانە بە هۆزێکی پاک و ڕەسەنی ئێرانی دەزانن، کە بە درێژایی مێژوو، هیچ هێزێکی تر بەهۆی سەختی ناوچەکەیان بە سەریاندا زاڵ نەبووە[7].

کاریگەری ئەو شێخ و تەریقەتانە بە جۆرێک ئاوێزانی خەڵکی بووە، هەندێک جار لەپرسیاری دیاریکردنی هۆز و تیرەکاندا، وەڵامی تەریقەتیش دەبینین، واتە تەریقەتەکە ئامێزی برایەتییەکی هەمیشەیی تری لە ڕایەڵە خزمایەتییەکە بۆ کردونەتەوە[8]. چونکە ئەوان دەیانەوێت بە هەر ڕێگایەک بووە خۆیان ببەنەوە سەر بنەماڵەی پێغەمبەر، تەنانەت شێخەکان قسەکردنیان بەشێوەزاری سۆرانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خۆیان لە بنەڕەتە هەورامییەکە داڕنن، بۆیە لەڕێی پیاوانی خوێندەواری دەوروبەریان هەندێک هەوڵیەن، تاوەکو ئەو ئامانجە بەدیبهێنن[9]. بەڵام لە ڕووی فاکتەوە، ئەم هەوڵی بە سەید ناساندنە هیچ شێخێکی نەقشبەندی لە یەکەمینەکانی هەورامان بانگەشەی بۆ

---

(1) موستەفا ئیبراهیم زەڵمی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥١.

(2) سەيید عەبدول صەمەدی تـوداری: چەمکێکـی مێـژووی هەورامـان و مەریـوان، چەنـد لاپەڕەیەک لە کتێبـی (نورالانوار)، و. محەممەدی مەلا کەریم، چاپی بەغدا، ١٩٧٠، ل١٢. ؛ مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان،ب٢،ل٧.

(3) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ ئاوات نەقشبەندی) سەرچاوەی پێشوو.

(4) مارتن ڤان برونسن: ئاغا و شێخ و دەوڵەت، ب٢ ، ل١١٨.

(5) محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب٢، ل٤٣٦.

(6) مارتن ڤان برونسن: ئاغا و شێخ و دەوڵەت، ب٢، ل١١٨.

(7) عبدالكريم طباطبائی: سالنامەی دنیا، دوازدەهمین سالنامەی سیاسی، ادبی و مصور، چاپ تهران، ١٣٣٥هـ. ش. ص١٥٩.

(8) گۆران سـەلام: کـاریگەری خێـڵ و ئـایین لەسـەر بزوتنەوەی ڕزگـاری خـوازی کـورد لە نێـوان سـاڵانی ١٨٤٧-١٨٨١، چ٣، چاپخانەی کەمال، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٠.

(9) محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب٢، ل١٠٣٨.

نەکردووە، تاوەکو سەردەمی شێخ (عەلائەدین) و دروستبوونی دەوڵەتی پاشایەتی لە عێراق، بە تایبەت حکومەتی (تەها هاشمی)ی سەرەک وەزیرانی عێراق و پتەوی پەیوەندی نێوان ئەو دوانە ئەو دۆخە زیاتر گرنگی پێدرا[١]. لە ناو کاروانی شێخایەتی شێخانی نەقشبەندی لە هەوراماندا، چەند شێخێکی کاریگەر هەبوون کەلە یەکەمینەکانی ڕشتەی شێخانی نەقشبەندی هەورامانن، ناکرێت باس لەو مێژووە بکرێت و ئاوڕ لەو شێخانە نەدرێتەوە لەوانەش:-

**یەکەم: شێخ عوسمان سیراجەدینی یەکەم (١٧٨١- ١٨٦٧):-**

ناوی تەواوی (عوسمان کوڕی خالید ئاغا کوڕی عەبدوڵڵا ئاغا کوڕی سەید محەممەد کوڕی سەید دەروێش کوڕی سەید موشریف کوڕی سەید جومعە کوڕی سەید زاهیر)ە. لە (تەوێڵە) لەساڵی (١٧٨١) لەدایک بووە[٢]. نازناوی (سیراجەدین)ە، سەرچاوەی ئەو نازناوەش وەک باس دەکرێت شا (عەبدوڵڵای دەهلەوی) بووە، لە سەر پەراوێزی ئەو قورئانەی بە دیاری بۆی ناردووە، ئەو نازناوەی بۆ نووسیوە[٣]. بنەماڵەکەیان لە (تەوێڵە)دا بە کوێخاگەری هێناویانە، کە پێگەیەکی سەرووتر لە پێگەی ئاسایی خەڵکە گشتییەکە بووە، تاوەکو گەیشتووەتە شێخی ناوبراو. باوکی شێخ (عوسمان) کەسێکی قاڵبووی ناو دینداری نەبووە، بەڵکو نزیك لە دەسەڵاتداران و دەربار بووە، هەربەوهۆیەشە وە گوندی (تەوێڵە)ی بەهاوکاری دەسەڵاتدارانی هاوچەرخی خۆی خستووەتە ژێر ڕکێفییەوە[٤].

شێخ هەشت برای هەبووە[٥]. دیدگای جیاواز بۆ ڕوانینە ژیان، پەیوەندییەکانی (سیراجەدین) و باوکی تێکدا، ئەوەش دۆخێکی ئاسایی بوو لە نێوان دونیا ویستێکی پاوانخواز و سۆفیزمێکی پشت لەدونیا، بەو هۆیەوە شێخ (عوسمان) جێگای گرنگی پێدانی باوکی نەبوو، ئەو ناکۆکیانە گەیشتنە ئاستێک بەپێی گێڕانەوەی سەید(تاهیری هاشمی) لەکاتی سەردانی مەولانا بۆ هەورامان و دیداری لەگەڵ (خالید بەگ)ی باوکی شێخ، داوای بینینی کوڕەکانی دەکات، لەو کاتەدا شێخ (عوسمان) بۆ خوێندن لە بەغدا بووە، مەولانا هەواڵی بینینی ئەو کوڕەی دەپرسێت، (خالید بەگ) یش دەڵێت: "کوڕێکی گومڕاو دەربەدەرە بەکەڵکی بینینی تۆ نایەت"[٦]. سەرەنجام، مەولانا لە بەغدا دەیبینێت و لە تەمەنی (٣١) ساڵیدا دەبێتە موریدی مەولانا[٧]. بۆ ماوەی (١٠) ساڵ یاوەری شێخەکەی دەکات، پێش ئەوەی لە ساڵی (١٨٢٠) بگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی و یەکێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی بڵاوکردنەوەی خالیدییەی لە کوردستان کردەوە[٨].

شێخ (عوسمان سیراجەدین)ی نەقشبەندی یەکێک بووە لە جێنشینە بەناوبانگەکانی (مەولانا خالید) و بە یەکێک لە گەورە پێشکەشکارەکانی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستان دادەنرێت. (عوسمان سیراجەدین) ئەو خەلیفەیە بوو کە (مەولانا خالید) بۆ پەرەپێدانی تەریقەتی نەقشبەندی متمانەی پێدابوو،

---

[١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ ئاوات نەقشبەندی) سەرچاوەی پێشوو.
[٢] سەید عەبدالرحیم مەولەوی: عەقیدەی مرضیة...، ل ٥٧٥.
[٣] عەبدوڕەزاق عەبدوڕەحمان محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢٤.
[٤] سەید تاهیری هاشمی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥.
[٥] هادی بەهمەنی: پەیامی هەورامان، چ١، چاپخانەی ژین، هەولێر،٢٠٠١، ل ٤٣٥.
[٦] سەید تاهیری هاشمی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٦.
[٧] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب٢، ل١٣.
[٨] Michel Chodkiewicz :ipd ،P١٠٢

له هەورامانەوە تاوەکو کەرکوک و دیاربەکر[1]. بێگومان بەهەبوونی شێخەکانیتری تەریقەتی قادریش لەوناوچانەدا، پاش بوونە خەلیفەی مەولانا و گەڕانەوە بۆ زێدی خۆی، لە بنیاتنانی شوێنێک بۆ بانگەشەکانی، پێویستی بە سەرچاوەی مادی بوو، بەڵام لە ڕووی مادییەوە خاوەن موڵک و ماڵێک نەبووە، بەهۆی ناجۆری پەیوەندییەکانی لەگەڵ باوك و موڵك و ماڵەکانی باوکی گومان لە سەرچاوە دارییەکانی باوک و براکانیشی لە تێڕوانینی سۆفیزمانەوە نەیویستووە سوود لە پارەی ئەوان وەربگرێت.

بۆیە پەنا بۆ قەرزی یەکێک لە موریدانی دەبات، بە ناوی شێخ (حوسێن) و داوا دەکات بڕی (٢٥قران)ی[2] بۆ بنێرێت، چونکە پێویستی پێیەتی و ناتوانێت دابینی بکا[3]. لەسەرەتادا شێخ (عوسمان) ویستوویەتی لە گوندی (گوڵپ) خانەقا بکاتەوە، بەڵام مەولانای مامۆستاو ڕێبەری، ئەو گوندە بەباش نازانێت بۆ خانەقا و داوای لێدەکات لە (تەوێڵە) بیکاتەوە، بەوەش (تەوێڵە) دەبێتە خاڵی دەستپێکی خانەقای نەقشبەندییان لە هەورامان[4]. کاریگەری خانەقاکان لە ڕۆژگاری خۆیدا زۆر دیاربووە، بە تایبەتی لە ناو کوردەکاندا کاریگەرییەکە زیاتر بووە، چونکە پەیوەست بوونە ئاینییەکان لە ناو ڕچە سۆفیگەرییەکاندا ئاسانترە وەك لە دینداری سونەتی[5]. شێخی ناوبراو لە تەمەنی (٣٣) ساڵیدا ژیانی خێزانی پێکەوە دەنێت و لەماوەی ژیانیدا (١٨) ژنی هێناوە، نەوەکانیشی بە گشتی (٦) کوڕ و (١٧) کچ بوون[6]. پاش بەسەربردنی (٥٣) ساڵ[7]. لە ڕێنمونی و شێخایەتی، بەهۆی دووچار بوون بەپیری و پەککەوتەیی جەستەیی لەتەمەنی (٨٨) ساڵی و لە ساڵی (١٨٦٧) کۆچی دوایی کرد[8]. لەناو باخچەکەی خۆیدا لە (تەوێڵە) ئەسپاردەکرا[9]. بەهۆی کاریگەری و ناوباگی ئەم شێخەوە لە کاتی مردنیدا شێخ (عوبەیدوڵڵای شەمزینان کوڕی شێخ تەهای نەهری) لە باکوری کوردستان نامەی هاوخەمی خۆی بۆ شێخ (محەممەد بەهائەدین)ی کوڕی ناردووە[10].

**دووەم: محەممەد بەهائەدین (١٨٣٦ـ ١٨٨١):-**

ناوی (محەممەد)ە دووەم شێخی تەریقەتی نەقشبەندییە لە هەورامان لە پاش شێخ (عوسمان سیراجەدین) لە (١٨٣٦)[11]. لە تەوێڵە لەدایک بووە[1]. نازناوی (بەهائەدین)ە[2]. بە کوڕی گەورەی

---

(١) محی الدين امجدی و عبدالله طلوعی آذر: مکتوبات فارسي مولانا خالد نقشبندی و نقش آن در گسترش زبان و ادبيات فارسي در خارج از مرزهای ايران، مقاله پژوهشی انتشارات دانشگاه، علامه طباطبائی، دوره ٢٧، شماره ٩٦، تابستان ١٤٠٢هـ، ص ١٧، ١٨.

(٢) دراوێکی زیوییە، لە ئێران بە کارهاتووە ماوەی نێوان ساڵانی (١٨٢٥-١٩٣٢)، لە ڕووی بەهای دراوییەوە هاوتایە بە بیست تومەن یان چوار قرش، ئەویش دوو جۆە قرانی کانزایی کە شێوە بازنە و بە قرانی چەرخ ناسراوە، بەڵام شێوەکەیتری کە بازنەیی نییە، بە قرانی (ئەبودبیلە) ناسراوە، لەو دراوە ئێرانیانەیە کە لەپاش بیستەکانی سەدەی ڕابووردوو ڕەواجی هەبووە. ( بڕوانە// مؤمن منصور فنون: ماهي العملة المستخدمة فی ايران ١٩/يونيو/٢٠١٩. https://mawdoo٣.com/ ، سەردانیکردنی ٢٠٢٢/٣/٢).

(٣) عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد ئاوایی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤.

(٤) ئیبراهیم میکەعەلی: ڕۆژنامەی خورماڵ، ژ(٨)، ساڵی یەکەم٢٠٠٥/٨/١، ل٧.

(٥) عباس العزاوی: خلفاء موالنا خالد، مجلة المجمع العلمي الكردي، بغداد ١٩٧٤، ص١٩٨.

(٦) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب٢، ل٣١.

(٧) محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب٢، ل٤٣٦.

(٨) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب١، ل٣٥.

(٩) الشيخ عبدالكريم محمد المدرس: علمأنا فی خدمة...، ص٣٩٠.

(١٠) ئەمیر وەزیری: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٢. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١)

(١١) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: باوەشێنی دڵ، پێداچوونەوە و ئامادەکردنی پ.د عیرفان ڕەشید شەریف، چ١، نووسینگەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠٢٢، ل١٣٣.

شێخی (سیراجەدین) ناوبراوە، چونکە لەو کوڕانەی لەو کاتەدا لە ژیاندا بوون ئەو گەورەترینیان بووە. لە (تەوێڵە) لای مەلایانی دەوروبەری باوکی وەک مەلا (مەحمودی دشەیی و حامیدی کاتب) زۆرێک لە کتێبەکانی حوجرەیی تەواو کردووە[٣]. هیچ ئاماژەیەک بەردەست نەکەوتووە، کە شێخی ناوبراو مۆڵەتی مەلایەتی وەک هەر مەلایەکی ئاسایی ئەوەی پێی دەگوترێت (دوازدە عیلم) وەرگرتبێت، بەوەشدا ئاستی زانستی لەخوار ئاستی زانستی مەلایەکی پێ گەیشتووی ناو زانستە ئیسلامی و شەرعییەکان بووە.

دیاریکردنی دوو کەس بۆ جێگرتنەوەی شێخی (سیراجەدین) بە پێی گێڕانەوەی کتێبی (بارقات السرور) بۆ ئەوە بوو کە شێخ دڵی موریدانی ڕازی بکات، کە هەندێکیان (محەممەد)و هەندێکی تریان (عەبدوڕەحمان)یان لاپەسەند بوو[٤]. واتە هەڵبژاردنەکە بە قەدەر ئەوەی ڕازیکردنی دڵی موریدانی بووە، پێش چاوخستنی بنەماکانی تەریقەتی تێدا ڕەچاو نەکراوە.

بەرامبەر بە ڕەزامەندی زۆرینەیەکی ڕەها لە ئاست ئەو پرۆسەیە، دەنگی ناڕەزاییش هەبووە، وەک (مەلا عوسمانی کانی کەوەیی) لە سلێمانی کە خەلیفەی (سیراجەدین) بووە، کاتێک شێخی نوێ ویستوویەتی ئازاری بدات، بەهۆی ئەو هەڵوێستەیەوە، گوایە لە جیهانی مەعنەویدا باوکی داوای لێکردووە بیبووڕێت، چونکە خزمەتی زۆرە[٥]. شێخی جێنشین بەچەشنێکی ژیرانە توانیویەتی ئەم هەڵوێستی دژبەرییە بۆ سودی خۆی بەکار بهێنێت و وابکات لە دوولایەنەوە بە سوودی خۆی بیقۆزێتەوە، بۆیە ئەتوانین بێژین، ئەم ڕووداوە بانگەشەیەکی باش و گونجاو بووە بۆ پێگەی شێخایەتی و لەهەمان کاتدا کەسێتی شێخی ناوبراویش، چونکە دەست و پەیوەند و موریدان بەم بانگەشەیە بڕوایان بە پێگەی شێخایەتی زیاتر دەبوو، ئەم شێخە بەوەی لەلایەن شێخی باوکەوە پشتیوانی لێدەکرێت و خزمەتکردنیشیان بەم شێخە تازەیە مایەی ڕەزامەندی شێخە پێشینەکەیانە، کە لە جیهانی مەعنەویدا ئاگای لە موریدانێتی و بۆ خزمەتە کانیان بەوەفایە.

شێخ (یووسف بورهان)یش لە ناوچەی موکریان بەو شوێنگرتنەوەیە ڕازی نەبووە و پەیمانی بۆ شێخی تازە (محەممەد بەهائەدین) نوێ نەکردووەتەوە، خۆی وەک خەلیفەی شێخی کۆچکردوو ڕۆڵی شێخایەتی گێڕاوە و شێخایەتی کردووە[٦]. هەرچەند خەلیفەکانی شێخ (عوسمان سیراجەدینی یەکەم) مەلای پێگەشتوو خاوەن توانستی زانستی زۆری تێدا بووە، بە پێی ڕێوڕەسمی نەقشبەندیش دەبوو بە تواناترین خەلیفەکانی شێخ ببنە شێخ، نەک کوڕە تازە پێگەیشتووەکەی، بەڵام ئەو بە شێخی جێنشین قبوولکرا. تەنانەت هەریەک لە مەلای (ئیبن قەرەداغی)[٧] و شێخ (ئەمینی خاڵ)[١] کە دوو زانای

---

(١) یاسین صابر صالح: ئینسکۆپیدیای گشتی. ب٣. چ٢، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٦٣٤.

(٢) سەید عبدالرحیم مەولەوی: عقیدة مرضیە...، ل٥٨٣.

(٣) محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب٢، ل٢٤٠.

(٤) سەید تاهیری هاشمی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٨.

(٥) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس:باوەشێنی دڵ، ل١٣٣.

(٦) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ ئاوات نەقشبەندی) سەرچاوەی پێشوو.

(٧) کوڕی شێخ محەمەد ئەمین کوڕی شێخ مارف کوڕی عومەر (هۆمەر) کوڕی شێخ (عەبدولەتیفی گەورەی مەردۆخی) قەرەداغییە. لە ساڵی (١٨٨٦) لە سلێمانی لەدایك بووە، لەخێزانێکی خاوەن زانست، خوێندنی لای مەیانی ناوداری ئەوکات تەواوکردووە، لای مەلا شێخ (نەجیبی) قەرەداغی مۆڵەتی مەلایانی وەرگرتووە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی کراوەتە مامۆستا لە خانەقای مەولانا خالید لە سلێمانی لە قوتابییەدیارەکانی مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس و شێخی خاڵ بووە، ژمارەیەك دانراوی زانستی و حاشیەی لەسەر کتێبەکان هەیە،

سەردەمی خۆیان بوون بوونە خەلیفەی ناوبراو متمانەیان بە توانستی ڕۆحی ئەم شێخە لە ڕێنمونی وشێخایەتیدا هەبووە[٢]. شێخ بۆ ئەنجامدانی فەریزەی حەج چووەتە سەردانیماڵی خودا و لەوێشەوە چووەتە میسر و سەردانی زانکۆی (ئەزهەر)ی کردووە. پاشان چووەتە (شام) و لەوێشەوە بۆ (سلێمان)ی و (تەوێڵە)[٣]. یەکێک لە کارەکانی پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ شێخە قادرییەکان بوو، پێچەوانەی سەردەمی (مەولانا) ژن و ژنخوازی لەگەڵیاندا کرد و کچی شێخێکی قادری خواست، ڕێنماییدا بە موریدانی کە نابێت جیاوازی بکەن، چونکە ئەو خۆی بە خزمەتکاری ئەو ڕێبازە زانیووە[٤]. کارێکی تری گرنگیدان بوو بە خانەقای (تەوێڵە) و گەورە کردنی[٥]. لە ژیانی خێزانیدا (٦) ژنی هێناوە و (٥) کوڕی بووە[٦]. پاش (١٥) ساڵ لە کاری شێخایەتی و ئیرشاد لە ڕۆژی هەینی و لە ساڵی (١٨٨١)، لە تەمەنی (٤٦) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد[٧]. بەمردنی شێخ (محەممەد بەهائەدین) بۆ یەکەمجار دابەشبوون لە ناو بنەماڵەی (سیراجەدین)دا دروست بوو، لەسەر جێگرتنەوەی شێخایەتی و خێزانەکە بوونە دوو بەرە، بەرەی (زیائی) کە ئاماژە بوو بە شێخ (عومەرزیائەدین)ی کوڕی شێخی کۆچکردوو، بەرەی (حیسامی) وەك ئاماژە بە شێخ (حیسامەدین)ی کوڕی شێخی دامەزرێنەر[٨]. واتە ناکۆکییەکە لە نێوان مام و برازادا بوو.

**سێیەم: عەبدوڕحمان ئەبوولوەفا (١٨٣٧- ١٨٦٨):-**

عەبدوڕەحمان ئەبوولوەفا دووەم کوڕی شێخ (عوسمان سیراجەدین) و مۆڵەتنامەی شێخایەتی هەبووە. لە (١٨٣٧) لە (تەوێڵە) لەدایک بووە، لای مەلاکانی خانەقا لە (تەوێڵە) خوێندوویەتی، باوکی مۆڵەتی ئیرشادی پێداوە. پاش کۆچی باوکی بە ماوەیەکی کەم دەچێتە بەغدا[٩]. گەشتی بەغدای (ئەبوولوەفا) بەهۆی بوونی هەندێک دەنگۆ بوو لەناو خەڵکدا، گوایە دەیەوێت کێبڕکێی شێخ (محەممەد بەهائەدین)ی برای بکات، لە کاتێکدا بە پێی نووسراوی وەسێتنامەی باوکیان دەبوو پێکەوە کار بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو تەریقەتە بکەن، دایکی ئەم شێخە برازای (مەولانا خالید)ی نەقشبەندی بووە. وەک بڵێیت میراتی شێخایەتی نەک بۆخودی مەولانا نەمایەوە، بەڵکو بۆ ئەوانەش نەمایەوە کە پەیوەست بوونێکی خێزانیان بە مەولاناوە هەبووە[١٠]. لە ساڵی (١٨٦٨)و لە تەمەنی (٣٢) ساڵیدا

---

لە ساڵی(١٩٣٦) و لەتەمەنی ٥٣ساڵیدا لە سلێمانی کۆچی دوایکردووە. (بڕوانە// شێخ محەممەدی خاڵ: ناڵەی دەروون، ب٢، ل٣٠٢).

(١) ئەم کەسایەتییە کوڕی شێخ موحەممەدی خاڵ کوڕی مەلا ئیسماعیل کوڕی مەلا مستەفا مەلا شەمسودینە، لە نەوەی مەلا ئەبوبەکری موسەنیفی چۆڕە.لە (١٨٤٣) لە سلێمانی لە دایك بووە، پاش تەواوکردنی خوێندنی حوجرەیی بووەتە مەلا، پەیوەندی لەگەڵ شێخانی هەورامان دەبەستێت و لەسەر دەستی شێخ (محەممەد بەهائەدین) تەریقەتی نەقشبەندی وەردەگرێت و پاش بوونە خەلیفە و گەڕانەوەی بۆ سلێمانی سەرقاڵی ووتنەوەی وانە ئاینییەکان دەبێت و تا لە (١٩٣١) کۆچی دوایی دەکات. (بۆ زیاتر بڕوانە// شێخ محەممەدی خاڵ: ناڵەی دەروون، ب٢، ل٢٦١).

(٢) محمد امین زکی بگ: تاریخ السلیمانیة و انحائها، ت. وتعلیق محمد جمیل بند الروژبیانی، ط٢، مطبعة وزارة الثقافة، السلیمانیە. ١٩٥١، ص٢٥٢.

(٣) عەبدوڵلا مەلا ئەحمەد ئەحمەد ئاوایی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١.

(٤) فەرهاد شاکەلی: (تەسەوف وەک ...)، ل٢٣٨،٢٣٩.

(٥) ئەمیر وەزیری: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٨.

(٦) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب٢، ل٨٤،٨٢.

(٧) محمد امین زکی بگ: تاریخ السلیمانیة ...، ص٢٣٠.

(٨) ئەمیر وەزیری: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٤.

(٩) محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب٢، ل٤٤٣.

(١٠) عەبدوڕەزاق عەبدو ڕەحمان محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧٣.

کۆچی دوایی دەکات و لە مەزاری گەیلانی لە بەغدا ئەسپاردە دەکرێت، خاوەن دیوانێکی شیعرییە بە زمانی فارسی[١].

**چوارەم: شێخ عومەر زیائەدین (١٨٣٩-١٩٠٠):-**

کوڕی سێیەمی شێخ (عوسمان سیراجەدین)ە و لە (تەوێڵە) لە ساڵی (١٨٣٩) لەدایک بووە[٢]. وەک شێخ زادەیەک دەخرێتە بەر خوێندن، لای مامۆستایانی خانەقا فێری خوێندن و نووسین بووە[٣]. پاشان دەنێرێتە کەرکووک بۆ ناو شێخانی (تاڵەبان)، تاوەکو لای شێخێکی کاریگەری قادری ڕابهێنرێت[٤]. لە هەمانکاتدا ئەو ناردنە دەکرێت، وەک هەوڵێکی باوکیی بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندی تەریقەتەکانی قادری و نەقشبەندی تەماشا بکرێت. ڕەنگە لەژێر ئەو کاریگەریانەی تەریقەتی قادریشدا بێت، بۆ یەکەمجار شێوازی زیکری ئاشکرای هێناوەتە ناو کۆڕی زیکری نەقشبەندییانی هەورامان[٥]. مۆڵەتنامەی خەلافەتی بە فەرمانی باوکی و لەسەر دەستی شێخ (محەممەد بەهائەدین)ی برای وەرگرتووە[٦]. ساڵی (١٨٨٣) شێخ (عومەر) لە (تەوێڵە)وە دەچێتە (بیارە) و لەوێ نیشتەجێ دەبێت. ئەم شێخە بۆ ئیرشاد زۆربەی ناوچەکانی گەرمیان ڕۆیشتووە و خانەقای تێیاندا کردووەتەوە. کردنەوەی خانەقا لەهەر جێگایەک لەلایەن شێخانی نەقشبەندییەوە لەسەر بنەمای بوونی موریدان و شوێن کەوتووانی ئەو ڕێبازە لەو جێگایەدا بووە[٧].

سەردەمی شێخ (عومەر) سەردەمی گەشەکردنی تەریقەتی نەقشبەندی لە ناوچەکانی دەوروبەردا بووە، لە ڕێگەی کردنەوەی خانەقا لە دەرەوەی هەورامان[٨]. ئەم شێخە لە بابەتی شێخایەتی و بەدەمەوە چوونی مەلا و فەقێ، لەهەموو شێخانی نەقشبەندی (تەوێڵە) لەبارتر و بەجێتر بوو[٩]. جگە لەوەش، لە پاش سەردانی بۆ زانکۆی (ئەزهەر) لەڕێگەی شێخ (محەممەد کوڕی شێخ فەتحوڵڵای ئەربیلی)[١٠]. کاری بۆ بڵاوکردنەی تەریقەتەکە لە کیشوەری ئەفریقا کردووە، بەهۆی شێخ (عومەر)ەوە لەو کاتانەدا خانەقای (بیارە) وەک ناوەندێکی زانستی گەورە خەڵک لە هەموو لایەکەوە ڕووی لێدەنا، ئەو نەریتەش تاوەکو کۆچی دوایی شێخ (عەلائەدین)ی بیارە بەردەوام بوو[١١]. ئەم شێخە دۆستێکی باشی خوێندن و کتێب بووە بۆ خزمەتی فەقێ و خوێندکاران، لەو ڕۆژگارەدا نانەواخانەیەکی کردووەتەوە و نانی بە خۆڕایی بە فەقێ و تەنانەت ڕێبوارانیش داوە[١٢]. پێگەی

---

(١) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب٢، ل١٠٥،١٠٣.

(٢) عەبدوڵلا مەلا ئەحمەد ئەحمەد ئاوایی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٨.

(٣) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب٢، ل ١٥١.

(٤) Michel Chodkiewicz : ipd،P١٠٢

(٥) فەرهاد شاکەلی: تەسەوف وەک ... ، ل٢٥٩.

(٦) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: باوەشێنی دڵ، ل١٤٧.

(٧) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ ئاوات نەقشبەندی) سەرچاوەی پێشوو.

(٨) فەرهاد شاکەلی: شێخانی نەقشبەندی ... ،ل٧٣. بروانە پاشکۆی ژمارە(٢).

(٩) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: دیوانی مەولەوی، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٦٤٠.

(١٠) لە زانا دیارەکانی هەولێرە، ساڵی (١٨٥٣) لە دایک بووە، ماوەی دە ساڵ لە شاری مەدینە سەرقاڵی وانە گوتنەوە بووە، پاشان دەچێتە میسر. دەبێتە مامۆستا لە ناوەندی زانستی ئەزهەر و کار بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو تەریقەتە دەکاتلە (سەدەی ١٩ز)دا. (بۆ زیاتر بڕوانە هەریەك لە // ئەمیر وەزیری: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٥).

(١١) ئەیووب ڕۆستەم: هەورامان لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی کولتوورییە، ب١، چ١، چاپخانەی قانع،٢٠٠٤، ل١٦٨.

(١٢) عەبدوڵلا مەلا ئەحمەد ئەحمەد ئاوایی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٩.

زانست خوازانی ئاینی لە شوێنکەوتوانی تەریقەت و سۆفییەکان لا گەورەتر بووە، بۆیە لە گلەیی هەندێک لە مورید و سۆفییان لە دەنگی بەرزی فەقێیان لەکاتی کۆشش(سعی) کردندا، ئەو بەئاشکرا دەڵێت: "ئەوەی ئەو دەنگەی پێ ناخۆشە با لێرە بڕوا"[١]. بۆ خزمەت گەیاندنی زیاتر لەو بوارەوە لە هەوڵی پەیداکردنی مەلای بە توانادا بووە، بەو هۆیەشەوە ناردبووی بە دوای مەلا (عەبدولقادری کانی کەوە)یی (١٨٦٣-١٩١٩) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کچێکی خۆشی لێمارە کرد[٢]. لە دامەزراندنی کتێبخانەی گەورەی خانەقای (بیارە) ڕۆڵی سەرەکی هەبووە، نازناوی شیعری (فەوزی) هەیە و یەکەمین کەسیشە لە ناو بنەماڵەی شێخانی هەوراماندا شیعری بە شێوەزاری سۆرانی نووسیبێت، لە کۆی نامەکانی شێخانی (بیارە)دا، نامە و نووسراوەکانی ئەم شێخە لە هەمووان فرە لایەنترن لە هەندێک لە نامەکانیدا باس لە فەنا بوون دەکات[٣]. لە ماوەی ژیانێکی (٦١)ساڵیدا (١٢) ژنی لە شێخ زادە و بەگ و سەییدەکان هێناوە، ئەنجامی ئەوەش (٩) کوڕ و چەند کچێکی هەبوون[٤]. لە (١٩٠٠) لە تەمەنی (٦١) ساڵیدا، کۆچی دوایی کرد[٥].

**پێنجەم: شێخ محەممەد عەلی حیسامەدین (١٨٦٢- ١٩٣٩):-**

ناوی (محەممەد عەلی حیسامەدین، کوڕی شێخ محەممەد بەهائەدین کوڕی شێخ عوسمان سیراجەدین)ە، ساڵی (١٨٦٢) لە (تەوێڵە) لەدایک بووە[٦]. ئەم شێخە لە تەمەنێکی منداڵیدا بووە، باوکی کۆچی دوایی کردووە و شێخ (ئەحمەد شەمسەدین)ی مامی ئەرکی سەرپەرشتی و ڕێنوێنیکردنی گرتووەتە ئەستۆ[٧]. لە ڕووی جەماوەرییبوونی پێگەکەی و دەستبڵاوی لە خزمەت کردندا، بە دیارترین نەوەی شێخ (محەممەد بەهادین) دادەنرێت، موریدانی باوکی زۆریان خۆشویستووە[٨]. پێگەی مەعنەوی ئەم شێخە وایکردووە لە ناوچە جوداکانەوە وەك (شام، ئەستەمبوڵ، حەلەب) خەڵك سەردانی بکەن[٩]. (ئەدمۆندز) دەڵێت:" بەناوبانگترین شێخی نەقشبەندی سییانن، سەید ئەحمەدی خانەقا لە کەرکوک، شێخ حیسامەدین و شێخ عەلائەدین لە هەورامان. ئەم دوانەیان (حیسامەدین و عەلائەدین) لایەنگرییان لە ئێران زیاترە وەک لە عێراق"[١٠].

جودا لە شێخەکانیتری هەورامان، شێوەی زیکری تەریقەتی قادریی هێناوەتە ناو کۆڕی زیکری موریدانی، هۆکاری ئەوەش بۆ ئەو ململانێ خێزانییە دەگەڕایەوە کە لەناو خانەوادەی شێخانی هەوراماندا هەبووە لەوکاتەدا، بەڵام ئەو کارەشی لادان نەبووە لە تەریقەتی نەقشبەندی، بەڵکو شێخانی هەورامان وەک خەلیفەی مەولانا مۆڵەتدراوی قادریش بوون. بۆیە هەندێک لە سیماکانی زیکری قادری لە سەردەمی ئەم شێخەدا تێکەڵ بە زیکری سۆفییانی نەقشبەندی کراوە، ئەوەش بۆ جیاکاری لە شێخ (عەلائەدین) و بیارە بووە، زیاتر گرنگیدان بەو زیکرە ئاشکرایانە لەلایەن شێخ (حیسامەدین) و نەوەکانییەوە بۆ ئەوە بووە، کە وەک (بیارە) پێگەشتوویی زانستیان لە حوجرە و

---

[١] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب٢، ل١٥١.
[٢] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: باوەشێنی دڵ، ل١٥٠
[٣] فەرهاد شاکەلی: تەسەوف وەک .... ، ل٢٦١.
[٤] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب٢، ل١٥٤.
[٥] عەبدوڕەزاق عەبدوڕەحمان محەممەد: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧٦.
[٦] ئەیووب ڕۆستەم: هەورامان لێکۆڵینەوەیەکی...، ب١، ل١٦٤.
[٧] ئەمیر وەزیری: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٥.
[٨] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: باوەشێنی دڵ، ل٤١٢.
[٩] عەبدوڵلا مەلا ئەحمەد ئەحمەد ئاوایی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٩.
[١٠] ئیدمۆندز: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٦.

خانەقادا لە ئاستێکی باڵادا نەبووە، بۆیە بەو کارە ڕووکارییانە هەوڵی پڕکردنەوەی دراوە[١]. بەڵام لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا کە مێژووەکەی بۆ (١٨٩٤) دەگەڕێتەوە کاربەدەستانی سەنجەقی سلێمانی بەبێ داخوازی نامەی شێخ (حیسامەدین) بۆ هاوکاریکردنی، جەختیان لە نوسراوی دووساڵ پێشتری خۆیان کە لە(١٨٩٢) کردوەتەوە، کە ئاراستەی ویلایەتی موسڵکراوە بەمەبەستی دابینکردنی بڕە موچەیەك بۆ حوجرە و خانەقای شێخ (حیسامەدین) کە لەو نوسراوەدا بە (تەکیە) ناوی هاتووە، لە پای ئەو خزمەتانەی بە هەژاران و زانست خوازان کردویەتی[٢].

پێچەوانەی باوکی، شێخ (حیسامەدین) خۆی لەو خۆگرتنەوە(تقشف)ە دونیاییەدا نەهێشتەوە و گرنگی زۆری بە ژیانی دونیایی خۆی دەدا لە خانوبەرە و موڵک وماڵدا، بەتایبەتی پاش بەجێهێنانی فەریزەی حەج لە ( ١٨٧٤) و دەرچوونی یاسای تاپۆ لە دەوڵەتی عوسمانیدا کە شێخ و بەگزادەکانی جاف کەوتنە تاپۆکردنی زەوی وزار لەسەر خۆیان، بۆیە شێخیش زەوییەکانی سەروو جۆگەی (دەڵێن)ی لەسەر خۆی تاپۆکرد، ئەم نەریتی تاپۆکردنە لەسەردەمی شێخ (محەممەد بەهادین)ەوە دەستی پێکردبوو، هەریەك لە شێخ (ئەحمەد، عەلائەدین، حیسامەدین)یش هەمان ڕێچکەیان گرتبوو، هەرچەندە لەناو مەلاکانی ئەو دەمەدا ئەو تاپۆکردنانە جێگای مشتومڕ بوو لەڕووی شەرعییەوە و هەندێکیان بە نادروستیان دەزانی[٣]. ئەگەرچی بەشێك لە سەروەتمەندی ئەم شێخە پەیوەستدەکرێتەوە بە موڵکەکانی باوکیەوە[٤]. زەوی تاپۆکراو لەسەر شێخەکان زۆرجار بووەتە هۆکاری شەڕوو ئاژاوە بەتایبەتی سەرچاوە ئاوییەکانی ناوچەکە کە بەشی زۆری لەسەر شێخ (ئەحمەد) تاپۆکرابوون و پاش خۆی هۆکارێك بوو بۆ شەڕی (تەپی تەلەوەر) لەساڵی(١٩٣٤)دا لە نێوان خانەکانی (دزڵی) و سانی (لهۆن)دا[٥]. بەڵام شێخ (موعتەسەم حیسامی) کوڕی شێخ (حیسامەدین) لە زمانی باوکییەوە دەگێڕێتەوە، کاتێک باپیری واتە شێخ (محەممەد بەهائەدین) کۆچی دوایی کردووە، شێخ (حیسامەدین) یەک پەرداخی لە موڵکی باوکی نەبووە، تەنیا گوندی (نوێن)یان هەبووە، کە موڵکی باپیریان بووە، شێخ (حیسامەدین) بەشی براکانی کڕیووەتەوە، لەگەڵ ئەو زەوی و باخانەی کە مورید و خۆشەویستانی شێخ وەك دیاری پێیان بەخشی بوو[٦]. شێخەکان ڕێگای جۆراوجۆریان بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن بەکارهێناوە[٧]. (شاکرفەتاح) دەڵێت:"شێخ حیسامەدین لە بەشی زۆری دێهاتەکانی هەورامانی هەردوو دیو لە سنە و سابلاغ بەشی هەیە، زۆری داوە بە سەرکار و باخەوانەکان بۆی بەرهەم بهێنن، زۆرجار گوتوویەتی قەیناکا با بە دزییەوە بیخۆن، ئەوەی من هەمە هی کێیە؟ مەگەر هی خۆیان نییە"[٨].

جیاواز لەگەڵ ئەو گرنگیدانە بە دونیا، بەڵام ئامادە نەبوو، پارە لە بەرپرسانی سیاسیی و کاربەدەستانی ڕۆژگار وەربگرێت، لەم بارەیەوە (ئەدمۆندز) دەڵێت: "حیسامەدین پیاوێکی قورس و

---

[١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ ئاوات نەقشبەندی) سەرچاوەی پێشوو.

[٢] نەوزاد یەحیا باجگر(د): سلێمانی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا١٨٤٨-١٩١٨ز، و.ئاشتی ڕەحمان، ب٩، چ١، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهان، هەولێر، ٢٠١٩، ل١٩٤.

[٣] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان،ب٢، ل٨٤،٨٥.

[٤] عەبدوڵلا مەلا ئەحمەد ئەحمەد ئاوایی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٧.

[٥] ئیبراهیم حاجی زەڵمی: لە لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆ ئەنسرۆپۆلۆژیدا مێژووی خورماڵ دەنوسمەوە، ڕۆژنامەی خورماڵ، ژ (٤٢)، ٢٠٠٨/٨/١، ل٧.

[٦] سامی دهقانی: سراج السالکین. ج ١، چ١، انتشارات علمی کالج، ایران، ١٣٩٣، ص١٠٩.

[٧] أ.م. مینتیشا شڤیلی: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩.

[٨] شاکر فەتاح: گەشتی هەڵەبجە و هەورامان، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧٣، ل٣٣.

بە شەخسییەت بوو، بە درێژایی تەمەنی قایل نەبوو تەنیا یەک (ڕوپییە)[١] لە حکومەتی بەریتانیا وەربگرێت"[٢]. بۆ عێراقیش بە هەمان شێوە[٣]. جگە لەوەی وەك شێخێکی تەریقەت ڕایەڵە کۆمەڵایەتیەکانی گەشە پێدەدا، پەیوەندی و نامەنووسی زۆریشی لەگەڵ فەرمانڕەوایانی ڕۆژگاری خۆیدا هەبووە[٤]. بەجۆرێك زۆرترین کاری لەسەر نامەنووسین کردووە، نامەی زۆری ناردووە و نامەی زۆریشی بۆ هاتووە. بە تایبەتی لەلایەن سەرکردەکانەوە، وەک نامەکانی بۆ پاشاکانی عێراق، و (موزەفەرەدین) شای قاجار، (مستەفا کەمال) ئەتاتورک و (ڕەزا شا)ی پەهلەوی[٥].

جیاواز لە شێخەکانی پێش خۆی بەهۆی ڕوو لە دونیا بوونی هەر زوو لەگەڵ دەسەڵاتی دونیایی ناوچەکە (قادربەگ)، ڕووبەڕوو بوویەوە، (قادربەگ) بەگێکی خاوەن دەسەڵات و زۆر دەوڵەمەندی ناوچەی هەورامان بوو، هاتنی (قادربەگ) بۆ (تەوێڵە) لەسەر خواستی خەڵکەکەیی و بەداوای شێخ (نەجمەدین)بوو لەسەردەمی شێخایەتی خۆیدا، تاوەکو بەهۆی ئەوەوە لە پەلامارە بەردەوامەکانی لهۆنییەکان پارێزراوبن، ئەو بەگەش دۆخەکەی بەهەلزانی و کەوتە داگیرکردنی باخ و خانوو، پاشان هەوڵی دەدا دەست بەسەر زەوییەکانیتریشدا بگرێت، (قادربەگ) جگە لە پێگە ئابوورییەکەی و دوکان و خانووی گەورە لەهەورامان، کە وەك کەرەستەی ململانێ لەگەڵ شێخدا لێی دەڕوانرا، خواستی بوونە زاوای شێخ (حیسامەدین)یشی هەبووە، بەڵام شێخ بەو نزیکایەتیە ڕازی نەبوو، سەرەنجام ناکۆکییەکان بوونە هۆی خوێن ڕشتنی یەکێک لە سانەکان لەسەر دەستی (قادربەگ) کە دۆستی شێخ بوو، بەو هۆیەوە شێخ (حیسامەدین) (تەوێڵە) چۆڵکرد و چووە باخەکۆن[٦]. باخەکۆن بەرلەوەی شێخ (حیسامەدین) ڕووی تێبکات چۆڵ بووە، بەڵام شێخ (بەهادین)ی باوکی بە موڵکی خۆی داناوە و پاش ئەوە بووبە گوندێکی ئاوەدان، لە هەموو لایەکەوە دەهاتنە لای شێخ، ئەم شێخە کە لە باخەکۆنی هەورامان نیشتەجێ بوو، لە ڕێی شێخ (یووسف شەمسەدین)ەوە هەوڵی بڵاوکردنەوەی سۆفیگەری لە مەهاباد دا[٧]. دواجار و لە ساڵی(١٩٣٩) دا کۆچی دوایی کرد[٨]. هەرچەندە بۆ ساڵی مردنی لەسەر چاوەیتردا (١٩٣٨) دیاریکراوە[٩]. لەدوای خۆی (٤) کوڕ و(٥) کچی بەجێهێشتووە[١٠].

**شەشەم: شێخ محەممەد نەجمەدین (١٨٦٣- ١٩١٩):-**

ساڵی (١٨٦٣) لە (تەوێڵە) لەدایک بووە، لەگەڵ شێخ (عەلائەدین)ی برای هاوتەمەنن بەجیاوازی (٦) مانگ لەو شێخەی برای بچوکترە[١١]، لەدایکەوە جیاوازن. دایکی کچی (مەحموود)

---

[١] مێژووی ئەم دراوە دەگەڕێتەوە بۆ هندستان. بۆ دراوی کانزایی بەکارهاتووە، وشەی ڕوپییە سانسکریتیەو بە واتای زیوی سەرقاڵ، یان بە واتای مۆرکراو دێت لەسەرەتاو ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا ئەم دراوە لە زۆربەی ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیادابوون بەکارهاتووە. (بڕوانە// https://stringfixer.com/ar/Historyoftherupee) سەردانیکردنی ٢٠٢٢/٨/١٤).

[٢] کورد تورك ... ، ل١٩٩.

[٣] ئەیوب ڕۆستەم: هەورامان لێکۆڵینەوەیەکی .... ب١، ل١٦٨.

[٤] عەبدوڕەزاق عەبدو ڕەحمان محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦٩.

[٥] سامی دهقانی: منبع قبلی، ج١، ص١٣٣،١٣٤.

[٦] سیسل جۆن ئیدمۆندز: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٦ ، ٢١٦.

[٧] محەممەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب٢، ل٥٣٨،٥٤١،٥٤٢.

[٨] ئەمیر وەزیری: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٩.

[٩] موستەفا ئیبراهیم زەڵمی: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.

[١٠] ئەیوب ڕۆستەم: هەورامان لێکۆڵینەوەیەکی ...، ب١، ل١٦٦.

[١١] الشیخ محسن المفتي: خلوة السالکین وبهجة المتقین في حیاة ومناقب حضرة قطب العارفین الشیخ محمد علاءالدین النقشبندي العثماني، ج١،ط١، مطبعة کوردستان، اربیل، ٢٠١٦، ص١٤.

بەگی ساحیبقڕانە، لای شێخ (محەممەد بەهادین)ی مامی سەرەتاکانی ڕاهێنان و ڕێنوێنی وەرگرتووە، پاش مردنی مامی شێخ (محەممەد بەهائەدین) لەسەر دەستی باوکی شێخ (عومەر زیائەدین) مۆڵەتنامەی شێخایەتی پێدەدرێت[١]. بەر لە مردنی باوکی زۆربەی کاتەکانی لە دەرەوەی سنووری هەورامان بەسەر بردووە، بە تایبەتی لە ناوچەی (تاوگۆزی) و گوندەکانی (گمە و پشتە) بەکاری ڕێنوێنی سەرقاڵبووە[٢]. پاش مردنی باوکی بووە بە شێخی جێنشین[٣]. ئەو شوێنگرتنەوەیە بە ڕەزامەندی مەلایانی خانەقا و (عوسمان) پاشای جاف و قایمقامی قەزای گوڵعەنبەر(هەڵەبجە) بووە[٤]. لە ژیانیدا (٨) ژنی هێناوە و (١١) کوڕی هەبووە[٥]. زۆربەی ژنەکانی کچە بەگزادە و دەسەڵاتدار بوون، بە لێکدانەوەی مەلا (عەبدولکەریمی مودەڕیس) ئەو هەنگاوەی شێخ بۆ کەمکردنەوەی جەور و ستەمی ئەو بەگ و دەسەڵاتدارانە بووە[٦].

شێخ (نەجمەدین) ڕۆڵێکی زۆری لە چارەسەرکردنی گرفتی خوێن ڕشتن لەنێوان (لهۆنیەکان)دا بینی، بەهۆی کوشتنی (ئیبراهیم)ی موختاری (تەوێڵە)، لەسەر داوای ئەو شێخەش (قادر بەگی کوڕی جافرسان) دێتە تەوێڵە.[٧] بەگشتی ژنهێنان لای شێخەکانی نەقشبەندی هەورامان بۆ دروستکردنی پەیوەندی بووە لەگەڵ ئەو خانەوادە و خەڵکانەدا بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە کاریگەری لەسەریان دابنێن.[٨] بەڵام بە دیوێکی تردا ئەو جۆرە ژنهێنانانە دەچنە خانەی هاوسەرگیری سیاسییەوە، شێخ (نەجمەدین) ساڵی (١٩١٩) کۆچی دوایی کردووە.[٩] پاش مردنی  شێخ (نورەدین)ی کوڕی شوێنی دەگرێتەوە، بە ئامادەبوونی (مەلای قادری) مودەڕیسی بیارە و شێخ (بابا ڕەسووڵی بێدەنی ١٨٨٥-١٩٤٧) و بەگزادەکانی هەورامان و جاف لە شوێنی باوکی بە شێخی جێنشین دانرا.[١٠] بەپێی گێڕانەوەکان ئەم شێخە کەسێکی زانست دۆست و خاوەن زوهد و دونیا نەویست بووە، کاتێک عوسمانییەکان دەیانەوێت مووچەی مانگانەی بۆ ببڕنەوە، بۆئەوەی بۆ کاروباری خانەقا و بەڕێکردنی میوانەکانی بەکاری بهێنێت، ئەو ڕەتی دەکاتەوە. لەو نەریتەدا زیاتر شوێن پێی باوکی لە نزیکبوونەوە لە زانایان و ڕووناکبیران هەڵگرتبوو، نەک لایەنە سیاسی و ئاوەدانییەکەی کە لەو ڕووەوە باوکی لەپێشتر بووە.[١١] بە جۆرێک لە گواستنەوەی ئاکاری دونیا نەویستی و زوهددا کاریگەری لەسەر مەلایانی هاوڵی خۆشی هەبووە، لەوانە مامۆستا ڕەسووڵی بێدەنی[١٢]

---

[١] محەمەد ڕەووف تەوەککولی: منبع قبلی ، ص٢٨٣.
[٢] عەبدوڵلا مەلا ئەحمەد ئەحمەد ئاوایی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٩.
[٣] محمد نجم الدین النقشبندی: شێخ نەجمەدین نەقشبەندی ڕێبەری تەریقەتی نەقشبەندی لە بیارە و ڕۆڵی لە بەرگریکردن لە کوردستاندا، گۆڤاری کاروان، ژ (١٤٥)،هەولێر، ٢٠٠٠، ل١٩،٢١.
[٤] عەبدوڵلا مەلا ئەحمەد ئەحمەد ئاوایی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٩.
[٥] شێخ موحسین شێخ خالید موفتی(ئەحسەن): گەوهەری حەقیقەت لە ژیان و کەسایەتی قوتبی تەریقەت حەزرەتی شێخ عوسمان سیراجەدین نەقشبەندی، ب٣، هەولێر، ٢٠١٧، ل٢١٤.
[٦] عەبدوڵلا مەلا ئەحمەد ئەحمەد ئاوایی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢.
[٧] الشیخ محسن المفتي: المصدر السابق، ص٣٠.
[٨] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ ئاوات نەقشبەندی)، سەرچاوەی پێشوو.
[٩] محەمەد ڕەووف تەوەککولی: منبع قبلی، ص٢٨٣.
[١٠] ئەمیر وەزیری: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠١.
[١١] فەرهاد شاکەلی: شێخانی نەقشبەندی... ،١٥٢.
[١٢] صەلاحەدین محەممەد بەهائەدین: مامۆستای گەورەی خورماڵ١٩٠٧-١٩٨٤،چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی،٢٠١٧، ل٤٥.

**حەوتەم: شێخ محەمەد عەلائەدین (١٨٦٣- ١٩٥٤):-**

شێخ (محەمەد عەلائەدین) کوڕی شێخ (عومەر زیائەدین کوڕی شێخ عوسمان سیراجەدین)ە، ساڵی (١٨٦٣) لە (بیارە) لەدایک بووە،[١] پاش مردنی شێخ ( نەجمەدین)، شێخ (عەلائەدین) لە گوندی (دووڕووە)ی هەورامان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەگەڕێتەوە بۆ (بیارە)، بۆ بەشداری لە پرسەی براکەی، لەهەمانکاتیشدا بۆ بوونە شێخی جێنشین[٢]. چونکە ئەم شێخە هەر لە تەمەنی (١٣) ساڵییەوە مۆڵەتی ڕێنوێنی تەریقەتی لە لایەن باوکییەوە پێ درابوو[٣]. هەرچەندە ئەوتەمەنە بۆ بەرپرسیارێتی کارێکی وا گەورە بەتەمەنێکی ناکامڵ هەژماردەکرێت، بەڵام ساڵ و نیوێك دوای مردنی براکەی دەبێتە شێخی جێنشین، بەهۆی شوێنگرتنەوەی پێگەی شێخایەتی لەلایەن شێخ (نورەدین)ی کوڕی شێخ (نەجمەدین)ەوە. هەرچەندە شێخایەتی (نورەدین) درێژەناکێشێت و بەهۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوایی دەکات[٤]. دواتر شێخ (عەلائەدین) بە ئامادەیی بەگزادەکانی جاف و سانەکانی هەورامان بووبە شێخ لە خانەقای (بیارە)[٥]. ناوبانگی ئەم شێخە لە ساڵی (١٩٠٢)وە دەستپێدەکات، ئەودەمەی بۆ کاری ڕێنوێنی ڕۆیشتە گوندی (دووڕووە) لەوێ خانەقا و مزگەوتی کردەوە و فەقێی لێ کۆبوویەوە، دواتریش چەند گوندێکی لەوێ کڕی[٦]. بەهەمان نەریتی باب و باپیرانی قوتابخانە و خانەقای کردەوە، خانەقای (بیارە) لە سەردەمی ئەمدا بەهۆی پاشخانی مێژووییەوە زیاتر بوژایەوە، بەتایبەتی کاتێک (مەلا بەهای بیارە ١٨٧٨-١٩٤٩ و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس١٩٠١-٢٠٠٥) لەوێ دەبنە مامۆستا، (بیارە) ناوبانگێکی گەورە پەیدادەکات و بە (بیارەی شەریف) ناودەبرێت. لەبارەی خزمەت دۆستی ئەم شێخە بە خوێندنگەی ئایینی و فەقێیان، دکتۆر (موستەفا زەڵمی) دەڵێت: "یەکەم شێخێکە لە هەوراماندا ئەرکی فەقێ و مەلای گرتبێتە سەرشانی خۆی"[٧]. لە وەسێتنامەیەکیدا سێیەکیماڵەکەی بەخشیوە بە خانەقای (بیارە) و ئەوانەی سەردانی دەکەن و پێویستیان بە خزمەتکردنە[٨].

شێخ لەگەڵ کاری شێخایەتی دەستی گەورەی هەبووە لە چارەسەری نەخۆشیدا بە داودەرمانی کوردەواری و خاوەن کتێبێکیشە بەناوی (طب القلوب)[٩] ئەو دۆخە لە چارەسەری بۆ خەڵکانی نەخۆش تەنیا پەیوەست نەبوو بە مورید و شوێنکەوتەکانییەوە، بەڵکو خەڵکانی نا موسڵمانیش ڕوویان لێدەنا و بڕوای زۆریان بە چارەسەرەکانی هەبوو[١٠]. لە پاش (٩١) ساڵ تەمەن و لە (١٩٥٤) کۆچی دوایی کرد[١١]. بەڵام زیاتر لە هەڵەی چاپ دەچێت و هیچ سەرچاوەیەك ئەو ساڵەی دیاری نەکردووە. لە پاش مردنی هەندێك لە کوڕ و براکانی کەوتنە بانگەشەی شێخایەتی، بەڵام بەڵگەیەکی فەرمیان بۆ

---

(١) الشیخ محمد عثمان سیراج الدین النقشبندی: سراج القلوب، ط١، مطبعة النواعیر،الرمادی،١٩٩٠ ، ص٣٠.
(٢) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: ڕۆژگاری ژیان، ل٩٧.
(٣) عبد المجید فهمی حسن: لواء السلیمانیة، بدون مکان الطبع، ١٩٤٦، ص ١٥٨.
(٤) الشیخ محسن المفتي: المصدر السابق، ص٢٧٣.
(٥) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: ڕۆژگاری ژیان، ل٩٧.
(٦) هادی ڕەشید بەهمەنی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٦،٤٣٧.
(٧) کاروانی ژیانم، ل ١٦٨.
(٨) هادی ڕەشید بەهمەنی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤١.
(٩) محەمەد ئەمین هەورامانی، مێژووی هەورامان، ب٢، ل٣١٠.
(١٠) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ ثابت شێخ عەلائەدین نەقشبەندی)، لەدایك بووی (١٩٣٥) لە هەورامان، دەرچووی کۆلێژی یاسا و لە ساڵانی نەوەدەکاندا سەرۆکی دادگای سلێمانی بووە. ئێستا خانە نشینە و وەك دواهەمین کوڕی شێخ عەلائەدین لە ژیاندا ماوە. شوێنی چاوپێکەوتن سلێمانی، ڕۆژی (سێ شەممە)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن ( ٢٠٢٢/٧/٢٦)، کاتی چاوپێکەوتن کاتژمێر (٤٥: ٦). ماڵەوە.
(١١) عەبدوڵلا مەلا ئەحمەد ئاوایی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٩.

ئەو کارە پێنەبوو[١]. ئەوەندەی دیاربێت لە ژیانی خێزانیدا (٦) ژنی هێناوە، تەنیا ئەو ژنانە هەژمارکراون کە نەوەی لێیان هەبووە، (١١) کوڕی لە پاش بەجێماوە[٢].

**هەشتەم: شێخ محەمەد عوسمان سیراجەدینی دووەم (١٨٩٦-١٩٩٧):-**

ناوی (محەمەد عوسمان کوڕی شێخ عەلائەدین کوڕی شێخ عومەر کوڕی شێخ عوسمان سیراجەدین)ی یەکەمە، لە (١٨٩٦) لە گوندی (سەفی ئاوا)ی نزیک بەشاری (جوانڕۆ) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، منداڵی گەورەی ناو خێزانەکەی و (١٠) برای هەبووە[٣]. لە سەرەتادا نازناوی (کەمالەدین) بووە، دواتر گۆڕاوە بە (سیراجەدین)، گوایە لە جیهانی مەعنەویدا بە فەرمانی (پێغەمبەر) ئەو نازناوەی پێدراوە، بۆ ئەوەش فەرمان بە شێخ (عەلائەدین)ی باوکی کراوە نازناوەکەی بکات بە (سیراجەدین)[٤]. پاش مردنی باوکی دەبێتە شێخی جێنشین، چەند مانگێك پاشتر ئەنجومەنی زانستی لە ئەوقافی سلێمانی تاقیکردنەوەی کرا و پاشان فەرمانی شاهانەی پۆستنشینی بۆ دەرچوو[٥].

لەبارەی ئەم کەسایەتییەوە (عەبدوڕەقیب یوسف) ئاماژە بەوەدەکات لای ئەو پێگەی ئەم شێخە لە ڕووی جەماوەری بوونەوە لە مەولاناش گەورەتربووە، چونکە ئەو جگە لە مورید و شوێنکەوتەکانی خۆی سەرپەرشتی موریدانی باوکیشی بۆ بەجێمابوو، ئەو کەسێك بوو توانایەکی باشی بۆ بڵاوکردنەوەی تەریقەتی نەقشبەندی لە ناوخۆ و دەرەوە خستبووە گەڕ و لەسەردەمی ئەودا تەریقەتەکە لەو پەڕی جەماوەرییبونیدا بوو، تەنانەت بەشداری لە شۆڕشی کوردی لە ڕۆژهەڵاتدا کردووە[٦]. وەك ئەوەی موریدە لوبنانییەکان باسیاندەکرد، شێخ (عوسمان) لە زنجیرەی ئەو شێخانەبوو، کە لە پلەی (غەوس)ی[٧] ڕۆژگاردا بووە[٨]. لە تەمەنی منداڵییەوە وەک شێخزادەیەک لای باوکی خراوەتە بەر خوێندنی ئایینی، لە باسکردنی توانستی زانستیدا جیاواز لە هەموو شێخەکانی تری بنەماڵەکەی ئاستی زانستی خوێندنی ئایینی لەسەر دەستی مەلا (حوسێن تاهربوغی) وەک مەلایەک مۆڵەتی زانستی وەرگرتووە[٩]. بەڵام بۆچوونی پێچەوانەش هەیە کە خوێندنی ئەم شێخە

---

[١] شێخ موحسن شێخ خالید موفتی(ئەحسەن): گەوهەری حەقیقەت لە ژیان و کەسایەتی قوتبی تەریقەت حەزرەتی شێخ عوسمان سیراجەدین نەقشبەندی، ب٤، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، بێ شوێنی چاپ، ٢٠١٨، ل٣٠٤.

[٢] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب٢، ل٣١٤.

[٣] محەممەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب٢، ل٤٦٣.

[٤] ئەمیر وەزیری: سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٨.

[٥] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب٢، ل٣١٥.

[٦] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەبدوڕەقیب یوسف)، لەدایك بووی( ١٩٤٣)ی باکوری کوردستانە، پیشەی مامۆستا بووە، بۆ زیاتر لە (٤١) ساڵیشە لەبواری شوێنەوار و مێژووی کورددا کاردەکات، خاوەنی چەندین بەرهەمی نوسراو ئەرشیفێکی گەورەی مێژووییە، ئێستا خانەنشینە، شوێنی چاوپێکەوتن سلێمانی، ڕۆژی(سێ شەممە) ڕێکەوتی(٢٠٢٢/٧/٢٦)، کاتی چاوپێکەوتن (١:٣٠). ماڵەوە.

[٧] چەمکی غەوس لە ئەدەبیات و هزری سۆفیزمدا یەکێکە لە بەرزترین پلەکانی باڵا بوونی ڕۆح، بەپێی خشتە بەندی (ابن عربی) سۆفییەکان بۆ شەش پلە دابەش دەبن، باڵاترینیان(قوتب یان غەوس)ە بەبڕوای ئەو جیهان لە ئادەمەوە تا کۆتا پێغەمبەر ٢٥ قوتبی بەخۆیەوە بینیووە، لە تایبەتمەندێتیەکانی ئەم پلەیە ئاشنا بوونە بە زاتی خودایی و خەسڵەتەکانی، زانستی بێسنورە و موسڵمانێکی تێرو تەواوە، هیچ سنورێك بۆ جوڵەکانی نییە. (بڕوانە// الوزیر لسان الدین بن الخطیب: روضة التعریف بالحب الشریف، دارالفکرالعربی، مصر، بدون سنة الطبع، ص ٤٣٢؛ علي بن محمد بن علی الشریف الجرجانی: معجم التعریفات، دارالفضیلة، ١٤١٣هـ، ص١٨٥ . ؛ محي الدین بن عربی: الفتوحات المکیة، الجلد٢، دارالمعرفة، بیروت، لبنان، نشره الکترونیا٢٠١١، ص٣٦٢).

[٨] مارتن ڤان برونسن: ئاغاو شێخ و...، ل٣٧٠ .

[٩] عەبدوڕەزاق عەبدو ڕەحمان محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨٣.

تەنیا خوێندن بووە و مۆڵەتنامەی نووسراوی زانستی مەلایەتی لەلایەن هیچ زانایەکی ئاینییەوە پێنەدراوە، بەڵکو تەنیا وانەی ئاینی لەلا خوێندووە و نەگەشتوەتە ئاستی مۆڵەتی زانستی مەلایەتی[1]. شێخ (مەحمود)ی حەفید لە باسیدا دەڵێت: "ئەدەبی شێخ عوسمان مرۆڤ ناچاردەکات لەبەردەمیدا گرمۆڵە بێت"[2]. پەیوەندی و نامە گۆڕینەوە لە نێوان ئەم دووشێخەی تەریقەتی قادری و نەقشبەندیدا هەبووە، لەبابەتی پرسە و هەواڵپرسینی یەکتری و میواندارێکردن[3].

بەر لە کۆچی دوایی شێخ (عەلائەدین) هەر لە ساڵی (١٩٤٩) داوای لە شێخ عوسمانی کوڕە گەورەی کراوە، وەك تاقانە جێنشینی باوکی خۆی بۆ کاری ڕێنمونی و شێخایەتی ئامادە بکات، بە جۆرێك جگە لە ئەو هیچ منداڵێکیتری ئەو شێخە مافی کاری شێخایەتی پێنەدراوە، چونکە پابەند نەبوون بە کاروباری ئاداب و ڕێو ڕەسمی سلوکەوە، بۆیە شێخ (عەلائەدین) داوا دەکات جگە لە شێخ (عوسمان) مورید و شوێنکەوتەکانی تەریقەت پەیوەست نەبن بەهیچ یەکێك لە کوڕەکانیەوە و باوەڕیان پێنەکەن. بەپێی نووسراوی شێخی باوك ڕۆڵە و ڕۆڵەزاکانی ئەم بنەماڵەیە کە شوێن کەوتەی هەریەك لە پیرانی خۆیان نەبووبن پێویست بەوە ناکات وەك شێخ، ڕێزیان لێبگیرێت. بۆیە لە پاش کۆچی دوایی شێخ (عەلائەدین)، بە مۆڵەتنامەی فەرمی باوکی، شێخ (عوسمان سیراجەدینی دووەم) جێگای گرتەوە[4]. لەسەر بابەتی شوێنگرتنەوەش هەندێك لە کوڕەکانی شێخ (عەلائەدین) کێشەیان بۆ دروست دەکرد و هەندێك هەوڵی لابەلا هەبوو تاوەکو جێنشینی بۆ شێخ (زاهید)ی کوڕی شێخ (عەلائەدین) بێت و بۆ ئەوەش کەوتنە واژوو کۆکردنەوە و پشتیوانی هەندێك لەبەگە بەدەستەڵاتەکانی وەك (مستەفاخان)ی باوەجانیشی لەگەڵ بوو کە یەکێك بوو لەسەرەك هۆزە گەورەکانی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ، کە بەئاشکرا ڕوویان لە شێخ (عەلائەدین) نابوو نوسراوی جێنشینی بۆ ئەو کوڕەی بنوسێت، بەڵام نەیانتوانی ناچاری بکەن بە نووسینی مۆڵەتنامەی خەلافەت، بە جۆرێك ڕەزامەندی شێخ (عەلائەدین) تەنها لەگەڵ شێخ (عوسمان) و کەمێکیش لەگەڵ شێخ (مەولانا)دا بووە بۆ پاش شێخ (عوسمان). بۆیە هەرچەندە شێخ (زاهید) ویستی بە پاڵپشتی هەندێك لەبەگەکان و تەنانەت بە پشتیوانی حکومەتیش ببێتە شێخ، بەڵام لەوەدا سەرکەوتوو نەبوو[5].

بەدەر لە شێخ (عوسمانی دووەم)، هیچ کام لە شێخانی پێشووی نەیانتوانیوە لە نەریتی بۆماوەیی شێخایەتی لابدەن. لە پاش شۆڕشی (١٤ی تەمووزی/١٩٥٨) ئەم شێخە بۆماوەی دوو دەیە عێراقی بەجێهێشت و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ بوو[6]. ئەم شێخە لە ساڵی (١٩٩٧) و لە وواڵتی تورکیا کۆچی دوایکردووە[7].

بەگشتی ئەوەی تێبینی دەکرێت، لە شێخانی هەورامان هیچ شێخێکی نەقشبەندی مۆڵەتنامەی پێ گەشتوویی زانستی ئایینی (دوازدەعیلم)ی نەبووە. تەنانەت شێخ (عوسمان)ی یەکەمیش، بەگێڕانەوەی شێخ (عەلائەدین) ئاستی خوێندنی تاوەکو کتێبی (سیوطي) بووە[8]. لەڕووی کۆمەڵایەتی شەوە،

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ ئاوات نەقشبەندی) سەرچاوەی پێشوو.
(٢) وەرگیراوە لە// شێخ موحسن شێخ خالید موفتی(ئەحسەن): گەوهەری حەقیقەت...، ب٤، ل٣٧٠.
(٣) هەمان سەرچاوە، ل٣٨٠.
(٤) ئەمیر وەزیری: سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٢،٣٠٧.
(٥) شێخ موحسن شێخ خالید موفتی(ئەحسەن): گەوهەری حەقیقەت...، ب٤، ل٣٠٦،٢٦٨،٩٢ .
(٦) Michel Chodkiewicz :ipd ،P١٠٢
(٧) عەبدوڵڵا مەلائەحمەد ئەحمەدئاوایی: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٠.
(٨) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب٢، ل١٠.

دیاردەی فرەژنی لایەنێکی تری ئەو دۆخە تایبەتەی ژیانی شێخانی ئەو سنوورە بووە، ئەمە ئەگەر لایەنێکی بۆ دروستکردنی زۆرترین پەیوەندی بێت، بەتایبەتی لەگەڵ خانەوادە خاوەن دەسەڵاتەکان، ئەوا لەڕوویەکی ترەوە بووە بە گرفت بۆ ئایندەی ژیانی نەوەی شێخەکان، فرەژنی بۆ شێخەکان وەک ئەوەی نەوەی زۆری لێکەوتەوە، هەرواش بێ کێشە نەبوو، چونکە بەرەی هەر دایکێک لە میرات بەشی خۆی دەویست، بەتایبەتی میراتی شوێنگرتنەوەی شێخ، ئەوەش بە ڕوونی لەسەردەمی شێخ (حیسامەدین) و جێگرتنەوەی شێخ (عەلائەدین)دا دەرکەوت. کە براکان چۆن کەوتنە دژایەتی یەکتری بەڕادەیەك لەکاتی بوونە شێخی (عوسمان سیراجەدینی دووەم) هەندێك لە شێخانی بنەماڵە و مەلا(حسەین) کوڕی مەلای گەورەی (بیارە) دژ بەشێخ (عوسمان) لەکاردا بوون و هەوڵیاندەدا لەڕێگەی بەکرێگیراوێکەوە شێخ (عوسمان) بکوژن[١]. هەروەها دابەشبوون بەرەی شێخ (موعتەسەم) و بەرەی شێخ (ئەحمەد)ی شێخ (محەممەد) لە ناو نەوەکانی شێخ (حیسامەدین)دا رویدا[٢]. لەم گەڕان و بەدوادا چوونەوە دەگەینە ئەوەی کە ژیانی شێخەکان بە دەر لەدیووە عیرفانییە سۆفیزمەکەی کە لایەنێکی بەهێزی چەسپاندنی پێگە و دەسەڵاتیان بووە، دیوێکی تری تاڕادەیەک ناکۆکیشی هەبووە کە ململانێی ناوخۆیی لەسەر پێگەی شێخایەتی بووە.

---

[١] شێخ موحسین شێخ خالید موفتی(ئەحسەن): گەوهەری حەقیقەت...، ب٤،چ١، ل٢٢٤.
[٢] محەممەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب٢، ل١٠٤٠.

**باسی دووەم: پەیوەندی سیاسی شێخەکانی هەورامان:-**

ئەوەی لە شێخەکانی تەسەوفەوە دەبیسترێت، تەسەوف زانستی پەروەردەکردنی ئاکارە و دوورە لەهەرکایە و دەست وەردانێکی سیاسیی، لە کاتێکدا نەیارانیان بە پاڵپشتی دەسەڵاتداران تۆمەتباریان دەکەن[١]. ئامۆژگاری مەولانا بۆ شوێنکەوتەکانی، دوورە پەرێزی و دوورکەوتنەوەیە لە پیاوانی خاوەن دەسەڵاتی دونیایی و کەسانی بەرژەوەندخواز، چونکە لە بڕوای مەولانادا موریدان و سۆفییان، دەسەڵاتی گۆڕانی ئەوانیان بەرە و چاکەخوازیی نییە، بۆیە پێویست ناکات بۆ ناو تەریقەت بانگهێشتیان بکەن[٢]. بۆیە گروپە ئاینییە ڕۆح گەراکان زیاتر داکۆکی لەسەر کاری بەندایەتی و دوور بوون لە هەموو بەندوباوێکی سیاسی دەکەن[٣]. گیانی تەسەوف و ناوەڕۆکی سیاسەت لە بنەڕەتدا لە یەکجیان، چونکە تەسەوف خۆی هەڵوێستێکی نەرێنیانەیە لە دەسەڵات و ڕەهاکردنی دونیا و مادە و زۆر ڕەهەندیی ترە، لە پێناوی گەیشتن بە خودا و پاڵفتەکردنی دڵ و دەروونە پێچەوانە بە سیاسەت، کە گرنگیدانی تەواوەتییە بە دونیا. بۆیە سروشتی تەسەووف لە سیاسەت جیایە، بەوەی تەسەوف ئەزموونێکی دەروونی و ناوەکوکییە و سیاسەت پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی و هەرەوەزییە، تەسەوف لە خولگەی ئاخیرەتدا دەسووڕێتەوە، لە کاتێکدا سیاسەت لە دەوری دونیا دەگەڕێت، بەوەش نابێت هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا هەبێت بەو واتایەی وەرگرتنی یەکەمیان ڕەتکردنەوەی دووەمیانە، چونکە بازنەی تەسەووف دەرچوونە لە جوغزی سیاسەت[٤]. جوڵەی بنەڕەتی سۆفیزم زیاتر پەیوەستە بە بانگەشە و ڕیفۆرمی تاکە کەسی لە پێناو چاککردنی پەروەردەی تاکدا[٥].

کردەی سیاسەت لە دیدی سۆفییەکاندا بە چەند هەنگاوێک بەرجەستە دەبێت، کە خۆی لە ئامۆژگاری فەرمانڕەوایان[٦]. و ناوەندگیرییە لە نێوان داخوازییەکانی خەڵک و دەسەڵات، لە ئاستی دەرەکیش تێکۆشانە دژ بە دژبەرانی ئیسلام و هێزە ئیستیعمارییەکان[٧].واتە پارێزگاریکردنە لە چوارچێوەی دەسەڵاتە ناوخۆییەکان، خەمی سەرەکی سۆفیگەری لە کۆی پرۆسەی سیاسیدا، لە چوارچێوەی پەروەردەی ڕۆحدایە، بەوەی پەیوەندی بە چاکسازی تاکەوە هەیە. لە ڕێگەی پەروەردە و دیسپلین و ڕەفتارەوە، سیاسەت بە بڕوای سۆفییەکان بریتییە لە ڕێنمایی کردن و ڕاستکردنەوەی بەندەکانی خودا، بۆ پرۆسەیەکی درێژخایەن، بە جۆرێک کاریگەری لەسەر ڕواڵەت و ناوەڕۆکی کەسی ڕێنماییکراو هەبێت، چ تاک بێت یان کۆمەڵ[٨]. بەڵام ئەم ڕەوتە لە بیرکردنەوەی تەسەووف بەردەوام نابێت، بە تایبەتی پاش ئەوەی تەسەوف لە بازنەی کاری تاک و زوهدی تاکەوە گوازرایەوە بۆ ڕۆڵی بە کۆمەڵ و دروستبوونی تەریقەتەکانی سۆفیگەری، لەوە بەدوا دەبینین دەسەڵاتیش هەوڵیداوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، بەوەش تەسەوف ڕۆڵی لە داڕشتنی سیاسەتدا دەبێت، بە چاوپۆشین لە

---

(١) ممدوح غالب احمد برى: اشكالية العلاقة بين التصوف والسياسة فى المشرق الاسلامى، المركز الديموقراطي العربي، ١٨/يناير/٢٠١٦، www.democraticac.de ، سەردانیکردنی ٢٠٢٢/٣/٥.

(٢) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب١، ل٣٥٦، ٣٥٨ ؛ ئیبراهیم فەتاح: نامە عەرەبیەکانی مەولانا خالید، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٣٢،١٣٦.

(٣) کۆمەڵێك نووسەر: سەلەفیزم لە ...، ل١١٧.

(٤) صەباح شێخ محەمەد بەرزنجی: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧،٥٨

(٥) کۆمەڵێك نووسەر: سەلەفیزم لە ...، ل١١٧.

(٦) ابو حسين مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيرى النيسابورى: الجامع الصحيح المسمى صحيح مسلم، ج١، دارالجيل و دارالافاق الجديد، بيروت، رقم الحديث ٢٠٥ باب بيان، بدون تاريخ الطبع، ص٥٣.

(٧) مروان عواد الفاعورى: التصوف الراشد جذوره و افاقه و دوره فى بناء الحضارة الانسانية، ط١، دارالفينيق للنشر والتوزيع، الاردن، ٢٠٢١، ص٣١،٣٢.

(٨) نفس المصدر، ص٢٩.

جۆرێتی ڕۆڵەکانی لە نێوان (ئەرێنیی و نەرێنی)دا. ئەمە لە کاتێکدا تەسەوف لە قۆناغی یەکەم و سەرەتادا کە ئەزموونی کەسی و خوداپەرستی ڕەها بوو، نەک پەیوەندی بە سیاسەتەوە نەبوو، بەڵکو سیاسەتی فەرامۆش کردبوو، چونکە سۆفی ڕاستەقینە فرسەتی ئەوەی نییە دژایەتی سیاسەتیش بکات[١]. وەک (سەعیدی نەورەسی) دەڵێت:"پەنا بە خودا دەگرم لە شەیتان و لە سیاسەت"[٢]. ئەگەرچی شێخەکانی ئەم تەریقەتە لەسەرەتادا لە ڕێگەی ئیش و کارەوە ژیانی خۆیان بەڕێ دەکرد، نە ماڵیان هەبوو نەخزمەتکار، بەڵام زۆری پێنەچوو چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵگا لە میر و خاوەن موڵك و مەلای بە دەسەڵات هاتنە ڕیزی نەقشبەندییەکان و شێخەکانی نەقشبەندی لە کاروباری سیاسیدا ڕۆڵیان وەئەستۆ گرت و ڕێزیان لێگیرا و بوونە خاوەن دام ودەزگا.

لەوەو پاش سۆفیان خانەنشین و دابراو نەبوون لە کۆمەڵگە، بەڵکو لە زۆربەی ڕووداوەکانی شەڕ و ئاشتی سیمای نەقشبەندییەکان دەبینرا و شێخەکانیان هێزی موریدەکانیان بۆ مەبەستە سیاسیەکانی خۆیان بەکاردەهێنا[٣]. شێخەکانی تەریقەت کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی خەڵک هەبووە، لەوانەش لایەنی سیاسییەکان. نەک لە هەڵەبجە و هەورامان، بەڵکو لە دەوروبەریش تەنانەت ئەو کاریگەریانە سنووری سیاسی ناوچەکەشی بۆ ئێران تێپەڕاندبوو. دوو سەدە لەمەوبەر و بەنەمانی دەسەڵاتە خۆجێییەکانی کورد، شێخەکانی تەریقەت بە پشت بەستن بە پێگە ئاینییەکانیان ڕۆڵێکی ڕوونیان لە کاروباری سیاسی و بەرفراوانکردنی کایە و پێگەی خۆیاندابینی، دەربار و خانەقای شێخەکان و سەرانی تەریقەتەکان بوونە پەناگەی شوێن کەوتەکانیان، بە جۆرێک دەسەڵاتی سیاسییان لە ئاغاکان زیاتر پەیداکرد، تاوەکو وایلێهات یەکەم ڕاپەڕینی جەماوەری گەلی کورد لەلایەن شێخەکانەوە سەرکردایەتی کرا[٤]. هەر ئەوەشە وایکردبوو بە کۆتاهاتنی دەسەڵاتی میرەکانی کورد و دروستبوونی ئەو بۆشاییە سیاسیی و مەعنەوییە، شێخەکان وەک هێزێکی نوێ دەرکەون و لەلایەن هۆزەکانەوە ناسێنران[٥]. جارێکی ترهاوپەیمانییەکی نوێ لەسەر بنەمای سەرکردایەتی شێخەکان لە نێوان عەشیرەتەکانی کورددا دروستبوو[٦]. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا شێخەکان ئەو بۆشاییە سیاسییەی کە لەئەنجامی نەمانی میرەکانەوە دروست بووبوو، بەهۆی ئەو پێگە ئاینییەی کە هەیان بوو پڕیانکردەوە، نەبوونی کەسانێکیتر تاوەکو ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگا پێویستی بە وەها ڕۆڵێك بوو[٧]. بۆیە ئەوان بوونە جێگرەوەی کەس و هێزەکانیتر.

زۆرێك لە بیروباوەڕ پاش ماوەیەک دەچێتە قاڵبێکی ئایدیۆلۆژی سیاسییەوە، ئەم تەریقەتە دەسەڵاتی ئابووری و ئایینی و بیر و ڕێکخستن و کۆکردنەوەی خەڵکیان هەبووە، ئەمەش وایکرد توانای سیاسییان پێ ببەخشێت[٨]. شێخەکان پەیوەندیان بە زۆرلاوە هەبوو بەشێکی ئەو پەیوەندیانەش بەهۆی ئەو دەروێش و موریدانەوە بوو کە لە ناوچەی جیاوازەوە ڕوویان لە شێخ دەکرد، بەشێکیتری

---

[١] صەباح شێخ محەمەد بەرزنجی: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩.
[٢] الكلمات، ت. احسان قاسم صالح، ط٧، دارسوزلر للنشر، القاهرة، ٢٠١٤، ص٣٣١.
[٣] ئەمیر فەرهەنگ ئیمانی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧٣،٤٧٤.
[٤] ابریشمی عبدالله: هویت تاریخی و مشکلات کنونی مردم کرد، تهران، ١٣٨٥، ص٨٧،٨٨.
[٥] نەجاتی عەبدوڵڵا: شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەکانی فەرەنسییدا ١٨٧٩-١٨٨٢، مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٨.
[٦] کمال ڕوحانی: تاریخ جامع تصوف کردستان، پیران شهر، ١٣٨٥، ص٣٥.
[٧] خسرۆ عبدالرحیم نجم(د): دەروازەیەك بۆ مێژووی هاوچەرخی جیهانی عەرەبیی ١٨٧٦-١٩٧٧، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی،٢٠٢٢، ل ٦٣.
[٨] دیمانەی ئارام عەلی لەگەڵ (د.هەڵکەوت حەکیم)، شارەزاو پسپۆڕ لەسەر نەقشبەندی، دەسەڵاتی تەریقەتی نەقشبەندی سنوری ئەمارەتە کوردییەکانی تێپەڕاندووە، گۆڤاری کۆچ، ژ (١٠)، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٤١٧.

پەیوەندی بە خۆگونجانیانەوە هەبوو لەگەڵ هێز و دەسەڵاتەکاندا[١]. دەوڵەتی عوسمانیش لە قۆناغێکدا کە هێزی باڵا دەستی سنووری دەسەڵاتی شێخەکان بوو، هەوڵی بوژانەوەی گیانی سۆفیزم وئاینزاگەریدەدا لە پێناو سنووردارکردنی ئاراستە نەتەوەییەکانی کورد بۆیە لەو چوارچێوەیەدا خزمەتێکی زۆری بە شێخەکانی تەریقەت دەکرد و زەوی بەسەردا دابەشدەکردن و تەکیە وخانەقاکانی بۆ دەکردنەوە، لەگەڵ ئەوانەشدا خەسڵەتی پیرۆزی بە پێگە و نازناوەکانیان دەبەخشی[٢]. لەو چوارچێوەیەدا، ئاوڕ لە پەیوەندییە سیاسییەکانی شێخانی نەقشبەندی دەدەینەوە، بە دەسەڵاتەکانی ناوچەکە لە قۆناغە جیاوازەکاندا.

**تەوەری یەکەم: پەیوەندی سیاسی شێخەکانی هەورامان بە دەسەڵاتدارانی عوسمانی و (قاجاری و پەهلەوی).**

**أ: پەیوەندیی سیاسیی شێخەکانی هەورامان بە دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە:-**

ژیانی سیاسی بەشێکە یان لایەنێکە لە پێکهاتەی ژیانی مرۆڤایەتی کە خۆی لە بنەڕەتدا ململانێیە لە پێناو دەسەڵات و بەوەش پێناسە دەکرێت، کە بریتیە لە چالاکی تاک یان کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان، بۆ بە دەستهێنانی (دەسەڵات)ی دانپێدانراوی کۆمەڵگا بە مەبەستی فەرمانڕەواییکردن[٣]. واتە سیاسەت ململانێیە لە پێناو بەدەستهێنانی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی، جا بە چەشنی ئاشتی و کێبڕکێی شارستانی یان ڕووبەڕوو بوونەوەی چەکداری[٤]. ئامانجی هێزەکان لە گەیشتن بە دەسەڵات، تەنیا بە دەستهێنانی دەسەڵات نییە، بەڵکو لە ناوەخنیدا ملکەچ پێکردنی کۆمەڵگاشە[٥].

تەریقەتی نەقشبەندی کە بە هەزاران مورید و خەڵکی گوێڕایەڵی هەبوو، چەندین بنەماڵە پێوەی پەیوەست بوون، ئەوەش هۆکارێك بوو کە شێخەکانی ئەو تەریقەتە دەسەڵاتی دینی و مادی و پاشان سیاسیشیان بۆ دروست بێت[٦]. سەرەتای تێکەڵاو بوونی شێخە نەقشبەندییەکان بەگشتی وەك تەریقەتێکی سۆفیگەری لەناوچەکە بە سیاسەتەوە بۆ سەردەمی مەغۆل دەگەڕێتەوە، لە ڕێگەی بەشدارییان لە بڕیارەکانی کاربەدەستەکانی مەغۆل پاش داگیرکردنی ناوچەکان و موسڵمان بوونیان[٧]. لەسەردەمە نزیکەکانیشدا تێکەڵاوبوونی مەولانا بە میرانی بابان و والی بەغدا، هەنگاوی سیاسین، هەروەها بەگژداچوونەوەی شیعە و مەسیحییەت و هەڵوێستی بەرامبەر(کافران) کە خزمەتیان بە جوڵەکانی دەوڵەتی عوسمانی کردووە، لە کۆکردنەوەی چەکدار و سەرباز بۆ جەنگەکانی دەچنە خانەی هەڵوێستی سیاسیەوە[٨]. سیستمی سیاسی دەوڵەتی عوسمانی و خودی سوڵتان (عەبدولحەمید)یش

---

(١) محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب١،چ٢،چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٦، ل١٠٣٦.

(٢) گۆران ئیبراهیم ساڵح: کەرکوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە نێوان ساڵانی (١٨٧٦-١٩٠٩)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١٢٢.

(٣) صادق الاسود(د): علم الاجتماع السیاسی، مطابع الجامعة، جامعة بغداد، ١٩٨١، ص٦٧ .

(٤) ارفنج زایتلن: النظریة المعاصرة فی علی الاجتماع، ت.محمود عودة(د) و ابراهیم عثمان(د)، ذات السلاسل، کویت،١٩٨٩، ص١٨٠.

(٥) قیس نوری (د) و عبدالمنعم الحسنی (د): النظریاة الاجتماعیة، وزارة تعلیم العالی والبحث العلمی، بدون سنة الطبع، ص٢٧٠.

(٦) میهردادی ئێزەدی: چەردە باسێک لە بارەی کوردانەوە، و. ئەمین شوان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٤٦٩.

(٧) ئەمیر فەرهەنگ ئیمانی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧٠.

(٨) غەسان نەعسان: تەریقەتی خالیدی و کاریزماو هەستی نەتەوەیی کورد، دیمانە، و.حەسەن یاسین، وەرزنامەی کەلتور، ژ(٣) سلێمانی، ٣ی نیسانی ٢٠١١، ل ١٥٩،١٦٠.

کاریان لەسەر پتەوکردنی ڕایەڵەی پەیوەندی لەگەڵ سەرەك هۆزەکان و کەسایەتییە دیارەکان لە چەشنی تەریقەتەکانی سۆفیگەری بوو، دەرهاویشتەی ئەو پەیوەندیانەش پابەندبوونی ئەو سەرەك هۆز و پیاوە ئاینیانە بوو، بە دەوڵەتی عوسمانی و خودی سوڵتانەوە تەنانەت پەیوەندییەکانیان لە ئاستێکدا بوو، بتوانن لای سوڵتان سکاڵا لە والی ویلایەتەکان بکەن[١]. بۆیە بە سوود وەرگرتن لەو پێشینەی پەیوەندییە، دەسەڵاتدارانی عوسمانی و میرە لۆکاڵییەکانی سەر بەو دەسەڵاتە، بە چەشنی جۆراوجۆر کۆمەکیان کردوون و تەکیە و خانەقایان بۆ دامەزراندوون و زەوی و گوندیان لەسەر وەقف کردوون، تەنانەت زەوی و داهاتی تایبەتیشیان بۆ بڕیونەتەوە، لە بەرامبەر ئەمەدا شێخەکان لەکاتی تەنگانە و جەنگەکاندا پشتیوانی سوڵتان و دەسەڵاتە سیاسییەکەی بوون[٢]. شێخەکانی نەقشبەندی توانیویانە لە مەیدانی سیاسەتدا هەم ناڕەحەتی بخوڵقێنن، هەم ناڕەحەتییەکان کەمکەنەوە[٣].

لەو دەمەی دەسەڵاتی بابانەکان لەناوچووبوو، کاروباری سلێمانی و دەوروبەری کەوتە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی عوسمانی، شپرزەبوونی دۆخەکە ڕێگای بۆ دەسەڵاتی بنەماڵەی ئایینی شێخەکان خۆشکرد، ئەم دەسەڵاتەشیان بەهۆی دەمارگیری ئایینی، ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەسەندندا بوو[٤]. پیاوانی ئایینی بەهۆی پلەوپێگەی کۆمەڵایەتییانەوە زۆرجار ڕۆڵی ڕابەری سیاسیان لە بزوتنەوەکاندا دەبینی، بۆیە نموونەی لەو جۆرەش لە ناو شێخانی کورددا زۆرن[٥]. بەڵام ئەم سەرەتایە لە ناوچە کوردییەکاندا تاوەکو ڕادەیەک جووداتر بوو، چونکە بە هاتنی تەریقەتی نەقشبەندی بۆ ناوچەکە، خەڵکی مەولانا و تەریقەتەکەیان بە تاکە بەدیلێکی دژ بە ستەم و زۆرداری دەسەڵاتدارانی سیاسی ئەودەم تەماشا دەکرد[٦]. مەولانا لە ڕێگەی نووسینەکانییەوە هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی پەیامەکەیەوە کەوتووەتە سەرکۆنەی سیستەمی باوی ناوچەکە و تەنانەت سیستمی دینیشی سەرکۆنەکردووە، ئەو بیرکردنەوە دینی و سیاسییە بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکە گشتییەکە بوو. بەجۆرێك مەولانا مەبەستی بوو ئاین بکاتە کەرەستەی کۆکردنەوەی خەڵك و مەلا و خوێندەوارانی کورد چالاکانەتر لە جاران لەگەڵ خەڵکی تێکەڵببن بەم جۆرەش تەریقەتی نەقشبەندی و مەولانا خالید بۆ یەکەمجار دەبنە بزووتنەوەیەکی شاری بۆ دیالۆگ و گفتوگۆ بەوەش قۆناغێکی نوێ بۆ شانۆی سیاسی دەرەخسێنێت[٧]. کە دەرکەوتنی زیاتر بە شێخەکان دەبەخشێت، بۆیە ئەگەر تەسەووف جەوهەری دین بێت و سیاسەتیش ڕاستکردنەوەی باری ژیان و دوژمنایەتی داگیرکەربێت لە پێناو سەربەخۆییدا، ئەوا تەسەوف و سیاسەت لە هەلومەرجی مێژووییدا هەرکات پێویست بووبێت، پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان هەبووە و

[١] چارلزتریپ: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی عێراق، و. محەمەد حوسێن ئەحمەد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٢٥.

[٢] خالد محمود کریم: تەکیە و خانەقاکانی باشوری کوردستان لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانیدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژ(٣٧) ، ٢٠١٦، ل ١٣٣.

[٣] دیڤید ماکداوڵ: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٤ .

[٤] ڕەمزی قەزاز: بزوتنەوەی سیاسی و ڕۆشن بیریی کورد لە کۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی بیست، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٧١، ل٨٧.

[٥] خسرو عبدالرحیم نجم: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣.

[٦] ئاراس محمد صالح: مێژووی مزگەوت و خوێندنگەی گەورەی خورماڵ، چ١، ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٨٢.

[٧] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (حەسەن مەحمود حەمەکەریم)، لەدایك بووی ١٩٥٥ی هەڵەبجە، بەکالۆریۆس لە مێژوو، نووسەر و مامۆستا، خاوەنی (٢٠) بەرهەمی نوسراوە لە کتێب لە بابەتی مێژووی ئیسلامی و مێژووی کورد، مامۆستای خانەنشینە، شوێنی چاوپێکەوتن سلێمانی، ڕۆژی(سێشەممە)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن (٢٠٢٣/٢/٢٨)، کاتی چاو پێکەوتن کاتژمێر(١٠). ماڵەوە.

لێک دانەبڕاون بە تایبەتی لە کوردستانیش نموونەی شێخانی (نەهری و شەمزینی و بەرزنجی)و شێخانی (بیارە) هەن[١].

ئەو هەڵوێستانەی شێخانی (بیارە) لە پشتیوانی عوسمانییەکان، وەرگیراوی هەڵوێستی مەولانا (خالید) بووە، چونکە لە دیدی مەولانادا دەوڵەتی عوسمانی دوا قەڵای ئیسلام بووە، بۆیە داوای لە شوێنکەوتوانی کردووە بۆ پاراستنی شەو ڕۆژ دەست بە نزابن[٢]. لە هەموو سنوورەکان باڵادەستی تەریقەتی نەقشبەندی وەک یەکنەبوو، لەو کاتەی شێخی (نەهری) لە باکوور بەهۆی ڕێبازی نەقشبەندییەوە بزاوتنێکی نەتەوەیی گەورەی دەستپێکرد، ئەم حاڵەتە لە باشوور و ناوچەی هەورامان بەدی نەکراوە[٣]. ئەوەش وای لە کەسێکی وەک مەلا (حەسەن هۆشیار) کرد، کە یەکێکە لە یاریدەدەرانی شۆڕشەکەی شێخ (سەعیدی پیران١٨٦٥-١٩٢٥) و کەسی نزیکی ئەو شێخە لە (١٩٢٥) لەبارەی ئەو شێخانەی کە کاریان بۆ دۆزە نەتەوەییەکە نەکردووە و هەر لەبیری بەرژەوەندی کەسی خۆیاندا بوون بڵێت:"شاهی نەقشبەند، شیرکەتی جەردە و دەستبڕانی لە کوردستانی ئێمەدا دامەزراندووە"[٤].

بە بروای (د.هەڵکەوت حەکیم) لە ناوچەکانی شێخ (تەها) بیروڕای سیاسی بە جۆرێک گەشەیکرد بوو بەرەو بزووتنەوەیەکی سیاسی هەنگاوی دەنا و نزیکیش بوو لە مەرکەزی دەوڵەتی عوسمانییەوە، بەڵام ناوچەکانی (تەوێڵە و بیارە) بە پێچەوانەوە ناوچەیەکی پارێزگار بوو[٥]. هەندێک جاریش بوونی پەیوەندییەکانی نێوان شێخەکان و دەسەڵاتدارانی عوسمانی خراپ لەسەر هزرە سۆفیگەرییەکە کەوتووە، چونکە ئەو دەوڵەتە لە ململانێی دژ بە سەفەوی و بۆ ئەوەی مەیلی ناوچە سنوورییەکانی سونەنشین بەلای خۆیاندا ڕاکێشن هەریەک لە ئاغا و کەسایەتیە دینییەکانیان بەلای خۆدا ڕاکێشاوە و زەوی زۆریان لەسەر تاپۆ کردوون و چاویان لە ستەمەکانیان دەپۆشین، بەوەش ئایین وەک بەشێک لە دەسەڵاتی سیاسی دەردەکەوت و تەریقەتە سۆفیگەراکانیش کە پانتایی دینداریان لەو ڕۆژگارەدا گرتبوو تووشی قەیران بوونەوە و جەوهەری خۆیان لە دەستدا و بوونە هۆیەک بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان[٦]. گەلێک جار وادەبوو شێخی تەریقەتەکان کاروکردەوەی وای دەکرد پراوپڕ پێچەوانەی ئەوەی لە سەرەتای دامەزراندنی تەریقەتەکانەوە بانگەشەی بۆ دەکرا[٧]. بۆیە (بێترام دیکسۆن Betram Dickson) جێگری کۆنسوڵی ئینگلیز لە شاری(وان) لەبارەی هەندێک لە شێخانەوە دەڵێت: "بڕێک لە شێخان هیچیان لە جەردە و ڕێگر جوودا نییە، بەڵام دەسەڵاتیان بەسەر ئاغا گچکەکاندا باش دەشکێت، دەتوانن چۆن دڵیان دەخوازێت، ئاوا ڕامیان بکەن"[٨].

لە ڕووی سیاسییەوە لە ماوەی دەسەڵاتی میرە کوردەکاندا شێخەکانی سۆفیزم نەیاندەویست ڕووبەڕووی دەسەڵاتی ئەو میرانە ببنەوە، بۆیە ماوەی دەسەڵاتی میرەکان قۆناغی جەختکردنەوەی شێخەکان بوو لە دەسەڵاتی ڕۆحی و سۆفیزمی خۆیان و بڕوا وابوو کە بزووتنەوەی سۆفیزم دوور لە

---

(١) صەباح شێخ محەمەد بەرزنجی: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤.
(٢) بوتروس ئەبو مەننە و تێری زارکۆن: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.
(٣) ئارام عەلی: دەسەڵاتی تەریقەتی ... ، ل٤١٩.
(٤) وەرگیراوە لە// مارتن ڤان برونسن: ئاغا و شێخ و...، ب٢، ٢٠١١، ل١١٦.
(٥) ئارام عەلی: دەسەڵاتی تەریقەتی ... ، ل٤٢٠
(٦) خالید مەحمود حەمەکەریم: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٩،١٧١.
(٧) م.ب. ڕۆدێنکۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦.
(٨) وەرگیراوە لە// مارتن ڤان برونسن: ئاغا و شێخ و...، ب٢، ٢٠١١، ل١١٧.

دەستوەردان لە ژیانی سیاسی دەمێنێتەوە و دەستناخاتە ناو کاروباری حوکمڕانییەوە، نابێتە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر دەسەڵات، بەڵکو بایەخ و قورسایی خۆی تەنیا لەسەر لایەنی ڕۆحی چڕدەکاتەوە[١]. ئەم هەوڵانەی شێخەکان بۆ نزیکبوونەوە لە سیاسەت و سیاسییەکانی دەسەڵات ڕێگایەکی وەبەرگیراوی گشتی نەبووە کە ڕەنگڕێژی ئاراستە گشتییەکەی سۆفیزم بنەخشێنێت، بە قەدەر ئەوەی ئاکار و حەزێکی کەسی پەیوەست بە بیرکردنەوەی هەریەک لەو شێخانەوە بوو، ئەوەتا لە ناو شێخانی نەقشبەندی هەورامانداندا تێیاندایە هێندە خۆیان لەبەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی فەرمی دەپاراست تەنانەت ئامادەنەبوون وەک هاوشێوەکانی خانەوادەیی خۆیان ئەرکی سەرپەرشتی خانەقا و جێنشینی بگرنە ئەستۆ لە نموونەی شێخ (کامیل شێخ عومەر١٨٩٨-١٩٧٦)،[٢] هەرچەندە ناتوانین ئەو جۆرە لە بیرکردنەوە بخەینە ناو چوارچێوەیەکی فەرمی، چونکە بیرکردنەوەکان جوودا بوون. هەڵوێستی شێخ (عوسمان سیراجەدینی دووەم) لەسەر سیاسەت هەڵوێستێکی دژە. ئەو داوای کردووە توخنی سیاسەت نەکەون و سیاسەت نەکەنە ئامانج، بۆ نموونە لە چاوپێکەوتنێکیدا بۆ کەناڵێکی ئەڵمانی (ORF-٢) باس لەوە دەکات، ڕێبەری ئایینی نابێت شوێن سیاسەت بکەوێت، ئەگەرنا ئەوە ڕێبەری ئایینی نییە، بەڵکو ڕێبەری دونیاییە[٣]. چونکە ئاراستەی گشتی کارکردنی شێخانی (بیارە) خۆ دوورگرتن بووە لە سیاسەت و گرنگی دان بووە بە کارکردن لە ڕووە دینییەکەوە، هەرئەوەشە وادەکات ئەم شێخانە ڕۆڵیان لە ناو بزاوتە سیاسییەکاندا کەمتر ببینرێت بەراورد بە جووڵە ئایینی و زانستییەکانی حوجرە و خوێندن[٤]. بۆیە شێخانی (بیارە) زۆربەی کات لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی تەبا و کۆک بوون[٥].

ئەم هەڵوێستەیان وا لێکدەدرێتەوە کە شوێنی ئەم شێخانە لە ناوەندێکی سنووری دوو دەوڵەتدا بووە، لە هەردوو دەوڵەتیشدا خاوەن پێگەی جەماوەری بوون و بەشداریکردنیان لە چالاکی و بزاوتی ڕوونی چەکداریدا دەبووە هۆی لەدەستدانی پێگە جەماوەرییەکەیان، وەک لە (١٩٥٨) و سەردەمی شێخ (عوسمانی دووەم)دا بینرا ئەو دەمەی بەهۆی باڵادەستی تەوژمی شوعییەکانەوە لە پاش شۆڕشی کۆماری لە عێراق ناچار بوو وڵات بەجێبهێڵێت، بەجۆرێك ئەو جێهێشتنە کاریگەری لە کەمبوونەوەی پێگەی جەماوەری ئەو شێخە لە باشووری کوردستان هەبوو، نموونە زیندووەکانی چالاکی شێخانی پێشوو لە پارچەکانیتری کوردستان لەناو بزاوتە سیاسییە دژبەرەکان، نەبوونە سەرمەشقێکی بەهێز بۆ ئەمان، تاوەکو دەست بۆ ئەو لایەنە بەرن[٦]. بۆیە ناچار بە ڕێکخستنی جووڵە و پەیوەندییان بوون لەگەڵ هێزە دەسەڵاتدارەکانی ڕۆژگار، تاوەکو لەوێوە بتوانن خۆیان و شوێنکەوتەکانیان لە ستەمی دەسەڵاتە سیاسییەکان بپارێزن[٧]. هەر ئەوەشە وا دەکات لە قۆناغێکدا دەوڵەتی عوسمانی پشتیوانی لە ڕەوتی نەقشبەندی بکات، بۆ بڵاوکردنەوەی ناوبانگەکەی بە نهێنی و ئاشکرا کاربکات، تاوەکو ئەم تەریقەتە بکاتە بەدیلێکی دژ بە شۆڕشی وەهابیەکانی دوورگەی عەرەبی و بیرکردنەوە نەتەوەییەکان لە کوردستان و کپیان بکاتەوە، هێمنی و ئاسایش بگەڕێنێتەوە زەوییەکانی دەوڵەت، لەوەشەوە جۆرێک

---

[١] نەجاتی عەبدوڵڵا: شێخ عوبەیدوڵڵای ...،ل ١٤.
[٢] ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندی – خالیدی مەولانا خالید وتەریقەتی خالیدی ...،ب،٢،چ١، ل١٢٢.
[٣] بەرزانی مەلا تەها: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.
[٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ ثابت شێخ عەلائەدین نەقشبەندی)، سەرچاوەی پێشوو.
[٥] فەرهاد شاکەلی: تەسەوف وەک... ، ل٢٦٠.
[٦] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ ئاوات نەقشبەندی)، سەرچاوەی پێشوو.
[٧] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا نوری فارس حەمە خان)، سەرچاوەی پێشوو.

لە پەیوەندی تەواوکاری شێخەکان و دەزگای دەوڵەتیدا لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا دروستبوو[١].

بۆیە جۆرێتی ئەو پەیوەندیانە و وابەستەیی شێخەکانی هەورامان بە دەوڵەتی عوسمانی وایکرد لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانیدا جیهاد دژ بە ڕووس ڕابگەیەنن، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو بەناو خەڵکیشدا گەڕاون بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارە بۆ بەرگرتن لە لەشکرکێشی ڕووس و بەهۆی کاریگەری ڕۆحیانەوە خەڵکێکی زۆرگوێی بۆ گرتوون[٢]. لە تەواوکاری ئەو هەوڵانەشیاندا خانەقاکانیان لە ڕۆژگاری جەنگی یەکەمی جیهانیدا ڕۆڵێکی گەورەیان لە کۆکردنەوە و هاندانی خەڵکی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی سوپای ڕووس لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بینیوە[٣]. ئاپۆرەی غەزاکارانی کورد بەو ڕادەیە و کۆبوونەوە لە دەوری شێخەکان لە پێنجوێن، بە جۆرێك بوو فەرماندەی عوسمانی (عومەرناجی) سەرسام کردبوو[٤]. بە دەستپێکی جەنگی جیهانی و بەپێی بەرنامەی ڕووسەکان خاکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتە بەر هەڵمەتی داگیرکاری، هەریەک لە شارەکانی( سنە و سابڵاغ و سەقز)ی گرتەوە، بە فەتوای شێخانی نەقشبەندی و بە هاوکاری بەگزادەکانی مەریوان شێخانی هەورامان دژ بەو سوپایە وەستانەوە، لە نزیک گوندی (شووش) ناچار بە گەڕانەوەیان کردن، ئەگەرچی ڕووسەکان کۆڵیان نەدا و لە بەهاری (١٩١٦)دا هێرشیان هێنایەوە، بەڵام ساڵێك دواتر و بەهۆی گرفتی ناوخۆیی لە ڕوسیا سوپای ئەو وڵاتە ناچار بە پاشەکشە بوو[٥]. دیارە مەبەست لە گرفتی ناوخۆیی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسییە، ئەو گۆڕانکاریەی لە هەیکەلی سیستمی سیاسی ڕوسیادا هاتە ئاراوە.

هەرچەندە دەسەڵاتداران لە فراوانبوونی دەسەڵاتی شێخەکان نیگەران بوون، بەڵام لە بواری سەربازیشدا گرنگییان پێدەدا، لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانی دەوڵەتی عوسمانی توانی بەهێنانی شێخە دیارەکان بۆ ریزەکانی بەرگری، بەشێکی زۆری کورد بۆ لای خۆی ڕابکێشێت[٦]. لە (١٩١٦) و(١٩١٧) بۆ ئەو مەبەستە دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێگەی نێردەی خۆی (عومەرناجی) هەوڵیدا پەیوەندی بە کەسایەتی و پیاوانی ئایینی ناوچەی سلێمانی و شارەزوور و هەورامانەوە بکات، چونکە لەو بڕوایەدا بوو بەبێ هاوکاری شێخانی هەورامان کارێکی ئەوتۆی لە ناوچەکەدا بۆ ناکرێت، بۆیە پەیوەندی بەوانەوە کرد[٧]. بەدەمەوە هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵک، بۆ بانگەوازی شێخەکان مایەی سەرسووڕمانی نوێنەری عوسمانی بوو، نزیکەی (٤٠٠٠) کەس لەژێر کاریگەری شێخەکاندا

---

(١) نورالدین ئایدن: سەرچاوەی پێشوو ،ل ٣٣٨.

(٢) ئەیوب کوێخا ڕۆستەم: گەوهەری ژمارەیەک لە تێکست و دەستنووسەکان، ب١، چ١، چاپخانەی تەژنە، ٢٠١٨، ل٩٤.

(٣) کاوەی بەیات: خۆرهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی ناوخۆی ئێراندا (تایبەت بە یەکەمین جەنگی جیهانی، ئۆرگانی بەڵگەنامە نیشتیمانیەکانی ئێران)، و. موستەفا غەفور، هەولێر، ٢٠١٣، ل٧١، ١٠٥.

(٤) محمد نجم الدین النقشبندی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.

(٥) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: ڕۆژگاری ژیان...، ل٣٤.

(٦) عباس زارعی مهرورز(پ.د):بررسی تأثیرات سیاسی و اجتماعی طریقتهای کردستان در أغاز قرن بیستم، تحقیقات تاریخ اجتماعی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال پنجم،شمارة اول، بهار و تابستان ١٣٩٤هـ، ص٧٣.

(٧) عبدالرزاق عبدالرحمن محمد: سەرچاوەی پێشوو.، ل٩٦٦؛ نصرالله پورمحمدی و علیه جوانمردی: منبع سابق، ص٨٩ . ؛ سەرکۆ ناجی جەبار: ڕەوشی هەورامان لەسەردەمی دەوڵەتی قاجاریدا، ١٧٩٦-١٩٢٥، چ١، ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٩٧.

بەشداری ئەو هەڵمەتەیان کردووە[١]. هەریەکە لە شێخ (نەجمەدین و حیسامەدین) ڕۆڵی زۆریان لە ئامادەکردنی خەڵکی ناوچەکە بۆ ئەو ڕووبەڕوو بوونەوەیە بینی، بەتایبەتی کاتێک بەرگێکی ئاینیان بە هەڵمەتەکە بەخشی بە هاوکاری و فەتوای مەلایانی دیاری ناوچەکە (مەلا عەبدولقادری مودەڕیس و مەلا موستەفای خورماڵی و شێخ بابا ڕەسوڵی بێدەنی)، بۆیە فەتوای ئەو مەلایانە و هاتنە پێشەوەی شێخەکان بۆ جەنگەکە کاریگەری گەورەی لەسەر دڵ و دەروونی خەڵکی و بەشداریکردنیان لەو هەڵمەتەدا هەبوو[٢]. وتوووێژی شێخانی نەقشبەندی لەگەڵ ئەو مەلا دیارانەی کە ناوبران لە بارەی بەشداریکردن یا نەکردن لە کاتێکدابوو کە موفتی دەوڵەتی عوسمانی زیاد لە جارێک فەتوای جیهادی لەدژی هێزە ڕۆژئاواییەکان ڕاگەیاندبوو، ئەو بەشداریکردنە، لە هەورامانەوە بە تەنیا لەژێر کاریگەری فەتوای موفتی عوسمانیدا نەبووە، بەڵکو گوێیان لە بۆچوون و ڕای مەلایانی کوردیش گرتووە، دواجار بە فەتوای شێخانی نەقشبەند بەشداری وەها جەنگێکیان کردووە[٣]. خۆ ئەگەر فەتوای ئەو شێخانە نەبووایە، بەشداری کورد بەو ئاستە نەدەبوو، چونکە لەو ڕۆژگارەدا فەتوای شێخ لە سەرووی هەموو شتێکەوە بوو، ئەوان لە ڕووی جەماوەرییەوە لە میرەکان لە پێشتربوون. کاریگەریی شێخەکان بە جۆرێک بوو کە خەڵک دەیانبینین، لە بەرەی جەنگدا هێزیان وەبەرخۆدەدا و بە بێ چەک و بە پێی خاوسی دەچوونە بەرەی شەڕ[٤]. لەو کەسایەتەیانەی بەشدار و پێشەوای ئەو شەڕە بوون هەریەک لە شێخ (نەجمەدین و حیسامەدین و عەلائەدین) بوون، بەو پێیەش سەرجەم خێڵ و پیاوانی ئایینی ڕێککەوتن لەسەر ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو لەشکرە و زیانێکی زۆریان لێدان[٥]. لەژێر کاریگەری بانگەوازی جیهاد و پشتیوانی شێخەکان بۆ ئەو جۆرە بانگەوازە ئاینیە، غەریزە چەکدارییەکانی کورد دنەدرا، بە ئاراستەیەکی تەواو پێچەوانە بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیان چوونە جەنگ[٦]. بەپێچەوانەی ڕای (نیکتین)ەوە، بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد هیچ کات لەلایەن ڕووسەکانەوە وەپێش چاو نەگیراوە، تاوەکو دژ وەستانەوەیان بۆ سوپای ڕووس، کە وڵاتی کوردانی داگیرکردووە، بە دژایەتی بەرژەوەندی نەتەوەیی بخوێنرێتەوە.

ئەو بەدەمەوە هاتنە زۆرەی خەڵک و قبووڵکردنی پێشەوایەتیکردنی کەسێکی وەک شێخ (نەجمەدین) بڕوای خەڵکی ناوچەکە بوو بە زوهد و خۆنەویستی ئەو شێخە، لە کاتێکدا بەگ و کەسایەتییە دونیاییەکانی ناوچەکە خاوەن دەسەڵات بوون[٧]. چونکە لەو کاتانەدا کۆمەڵگەکە چاو لە دووی ئەو جۆرە کەسایەتییانە بوو کە متمانەی سەپاندنی ئاشتی و هێوربوونەوەی پێبکرێت و دان بە دەسەڵاتیدا بنرێت[٨]. وەنەبێت شێخەکان هەر خۆیان و موریدانیان بەشدارییان لە شەڕکردبێت، بەڵکو خودی شێخ (نەجمەدین) لەگەڵ کوڕ و براکانیدا، سەرپەرشتیاری یەکێک لەو قۆڵانەی شەڕیانکردووە کە بۆ ئەو مەبەستە ساز و ئامادەبوون[٩]، هەروەها لە پەیوەندیدا بوون لەگەڵ هەریەک لە بەگزادەکانی جاف و نامەشی بۆ شێخ (عەلائەدین)ی برای لە ئێران بەمەبەستی بەشداریکردن ناردبوو. هەرچی

---

[١] هادی بەهمەنی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٧.

[٢] عبدالرزاق عبدالرحمن محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦٦.

[٣] محمد نجم الدين النقشبندی: شێخ نەجمەدینی نەقشبەندی...، ل١٩.

[٤] عمر فاروقی: نگاهی به تاریخ فرهنگ کردستان، تهران، شرق، ١٣٦٢، ص٩٢،٩٣.

[٥] محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب١، ل٩١١،٩١٢.

[٦] باسيلي نيكيتين: الكرد دراسة سوسيولوجية و تأريخية، ت.د.نوری طالبانی، الطبعة الاولی، مطبعة خانی، دهوك، ٢٠٠٨،ل٢٨٥.

[٧] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ ئاوات نەقشبەندی)، سەرچاوەی پێشوو.

[٨] مارتن ڤان برونسن: ئاغاو شێخ و..، ب١، ٢٠١٠، ل١١٩.

[٩] محمد نجم الدين النقشبندی: شێخ نەجمەدین نەقشبەندی...، ل١٩،٢١.

(مەحمود) پاشای جافە بەهۆی پتەوی پەیوەندییەکانی لەگەڵ شێخ (نەجمەدین)دا داوای لەسەرجەم هۆزەکانی جاف کرد بەدەم ئەو داوایەوە بچن[١]. بەڵام بەگوێرەی ڕاپۆرتی نێردەی ڕووسی (لیڤکییسکی Levkeeske) لەشاری (قەسری شیرین) بۆ وەزارەتی دەرەوەی ووڵاتەکەی باس لەوەدەکات بەریتانییەکان سەرکەوتوو بوون لە بەکارهێنانی هەژموونی خۆیان بۆ هەڵنان و پشتیوانیکردنی هێزە خێڵەکیەکان لە دژایەتیکردنی لەشکری ڕووس لە ناوچەکە و مەترسی خۆی بۆ ئەو پلانەی بەریتانییەکان لەسەر ئایندەی ناوچەکە نیشان داوە[٢]. لەژێر کاریگەری ئەو شێخانەدا لەشکری هۆزەکانی هەورامان بە پێشەنگی (جافرسانی) هەورامان بەشداری ئەو شەڕە بوون[٣]. بۆیە شێخەکان بۆ ئەوەی بەرەی جەنگ بەباشی بەڕێوە ببرێت، ناوچەکەیان بەسەر سێبەرەدا دابەشکرد، هەر یەکەیان ناوچەیەکی گرتبووە ئەستۆ، ناوچەی (سنە) بە سەرپەرشتی شێخ (عەلائەدین) و کوڕەکانی، ناوچەکانی (بۆکان و سەقز) لەلایەن شێخ (نەجمەدین) و شێخ (حیسامەدین)ەوە سەرپەرشتی دەکران[٤]. بە پێی گێڕانەوەکانی (کەریم) بەگی جاف و لە زمانی شێخ (عوسمان)ەوە باس لە بەشداری ئەو شێخزادەیە لەگەڵ باوک و براکانی تری لەو شەڕەدا کردووە[٥]. هەر بە فەرمانی شێخ (حیسامەدین) لە ناو بازاڕی (تەوێڵە)دا جاڕدرا تاوەکو خەڵک خۆیان بۆ غەزا دژ بە ڕووس ئامادە بکەن[٦]. خەڵک بروایان بە سەرپەرشتی شێخەکان هەبوو بۆ ئەو شەڕە، تەنانەت لەو دەمەدا دەستەی گیانبەخشان (فدائی) لە ناو خەڵکی شەڕکەری کورددا دروستبوو، کە شەوانە هەڵیان دەکوتایە سەر بەرەی دوژمن بۆ گرتن و کوشتنی سەربازانی ڕووس، ئەوانە خاوەن ئاڵا و ئاماژەی خۆیان بوون[٧].

لەگەڵ ئەو ماندوو بوون و بە دەمەوە چوونەی خەڵک و شێخانی کورد بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی سوپای پڕ چەکی ڕووس بە چەک و چۆڵی خۆماڵی و فەتوای خۆماڵی کوردی، بەڵام عوسمانییەکان لەو دۆخە ڕازی نەبوون و (حەسەن پاشا)ی فەرماندەیان لە کۆبوونەوی لەگەڵ کەسایەتییەکانی دەوروبەری پێنجوێن و ناوچەکە کە شێخ (عەلائەدین) یەکێک بووە لەوان سەرزەنشتیان دەکات، بەوەی بەرگریان بە جۆرێک نەبووە ڕێ لە هاتنی سوپای ڕووس بگرن، بەڵام شێخ (عەلائەدین) لە ڕوویدا وەستاوەتەوە، وەک هەڵوێستێکی ڕەخنگرانە، جیهادی خۆیانی بە فەرمانی عوسمانییەوە نەبەستۆتەوە، بەڵکو بە فەرمانی خوداو دینیەوە پەیوەستکردووە، چونکە شێخ بڕوای وا بووە، خەڵک بە دەستی ژیانی خۆیەوە گیری خواردووە. منداڵی لەبرسا دەمرێت، ئیتر جیهاد بە بێ چەک و ماڵ و کەرەستە چۆن دەکرێت، ئەوەش ئاماژە بوو بەو دەقە قورئانیەی ﴿سورەتی الأنفال ئایەتی ٦٠﴾. کە خودا فەرماندەکات بە بە کاربەدەستانی دەوڵەتی ئیسلام، هەرچی لە توانادا هەیە بۆ بەهێزکردنی سوپای ئیسلام بیخەنەگەڕکەمتەرخەمی مەکەن تا دوژمنانی خواو دوژمنانی خۆتانی پێ چاوترسێن ببێت.[٨] بۆیە پێی دەڵێت: "ئێوە کە هێزی دەوڵەت بوون بۆ ڕێگەتان داوە دوژمن وڵات داگیربکات"[٩]. هەروەها کاتێك شێخ (نەجمەدین) دەبینێت فەرماندەی سوپای عوسمانی کەرەستەی

---

[١] عبدالرزاق عبدالرحمن محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦٧.
[٢] مهند سمیرحسن: سیاسة بریطانیا تجاه الکرد ١٩١٤-١٩٤٦، رسالة ماجستیر، جامعة دیالی، کلیة التربیة للعلوم الانسانیة، قسم التاریخ، ٢٠١٣، ص٥٦.
[٣] سەرکۆ ناجی جەبار: سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٨.
[٤] الشیخ محسن الموفتی: خلوة السالکین و...،ج١، ص٨٤،٨٥.
[٥] کەریم بەگی فەتاح بەگ: تاریخی جاف، بەغدا، ١٩٩٥، ل ٨٦.
[٦] عبدالرزاق عبدالرحمن محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤.
[٧] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ ئاوات نەقشبەندی)، سەرچاوەی پێشوو. بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٣).
[٨] بورهان محەمەد ئەمین عەبدولکەري: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٤.
[٩] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: ڕۆژگاری ژیان..، ل٣٤.

پێویست لە ووزەبەخش بۆ پاراستنی سەربازانی سوپاکەی لەسەرمای سەختی ناوچەکە بەکاردەهێنێت و خۆبەخشانی کوردی لێبێبەش دەکات و ئەو هاوکارییە بەوان نادات، دڵی لەو سوپایە سارد دەبێتەوە، بەجۆرێك کە پێشتر نزای خێر و سەرکەوتنی بۆدەکرد، بەڵام پاش ئەو هەڵوێستە پەیوەندی لەگەڵداپچڕاند[1].

شێخ و ڕێبەرانی تەریقەت لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکدا، ڕۆڵی مێژوویی و پێشەنگیان نواندووە لەپاڵ ئەو تۆمەتەی دەخرێتە پاڵ سۆفییەکان گوایا لە بەرامبەر هێرش کاران و ستەمکاراندا بێدەنگ بوون و خۆیان داوەتە دەست قەزا و قەدەر، لە کاتێکدا دەبینین زۆربەی ڕێبەرانیان بە خەبات لە دژی داگیرکەر و پەلاماردەراندا سستییان نەنواندووە، لە چەشنی شێخ (نەجمەدینی کوبرەوی و شێخ شامیلیی داغستانی و شێخی نەهری، شێخ سەعید و شێخ نەجمەدینی بیارە)[2].

دەسەڵاتی سیاسی شێخەکان کاریگەری زۆری بەسەر گەورەبوونی دەسەڵاتی ئابوورییانەوە هەبوو، سوڵتان (عەبدولحەمید) لە بەرامبەر هاوکارییان بۆ دەسەڵاتەکەی، دیاری و بەخششی لە شێوەی گوندی کشتوکاڵی سەر بە دەوڵەتی پێ دەدان. تاپۆی زەوییەکان لەلایەن عوسانیەکانەوە بۆ شێخەکانی ئەو ناوچەیە زۆرجار مایەی نەهامەتی و شەڕ دروستکردن بووە، وەک ئەوەی لەسەردەمی شێخ (بەهائەدین)دا ڕوویدا دوای ئەوەی (تاپۆ)ی زەوییەکانی دەدەنێ و ئەو ناوچەیەش ناوچەی سنوورین و لەو کاتەشدا هەندێک لە سانەکانی هەورامانی لهۆن کە سەر بە دەوڵەتی قاجار بوون، ئەوە بە دەسیسەی سیاسی عوسمانی دەزانن بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە، بۆیە بەگەکانی ئەو ناوچەیە بە هاندانی دەوڵەتی قاجار دژی ئەو جۆرە لە تاپۆکردن دەوەستنەوە، ئەوە لە کاتێکدا بوو بەگەکانی هەورامانی تەخت مەیلداری عوسمانی بوون، بۆیە لە تەنگەتاوکردنی شێخی (بیارە) لەلایەن بەگەکانی (لهۆن)ەوە دەست وەردان دەکەن، پاش ئەوەی شێخ (محەممەد بەهائەدین) داوای هاوکارییان لێ دەکات و سەرەنجام شەڕی هەردوولا کە بەشەری (تەپی تەلەوەر) دەناسرێت لە ساڵی (١٩٣٤) ڕوودەدات و نزیک بە (١٢) کەس لە نێوان هەردوولادا دەکوژرێن[3]. گەشەی شێخەکان لە مەیدانی سیاسەتدا وای کرد لە ماوەی نێوان نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم ڕۆڵێکی دیار لە ژیانی سیاسی و خەباتی ڕزگاری نەتەوەیی گەلی کورددا ببینن و لە میرە کوردەکانی پێش خۆشیان سەرکەوتووتربن[4]. بەڵام ئەم گەشەکردنە سیاسییە لای شێخانی هەورامان بە هەمان تین و تاو بەدی ناکرێت.

هەرچەندە مێژوویەکیان لە پەیوەندیی بە عوسمانییەکانەوە هەبوو، بەڵام لە ساتی کۆتایی عوسمانییەکان وهەوڵەکانی ئۆزدەمیر پاشا بۆ پەیوەندی بەستن بە شێخ و کەسایەتیەکانی تری باشووری کوردستان و هاوکاریان دژ بە خاچ دروشمەکان، هیچ هەوڵێک لەگەڵ ئەم شێخانەی هەوراماندا نابینرێت[5]. ئەوەش جێی هەڵوێستە کردنە ئایا ئەمە بەڵگەی مەیلبڕانی شێخەکان بووە، بە

---

(١) شێخ موحسین شێخ خالید موفتی: گەوهەری حەقیقەت...، ب٤،ل١٦٠،١٦١.
(٢) عبدالرحمن شێخ صلاح الدین شێخ سلێمان بەرزنجی بێلاف: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨٢، ٧٨٣.
(٣) حەمەکەریم هەورامی: چیرۆکی من و گوندەکەم، ب١، چ١، چ.ڕۆشنبیر، هەولێر، ٢٠١٦، ل ١١٨،١١٩.
(٤) جرجیس فتح الله: مبحثان علی هامش ثورة الشیخ عبیدالله النهری، ط٢، مطبعة التربیة، دارئاراس، اربیل، ٢٠٠١، ص ١٤٤.
(٥) ئەحمەد باوەڕ: ئۆزدەمیر و کورد مێژووی ململانێی بەریتانیا و تورک لە باشوری کوردستان، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٧، ل ٦٥.

تایبەتی پاش کودەتای ئیتیحادییەکان و گۆڕانە ناوخۆییەکانی تورکیا، یان بێ ئومێدبوونی عوسمانییەکان بووە لە هاوکاری شێخەکانی هەورامان!

بەڵام نامەی نووسراو و پشتیوانی لە (١٩٢١) دا، لە نێوان شێخ (حیسامەدین) و (موستەفا کەمال ئەتاتورک)دا هەیە، وەک هەواڵ پرسین لە دۆخی جەنگەکانی ئەو دەمە لەلایەن شێخەوە و ڕوونکردنەوەی سەرکەوتنەکانی (موستەفا کەمال) بۆ شێخ (حیسامەدین) و داوای نزا و پاڕانەوە بۆ سەرکەوتنی گەورەتر بەسەر نەیارانی دەوڵەتدا لێدەکات[١]. ڕەنگە تاوەکو ئەوکاتە (موستەفا کەمال) وەك خاڵی هاوبەشی سەرکردەیەکی سونی نێوان تورك و کورد بینرابێت[٢]. خانەقاکان تاکە سەرچاوەی سەلمێنەری پێگەی شێخەکانی هەورامان نەبووە، بەڵکو لە دەرەوەی خانەقاش هەوڵیان داوە پێگەی خۆیان وەک کەسایەتی بەکاربهێنن بۆ جێگیرکردنی دۆخی ناوچەکە. ئەدمۆندز باسی دەکات، کە شێخ (حیسامەدین) لە ساڵانی دوای جەنگیش بەردەوام هەوڵی داوە ڕۆڵی سیاسی خۆی نیشان بدات و پێگەی ئایینی خۆی بۆ ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە بخاتە کار[٣]. لە بارەی پێگەی شێخەکان و دەسەڵاتیان لە سەدەی نۆزدەدا (بێرترام دیکسۆن) دەڵێت: "ئەو شێخانە لەو ماوەیەدا دەسەڵاتیان زۆر لە دەرەبەگەکانی تر زیاتر بوو". لۆنگریکیش جەختی لە وەها بۆ چوونێک کردوەتەوە[٤].

### ب: پەیوەندی سیاسی شێخەکانی هەورامان بە دەسەڵاتدارانی (قاجاری و پەهلەوی).

#### ١ / پەیوەندی شێخەکانی هەورامان بە دەسەڵاتدارانی قاجاریەوە:-

پەیوەندی قاجارەکان و ناوچەی هەورامان بۆ سەردەمی شێخەکان ناگەڕێتەوە، بەڵکو پەیوەندییەکە کۆنترە و قاجارەکان قسەی یەکلاکەرەوەیان لە دانانی سان و فەرمانڕەوایانی ناوچەی هەوراماندا هەبووە[٥]. لە پاش لەناوچوونی دەسەڵاتی ئەردەڵان و هەوڵەکانی دەوڵەتی قاجار بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی بن دەستی، بەتایبەتی دوای ناردنی (فەرهادمیرزا- موعتەمید ئەلدەولە ١٨١٨- ١٨٨٨)ی مامی (ناصرەدین)شای قاجار بۆ فەرمانڕەوایەتی سنە و ناوچەکانی کوردستان[٦]. ڕۆڵی ڕێبەرانی تەریقەت لە پێشهاتە سیاسییەکانی ناوچەکە لە نیوەی دووەمی شانشینی قاجارەوە، واتە لە سەردەمی (ناسرشا)ی قاجارەوە زیاتر بووە و زۆربەی چالاکییەکانیان بۆ ئەم قۆناغە دەگەڕێتەوە، لە سەرەتادا شێخەکانی تەریقەت ڕۆڵی سەرکردەی مەعنەوییان دەگێڕا، بەڵام وردە وردە، بوونە سەرکردەی سیاسی و کاریگەرییان زیاتر بوو[٧]. لەوە بەدوا پەیوەندییە ڕاستەوخۆکانی هەورامان و دەوڵەتی قاجار دەستپێدەکات، بە تایبەت کە لەلایەن شێخ (محەمەد بەهائەدین)ەوە نامەگۆڕینەوە لەگەڵ سیاسییەکانی قاجاردا هەبووە، وەک نامەکانی بۆ (تەهماسب میرزا- موئەید ئەلدەولە)ی حاکمی

---

(١) سامی دهقانی: منبع قبلی، ج١، ل١٤٣،١٤٥. بڕوانە// پاشکۆی ژمارە(٤).
(٢) حسين جمو: التكايا المسلحة التاريخ السياسي للنقشبندية الكردية، ط١، تموز للطباعة ونشر، دمشق، ٢٠١٩.
(٣) خالد مەحمود کەریم: باشوری کوردستان ...، ل٧٦.
(٤) وەرگیراوە لە// سامان حوسین ئەحمەد: کورد لە سەرچاوە مێژووییەکاندا مێژووی کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسی بریتانیدا (١٩٠٠-١٩٥٠)، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٤ ، ل١٧٧.
(٥) صدیق بۆرەکەیی (د): هەورامان باشتر بناسین، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣، ل٢٥.
(٦) نازناز محمد عبدوالقادر: بارودۆخی سیاسی کوردستان (١٨٨٠-١٩٤٦ز) چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٣٨.
(٧) نصرالله پور محمدی و علیه جوانمردی: منبع قبلی، ص ٨٥.

ئەردەڵان و (فەرهاد میرزای مامی ناسرەدین) شای قاجار[١]. ئاشکراشە کە شێخ (عومەر) پەیوەندی لەگەڵ (موزەفەرەدین شا)ی جێگری (ناسرەدین ئەلدەولە)ی شای قاجاردا هەبووە و لە(٧/تەممووزی/١٨٩٧) نامەگۆڕینەوە لە نێوانیاندا هەبووە، کە پڕاوپڕە لە شێوە ئاساییەکانی ڕێز و ملکەچی نواندن، تەنانەت ئەو شایەی قاجار بڕی (١٠) هەزار تمەنی بەخشیوەتە شێخ (عومەر) بۆ خانەقای بیارە، بەڵام ئەو بەخششە لەبەر دژبوونی بە بنەماکانی سۆفیگەری قبووڵنەکراوە[٢]. ئەمە وەك شوێنپێ هەڵگرتنی ئەو نەریتەی مەولانا دەبینرێت لە قەبوڵنەکردنی هاوکاریەکانی (داود پاشا)ی والی عوسمانی بۆ نۆژەنکردنەوەی تەکیەی مەولانا لە بەغدا و پشت بەستن بە پارەی مورید و شوێنکەوتەکانی بۆ ئەو مەبەستە سودی بینی بوو[٣].

بەهۆی سنووری بوونی ناوەندی دەسەڵاتی شێخەکانی هەورامان، لە هەمانکاتدا بوونی شوێنکەوتەیەکی زۆری ئەو شێخانە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت ناوچەکانی (تالش) لە ئێران ئەم دوو لایەنە بێ پەیوەندی نەبوون[٤]. بەڵام جۆرێتی ئەو پەیوەندییانە دروست و کۆک نەبووە، بەڵکو بەشێک بوو لەو چوارچێوە گشتییەی خەڵکی هەورامان و ناوچەکە لە بەرامبەر سیاسەتی خراپی قاجارەکان، بە تایبەتی پاش هێنانی فەرمانڕەوای بیانی سەر بە قاجار بۆ کارگێڕی ناوچەکە[٥]، بەتایبەتی لەسەروبەندی یەکەم جەنگی جیهانیدا ناوچە کوردییەکان بە جۆرێك شێواو بوون زیاتر لە دۆخی پشێوی و ئاژاوەوە نزیك بوون[٦]. وەک چۆن لە باشووری کوردستاندا پێگەی شێخەکان پاش لە باربردنی دەسەڵاتی میرایەتییەکانی کورد کەوتە دەرکەوتن، لە ڕۆژهەڵاتیش بە هەمان شێوە، حکومەتی قاجار سیاسەتی ناوەندگەرایی لە سەرانسەری ئێران بە کوردستانیشەوە پەیڕەوکرد[٧]، بەهۆی ئەم سیاسەتەوە، فەرمانڕەوا ناوخۆییەکان وردە وردە نەمابوون و سەرانی تەریقەتیش ئەم دەرفەتەیان بەکارهێنا بۆ ئەوەی بە ئاسانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسیش بەدەست بهێنن، لەم کاتەدا تەریقەتی نەقشبەندی و شێخەکانی، لە ڕەوتەکانی تر زیاتر لەبەرچاو بوون[٨].

شۆڕشی دەستووری ئێران (١٩٠٥-١٩١١) کە دژ بە خراپی حوکمی قاجارەکان بوو لە دۆخێکی وادا، لە هەموو پارێزگاکانی ئێراندا بزاوتێکی سەرتاسەری بوو، کوردستانیش وەک گۆشەیەکی ئەم سیستەمە نەیتوانی خۆی لەو شۆڕشە بە دوور بگرێت. لە سەرەتادا زۆربەی سەرۆک هۆزەکانی کورد لە سەنگەری دەستوورخوازیدا دژ بە ڕژێم و چەوسانەوەکانی دەجەنگان[٩]. بەڵام بەکاریگەرییەکی کەمتر لەناوچەکانی تری ئێران، بەهۆی هەژموونی فیودالەکان و پیاوانی ئایینی، بۆیە جەماوەر کەمتر

---

(١) محمد نجم الدین النقشبندی: شێخ نەجمەدین نەقشبەندی ...، ل ٤٥٨.
(٢) حامید ئەلگەر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥،١٢٦.
(٣) حسین جمو: المصدر السابق، ص٣٢.
(٤) احد محمدی و عظیم زمانی: بنیاد های هویت سیاسی کردهای ایران، پژوهشهای جغرافیای انسانی، شماره (٣)، دوره (٤٥)، ١٣٩٢، ص١٠٦.
(٥) سەرکۆ ناجی جەبار: سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥.
(٦) هردی مهدی میکە: سیاست ایران در قبال کردها١٩٢١-١٩٤١م، چ١، انتشاراتمرکز اسناد وتحقیقات أکادمیك کوردستان، سلیمانی، ٢٠١٩، ص١٧٣.
(٧) احد محمدی و عظیم زمانی: منبع قبلی، ص١٠٦.
(٨) کەمال بورکای: کورد و کوردستان لە سەردەمی باستانەوە تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهان، و. فەتح عەلی چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٣٩٥.
(٩) یاسین سەردەشتی: گەلی کورد و بزاڤی مەشروتە خوازی لە ئێران (١٩٠٥-١٩١١)، چاپخانەی هاوار، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٢٨.

توانای بڕیاری هەبوو[١]. بێگومان هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی، لە دوورکەوتنەوەی کوردستان لە بازنەی شۆڕشی دەستووری هەروا بێ کاریگەری نەبوون. چونکە کوردستان بەهۆی سنووردداربوونی لەلایەن عوسمانییەکان و ڕووبەڕوو بوونەوەی هێرشی سنووری و هەروەها جیاوازیی ئایینزا، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر پێشهاتە دەستوورییەکان و ڕووداوەکانی نەبووە، بوونی ململانێی خێڵگەری بە هۆکارێکی تری نەبوونی ڕۆڵ لەو شۆڕشەدا دەبینرێت[٢]. ئەمە و سیاسەتەکانی ڕابەرانی دەستوورخوازی لە کۆتایی نەهێنان بەستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی دژ بە کورد و لەگەڵیشیدا چەوسانەوەی ئایینزایی و[٣] باوەڕ نەبوون بە دۆزی کورد و هەڵسوکەوتی پێچەوانەیان بەرامبەر مافە کولتوورییەکانی کۆمەڵگای کوردی، وایکرد زۆرینەی سەرانی کورد دژ بەو بزاوت و شۆڕشەبن[٤]. سەرەنجام دژبەرانی شۆڕشی دەستووری لە ئێران سەرەڕای خراپی سیاسەتیان بەرامبەر بە کورد، بەڵام توانیان دەنگی نەیاری کورد لە سان و شێخەکان دژی دەستوورخوازان لە (١٩١١)دا لەخۆ کۆکەنەوە[٥]. کار بە ئاستێك گەشت کوردەکانی هەورامان بە ڕێبەرایەتی (جافرسانی) هەورامان شەڕیان بۆ (سالارئەلدەولە١٨٨١-١٩٥٧)ی[٦] دژبەری دەستوورخوازدەکرد[٧]. هەوڵەکانی (سالارئەلدەولە) بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتەکەی بوو کە بەهۆی شۆڕشی دەستوورییەوە هەندێکی لە دەستدابوو، لە هەوڵی پەیوەندی بە کەسایەتییەکانی ناوچەکەوە بوو، لەوانەش شێخ (حیسامەدین) کە لە ڕێگەی ئایەتوڵڵا (مەردۆخ)ەوە بەڵێنی هاوکاری دابوو، داوای لێکرابوو ناوچەکانی خۆیان بۆ ئەو مەبەستە ئامادە بکەن[٨]. چونکە (سالارئەلدەولە) لە ساڵانی دەسەڵاتدارێتیدا لە کوردستان و لوڕستان لە کاریگەری ڕابەرانی تەریقەت و شێخەکان تێگەشتبوو. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش لە یەکەم ڕۆژەکانی یاخیبوونەکەیەوە داوای پشتیوانی لێکردن[٩]. ئەم شێخانەی تەریقەت بەردەوام بانگهێشتی خەڵکیان دەکرد و بەم شێوەیە شەرعیەتی ئایینی و پێگەی شاهانەیان بۆ (سالارئەلدەولە) بنیات دەنا، شێخ (حیسامەدین) نەقشبەندی لە ڕێگەی شێخ (جەلال قازی ساوج بڵاغ)ەوە، پشتیوانی بۆ (سالارئەلدەولە) کۆدەکردەوە لە (١٩١٠)دا، ئەو هەنگاوەش بۆ شای قاجار گرنگ بوو، تاوەکو شێخەکانی تریش ببنە پشتیوانی، بێگومان بوونی ئەم شێخانەی تەریقەت لە سوپاکەیدا، ڕەنگدانەوەی دەبوو لەوەی گەورەکانی دیکەش پێشوازی لێ بکەن[١٠]. ئەنجامی ئەو

---

[١] عمر فاروقی : منبع قبلی، ص ٣٩.

[٢] نصرالله پورمحمدی املشی و علیه جوانمردی :منبع قبلی، ص٨٦.

[٣] یاسین سەردەشتی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.

[٤] درک کینان: کورد و کوردستان لە نێوان بەرداشی داگیرکەران، و.سەلام ناوخۆش،، ٢٠٠٠، ل٧٧.

[٥] جرجیس فتح الله: وریا بوونەوەی کورد١٩٠٠-١٩١٤، و. حەسەن جاف، ب١، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٩، ل٥٤.

[٦] ئەبو فەتح میرزا، کوڕی سێیەمی (موزەفەرەدین )شای قاجارە و لە شاری تەبرێز و لە ساڵی ١٨٨١زدا لەدایك بووە، پاش خوێندن و گەورە بوونی لە سوپای قاجاریدا پلەی (عەمید)ی وەرگرتووە، نازناوی (سالار دەولە) ی لەلایەن ناسرەدین شای قاجارەوە پێدراوە، پاشان کراوە بە سکرتێری فەرمانڕەوای کرماشان( حوسام مەلیك ١٨٨٩ز، کەسێتی سالار دەولە بە هەڵپەخواز بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی ئێران و سەر بەگۆبەن ناسراوە، پاش شکستی لە گێڕانەوەی دەسەڵات بەهۆی شۆڕشی دەستوری، (١٤)ساڵی کۆتایی تەمەنی لە میسر و شاری قاهیرە بەسەر بردووە تا لە(١٩٥٧)دا لەو شارەدا کۆچی دوایکرد. (بۆ زیاتر بڕ،انە// مستورەی أردلان: تاریخ الاکراد، با مؤخرەی، مرزاعلی اکبر وقائع نکار، انتشارات أراس، اربیل، ٢٠٠٥، ص٣٣٣).

[٧] ئەیوب ڕۆستەم: هەورامان لێکۆڵینەوەیەکی...، ل١٠٩.

[٨] حسێن مەدەنی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢.

[٩] دیڤید ماکداوڵ: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢.

[١٠] ڕئوف ضیایی: یاداشتهای أز کردستان، خاطرات شیخ ڕئۆف ضیایی أز وقایع حضور روسیة وبریتانیا وعثمانی و أشوب های محلی، بە کوشش عمرفاروقی، مرکزنشر فرهنگ وادبیات کردی، اورمیة، ١٣٦٧هـ، ص٢٩، ٨٦.

بەشداریکردنەش بۆ پشتیوانی لە (سالار ئەلدەولە)ی قاجاری هەورامییەکان نزیکەی (٨٠) کوژراو چەند بریندارێکیان بوو، تەنانەت یەکێك لە کوڕەکانی جافرسانیش بەدیلی گیرا و برایە (تاران)[1].

هاوشێوە بەو هەڵوێستەی شێخی حیسامەدین، (شێخ عەلائەدین)یش بە هاوڕێیەتی (سالارئەلدەولە) لە (١٩١١)دا چووە شاری (سنە)، شای قاجار ئەو هاوڕێیەتییەی مەبەست بوو، چونکە ئەو شێخە لە لای خەڵکی ناوچەکە ڕێزی زۆری لێ دەگیرا، شێخ نامەی نارد بۆ پیاوانی ئایینی سوننەی شارەکانی کوردستان و ڕایگەیاند کە دژایەتیکردنی (سالارئەلدەولە) هاوتای دژبەریکردنی ئەو و شێخولئیسلامی ئیستەنبوڵە[2]. پێویستە ئەوەش بگوترێت کە پشتیوانی شێخ و کەسایەتییە کوردییەکان بۆ (سالار ئەلدەولە)ی قاجاری بەهۆی بڕوابوونیان بەدەسەڵاتی ئەو و باشی پەیوەندییەکانیان نەبووە، بەقەدەر ئەوەی بێزاری دۆخی ناوخۆی ناوچە کوردییەکان بەهۆی دەسەڵاتداریێتی ئێرانی پاڵی پێوەدەنان تاوەکو هەڵوێستێکی وا بنوێنن[3]. چونکە لە گێڕانەوەی گەڕیدەیەکی ڕۆژئاوایی لەو سەردەمانەی دەسەڵاتی قاجاردا بە ڕادەیەک خراپ بووە تەنانەت ژیانی ئاژەڵ و مرۆڤەکانی بە یەک چوواندووە و دەڵێت: " خەڵکەکەی بە زەحمەت لەگەڵ ئەو گاو مەڕ و ماڵاتانەی لە ناویدا دەژیان جیا دەکرانەوە، مرۆڤ هەست بە شەرمەزاری دەکات کاتێک دەبینێت مرۆڤەکان ئەوەندە بۆ پلەکانی خواروو دابەزیوون"[4].
هەرچەند نازانرێت ئەم هەڵوێستەی شێخ (عەلائەدین) بەرامبەر (سالارئەلدەولە)، ئاخۆ بۆ هەڵنانی زیاتری خەڵک بووە یان پشتیوانی فەرمی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ بووە، چونکە ئەو هەڵوێستە فەرمییە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە ڕانەگەیەنراوە، بەڵام (شێخ عەبدولقادر)ی شەمزینی گفتی بە عوسمانییەکان دابوو، لە حاڵی پێویستیدا هاوکاری شای قاجاری دوورخراوە بکات[5]. لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستەی شێخی ناوبراودا، دەوڵەتی (عوسمانی)ش بەڵێنی پێدابوو بیکات بە فەرمانڕەوای هەموو کوردستانی ئێران[6]. بەهۆی ئەو پەیوەندییانەی شێخ (عەلائەدین) بە دەسەڵاتدارانی قاجارەوە لە (١٩١٩) لەلایەن (شەریف ئەلدەولە- ئەحمەد) پاشاوە (عەسای مورەسەع)ی خۆی بەدیاری بۆ شێخ عەلائەدین ناردووە، بەجۆرێك فەرمان هاتبوو بۆشێخ بچێت لە شاری (سنە) ئەو دیارییە وەرگرێت، بەڵام شێخ خۆی نەچوو، بەڵکو شێخ (عوسمانی کوڕی و سەید موحەممەدی مودەڕیس و حاجی میرزا ڕەحمەتوڵڵا)ی تاڵشی بۆ ئەو مەبەستە ناردە شاری سنە[7].

بەم جۆرە ئەو فەرمانڕەوایەی قاجار توانیبووی ناوچە کوردستانییەکانی بکاتە ناوەندی چالاکی دژ بە ڕەوتی دەستوورخوازی لە ئێراندا [8]، بۆ ئەوەش نامەی نووسراوی ناوبراو بۆ شێخ (حیسامەدین)، وەک کوڕی شا (موزەفەرەدین)ی قاجار بەڵگەی ئەو پەیوەندییانەیە[9]. بۆیە پاڵپشت بەو پشتیوانیانەی کوردەکان لە سەرەتادا، (سالارئەلدەولە) لە تورکیاوە خۆی گەیاندە ناوچە کوردییەکان و خۆی وەک فەرمانداری ئەو ناوچەیە دانا و شانەی چەکداری پێکەوەنا، تاوەکو لە تەمموزی هەمان ساڵدا

---

[1] سەرکۆ ناجی جەبار: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦.
[2] دیڤید مەکداوڵ: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٢.
[3] مهند سمیر حسن: المصدر السابق، ص٤٩.
[4] وەرگیراوە لە//دیڤید مەکداوڵ: سەرچاوەی پێشوو ، ل١٢٧.
[5] مجتبی برزویی: أوضاع سیاسی کردستان أز١٢٥٨تا ١٣٢٥، مقدمة ابراهیم یونسی، فکرنو، تهران، ١٣٧٨هـ، ل ١٢٤.
[6] هردی مهدی میکه: منبع قبلی، ص١٧٣.
[7] شێخ محسن شێخ خالید موفتی: گەوهەری حەقیقەت...، ب٤، ل ٦٣،٦٤.
[8] م.س. لازەریف: مێژووی کوردستان، و.هۆشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی،ب١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤، ل ٢٩٢.
[9] بڕوانە// پاشکۆی ژمارە (٥).

پەلاماری تاران بدات، بەڵام کاتێک ئاشکرا بوو تورکەکان پشتیوانی لە ناوبراو دەکەن کوردەکان لێی تەنینەوە[1].

لەم قۆناغەدا شێخانی سیراجەدین لە ئێراندا زۆرترین کاریگەری و دەسەڵاتیان لە نێو خەڵکی کوردستاندا هەبووە، بە بەراورد لەگەڵ شێخەکانی دیکەی نەقشبەندی. هەریەک لە شێخ (حیسامەدین و شێخ عەلائەدین) دیارترین بوون. خەڵک و شوێنکەوتووانی شێخ ئەوەندە باوەڕیان بە شێخ هەبوو هەرچی شێخ داوای بکردایە دەیانکرد[2]. (سالارئەلدەولە) ویستوویەتی بە پەنابردن بۆ دەسەڵاتی شێخایەتی و تەریقەتگەرایی ڕای گشتی دژ بە بەرەی دەستوورخوازی هانبدات[3]. چونکە پێگەی ئەوان لە هەر پێگەیەکی تر بەهێزتر بوو[4]. ئەگەرچی زۆرینەی خەڵکی شار و گوند لەگەڵ دروشمەکانی دەستوورخوازیدا بوون بە ڕزگار بوون لە ستەمی خاوەن زەوییەکان و لابردنی ستەمی حکومەتێکی گەندەڵ، بەڵام لە ژێر هەژموونی ڕەوتی ئابووری و کۆمەڵایەتی شێخ و بەگەکاندا بوون، بۆیە دژی بەرەی دەستوورخوازی بوون[5]. لەو بارەیەوە مەردۆخی نوسەر دەڵێت: "پاش سوێند خواردنی (ناصرئەلمولکی) نائیب سەڵتەنە لە شاری تاران و دەستپێکردنی چالاکی حیزبەکانی ئێران، نوسراوێکم لەلایەن شێخ (حیسامەدین)ی هەورامانەوە پێگەیشت، لەو نامەیەوە ئاگاداری دیداری شێخ و (سالارئەلدەولە) بووم، شێخ داوای لێدەکات بە ناوی شێخەوە جاڕی پشتیوانی خەڵك بۆ یارمەتی شازادە بدات"[6].

شایانی باسە شێخەکان خۆیان لە دژایەتیکردنی دەستووردا بێڕۆڵ نەبوون، چونکە بەهۆی پروپاگەندەوە، هەندێک کەس ئەو ڕەوتەیان بە دژە ئیسلام دەزانی[7]. سەرانی تەریقەتی نەقشبەندی لە ڕووداوەکانی ئەو قۆناغەدا، دژ بە دەستوور بوون، چونکە دەیانویست بەو دژایەتییە ڕۆڵی خانەقا و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابوورییان بپارێزن[8]. بەپێی بەڵگە نامەیەکی عوسمانی باڵوێزی دەوڵەتی ئینگلتەرە لە گەڕانێکیدا بە ناوچەکانی (موسڵ، سلێمانی) لەوێشەوە بۆ (بانە وسەردەشت) وناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژایەتی خۆی بۆ بزوتنەوەی دەستوری لە ئێران ڕاگەیاندبوو، بۆ ئەوەش پەیوەندی لەگەڵ شێخانی نەقشبەندی کردووە[9]، ئەگەرچی ناوی شێخانی نەقشبەندی لە هەورامان لەو بەڵگەنامەیەدا نەهاتووە، بەڵکو شێخانی بەرزان ناویان هاتووە، بەڵام دژایەتییەکانی بەرەی شێخانی هەورامان بۆ ئەو بزوتنەوەیە و سروشت و نەگونجانیان لەگەڵ بزوتنەوەکە و بیرکردنەوەکانی دەتوانرێت گومانی هەڵنانی ئینگلیزەکانی لێبکرێت، بەوەی ئەوانیش لە ناو ئەو بەرەیەدا بووبن کە ئینگلیزەکان کاریان لەسەر کردوون، بۆ سەرنەکەوتنی پەیامەکانی ئەو شۆڕشە دەستوورییە. لەگەڵ بوونی ئەو پەیوەندیانەشدا، بەڵام پیاوانی ئەم تەریقەتە تاوەکو ئاستێکی زۆر ڕێگربوون لە بڵاوبوو-

---

(1) م.س. لازەریف: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧١.
(2) عبدالرحمن شێخ صلاح الدين شێخ سلێمان بەرزنجی بێلاف: سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧٩.
(3) ڕضا أذری شهر ضایی: اسناد مشروطیت درکردستان و کرمانشاهان، مجلس شورای اسلامی، تهران، ١٣٨٥، ص٨٥.
(4) محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب١، ل١٠٦٧.
(5) دیڤید مەکداوڵ: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣.
(6) نیعمەت ڕەحمانی: خوێندنەوەیەکی خێرای مێژووی هاوچەرخی هەورامان، گۆڤاری هەورامان، ژ(١٧)،٢٠١٠، سلێمانی، ل ٢١ .
(7) رؤف ضيايي: منبع قبلی، ص٣٢.
(8) عباس زارعی مهرورز: منبع قبلی، ص٦٨.
(9) نەوزاد یەحیا باجگر: سەرچاوەی پێشوو، ب٩، ل١٧٧.

نەوەی ئاینزای شیعە لە ناوچە سوننە نشینە کوردییەکاندا[1]. هەریەك لە شێخ و دەرەبەگەکان کە خاوەن موڵکی زۆربوون، لە سەدەی بیستەمدا بەو جۆرەی چاودێرە بێگانەکان دەڵێن ژیانیان لە ڕووداوەکانی دەوروبەر وشک و دابڕاو نەبووە، بەڵکو ڕوویان کردووتە زانین و ڕۆژنامەیان خوێندووەتەوە و بە پەرۆشەوە لە ڕووداوەکانی ئەو دەمی ڕۆژهەڵات و ئەوروپایان ڕوانیووە، تەنانەت هەندێک لە خاوەن موڵکەکانی ئەم ناوچەیە پشتیوانە (رصید)یان لە بانکەکانی ڕۆژئاوادا هەبووە[2]. لە کۆتاییەکانی سەردەمی قاجاردا، لە پێشهاتە سیاسییەکانی ئەو قۆناغەدا شێخەکانی هەورامان کاریگەرترین بوون، بە گشتی دەکرێت بگوترێت ئەم شێخانە لە بابەتی دەستووردا لایەندار بوون، لە ڕاستیدا سیستەمی شێخایەتی لە فێرکاریی شێخەکانی نەقشبەندیدا جۆرێک لە نەریتخوازی لە کۆمەڵگای کوردیدا بە دامەزراوەیی کردبوو، دژی هەر گۆڕانکارییەک بوون کە پێگەی ئەوان بخاتە مەترسیی و دەسەڵاتیان کەم بکاتەوە.

شێخانیش کاریان بۆ دروستکردنی جۆرێک لە سیستەمی سیاسی نەریتخواز دەکرد کە لە ژێر کاریگەری فێرکارییە ئاینییەکاندابێت و تێکەڵ بە پلەبەندییە ئایینزایەکەبێت، تاوەکو لەوێوە بە ئامانج بگەن[3]. بەڵام پشتیوانی دژبەرانی دەستوورخوازی لە ئێران کە خۆی لە (سالارئەلدەولە)دا دەبینییەوە، بە زیانێکی زۆر بۆ شێخەکان و ئەو ڕەوتە ئاینییە شکایەوە، چونکە شکستی کۆتایی (سالارئەلدەولە) و هێزە خێڵ گەراکان لە حکومەتی ناوەندی بۆ پێگەی شێخەکان گورزێکی کوشندە بوو، بەوەش لە هەموو ئەو بابەتە سیاسی و سەربازییانەی کە دەستیان تێوەردابوون، بە خراپی شکستیان هێنا[4].

**٢/ پەیوەندی شێخەکانی هەورامان بە دەسەڵاتدارانی پەهلەوییەوە:-**

هاتنە سەر دەسەڵاتی (ڕەزاخان ١٨٧٨-١٩٤٤) لە ئێران و ئەتاتورک لە تورکیا بووەهۆی گەشەی ئابووری شارەکان، ئەوەش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، کاریگەریی نەرێنییان لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری سەرانی تەریقەت هەبووە و کاریگەری ومتمانەی ڕابردوویان لەدەستدا[5]. لە نێوان ڕۆژگارەکانی هەردوو جەنگە جیهانییەکەدا (ڕەزاشا)ی پەهلەوی بە هەوڵەکانی توانی هەژموونی دەسەڵاتدارێتی ناوەندگەرایی ئێران بەسەر ناوچە خێڵەکییەکانی ئێراندا بە ڕێگەی جیاوازی سەرکوتکاری بسەپێنێتەوە یان بڕوای پێهێنان، لەوانەش ناوچە کوردییەکان لەو هەوڵ و سیاسەتە بەدەر نەبوون.[6] بەر لەهاتنی دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوی نەقشبەندییەکان لە ئێران و لە دەرەوەی ناوچە کوردییەکان و بە تایبەتی لە ناوچەی (تاڵش) هەبوون، لەلایەن (شێخ کامیل شێخ عومەر)ەوە سەرپەرشتی دەکران، ناوبراو کە لە پاش مردنی شێخ (نەجمەدین)ی برای بڕیار بوو سەرۆکاری تەریقەتی نەقشبەندی لە (بیارە) بگرێتە دەست، سێ ساڵ پاشتر ناوچەکەی چۆڵ کرد و بەرەو تاڵش ڕۆشت، بە ئەگەری زۆرەوە پەیوەندی بە ناکۆکی لەسەر جێگرتنەوە هەبووە، چونکە لە پاش کۆچی شێخ (عەلائەدین) لە (١٩٥٤)دا لەلایەن شێخ (عوسمان)ی کوڕی شێخ (عەلائەدین)ەوە داوای لێ

(١) حسين جمو: المصدر السابق، ص ١١٦.
(٢) أ.م. مينتيشا شڤيلی:سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠
(٣) نصرالله پور محمدی و عليه جوانمردی: منبع قبلی، ص٩٢.
(٤) عباس زارعی مهرورز: منبع قبلی، ص٧٦.
(٥) همان منبع، ص٧٨.
(٦) ويليام ايغلتون: القبائل الكردية، ت. د. احمد محمود خليل،ط١، مؤسسة مكرياني للطباعة والنشر، كردستان، ٢٠٠٦، ص٥١.

دەکرێت بگەڕێتەوە بۆ جێگرتنەوە، بەڵام ئەو داوایە ڕەتدەکاتەوە و لە (تاڵش) دەمێنێتەوە بۆیە پەهلەوییەکان بەهۆی ئەوەوە بە ڕێوڕێچەی نەقشبەندی ئاشنا بوون.[1]

لە سێ نامەی نیوان (ڕەزا) شای پەهلەوی و شێخ (حیسامەدین)دا کە لە ساڵانی (١٩٢٩ و١٩٣٣)، بوونی گفتوگۆی نێوان ئەو دوو کەسایەتییە نیشان دەدات[2] لە سەر گەنگەشەکردنی بارودۆخی ناوچە کوردییەکان لە ڕووی ستەمی کاربەدەستانی حکومی و داوای شێخ بۆ چارەسەرکردنی.[3] لە بیستەکانی سەدەی ڕابوردوو شێخانی هەورامان و بەتایبەتی شێخ (حیسامەدین) و (عەلائەدین) لە هەردوو بەری (تەوێڵە) و (بیارە)دا، ئەگەرچی ڕۆڵی سیاسییان هەبووە، بەڵام ئاستی ڕۆڵ بینینیان بەراورد بە ڕۆڵی بەگە دەسەڵاتدارەکانی (لهۆن وتەخت) ڕۆڵێکی پەراوێز بوو[4]. لە ساڵانی (١٩٢٧-١٩٣٤) ئەو دەمەی پێکدادانی نێوان هەورامییەکان و مەریوانییەکان لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتی پەهلەویدا ڕوویدا و دەوڵەت زۆر بە توندی ڕەفتاری کرد، هەڵوێستی شێخانی هەورامان لە دژی ئەو کارە نادیار و ونە[5]. بە دەر لە نامە ئامۆژگارییەکانی شێخ (حیسامەدین) بۆ (ڕەزاشا)ی پەهلەوی لە گەورەیی ستەمی کاربەدەستانی دەوڵەتی لە خەڵکی و وەڵامەکانی ئەو شایە بۆ سوپاسگوزاری شێخی ناوبراو[6]. لەو بارەیەوە شتێکی ئەو تۆ نابینرێت و هەوڵی تری شێخ لەو ڕووەوە هەست پێناکرێت.

سیاسەتەکانی (ڕەزا شا) بۆ بە ڕۆژئاواییکردنی دیمەنی جل و بەگ و ژیانی گشتی خەڵکی ئێران و لە نێویشیاندا کوردەکان و سەربازی زۆرە ملێ و قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە دام و دەزگا فەرمییەکاندا، وەک چۆن لە ساتی شۆڕشی دەستوورخوازی بۆ هەندێک لەو دیمەنانە هاوکاری شای قاجار بوون دژ بە بەرەی دەستوورخوازی، بەڵام لە سەردەمی (ڕەزاشا)دا ئەو ناڕەزایەتییانە لەلایەن شێخانی هەورامانەوە نابینرێت[7]. لە سەروبەندی دروستبوونی کۆمەڵەی (ژ.ک) و دواتر کۆماری (کوردستان)دا بە پێی بەڵگەنامەی ژمارە (٢٩٠٠٠٦١١١) ی (سازمان اسناد ملی ایران) دەسەڵاتدار و بەگەکانی ناوچەی هەورامان پاش سازکردنی کۆمیسیۆنێک بڕیاریاندا بۆ هاوئاهەنگی و یەکدەنگی لەگەڵ کۆماری (کوردستان) بنکە دەوڵەتییەکانی مەریوان ڕابماڵن، ئەم هەڵوێستە لەلایەن شێخانی ناوچەکەوە ڕەتکرایەوە[8].

لە کاتێکدا لە سەردەمی قاجاردا و بۆ دژایەتی بەرەی دەستوورخوازی ئامادەی سازدانی لەشکر و هێزی چەکداربوون، هەروەها لە دیارترین ڕووداوەکانی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بووە لە (٢٢/کانوونی دووەمی ١٩٤٦)[9] و لە ڕۆژگارەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، بەڵام ئەوەی جێگای سەرەنجە هیچ هەڵوێستێکی شێخانی نەقشبەندی لە هەورامان لەگەڵ ئەو ڕووداوە گەورەیە بەدی نەکراوە، لەودەمەی لە هاوینەهەواری (ئاوێسەر) لەلایەن کەسایەتییەکانی هەورامانەوە بۆ وەڵامدانەوەی نامەیەکی پێشەوا (قازی) بە مەبەستی پشتیوانی لە

---

(1) حامید ئەلگەر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢١.
(2) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٦).
(3) سامی دهقانی: منبع قبلی، ج١، ص١٣٩، ١٤٠، ١٤١..
(4) ا.م. مینتیشاشڤیلی: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٤.
(5) دیڤید ماکداوڵ: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٢.
(6) سامی دهقانی: منبع قبلی، ج١، ص١٤٦.
(7) دیڤید ماکداوڵ: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٣.
(8) نیعمەت ڕەحمانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.
(9) جویس بلۆ (پ.د): دۆزی کورد لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی، و. بۆفارسی د. پەروێز ئەمین، و. بۆکوردی. کارزان محەمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٤، ل ٦٨.

کۆماری کوردستان کۆبوونەوەکراو لەلایەن خەڵکێکی زۆرەوە پشتیوانی کرا، لە هەورامانیشدا کەسایەتییەکان کۆبوونەوە، پاش سێ ڕۆژ لە کۆبوونەوە ئەوەی تێبینی کراوە، ناوی شێخەکانی هەورامان لەو کۆبونەوەیەدا نییە. لە کاتێکدا بەگ و سانەکان ئامادەییان هەبووە و بروسکەی پشتگیری و پیرۆزباییان بۆ پێشەوا ناردوەتەوە[1]. ئەم هەڵوێستەی شێخانی هەورامان تەنانەت بەراورد ناکرێت بە هەڵوێستی (هەقە)کان کە لەڕووی ژمارەو کاریگەریشەوە لە پێگەی نەقشبەندییانی هەورامان بچوکتربوون، بۆیە شێخەکانی هەقە لەو ڕۆژگارەدا ئامادەییان دەربڕی بوو بۆ هاوکاری ئەو کۆمارە کوردییە و هێزێکی (٤٠) کەیشیان ڕەوانەی کۆماری کوردستان کرد[2]. لێرەدا ناکرێت بڵێین شێخەکانی هەورامان لە بەرامبەر ئەو کۆمارە بێهەڵوێست بوون، چونکە بەشێك لە وەزیرەکانی ئەو کۆمارە خەلیفەی شێخی (حیسامەدین) بوون، چۆن دەکرێت شێخێك خەلیفەکەی وەزیر بووبێت لە چەشنی (حاجی ئیسماعیل ئاغای ئیلیخانیزادە) کە وەزیری ڕێگاوبان بوو، هەروەها سەرەك وەزیرانی ئەو کۆمارە بەناوی (باباشێخی تورجان) هەم خەلیفەی شێخ (حیسامەدین) بووە هەم پورزاشی بووە. بۆیە ناکرێت شێخەکەی دژی ئەو کۆمارە بووبێت، ئەوە بۆ خۆی ناگونجێت، بەڵام شێخانی هەورامان نەیان ویستووە ببنە بەشێك لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕاستەوخۆی هێزەکان تاوەکو لەوێوە پارێزگاری لە تەریقەتەکە بکەن و هێزە باڵادەستەکان ئەوە نەکەنە بیانوو بۆ لە ناوبردنی تەریقەتەکە[3]. بەڵام لەگەڵ ئەو بۆچونەشدا بەڵگەی نوسراوو بەردەست نابینین کە سەلمێنەری بەشداری کرداریی شێخانی هەورامان بێت لەو کۆمارەدا، ئەوەی جێگای تێڕامان و پرسیارە پێشەوا (قازی موحەممەد) بۆ ئەو ڕووداو و دۆخەی کە لە ناوچەکە هاتبووە پێش، نامەی ناردووە بۆ شێخ (محەمەد ئەمین بێژوەیی) کە شێخێکی نەقشبەندی بووە لە ڕۆژهەڵات و بۆچوونی ئەوی وەرگرتووە، ئەو شێخەش شرۆڤەیەکی لۆژیکیانەی پڕاوپڕ بەو دۆخەی بۆ کەسایەتی پێشەواکرد بوو [4]. بەڵام نامەیەکی بەردەست و هاوشێوە بە گفتوگۆی نێوان پێشەوا و شێخی (بێژوەیی)، لەنێوان شێخانی هەورامان و (قازی محەممەد)دا نابینین. تەنها ئەوەندە هەیە حکومەتی ئێران داوا دەکات لە شێخ (عەلائەدین) نێوەندگیری لە نێوان شای ئێران(محەمەد ڕەزاشا)و کوردەکاندا بکات پاش ئاوارە بوونی زۆرێك لە کوردەکان بەهۆی شەڕو ڕووداوەکانی پاش ساڵی(١٩٤٦) بۆئەوەی بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان[5]. ئەمە لە کاتێکدایە دامەزرێنەری ئەو کۆمارە مەلایەکی ئایینی بووە و بەشێک لە نەقشبەندییانی کوردستان بە تایبەت بارزانییەکان پاڵپشتی سەرسەختی ئەو کۆمارە بوون، بەڵام لەگەڵ نزیکی جوگرافیی شێخانی هەورامان هەڵوێستێکی هاوشێوەیان لێوە بەدی ناکرێت. ئەگەر بیانووی شێخان لەم دوورە پەرێزییە دەستوەرنەدانە لە کار و باری سیاسی، ئەوا لە کار و بارە سیاسییەکانی تری ئێران دەست وەردانیان هەبووە، نموونەی شۆڕشی دەستووری لەسەردەمی قاجار بە خوێندنەوەی دۆخەکە هۆکارێکیتر لە دووری شێخەکان لە هاوکاری نەکردن بۆ ئەو کۆمارە، دەستنێژی و پاڵپشتییەکانی ڕووس بووە بۆ

---

(1) عبدالرزاق عبدالرحمن محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧٢. ؛ داود غەفاری: وێستگەکانی ئامادەبوونی دەڤەری هەورامان، لە بزاڤی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی کوردستان کارتێکەرییە سلبی و ئیجابییەکانی لەسەر ناوچەکە، گۆڤاری هەورامان، ژ (٣٣)، سلێمانی، ٢٠١٥، ل١٣٦.

(2) عەبدوڵڵا کەریم محمود: تێڕوانینێك بۆ ڕابووردووی هەشتا ساڵەی گروپی هەقە، لێکۆڵینەوە، گۆڤاری تایم، ژ (١١)، سلێمانی، کانونی یەکەم، ١٩٩٩، ل٢٠.

(3) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ محەممەدعەلی شێخ ئەحمەد شێخ محەممەد شێخ عەلی حیسامەدین)، ساڵی (١٩٧٦) لە سلێمانی لەدایك بووە، مۆڵەتی زانستی مەلایەتی لە شاری سنە وەرگرتووە. لە پایزی (١٩٩٠)وە جێگەداری شێخایەتی نەقشبەندییە لە ناو نەوەکانی شێخ (حیسامەدین)دا. شوێنی چاوپێکەوتن (خانەقای ئەحمەدی) لە هەڵەبجەی شەهید، ڕۆژی(چوارشەممە) ڕێکەوتی چاوپێکەوتن( ٢٠٢٣/١/١٨)، کاتی چاوپێکەوتن (٤:٣٠).

(4) شێخ موحسین شێخ خالید موفتی(ئەحسەن): گەهەری حەقیقەت...، ب٤، ل٣٤٢.

(5) موستەفا ئیبراهیم زەڵمی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٩.

ئەوکۆمارە، چونکە شێخەکانی هەورامان هیچ کات لەگەڵ دەوڵەتی ڕووس تەبا نەبوون، ڕەنگە لەوەشدا ئایدیا و بیروبڕوای دەوڵەتی ڕووس ڕۆڵێکی هەبووبێت لەوەی دەوڵەتێك بوو لەسەر بنەمای بێبڕوایی کاری بۆ بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتە هاوشێوەکانی خۆی دەکرد .

لە ساتی شۆڕشی کۆماری لە عێراق لە (١٩٥٨)، شێخ (عوسمان) وای بە باش زانی بچێتە ئێران، لەبەر ئەو بارودۆخە تازەیەی کە لە عێراقدا دروست بووبوو، بەو هۆیەوە شێخ دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ شای پەهلەوی و بەرپرسانی ئێرانیدا هەبووە، ئەو نەیدەویست وەک مامی (شێخ کامیل) لە بەرەی نەیاری شادابێت، بەڵکو ئەو شای بە (ئیسلام پەنا) ناودەبرد[1]. شێخ (عوسمان) هەوڵێدەدا لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ (محەمەد ڕەزاشا)دا لە (١٩٥٨) هەندێك لە دەسەڵات و کاریگەری سیاسی خۆی بگێڕێتەوە، نزیکی پەیوەندییەکان وایکردبوو یەکێك لە کوڕەکانی ئەو شێخە، بوو بە جێگیری هەمیشەیی دەرباری شاهانە، بەڵام کەس نەیدەزانی ئاخۆ لەوێ میوانی پایەبەرزە یان بارمتە[2]. تەنانەت شێخ لە (تاران)ی پایتەخت و لە کۆشکی شادا پێشوازی کراوە، ئەوەش بابەتێکی دوو لایەنەبوو، ئەو دیدارە لەلایەک گەرەنتی پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی شێخ (عوسمان)ی کردبوو لە سایەی ئەو دەسەڵاتە، لەلایەکی تر ئاستی ناحەزبوونی ئەم شێخەی لای چینی خوێندەوار و تازە پێگەشتووی کورد لە ڕۆژهەڵات بەرزتر کردەوە، بەهۆی جۆرێتی ئەو پەیوەندییانەوە، چونکە ئەوشێخەیان بە پیاوی (ساواک) دەزانی. ئەو ووردە ڕقانەشە دەسەڵاتی شێخ و بەرەی چەکداری سەر بە شێخ لەگەڵ پارتە چەکدارە ڕۆژهەڵاتییەکان بە شەڕی دەستە و یەخە دەگەیەنێت لە قۆناغەکانی دواتردا[3]. لە پاش کۆچکردنی شێخ (عوسمان)ی دووەم بۆ ئێران بەهۆی ناڕەزایەتی لە شۆڕشی ( ١٤ی تەمموزی)دا ١٩٥٨ لە عێراق و ڕێگەدان بە مانەوەیان بە تایبەتی لە ناوچەکانی (تاڵش) و خانەقای (دووڕووە)، لە ڕاپۆرتی دەزگای ساواکی ئێراندا هاتووە (دەتوانرێت ئەم هاتنەی لە هەموو ڕوویەکەوە سوود بە حکومەت بگەیەنێت لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژە بەوە دەکات هەندێک لە مووریدانی شێخ (عوسمان) هەوڵیانداوە وەک پیاوکوژ بۆ شا کاربکەن. کە مەبەست لێی لە ناوبردنی (تەیموور بەختیار ١٩١٤-١٩٧٠)ی سەرۆکی دەزگای ساواک بوو لەماوەی ساڵانی (١٩٥٦-١٩٦١) و بەهۆی شۆڕشی ئێرانەوە بۆ عێراق هەڵهاتبوو، لە ئەنجامدا لە (١٢/ ئابی/ ١٩٧٠)دا تیرۆرکرا، پاش ئەوەی بە فێڵ لە سنووری ئێران نزیکیان کردەوە[4].

### تەوەری دووەم: پەیوەندی شێخەکانی هەورامان بە دەسەڵاتدارانی (ئینگلیز و عێراق)ی پاشایەتی.

#### أ: پەیوەندی شێخەکانی هەورامان بە دەسەڵاتدارانی داگیرکاری ئینگلیزەوە:-

ئینگلیزەکان لەگەڵ هاتنیان بۆ ناوچەکە و ڕاگەیاندنی ماندێتی خۆیان بەسەر عێراقەوە، کاریان لە بەهێزکردنی دەسەڵاتی شێخ و ڕابەرە خاوەن پێگەکان لە ناو هۆزەکاندا دەکرد. بە جۆرێك سیستەمی نوێی کارگێڕی لە عێراقدا لەسەر بنەمای هۆزایەتی دانرایەوە بە ڕێزگرتن لە نەریت و ڕەوشی

---

(١) حامید ئەلگەر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥.
(٢) مارتن ڤان برونسن: مەولانا خالید و دەسەڵاتی میرایەتی ئاینی لە کوردستان و ئیندۆنیسیا، و.محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، چ١، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠٢٣، ل ١٤٥.
(٣) مارتین ڤان برونسن: ئاغا و شێخ و..، ب١، ٢٠١٠، ل ٢١٤.
(٤) دەفتەری سیاسی پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی: کوردستان ئیمبریالیزم و گروهای وابستە، تهران، ١٩٨٠، ل١١٧،١١٨.

خێڵەکی و پشتگرتنی ئەو شێخانەی کە بۆ ڕێوشوێنی کارگێری بەڕێوەبردن بەکاردەهێنران[١]. چ شێخە خێڵەکیەکان بێت وەك بەگ و ئاغاکان یان پیاوانی ئاینی، بۆیە لە پاش جەنگەوە ئینگلیزەکان کەوتبوونە گفتوگۆی نهێنی لەگەڵ کەسایەتییە سیاسی وکۆمەڵایەتییەکان بەمەبەستی ڕێکخستنی کاری خۆیان لە بارەی دەوڵەتەوە[٢].

لەو کاتەی ئینگلیزەکان بەرەو ناوچەکە دەهاتن هەندێك لە کەسایەتییەکان لە هەوڵدا بوون بەر بەو هاتنە بگرن، (عەلی ئەکبەرخان)ی سنجاوی یەکێك لەوانە بوو دوای دووجار نامەناردن و تکاکردن لە شێخانی هەورامان و کۆبوونەوە لەگەڵ هەریەك لە شێخ (نەجمەدین وحیسامەدین) تاوەکو پێکەوە بەشداربن لە ڕووداوەستانەوەی لە شکری ئینگلیزەکان، وەك باس دەکات شێخ (حیسامەدین) بەڵێنیدا بەشداریبکات و گەورە پیاوانی (هەورامان و جوانڕۆ)ش بۆ ئەو مەبەستە هانبدات[٣]. بەڵام مەرجی ئەو شێخە ئەوە بوو عوسمانییەکان هەزار سەرباز بنێرنە ناوچەکە وهاوکاری سەربازی خەڵکەکەش بکەن[٤]. هەرچی شێخ (نەجمەدین)بوو، ئەگەرچی وەڵامەکەی دۆستانە بوو، بەڵام لە ناخەوە چ خۆی و چ شێخ (کامیل)ی برای بەهۆی بەشداریکردنیان لە کوشتنی کاپتن (شۆڵتس -Scholts)ی ئەڵمانی بە تەواوی لە ئینگلیزەکان نزیک بووبوونەوە، تەنانەت کوڕەکەی شێخ لە خانەقین مووچەی لە ئینگلیزەکان وەردەگرت[٥]. نەك هەر ئەوەندە، بەڵکوو نزیکی شێخەکان لە ئینگلیزەوە لەو قۆناغەدا بە ڕادەیەك بوو لە ناو ئەو هێزە (٣٠٠٠) کەسیەی لە (خانەقین)ەوە بۆ ناوچەکانی (هۆرێن و شێخان) دەهاتن و چەکداری کرێگرتەی هۆزەکان بوون بۆ بەریتانییەکان شەڕیان دەکرد، کوڕ و برایەکی شێخ (نەجمەدین)ی تێدا بوو[٦]. بۆیە ئەو هەوڵانەی سنجاوی بۆ بەکارهێنانی پێگەی شێخەکان بە مەبەستی ڕووبەڕوو بوونەوەی سوپای داگیرکاری ئینگلیز پێچەوانە بە شەڕەکانیان لەگەڵ سوپای ڕووس بێ ئەنجام بوو. دەسەڵاتی شێخەکان لە هەندێ ناوچەی هەورامان بەراوورد بە دەسەڵاتی سانەکان لە سەروبەندی جەنگی جیهانی و شۆڕشەکەی شێخ (مەحمود)دا بەرەو لاوازی دەچوو. بەوەش مەترسی لەسەر موڵکەکانیان لە ئەحمەد ئاوا و زەڵم دروستبوو. سەرەنجام کوڕەکانی شێخ (ئەحمەد) گوندی ئەحمەد ئاوا کە باوکیان ئاوەدانیکردبوەوە بەجێیانهێشت لەگەڵ (مەحمود خانی دزڵی). ڕێککەوتن بە فرۆشتنی موڵکەکان، (مەحمود)خانیش مەبەستی بوو ئەو موڵکانەی کە بەدەم زەویەکانی جافەوەیە بیکڕێت، چونکە دەیویست سنوری خۆی فراوان بکات بۆ ئەو مەبەستە لە (١٩٢٠)دا ڕێککەوتنیان ئەنجامدا[٧].

بەداگیرکردنی ناوچەکە و هاتنی (ئیدمۆندزC.J. Edmonds) وەك فەرمانڕەوا لە هەڵەبجە، لە نیسانی (١٩٢٢) دوو لیژنەی نوێنەرایەتی شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان کە هەریەك لە شێخ (عەلائەدین و حیسامەدین) بوون، بە مەبەستی پیرۆزبایی و خۆشحاڵیان بە هاتنی بۆ ناوچەکە

[١] ا.م. مینتیشاشڤیلی: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٨.
[٢] هردی مهدی میکە: منبع قبلی، ص١٧٦.
[٣] ایل سنجابی و مجاهدت ملی ایران، خاطرات علی اکبر خان سردار مقتدر سنجابی، تحریر و تحشیە: د. کریم سنجابی، تهران١٣٨٠، ص٥٣٢.
[٤] عەبدولکەریم حەمید عەبدولکەریم: ئەحمەد موختار جاف شاعیر و مرۆڤ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٢٢٨.
[٥] ایل سنجابی و مجاهدت ملی ایران، منبع قبلی، ص٥٣٢.
[٦] عادل صدیق: هەڵەبجە ١٨٨٩-١٩٣٠ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چ.١، چاپ و پەخشی نووسەر، ٢٠٠٨، ل١٤٦.
[٧] محەمەد سابیر ئەحمەدئاوایی: چەردەیەك لە مێژووی ئەحمەد ئاوا، چ١، چاپخانەی ڕێدار، سلێمانی،٢٠٢١، ل٢٢،٢٣ .

سەردانیانکرد[١]. لەو سەردانەیدا (ئیدمۆندز) دیداروچاوپێکەوتنی لەگەڵ هەریەك لەو دووشێخە کردووە، لە دیدی ئەو بەرپرسە ئینگلیزییەدا، ئەوان بە دەسەڵاترین سەرکردە سیاسیەکانی ناوچەکە بینراون[٢]. بەڵام هیچ ئاماژەیەك ناکا بۆ دوژمنایەتی و ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو شێخانە لەگەڵ ئینگلیزەکانا، پێچەوانە بەوە باس لە دژایەتییەکانی (مەحمودخان)ی دزڵی و پەلامارەکانی بۆ سەر هەڵەبجە و شارەزوور دەکات[٣]. تەنانەت پێشنیاری برینەوەی موچەیەکی (٣٠٠) ڕوپێی بۆشێخ (حیسامەدین) دەکەن، بەڵام پێی ڕازی نەبووە، لە کاتێکدا شێخ (عەلائەدین) ئەو برە مووچەیەی وەرگرتووە[٤].

بەپێی بەڵگەنامەیەکی هەواڵگری بەریتانی کە لەسەر کەسایەتییە کاریگەرەگانی ئەو دەمەی عێراق کراوە و پۆلێنیانکردوون لە ناوچە جوداکانی عێراقدا ناوی شێخ (حیسامەدین) هاتووە، بەپێی ڕاپۆرتەکە ئەو شێخە بە کەسێکی بەتەمەنی کاریگەر وێناکراوە، بۆیە لەو ڕاپۆرتەدا پێشنیارکراوە دەوڵەتی بەریتانی دەتوانێت بەبەردەوامی لە کارە خێرییەکاندا بەهۆی پێگە و هەژموونییەوە پشتی پێببەستێت، بەڵام دیارە نشینگەی ئەو شێخە لە ناوچەیەکی وەك (باخەکۆندا) بەدڵی بەریتانییەکان نابێت بۆیە ئەسەف بۆ شوێنی نیشتە جێبوونەکەی دەخوازن[٥]. ئەوەش ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە شوێنەکەی وەك ناوچەیەکی پێچ و گوندیی بە تێڕوانینی بەریتانییەکان نەك خزمەتی بە ناوبانگی ئەو شێخە نەکردووە، بەڵکو لە ناوبانگی کەمکردوەتەوە، لە بڕوای بەریتانییەکاندا دەبوو ئەم شێخە لە شارێکی گەورەی دیاردا بێت و بەوەش سەنگ و کاریگەری جەماوەری زیاتر دەبوو بۆیە بۆ شوێنی نیشتە جێبوونی بەداخ بوون.

ئیدی پاش دەست بەسەراگرتنی عێراق بە تەواوەتی هاوشێوە بە عوسمانیەکان زەوی بووە چەکی کاریگەر بۆ سیاسەتی بەریتانیەکان، بۆیە زەوی بۆ خاوەن هێز و دەسەڵاتەکان لە دەوڵەتی تازە دروست کراودا کرایە پاداشت، کاتێك (هێنری دۆبس-Henry Dobbs) کە مەندوبی داهات بوو، پاشان لە (١٩٢٣-١٩٢٩)دا بووە مەندوبی سامی، جەختی لە پێدانی موڵکایەتی زەوی و دابەشکردنی گرێبەستەکانی بە کرێدان دەکردەوە، بەو پێیەی کە کاریگەرترین ڕێگەچارەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی یاسایی لە دێهاتەکاندا[٦].

لە پاش هاتنی ئینگلیزەکان بۆ ناوچەکە هەرلە (١٩١٩)ەوە ململانێ لە نێوان بەگەکانی جاف لە هەڵەبجە هەبوو، بەهۆی لایەنگریان بۆ ئینگلیزەکان بە تایبەتی هەڵوێستەکانی (عادیلە خانم) لەبەرامبەردا لایەنگیریی بەشێك لە سانەکانی هەورامان بۆ شۆڕشەکەی شێخ (مەحمود) وەك هەڵوێستەکانی (جافرسان)، شێخەکانی نەقشبەند لەو نێوەندەدا بێدەنگیان هەڵبژارد[٧]. هەرچەندە نووسراوی دژایەتی و جەنگان دژ بە ئینگلیزەکان بەناوی شێخ (عەلائەدین)ەوە بڵاوکرابوویەوە

---

[١] سیسیل جون ئیدمۆندز: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٣.
[٢] مارتن ڤان برونسن: ئاغاو شێخ و ...، ب٢، ٢٠١١، ل٢٦١.
[٣] کەمال مەزهەر احمد(د): چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، ب١، چاپخانەی الادیب، بەغداد، ١٩٨٥، ل١١٨.
[٤] شاکر فەتاح: ئاوێنەی ژینم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٢٢١.
[٥] شخصیات عراقیة فی ملفات الاستخبارات البریطانیة ١٩٢٣، تقاریر استخباریة سریة عن شخصیات من:( الموصل-اربیل- کرکوك-السلیمانیة)،ط١، تحریر و مراجعة بشیر الوندی، دارالصفار للترجمة والطباعة والنشر، بغداد، ٢٠١٨، ص١٦١.
[٦] چارلزتریپ: سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠.
[٧] ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی(د): شاری سلێمانی ١٩٣٢-١٩٤٥ز،چ١، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١١٣.

لەوکاتەدا، بەڵام بەپێی گێرانەوەکان بەڵگەیەکی ساختە و دروستکراو بووە، لەلایەن کەسانی سەربە بنەماڵەی شێخەوە دەرکراوە، بەناوی شێخ (عەلائەدین)ەوە، بەمەبەستی دەستخستنی پوڵ و پارە لەلایەك و دروستکردنی گرفتی سیاسی بۆ ئەو شێخە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، چونکە شێخ لەوەگەشتبوو دژایەتی ئینگلیزەکان تەنها بە خودی لەشکری ئەو دەوڵەتەوە ناوەستێت، بە تایبەتی لە هەڵەبجەدا، چونکە (خانم)ی هەڵەبجە بە تەواوی پشتگیر و پشتیوانی ئەو هێزە داگیرکارە بووە، ئەوەش دەبووە دووبەرەکی لە ناوچەکە. بۆیە ئینگلیزەکان لە سلێمانییەوە ناردیان بەدوای شێخدا تاوەکو هەڵوێستی بەفەرمی بزانن، پاش ڕونبوونەوەی هەڵویستی لەسەر نووسراوەکە بەڕێزەوە بەڕێیان کردەوە[١].

هۆزەکانی تری ناوچەی هەڵەبجە دژی ئەو نزیکایەتییەی خانمی هەڵەبجە و ئینگلیزەکان بوون و کەوتبوونە دژایەتی ئینگلیزەکان، کەچی هەڵوێستێکی وا لە شێخەکان نابینین[٢]. پێچەوانە بەوان هەڵوێستی شێخەکانیتری هەڵەبجە لەوانەش شێخەکانی عەبابەیلێ، ئەگەرچی لە قەبارەدا لە شێخانی هەورامان بچوکتروکەم کاریگەرتربوون، بەڵام هەڵوێستی دژایەتی ئینگلیزەکانیان لێبینراوە، هەروەها هەوراميیەکانی بەشی ڕۆژهەڵات (هەورامانی تەخت) هاوتا لەگەڵ هۆزەکانی هەمەوەند و بەرزنجییەکان و بەشێك لە جافەکان بەشداری و پشتیوانی شۆڕشەکەی شێخیان دژ بە ئینگلیزەکان کردووە[٣].

مس (گیرترود بێڵ-Gertrude Bell)[٤] لە سەردانێکیدا بۆ هەورامان لە (١٩٢١/١١/١٣) هەندێك لەو دیمەنانەی خستوەتە ڕوو، لە گێرانەوەکانیاندا باس لە سەخاوەتمەندی ئەو شێخانە دەکات کە میواندارییان کردوون، بەڵام نایشارنەوە گلەیی هەندێک لە شێخەکانیشیان پێگەشتووە لەوەی کەمتر لەوەیان بۆ کردوون کە چاوە ڕووان بوون بیکەن، نموونەی ئەوەش بە گلەییەکانی شێخ (عەلائەدین) دەهێنێتەوە[٥]. هەریەك لە مس (بێڵ و ئیدمۆندز) هەڵویست و وێناکردنیان یەکە بەرامبەر ئەو دووشێخەی نەقشبەندی کە بە ستایشکردنی شێخ (حیسامەدین) دەست پێدەکەن و بە داشۆرینی شێخ (عەلائەدین) کۆتایی پێدێنن[٦]. ئەو پەیوەندیانە تەنها لە شێخەکاندا نەوەستا بوو، بەڵکوو گوازرابویەوە بۆ نەوەکانیشیان، شێخ (حیسامەدین) پەیوەندییەکانی لە گەڵ ئینگلیزەکاندا زۆر باش بوو، نامەونامە گۆڕینەوەی لە گەڵیان هەبوو، شتێکیش لە زمانەکەیان شارەزابوو[٧].

لەگەڵ ئەوەشدا لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی بارودۆخی کوردستان لە کردنەوەی قوتابخانە و دەرکردنی ڕۆژنامە گۆڕانی بە خۆوە بینی، بە گشتی ئینگلیزەکان زیاتر لە عوسمانییەکان بە ڕووی خەڵکدا کراوە بوون[٨]. ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەو دژبەریەی شێخەکان و بە شداری چالاکی

---

(١) الشيخ محسن المفتي: المصدر السابق، ص١٩٥،١٩٦.

(٢) کەشکۆڵ: هەڵەبجە لە هەڵدێری مێژوودا، گۆڤاری خەرمانە، ژ(٨)،١٩٩٣، ل٤.

(٣) سیسێڵ جۆن ئیدمۆندز: سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦.

(٤) خاتوو گێرترود مارگرێت لوسیان بێڵ ١٨٦٨-١٩٢٦ز، خانمێکی نوسەر و زمان زان و شوێنەوارناس بووە، سەربەدەزگای هەواڵگری بەریتانی. کاری زۆری لەسەر ڕۆژهەڵات بەگشتی و عیراق بەتایبەتی کردووە. (بۆزیاتر بڕوانە// کورد لە نامەکانی میس بێڵ دا، و. محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، چ١، چاپخانەی تاران، ٢٠١٦، ل١٢،٩).

(٥) هەمان سەرچاوە، ل١٤٤،١٤٥.

(٦) مارتن ڤان برونەسن: ئاغاو شێخ و ...، ب٢، ٢٠١١، ل ٢٦١.

(٧) شاکر فەتاح: ئاوێنەی ...، ل٢١٤. بڕوانە// پاشکۆی (٧) .

(٨) هیمدات حوسێن (د): کولتوور و فەرهەنگی کوردی، چ١، چاپخانەی خانی دهۆک، ٢٠٠٩، ل٥٧.

سەربازیان دژ بە ڕووس لە ناوچەکەدا، بە هەمان دۆخ و ئاست لە دژایەتی بەریتانییەکاندا نەبینراوە، بەهۆی پشتیوانی لەشکری (مەحمود خانی دزڵی) لە شۆرشەکەی شێخ و تەقەکردن لە کۆشکی خانمی هەڵەبجە لە (١٩٢٠)دا کە هێمای دەسەڵاتداری ئینگلیزەکان بوو لە ناوچەکەدا و پەلاماردانی ناوچەکانی بندەستی ئینگلیز، هەورامان و گوندەکانی بەر هەڵمەتی بۆردومانی ئینگلیزەکان کەوتن و خەڵکەکەی ئاوارە بوون. بەهۆی بەشداری نەکردنی شێخەکان لەو هەڵمەتانە و ڕێزگرتنی ئینگلیزەکان لە پێگەی ئاینی و کۆمەڵایەتی شێخەکان، بۆیە هەریەك لە (شێخ عەلائەدین و جافرسان و محەممەد بەگ) هاتنە هەڵەبجە و داوای لێبوردنیان لە خانم کرد، لەپای ئەو کارەی ڕوویداوە[١]. هەروەها بە نوسینی نامەیەکیش بە ناوی شێخی (بیارە)وە کۆتایی بەو ئاوارە بوونەی گوندەکانی هەورامان هات، کە بەهۆی بۆردومانی بەریتانیەکانەوە لە پای جوڵە دژبەرییەکانی (مەحمود خانی دزڵی ڕوویدابوو، بەوەش بەریتانیەکان بەڵێنی ئارامیان پێدەدن ولە (١٩٢٧)دا هەڵهاتوان دێنەوە ناو گوندە سوتاوەکانی خۆیان[٢].

وتەیەك کە بەناوی شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامانەوە لە ناوچەکەدا دەما و دەمی پێدەکرێت ئەوەیە کە لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانیدا شێخ (محەممەد عەلی حیسامەدین) بڕوای وابووە ناوچەکە داگیر دەکرێت، بۆئەوەش داوای کردووە لە خەڵك و موریدانی نزا بکەن ئینگلیزەکان داگیریان بکەن نەک ڕووسەکان و تەنانەت گوتویەتی بچن بۆ ئینگلیز و نەچن بۆ ڕووسیا و ئێران، چونکە ئەو بڕوای وابووە داگیرکاری ڕووس یان ئێرانی ناوچەکە بگرن خەڵکەکەی بە تەواوی ڕووت و (ڕەجاڵ)[٣]دەکەن، بەڵام ئینگلیزەکان لەڕووی بژێوییەوە ژیانی خەڵکەکە بەرەو باشتر دەبەن[٤]. ئەم قسەیە، وەک بابەتێکی دوو لایەنە لێی دەڕوانرێت، نەیارانی شێخەکان پێیان وایە نزیکی ئەو شێخانە بە دەسەڵاتدارێتی ئینگلیز و لەوەش زیاتر بە دەستی ئینگلیزەکانیان دەزانن، ئەو قسەیە دەکەنە بەڵگەی ئەوەی زەمینەسازی بووە بۆ پشتکردنەوەی خەڵکی لەهەرهەوڵێکی داگیرکاری ئینگلیزی بۆ ناوچەکە، بەڵام لە لایەکی ترەوە هۆکاری ئەم قسەیە دڕندەیی سوپای ڕووس و دەست نە پارێزیان نیشان دەدات، لە هەر هەوڵێکی وێران کردن کە نموونەی نەبووە.

هێزەکانی ڕووس ئەو دەمە ملکەچی هیچ کۆت و بەندێک نەبوون و بە دڵی خۆیان دەجووڵانەوە و لادێکانیان لە مەڕوماڵات و شینایی بێبەش دەکرد و بە ئەنقەست وێرانیان دەکرد[٥]. بۆیە خێرایی بە دەمەوە چوونی شێخانی هەورامان بۆ وەڵامدانەوەی فەتوای فەرمی دەوڵەتی عوسمانی بۆ جیهاد دژ بە سوپای ڕووس، ئەگەر بەشێکی پەیوەست بووبێت بە پابەند بوونە دینەکەوە، ئەوا لایەنێکی تری پەیوەست بوو بە ستەمکاری ڕووسەکان لەو ناوچانەی ڕوویان لێ دەنا لە کوشتن و سووتاندن و تاڵانکردن، بە ڕادەیەک بەریتانییەکان کە هاتنە ناوچەکە تووشی سەرسووڕمان بوون، لەو دۆخەی کە بینیان، بۆیە لە باسی ناوچەکەدا دەڵێن: "لە هیچ جێگایەکی میسۆپۆتامیادا ئەو هەژارییەمان نەبینی

(١) ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژ(٢٢)، ١٩٢٠/٩/٢٣ز ؛ جەمال بابان: سلێمانی شارە گەشاوەکەم، ب٣، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢، ل٣٦٩.

(٢) محەممەد سابیر ئەحمەدئاوایی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥.

(٣) بەواتای بۆرە پیاوی نەدار.(بڕوانە// هەژاری موکریانی: هەمبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی فارسی، چ١، چاپخانەی سروش، تهران، ١٣٦٩، ل٣٥٦).

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ محەممەدعەلی شێخ ئەحمەد شێخ محەممەد شێخ عەلی حیسامەدین)، سەرچاوەی پێشوو.

(٥) دیڤید ماکداوڵ: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٥.

که له خانەقین ودەوروبەریدا هەبوو"[١]. ئەو ناوچەیە پێش ئەوەی بەریتانییەکان بیگەنێ لەلایەن ڕووسەکانەوە داگیرو کاولکرابوو. تەنانەت مس (بێڵ) له نامەکانیدا باس له دڕندەیی سوپای ڕووس دەکات و دەڵێت:"ڕووس به شێوەیەک کوردستانی وێران کردووه که ناچێته عەقڵەوە، زستانی ڕابوردوو هێنده کاریگەری داگیرکردنی ڕووسی به سەرەوەیه که به ئەندازەی هەر وڵاتێکه تووشی وێرانکاری جەنگ بووبێت، له هەندێک شوێن پێنج یەکی دانیشتووان له برسا مردوون"[٢].

دڕندەیی ئەوان به ڕادەیەک بوو تەنانەت خەڵکی ناوچەکه پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، لەکاتی دروستبوونی جەنگی دووەمی جیهانی، لەو کاتەی فڕۆکەکانی ڕووس نووسراویان بەسەر ناوچه کوردییەکاندا بڵاودەکردەوه خەڵک ترس و تۆقینێکی زۆر دایگرتبوون، چونکه دڕندەیی ڕووسەکان له خەیاڵدانی خەڵکی ناوچەکه چەسپیبوو، (هێمن موکریانی) له باسی ئەو دۆخەدا دەڵێت: "ئێمەی گەنج خۆشحاڵ بووین به هاتنی ڕووسەکان، بەڵام خەڵکانی به تەمەن و لەوانەش باوکم دەیگوت، کوڕی خۆم تۆ نەتدیتوون و نایانناسی زۆر خراپن، زۆر پیاوکوژ و بێبەزەیی و دەست ڕەشن، من کوشتاری سابڵاغم به چاوی خۆم دیوه، له بیرمه چۆن خەڵکی بێ دەرەتانیان به شیران شەق و پەق دەکرد"[٣]. له دەرەنجامی ئەو توندڕەویەی ڕووسەکانە، میس (بێڵ) پێی وایه له کوردستان هەژار و دەوڵەمەند هەموویان به پەرۆشن بۆ هاتنی ئەوان و ئاواته خوازن وڵاتەکەیان بۆ بەڕێوه ببەن[٤]. ئەم پەیوەندییانه له قۆناغەکانی دواتر و پاش چەسپینی پێگەکانی دەوڵەتی شانشینی عێراقی گۆڕانی بەسەردا دێت و له ململانێکانی نێوان عێراق و ئینگلیزەکان، شێخەکان پشتیوانی له جووڵانەوه عێراقییەکان دەکەن، وەک له بزوتنەوەی مایسی ١٩٤١دا بینرا.

**ب: پەیوەندی شێخەکانی هەورامان به دەسەڵاتدارانی عێراقی پاشایەتییەوە:-**

ئەو دەمەی سیستمی پاشایەتی له عێراق دەسەڵاتدار بوو له ساڵی (١٩٣٩) یەکێک له کوڕانی شێخ (عەلائەدین) به ناوی (شێخ مەولانا محەممەد خالید) له بەغدا کرابوو به نوێنەر(مەندوب)، تاوەکو ساڵی (١٩٤٢) و تەواوبوونی ماوەی یاسایی ئەندامێتی ئەنجوومەن بووه[٥]. ناوبراو جگه له نوێنەری زاوای بنەماڵەی هاشمییەکانی بەغداش بوو[٦]. له دیدارێکیدا لەگەڵ (شاکرفەتاح) شێخ (عەلائەدین) باسی پەیوەندی خۆی و (شا فەیسەڵی یەکەم)ی کردووه، لەوەی هەرکات چووبێته بەغدا (شا فەیسەڵ) بەڕووخۆشییەوه پێشوازی لێکردووه، تەنانەت (شا فەیسەڵ) شانی ماچ کردووه، بەپێی ئەو گێڕانەوەیەبێت هۆکاری ئەو باشی پەیوەندییە، چارەسەری نەخۆشی پادشا بووه لەلایەن شێخەوە[٧]. هەرچەنده ئەو نووسەره به گومانەوه لەو قسانەی شێخ دەڕوانێت.

به گشتی شێخانی نەقشبەندی له هەورامان لەگەڵ دەسەڵاتە شانشینەکاندا گونجاوو تەبا بوون، چەندین نامه له نێوان پاشاکانی عێراق و شێخانی نەقشبەندی هەوراماندا هەبووه، وەک نامەکانی (شا

---

[١] وەرگیراوه له// نەوشیروان موستەفا ئەمین: میرایەتی بابان...، ل ١٥٧.
[٢] کورد له نامەکانی میس بێڵ دا...، ل٤٣.
[٣] تاریک و ڕوون، گوڵبژێرێک له شیعرەکانی هێمن، ١٩٧٤، ل ١٩،١٨.
[٤] کورد له نامەکانی میس بێڵ دا...،ل٤٣.
[٥] عبد المجيد فهمی حسن: المصدر السابق، ص١٦٠ .
[٦] حەمه کەریم هەورامی: چیرۆکی من و ...، ل٧.
[٧] شاکر فەتاح: ئاوێنەی ...، ل ٢٢٢.

فەیسەڵی یەکەم) لەساڵانی (١٩٢٢و١٩٢٣)[١] بۆشێخ (حیسامەدین)، بە مەبەستی هەوڵدانی بۆ ڕێگریکردن لە دروستبوونی شەڕی کورد و عەرەب. هەروەها لەسەردەمی مەلیک (غازی)دا پشتیوانی و پیرۆزبایی شێخ (حیسامەدین)ی پێگەشتووە و لە (٢٨/نیسانی/ ١٩٣٤)دا بە نامە وەڵامی ئەو شێخەی داوەتەوە[٢]. دواتریش دیاری گۆڕینەوە لە نێوان شای عێراق و شێخ (عوسمان)ی دووەمدا هەبووە [٣]. پتەوی پەیوەندییەکانی شێخانی هەورامان بە دەسەڵاتدارە دەوڵەتییەکانی عێراق و ئێرانەوە، هەندێك جار بە گلەیی لەسەریان شکاوەتەوە، گوایەباشی ئەو پەیوەندییانە لەسەر حسابی بێباکی بووە لە هاوکاری شۆڕش و بزاوتە ناوخۆییەکانی کورد.

تەنانەت لە هاوکاری شۆڕشی شێخ مەحموود، لە تەواوی ناوچەکانی دەرووبەری سلێمانی نەک بەشدار نەبوون، چونکە شێخ لەناو هۆزەکانی جاف و باجەڵان و شێخەکانی دیکەی تاڵەبانی لەکەرکوك ئەگەرچی قادریش بوون، هەروەها شێخە نەقشبەندییەکانی (بیارە و تەوێڵە) ناڕەزایی دژی شێخ هەبوو، بۆیە نەخرانە ژێر قەڵەمڕەوی ئەو[٤]. شێخ (حیسامەدین لە١٩٣٠/٨/٨)دا میواندارێتی شێخ (مەحمود)ی کردووە[٥]. شێخ داوای لێکردووە بەهۆی دەسەڵات و پێگەکەیەوە لەناو کوردانی هەرسێ پارچەکەدا پشتیوانی بکات بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەکەی و دروستکردنی کیانێکی کوردی، بەڵام وەڵامی شێخ (حیسامەدین) تەنیا ئەوەندەبوو کە کاری پێسپێردراوی ئەو بەرپرسیارێتی ئاینییە و جگە لەوە ئەرکێکی تر بە خۆی ڕەوا نابینێت[٦].

گوایا شێخ (حیسامەدین) گوتبێتی کورد کورتە و بەهیچ ناگات، بەڵام ئەم بۆچوونانە لەگەڵ قسەی شوێنگرەوەکانی شێخ (حیسامەدین) یەکناگرنەوە، چونکە ئەوان بڕوایان وایە ئەو سەرچاوانەی باس لە هاوکاری نەکردنی شۆڕشەکەی شێخ (مەحمود) دەکەن، لەگەڵ ئەوەی دژایەتی ڕەوتی شێخان بوون و ویستوویانە بەو دەنگۆیانە ئەو مێژووە بشێوێنن، بۆیە دیوێکی ڕاستییەکەیان گواستووەتەوە، بەڵکو ڕاستییە تەواوەکە ئەوەیە، کە شێخ (حیسامەدین) لە بەرامبەر ئەو داخوازییەی شێخ (مەحمود)، بە ئامادەیی شێخ (محەممەد)ی کوڕی شێخ (حیسامەدین) و هەندێك لە دۆستانی تر، ئەو نەك ئامادەی هاوکاری شێخ بووە بەڵکوو نزای سەرکەوتنیشی بۆکردووە، تەنانەت (مەحمودخانی دزڵی) کە لەیەك کاتدا موریدی شێخ (حیسامەدین) و خەزووری کوڕەکەشی بووە، هاوکارێکی سەرەکی ئەو شۆڕشە بووە، وەك زانراویشە مورید شوێنکەوتەی بڕیاری شێخەکەیەتی[٧]، لە ناو کۆنووس و نوسراوی ئەو دەستانەی بۆ سەربەخۆی کورد و دروستکردنی کارگێڕێتی سەربەخۆی کوردی لە چوارچێوەی مەندێتی بەریتانیدا ناوی زیاد لە کەسایەتییەکی ناو بنەماڵەی شێخانی هەورامانی تێدایە لە نمونەی شێخ(عەلائەدین و محەممەدحیسامەدین و عوسمان نەجمەدین و محەممەد ساحیب نەجمەدین) بە ڕوونی هاتووە، کە داوا لە دەسەڵاتی سیاسی بەریتانیا دەکەن مافە نەتەوەییەکانی کورد بەدیبهێنن، لە درێژەی ئەو بابەتە و لە پۆلێنکاری لایەنگرانی هۆز و کەسایەتییەکان بۆ عێراق یان کورد ناوی

---

(١) بڕوانە// پاشکۆی ژمارە (٨) .
(٢) سامی دهقانی: منبع قبلی، ص١٣٣،١٣٤،١٣٥.
(٣) حامید ئەلگەر: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤،١٤٩. بڕوانە// پاشکۆی ژمارە( ٩).
(٤) دیڤید ماکداوڵ: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٣.
(٥) عادل صدیق: هەڵەبجە ١٨٨٩-١٩٣٠ز...، ل١٤٠.
(٦) سامی دهقانی: منبع قبلی، ج١، ص١٤٦.
(٧) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ محەمەدعەلی شێخ ئەحمەد شێخ محەممەد حیسامەدین)، سەرچاوەی پێشوو.

شێخانی نەقشبەندی لە هەورامانی (لهۆن و تەخت)ی بە پشتیوانی کورد هێناوە[١]. ئەوانە ئاماژەو بەڵگەی پشتیوانی ماڵباتی ئەو شێخانەن بۆ شۆرشەکەی شێخ و داوا نەتەوەییەکەیان. بەڵام کەسێکی وەك شێخ (حیسامەدین) لەسەرەتادا ئامادە نەبووە پشتیوانی شێخ (مەحمود) بکات، نەك لەبەرئەوەی دژی بزاوتەکەی ئەو بووە، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو ئەو کۆمەڵەیەی لەگەڵ شێخ (مەحمود)دا بوون و هاتبوونەلای شێخ (حیسامەدین) بە زۆری کوێخاکانی هەورامان بوون و لە ململانێی پێگەو دەسەڵاتی شێخ (حیسامەدین)دابوون، شێخ (حیسامەدین)یش داخوازیکردبوو لە شێخ (مەحمود) ئەو جۆرە خەڵکانە لە خۆی دوورخاتەوە. چونکە خەلکی بەرژەوەندین نەك دڵسۆزی، بەڵام شێخ (مەحمود) ئامادە نەبوو دەستبەرداری ئەوانە ببێت، بەو هۆیەشەوە شێخ (حیسامەدین) نەی ویستووە دەنگی ئەو لە پاڵ دەنگی ئەو جۆرە خەڵکانەیتردا بێت، بەپێی گێرانەوەی دەماودەمی بنەماڵەی شێخان و لەوانەش شێخ (عەلی حیسامەدین) پاش جێهێشتنی دانیشتنەکە لەلایەن شێخ (مەحمود)ەوە، شێخ (حیسامەدین) کوڕێکی خۆی دەنێرێت بە شوێنیدا و بانگی دەکاتەوە، بۆ ئەوەی نەیارەکانی کە بەدەوری شێخ (مەحمود)ەوە بوون سود لەو ڕێکنەکەوتنەی هەردوو شێخەکە نەبینن، بۆیە دووبارە بە شێخ ڕادەگەیەنێتەوە ئەگەرچی تۆ مەرجەکەمت بۆ پشتیوانی قەبوڵنەکرد، ئەوا من شێخ (حیسامەدین) بە نوسراو پشتیوانی تۆدەکەم، بەڵام جیاواز لە نوسراوی ئەوانەی دەورت، چونکە من ئامادەنیم ئیمزای خۆم بخەمە پاڵ ئیمزای خیانەتکاران. هەرچەندە شێخ (حیسامەدین) لەو دانیشتنەدا بە نووسراوێکی تایبەتی پشتیوانی خۆی بۆ شێخ (مەحمود) دەربڕیوە و ناوەڕۆکی ئەو نامەیە لە ئەرشیفخانەی بەریتانیدا هەیە و لەلایەن یەکێك لە نەوەکانی شێخ (مەحمود)ەوە بینراوە کە دەڵێت:"ئەگەر دەوڵەتی بەریتانیا شێخ (مەحمود)ی مەلیك بە شیاو بزانێت و کار بۆ بەمەلیك بوونی شێخ (مەحمود) بکات، ئەوا من کەسێك لە شێخ (مەحمود) بە باشتر بەڕەوای ئەو جێگایە نابینم تاوەکو ببێتە مەلیك"[٢]. بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە (شاکرفەتاح) لە گەشتی هەوراماندا لەوبارەیەوە قسەیەك لە شێخ (محەممەد) کوڕی گەورەی شێخ (حیسامەدین) دەگێڕێتەوە، لە باسی پەیوەندی شێخ (مەحمود)و سان و بەگەکانی هەوراماندا ڕەخنەی لە ناشارەزایی ئەو شێخە هەبوو، چونکە پێی وابوو ئەگەر شێخ (مەحمود) شارەزابوایە و بیزانیایە چۆنیان لە خۆی نزیکدەکاتەوە، لەبری پارە وەرگرتن پارەی پێدەدان، بەتایبەتی (جافرسان)، ئەوکات بە لەشکری شێخ (مەحمود) و شێخانی (هەورامان) هەڵەبجە و سلێمانی و خانەقین لە یەك دوو ڕۆژدا ڕزگار دەکران[٣]. بۆچونەکەی شێخ (حیسامەدین) لە دواجار و درەنگ وەختێکدا لەلایەن شێخ (مەحمود)ەوە جەختی لێدەکرێتەوە لە (١٩٥٦/٨/١٠)و لە بەغدا لە گفتوگۆی نێوان شێخ و (عەلائەدین سەجادی)دا شێخ بە دڵێکی پڕەوە دەردەدڵی خۆی بۆ ئەو مەلا و نووسەرەی کورد کردووە و جەختی لەوە کردوەتەوە کە ئەفسەرەکان و زۆر لەوانەشی لە گەڵیا بوون ناپاکییان لێکردووە[٤]. هەرچی شێخ (عەلائەدین) بوو لە تێڕوانین بۆ ئەو شۆڕشە ئەگەرچی جۆرێك لە ناکۆکی لەگەڵ شێخ (مەحمود) هەبووە، بەجۆرێك شێخ (مەحمود) هەوڵی داوە لە ڕێگەی چەکدارەکانییەوە ئەو شێخە دەست بەسەربکات و بیبات بۆ سلێمانی، بەڵام بەهۆی خۆ ئامادەکردنی شێخ (عەلائەدین) و خوێندنەوەی مەبەستەکانی شێخ (مەحمود) بە جۆرێك موریدانی خۆی لە نێو خانەقای (بیارە)دا بەچەك سازدەکات، بۆیە کاتێك چەکدارەکانی شێخ (مەحمود) ئەوە دەبینن،

---

[١] شەڕی بەردەرکی سەرا لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیادا، و. بروسك عەبدول، چ.یەکەم، چاپخانەی شڤان، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای دواڕۆژ بۆ ڕووناکبیری و ڕاگەیاندن،بەبێ شوێنی چاپ، ٢٠١٦، ل٨٠،٦١،٦٠.

[٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ محەمەدعەلی شێخ ئەحمەد شێخ محەممەد حیسامەدین)، سەرچاوەی پێشوو.

[٣] شاکر فەتاح: ئاوێنەی ...، ل٢١٦.

[٤] عەلائەدین سەجادی: ڕشتەی مرواری، ب٧، بەبێ ناوی چاپخانەو شوێنی چاپ، ١٩٧٨، ل٩٥٦، p.d.f.

هەوڵەکەیان سەرکەوتونابێت و شێخ (عەلائەدین)یش پێیان دەڵێت: "ئەگەر دینە دین ئەگەر چەکە چەك"[(١)]. بۆیە ئەو هەوڵە سەرکەوتونابێت و چەکدارەکانی شێخ مەحمود دەگەڕێنەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك لە پێشتردا ئاماژەی پێدرا پشتیوانی خۆی بۆ سەربەخۆیی نیشانداوە. لەسەر ئەوەی شێخەکانی هەورامان هاوکاری شۆڕشی شێخ (مەحمود) یان نەکردووە، لەزمانی شێخ (عوسمان سیراجەدینی دووەم)ەمەوە بۆخۆی داخوازی لە (جافرسان)ی هەورامان کردووە، گەر مەبەستێتی جوڵەو بزاوتەکانی لە ڕووبەڕوو بوونەوەی چەکداری دژی هێزە داگیرکارەکان بەرهەمێکی هەبێت، پێویستە پشتگیرییەکی بەهێز بۆ بزاوتەکەی دروستبکات و ئەو پشتیوانییە بەهێزەش شێخ (مەحمودی حەفید)ە کە شێخ (عوسمان) ئامادە بووە ئەو داخوازییە لە شێخ (مەحمود) بکات و نامەی بۆ بنوسێت، تاوەکو هەردوکیان پێکەوە ئەو شۆڕشە بە ئامانج بگەیەنن، بەڵام بەداخەوە (جافرسان) بەهۆی هەڵپەو پەلەپەل و بێبەرنامەیی چاوەڕوانی جوڵەکانی شێخی نەکرد و ئەوەش بە خراپی بەسەر ئەو بزاوت و بزوتنەوەیەدا شکایەوە[(٢)].

ئەو جۆرە لە بیرکردنەوەی شێخەکانی هەورامان لای هەندێك لە توێژەران بە گەورەیی تەماشا دەکرێت، چونکە ئەو دۆخە لە دژایەتی نەکردنی دەوڵەتی ئینگلیز لەرێگەی شۆڕشی چەکدارییەوە نیشانەی دونیا بینی گەورەی ئەو شێخانە بووە، بەهۆی ئەوەی بەراوردکارییەکان لە هیچ ڕوویەکەوە نەك هاوسەنگ نەبوون، بەڵکو بۆ بەراوردکردنیش ناگونجێن، بۆیە نەیان ویستووە خۆیان و ناوچەکەش دووچاری سەرگەردانی زۆربکەنەوە، بەجۆرێك پێش دەستپێکردنی شکستی دیاربوو، بۆیە زیاترهەوڵیان لە پێناو گفتوگۆبووە تاوەکو لەو ڕێگەیەوە کاریگەری خۆیان لەسەر هێزە داگیر کارەکان دابنێن، ئەگەرنا بابەتەکە پەیوەندی بە نەبوونی هەستی بەرگریی و دژایەتی داگیرکارانەوە نییە[(٣)]. لەکاتی سەردانی پادشای عێراق (فەیسەڵی یەکەم) بۆ هەڵەبجە لە (١٩٣١/٦/١٢) شێخانی نەقشبەندی وەک پیاوماقوڵانی تری شار لە پێشوازیدا بوون[(٤)]. شێخەکان پێگەیەکی گەورەیان هەبوو لە هەڵەبجەدا، بۆیە (حامید بەگ)ی جاف وەك قائم مەقامی هەڵەبجە لە دوو سەردانی پادشای عێراق و (وصي) بۆ هەڵەبجە شێخ (عەلائەدین)ی بانگهێشتی ئەو کۆڕە کرد بوو، وەك ڕوانینە پێگەی گەورەیان، لەو دیدارەدا پادشای عێراق قاوەکەی کە بۆی دانرابوو دەیخاتە بەردەمی شێخ، هەرچەندە

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (دکتۆرعەبدودائیم هەورامانی)، مەلای ئاینی و مامۆستای زانکۆ، توێژەری ئاینی و شارەزای عیرفان و سۆفیزم، بەرپرسی ناوەندی ڕێکخراوی (تاج ئەلعارفین) لە هەڵبجەی شەهید، شوێنی چاوپێکەوتن ناوەندی ڕێکخراو- هەڵەبجە، ڕۆژی(پێنج شەممە)، ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٦/٣٠) کاتی چاوپێکەوتن(٤:٣٠) خولەك.

(٢) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ موحسین شێخ خالید موفتی-ئەحسەن)، ناوبراو لەدایك بووی (١٩٦٠)ی هەڵەبجەیە، دەرچووی کۆلێژی شەریعەی زانکۆی بەغدا و لەهەمانکاتدا خاوەن مۆڵەتنامەی زانستی مەلایەتییە، لە (١٩٨٣)وە وتارخوێن و پێشنوێژی مزگەوتی عومەری کوڕی خەتاب بووە لە سلێمانی، ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان بووە، خاوەنی چەندین بەرهەمی نووسراوە لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی و شێخانی نەقشبەند و کەسایەتییەکانی سەر بەو تەریقەتەیە لە هەورامان و هەڵەبجە، شوێنی چاوپێکەوتن مزگەوتی کانی ئاسکان لە زەڕایەن، ڕۆژی(شەممە)، رێکەوتی چاوپێکەوتن(٢٠٢٣/٢/١١)، کاتی چاوپێکەوتن (٢:٥٠)

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا ئەیوب ڕۆستەم)، لەدایك بووی (١٩٥٤)ی هەورامانە، نوسەر و ڕاوێژکاری وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانە، خاوەن (٣٠ )کتێب و نوسراوی تایبەت بە هەورامان و مێژوو و ڕۆشنبیری کورد و ناوچەکەیە، لەوانەش کاکەییەکان، شوێنی چاوپێکەوتن سلێمانی، هۆڵی هونەر، ڕۆژی(سێشەممە)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن (٢٠٢٣/١/٣١)، کاتی چاوپێکەوتن (١٠:٣٠).

(٤) ڕۆژنامەی ژین: ژمارە (٢٨٥) ١٩٣١/٦/١١.

گێڕانەوەکە ئەو دیمەنە وەك ئاماژەی مەترسی پادشا لە پلانی ژەهرخواردکردنی دەبینێت[1]. بەڵام پێدەچێت جۆرێك لە ڕێزنواندنیش بووبێت، بەو پێیەی ئەوشێخە چەندجار جەختی لە پتەوی پەیوەندییەکانی لەگەڵ شای عێراقدا کردووەتەوە. لەبەرامبەر ئەوەشدا هەندێك لە بەرەی نەیاری شێخان ئەو سەردان و پێشوازیکردنە بە ئەنجامی ئەو بێدەنگییەی لە پشتیوانی نەکردنی شۆڕشەکەی شێخ (مەحمود) دادەبینن، کاتێک پادشای عێراق سەردانی خورماڵ دەکات و دیداری لەگەڵ شێخ (حیسامەدین) دەبێت، وەک سوپاس گوزارییەک لەوەی پشتیوانی ئەو بزووتنەوانەی نەکردووە و نەبووەتە مایەی بێتاقەتکردنی دەوڵەتی عێراق[2].

شێخانی نەقشبەندی لای دەسەڵاتی سیاسی پاشایەتی ڕێز لێگیراو بوون، پاش ئەوەی (مەحمود خانی) دزڵی بۆ ماوەی ساڵێک لە دەوڵەت یاخی بوو بە شاخەکانەوە بوو، دەوڵەتی ئێرانیش هەوڵی دەستگیرکردنی دەدا، بۆیە خان پەنا دەباتە بەر شێخ (عەلائەدین)، بەهۆی نامە و پەیامێکی ئەو شێخەوە، کە یەکێك لە نووسەر(کاتب)ەکانی خۆشی بەناوی (سەید مەزهەری عەلەویی) دەنێرێت لەگەڵ خاندا بۆ کۆشکی پاشایەتی و دیداری (شافەیسەڵ) دەکات، سەرەنجام بەهۆی داواکاری بەردەوامی ئیران بۆ دەستگیرکردنی خانی دزڵی حکومەتی عێراق و (شافەیسەڵ) دادگایەکی ڕووکەشانەیان بۆ (مەحمودخان) ڕێکخست، تاوەکو وا لە ئێرانییەکان بگەیەنن، کە خان لە عێراقیش داواکراوەو سزادراوە، بەو جۆرە (خانی دزڵی) لەو گرفتە ڕزگارکرا دوای دادگاییکردن و سزایەکی ڕووکەشانە، خان لە کەرکوك و گەڕەکی (ئیمام قاسم) شوێنی مانەوە و موچەیەکی (٥٠ بۆ ٦٠) دیناری بۆ دابینکرا، پاشانیش بۆ سلێمانی گوازرایەوە. بەو جۆرە و بەهۆی ناوەندگیری شێخ (عەلائەدین)ەوە کێشەی ئەو خانەی هەورامان چارەسەرکرا[3]. بەڵام نابێت ئەوەش لە بیربکرێت شێخ (عەلائەدین) بەو ناوەندگیریەی زەوی و موڵکەکانی ئەحمەدئاوای لە (مەحمود خانی دزڵی) کڕیەوە، بۆ دابینکردنی ئەو بڕە پارەیەی کە بڕیاربوو لە پای ئازاد بوونی بیدات بە دەوڵەت، بەوەش ئەو موڵکە بۆ جاری سێیەم خاوەندارێتی بۆ شێخانی نەقشبەند لە هەورامان گەڕایەوە[4]. ئەم نێوانگیریەی شێخ (عەلائەدین) لە کاتێکدایە، لە وتووێژی لەگەڵ گەڕیدەی ڕۆژئاوایی لە مانگی (١٠ی ١٩٤٣)دا لە بارەی (مەحمودخان)ی دزڵییەوە دەڵێت:"دوژمنە سەرەکییەکەم مەحموودخانی دزڵییە، مەحمودخان کە سەرۆکی کوردە هەورامییەکانی خۆرهەڵاتی کوردستانە، دەستی گرتووە بەسەر هەموو هەورامان لە ڕووی ئێراندا و دەستی بەسەر سامانەکانی منیش دا گرتووە و بەرە و ئێرەدێت"[5].
وەک ئەوەی شێخەکان هاوکاری دەسەڵاتی عوسمانی بوون لە شەڕیان لەگەڵ دەسەڵاتداری ئێرانی، لە قۆناغەکانی پێش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و جەنگی یەکەمی جیهانی، بەهەمان شێوە هاوکاری جووڵانەوە عێراقییەکانی دژ بە ئینگلیزیشیان کردووە، ئەوەش بەهۆی هەستە ئاینییەکەوە بووە.

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە لەگەڵ (بەهیەخانم کچی حامید بەگی مەجید بەگی جاف)، لەدایك بووی (١٩٢٥)ی هەڵەبجەیە. شارەزا لە مێژووی هەڵەبجە، ئێستە لە وولاتی بەریتانیا دەژی. ڕۆژی(شەممە)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن (٢٠٢٣/٣/٤) کاتی چاوپێکەوتن (٥:٥٠) .
[2] حەمە کەریم هەورامی: چیرۆکی من و...، ل ١٤٦.
[3] دیداری تۆمارکراوی عەبدوڕەقیب یوسف، لەگەڵ (شێخ ئەمین شێخ عەلائەدین نەقشبەندی)، نووسەری کتێبی (تەسەوف چییە)، ناوبراو زاوای مەحمود خان و کوڕی شێخ عەلائەدینی نەقشبەندیش بووە، لە ١٩٨٤/٦/٢٦ لە بەغداد.
[4] محەمەد سابیر ئەحمەد ئاوایی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠،٣١ .
[5] وەرگیراوە لە// شەریف عەلی: بەڵگەنامەکانی بەریتانیا، هەر لە کەرکوک، چەمچەماڵ، سلێمانی، تا هەڵەبجە و بیارە بۆلای حامید بەگی جاف و شێخ عەلائەدین، ئاوێنە، ٢٠٢٢/٥/١١، http: //www.awena.com

بۆیە لەسەردەمی بزوتنەوەی مایسی (١٩٤١) و پێش ئەو قۆناغەش بە گشتی لەسەردەمی پاشایەتی کە بارودۆخی عێراق بە تەواوەتی لەژێر دەستی ئینگلیزەکاندا بوو.[١] هەرچەندە لە ڕۆژگارەکانی بزوتنەوەی مایسی (١٩٤١)دا بەسەرۆکایەتی گەیلانی، بەریتانییەکان لە ڕێگەی کونسوڵەکەیانەوە لە عێراق (کینهان کورنوالیس١٩٤١-١٩٤٥Kinahan Cornwallis) بە بڕێکی دیاریکراو لە پارە هەوڵیان دەدا سەرەك هۆز و کەسایەتییەکانی ناوچە جوداکانی عێراق لەوانەش باکور(کوردستان) دژ بە حکومەتەکەی گەیلانی بجوڵێنن و بەپێی بەڵگەنامەی بەریتانی هەندێك لە کوردەکان دژ بە حکومەتەکەی گەیلانی بوون لە بەرژەوەندی بەریتانییەکان[٢]. دەنگی پیاوانی ئاینیش لەو ڕۆژگارەدا لە عێراق بۆ دژایەتی ئینگلیزەکان گوێ لێگیراو بوو، لەو ڕاپەڕینەدا هەردووشێخی تەریقەت (عەلائەدین و حیسامەدین) بە بروسکەی فەرمی پشتیوانی خۆیان بۆ ئەو بزوتنەوە بەرهەڵستکارییەی ئینگلیزەکان نیشانداوە[٣]. لە خورماڵەوە بروسکەیەک کراوە کە پیاوەکانی شێخ (حیسامەدین) بەناوی دانیشتووانی هەورامان و خورماڵەوە ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ غەزا نەوەک ترسنۆکانە بمرن، ئەگەرچی پێدەچێت هەڵە لە گواستنەوەی ناوەکەدا هەبێت، چونکە لەو دەمەدا شێخ (حیسامەدین) وەفاتی کردووە [٤]. پێدەچێت ناوی شێخ (حیسامەدین) لەلایەن دۆست و موریدانییەوە بەکارهێنرابێت، ئەگەرنا لەو سەردەمەدا شێخ لە ژیاندا نەماوە، هەرچەندە نووسەری ئەو زانیارییەش ئاماژەی بەناوی پیاوەکانی شێخ (حیسامەدین) کردووە.

وەنەبێت تەنیا شێخ (عەلائەدین) فەتوای دژ بە ئینگلیزەکان دابێت، بەڵکو لەو دەمەدا لە ناو سلێمانیشدا مەلایەکی وەک مەلا (موستەفای سەفوەت) هەمان دژایەتی بۆ ئینگلیزەکان ڕاگەیاندبوو، لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی و لەبەردەمی خەڵکێکی زۆردا هانی داون بۆ غەزا دژ بە ئینگلیزەکان و گوتویەتی : "وەالله ئەچم، بالله هەرئەچم، تاالله هەرئەچم، بە خۆم و دوازدە تەلەبەی عیلمەوە، ئەچم بۆ ئەو غەزایە ئەچم، وەلەو کە نەشهێمەوە هەر ئەچم"[٥]. تەنانەت بروسکەی پشتیوانی بۆ سەرکردایەتی ئەو بزووتنەوەیە ناردووە[٦]. جگە لە نوسراوی فەرمی شێخ (عەلائەدین) بۆ پشتیوانی ئەو بزوتنەوەیە، لە ڕووی کرداریشەوە خەڵکی بۆ ئەو مەبەستە هانداوە، لە گێڕانەوەیەکدا کوڕی یەکێك لەو کەسانەی کە لەو ڕۆژگارەدا باوکی ناوی لە ئەرکی سەربازی هاتوەتەوە، بەڵام نەیویستووە بچێتە خزمەتی سەربازی، بۆ ئەو مەبەستە پرسوڕای بە شێخ (عەلائەدین) کردووە، کەچی ئەو شێخە لەبری پشتیوانی کردنی بۆچوونەکەی، بە پێچەوانەوە داوایلێکردووە بچێتە خزمەتی سەربازی و ئەرکێکی پیرۆز جێبەجێ دەکات[٧]. لەو ڕووەوە (کەمال مەزهەر) نووسیویەتی لەو

(١) هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم: سلێمانی لە جەنگی جیهانی دووەمدا، گۆڤاری هەزارمێرد، ژ (١٨)، کانوونی یەکەمی ٢٠٠١، ل٨٥.
(٢) عمار يوسف عبدالله عويد العكيدي: السياسة البريطانية تجاه عشائر العراق ١٩١٤-١٩٤٥، اطروحة الدكتوراة فی فلسفة التأريخ، كلية التربية ، جامعة الموصل، العراق، ٢٠٠٢، ص٢٩٧،٢٨٦.
(٣) المركزالعراقی للمعلومات والدراسات، قسم المعلومات والتوثيق: العراق وقائع وأحداث ١٩١٤-١٩٥٨م، قسم الاول، ط٢، بدون اسم المطبعة، بەغداد، ٢٠١٠، ص٢٤٤ .
(٤) کەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەک لە...،ب١، ل١٣٠.
(٥) وەرگیراوە لە// میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی: حەقائیقی بەسەرهاتی شێخ مەحمود لە پەنای ئیستیقلالی کورددا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری،سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٦١.
(٦) ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩.
(٧) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محەمەد اوڕەحیم حەمەئەمین) لەدایك بووی (١٩٥٣)ی گوندی سەرشاتە، بە ئاگا لە چیرۆك و ڕووداوە بینراو بیستراوەکان، شوێنی چاوپێکەوتن شارۆچکەی زەڕایەن، لە ڕۆژی(هەینی)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن(٢٠٢٣/١/٢٠)، کاتی چاوپێکەوتن(٨:٣٠)، ماڵەوە.

کاتەی شێخ (عەلائەدین) دەروێشانی نەقشبەندی و قادری هاندەدا کە چەک بۆ شەڕی دوژمنانی خودا هەڵگرن، داوای لە کاربەدەستانیش کردووە چەکی پێویست بۆ موریدەکانی بنێرن کە زۆربەی هەرە زۆریان جووتیاری هەژاری بێ چەک بوون، ئەم فەتوایانە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە واتە شێوازێکی فەرمیان هەبووە[1]. هەرچەندە (کەمال مەزهەر) وایگوتووە، بەڵام لای نووسەرێکی وەک (حەمەکەریم) هەورامی دۆخەکە پێچەوانە بووە، لە بڕوای هەورامیدا لەگەڵ ئەوەی شێخ (حیسامەدین) ئەو هەموو دەروێش و موریدەی هەبووە، بەڵام نەفسەیەکی خێری بۆ شۆڕشەکەی شێخ (مەحمود) کردووە، نە لە بزووتنەوەکەی (ڕەشیدعالی گەیلانی)دا ڕۆڵێکی هەبووە، لەکاتێکدا شێخە هاوشێوەکانی ئەو لە جێگاکانی تر چ لەو قۆناغە و چ لە قۆناغی پێشتردا سەرەڕمی ڕووبەڕوو بوونەوەی ستەم و داگیرکاری بوون وەک شێخی (پیران و شێخ مەحمود و شێخ شامیلۆڤی داغستانی)[2]. ئەم بۆ چوونەی (حەمە کەریم) هەورامی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە لە نامەی پێشتردا ناوی شێخ (حیسامەدین) وەك بەکارهێنانی ناوبانگەکەی بەکارهاتووە، چونکە لەو سەردەمەدا وەفاتی کردووە.

لە ناو هەموو ئەو فەتوایانەی بۆ دژایەتی ئینگلیزەکان درابوون ئەوان زیاتر گرنگیان بە فەتوای (٩ی نیسانی١٩٤١)[3] داوە کە شێخ (عەلائەدین) دەریکردبوو[4]. چونکە کاریگەری لە هەورامان و خورماڵدا هەبوو[5]. بۆیە پاش ئەو فەتوایە شوێنکەوتە و موریدانی بە دەم دەف لێدانەوە دروشمی (لاالە الا اللە ئینگلیز بشکێ ئیشەڵڵا) یان دەگووتەوە[6]. ئەو زانیاریانە گەشتبووە ئینگلیزەکان بۆیە لای خۆیانەوە هەڕەشە و گلەیی نامەیەکیان ناردبووە سەر شێخ (عەلائەدین)، ئەویش شێخ (عوسمان)ی کوڕی دەنێرێتە لای گەورەیەکی ئینگلیزەکان و دەکەونە گفتوگۆ، کابرای ئینگلیز دەڵێت: "جەنابی شێخ ئێوە لە هەموو لاوە لێمان ڕاست بوونەتەوە، ئەو هەڵوێستەی شێخ کاریگەری لەسەر ئینگلیزەکان دەبێت، بۆیە بە نوێنەری شێخ دەڵێن دەبێت ئێوە ئەوە بزانن و باش لەوە بگەن، هەر کات شێخ (عەلائەدین) بیەوێت لە زەمینەوە بۆمان بێت، ئێمە لە ئاسمانەوە بۆی دێین"[7]. مەبەستی لە فرۆکە بوو، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو شێخ (عەلائەدین) ئامادەیی هاوکاریکردنی عێراقی بۆ شەڕی ئاسورییەکان دەربڕیبوو، بە سازدانی (١٠)هەزارچەکدار گوایا ئەوەشی بە تەلەگراف بە بەرپرسانی عێراقی گوتووە، بەڵام ئامادەکردنی ئەم بڕە لە چەکدار بەلای شێخ (حیسامەدین)ی برایەوە بە ناڕاست زانراوە[8].

لەزمانی (ع .ع .شەونم)ەوە لەو دەمەی کۆماری کوردستان هاتە درووستبوون لە (١٩٤٦) خەڵکی هەڵەبجە وەک سلێمانی و ناوچەکانی تری کوردستان زۆر ئاگاداری ئەو بابەتە نەبوون لەبەر ئەوە زۆر گرنگیان پێ نەداوە، ئەو دەڵێت: " لەو کاتانەدا من لە (بیارە) بووم، شێخەکانی (بیارە)

---

[1] کەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەک لە...،ب١، ل ١٣٦.
[2] حەمە کەریم هەورامی: چیرۆکی من و گوندەکەم، ب١، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر، ل ١٤٥.
[3] بڕوانە // پاشکۆی ژمارە (١٠) بۆ بینینی دەقی نووسراوی فەتواکەی شێخ.
[4] عمر محمد كريم: القضية الكردية فی سياسة الحكومات العراقية١٩٣٢-١٩٤٥، جامعة سانت كلمنتس، ٢٠٠٩، ص١١٩.
[5] کەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەك...، ب١، ل ١٢١.
[6] محەمەد ڕەسوڵ هاوار: شێخ محمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب١، جاف پریس، لندن،١٩٩٩، ب٢، ل ٨١٣.
[7] وەرگیراوە لە// کەمال مەزهەر ئەحمەد: چەند لاپەڕەیەك...،ب١، ل ١٢١.
[8] شاكر فەتاح: ئاوێنەی ...، ل٢٢٣.

ویستیان هێزی خۆیان نیشانی حکومەتی عێراقی بدەن و ناچاری بکەن بە قسەیان بکات شێخ (عەلائەدین و کوڕەکانی) هەرچییان ئەوت بۆیان بکات، بۆیە تەقەیان لە هەموو مەخفەرەکان دەکرد".[1] بەڵام لە ڕووی کردارییەوە پشتیوانی ئەم کۆمارە کوردییەیان لێ نابینین. هەرچەندە تاوەکو ئەو کاتەش کەسێکی وەک شێخ (عەلائەدین)، وەک ڕابەری گرووپێکی ئایینی خۆشحاڵ بوو بەوەی کاریگەری بەهێزی بەسەر خەڵکەوە ماوە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرا، سەردەمێک هاتبووە پێش کە پەیوەندییە هۆزایەتی و خێڵەکییەکان لەناو کورددا بەهێزتربوون، هەتاوەکو پەیوەندییە ئایینی و ڕۆحییەکان[2]. ئەوەش وەک دەرەنجامەکانی جەنگی دووەمی جیهانی بوو،بەهۆی گۆڕانکارییەکانی ئەو جەنگە، لەسەر پێکهاتە خێڵەکییەکانی ناوچەکە کاریگەری دەسەڵات و پێگەی شێخەکان بەراورد بە جاران کەمتر بووەوە. ئەم دۆخەش لە عێراقدا هەستپێکراو بوو، بە تایبەتی لە پاش شۆڕشی (١٤/ تەممووزی/١٩٥٨) و کاریگەری هزری سۆسیالیزمی ئەو تەوژمە هەژموونی خێل و بەگ و شێخەکانی خستە چوارچێوەیەکی بەرتەسکتر[3]. بەجۆرێك لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا ڕەوتی نەقشبەندی پاشەکشەیەکی گەورەی لەبەرامبەر پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان کرد، لەوەشدا پارتی دیموکراتی کوردستان و بارزانی ڕۆڵی دیاریان هەبوو[4]. چونکە ئەگەر تا ئەو قۆناغە شێخەکان لە ریزی پێشەوەی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان بووبن و سیمبولی دیاری ناو کۆمەڵگا بوون، ئەوا لەوە بەدوا پارت و ڕێکخستنە سیاسییەکان کەوتنە چالاکی نواندن و ئاراستەکردنی تاك و کۆمەڵگا بۆ ئەو دیدگای کە خۆیان مەبەستیان بوو کۆمەڵگای بۆ ئاراستە بکەن، بەجۆرێك ئەو ڕێکخراوە لەو ڕۆژگارانەدا ڕۆڵی هەبووە لە یەکلاکردنەوەی کێشە ناوخۆییەکانی ناوکوڕانی شێخ عەلائەدین بۆ دیاریکردنی شێخی جێنشین لە نێویان هەریەك لە شێخ (عوسمان و زاهید)دا. ڕەنگە باشترین بەڵگەی پشتیوانی و تەبایی شێخانی نەقشبەندی لە هەورامان و هەڵەبجە، لەگەڵ سیستمی پاشایەتی لە عێراق، جێهێشتنی وڵات لەلایەن شێخ (عوسمانی دووەم)ەوە لە پاش هەرەسی ئەو سیستمە بێت، هەروەها باڵا بوونی دەنگ و چالاکی بزوتنەوە و ئاراستە چەپەکان لە عێراقدا هۆکارێکیتری ئەو دوورکەوتنەوەیەبوو.

---

(١) عادل صدیق عەلی: هەڵەبجە لە بیرەوەری ع.ع شەونمدا، گۆڤاری خاڵ، ژ (١٩)، سلێمانی، تشرینی یەکەمی ٢٠١٨، ل ١٢٦.

(٢) شەریف عەلی: سەرچاوەی پێشوو.

(٣) ویلیام ایغلتون: المصدر السابق، ص٥٦،٥٧.

(٤) حسین جمو: المصدر السابق، ص١٤٥.

**باسی یەکەم: پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی شێخانی نەقشبەند:-**

**تەوەری یەکەم: پێگەی شێخ لە پێکهاتە چینایەتییەکانی هەورامان و هەڵەبجەدا:-**

بواری کۆمەڵایەتی لایەنێکی گرنگی کۆی ژیانی مرۆڤە، ئاشنا بوون بەو لایەنە دەرخەری زۆر لایەنی تری ژیانی کۆمەڵگایە، ناسینی چینی کۆمەڵایەتی زیاتر لەسەر پێوەرەکانی ئابووری و دەسەڵات وەستاوەتەوە. ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئابووری تاکەکەسیان تێدا نەبووە، دابەشبوونی چینایەتی تێدا دەرنەکەوتووە، بەڵام فاکتەری ئایین و گەشەکردنی بازرگانی و پەرەگرتنی کشتوکاڵ و پێشکەوتنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان، لەگەڵیشیدا گەشەکردنە پیشەیی و ڕۆشنبیرییەکان زەمینەی پێویستیان بۆ دەرکەوتنی چینی کۆمەڵایەتی ڕەخساند[1]. پەروەردە و فێرکردن، ئیش وکار، پیشە، بڕی پارە، زەوی وزار شێوەی گوزەران، بژێوی ڕۆژانە هەموویان هۆکاری پەیدابوونی جیاوازی چینایەتین[2]. بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێژە و ڕۆڵی هۆکاری مرۆیی لەسەر ڕووداوە مێژووییەکانی ناوچەی هەورامان دەبێت جەخت لەسەر کاریگەری توێژی شێخان بکەینەوە، کە بە پاڵپشتی هێزی ئایینی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر چارەنووسی خەڵکی هەژار و بارودۆخی ناوچەکە داناوە، جێی ئاماژەیە شێخانی هەورامان لە نێوان زۆرینەی کۆمەڵگای کوردیدا ڕێز لێگیراو بوون[3]. ئەوەش بەهۆی کاریگەری ئایین و پەروەردە ڕۆحییەکانی سۆفیزمەوە بوو، چونکە تەریقەتە سۆفیگەراکان لەو دەمەدا چوارچێوەی گشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردییان کێشا بوو، تەریقەتی نەقشبەندیش لەو شکڵگیرییە کۆمەڵایەتیەدا خۆی سەلماندبوو.

کەسانی دەور و پشتی شێخەکان، زۆر بە دەگمەن دەچوونە لای بەگ و بگرە ڕقیشیان لێیان بوو، بە پێچەوانەوە بەگەکان بەهۆی بوونی مەلایەکی زۆر لە دەوری شێخەکان کە بڕوایەکی تەواویان بە شێخ هەبوو، تاوەکو ئاستی پەرستن و پیرۆزی پێدان دەڕۆیشتن[4]. ئەمە جۆرێک لە زیادە ڕەوی تێدایە، هەرچەندە ناکرێت و دروست نییە ئەگەر بڵێین پەیوەندییەکان خاڵی بوون لە خۆشەویستی نێوان ئەو دوو لایەنە دەسەڵاتدارەی ناوچەکە، بەڵام ئاستی پەیوەست بوونەکان تێکەڵەیەك بووە لە خۆشویستن و پاراستنی بەرژەوەندی یەكدی، نەك بگاتە ئاستێك بەگەکان وەك پەرستراوێك لە شێخ بڕوانن.

جۆرێتی پەیوەندیی بەگەکان و هەوڵی نزیک بوونەوەیان لە شێخەکان لە ڕووانگەی نزیکی و پەیوەستی مەلاکان بە شێخەکانەوە بوو، چونکە دەیانبینی ئەوان بەو خوێندەوارییە لەگەڵ شێخدان، ئەوانیش دەکەوتنە خۆیان و لە شێخ نزیک دەبوونەوە، بەو ئومێدەی بەهۆی ئەوانەوە خودا بیانپارێزێ، بە جۆرێک دەسەڵاتی شێخەکان وای لێهات تەنانەت ڕۆڵیان لە دانانی سانەکاندا هەبووە[5]. بە کورتی پێگە و دەسەڵاتی بەربڵاوی شێخەکان و ڕێبەرانی تەریقەتە عیرفانییەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا، دەکرێت وەک بەرهەمی ناڕەزایەتی بەربڵاوی شوێنکەوتە و گوندنشینە کوردییەکان لە ئاغاکان و بۆشایی دەسەڵاتی دوای لەناو چوون و لاوازبوونی هەندێک لە دەسەڵاتە

---

(1) بەهرۆز بەکرعوسمان: ژنی کورد لە دیدی کورد ناساندا ١٨٠٠-١٩٥٠، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژوو،٢٠٢٢، ل ٣٥.

(2) نیقولا تیماشیف: نظریة علم الاجتماع طبیعتها وتطورها، ت. محمود عودة وأخرون، مراجعة وتقدیم محمد عاطف غیث، دارالمعارف، القاهرة،١٩٧٠، ص٢٧٢.

(3) نیعمەت ڕەحمانی: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.

(4) وەرگیراوە لە // محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب١، ل١٠٣٥،١٠٢٧.

(5) هەمان سەرچاوە ، ل١٠٢٧،١٠٣٥.

نیمچە سەربەخۆکان و زیهنیەتی مرۆڤی کورد دابنێین، کە ڕزگاری ڕاستەقینەیان لەسەر دەستی پیاوانی تەریقەت و عیرفاندا دەبینی، ئەم پێگە و دەسەڵاتە هێندە بەربڵاوبوو کە (باسیلیی نیکتین- Basil Nikitin)ی کوردناس، لە هەموو کارێکی توێژینەوەیی سەبارەت بە کورد، سەرنج دان و لەبەر چاوگرتنی شێخەکان و پێگەی دەسەڵاتی ئایینی وسیاسیی و جووڵانەوەکانیان بە پێویست دەزانێت[١]. لە کۆمەڵگەی کوردیدا، شێخ و خەلیفەکان ڕۆڵی پیاوانی ئایینی و دادوەر و پزیشک و پزیشکی دەروونییان بەیەکەوە ئەنجام دەدا، دیارە دەیانتوانی بەرگری لە کشتیارە گوندنشینەکان بکەن، لە بەرامبەر زوڵم و زۆرداری خاوەن زەوییەکان[٢]. ئەم شێخانە نە تەنیا سەرەک هۆزەکانیان هاندەدا کە داوای ناوبژیوانیان لێ بکەن، بەڵکو لە هەوڵی ئەوەدا بوون خۆشەویستی تاکی هۆزەکانیش لە جووتیار و خەڵکانی تر وەدەست بخەن[٣]. ئەوەش هۆکاریی جەماوەری بوونی زیاتریان بوو، لەناو کۆمەڵگادا، بۆ خۆشیان بەشێک بوون لە تان و پۆی دروستبوونی چینایەتی لە ناو کورددا[٤].

شێخەکان وەک بەشێکی دیاری پێکهێنەری چینە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە بەهۆی کاریگەری ئایین و پاشان تەریقەت و پێشینە خێزانەکانیانەوە دروستبوون، ئەم چینە لە سەرەتادا لە تاکە کەسێکەوە، دواتر گەشەی کردووە بۆ ناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ناوچەکە و سوودیان لە دۆخی ئایینی و سیاسی و ئابووری وەرگرتووە[٥]. لە سنووری جوگرافیای هەوراماندا چینە کۆمەڵایەتییەکان، وەک ناوچەکانی دەوروبەر هەست پێکراوبوون، لەسەرەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا موڵکدارە دەرەبەگەکان هەبوون، ئەم چینە پێک هاتبوون لە دەستەی ئاغا و شێخ و بەگ، ژمارەیەکی زۆری زەوی لە بندەستی ئەماندا بوو. بۆ بەرهەمهێنانی زەووی بە شێوەی پشکداری دەدرا بە جووتیارە کرێ گرتەکان، هەندێک جاریش بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەلایەن خۆیانەوە سەرپەرشتی دەکرا[٦]. کۆمەڵگای ئەم سنوورە بۆ دوو چینی سەرەکی دابەش بووبوون، کە چینی (سانەکان و چینە گشتی)ەکە بوون، سانەکان و شێخەکان دوولایەنی دەسەڵاتی دینی و دونیاییان بەدەستەوە بوو، چونکە هەریەک لەوانە خاوەن هێز و دەسەڵات و پلەوپایە و موڵک و ماڵ و زەوی وزار بوون. ئەگەرچی بە ژمارە کەمینە بوون، بەشی دووەمی پێکهاتەکەش کە زۆرینەی خەڵکەکە بوون خاوەن هیچ نەبوون و ملکەچی بڕیاری ئەو کەمینە دەسەڵاتدارە بوون[٧]، کە بە (ئومی)[٨] دەناسران[٩].

شێخ (عوسمان سیراجەدینی یەکەم) ڕۆڵی گەورەی لە کۆکردنەوەی وەستای پیشەکاندا هەبووە، کە نەخشاندنی بە شێکە لە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگایە، کاتێک کە سەردانیان کردووە یان بە بۆنەی شێخەوە خۆیان ماونەتەوە، یاخود هانی داون بۆ مانەوە، پیشەکاران هەریەکە و لە ناوچەیەکەوە هاتوونەتە (تەوێڵە)، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سلێمانییەوە[١٠]. لە تەسەوف

---

[١] باسیلیی نیکتین: المصدر السابق، ص ٣٠٨.

[٢] سردشتی نادر کریمیان: تذکرة عرفای کردستان، تهران، ١٣٨٠، ص٣٥،٣٤.

[٣] دیڤید ماکداول: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥.

[٤] ڕیازکاکە مەحمود و شکار جەلال: دیداری گەورەکان، چ١، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی گوڵنار، بەبێ شوێنی چاپ،٢٠٢١، ل١٢١.

[٥] محمد شووانی: سۆسیۆ لۆژیای چینە کۆمەڵایەتیەکان،چ١، چ.ڕۆژهەڵات، هەولێر،٢٠١١، ل ٣٢٨،٣٢٧.

[٦] شاکر خصباك(د): الاکراد دیراسة جغرافیة اثنوغرافیة، دارالعربیة للموسوعات، بدون مکان الطبع، ٢٠٠٥، ص٢٦٣.

[٧] بیارلاروك: الطبقات الاجتماعیة، ت.جوزیف عبود کبة، ط١، منشورات عویدات، بیروت، لبنان، ١٩٧٣، ص٢٢.

[٨] ( ئومی) واتە نەخوێندەوار، یان خەڵکی ناسەید. (بڕوانە// هەژاری موکریانی: هەمبانەبۆرینە ...، ل١٩).

[٩] محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب١، ل١٠٢٣ .

[١٠] عبدارزاق عبدالرحمن محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٤.

و دیدگای شێخاندا باری کۆمەڵایەتی هەرگیز ڕێگر نەبووە، لەوەی کەسێک بچێتە ژێر بەیداغییەوە، لە هەمان کاتدا لە ناو بازنە و یادی سۆفییاندا، جۆرەها کەسی لەخۆدەگرت (نەخوێندەوار، خوێندەوار، زانا، شەرعزان و فەیلەسووف) بەڵام دیارە هەرکەس بە پێی توانست و هەناوی خۆی لەم جەوهەرە ڕۆحیە تێگەیشتووە و بەهرەمەند بووە[(١)]. لەپاڵ ئەمانەشدا چینی ناوەندیش هەبوون کە بە میرزا و کوێخا و هەندێک لەو کەسانەی کە خاوەن داراییەکی باش بوون، بەڵام ئەمانە بنەماڵەیی نەبوون و تاک تاک لە گوندەکان بوون[(٢)]. لەسەرەتادا پەیوەندییەکانی شێخ و بەگەکان گرفتێکی نەبوو، بەڵام ئەو سەرەتایە وەک خۆی نەمایەوە، بەڵکو بەرژەوەندی و کارکردنەکان ئەوانی خستە ناو ڕووبەڕوو بوونەوەی دەسەڵاتی یەکتری، بەشێکی ئەو ناکۆکییانەش بۆ ڕێنماییە سۆفیگەرییەکان دەگەڕێتەوە، کە بەلای شێخی تەریقەتەوە هەندێک لەو داخوازیانەی بەگەکان شیاوی جێ بەجێکردن نەبوون، ئەوەش لە ڕاهێنانی موریداندا ڕەنگی دابوویەوە بە تایبەتی بابەتەکانی زەکات و کۆکردنەوەی لەگەڵ بابەتی دروستکردنی تەکیە و خانەقاکان، بە جۆرێک جووڵە و بزاوتیان لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئاغا و بەگدا بوو[(٣)].

بابەتێکی سروشتییە کە ناوچەکە (هەورامان و هەڵەبجە)ش لە ڕووی چینایەتییەوە، هەمەڕەنگ بوو، وەک هەر ناوچەیەکی تر پلەبەندی تێدا بووە، بۆ چەند پێکهاتە و چینێک، هەندێک لەوانە لە ئەنجامی گەشەی پلەی ئابوورییان بوونەتە چینێکی دیاریکراو بە (میر، بەگ، ئاغا، سەرۆک خێڵ و مسکێن) ناوبراون، خاوەن دەسەڵاتی خۆیان بوون. هاوشان بە مانە دەستەیەکی تر لە ڕێگەی پێگەی دینیانەوە بوونەتە چینێکی دیار ئەوانیش (شێخ، سەید، مەلا، سۆفی) بوون، ئەم ناوانە بەڵگەی بوونی جیاوازیی چینە کۆمەڵایەتییەکانن[(٤)]. ئەوسەرەتایە لە کۆتایهاتنی دەسەڵاتی دەرەبەگە کوردەکان، دەستپێکی دەرکەوتنی چینێکی نوێ بوو لەپڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەدا، بە تایبەتی لە هەشتاکانی (سەدەی١٩ز) دەتوانرێت بوترێت، ئەم چینە کە برێتی بوون لە پیاوانی ئایینی (شێخ و مەلاکان) لە ڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەگەڵ چینەکانی تری کۆمەڵگا گشتگیرتربوون[(٥)]. لەگەڵ بوونی ئەو پێکهاتە چینایەتییانەشدا لەو دەمەدا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کەسێک لە شێخان بەرزتر و گوێ لێگیراوترنەبوو[(٦)].

(کوان-Coan) کە میسیۆنەرێکی مەسیحییە، ڕووداوێکمان بۆ دەگوازێتەوە کە ئاماژەی گەورەیی وابەستەبوونی تاکی کۆمەڵگەیە لەو قۆناغەدا بە داخوازی شێخەکانەوە، کاتێك شێخێك داخوازی لە شوانێككرد کە ڕووبارێك لە نێوانیاندابوو بپەڕێتەوە تاوەکو سڵاویان لێبکات، شوانە گوێڕایەڵی بوو، بەڵام لەکاتی پەڕینەوە لە ئاوەکەداو بەهۆی بەهێزی ڕەوتی ڕووبارەکە خنکا.[(٧)] ئەم گێڕانەوەیە مەبەستێتی بڵێت، شێخەکان بە ڕەهایانە گوێڕایەڵی کراون، بە ڕادەیەک کەسێکی وا گوێی بە ئاستی تیژڕەوی ڕووبار و مەترسی خنکان نەداوە، بۆیە بەقسەی شێخەکەوە، پابەندبووە بێگومان ئەمە وەک حاڵەتێکی ناتەندروست دەبینرێت، چونکە مرۆڤ گەرخاوەنی ژیری بێت، دەبێت پەیوەست بوونەکانیشی بە ژیرییەوە ببەستێت.

---

(١) دارا حمید محمد و ئیبراهیم کوێخا محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣ .
(٢) عبدارزاق عبدالرحمن محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٩،١٦٠.
(٣) حسین جمو: المصدرالسابق، ص ١٠٠.
(٤) محمد شووانی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥.
(٥) هیوا عەزیز: ناسیۆنالیزمی کورد(١٨٨٠-١٩٣٩)، مەکتەبی بیرو هۆشیاری(ی.ن.ك)، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٣٤.
(٦) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (نوری فارس حەمەخان)، سەرچاوەی پێشوو.
(٧) عباس زارعی مهرورز: منبع قبلی، ص٧٦.

بۆیه هەژموون و پێگەی کۆمەڵایەتی ئەم شێخانە بە ڕادەیەک بوو، کوردناسێکی وەک (نیکتین) بڵێت:"بنەماڵەی شێخ عوسمان کە لە تەوێڵە و بیارەدا دانیشتوون زۆر خاوەن دەسەڵات و دەست ڕۆیشتوو بوون، کوڕەزاکانی شێخ عوسمان (نەجمەدین و عەلائەدین و عەلی حیسامەدین) ئەمڕۆ لە گەورە پیاوانی ناو ئەو بنەماڵەیەن، ئێلەکانی موکری و مامەش و مەنگوڕ لە قسەیان دەرناچن"[1]. هەروەها (تۆمابوا- Tumabuwa١٩٧٥-١٩٠٠)ش پێی وایە ئەم شێخانە تەنانەت لە شێخانی قادریش بە دەسەڵاتترن، بۆیە خاوەن هەژموونی کۆمەڵایەتی بوون[2]. هەژموونی پیاوانی ئایینی لەسەر چینە گشتییەکە نەبووە بەتەنیا، بەڵکو پیاوانی خاوەن دەسەڵاتی کوردیش لەژێر ئەو کاریگەرییە بوون، بۆیە نەیانتوانیوە بەر بەدەسەڵاتی پیاوانی ئایینی بگرن نەوەک ببێتە هۆکارێک بۆ تووڕەبوونی سوڵتان یا هاندانی خەڵک لێیان[3]. شێخەکان لە ڕووی ئاوەز و هێزی کەشف و کەراماتەوە، لەناو خەڵکی کورددا ناوبانگیان هەبووە و لە ناو کۆمەڵدا ڕیشەیەکی پتەویان داکوتا بوو، بۆیە سەرەک عەشیرەت و ئاغاکان نەیاندەوێرا خۆیان لە قەرەی هیچ شێخێک بدەن، ناچار بوون لەگەڵیاندا هەڵبکەن، شێخەکانیش لە بەشی هەرە گەورەی کوردستاندا لە ڕێگەی ڕایەڵەی خانەقا و تەکیەوە دەسەڵاتی مادیی و مەعنەوییان بە دەستەوە بوو[4].

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەدەر لە لایەنە ڕووکەشییەکەی بەگ و شێخەکان بەهۆی لێکدانی بەرژەوەندییەوە ناکۆك و دژبوون، کەچی بەرامبەر خەڵکە هەژار و بێ دەسەڵاتەکە، کە زۆرینەی خەڵك بوون یەك جۆر سیاسەتییان پیادە کردووە، کە سیاسەتی ڕووتانەوە و ملکەچ پێکردن و ترس و تۆقاندن بووە.[5] لە بەگزادەکان پیاوی باش هەبوو کە بەرەنگاری فڕوفێڵی هەندێک لە شێخەکانیان دەبوونەوە، ئەم دوو بەرەیە (شێخ و بەگەکان) گەلێک جار لە سەر کەڵکی خۆیان شەڕ و شۆڕیان بووە، بۆیە ئەو بەرژەوەندخوازییەی ئەم دوو بەرەیە دۆخی خەڵکی ناوچەکەی بە جۆرێک خراپ کردبوو کە دەتبینین لە گیاندا زۆر نزم و لە کردەوەدا زۆر ترسنۆکانە دەجووڵانەوە، بەڵام لە دڵیشدا زۆر باش دەیزانی هۆکاری بەدبەختی ئەوان ئەو دوو بەرەیەن.[6]

ئەو پردی پەیوەندییەی لە نێوان میر و شێخەکاندا هەبووە، بۆ بەردەوامیدان بە باڵا دەستی خۆیان بەکارهاتووە، تاوەکو لەوێوە بەرژەوەندی هەردوولا پارێزراوبێت، هەر ئەمەش وادەکات هەر دوو چینەکە لە هێشتنەوەی دۆخی چەق بەستووی کۆمەڵگا پێداگرومکوڕبن[7].لەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییانەی کە دیاردەی وابەستەیی، خانەوادەیی و ئایینی و عەشایەری بەسەر ژیانی خەڵکەکەیدا زاڵە، لەڕێگەی تەریقەتەکانیشەوە شێخ و سەیدە کوردەکان زیاتر بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ دەبن[8]. تەنانەت ئەم دۆخە لە جیاوازی، لە ناشتنی مردوانیشدا خۆی نواندووە، شێخەکانی (گوڵپ) مردووەکانیان لەگەڵ مردووی گشتیدا نەدەناشت و خۆیان لە خەڵکی ئاسایی جیا دەکردەوە، بۆیە

---

(١) باسیلیی نیکیتین:المصدر السابق، ص٣١٢.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠١.

(٣) هـاوڕی باخـەوان: ئـاڵای کـورد، لێکۆڵینـەوەی مێـژووی و ڕامیـاری، دەزگـای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، سلێمانی،٢٠٠١، ل ٥٦.

(٤) حسێن مەدەنی: سەرچاوەی پێشوو،ل ١٥٩.

(٥) شاکر فتاح: ڕۆژنامەی خورماڵ ،چاپخانەی حوادث، بغداد، ١٩٨٣، ل٤ ، ٥ .

(٦) بـەهادین ئەحمـەد محەمـەد شـاکر فـەتاح ڕۆژنامـە نوسـیی کـورد، گۆڤـاری کـەرکوك، ژمـارە(١)ی سـاڵی هەشتەم٢٠٠٦، ل١١٤.

(٧) أ. شامیلوف: المصدر السابق، ص ٦٦،٦٧.

(٨) چارلز تریپ: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.

سەرتۆپی تەپی (تەلەوەر) یان کردبووە گۆڕستانی مردووەکانیان، لە ژیانی دونیایاندا بێ بەشی ژیانی کۆمەڵایەتی بوون، بە مردوویش بەرخێری هیچ فاتیحەیەکی ڕێبواران نەدەکەوتن[١]. دیارە مەبەستی نووسەر لەوەدایە گۆڕستانی شێخ و شێخ زادەکان جودا بووە لە گۆڕستانی خەڵکە گشتییەکە و لەسەر گرد و شوێنێکی لاپێچدا بەجۆرێك ڕێبواران ڕێییان نەدەکەوتە ئەو جێگایە تاوەکو لە ڕووی ئاکارە ئاینییەکانەوە نزایەکی خێریان بۆبکەن.

بەشێک لەوانەی مورید و شوێن کەوتەی شێخ بوون یان لە زەوی وکێڵگەکانی شێخدا کاریان دەکرد، پێویست بوو ساڵی جارێک دیارییەک بۆ شێخ بەرن، جۆرێتی دیارییەکەش بە پێی توانای ئابووری ئەو موریدە دەگۆڕا[٢]. شێخەکان زەوی و زارێکی زۆریان هەبوو کە مورید و خزمەتکارەکانیان لە هەلومەرجێکی سەختدا، لێبڕاوانە کاریان تێدا دەکرد، بەهۆی پیرۆزی شێخەکان لایان زۆربەی کات کۆڵیان نەئەدا و بێ وچان لە ئیشکردن بەردەوام ئەبوون، بەڵام هەندێک جار و زۆر بە کەمی دەکرا ئەم دڵسۆزییەیان لە تاو قورسی ئیشەکە پشت گوێ بخەن[٣].

لە بواری ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتیدا و بەو سیستمەی لەو دەمەدا شێخەکان پیادەیان دەکرد لە بەرگێکی ئایینیدا، بەلای هەندێک لە زانایانی ئاینییەوە ناجۆر بووە و لەگەڵ گیانی سیستمە ئاینییە دروستەکەدا یەکیان نەگرتووە تەوە. هەربۆیە بەگژیدا چوونەتەوە، ئەگەرچی کەمینەش بووبن، داوایان کردووە کەس بە ناوی دین و پێگەی کۆمەڵایەتییەوە خۆی نەکاتە بار بەسەر میللەتی هەژارەوە[٤]. نموونەی یەکێك لەو هەڵوێستە دژبەرییانەش هۆنراوەیەکی گەورە زانای کورد (موفتی زەهاوییە)[٥] کە دەڵێت:

حیفا کە دین پاك نبی را بە باد داد

درسنیان تشیخ و در شیعە اجتهاد.

واتە، داخ و کەسەرە کە دوو شت ئایینی پاکی ئیسلامیان بە بادا، لە ناو سونییان شێخێتی و لە ناو شیعەکان ئیجتیهاد،[٦] لەو ڕۆژگارانەدا ئابووری نەریتی و کۆچەری لەسەر بنەمای کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە کوردستاندا زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی گونجاوی بۆ گەشەکردنی تەریقەت و شێخەکان ڕەخساندبوو. سەرانی ئەم تەریقەتانە، بە شێوەیەکی سەرەکی، خەلیفەکانیان لە چینی خوارەوەی کۆمەڵگای کوردستان هەڵدەبژارد، بە واتایەکی تر دەرگای خانەقاکانیان بۆ کۆچەر و جووتیاران

---

(١) حەمەکەریم هەورامی: چیرۆکی من ...، ل٢٧.

(٢) ا.م.مینتیشاشڤیلی: کورد کورتەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ئابووری ڕۆشنبیری و گوزەران، و.پ.د عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی خانی، دهۆک ،١٩٨٤، ل ٢٠٧.

(٣) عباس زارعی مهرورز: منبع قبلی، ص٧٣.

(٤) ئاراس محمد صالح(د): زانایانی ئیصلاح و نوێکردنەوەی ئاینی لە کوردستان،چ١، ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٤٩،٥٠.

(٥) ناوی تەواوی محەممەد کوڕی مەلائەحمەد کوڕی حەسەن بەگ کوڕی ڕۆستەم بەگ، کوڕی کەیخەسرەو بەگی کوڕی میر بابا سلێمانە، کە لە نەوەی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەیە. ئەم زانایە بە پێی بەڵگە نامەی فەرمی عوسمانی (١٨٠٣) لە دایك بووە، پاش گەڕانێکی زۆر بە ناوچەکانی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دواجار مۆڵەتی زانستی وەردەگرێت و بەچوونی بۆ بەغدا و مانەوەی لەوێ دەبێتە موفتی ئەو شارە ماوەی (٨٠) ساڵ سەرقاڵی وانە وتنەوەی ئاینی بووە، دواجارو لە (١٨٩٠)دا لە بەغدا کۆچی دوایی دەکات. (بۆزیاتر بڕوانە// شێخ محەمەدی خاڵ: ناڵەی دەروون، ب٢، ل٥٠).

(٦) شێخ محەمەدی خاڵ: ناڵەی دەروون، ب٢، ل١٠٨.

کراوەبوو[١]. خانەقاکان وەک ناوەندێکی گرنگ لەپاڵ سرووتە ئاینییەکاندا ڕۆڵی کولتووری و کۆمەڵایەتی خۆیان بینیوە[٢]. ئەم جۆرە لە دیاریکردن بۆ سەرپەرشتی خانەقاکان، وای دەکرد شێخ هەمیشە لە سەرووی هەڕەمەکەوە بمێنێتەوە، چونکە کەسی سەرپەرشتیار لە چینێکی نزمتر لە شێخ بوو، بۆیە هەرگیز مەترسی ئەوەی نەدەبوو، دژ بە شێخ بجووڵێتەوە، هەروەها کەسانی ناو خێزانە باڵادەستەکان نابینین ئامادەگیان هەبێت، کاری سەرپەرشتی ناو خانەقاکان بگرنە ئەستۆ، چونکە لەلایەک سەرۆکاریان لەگەڵ خەڵکی هەژار و بێنەوادا نەبوو کە میوانی هەمیشەیی خانەقاکان بوون، لەلایەکی تر جۆرێک لە کەمی پلەی کۆمەڵایەتییانی دەسەلماند.

ڕۆڵی شێخەکان تەنیا لە هاندانی خەڵک بۆ جیهاد و فەرماندەیی هێزە کوردییەکان قەتیس نەبوو، بەڵکو لەکاتی شەڕ و برسێتیدا پەناگەی هەژاران بوون، خەڵک و زانایانی ئایینی دوای لەشکرکێشی ڕووسیا پەنایان بۆ خانەقا و ماڵی شێخەکان برد. (ڕەئووف زیایی) لە بیرەوەرییەکانیدا باسی شێخ (عەلائەدین) دەکات کە پەنای هەندێک کەس و زانای ئایینی داوە کاتێک هێزەکانی ڕووسیا لە (١٩١٥) پەلاماری (میان داو)ی نزیک بە شاری (سەقز)یان داوە، بە گوتەی ئەو کە خۆی لە ناو پەنا دراواندا بووە، دووسەد زانای ئایینی و کەسایەتی لە نێو ئەو خەڵکانەدا بوون کە لە خانەقای شێخ (عەلائەدین) پەنادرابوون[٣]. زۆربەی لایەنگرانی ئەم تەریقەتانە لە چینە ڕووتەڵە و هەژارەکانی کۆمەڵگا بوون، ئەوەش هۆکاری جەماوەری بوونی بوو، لە پێشاندانی وێنەیەکی وادا (Barth)ی گەریدەی ڕۆژئاوایی لە (١٩٥٣)دا سەرنجی دەچێتە سەر ئەو جیاوازییە چینایەتییە، بەوەی ئاغاکانی ئەو ناوچەیە، مسکێنەکانیان بەوە تۆمەتبارکردووە، گوایە تەریقەتە دەروێشیەکانیان بۆ مەبەستی سیاسی هەڵسوڕاندووە، تاوەکو بتوانن هەموو مسکێنەکان لە یەک ڕێکخراودا کۆکەنەوە[٤].

ئەگەرچی شێخەکانی ئەم تەریقەتە لە سەرەتادا لە ڕێگەی ئیشوکارەوە ژیانی خۆیان بەڕێ دەکرد، نەماڵیان هەبوو نەخزمەتکار، بەڵام بەهۆی تێکەڵ بوونی چینە خاوەن دەسەڵاتەکان بەو کاروانە، لە میر و حاکم و خاوەن موڵک و مەلای بەدەسەڵات، شێخەکانی نەقشبەندیش لە کاروبارەکاندا ڕۆڵیان وە ئەستۆگرت و ڕێزیان لێگیراو بوونە خاوەن دەسەڵات و پێگە[٥]. بەشێکی سەرچاوە داراییەکانی ئەو ناوەندانەش ئەو هاوکارییانەی خەڵک بوو کە بە شێخەکانیان دەبەخشی وەک خێر و سەدەقە، کە بە بڕ زۆر و جۆراوجۆر بوون، لە هەمانکاتدا شێخەکان سەرپەرشتی ئەو وەقفانەشیان دەکرد کە بۆ خزمەتی مزگەوت و خانەقا و کاری ڕەوتەکە پێشکەش کرابوون و بڕەکەشی زۆربوو[٦]. بەوەش زۆر پێویستیان بە دارایی دەوڵەتی نەبوو، بۆیە هەندێك لەو شێخانە وەک سەرچاوەی بژێوی، نەیان ویستووە مووچە لە دەوڵەت وەربگرن و هەوڵی لەو جۆرەیان ڕەتکردووەتەوە، چونکە پێیان وابووە وەرگرتنی مووچەی دەوڵەتی لەنگینی پلەی کۆمەڵایەتییانی بە دواوەیە[٧]. پێگەی کۆمەڵایەتی شێخ و بەگەکانی هەورامان لە شێوازی خانووەکانیاندا خۆی دەنواند، کە خانووی لە بەرد دروستکراوی سێ

---

[١] محمد رئوف توكلي: منبع قبلی، ص٢٢٣.

[٢] خالد محمود کریم: تەکیەوخانەقاکانی باشوری کوردستان لە کۆتایەکانی سەردەمی عوسمانیدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٣٧)، بەرگی ٢٠١٦، ل ١٠٧.

[٣] ڕەئووف زیایی: يادداشت هايی از...، ص٥١،٥٢.

[٤] وەرگیراوە لە مارتن ڤان برونسن: ئاغا و شێخ و..، ب٢، ٢٠١١، ل١١٩.

[٥] ئەمیر فەرهەنگ ئیمانی:سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧٣،٤٧٤.

[٦] ڕۆبەرت ئۆڵسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، و.ئەبوبەکرخۆشناو، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چ٢، ١٩٩٩،ل١١.

[٧] مارتن ڤان برونسن: ئاغا و شێخ و... ، ب١، ٢٠١٠، ل١٢١.

نهۆمی و ڕازاوە، لە ناو سروشتێکی سەخت و دژواردا بەڵگەی خۆش ژیانی ئەوان بوو، وەک چۆن جل و بەرگیان ئەو ڕاستییەی دەنواند[1]. تەنانەت خانووەکانیان و سیستمی کارگێڕێتی ناوچەکانیان ئاماژە بوون بۆ گەورەیی پێگەی هەندێک لەو شێخانە کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەشێک لە پێناسی کەسیانی نیشان دەدا، تەنانەت هەندێك لەو شێخانە جگە لە سەرپەرشتی دۆخە ئایینیە سۆفیزمەکە، جۆرێتی ڕێکخستنی کارگێڕێتی ناوچەکەشیان وە ئەستۆی خۆیان گرتبوو، وەک ئەوەی (شاکرفەتاح) باسی دەکات شێخ (حیسامەدین) قەدەغەی کردبوو لە (باخەکۆن)دا ئاژەڵ بەخێو بکرێت، بە بیانووی ئەوەی نەوەک شەقامەکانی بە پاک و پوختی نەمێننەوە، لە کاتێکدا ئەم دۆخی پاک و خاوێنییە لە(بیارە) و ئەوانی تردا وانەبوو. ئەم شێخانە لە بابەتی ژینگە و سەوزاییدا هاوکار و یارمەتیدەر بوون، لە دروستکردنی باخچەی خورماڵ شێخ (حیسامەدین) هاوکارێکی زۆری کردووە بە پێدانی زەویەکی (٩٠٠) گەزی چوارگۆشەیی و (١٢٠) دارچنار و (٣٠٠) فلس، شێخ (عەلائەدین) بە (١٨) دارچنار و شێخ (عوسمان)ی کوڕیشی بە (٥) دارچنار[2]. بەشداری ئەو هەوڵەیان کردووە.

شێخەکان لە ڕووی پێگەی کۆمەڵایەتییەوە جێگەی تایبەتیان لە نێو خەڵکیدا هەبووە، واباوە کە هێزی پەنهانیان لە پشتە و کەشف و کەرامەتیان هەیە، بەڵام ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە گشتی نییە و لە نێو بەشێک لە مەلا و زانایانی ئاینیدا کە باوەڕی ئاینزاییان لە سەر بنەمای ئایین ڕۆنراوە، شێخەکان جێی گومانن، بڕوا و متمانەیەکی ئەو تۆیان پێ ناکرێ[3]. گەورەیی پێگەی کۆمەڵایەتییان وایکردبوو سەرەك عەشیرەت و ئاغاکانیش زۆربەکەمی خۆیان لەقەرەی شێخەکان دەدا، بۆیە ناچار بوون لەگەڵیان هەڵبکەن[4]. هەمیشە جۆرێک لە پەیوەندی لە نێوان شێخ و بەگ و مەلادا هەبووە، بەڵام هیچ کات نە بەگ شێخی خۆش ویستووە، نە بەپێچەوانەوە مەلاش هیچکامیانی خۆشنەویستووە، بەڵام مەلا لەبەر بەرژەوەندی بە دەم هەر دوو لایانەوە بووە[5]. بە وورد بوونەوە لەم بۆچوونەی نووسەر، دەگەینە ئەو ڕاستییەی هەڵگری ناوەخنێکی لۆژیکی نییە، چونکە بەشێکی زۆر لەو مەلا دیارانەی کە لە خزمەت شێخ و خانەقا و ڕەوتی کارکردنی شێخەکاندا بوون، تەنانەت پاش دوورکەوتنەوە و وازهێنانیشیان لە ستایشی شێخ نەکەوتوون، نەك دژایەتییان کردبن، کەواتە پەیوەندییەکە ناچاری و بەرژەوەندی نەبووە بەقەدەر ئەوەی لە بڕواوە سەرچاوەی گرتووە.

ئەوەش هۆکارێک بوو بۆ ماوەی نزیکەی (٢٠٠) ساڵێک تەریقەتی نەقشبەندی وشێخەکانی لە هەوراماندا بتوانن دەسەڵات و پلە و پایەی ئایینی و کۆمەڵایەتی بۆ خۆیان قۆرخ بکەن[6]. بەو پێگە گەورەیەی شێخەکان لە ناوچەکەدا هەیانبووە، سەرپەرشتی هەموو کاروبارێکی ئایینی و چاودێری بەجێهێنانی سرووتە ئاینی و ڕەوشتییەکانیان کردووە، ڕێبەرانی ڕۆحانی هەمیشە بە بەراورد لەگەڵ ئیسلامی فەرمیدا ڕۆڵیان سەرەکیتر بوو[7]. لە ڕووی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە شێخەکان پەیوەندی ئاساییان بە خەڵکی ناوچەکەوە هەبووە، بەڵام جۆرێتی ئەو پەیوەندییانە جوودا بوون، بەهۆی لێکدانی پێگەکان هەندێک جار ئەو پەیوەندییانە لەگەڵ بەگەکان ئاسایی نەبوون و تەنانەت ئەوانەشی کە ڕووبەڕووی داوای شێخەکان بوونەتەوە پەنایان بۆ بەگەکان بردووە، بە تایبەتی بەگەکانی بارام

(1) کورد لە نامەکانی میس بێل دا...، ل١٤٣،١٤٥.
(2) شاکر فەتاح: ئاوێنەی...، ل٢٢٥.
(3) عبدالرحمن شێخ صلاح الدین شێخ سلێمان بەرزنجی بێلاف: سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧٩ .
(4) حسێن مەدەنی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣.
(5) محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب٢، ل١٠٢٤.
(6) سی.جی.ادموندز: المصدر السابق، ص١٤٣.
(7) ا.م.مینتیشاشڤیلی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦.

بەگی[١]. بەگەکانی هەورامان خەڵکی توندوتیژ و ئاژاوە گێربوون، لەوانیش کەمتر، لە کارگێڕی و توندوتیژیدا شێخە نەقشبەندییەکانی ناوچەکە بوون[٢]. بەگزادەکانی هەورامان لە باوانەوە بۆ نەوەکانیان دەسەڵاتییان بە دەستەوە بووە، بە جۆرێک جگە لە مەلا و شێخەکان هەموو جووڵەکانی ناوچەکە لەژێر کۆنترۆڵی ئەواندا بووە. بەگەکان لە هەرەمی دەسەڵاتی ناوچەکەدا بوون، زۆربەی ستەم و چەوسانەوەکانی ئەمان لە دژی چینە گشتییەکە بووە، بۆیە زۆربەی جار نێوان بەگزادە و شێخەکان بە نهێنی ناکۆک بووە، بەڵام بە ئاشکرا لە پێناو پارێزگاری لە بەرژەوەندیی هەردوولا پەیوەندییان خۆش و بێگرفت بووە[٣]. بە ئامانجی ڕامکردنی خەڵک و کۆمەڵگا، بۆ خزمەتی خۆیان[٤].

سەرنجی شێخەکان بۆ لای کاروباری ماددی لە پێناو سەقامگیرکردنی دەسەڵات و سەروەری خۆیاندا بوو شێخەکان و ڕێبەرە ئاینزاییەکان هێدی هێدی بۆیان دەرکەوت کە مەرجی سەروەرییان بە هێزکردنی ژێرخانی ئابووری و مادییانە، لەم بوارەشدا هەنگاوی بنەڕەتییان هەڵگرت، تاوەکو ئەو ڕادەیە کە لە باری ماددی و ئابوورییەوە بوون بە گەورەی خەڵک، لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین، کۆمەڵگای کوردی بەو پێکهاتەیەی کە میر و خان و دەرەبەگ تەواوی ئابووری خێڵ و گوندیان لە ژێر دەستدا بوو، بەرهەم و بەرهەمهێنانیش لەسەرشانی ژێردەستەکاندا بوو، لەو دۆخەدا گیریان خوارد بوو. بۆیە هەوڵی دەرباز بوونیاندەدا، شێخەکانیش دەیانتوانی لەم نێوانەدا ڕۆڵی ڕزگارکەر بگێڕن، چونکە لایان وابوو تەریقەتەکان ڕێکخراو گەلێکن کە دەرگا بە ڕووی زوڵملێکراواندا دەکەنەوە[٥].

کاریگەرییە ئاینییەکانی ئەم تەریقەتە لەلایەن پیر و شێخەکانەوە لەسەر ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی لە هەوراماندا، زۆر دیاربووە، تاوەکو بە ئاشتی و برایەتی و دوور لە ناکۆکی و شەڕوشۆڕ پێکەوە بژین، بە تایبەتی هەموو چین و توێژەکان لە ناو تەریقەتی نەقشبەندیدا خۆیان بینیوەتەوە، ئەوەش عەقڵیەتی خێڵایەتی لە ناویاندا لاواز و سستکردووە[٦]. کە لە سەدەکانی هەژدە و پێشتریش تاوەکو سەرەتای سەدەی نۆزدە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردی لەسەر بنیاد نرابوو[٧]. بە جۆرێک نەقشبەندییان توانیویانە کاریگەریی کۆمەڵایەتی و سیاسیی لە بیرکردنەوەی مرۆڤی کورددا بنەخشێنن[٨]. تاوەکو ئاستێك کاریگەر بوون تەنانەت پیشە زانستەکانی وەک پزیشکیش، پێویستی بە ڕەزامەندی ئەوان هەبوو، تاوەکو خەڵک بڕوای پێبکەن و پەنای بۆ ببەن، هەر بە دەستتێوەردانی شێخ (حیسامەدین) بوو کە (میرزابابا)ی پزیشکی ددان لە شاری (سنە)، لە ساڵی(١٩٢٤)دا دەستی کرد بە دروستکردنی ددان. ئەگینا خەڵکی ئەو شارە لەو سەردەمەدا کارەکەیان بە هاوەڵدانان (شرک) و پێچەوانەی ویستی خودایی دەزانی، تاوەکو ئەو کاتەی شێخ (حیسامەدین) نامەیەکی بۆ خەڵکی

---

(١) عبدارزاق عبدالرحمن محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤.
(٢) کورد لە نامەکانی میس بێڵ دا...، ل ١٤١.
(٣) محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب١، ل١٠٢٤.
(٤) حەمەکەریم هەورامی: چیرۆکی من و..، ل٢٤٥.
(٥) ئیسماعیل مەحمودی(د): کوردستان، ڕۆڵی تەریقەتی نەقشبەندییە لە سەرهەڵدانی وشیاری نەتەوەیی – زەهاوی – .https:// .org/Zahawi ٢٠٢١/٦/٥ ، سەردانیکردنی ٢٠٢٢/٣/٤.
(٦) عبدارزاق عبدالرحمن محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٥.
(٧) جەلیلی جەلیل: کوردەکانی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی،و. د.کاوس قەفتان، دارالحریة للطباعة، بغداد، ١٩٨٧، ل٢٧.
(٨) سەلام عەبدولکەریم(د) و بەرزانی مەلا تەها: کاریگەری هەستی مەزهەبگەرایی لەسەر ئەندێشەی موسڵمانی کورد، گۆڤاری خاڵ، ژ(١٣) تشرینی یەکەمی ٢٠١٧، سلێمانی ، ل٢٩.

شاری سنە نارد و کارەکانی میرزا بابای پەسەندکرد[١]. چونکە بیروباوەڕی سۆفیگەری لە ناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردستاندا زۆر باش جێگای خۆی کردبووەوە، ئەوەش مایەی بەهێزبوونی پێگەی شێخەکان بوو، هزر و وشیاری زۆرێک لە خەڵکی داگیرکردبوو[٢].

پێگە و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی شێخەکان تەنیا لە سنووری هەورامان و هەڵەبجەدا نەبووە، بەڵکو لە ناوچەکانی تری عێراق و ئێرانیش ڕۆڵیان هەبووە. تەنانەت لە ڕزگارکردنی گیراوە سیاسییەکانیشدا، بۆیە کاتێک کوڕی یەکێک لە سۆفییەکانی شێخ (عەلائەدین)، کە ئەندامی حیزبی شیوعی بوو، لە بەغدا دەستگیر دەکرێت، لە ڕێگەی نامەیەکی ئەم شێخەوە بۆ یەکێک لە ئیمام تابوورەکانی سوپا لە بەغدا ئەو گیراوە سیاسییە ئازاد دەکرێت[٣]. هەریەک لەو شێخانە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان خەلیفەیان هەبووە و سنوورە سیاسییەکانی نێوان ئێران و عوسمانی بە هیچ شێوەیەک بۆ ئەوان گرنگ نەبوون، شێخەکان زیاتر لە کوردستانی عوسمانی دەژیان، بەڵام لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی ئێرانیش خانەقایان هەبووە[٤]. گەواهیدانی هەندێك لەو نووسەرانە لە کاتێکدا لە ڕووی بیروبڕواوە لە شێخەکان جودان بەڵگەی لێبڕاوی کارکردنی ئەوانە بۆ خزمەتگەیاندن لەلایەك وجێگرتنی داخوازی وقسەکانیان لای کاربەدەستانی دەوڵەت نیشانەی قوڵی کاریگەرییە کانیانە.

**تەوەری دووەم: ژن و ژنخوازی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی شێخانی نەقشبەندیدا:-**

هاوسەرگیری وەک پێویستی و بنەمای بەردەوامی ژیان، بەشێکی گرنگە لە ستراکچەری هەر کۆمەڵگایەک، بەتایبەت لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا جێی گەورە و دیاری هەیە. ئەم پرۆسەیە نەك هەر لای کورد لای زۆرینەی کۆمەڵگاکان بەوجۆرەیە. کوردناسێکی وەک (مینتیشاشڤیلی- Mintisha Shvili) باس لەوە دەکات خێزانی کورد لە بواری ژنهێناندا بە دوای ئەو کچانەدا دەگەڕان کە خزم بوون، بە جۆرێک ئەگەر کەسێک لە خێزانێکی بێگانە ژنی بهێنایە دەکەوتە بەرگلەیی[٥]. هەرچەندە چینی باڵا لەڕووی تێکەڵاوی کۆمەڵایەتییەوە ژن و ژنخوازیان لە نێوان خۆیاندایە و کەمتر ئەو پەیوەندییە لەگەڵ چینی خوارەوە دەبەستن[٦]. بەڵام ئەو پەیوەستبوونە لای چینە باڵاکان شێوازی تری وەرگرتووە، ئەویش پەیوەست بوونە بە لەبەرچاوگرتنی ئاستە چینایەتییەکە، چ لەگەڵ خزمانی کە لەیەک چین بوون یان لەگەڵ بێگانەکانی هاوچینی خۆیان.

هەرچی کرداری ژنهێنانە وەک بەشێکی گرنگ لە پێکهێنەرە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکە، بە گشتی لە چوارچێوەی تاک ژنیدا دەبینرێت، ئەویش لە دووتوێی نەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەڵام بەپێی پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەم حاڵەتە گۆڕانی بەسەردا دێت، تاوەکو دوا پلەی ڕێپێدراوی ئایینی چوار ژن ڕۆشتووە[٧]. شێخەکان بە گشتی دیاردەی فرەژنییان هەبووە، زیاد لە ژنێکیان هێناوە، ئەو پەیوەندییانەش زیاتر لەگەڵ خانەوادەی بەگ و سەید و سانەکاندا بووە، بەڵام بەهۆی پێگە ئاینییە

---

(١) سامی دهقانی: منبع قبلی، ص١٥٨.
(٢) باسیلیی نیکتین: المصدر السابق، ص٣٠٨.
(٣) ئەحمەد بانیخێڵانی: یادەوەرییەکانم، چ٢، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٤، ل ٦٣،٦٤،٦٥.
(٤) عباس زارعی مهرورز: منبع قبلی، ص٧١.
(٥) ا.م.مینتیشاشڤیلی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩،٥٠.
(٦) عبدارزاق عبدالرحمن محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٩.
(٧) ئیبراهیم حاجی زەلمی: خورماڵ لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆ ئەنثرۆپۆلۆجییە،ب١، چاپەمەنی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٧٧.

کەیانەوە سەرجەم چینەکان ئامادە بوون ژنیان پێبدەن و ئەو کارەشیان بەمایەی دڵخۆشی زانیووە. کوردناس (مارتن ڤان برونسن) دەڵێت: ”توێژی شێخەکان لەلایەن هەردوو توێژی سەرەک هۆزەکان و پیاو ماقوڵانی شاریش ڕێز لێگیراوبوون و پێشوازی گەرمیان لێکراوە، بە شایستەی ئەوەش دانراون بیانکەن بە زاوای خۆیان، چونکە دەکرێت تاوەکو چوار ژن بخوازن و بەوەش لە ڕێگەی ژنەوە دووریی پەیوەندییەکانیان کەمتربکەنەوە، تاوەکو بەهۆی ئەو پەیوەندییانەوە دەسەڵاتی سیاسییان برەو پێبدەن“[١]. بۆیە ئەگەر سەرنج بدەین کەمترین شێخمان هەبووە، کە زۆرترین ژنی نەهێنابێت، لە ناو خانەوادە بەدەسەڵاتەکانی ناوچەکانی دەورووبەریان.

شێخەکان لە ڕێگەی ژن و ژنخوازییەوە لەگەڵ ئەو خانەدانانەی فەرمانڕەواییان بەرەو نەمان دەچوو پەیوەندییان دروست دەکرد، بەم شێوەیە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەوایی زیاتریان بە دەسەڵاتی سیاسی خۆیان دەبەخشی. ئەم دۆخەش فۆرمەلەیەک بوو لە بەرژەوەندی هەردوولایان، چونکە دەسەڵاتی ڕووە و نەمانی سەرەک هۆز بەهۆی ئەم متمانە ئاینییەوە بەهێز دەبوویەوە[٢]. ئەگەر چی چینی شێخەکان لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا لە پێگەی کۆمەڵایەتییاندا بەرزتر بوون، بەڵام بۆ بەرزترکردنی ئەو پێگەیە سڵیان لەهەر هەوڵێک نەکردووەتەوە، وەک ئەوەی (ڤاسیلیەڤا-Vasiliev) ئاماژەی پێکردووە شێخەکان بۆ زیاتر پتەوکردنی پێگەیان لە ناو کۆمەڵگادا پەنایان بۆ سەیدەکان بردووە، وەک بەشێک لە چینە ئاینییەکە، هاوشێوە بە چینی بەگزادەکان[٣]. نزیک بوونەوە لە خێزانە دەسەڵاتدارەکان و ژن و ژنخوازی لەگەڵیان، بۆ هەمان مەبەست بووە[٤].

ژن خواستنی شێخەکان لە چینە گشتییەکە هۆکارێک نەبووە بۆ هەستکردن بە شێوە ژیانی ئەوان، چونکە شێخەکان هاوشێوە بە چینی بەگەکان، بەدەرنەبوون لە ستەمکردن لە چینە گشتییەکەی کۆمەڵگا، بەڵام ستەمکاری خۆیان وا ڕووپۆش کردووە کە خزمەت بەوان خزمەتە بە ئایین، واتە لەپاڵ ئاییندا ستەمی خۆیان شاردووەتەوە[٥]. هەندێک لە ڕابەرانی ئایینی و کۆمەڵگە بەرجەستەی ستەم و ملهوڕی بوون، لە ڕاستیدا ستەم و ملهوڕی ئەوان، ئێجگار وێرانکەر بوو[٦]. بەڵگەی بوونی ستەمکاری و بەکارهێنانی ئایین بۆ بەرژەوەندی خودی هەندێك لەو شێخانە، لای شێخ و مەلایانی ئایینی زانراوبووە نامەیەکی مێژوویی نێوان شێخ (عومەرزیائەدین) و مەلا (عەبدوڵڵای جەلیزادە) دا، ئاڵوگۆڕکراوە کە بەهۆنراوە داخ و کەسەری خۆیان لە دەست شێخانێک دەربڕیووە، بە پێی ناوەڕۆکی نامەکە بێت، شێخ (عومەر) خۆی بە دوژمنی وەها کەسانێک زانیوە و بە گوومڕاکار و پووچ گەرای ناو بردوون هەوڵی چاککردنی ئەو دۆخەی وە ئەستۆی خۆی گرتبوو، وەک گەواهیدانێکی ڕەوشت دروستی ئەو شێخە مەلای جەلیزادە، جەختی لە قسەکانی کردوەتەوە[٧]. بەداخەوە نامەکە مێژووی لەسەر نییە.

---

[١] ئاغاو شێخ و...، ب٢، ٢٠١١، ل ٢٠٥

[٢] دیڤید ماکداول: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥.

[٣] کوردستانی خواروی ڕۆژهەڵات لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە(کورتەیەکی مێژووی ئەردەڵان و بابان)، و. ڕەشاد میران، چ٢، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٢١٣،٢١٤.

[٤] دیڤید ماکداوڵ: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.

[٥] محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب١، ل١٠٢٥

[٦] کەمال سولەیمانی: گێرانەوە ئاینییەکانی میللەتی کورد لە دوادوایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، و. محەمەد حەمە ساڵح توفیق،زنجیرەی حەوتەم، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژ(١٥) ئازاری ٢٠٢٢، ل ٨.

[٧] بڕوانە// پاشکۆی ژمارە(١١).

لە دیدگای کوردناسێکی وەك (باسیل نیکتین)ەوە، ڕێک دەکەوێت لە ناو شێخەکاندا، شێخ هەبێت ئەو دەسەڵات و پیرۆزی و ناوبانگەی کە هەیبووە بۆ تێرکردنی مەرام و مەیل و حەزی سروشتی خۆی بەکارهێنابێت، نموونەیەک لەو ڕووەوە باسدە کات، شێخێک بە ناوی (شێخ نەبی ماویلی) کە موریدی شێخ (عوسمان)ی (تەوێڵە) بووە و دواتر دەبێتە خەلیفە و لە ناو هۆزەکانی باڵەکایەتی و خۆشناوەتی وەک شێخ ناوبانگی پەیداکردووە، بۆ شکاندنی شان وشکۆی موریدەکانی و پیرۆزکردنی ئەو سووکایەتی پێکردنە، گوایە لە خودایان نزیک دەکاتە، ئامۆژگارییان دەکات بۆخۆ زەلیلکردن، چەندین ڕەفتاری نەشاز داواکرابوون تاوەکو لەگەڵ نوێژکردندا بکرێت، وەك پاشەڕۆ خواردن، ئەم شێخە سەرەڕای ئەوەی چل ژنی هێنا بوو، بەڵام ئەمە ڕێگەی ئەوەی لێنەگرتبوو لەکاتی سەفەر و گەشتەکانیدا بۆ بەسەرکردنەوەی موریدەکانی چاو بەسەر کیژە جوان و تازە پێگەشتوو و پاکیزەکانی موریدانیدا نەگێڕێت، ئەوەی ئەم کارەی بۆ ئاسان کردبوو، برێتی بوو لە باوک و دایکی خودی کچەکان، چونکە بەخۆش نوودییەوە کچەکانیان پێشکەش بە شێخ دەکرد، بەو نیازەی تاوەکو حەوت پشت ئاگری دۆزەخیان لێ حەرام بێت، ئەم بازرگانی جەستەییە، لەگەڵ شێخدا ناوی (تەبەڕووک)ی بە خۆوە گرتبوو، لە ئەدەبیاتی کوردیدا کارە لادەرەکانی شێخ (نەبی) دراونەتە بەر ڕەخنە و توانج، وەك لە هۆنراوەیەکدا هاتووە:

چل ژنی هەیە شێخ نەبی بە مەزهەبی کەری    ئیبن ئادەمی نەمایە سەری پان کاتەوە، وەک ماری[1].

بۆچوونی ئەم کوردناسە بەو ڕەهاییە زۆر لە جێگەی خۆیدا نییە، بەڵکو ڕاستییەکە ئەوەیە شێخەکان ئەگەر دڵیان چووبێتە سەر کچێک با لە چینی گشتیش بووبێت هێناویانە، یان ژنیان داوە بە خانەوادەی مەلا زادەکان ویستوویانە لەو ڕێگەیەشەوە خۆیان زیاتر تۆکمە بکەن.

(حاجی قادری کۆیی)ش دژ بەو جۆرە لە دینداری بووە، لەگەڵ سیستمی شێخایەتی و سۆفیگەری دەکەوێتە ململانێ و ڕەخنەیان لێ دەگرێت، بە جۆرێک بۆ ئەو دەمەی کۆمەڵگای کوردی لێکدانەوە و بۆچوونەکانی کۆیی مایەی قبووڵکردن نەبوون، بۆیە هاوشێوەی مەولانا، ناچار بە جێهێشتنی وڵات کرا[2].

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە شێخەکان بە ڕادەیەک خۆپارێز بوون ڕێیان نەداوە بەوەی کچیان بە چینی گشتی بدەن، بەڵام بۆ بەگەکان ئاسایی بووە. ئەوەش لایەنێکی خۆجیاکردنەوەی چینایەتی بووە[3]. بۆیە شێخی (سیراجەدین) هەوڵی داوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسایەتییەکانی دەوروبەر و مەلا و خوێندەوارانی سەردەمەکەی بەهێز بکات، بۆ ئەوەش ژن و ژنخوازی یەکێک لە ڕێگاکان بووە، شێخی (سیراجەدین) دوو لە کچەکانی خۆی دەداتە دوو کوڕی مەلا (عەبدوڵڵای خەرپان)ی ئەگەرچی مەلای (خەرپانی) نەبۆ مەولانا (خالید)ی نەقشبەندی و نەبۆ شێخی (سیراجەدین) نەچووەتە ژێرباری تەریقەتی نەقشبەندییەوە[4]. هەروەها شێخ (عەبدوڕەحمان ئەبولوەفا) کچی یەکێک لە

---

[1] باسیل نیکتین و کورد ناسی: کۆمەڵە ووتار، و. نەجاتی عەبدوڵڵا،ب١،چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٧٣.

[2] محەمەدی مەلاکەریم: دوو بابەت لە بارەی بیر و شیعری حاجی قادری کۆییەوە ، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠، ل٥٣.

[3] مارتن ڤان برونسن: ئاغا و شێخ و ب١، ٢٠١٠، ل١٤٠.

[4] عەلی حەمەغەریب: هۆشیارکردنەوە و خولقاندنی بەهەشتێك بۆ بەرامبەر باسێك لە ... ، گۆڤاری پەیامی ڕاستی، ژ(١١٦-١١٧)، ٢٠٢٠، ل ١٤٠.

سۆفییەکانی باوکی بەناوی (ئەحمەد) پریسی هێناوە[1]. بۆ چینە گشتییەکە مایەی خۆشحاڵی بوو کە شێخەکان ژنیان لێ بخوازن، شێخ زادەکان بەهۆی پێگە خێزانیی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە لە گەیشتن بەو کچانەی کە مەبەستیان بوو، دەستکراوە تربوون، ئەوەی ئەم کارەی بۆ ئاسان دەکردن ناوبانگ و پێگەی شێخایەتییان بوو.

نموونەیەک لەو بوارەوە نیشاندەدرێت ئەگەرچی پەیوەندی بە شێخانی هەورامانەوە نییە، بەڵام وێنەیەکی گشتییە لە پێشاندانی ژیانی ئەوکاتی کۆمەڵگای کوردی کە لەلایەن (میوولەر-Muller)ەوە نیشاندەدرێت ناوبراو لەگەڵ شێخ (مەجید)ی سەر لەشکری سوپای شێخ (مەحمود)دا بووە و دەڵێت: ” بۆ مەبەستی ڕاوکردن ڕێیان کەوتووەتە دێیەکی بچووک، شێخ (مەجید) چاوی بە کیژۆڵەیەکی بچووکی ئەو دێیە کەوتووە، تەمەنی نزیکەی (١٢) ساڵ بووە، شێخ زۆری بە دڵ بوو، دەستبەجێ شوێنی کچەکە دیاریدەکەن و خزمەتکارێکی خۆی دەنێرن بە دوای باوکی کچەکەدا بۆ ئەوەی ئامادەبێ و مامەڵەی خوازبینی لەگەڵدا بکات، باوکەکە زۆر دڵخۆش بوو، کەوا سەرگەورەی چەکدارەکان (شێخ مەجید) دڵی چووەتە سەر کچەکەی و دەیەوێت بیهێنێت، باوکی کچەکە لە مامەڵەکەدا بەبێ هیچ شتێک و بەدیاری منداڵەکەی بە شانازییەوە پێشکەش کرد، بەڵام شێخ مەجید، ئەمەی قبووڵ نەکرد و پەنجا مسقاڵ زێڕی بەدەستی دایە باوکی کچەکە، کە نزیکەی (٦٠٠) مارکی دەکرد، ئەم ژنە تازەیەی شێخ درایە دەستی یەکێک لە خزمەتکارە باوەڕپێکراوەکانی شێخ، تاوەکو بیباتە گوندی (هەڵەدن)، بۆنێو دیوەخانی ژنان، بۆ لای شەش ژنەکەی تری“[2].

کاتێک لەو پرۆسە کۆمەڵایەتییەی شێخانی هەورامان ورددەبینەوە، ئەو فرەییە لە ژن بابەتێکی دیار و حاشا هەڵنەگرە، وەک ئەوەی لەسەردەمی شێخ (عوسمانی یەکەم)دا دەبینرێت، بەڕادەیەک تێکڕای ژمارەی ژنەکانی لە ماوەی ژیانیدا (١٨) ژن بوون، هەرچەندە تەنها ناوی حەوت لەوانە دیار و ناسراون[3]. ئەگەر ئەو ژمارەیە بەسەر ئەو ماوە لە تەمەنی ژنهێنانی ئەم شێخەدا دابەش بکرێت، کە لە تەمەنی (٣١) سالیدا ژیانی هاوسەری پێکدەهێنێت و ماوەی تەمەنیشی (٨٨) ساڵ بووە، ئەوا بە نزیکەیی بۆ هەرسێ ساڵێك ژنێکی هێناوە. ئەم دیاردەیە بەدەرلە شێخ (عەبدولڕەحمان ئەبولوەفا)، سەرجەم ئەو شێخانەی تری گرتووەتەوە کە لەم نامەیەدا باس و ناویان هاتووە، ڕەنگە دۆخی ئەم شێخەش بەهۆی کەمی تەمەن و دوورکەوتنەوە لە زێدی ڕەسەنی خۆی و ژیانکردن لە بەغداد بووبێت.

ئەم جۆرە نەریتەی شێخەکانی نەقشبەندی لە هەورامان و هەڵەبجە لەلایەن خۆیانەوە بە چەشنی خزمەتگەیاندن بە پرۆسە سۆفیگەرییەکە لێکدراوەتەوە، چونکە ئەوان ویستوویانە ژن لەو شوێن و خانەوادانە بهێنن کە لە دەرەوەی بازنەی تەریقەتەکە بوون، تاوەکو بیکەن بە هۆکارێک بۆ هێنانە ناوەوەی زۆرترین خەڵک و خانەوادە بۆ ناو تەریقەت. ئەوەش وای کردووە کەمتر ژن لەو بنەماڵانە بهێنن کە خۆیان بە خاوەنی تەریقەتەکە زانیوە بەهۆی نزیکیان لە تەریقەت و متمانە بوونیان بە ڕێبەرایەتی شێخەکانی نەقشبەندی[4]. بۆیە زۆرتر ڕوو لە بەگ و سانەکان بوون و یەکێک لە کچانی (مەحمود خانی) دزڵی ژنی کوڕی شێخ (عەلائەدین) بووە، ناکۆکی نێوان شێخەکان و سانەکانی

---

[1] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب٢، ل ١٠٠.
[2] دزەکردنە ناو کوردستانی داخراو، و.عوسمان عەبدوڵڵا هەڵەبجەیی، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٣٧.
[3] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب٢، ل٣١،٣٥.
[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ ئاوات شێخ مەحمود نەقشبەندی)، سەرچاوەی پێشوو.

هەورامان لەسەردەمی شێخ (عەلائەدین)دا لەسەر زەوی ناوچەی (ئەحمەد ئاوا) بوو، پاش کوشتنی جووتیارێکی سەر بە شێخ و سووکایەتیکردن بە سەپانەکانی شێخ لەسەر جووت و کێڵگە، لەلایەن (عەبدوڵڵا خانە)وە، ئەنجامی ئەو ناکۆکیانە بە خواستنی خوشکی ئەو خانە کە دەکاتە کچی (مەحمود خانی دزڵی) بۆ شێخ (ئەمین)ی کوڕی شێخ (عەلائەدین)، ساڵی (١٩٥١) کۆتایی بەو ناکۆکییانە هات[١]. تەنانەت (فوئاد حەمە خورشید) باس لە ملکەچی ئەم بنەماڵەیە بۆ شێخانی هەورامان دەکات[٢]. لە کۆی ئەوماوانەی کە خانی دزڵی هاوکاری بزوتنەوەکەی شێخ (مەحمود) بووە لە ڕووی سەربازییەوە، بەڵام لە ڕووی ڕۆحییەوە وابەستە بووە بە شێخانی نەقشبەندی لە هەورامان و نەچووەتە ژێر کاریگەری شێخانی قادری کە شێخ (مەحمود) کەسی دیار وکاریگەریان بووە، زۆرترین وابەستەبوونی (خانی دزڵی)ش بە کەسێتی شێخ (نەجمەدین)ەوە بووە[٣]. هەروەها ئەم شێخانە لەگەڵ بەگەکانی شەرەف بەیانیدا، پەیوەندی ژن و ژنخوازیان هەبووە مێژووی ئەو پەیوەندییانە بۆ سەردەمی شێخ (عوسمانی) یەکەم دەگەڕێتەوە، یەکەم ژنی لە بەگەکانی (شەرەف بەیانی) بووە، بەهەمان شێوە ژنی شەشەمی شێخ (عەلائەدین) لەو بەگانە بووە و کچی شێخ (عەلائەدین)یش خێزانی (عەلی ئیحسان بەگ)ی کوڕی (وە سمان بەگ)ی شەرەف بەیانی بووە[٤]. ئەگەرچی ئەم بابەتە بنەمایەکی فیقهی ئیسلامیی لەپشتە، بەوەی لە ژنهێناندا پێویستە هاو ئاستی لە هەموو ڕووەکانەوە ڕەچاو بکرێت، بۆیە دەکرێت ئەم بابەتەش لەبری ڕەخنە وەك بابەتێکی پەیوەست بە فیقهی ئیسلامییەوە لێبڕوانرێت، ئەویش لەسەر بنەمای فەرمودەیەکی پێغەمبەرە کەتێیدا هاتووە: بۆ کوڕ و کچەکانتان کەسانی هاوشان هەڵبژێرن بۆ هاوسەرگیری[٥]. تاڕادەیەکیش ئەم جۆرە لە ژن هێنان لە ناو خانەوادە خاوەن پێگە سیاسی و ئاینییەکاندا شتێکی بینرا و بیستراوە، لە مێژووی گەلاندا بە زەواجی سیاسی ناو دەبرێت، بۆ شێخەکانیش هەمان پۆلێنە، کاتێک بە چاوێکی لۆژیکیانە لێی بڕوانرێت.

**تەوەری سێیەم: دەوری شێخەکان لە چارەسەری گرفت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان:-**

لەسایەی بەمەرکەزی کردنی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و نەمانی هێزە لۆکاڵییەکانی کورد، ئیدی بۆشاییەك لە ناوخۆدا دروستبوو، لەکاتی ڕوودانی هەر کێشەوگرفتێکدا، لایەنێك نەبوو دۆخەکان چارەسەربکات، ئەوەش پێویستی بوونی ڕۆڵی شێخەکانی بۆ پڕکردنەوەی ئەو دۆخە زیاتر کرد و بوونە شوێنگرەوەی میرو بەگەکانی کورد[٦]. خۆی لە خۆیدا ئەوە دۆخێکی تازە نەبوو بۆ شێخەکانی تەریقەت و پیاوانی ئایینی کورد، چونکە ئاراستە چاکسازییەکانی مەولانا و پەروەردەی سۆفیزم وای لێدەخواستن[٧]. هێزی شێخەکان لەوبواردا لە هێزی میرو بەگەکان گەورەتربوو، چونکە ئەو پێگە و ڕێزەی کە هەیان بوو، بەهۆی ئاینەوە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەڕێگەی

---

[١] محەمەد سابیر ئەحمەد ئاوایی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١،٤٢ .
[٢] عبدالرزاق عبدالرحمن محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠١، ١٠٧.
[٣] دیداری تۆمارکراوی (عەبدوڕەقیب یوسف لەگەڵ شێخ ئەمین نەقشبەندی)، سەرچاوەی پێشوو.
[٤] جەلال هۆرێنی: ڕاپەڕینی جوتیارانی هۆرێن و شێخان، چ١، چاپخانەی بینایی، سلێمانی،٢٠٢١،ل ٧٦،٧٧.
[٥] أبو بكر أحمد بن الحسين بن علي البيهقي: في سننه الكبرى، باب اعْتِبَارِ الْكَفَاءَةِ. السنن الكبرى وفي ذيله الجوهر النقي ، مجلس دائرة المعارف النظامية الكائنة في الهند ببلدة حيدر آباد، ج٧، ط١، ١٣٤٤هـ، برقم: ١٤١٢٩، ص١٣٢.
[٦] دیڤید ماکداوڵ: سەرچاوەی پێشوو، ل١١١.
[٧] نورالدین ئایدن: سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣٦.

موریدەکانیانەوە ڕایەڵەکانی پەیوەندییان بەناوچە جیاوازەکانەوە زۆر بوو[١]. ئەو چارەسەریانەش بۆ شێخەکان دەبووە سەربارێکیتر بۆ پێگەوپایەیان لە ناو خەڵکدا[٢]. خەسڵەتی ناوچە هۆزگەرییەکان بەهۆی کۆچ و ڕەو ئاژەڵداری وادەکات زەمینەی کێشەوگرفت زۆرتربێت بۆیە شێخەکانیش لەو ناوەندانەدا پێگەیان سەنگینتر بوو، چونکە ڕۆڵیان زیاتربوو[٣]. هەرچەندە نووسەری ئەم بۆچوونە پێی وایە شێخەکان کەمتر ڕۆڵیان لە ناوچەی باڵادەستی خێڵدا هەبووە، بەنموونەی جوگرافیا و نشینگەی جافەکان[٤]. بەڵام لێکدانەوەیەکی نادروستە بۆسنووری توێژینەوەکەی ئێمە و ڕۆڵی شێخانی نەقشبەندی لە چارەسەری گرفتەکاندا، تەنانەت هەندێك جار چارەسەری گرفتی گەورەی نێوان بەگە گەورەکانی جاف ودژبەرەکانیان کردووە لە هەورامان و ڕۆژهەڵات لە نمونەی چارەسەرییەکانی نێوان مەحمود خانی دزڵی و خانمی هەڵەبجە.

ئەو زەمینە سۆفیزمەی لە هەورامان و دەوورووبەردا هەبوون، هێزێکی گەورەی ئارامی بوون، لە ئاراستەکردنی تاك و کۆمەڵگای ناوچەکە[٥]، نەفەسی گەرمی سۆفییەکان لە شمشێری دەستی غەزاکاران کەمتر کاریگەرنەبووە، لە کۆنترۆڵکردن وبڵاوکردنەوەی تەباییدا، چونکە لەگەڵ بانگکردنی خەڵکان بۆناو بازنەی ئایینی ئیسلام لە هەمانکاتدا ئەو خەڵکانەیان فێری ئازادی بیر وهەستی برایەتی ولە هەمانکاتدا هەوڵدان بۆ فێرکردن ونەهێشتنی ڕقەبەرایەتی ودەمارگیری کردووە[٦]. لە بنەڕەتدا ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکەی خانەقاکان و شێخەکان، برێتی بووە لە نزیککردنەوەی خەڵکی لە یەکتر وچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان ولە خۆگرتن ونان پێدانی هەژارو بێنەوایان، ناوەندێکیش بوو بۆ پاراستنی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییە سوننەتییەکان وبڵاوکردنەوەی گیانی برایەتی و دۆستایەتی لە نێوان خەڵکیدا[٧].

لە درووستبوونی ناکۆکی لە نێوان ساداتی چۆڕ و (عەلی بەگی حەسەن بەگ) بەهۆی گۆڕینەوەی موڵکی چەند گوندێك و پەشیمان بوونەوەی ساداتی چۆڕ لەو مامەڵەیە، کەسێك کە نەیهێشت ئەو کێشەیە گەورەبێت لە شاری(مەریوان)دا شێخ (عەلائەدین) بوو[٨]، لەگەڵ ئەوەشدا وەنەبێت شێخان تەنیا ڕێز لێگیراو بووبن و نەیاریان نەبووبێت، بەڵکو ڕووبەڕووی، پلان و هەوڵی کوشتنیش بوونەتەوە، شێخ (عەلائەدین) لەلایەن کابرایەکەوە پلانی لە دژ دەیگرێت بۆ ژەهر خوارکردنی، ئەگەرچی ژەهرەکەی پێدرا، بەڵام نەمرد، هەرچەند تاوەکو ساتی مردنی کاریگەری لەسەر هەبوو، بۆیە هەتاوەکو مرد نەیتوانی ڕابکشێ، بەڵکو بە دانیشتنەوە دەخەوت. لەگەڵ ئەوەشدا نەیدایەوە بە ڕوویی کابرادا، کەسانێک لە ڕووی شێخدا هەڵسوکەوتی نەشیاویان بەرامبەر دەکرد، بەڵام ئەو لەبری پەرچەکرداری توند، خەڵات و دیاری پێدەدان[٩]. ئەم ڕووداوانە نیشانمان دەدات شێخانی

[١] ئیسماعیل مەحمود:سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٢١/٦/٥.
[٢] عباس زارعی مهرورز: منبع قبلی، ص٧٣.
[٣] دیڤید ماکداول: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.
[٤] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥.
[٥] عبدالرزاق عبدالرحمن محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨٣.
[٦] صەباح شێخ محەمەد بەرزنجی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.
[٧] خالد محمود کریم: تەکیە و خانەقاکانی ... ، ل١٣٣.
[٨] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: ڕۆژگاری ژیان...، ل١٠٨.
[٩] محەمەد مەحمود محەمەد: دیداری گۆڤاری پەیامی تەسەوف لەگەڵ جەنابی مەرحوم مامۆستا شێخ محەمەدی بەرزنجی، گۆڤاری پەیامی تەسەوف، ژ(٦)، هاوینی ٢٠١٤، ل١٠.

تەسەوف وخانەقاکانیان تەنیا ناوەندی سروتە سۆفیگەراکان نەبوون، بەڵکو زۆرجار ڕۆڵی دام ودەزگای کۆمەڵایەتی ودەوڵەتیان لە چارەسەرکردنی دۆخە نا لەبارەکاندا گێراوە[١].

بەوەش لەپاڵ ڕۆڵە فیرکارییەکانیدا خانەقاکان بوونەتە، ڕووگەیەک بۆ پێگەی کۆمەڵایەتی شێخەکان و بەهۆی مانەوەی خەڵک و ڕێبواران، بوونەتە ناوەندێکی گواستنەوە، دەنگۆی ئەو شێخ و ڕەوتەیان بە ناوچەکانی ترگەیاندووە، ئەوەی ئەو جۆرە هێزەی بە شێخەکان بەخشیبوو کە توانای چارەسەریی کێشەی هۆز وخێڵەکانیان هەبێت وگوێ لێگیراو بن، بەدەر لە پێگە ئاینییەکەیان، ئەوە بوو کە شێخەکان بەشێک نەبوون لە تانوپۆی پێکهاتنی هۆزەکان، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی بتوانن ڕۆڵێکی دیار، لە کۆمەڵگەی خێڵایەتیدا بۆخۆیان بپچڕن، لە ڕاستیدا زۆری شێخەکان هیچ خزمایەتییەکیان لەگەڵ هۆزەکانی دەوروبەریاندا نەبوو، ئەوەش دۆخێکی ئەرێنی پێ بەخشی بوون لە دەسەڵاتی نێوانگیری وخۆسەلماندن بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هۆزە جوداکان[٢].

هێزی ڕۆحانی شێخەکان لە نێو لایەنگر وشوێن کەوتەکانیاندا، بە تایبەتی و کۆمەڵگای کوردی بە گشتی، ڕیشە و قووڵاییەکی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی بەهێزی هەبووە، هێشتا و بۆ ماوەیەکی درێژتریش لەو ڕۆژگارە، شێخەکانی سەر بە ڕێبازە سۆفیزمەکان لە کوردستاندا ڕۆڵێکی گەورەیان لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییە گەورەکانی نێوان خێڵ وهۆزەکانی کورددا هەبووە، ژمارەیەکی زۆری خەڵکیش ڕوویان دەکردە تەکیە وخانەقاکان بە مەبەستی خۆ پاراستنیان لە نادادپەروەری دەسەڵاتی سیاسی وگەیاندنی کێشەکانیان بەکاربەدەستان، ئەوەش واتای ئەوەیە شێخەکان لەکۆمەڵگەدا تەنیا سەرچاوەی دەسەڵاتی ڕۆحانی نەبوون، بەڵکو هێزی ناوبژی ناو هۆزەکان و هۆز و دەسەڵاتیش بوون[٣]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک جار، شێخەکان هەوڵیان داوە زەوی یان سەرچاوەی ئاو بکەن بە بابەتی چارەسەرکردنی کێشەکان، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو هەوڵە ستەمکارییەی کە لە جووتیارانی ناوچەکە دەکرا، دوای ئەوەی لە ئازاری ١٩٤٧دا باخەکانی ناوچەی (زەڵم) لەکاتێکدا بۆچەندین ساڵ بوو خاوەندارێتیان دەکرا لەلایەن باخەوانەکانی (زەڵم)ەوە، بەڵام لەلایەن شێخ (محەممەد)ی کوڕی شێخ (حیسامەدین) و (حەمیدەخان)ی کچی ئەوشێخەوە درابوون بە ئیجار بە (عەبدوڵڵاخان)، باخەوانەکان وەك هەولێك بۆ چارەسەری ئەو دۆخە پەنا بۆ شێخ (عەلائەدین)دەبەن، شێخ ئەو هەوڵە بەستەم دەبینێت، بۆیە هاوکاریان دەکات بە پێدانی جۆگەی (دیمەجۆ) لە گوندی (ئەحمەدئاوا) بۆ ساڵێك بەبێ بەرامبەر[٤].

ئەگەرچی بە پێی سەردەم زۆر لە بنەماڵەی شێخەکان لاواز بوونە، بەڵام تەریقەت هێشتا لە کوردستان بوونی هەیە و خاوەن هەژموونی خۆیانن، سەرەڕای گەشەی کۆمەڵگای کوردیی، بەڵام چونکە کۆمەڵگایەکی پاشخان ئایینی و کولتووریکی هۆزایەتییە بۆیە تەریقەت تێیدا بەهێزە[٥]. شێخەکان لە ڕۆڵی نێوانگیری و ئاشتەوایی سووربوون لەسەر ئەوەی چاویان لە سوودی دونیایی و ماددی نەبێت، ئامانجیان ڕەزامەندی خودا و باڵایی دین بووە. ئەو پلەوپایە گەورەیەی لە دەرەوەی قەوارەی هۆز بۆ خۆیان دروستکردبوو، وای لێکردبوون ببنە باشترین و لەبارترین پەناگە بۆ

---

[١] خالد محمود کریم: تەکیە و خانەقاکانی... ، ل١٣٣.
[٢] مارتن ڤان برونسن: ئاغا و شێخ و...،ب١، ٢٠١٠، ل١٤٣،١١٨.
[٣] جەعفەر عەلی ڕەسوڵ: سۆفیزم و ...، ل٦١.
[٤] موستەفا ئیبراهیم زەڵمی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٧،٢٥٩.
[٥] وەرگیراوە لە// شادومانی مەلا حەسەن: تەریقەتی شێخایەتی و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ٢٠٢١/١/١٤، https://politicmedia.net/ ، سەردانی کردن ٢٠٢٢/١/٤.

نێوانگیری لەکاتی کیشە و گرفتەکاندا، ئەوەش مایەی سەرنجدانی دەوڵەت بوو بۆ ئەو ڕۆڵ و پێگانەیان بۆیە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بە دواوە لەلایەن دەسەڵاتە تازە دروستبووەکانی ناوچەکەوە هەوڵدراوە لە ڕووی یاسا و دامەزراوەی دەوڵەتییەوە بە سەپاندنی یاسا، چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتی وخێڵایەتیەکان بکرێت. لە چەشنی هەوڵەکانی تورکیای کەمالی و دەسەڵاتی پەهلەوی لە ئێران. تاوەکو لەو ڕێگەیەوە لە دەسەڵاتی شێخەکان بدەن و ڕۆڵیان کەم کەنەوە، بەڵام لەو هەوڵەدا سەرکەوتوو نەبوون، لەهەر جێگایەک دەسەڵاتی شێخ و ئاغاکان بە تەواوەتی بنبڕکرابێت، لەو شوێنە کۆمەڵگە کێشە وگێچەڵی لە جاران زیاتر بۆ دروستبووە[1]. چونکە هێزێکی ئەوتۆ لەناوچەکەدا نەبوو توانای کۆنترۆڵکردنی تەواوەتی دۆخەکەی هەبێت، هەرچی دەوڵەتیش بوو لە ڕووی کارگێڕییەوە لاواز بوو، بۆیە نەمانی دەسەڵاتی ئەوانیش مانای دروستکردنی دۆخێکی شپرز بوو لەناوچەکەدا.

[1] مارتن ڤان برونسن: ئاغا و شێخ و...،ب١، ل١١٩،١٢٠.

**باسی دووەم: شێخانی نەقشبەندی و موڵکایەتی و زەوی وزار:-**

دەسەڵاتی شێخەکان تەنیا هەر بەهۆی نەخوێندەواری موریدانیانەوە نەبوو، بەڵکو ئەم شێخانە زۆربەیان خاوەن موڵک و زەوی و زار بوون، ئەوەش لە ڕووی ئابوورییەوە دەسەڵاتێکی زیاتری پێبەخشی بوون[١]. زۆربەی شێخەکان خاوەن موڵك بوون، هەشیانبوو دەرەبەگێکی تەواوبوو، ئەو وەرزێرانەی لە کێڵگەکانی ئەواندا کاریان دەکرد، خراپ دادەدۆشران، لە بەرامبەردا شێخەکان لەسەر ڕەنجەشانی ئەوان خۆش ژیانێک دەژیان[٢].

لە کوردستاندا ڕێگە زۆرە بۆ ئەوەی بتوانیت لە ڕێی پەیوەندی لەگەڵ خودا هێز و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری وەدەست بهێنیت، شێخەکان لە کوردستاندا بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە کەڵکیان لەم بابەتە وەرگرتووە. بۆ گۆڕانی دەسەڵاتیان بەرە و دەسەڵاتێکی ئابووری و کەڵک وەرگرتن لەوەش بۆ گەیشتن بە سەرۆکایەتی سیاسی، لە چەند ڕێگاوە هەوڵەکانیان خستبووەگەڕ، لەلایەک نزیک بوونەوە لە هێزە سیاسییەکانی ناوچەکە، لەلایەکی تر بایەخ نەدان بە دونیا و کاروباری دونیا. ئەم دوو شێوەیە بووەهۆی ئەوەی کە بۆچوونی دونیاخوازی نەک هەر باش نەبێت، بەڵکو دونیا خوازی و دونیاداری وەها لە کۆمەڵگای کوردیدا بێ بایەخ خرایە بەرچاو، بە واتایەکی تر دونیا نەویستییەک سەریهەڵدا کە تاوەکو چەند سەدە کۆمەڵگای کوردی هەموو جۆرە ژێردەستییەکی قبووڵ کرد[٣]. بەڵام دیارە ئەو جۆرە لە بیرکردنەوە کە گوایا زوهد دونیا نەویستییە، یان تێنەگەشتن بووە لە مانای زوهد یان بە مەبەست خەڵك بەو جۆرە تێگەیەنراوە، ئەگەرنا (ئیبن قەیم) لەو بارەیەوە دەڵێت: "زوهد خاڵیکردنەوەی دڵە لە دونیا، نەك خاڵیکردنەوەی دەست لە دونیا"[٤].

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە دەمانباتەوە بۆ هەمان تێڕوانینی (ماکس ڤیبەر-Max Veber) لەمەڕدونیا نەویستی و بیرکردنەوەی سۆفیگەری، لای ئەو سۆفییەکان پێچەوانەی جەنگاوەران دینداریییەکەیان لە پێناو دونیاکەی تر بووە، نەک جیهانی چێژ و خۆشگوزەرانی، بۆیە لە شێوەی سۆزداریدا سروت و ڕێوڕەسمەکانی خۆیان ئەنجامداوە، ئەوەش بەلای ڤیبەرەوە نەبووەتە هۆی دروستبوونی سەرمایەی ژیری بە تێگەشتنە مادییەکە[٥]. لەبەرامبەردا شێخەکان وەها پاڵیان بە دونیا و کاروباری دونیاوە دابوو، چاوچنۆکانە خەریکی کۆکردنەوەی سەروەت و سامان بوون بەجۆرێك هەندێک لە شێخەکان لە جەردە و ڕێگرێك زیاترنەبوون، هەروەها خاڵی گرنگ لە چاکسازی کارگێڕی عوسمانی و نزیکی شێخەکان لە دەسەڵات و تاپۆکردنی موڵک و ماڵی زۆر، بە ناوی خۆیان بە پێی پلانی چاکسازی کارگێڕی و سیاسی عوسمانی، بووە هۆی پتەوتربوونەوەی ژێرخانی ئابووریان، بەوەش بوونە خاوەن زەوی و زاری زۆر، ئەوەش سەرەتایەک بوو بۆ ئەوەی ببن بە ڕێبەری سیاسی کۆمەڵگای کوردی[٦].

---

(١) م.ب.ڕۆدێنکۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٤.
(٢) مارتن ڤان برونسن: ئاغاو شێخ و ...، ب٢، ٢٠١١، ل ٣٦٢
(٣) ئیسماعیل مەحمودی: سەرچاوەی پێشوو.
(٤) محمد بن أبی بکر أیوب الزرعي أبو عبدالله( ابن قیم الجوزي): عدة الصابرین وذخیرة الشاکرین، ج١، دارالکتب العلمیة، بیروت، بدون سنة الطبع، ص٢٢٦.
(٥) نقلا عن محمود عبدالرشید البدران(د): التنظیمات الصوفیة و تنمیة المجتمع دراسة من منظورعلم الاجتماع الدینی، بدون مکان الطبع ، ٢٠٠٦، ص٥٤.
(٦) ئیسماعیل مەحمودی: سەرچاوەی پێشوو.

لەچوارچێوەی شکۆ بەخشینی ڕشتەی خێزانی لەلایەن شێخ و بەگەکانەوە بە خانەوادەکانیان و پەیوەست کردنەوەی بە پێغەمبەر و خەلیفەکانی موسڵمانان، ئەنجامی ئەو کارە واکەوتووەتەوە، کە گەورە زەویدارەکانی کورد لە یەککاتدا خاوەن دەسەڵاتی دینی و دونیایی بن، ئەو لایەنەشیان کردبووە هۆکارێک بۆ زیاتر ملکەچ پێکردنی چینی ڕەنجبەری کورد[1]. ئەمە وەنەبێت هەر لای شێخەکان وەها بووبێت، بەڵکو بنەماڵە ئایینەکانیش وەک بنەماڵە بەگەکان توانیویانە دەستیان بە سەروەت و سامان بگات، (خالید دلێر) لە نیشاندانی وەها دۆخێکدا دەڵێت:" لەو دەمەدا لە کۆیە دوو تایفەی (غەفووری و حەوێزی) ئاغا بوون و جەلیزادەکانیش کە بە تایفەی مەلایان دەناسران، بەهۆی ئایینەوە دەوڵەمەند و دەست ڕۆیشتوو بوون"[2]. هەرچەندە ئەوەندەی زانراوبێت جەلیزادانی کۆیە ئەگەرچی لە ڕووی پێگەی کۆمەڵایەتیی و بەهۆی زانستی ئاینییەوە گوێلێگیراوبوون، بەڵام لەڕووی سەروەتی مادییەوە ئاین نەبووەتە هۆی دەوڵەمەند کردنیان، بۆیە پێدەچێت ئەو بۆچوونەی نووسەر زیاتر لە سۆنگەی جودایی بیرو باوەڕەوە سەرچاوەی گرتبێت. بەڵام نکۆڵی ئەوەش ناکرێت سوود لە ئایین بینراوە بۆ دروستکردنی پێگە و دەسەڵات و بابەتەکەش تایبەت نەبووە بە ناوچە و چینێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو مۆد و ئاراستەیەکی وەبەرگیراو بووە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا.

یەکێک لەو ڕێگایانەی دەسەڵاتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات گرتوویانەتەبەر بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگاکان و کەسایەتییەکان بەخشینە بەردەوامەکانیان لە زەوی و موڵک و سامان بووە، بۆیە دەوڵەتی عوسمانیش ئەو هەنگاوانەی ناوە و هەوڵیداوە زەوی و موڵک بەسەر سەرۆک هۆزەکان و پیاوانی ئایینی و شێخانی تەریقەتدا دابەش بکات، ئەوەش یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی سیستمی دەرەبەگایەتی و شێخایەتی بووە لە کوردستاندا، بە تایبەت پاش بە فەرمی کردنی ئەو زەویانە بە ناوی تاپۆی ڕەشی عوسمانی[3]. بەخشینی زەوی بە ئاغا و خانەدانەکانی شار پەیوەندی بە ناڕوونی قەواڵەکانەوە هەبوو کە بڕی زەوییە بەخشراوەکانی دەست نیشان نەدەکرد، لەهەمانکاتدا دەزگایەکی کارگێڕی لێهاتوو نەبوو بتوانێت مافی موڵکداری زەوی وزارەکان بسەلمێنێت، دواتر سەرجەم ئەو هۆکارانە بوونە هۆی ئەوەی ئاغا و شێخ و خانەدانەکانی شار زەوی و زاری زیاد وەربگرن و پرۆسەی کڕینی زەوی لە جووتیاران و تاپۆکردنی بەناوی خۆیانەوە قۆرخ بکەن[4]، بەڵام قسەی ئەوتۆش هەن کە شێخەکانی تەریقەت زەوی خەڵکیان بەخۆیان ڕەوانەبینیوە، لەم بارەیەوە (محەمەد عەلائەدین) کە قوتابی حوجرە ئاینییەکانی ناوچەکەو پاشان مامۆستای قوتابخانە فەرمییەکانی سنوری هەڵەبجەش بووە دەڵێت: "هیچ وەختێك نەبیستراوە شێخەکان زەوی خەڵکیتریان هاوشێوە بەبەگەکان داگیرکردبێت، مەگەر کەسێك خۆی وەك وەقف پێی بەخشیبێن بۆ کاروباری حوجرەو خانەقاکان"[5]. کەچی موستەفا زەڵمی دەڵێت:"باخەکانی ئێمە لە زەڵم کە ڕۆژگارێکی زۆر ماڵی ئێمە خەریکی دروستکردنی بوون، لەلایەن شێخ (حیسامەدین)ەوە لە ئەستەمبوڵ کرابوو بەناوی خۆیەوە، ئێمەش

---

(1) أ. شاميلوف: المصدر السابق، ص ٦٦،٦٧.
(2) ستەمکردن لە حاجي قادری کۆیی تاوانە، چ١، چاپخانەی سەفوەت، سلێمانی،١٩٩٧، ل٣١٠.
(3) ئاراس محمد صالح: زانایانی ئیصلاح و ...، ل٨٣
(4) خالد محمود کریم: دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردەکان لە کوردستانی باشوور ١٨٦٩-١٩١٤، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ١٧٣.
(5) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا محەممەد عەلائەدین محمد حسین)، سەرچاوەی پێشوو.

بێئاگابووین لەو بابەتە تا ساڵی١٩٣٧، چونکە شێخ پێی ڕاگەیاندبووین کە ئەو باخانە هی منن و وەرەقەی (قاقانیم) هەیە، ئەگەر ئیشی تێادا دەکەن دەبێت بە ئیجار ئیشی تیا بکەن "[١].

ئامانجی دەوڵەت لەو بەخشینانەی زەوی بە هەریەک لە بەگ و شێخەکان بەدەستهێنانی مەیلداری و پشتیوانی ئەوان بوو بۆ دەوڵەت، قەبارەی زەوییەکانیش نیشادەری گەورەیی پێگەی بەگ یان شێخەکە بوو[٢]. لەو ڕۆژگارانەدا شێخەکانی تەریقەت پێگە و بایەخی تایبەتیان پێدرا بوو، چونکە مسۆگەرکردنی پێگە و پشتیوانی ئەوان مسۆگەرکردنی لایەنگیری مورید و شوێن کەوتەکانیان بوو، هەروەها ڕۆڵگێرانی شێخانی تەریقەت وەک ناوبژیوان لەکاتی ململانێکاندا ئەوەش کێش و بەهای سیاسییانی زیاتر دەکرد[٣]. ئەگەرچی مەولانا شێخی باڵای نەقشبەندییان و ڕابەری ڕۆحی ئەو تەریقەتەیە لە ناوچەکە بە گشتی و ژمارەیەکی زۆریی خەلیفە لە مەولاناوە مۆڵەتیان وەرگرتووە، بەڵام زۆرێک لەو شێخانە هەمان ڕچەوڕێگای مەولانایان نەگرتووەتەبەر بۆ ڕەتکردنەوەی زەوی و موڵکی دەوڵەت، بەڵکو پێچەوانەی مەولانا زۆرترین زەویان لە خۆیان و نەوەکانیان تاپۆ کردووە، لە کاتێکدا مەولانا بە ڕوون و ڕەوانی ئەو داخوازی و سیاسەتەی عوسمانی ڕەتدەکردەوە[٤].

شێخ (محەممەد بەهائەدین) بە پاڵپشتی بەگەکانی جاف و هەورامان، دێی (گوڵپ)ی داگیرکرد و بەر لە مردنیشی (١٨٨٠) بە بێ پرسی خەڵکەکەی گوندەکە بە هەموو شاخ و زەوی و ئاوییەوە بەسەر کوڕەکانیدا دابەش کرد، هیچ گوێی بە خەڵکەکەی نەداوە، بەڵکو خۆی بە خاوەنی بنەڕەتی شوێنەکە زانیووە، ئەو زەوییانەی شێخ (محەممەد بەهائەدین) بەناوی تورکەکان و بەگەکانی هەورامانەوە دەستی بەسەردا دەگرتن، ناوی تاپۆ یان وەقفی لێ دەنا، بۆ ئەوەی جووتیاری بەکاربەری ئەو زوویانە و خاوەنە بێ تاپۆکانیان بەتەواوی لێیان دەستبەردارونائومێد ببن[٥]. بۆ ئەوەش نوسراوێکی فەرمی کەلە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا هاتووە و ئاراستەی وەزارەتی (دەفتەرخاقانی)[٦] کراوە لە (١٨٩٤) ئاماژە دەکات بە گواستنەوەی بڕی (١٦٠٠) دۆنم لە زەوی بەراو و دێم بۆ شێخ (عەلی حیسامەدین) بەمەرجی بەکارهێنانیان بۆ کشتوکاڵکردن لەکاتێکدا ئەو زەویانە پێشتر بە شێخ (محەممەد بەهائەدین)ی باوکی درابوون[٧]. هەربەم جۆرە شێوازی مۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵاتی ناوچەکە لەلایەن نەوەی شێخەکانەوە پەیڕەوکراوە، وەک ئەوەی لە سەرەتادا ئەم تەریقەتە لە ناوچەکە تەنیا لە (تەوێڵە) بووە، بەڵام بە زۆربوونی نەوەی شێخەکان نەک گوندەکانی هەورامان، بەڵکو زۆرترین ناوچەکانی دەوروبەریشی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرتەوە و هەر نەوە شێخێک دەچووە ناوچەیەک و دواتر دەبووە خاوەن موڵکی ئەو ناوچەیە. ئەوەش هەروا بەبێگرفت گوزەری نەکردووە، بەڵکو سەرچاوە بووە بۆ ستەمکردن و تەنانەت خوێن ڕشتنیشی لێ کەوتووەتەوە، بیانووی شێخەکانیش لەو دەست بەسەرداگرتنەی زەوی، نەبوونی بەڵگەی فەرمی خاوەنداریتی زەوی بووە لەلایەن جوتیاری

---

[١] موستەفا ئیبراهیم زەڵمی: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.
[٢] عەزیزی شەمزینی: دابەش بونی چینایەتی و پەیدا بوونی چینی کرێکاران لە کوردستاندا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژ(٣)ساڵی شەشەم ١٩٩٨،سلێمانی ، ل١٠.
[٣] خالید محمود کریم: دەوڵەتی عوسمانی و...، ل ١٩٢،١٩٣.
[٤] نزاراباظة(د): الشیخ خالد النقشبندی العالم المجدد حیاته واهم مؤلفاته، ط١، دارالفکر، دمشق، ٢٠٠٨،ص١٦.
[٥] حەمەکەریم هەورامی: چیرۆکی من و..، ، ل١٨،٣٣.
[٦] دەفتەرخاقانی، دەفتەرخانەشی پێگوتراوە، فەرمانگەیەك بووە کارو باری پارەی دەولەت و موڵك و زەوی و زاری بەڕێوە دەبرد، بۆنمونە وەك تاپۆ. (بڕوانە// نەوزاد یەحیا باجگر: سەرچاوەی پێشوو، ب٨، ل١١).
[٧] نەوزاد یەحیا باجگر: سەرچاوەی پێشوو، ب٩، ل١٠٩. بڕوانە// پاشکۆی ژمارە (١٢)

بەکارهێنی زەوییەکەوە، دیارە ئەوەش بەهۆی نەبوونی فەرمانگەی میری و دواکەوتوویی لایەنی کارگێڕی ئەوکات بووە، بۆیە ئەوە وەك فرسەتێك بینراوە.

مەلا (عەبدولکەریمی مودەڕیس) ئاماژە بە هەڵپەی هەندێک لە شێخ زادەکان دەکات لەسەردەمی شێخایەتی شێخ (عەلائەدین)دا، بە گوتەی ئەو ئاماژە بوون بۆ سەرەتایەکی پڕ لە کارەساتبار و دەڵێت: "وردە ئەولاد گەورە بووبوون و مەشرەبیان موخالیفی مەشرەبی قەدیم بوو ئیستیلای هێزی شێخیان کردبوو، بە ئارەزووی خۆیان ئەیانویست ڕەفتار بکەن بەتایبەت مەسئەلەی تەقسیم کردنی شێخ بۆ ئەملاکەکانی لە ناویانا ماوەیەکی زۆری کێشا و بووبەهۆی ئەوە کە هەرکەس وەزع بەلای خۆیا ڕابکێشێ"[١]. هەر بۆیە جۆرێتی تاپۆکردنی ئەو زوویانە وایکرد جۆرێک لە ناکۆکی لە نێوان بنەماڵەی شێخان و هەندێک لە خێزانەکانی ناوچەکە دروستبێت، بە تایبەتی پاش شۆڕشی کۆماری لە عێراق و ئاشکرا بوونی تاپۆی زەوییەکان، وەک (موستەفا وەڵمی) ئاماژەی بۆ کردووە ئەگەرچی زەڵمی لە سەنگ و گەورەیی ڕۆڵی ئەو شێخانە کەم ناکاتەوە بە تایبەتی لە بابەتی خوێندن و خزمەتی فەقێیاندا، بەڵام لەگەڵێشیاندا بێ گرفت نەبووە[٢].

لە بابەتی زۆرداری هەندێک لەو شێخ و بەگانە چیرۆک و ڕووداوی کارەسات بار بیستراوە، کە ئاماژە بوون بۆ دڵڕەقی، لەگەڵ ئەوەی ئەو شێخانە باپیرە گەورەکانیان زۆر باش بوون و داکۆکیان لە نەتەوەکەی خۆیان کردووە و بەرەنگاری زۆرداری بەگزادەکان بوونەتەوە[٣]. لەو کاتانەدا شێخ (زاهیدی) کوڕی شێخ (عەلائەدین) کە بۆ ئەوبەری سیروان و پشتکێوی بەمۆ ڕۆشتبوو، دەیویست لەبری هەندێ زەوی لەدەستچوو لە گوندی (ئەحمەد ئاوا)، زەوییەکانی گوندی (گڵێجاڵ) وەربگرێ، لەلایەن باوکیەوە بۆئەو دێیە ڕەوانەکرا، بەوهۆیەوە فیتنە و ئاشوبێکی نالەبار لە ناوچەی پشتکێوی بەمۆ و ئەوبەری سیرواندا دروستبوو، ئەو ڕووداوەش پێچەوانەی ئەو نەریتە باوەی پێشووبوو کە لە ناوچەکەدا بینراو بیستراو بوو[٤]، چونکە لەسەردەمی دەسەڵاتی بەگزادەکانی جافدا، هەرگیز دەستی کوشتنیان لە فەقێ و مەلا نەوەشاندوە[٥]. دەرەنجامی ئەو بەشکاریەی موڵکەکان لە نێوان نەوەکانی شێخدا، لە (١٩٤٦)دا ڕووداوی کوشتنی مەلا (یووسفی گڵێجاڵ)ی لێکەوتەوە[٦]. ئەوە یەکەم ڕووداوی کوشتنی مەلایەکی ئایینی بوو لەو سنوورە، کە دەرئەنجامی لادان لە بنەماکانی زوهد و سۆفیزم بوو بەجۆرێك بەکارهێنانی مێژووی ئەو دیدگا ئاینییە بوو بە ئاراستەی دونیاگەری.

ئەم ڕووداوانە لە کاتێکدابوو شێخ (عەلائەدین) پێشتر لە سەر ئەو شێخ و کەسایەتییانەی کە هەڵپەی داگیرکاری زەوی و موڵکی دونیایان هەبووە گوتویەتی: " تەرکی هەموو خدعە و حیلەیەک لە بۆ جەلبی ماڵی دونیا لە موسڵمانان، بە ناوی ئیرشاد و دیانەتەوە بەبێ موقابەلە و موعامەلەیەکی شەرعی هەرکەس لەوانە کە بەیان کران موخالەفەی ئەم مەوادانەی کرد، ئێوە بزانن ئەو کەسە ڕەبت

---

(١) عەبدولکەریمی مودەریس: ڕۆژگاری ژیان، ل ٢٢٧.
(٢) موستەفا ئیبراهیم زەڵمی: سەرچاوەی پێشوو، ل٨١.
(٣) بەهادین ئەحمەد محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣.
(٤) عەبدولکەریمی مودەریس: ڕۆژگاری ژیان، ل ٢٢٨.
(٥) محەممەد سەعید جاف: ئاوارە، ب٢، دارالحریة للطباعة، بغداد، ١٩٩٩،ص٢٦٤.
(٦) کۆمەڵێک توێژەر:گڵێجاڵ لە بەڵگەنامەو بیرەوەریەکاندا،چ١،ناوەندی خاڵ،٢٠٢١، ل ٨٩.

و عەلاقە و دۆستایەتییەکی بە منەوە نییە. لە مەسلەکی ئەم خانەدانە بەرییە. وەلەو زۆر بە من نزیک بێت، جایز نییە کەس حورمەتی بگرێت، کۆمەکی و خزمەتی پێ بکات"[١].

هەروەها لە بەرهەمێکی تری چاپکراویدا بە ناوی (القول الحقیقە) بەرپەرچی ئەوانە دەداتەوە، بەناوی تەریقەت و تەسەوفەوە سەرقاڵی کۆکردنەوەی ماڵی دونیان و بۆ ئەو ئامانجەش کاری نابەجێ دەکەن و دەڵێت:"بەعزێک لە جەهەلەی سۆفی پەیدا بوون، بۆ خاتری جەلبی ئەموالی دونیایی و شەخسی و جەمع کردنەوەی پارە و ماڵی دونیا بە هەموو قووەتێک بەناوی تەریقەی نەقشیەوە یا قادرییەوە مەشغووڵی فریودانی عەوامی ناسن و دامەزراندنی ئادابی غەیرە مەشروعن، بەعزێکیان بەناوی مەخلوقدا دەگەڕێن بەناوی ئیمانەوە بە خانەقا و تەکیە، ماڵ و پارە لە میللەتی بێ چارە وەردەگرن"[٢]. ئەم وتەی شێخ (عەلائەدین) لە کاتێکدایە بڕێکی زۆری زەوی لەو دەمەدا لە سنووری هەورامان و هەڵەبجە و دەوروبەری ناوچەکە بە ناوی ئەوەوە کراوە، ئەوەش پەلهاویشتن بوو بۆ دەرەوەی سنوری هەورامان و زێدی بنەڕەتی شێخەکان، بۆیە ئەم کارانەی شێخ زادەکان و تاپۆکردنی زۆرترین ڕووبەر لە دەرەوەی سنوری هەورامان و زێدی ڕەسەنی شێخەکان لەگەڵ گوتەو بۆچوونەکانی ئەم شێخەدا هاوتەریب نین. چونکە ئەو زەوییانە لەڕووی کردارییەوە جوتیاری گوندەکان بەکاریان دەهێنا و ژیانیان لەسەر ئەو جۆرە بەرهەمهێنانە بوو.

هەموو ئەو دەرەنجامە خراپانەی کە پێشتر مەلای مودەڕیس پێشبینیی کردبوو، بەهۆی ستەمی هەندێک لە کوڕە شێخەکانی (بیارە)وە بوو، بە مەبەستی داگیرکردنی زەوی و زارێک کە لەبن دەستیاندا بوو، بەهۆی هاندانی ئەوانەوە دوو کەس کوژران، ئەو ڕووداوە ڕۆڵی لە بەدناو بوونی شێخەکان هەبوو[٣]. هەندێک لە خوێندەوارانی ناو قوتابخانە فەرمییەکان لە نەوەی شێخەکان ئەم جۆرە چەوسانەوەیان لەلایەن شێخەکانەوە بە دروست نەزانیووە، لە نموونەی مامۆستا شێخ (سەفائەدین) کە مامۆستای قوتابخانەی (بیارە) بوو، لە نەوەی شێخەکانی ئەوێش بوو[٤].

شێخەکان جگە لە کاری شێخایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتییان خاوەن جیاوکی ئابووریش بوون، جگە لە باخ و زەوی و گوند خاوەن (ئاش و گەرماو دووکان و چاخانە و قەیسەری و خان) بوون، وەک قەیسەرییەکانی شێخی (حیسامەدین)[٥]. زۆربەی زەویوزار بەدەست بەگزادەکانی جاف و هەورامان و شێخەکانی (تەوێڵە) و (بیارە)وە بوو، تەنانەت بازرگانیش کە بە نهێنی دەکرا و بەدەست چەند دەوڵەمەندێکەوە بوو، ئەویش هەر لەژێر چنگی ئەو بەگزادە و شێخانەدا بوو[٦]. ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەی شێخەکان، کە بەشێکی لە خاوەندارێتی زەوی و موڵکەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو، وەک دەرەنجامێکی پێشووی سیاسی دەسەڵاتدارێتی عوسمانی بوو، پاڵپشت بە دەسەڵاتی (مەحمود) پاشای جاف، چۆن لە گەرمەسێر و شارەزوور زەوییان لەسەر ئەوان تاپۆ کردبوو، بەو جۆرەش لە هەورامان شێخەکانیان کرد بە خاوەن زەوی، هەمووشی لە پێناو کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە بوو لە ڕێگەی ئەو دوو لایەنەوە[٧]. ئەگەر شێخەکان بەهۆی پێگەی ئاینییان و ئاستی خوێندەوارییان لەلایەن

---

[١] وەرگیراوە لە// محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب١، ل٤٤٧،٤٤٨.
[٢] وەرگیراوە لە //عەبدوڕەزاق عەبدورەحمان محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٨١.
[٣] شاکر فەتاح: ئاوێنەی ...، ل ٤٨٣.
[٤] محەمەد ئەمین هەورامانی: هەندێ لە لاپەڕەکانی ژیانم، چاپخانەی چوارچرا، چ١، ٢٠١٤، ل٣٤.
[٥] عبدارزاق عبدالرحمن محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل٥١٠، ٥١٥، ٥١٨
[٦] بەهادین ئەحمەد محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣.
[٧] حەمەکەریم هەورامی: چیرۆکی من و...، ل٣٤٠.

دەوڵەتی عوسمانییەوە ڕێزییان لێگیراوە و حسابیان بۆکراوە، ئەوا جافەکانیش بەهۆی ئەو هێزە مرۆیی و ئابووری و سەربازی و کۆمەڵایەتییەی هەیان بوو عوسمانییەکان ناچار بوون حسابیان بۆبکەن و جیاوازتر لە عەشیرەتەکانی کوردستان[1]. بەم جۆرە و لەسایەی ئەم جۆرە کارگێڕێتییەدا لە هەموو لیوای سلێمانیدا کە هەڵەبجەش بەشێك بوو، لەو سنورە کارگێرییە، ژمارەی نزیکەی (٣٦) موڵکداری زەوی ڕێژەی (٥٤,٢% ) زەوییەکانیان لەژێردەستدا بوو[2].

ئەگەرچی ناوچەی هەورامان خاوەن زەوی و زاری بەرهەمدار نییە و ناوچەیەکی شاخاوی سەختە، شێخەکانیش لە ڕووی داریی و موڵک وماڵەوە شتێکی ئەوتۆیان نەبوو لەسەرەتادا، تاوەکو ئەو کاتەی یاسای تاپۆ لە دەوڵەتی عوسمانیدا کرایەوە، لە ڕێی ئەو یاسایەوە شێخ (محەممەد بەهائەدین) و (عوسمان پاشا)ی جاف، ئەندازەیەک زەویان لە سەروخواری جۆگەی (دەلێن) لەسەر خۆیان تاپۆ کرد، جگە لەوەش ئەو زەوییانەی دەکەوتنە خوار (بیارە) و زەوی کشتوکاڵین، لەگەڵ چەند پارچە زەوییەک لە (خورماڵ)، لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش چەند پارچە زەوییەک بە ناوی وەقفەوە لەسەر خانەقای (تەوێڵە) دەستگیر بوو[3]. سەرەڕای زۆربوونی موڵکەکانیان بەهۆی تاپۆ و وەقفەوە، بەڵام ئەو ڕێز و گەورەییەی کە بۆ شێخەکان دروست بووبوو، وەک پێگەی کۆمەڵایەتییان، زیاتر بەرهەمی ئایین و خزمەتە ئایینەکە بوو نەک بنەماڵە و ڕەچەڵەك و موڵکی دونیایی[4]. بۆیە ئەو هەژموونە ڕۆحییەی شێخەکان وایکردبوو، کاریگەرییان لە بەگ و پاشاکان زیاتر بێت، نموونەی ئەوەش کاتێك مەولەوی شاعیر بەهۆی کێشەیەکەوە لەگەڵ (مەحمود پاشا)ی جافدا کە پیاوێکی خاوەن دەسەڵاتی ئەو ڕۆژگارە بووە، پلەی لە بەگەوە بۆ پاشا بەرزکراوەتەوە نەك مەولەوی ناچارناکات بە گوێڕایەڵ بوونی تەواوەتی بۆ ئەو پاشا بەدەسەڵاتەی ناوچەکە، بەڵکو بەڕوونی پێی دەڵێت تۆ کە بەوپلە بەرزکردنەوە دەنازی منیش (مەولەوی)م و هەر مەولەویم، بەڵام هەر ئەم کەسە لە ساتی کۆستکەوتنی و مردنی کوڕەکەیدا هاتنی شێخەکەی بۆ پرسەو سەرەخۆشی بەگەورەتر لەو کۆستە دەبینێت و خوازیار بووە هەمووساڵێك کوڕێکی بمرێت و شێخ ببێتە میوانی[5].

تەنانەت میرو بەگ و ئاغاکانیش ڕێزیان لێدەگرتن و هەوڵیاندەدا لە چوارچێوەی بەرژەوەندی هاوبەشدا سود لە پێگەی شێخەکان وەرگرن[6]. هەرچی زەوی وەقف بوو ئەوە بە دەست پیاوانی ئایینەوە بوو، زۆرترین قەبارەی زەوی موڵکی شێخەکان بوو، شێخانی (تەوێڵە و بیارە) لە خاڵە سنوورییەکانی نێوان عێراق و ئێران، خاوەنی نزیکەی (٤٠٠)دێ بوون[7]. هەربۆیە دژایەتییان بۆ هەر هەوڵێک لەو سۆنگەیەوە بووە کە پێگە و بەرژەوەندییەکانییان لە دەست دەربهێنێت، هەرئەوەشە شێخەکان لە بابەتی دەستووردا هەڵوێستێکی ڕەق و هەندێک جاریش نەرێنییان گرتەبەر، ڕەنگە

---

(١) عادل سدیق عەلی: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی هەڵەبجە، چاپخانەی کەمال، سلێمانی ٢٠١١، ل١١٩،١٢٠.
(٢) شاكر خصباك: الاكراد دراسة ...، ص٢٦٢.
(٣) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب ٢، ل٨٥ . ؛ عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد ئەحمەد ئاوایی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣.
(٤) محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب١، ل١٠٣٧.
(٥) عبدالرحیم بن سعید (مەولەوی): دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، چ٣، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە، ١٣٨٩، ل٤٧.
(٦) مەحمودی مەلا عیزەت: زارم و چرا، ڕۆڤار، ژ(٣٤)، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥/٦/١٥، ل٢٤.
(٧) ا.م.مینتێشاشڤیلی: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٢.

ئەمەش هۆکارێک بێت کە لە هاوکێشە سیاسییەکاندا زۆر وریا بوون[١]. دەیانزانی سەرگرتنی ئەو دۆخە بە قازانجی پێگە کۆمەڵایەتییەکانیان نابێت، بەڵام ئەو هەڵوێستانەیان خراپ بەسەریاندا شکایەوە. چونکە ڕەوتی ڕووداوەکانی دوای دەستوور بە جۆرێک هاتەپێش کە بووەهۆی زیاتربوونی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی و کەمبوونەوەی متمانەی سەرکردە ناوخۆییەکان، لە نێویاندا شێخەکانی تەریقەت[٢]. پێویستە ئەوەشمان لە بیربێت کە شێخەکانی کورد وەک پیاوانی ئایینی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەورووپا خاوەن موڵکی گەورە بوون، بابەتی کشتیاری ئەو زەوییانەشیان بۆ کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنەرانی زەویەکە قۆستۆتەوە[٣]. ئەم ڕووکردنە دونیایەی هەندێك لەنەوەی شێخەکان لەکاتێکدا بووە کە شێخی دامەزرێنەر ئامادە نەبووە دیاری دەوڵەتی عوسمانی لە جل و بەرگ و حەریر و پارە قەبوڵبکات، چونکە پێی وابووە لەگەڵ بنەماکانی سۆفیزم و زوهددا نایەتەوە، لەکاتێکدا لە قۆناغەکانیی دواتردا هەندێك لەو شێخانە ڕوویانکردە تاپۆکردنی زەوی[٤]. هەندێک لەو زەوییانە کە بەکاریانهێناوە زەوی خەڵکانی تر بوون، لەو خەڵکانەی سنوورەکە، کە لەگەڵ بەگەکاندا ناکۆک بوون و ماڵ و زەویان لێ وەرگیراوەتەوە، تەنانەت هەندێک جار کوژراون و بەشێک لە زەوییەکانیان دراوە بە شێخەکان، وەک ئەوەی لە کوشتنی (شا محەممەدی نەوەی مەلا ئیبراهیم)ی (بیارە)دا ڕوویدا و لە پاش کوشتنی لەلایەن (ڕۆستەم سان)ەوە بەشێک لە زەوییەکانی بە شێخ (عومەرزیائەدین) دران و کتێبخانەکەشی کە بەرهەمی چەندین ساڵ بوو درانە خانەقای شێخ (عومەر)[٥]. بە گێرانەوەکانی مودەڕیس خێزانی مەلا (ئیبراهیم) بەبەردەوامی و بە ژمارەی (٢٥) نەوە لە خێزانەکەیان بۆ خزمەتی زانست تەرخان بوون[٦]. بەڵام گوێڕایەڵ نەبوونیان بۆ دەسەڵاتی ناوچەیی سنورەکە دووچاری وەها چارە نووسێکی کردن، ئەمەش بەهۆی هەژموونی دەسەڵاتی شێخەکانەوە بووە، ئەو کەسانەش نەیان ویستووە ژیانیان هاوشێوەی ئەو مەلایە، بکەوێتە مەترسییەوە، بە دیوێکی تردا ئەو کارەیان نیشاندان و پەیام بووە بۆ هەموو ئەوانەی بیانەوێت لە ڕێی کاری لاری شێخەکاندا نەخێر بکەن[٧].

بۆیە کوردناسان لەو بارەیەوە باسدەکەن کە ئەوانیش لە پیادەکردنی ستەم و زۆرداری لە دەست بەسەردا گرتنی موڵک وماڵی جووتیارانی هەورامی هیچیان لە سان و بەگەکانی ناوچەکە کەمتر نەبوو. وەک ئەدمۆندز دەڵێت: "شێخ عەلائەدینی بیارە پیاوێکی پیری تەماعکاری فێڵباز بوو، زەوی جووتیارە هەوراامییەکانی بە فێڵ لەسەرخۆی تاپۆ دەکرد، لەکاتێکدا جوتیارەکان لەکۆنەوە بەکاریان دەهێنا و موڵکی ئەوان بوو، مووچەی لە ئینگلیز وەردەگرت وشەرمیشی نەدەکرد داوای زیادکردنی دەکرد"[٨]. شێخ (عەلائەدین) وەک سەرچاوەیەکی مەترسی لەسەر ئەملاک و موڵک و ماڵ هەوڵیدەدا یەکێتی جووتیاران لە ناوچەکانی دەرەوەی هەورامان تێکبدات، هەرچەند بە ئامۆژگاری بۆی نەکرا، بەڵام هەوڵیدا لە ڕێگەی شێخ (عوسمان)ی کوڕی و خەلیفەیەکییەوە بە ناوی (عەبدولڕەحمان) ئەو

---

[١] عباس زارعی مهرورز: منبع قبلی، ص ٧٨.
[٢] همان منبع، ص ٧٨.
[٣] أ. شاميلوف: المصدر السابق، ص ٦٨،٨٨.
[٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا ئەیوب ڕۆستەم)، سەرچاوەی پێشوو.
[٥] محەمەد ئەمین هەورامانی: هەندێ لە ...، ل٥٤.
[٦] محمدعلي قرداغي: كنوز الكرد في خزائن دار المخطوطات العراقية، ط١، ج١، المديرية العامة للمطبوعات في السليمانية، ٢٠١٣،ص.٣٧.
[٧] محەمەد ئەمین هەورامانی: هەندێ لە ...، ل٣٤.
[٨] سي.جي.ادموندز: المصدر السابق، ص٢٢٤.

کاره بکات[1]. بۆچوونە نەرێیەکانی (ئەدمۆندز) لەسەر شێخ (عەلائەدین)، پەیوەست دەکرێتەوە بە هەڵوێستی ئەو شێخە لەگەڵ ئینگلیزەکان و ناحەزبوونی بەوان، بەڵام زۆری موڵکە بەجێماوەکانی لە ڕووبەری زەوی فراوان لە ناوچە جیاوازەکان وامان لێناکات ئەو بۆچوونە تەنها لە سۆنگەی دژ بەرییەوە لێی بڕوانین.

بە تایبەتی کاتێک دەبینین کە شێخ (عەلائەدین) لەبەرەی ئەو دەستە شێخانەیە کە بە تەیاری دونیایی ناودەبرێن[2]. بۆیە لە کێشمەکێشی نێوان جووتیاران وکۆلاکەکان (کێڵگە هەرەوەزییەکان)، کۆلاکەکان پەنایان بۆ بەگزادەکانی جاف و شێخ (عەلائەدین) بردبوو، بەڵکو جووتیارەکان قەناعەت پێبکەن واز لە خواستەکانیان بهێنن، ئەو شێخەش لای خۆیەوە هەوڵێدابوو ئەو قەناعەتە لای جوتیارەکان دروست بکات واز لە مافی خاوەندارێتی زەوییەکانیان بهێنن، لەبەرژەوەندی زەویدارە سەردەستەکان، ئەگەرچی ئەو زەوییانە بۆ جوتیارەکان سەرچاوەی سەرەکی ژیانیان بوو لە باوانەوە بۆیان مابووەوە، بەڵام شێخ پێداگری کردبوو، تاوەکو لەگەڵیان ڕێکبکەون، بۆیە جوتیارەکان هەمان پێشنیاریان ڕووبەڕووی شێخ کردبووەوە، ئایا شێخ بەو چەندین موڵکەی کە هەیەتی و لێشی زیادە ئامادەیی ئەوەی تێدایە واز لە پارچەیەکیان بۆ جووتیارەکان بیهێنیت، تاوەکو ئەوان واز لەو پارچە زەویانە بهێنین کەهۆی سەرەکی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیانە، بە کورتی شێخیان بێدەنگ کردبوو[3]. مەسەلەی تاپۆکردنەکانی زەوی لەلایەن شێخەکانەوە، بەشێکی زۆری سەرنجەکانی خەڵک بووە لەسەر دەسەڵاتی شێخەکان، بەڵام شێخەکانیش هەموویان ئەو هەنگاوەی شێخ (محەممەد بەهائەدین)یان پێڕەونەکردووە، چونکە لەو کاتەی شێخ (محەممەد بەهائەدین) زەوییەکی زۆر لەسەرخۆی تاپۆکردبوو، کە گومانی حەرام بوونی لە سەربووە، هەندێک لە مەلایانی ئەو ڕۆژگارە نووسینیان لەو بارەیەوە هەبووە، وەک مەلا (عەبدوڵڵای) عەبابەیلێ وپشت ڕاستکردنەوەی ئەو نووسینە لەلایەن مەلا (قادری بیارە) کە مودەڕیسی گەورەی (بیارە) بووە[4]. ئەوەش وایکردبوو شێخ (ئەحمەدی کوڕی شێخ عوسمان)ی یەکەم بۆ خۆدوورگرتن لە گومان، لە دروستی بەموڵککردنی زەوییەکانی (بەشارەت و شەشک) تاپۆی ئەو زەوییانەی قبووڵ نەکرد، شێخ (عومەرزیائەدین)یش کە تاوەکو ئەوکاتە هەندێك زەوی تاپۆکردبوو[5]. بەڵام پاش نووسینەکەی مەلا (عەبدوڵڵای عەبابەیلێ)و پشتڕاستکردنەوەکانی مودەڕیسی (بیارە) بۆ نادروستی ئەو جۆرە تاپۆیانە، ئەگەرچی نەبووەهۆی وەستاندنی تاپۆکردنی زەوی بە یەکجاری، لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری خۆیان هەبوو، چونکە لەوەو پاش شێخێکی وەک شێخ (عومەر)ی (بیارە) بە ڕێنمایی مەلا (قادری گەورە)، پاش ئەوەی ئەو لایەنەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، جۆگەی (بەشارەت) لە شارەزوور کە لەسەرخۆی تاپۆی کردبوو، دەستبەرداری دەبێت و خۆی و مەلا (قادر)یش نانی زەوی تاپۆکراو لەسەر خۆیان حەرام دەکەن[6]. بەڵام مەلای تریش هەبوون، بیانوویان بۆ تاپۆکردنی زەوییەکان هێناوەتەوە، وەك مەلا (بەها)ی بیارە، کەبابەتەکەی بە بابەتێکی خیلافی بینیوە، گوایە بەهۆی سەرقاڵی شێخەکان بە خزمەتی حوجرە و خوێندنگە ئایینییەکان و مەلا و ڕێبواران، بەرهەمی ئەو زەوییە تاپۆ کراوانە لەو خزمەتانەدا بەکارهاتوون[7].

---

(١) ئەحمەد بانیخێڵانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤،٨٥.
(٢) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ ئاوات نەقشبەندی)، سەرچاوەی پێشوو.
(٣) ئەحمەد بانیخێڵانی: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.
(٤) حەمەکەریم هەورامی: چیرۆکی من و ..، ل١٢٢،١٢٣.
(٥) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب٢، ل٢٧٧.
(٦) حەمەکەریم هەورامی: چیرۆکی من و ..، ل١٢٢،١٢٣.
(٧) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب٢، ل٨٧، ٨٨.

بۆچوونی ئەو مەلایانەش لەو ڕوانگەیەوە هاتبوو ئەو زەوییانە کە تاپۆ کراون دواجار بە بڕیاری دەوڵەتی عوسمانی بوون و ئەو دەوڵەتەش وەک دەوڵەتێکی دینی کاری بە فەتوای موفتی دەوڵەتەکە کردووە، واتە بابەتێکی ئیجتیهادییە و یەکێک نییە لەو بابەتانەی بڕیاری کۆتایی لەسەر درابێت بە حەرامکردنی بە بیانووی (ارض السواد) وەک مامۆستای عەبابەیلێی باسی لێوە کردووە[1]. بەڵام لە ڕووی بنەما شەرعییەکانەوە پاڵپشت بە فەرموودەی (پێغەمبەر) ئەو زەوییانە موڵکی ئەو جووتیارانە بوون کە کاریان تێدا دەکرد و بۆخۆیان زەوییەکانیان ژیاندبووەوە، وەک لە فەرموودەدا هاتووە: ئەوەی زەوییەکی (مردوو) بژیێنێتەوە موڵکی ئەوە[2]. هەرچەندە ئەم فەرموودەیە پاشخانێکی زۆری شرۆڤەی لە پشتە، لەوەی ئاخۆ (پێغەمبەر) وەک تەشریع ئەوەی فەرمووە یان ئاگادارکردنەوەیە، زانایان سەبارەت بەم فەرموودەیە مشتومڕی زۆریان لەنێواندا هەیە و بۆچونیان لێکجودایە.

بۆیە بابەتی زەوی تاپۆکراو و موڵکی زۆر، مایەوە تاوەکو شۆڕشی (١٤/ی تەممووزی ١٩٥٨) لە عێراق لە پاش ئەو شۆڕشە شێخ (عوسمانی دووەم) وەک شێخێکی خاوەن زەوی لە تاو ئەو دۆخەی ڕوویدابوو (بیارە)ی بەجێهێشتوو و ڕویکردە گوندی (دووڕووە) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چونکە ڕژێمەکەی (قاسم) نەک هەر ڕێگەی دەدا بە جووتیارە هەژارەکان زەوی خاوەن موڵکەکان بە کاربهێنن، بەڵکو پشتیوانیشی لێ دەکردن[3]. بە جۆرێك ڕۆژانی شکۆ و هەژموونی شێخەکان بەسەر چووبوو، بەڵام ئاسەواری هێزو دەسەڵات و کاریگەری کۆنیان هێشتا هەستپێکراوبوو، هەرچەندە شێخ ئەزموونی ئەوەی کردبوو کەوا ڕۆڵە نەریتییە سیاسییەکەی چیتر لێرە بەدواوە لە ڕووی جیهانییەوە پەسەند نییە[4]. بەپێی گێڕانەوەکانی (د.مادیح نەقشبەندی) کوڕی شێخ (عوسمان) ئەو چوونەی شێخ بۆ ئێران بە ڕەزامەندی سەرانی دەوڵەتی (عێراق) بووە، چونکە شێخ خۆی وایویستووە نەوەک دواتر بکرێتە کەرەستەیەکی سیاسی و شێخی پێ تەنگە تاوبکەن. کە کودەتای چواردەی تەممووزی ١٩٥٨ لە عێراق ڕوویدا، شێخ لە ئێران بوو، دەستەی تازەی فەرمانڕەوا لە عێراق لە ڕێی (دادگای گەل)ەوە کە دروستیان کردبوو، کەوتبوونە گیانی هەموو ئەوانەی بە نەیار دەیانبینین، هەندێک تۆمەتیان بۆ بنەماڵەی شێخ دروستکردبوو، گوایە پیاوی ئینگلیزن، شێخ ئەوانەی بیستەوە، بڕیاریدا بگەڕێتەوە عێراق، هەرچەند شای ئێران دژ بەو گەڕانەوەیە بوو. لە ڕێگەی (خالید نەقشبەندی)یەوە[5]، کە یەکێک بوو لە ئەندامانی سەرکردایەتی شۆڕش دیداری (عەبدولکەریم قاسم) و شێخ سازکرا، (قاسم) ڕایگەیاندبوو، شێخ (عوسمان) کە سایەتییەکی بەڕێزە و لە هەر کاتێکدا و هەرکەس سەرۆکی عێراق بێت، ئەو شوێن و ڕێگەی خۆی هەیە دەتوانێ بۆی بگەڕێتەوە[6].

---

(1) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (نوری فارس حەمەخان)، سەرچاوەی پێشوو.

(2) أبو داود سليمان بن الأشعث السجستاني: سنن أبي داود، باب فِي إِحْيَاءِ الْمَوَاتِ، جلد(٣) ، دار الكتاب العربي، بيروت برقم، ٣٠٧٥، ص١٤٢.

(3) مارتن ڤان برونسن: ئاغاو شێخ و...، ب٢، ٢٠١١، ل٢٦١، ٣٦٢.

(4) مارتن ڤان برونسن: مەولانا خالید و دەسەڵاتی میرایەتی ئاینی...، ل١٤٠،١٤٤.

(5) ناوی خالید عەبدولغەفار نەقشبەندییە، لە ساڵی (١٩١٥) لە گوندی بامەڕنی سەر بەپاریزگای دهۆك لە دایك بووە، کەسایەتییەکی سەربازی سیاسی و کارگێری بووە، لە پاش شۆڕشی تەموزی١٩٥٨، ئەندامی ئەنجومەنی دەوڵەت بووە، لە خانەوادەیەکی ئاینی ناوچەکە بووە، لە (١٩٥٠)دا دواهەمین پلەی سەربازی مقەدەم ڕوکن بووە . پاش تەواوکردنی کۆلێژی یاسا لەو ساڵەدا دەستبەرداری سەربازی دەبێت و کاروباری کارگێری دەگرێتەدەست، لە (١٩٥٤)دا بووەتە قایمقامی هەریەك لە شارەکانی (کۆیە، ڕانیە هەڵەبجە) . لە (١٩٥٧)دا بووەتە پارێزگاری هەولێر، لە (١٩٦١/١١/٢٧)دا لە شاری بەغدا کۆچی دوایکردووە. (بۆ زیاتر بڕوانە// یاسین صابر صالح: ئینسایکلۆپیدیای گشتی، ب٢ ، ل ٧٣٥).

(6) بەرزانی مەلا تەها: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢،١٠٣.

**باسی سێیەم: پێگەی شێخانی نەقشبەندی لە گرنگیدان بە زانستی ئایینی لە هەورامان و هەڵەبجە.**

**تەوەری یەکەم: تێڕوانین بۆ پێگەی ئایینی شێخانی نەقشبەندی لە هەورامان و هەڵەبجە:-**

ئایین لە زمانەکاندا زاراوەی جوودای بۆ بەکارهاتووە، لە ئینگلیزیدا (Religion) و لە عەرەبیدا (الدین) و لە کوردیدا بە (ئایین) ناو دەبرێت، خۆی لە خۆیدا ئاین پەیوەندی نێوان خودا و جیهانە، یان بە باوەڕهێنان بە خودا پێناسە دەکرێت[١]. ئایین، بریتییە لە سیستمی بەڕێوەبردن و پیادەکردنی کۆمەڵێک ئەزموونی ڕۆحی کە ژیانی مرۆڤ، یاخود چەند بەشێک لە ژیانی مرۆڤ بەڕێوە دەبات[٢]. ئەگەر ئایین سیستم بێت ئەوا وەک سیستمەکانیتر نییە، چونکە ئەم پیرۆزی بەڕێوەی دەبات[٣]. ئاین و لایەنە ئاینییەکان ڕۆڵیکی گرنگیان لە قۆناغە جووداکانی ژیاندا گێڕاوە، بەهۆی ئەوەی پیاوانی ئایینی شوێن باوەڕوو متمانەی خەڵکی بوون، هەموو قسەو فرمان و ئامۆژگارییەکیان جێبەجێکراوە، بێ چەند و چوون و سەرپێچیکارانیان بە یاخی و لادەر وێناکراون[٤]. کاریگەری ئەو ڕۆڵ بینینە لەسەر لایەنە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیش دەردەکەون، لەم ڕوانگەیە و بە حوکمی موسڵمان بوونی زۆرینەی خەڵکی ناوچەکە و پابەندبوونیان بە ئایینزای شافیعیی و هاتنی تەریقەتی نەقشبەندیش بۆ ناوچەکە، وایکرد خەڵکێکی زۆر بە شێخانی هەورامانەوە پەیوەست بن[٥]. بەهۆی کاریگەری و پیرۆزبوونەوە، زۆرینەی کوردەکان بڕوایەکی بەهێزیان بە گوتە و کرداری شێخەکانی تەریقەت هەبوو[٦].

لەو قۆناغانەی مێژوودا دینداریی لەنێوو تەریقەتەکاندا بە گشتی زیاتر لە بەرگی تەسەوفدا خۆی دەنواند، خەڵکی لە ڕێگەی تەریقەت و شێخەکانەوە ئایینداری دەکرد و پابەندی سروت و بنەماکانی دین دەبوون، هەر مرۆڤێکی دیندار دەبوو لەسەر دەستی شێخێک پەشیمانی دەربڕێت (تەوبە) بکات و ببێتە دەروێشی یەکێک لە شێخەکانی تەریقەت[٧]. ئەو جۆرە لە ئاینداری زیاتر بە ئاینداریيەکی کوردانە دەناسرێت و نەکەوتووەتە ژێر کاریگەریی و پاشکۆیەتی دەرەوەی خۆی[٨]. پەیوەندی کوردە موسڵمانەکان بە تەریقەتە سۆفیگەراکانەوە بە بەراورد بە پەیوەندییان بەڕێوڕەسمە ئیسلامییە پێشینە (سلف)کانەوە پتەوتر بوو[٩]. لەگەڵ ئەو گلەییانەی لە شێخەکان و ئاراستەی کارکردنیان دەکرێت، مێژوونووسی عێراقی (عەباس عەزاوی) وا باس دەکات ئەوان خەڵکی خوێندەوار بوون و شوێن

---

[١] میشیل مالرب: مرۆڤ و ئاینەکان ڕۆڵی ئاین لە ژیانی تاك و کۆمەڵدا، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٢١.

[٢] ئەکبەرحەسەن: سەرچاوەکانی ناسنامە، گۆڤاری(نۆڤین)، ژمارە(١٦)، مەکتەبی بیروهۆشیاری(ی.ن.ك)، چاپ وپەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٠، ل١٠٢.

[٣] ريمون بودون و فرانسوا بوريكو: معجم نقدى لعلم الاجتماع، ت.د.سليم حداد، ط١، مؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٨٦، ص ٣٢٠.

[٤] مەحمودی مەلاعیزەت: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

[٥] عطا محمد علاالدين: المصدرالسابق، ص١٤٢.

[٦] جیوس بلۆ: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

[٧] ئاراس محەمەد صالح: زانایانی ئیصلاح...، ل٤١.

[٨] سەلام عەبدولکەریم(د) و بەرزانی مەلا تەها: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

[٩] میهرداد ئیزەدی: ئاین و تایفە ....، ل٧٨.

کەوتەکانی خۆشیان بۆ فێربوون و شەرع ئاراستە کردووە، بەو ڕێگایەشیان خەڵکیان لە شێخە نەزانەکانی ڕێبازەکانی تر قوتارکردووە[١].

دیارە لە ناو شێخانی کورد و پەیڕەوانی نەقشبەندیشدا شێخ هەبوون کە ئاراستە و تەریقەتەکەیان بۆ بەرژەوەندی کەسی و خێزانی خۆیان وەک سەرچاوەیەکی گرنگی خۆ پێگەیاندن و خۆ دەوڵەمەندکردن بەکارهێناوە، بۆیە ئەگەر تێبینی بکەین لەسەردەمی ژیانی مەولاناوە، لە ناو شێخانی ڕێبازی نەقشبەندیدا ئەو حاڵەتە دەبینین، مەولانا زوو زوو پەیامی دەدا بە خەلیفەکانی تاوەکو لە پیاوانی دەسەڵات و دونیایی دووربن، بۆ ئەوەش تاوەکو ئاستی وەرگرتنەوەی مۆڵەت نامەی جێنشینی لە گەڵیان ڕۆشتووە[٢]. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش لەپەیامی هەندێک لە شێخانی نەقشبەند لە هەورامان دەبینین، وەك بێزاری نواندن لە بوونی ئەو جۆرە شێخانە.

بۆیە شێخ (عوسمان سیراجەدینی یەکەم) لە مۆڵەتنامە نووسیندا ئامۆژگاری شوێن کەوتەکانی کردووە و گوتویەتی:"منی فەقیر بە نوێنەرایەتی شێخانی تەریقەت و شوێنکەوتە و موریدان و هەرکەسێ بڕوای بە ئێمەیە بانگ دەکەم و وەسێتتان بۆ دەکەم، کە ئامان سەد ئامان، نەکەن لە جادە و ڕێگەی شەریعەت لابدەن، با بەئەندازەی سەرە موویەکیش بێت، شوێنکەوتەی سوونەت بە خۆشبەختی خۆتان بزانن و پشتگوێخستنیشی بە گوومڕایی بزانن"[٣]. لەگەڵ هەموو ئەو قسەو ئاگادارینامانەدا نەتوانراوە ڕێگە لە شێخی بەرژەوەند خوازبگیرێت.

هەر ئەو دۆخەشە والە کەسێکی وەک شێخ (عومەرزیائەدین) دەکات گلەیی لە بەگزادەکانی مەریوان بکات کە بۆ چی لەکاتی بوونی تۆمەتی دزی و دەست پیسیدا پەنا نابەنە بەر قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر، بۆ دەبێت داوا لە شێخ و مەشایەخ بکەن بە (کەشف و کەرامات)[٤] ڕاستی و درۆیی ئەو جۆرە کەسانەیان بۆ دەربخەن و پێیان بڵێن قسەی ئەو جۆرە شێخانە لە بەرامبەر حوکمی شەرعی قیمەتی چییە[٥]. ئەوەش جۆرێکە لە هەڵوێستی نارەزایی بەرامبەر کارە نەشازەکانی هەندێک لە شێخەکان و پابەند نەبوونی دروستی خەڵکە بە ئاینەوە، بۆیە ئەم شێخە هەر بەوەندەوە ناوەستێت و دەردە دڵی خۆی لەو ڕۆژگارەدا بە نامە دەگەیەنێتە یەکێک لە مەلا گەورەکانی ئەو دەم کە (مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە)یە لە کۆیە و بێزاری خۆی لەو شێخانە نیشانداوە کە بە ناوی دینەوە خەڵک دەخەڵەتێنن و مەلای ناوبراویش لەو بۆچوونەی شێخدا هاوبیرە[٦]. هاوتا بەم جۆرە لە خەڵکانی بڕواداری تەسەوف و شێخانی لەخۆبوردوو دونیایەک شێخی لادەر و ڕووکەش هەن کە

---

[١] عباس العزاوی: خلفاء موالنا خالد، مجلة المجمع العلمي الكردي، بغداد ١٩٧٤، ص١٨٤.

[٢] عبد المجيد بن محمد الخانی: المصدر السابق، ل٢٣٢.

[٣] وەرگیراوە لە// مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان، ب٢، ل٥٢.

[٤] کەشف و کەرامات (موعجیزە، کەشف و کەرامات، چاو بەستی/موخادەعە، ئیستیدراج) ئەمانە هەموویان لە یەك چوارچێوەدا کۆدەبنەوە کە پێیان دەوترێت(خرق العاده) لە ڕووی کرداریەوە بەو کارە دەوترێت کە ئەنجامدانی لە ووزەی مرۆڤ بەدەرە. بۆیە پێی دەوترێت (خرق العادة) واتە سنوری ساکاری ژیانی شکاندووە. بەڵام هەریەك لەو ناوانە، بەگوێرەی بکەری کارەکان دەگۆڕێن. بە جۆرێك گەر کارەکە پێغەمبەرێك بیکات پێی دەوترێت موعجیزە، گەر پیاو چاك و خواپەرستێك کردی پێی دەوترێت کەشف و کەرامات، ئەگەر نا موسڵمانێك کردی پێی دەوترێت ئیستیدراج یان چاو بەستی. (بۆ زیاتر بڕوانە// ئەمین شێخ عەلائەدین نەقشبەندی: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٨).

[٥] عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد ئەحمەد ئاوایی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١.

[٦] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان: ب٢، ل ١٧٣،١٧٤.

شێخایەتی دەکەنە هۆکارێک تاوەکو لە ڕێگەیەوە دونیا بەدەست بهێنن[١]. پەنا بردنی شێخ بۆ ئەو مەلایە وەک خەلیفەیەکی مەولانا و زانایەکی دیاری زانستە شەرعییەکان، لە کاتێکدا بوو ناوبراو لای خۆیەوە دەستی کردبوو بە وریاکردنەوەی خەڵکی لەو جۆرە بۆچوونانەی شێخە لادەرەکان. بۆیە ئەو کاریگەرییانەی مەلای ناوبراو دواتر لەسەر (مەلا محەممەدی کۆیی- مەلای گەورە) بە ئاشکرا دەبینرێت، بە شێوەیەک ئەو مەلازادەیە ڕەخنە لە دۆخی ناسازی دینداری لە کوردستاندا دەگرێت بە بڕوای ئەو هۆکارەکەی لە نەخوێندەواری شوێنکەوتەکانی شێخەوە سەرچاوە دەگرێت، بەجۆرێك شێخ و تواناکانیان لە ڕادە بەدەر گەورە کردووە[٢]. ئەم بۆچوونەی شێخی (بیارە) و مەلای (کۆیی) هاوتایە بە بۆچوونی شاعیری گەورەی کورد حاجی قادری کۆیی کە هاوسەرەمی ژیانی ئەو شێخەی (بیارە) بووە و دەمێک بوو، هاواری بوو لە دژ شێخانی قۆرخکاری تەسەوف. لە هەمان کاتدا، دان بە فەزڵی بیرکردنەوەی تەسەوف و کەسایەتییە ڕاسالەکانی ئەو بیرکردنەوە دینیەدا دەنێت، ئەو تەنیا دژی بەکارهێنانی تەسەوفە بۆ بەنجکردنی میللەت و ڕووتاندنەوەی چینی هەژار و خۆ دەوڵەمەندکردنی کۆمەڵێک کەسی نەزان و نەخوێندەوارە بەسەر ئایین و تەسەوفەوە[٣]. ئەگەرنا ئەو شاعیرە لە پیاهەڵدانی بۆ مەولانا دەڵێت:

قوتبی زەمانە خالید، ئاوارە بوو وەکوو من

بێ قەدر و قیمەت و شان، بێ خن و مان و بێ نان[٤].

ئەو ڕەخنانە هەر لەوێدا ناوەستن وەک ئەوەی شێخ و بڕوادارانی تەریقەت و تەسەوف ڕەخنەیان دەگرت، نووسەرانی دەرەوەی ئەو ڕەوتەش ڕەخنەیان دەگرت و شێخەکان و بنەماڵەکانیان وەک تۆڕێکی نهێنی و نەبینراوو ڕێگر لەبەردەم گەشەی چینی بۆرژوادا دەبینی، کە دەیویست بازاڕ و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری، لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بێ[٥]. ڕەخنەی ڕەخنەگرانی ئایینی لەو ڕەوتەی تەسەوف کە پانتایی ئایینداری وڵاتی کوردەواری گرتبوو، لە خودی تەسەوف نەبوو، بەڵکو لەو دۆخە قەیراناویە بوو کە تەسەوفی تێکەوتبوو[٦]. لە ڕووی ئاینییەوە لای خەڵکی ناوچەکە شێخەکان خاوەن دەسەڵاتێکی گەورە بوون، تاوەکو ئاستێک ئەو پێگە و قودسیەتەی پیر و شێخ و شەخس هەیبووە لە هەورامان، هیچ کەسێکی تر لەڕابەرانی ئیسلام نەیبووە[٧]. ئەوەش وایکردبوو پیرۆزییەك بە ناوچەکە ببەخشێت بەجۆرێك هەندێك لە بەگەکانی جاف وەك هێمای پیرۆزی لەکاتی مردنیاندا ویستویانە لەوێ بنێژرێ[٨]. چونکە وێنا و بڕوای خەڵکی وابووە کە شێخەکان لەگەڵ پیاوچاکان لە پەیوەندیدان، نەک هەرئەوەندە، بەڵکو لەگەڵ خوداوەندیشدا لە

---

[١] محمد احمد درنيقة: الطرق الصوفية و...، ص٥.

[٢] ئاراس محمد صالح: زانایانی ئیصلاح ...، ل١٦٢.

[٣] حاجی قادری کۆیی: دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی، سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، شارە کتێبی میدیا، سنە،٢٠٠٧، ل٢٣٣.

[٤] هەمان سەرچاوە، ل٨١.

[٥] فازڵ کەریم مامۆستا جەعفەر: شاری سلێمانی ململانێی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان ١٨٢٠-١٩٢٠، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.٢٠٠٦، ل٨٤.

[٦] عماد عبدالسلام: دراسات وثائقية ...، ص٤٥١.

[٧] محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب١، ل١٠٦٧.

[٨] مێجەرسۆن: گەشتێك بۆ میسۆ پۆتامیا و کوردستان لە بەرگی ناديارداا، و.مینە، چ١، کتێبخانەی یادگار، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٢٢٨.

پەیوەندییەکی ڕۆحیدان [1]. بۆیە توانای ئەوانیان بە سەرووتر لە توانای مرۆڤێکی ئاسایی بینیوە، ئەو جۆرە بیرکردنەوە ناچار بە پەنابردیان بۆ شێخەکان دەکات، تەنانەت هەندێک لە ڕووداوەکانیشیان پەیوەست دەکرد بە شێخەکانەوە.

(محەممەد ئەمین هەورامانی) وێنەی کرداری بیروبڕوای خەڵکی ناوچەکە دەکێشێت و ئاماژە دەکات بەوەی، هەر ماڵێکی شاری هەورامان کە (مەبەستی لە هەورامانی ئەو دیوە) وێنەی شێخێکی تێدا بوو، بەجۆرێك لایان وابوو بوونی وێنەی ئەو شێخە لە ماڵیدا لە هەموو دەرد و بەڵایەک دەیپارێزیت، لەگەڵیشیدا سەرچاوەی ڕزق و ڕۆزی دەبێت. لە بڕوای ئەودا ئەو جۆرە کردارانە، شێوەی بت پەرستی وەرگرتووە، هۆیەکەشی نەزانین و باکگراوندی هەریەک لە ئایینەکانی (زەردەشتی و ئەهلی حەق و ئیسلام)ن [2]. هێز و دەسەڵاتی شێخ لە ڕێگەی گێرانەوەی شتی سەیر و سەمەرەوە لە شێوازی جۆرە ئەدەبێکی میللی و فۆلکلۆردا ڕەواجی پێ دەدرا[3]. نووسەری ئێرانی (ئەحمەدی کەسرەوی) لە کتێبی (سۆفیگەری)دا، لەگەڵ ئەوەی ڕەوتی تەسەوف لە دونیای ئیسلامی بە بڵاوکردنەوەی خورافات تاوانبار دەکات و بۆ ئەوەش هێرشی توند دەکاتە سەر کەسایەتییە دیارەکانی دونیای تەسەوف، کە شێخانی نەقشبەندیش سەر بەو جیهانەن[4]. لەسەر کاری خورافە کاری و چیرۆکی دوور لە ڕاستی کە لەلایەن شێخەکانەوە دروستدەکرا، بە مەبەستی خۆ بە گەورە نیشاندان لەلای خەڵکی وەک ئەوەی ئەوان دروستکراوێکی تایبەتبن، تەنانەت دروستکردنی هەندێک چیرۆکی دوور لە ڕاستی بە ناوی شێخە کۆچکردووەکانەوە، بۆ ئەوەبوو تاوەکو خۆشیان هەر شتێکی لەو جۆرەیان گوت خەڵک بڕوایان پێ بهێنێت[5]. هەندێك جاریش قسەکان بەناوی شێخەکانەوە هەڵبەستراون، بەهۆی زیادەڕۆیی شوێنکەوتەکانەوە.

(شاکرفەتاح) لەو بارەیەوە لە مانگی (٨ی١٩٣٣)دا چیرۆکێک دەگێڕێتەوە، کە خۆی کاراکتەری ناو ئەو چیرۆکە بووە بە قسەی هەندێک لە دەروێشەکانی شێخ (عەلائەدین) گوایە ئینگلیزەکان چەند جارێک وێنەی شێخیان گرتووە، بەڵام دەرنەچووە، ئەم چیرۆکەش وەك هێمای پیرۆزی بەخشین بوو بە شێخ، بۆیە شێخ وای گەیاندبوو کە ئەو وێنەی ناگیرێت، پاش ئەوەی نووسەر ئەم قسەیە دەبیستێت، هەوڵدەدات ڕاستییەکەی بسەلمێنێت بۆیە سەردانی شێخ دەکات و پێشنیاری گرتنی وێنەیەکی بۆ دەکات، بە قسەی ئەو نووسەرە شێخ کەدەزانی ناوبراو شاگردی (مامۆستا) خوێندنگەیە ئیتر وەک بیەوێت دڵی شاگردێکی (خودانەناس)، ئەوسا بە خوێندکارانی خوێندنی حکومییان دەگوت خودا نەناس، ئەو داوایە جێبەجێدەکات و عەگاڵێکی ئاوریشمی سپی دەکاتە سەرو خواستەکەی بەدیدێنێت بۆیە بەلای ئەو نووسەرەوە، شێخ پیاوێکی گەورە بوو، دەیزانی چۆن دڵی لاوێکی وەک ئەو خۆش بکات، ئەنجام وێنەیەکی لێدەگرێت و پاشان دەستی ماچ دەکات و دەڕوات[6].

بۆ ئەو ڕۆژگارە، دژ وەستانەوەی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە ئاسان نەبوو، بۆیە ئەگەر کەسێک بیویستایە دژ بەو باوەڕە باوەی ئەوان کە وەک نەریتی چەند ساڵە کاری پێکرابوو بوەستێت، بەوەی شتێک بیرتیژتربێ لە دەوروبەرەکەی خۆی، بە زوویی لە ناو دەبرا، چونکە مەترسی بوو، بۆ سەر

---

[1] خالد محمود کریم: دەوڵەتی عوسمانی و ...، ٢٠١٢، ل٩٤.
[2] محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب٢، ل٦٠١ .
[3] مارتن ڤان برونسن: ئاغا و شێخ و...، ب٢، ٢٠١١، ل ٣٥٩ .
[4] وەرگیراوە لە// عبدالرحمن شێخ صلاح الدین شێخ سلێمان بەرزنجی بێلاف: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨١.
[5] محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب٢، ل٥٤٧.
[6] شاکر فەتاح: ئاوێنەی...، ل٢٢١.

بەرژەوەندی ئەوان. (میرزا حەسەنی ڕەومایی) دەڵێت:"مەلا ڕەسووڵی ئاریان، لەلایەن کوڕە شێخێکی هەورامانەوە، بانگ دەکرێت، گوایە ئەو مەلایە، هەمیشە دژی کاروکردەوەی ناشەرعی شێخەکان وەستاوەتەوە، دەبرێتە جێگایەکەوە و ئالەوێدا یەکێک لەو کوڕانە، کە دوو دەمانچەی پێ دەبێت، بە دەمانچەیەکی مەلاکە دەکوژێت، کاتێک کە دەمانچەکە دەخاتەوە ژێر پشتێنەکەی، گوللەیەک دەردەچێت و دەچێت بە ناو گەڵی خۆیدا، ئەویش ماوەیەک خەریکی تیمارکردنی خۆی بوو تاوەکو چاک بووەوە، لە بارەی ناوی ئەو کوڕە شێخەوە هەریەکە لە (میرزاحەسەن، مەلانەزیر، میرزا قادری پڵنگیان)یش هەر هەمان شتیان دەگێڕایەوە، بەڵام کەسیان ناوی ئەو کوڕە شێخەیان نەبرد، بۆ چی نازانم"[١]. بەوەش هەر مەلایەک بە دڵ و عەقڵی شێخەکان نەجوڵابێتەوە، شێخەکان لێیان دووردەکەوتنەوە دەبوو مەلا یان مل کەچ بکات یان شوێنەکە جێ بهێڵێت وەک ئەوەی لەگەڵ مەلا (عەبدوڵڵای گوڵپ)دا ڕوویدا، کە مەلایەکی خاوەن مۆڵەتی زانستی هەڵکەوتوو بوو، پاش هاتنەوەی بۆ گوندی(گوڵپ)، ویستی ژوورێک لە تەنیشت مزگەوتی گوڵپ بۆ ڕاگرتنی فەقێیان بکاتەوە، بەڵام لە بەر وریاییەکەی و بیرکردنەوەی جیاوازی، بە دڵی شێخ زادەکان نەبوو، بە بیانووی ئەوەی مزگەوتەکە موڵکی شێخەکانە پێی چۆڵکرا[٢].

نەریتی دژایەتیکردنی نەیاران لەلایەن پلەدار و خاوەن پێگەکانەوە، کۆنە و هەرجارەی بە تۆمەتێک، لە دەوڵەتی عەباسییەوە هەرکەس ڕەخنەی لە خەلیفە بگرتایە کە بە پێی فەرموودەی (پێغەمبەر) کارناکات و ژیانی هاوشێوەی ژیانی پاشاکانی ڕۆم و فارسە، تۆمەتی (زندیق)یان[٣] دەدایە پاڵی، ئەم نەریتە لەماوەی دەسەڵاتی شێخەکانی کوردستاندا کاری لەسەرکراوە، ئەگەر یەکێک ڕەخنەی لە شێخ بگرتایە بەوەی شێخێتی تەرکی دونیایە، ئەم هەموو خۆشگوزەرانییە چییە کە شێخی تێدایە، لەوەی هەرچی ژنی جوانە، شێخ و کوڕە شێخەکان مارەیان دەکەن، هەرچی جلی جوانە ئەوان لەبەریدەکەن هەرچی خواردنی باشە ئەوان دەیخۆن. هەرچی کۆشکی جوانە، ئەوان ژیانی تێیدا بەسەردەبەن و بە هەزاران دواکەوتووی نەزان ژێرپێیان ماچ دەکەن، تاوەکو ڕۆژی قیامەت شەفاعەتیان بۆ بکات، ئەگەر یەکێک ئەم جۆرە شتانەی بگوتایە و بە تایبەت مەلاش بووایە لە چەشنی مامۆستا سەید (عارف)، پێیان دەگوت (منکیر)ە کوڕە شێخەکان لە کوردستاندا بە ناوی مونکیرەوە زۆر کەسیان ونکرد، ئەم تۆمەتە لەسەردەمی پاشایەتی و کۆماریدا گۆڕا بە (کۆمۆنیست-Komonizm) [٤]. هەندێک لە ڕابەرانی ئایینی و کۆمەڵگە بەرجەستەی ستەم و ملهوڕی بوون، لە ڕاستیدا ستەم و ملهوڕی ئەوان، ئێجگار وێرانکەر بوو[٥].

ئەم وێنەکێشانەی ستەمی شێخ زادەکان بەرامبەر نەیارانی خۆیان و ئاراستەی کارکردنیان لە مەلا و چینی خوێندەوار، پێچەوانەی نەریتی بەگزادەکان بووە، بۆیە کاتێك (عادیلەخانم) لە هەوڵی

(١) وەرگیراوە لە// محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب١، ل٩٥٠، ١٠٢٣.
(٢) حەمەکەریم هەورامی: چیرۆکی من و...، ب١، ل ٦٤
(٣) زەندیق، وشەیەکە بنەڕەتەکەی فارسییە لە (زەندەکرد)ەوە وەرگیراوە، تێکەڵ بە زمانی عەرەبی بووە و تەعریب کراوە، لە ڕووی واتابییەوە، بە مانای شاردنەوەی ناپاکی و بێ باوەڕی یە، لەبەرامبەردا نیشاندانی کوفر و باوەڕە پێکەوە یان بە جیا. بەگوێرەی ئەو دۆخ و دەرفەتانەی بۆی دەلوێت. جیاوازیشی لەگەڵ دووڕوودا ئەوەیە کە دوو ڕوو بیروبڕوای خۆی دەشارێتەوە هیچ بەڵگەیەکی ڕوون لە سەرخۆی بە دەستەوە نادات، بەڵام ئەم بە پێچەوانەوە، لە ڕووە شەرعییەکەوە سزای زەندیق کوشتنە. (بۆ زیاتر بڕوانە// مصطفى حليمة و عبدالمنعم ابو بصير: زنادقة العصر، بدون مكان الطبع، ٢٠٠٠، ص١،٣).
(٤) موستەفا ئیبراهیم زەڵمی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٨.
(٥) کەمال سولەیمانی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٨.

دەستگیرکردنی (فەقێ حەسەن) ناوێك لە شاری (سنە) و هێنانی بۆ (هەڵەبجە) دەبێت لە ڕێگەی پیاوەکانیەوە لەسەر بنەمای ئەوەی لە شەڕە شیعرێکدا قسەی نەشیاوی بە شێخ (ڕەزا)ی دۆست و خۆشەویستی پاشا و بەگزادەکانی جاف گوتووە، تاوەکو لە هەڵەبجەدا دادگایی بکات، بە پیاوە ڕاسپێردراوەکانی ڕادەگەیەنێت کە نابێت ئازاری بدەن و دەستی لێبوەشێنن و قسەی خراپی پێبڵێن، چونکە خانم نەیویستووە کارێك بکات لە دواڕۆژدا بۆ پێگە وناوبانگی (حەمەپاشا)ی جاف بەدناوی بێت، وەك خانم ئاماژەی کردووە لە مێژووی میرەکانی جافدا ئەگەر کەسێك لە مەلا و سەیید و شێخ و فەقێ خراپەیەکیان بەرامبەر میرەکانی جاف یان خەڵکیتر کردبێت، گەورەکانی جاف دەستییان لێپاراستوون و ئەویش نەیویستووە لەو ڕێگەیە لابدات[١]. بەڵام کاتێك لەم هەڵوێستەی خانمی هەڵەبجە وورد دەبیتەوە، ناتوانیت باوەڕ بەو ئاستە لە مرۆڤ دۆستی ئەو بکرێت، چونکە کەسێك لەسەر بنەمای شەڕە شیعرێکی هونەری لە شارو زێدی خۆیدا بەرامبەر یەکێك لەو شاعیرانەی کە ناسراوە بە شیعری داشۆرین(هجو) ئامادەبێت خەڵکی بۆبنێرێتە شاری (سنە) و ئەو هەموو دوورییە ببڕن، تەنها لەبەرئەوەی شێخ (ڕەزا) داشۆرینی شیعری لە دژکراوە کە دۆستی پاشای جاف بووە، نەك بەرامبەر خودی پاشای جاف کرابێت، چۆن دەبێت هێندە نەرم و نیانی لێچاوەڕوان بکرێت.

ڕەخنەگرانی ڕەوتی تەسەوف بۆ ڕێوڕەچەی ئەو جۆرە لە دینداری هەوڵیان داوە لە ڕێگەی دینەوە دژی بوەستنەوە، چونکە ئەوان بە ناوی دینەوە ئەو هەنگاوانەیان ناوە، باشترین ڕێگاش بۆ ئەو چاککردنە خوێندن و خوێندەوارییە، کە ڕەوتی پێچەوانە ویستوویانە بە پشتگوێ خستنی درێژە بە کاروانی قۆرخکردنی کۆمەڵگا بدەن[٢].

بەڵام لە ڕووی کردارییەوە ناوەندەکانی خوێندنی ئایینی، ئەو ڕۆژگارانە لە بندەستی شێخەکاندا بووە، لەڕووی دینییەوە خزمەتیان بە خوێندن و خوێندەواری کردووە، هەرچی خوێندنی فەرمی دەوڵەتیشە، ڕاستە بە چاوێکی گومانەوە تەماشا دەکرا و بە خوێندکارانی ئەو خوێندنگانەیان دەگوت خودانەناس، بەڵام بە پێی قسەکانی (شاکرفەتاح) بێت شێخانی هەورامان بۆ خۆیان هاوکار و پشتیوانی کردنەوەی خوێندنگە بوون[٣]. وەك بڕوا بوون بەو جۆرە خوێندنەش کوڕانی خۆشیان لەگەڵ کوڕوکاڵی خەڵکی ناوچەکەدا، لەناو قوتابخانە فەرمییەکاندا تۆمارکردبوو[٤]. وەنەبێت ئەم جۆرە هەڵوێست وەرگرتنە بەرامبەر بە خوێندنگە فەرمییەکانی حکومەت لەو ڕۆژگارەدا هەر تایبەت بووبێت بە شێخەکانەوە، وەک گوتمان ئەوان هاوکاریشیان کردووە، لە کاتێکدا تێڕوانین بۆ خوێندنی فەرمی لەلایەن هەندێک لە مەلاکانی سلێمانیشەوە، بەکارێکی لە ڕێدەرچوون وێنا دەکرا، وەک ئەوەی (ئەحمەد بانیخێڵانی) لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت:" بەهۆی خوێندنی هاوڕێ بەها (بەهائەدین نوری) لە خوێندنی ئێوارانی مەکتەب، مەلاکانی تر جێگایان نەدەکردەوە و دەیان گوت بێدینە و ڕقەبەرایەتیان دەکرد"[٥]. ئەو جۆرە لە تێڕوانینی دژبەیەك، بۆ خوێندن لە نێوان بەرەی باڵادەست بەسەر بیرکردنەوەی کۆمەڵگا، کە خۆی لە (شێخ و بەگەکان)دا دەبینییەوە، لەگەڵ هەندێك لە زانایانی ئایینی کە ئەو جۆرە بیرکردنەوە و تێڕوانینەیان بۆ ئایین بەلاوە پەسەند نەبوو، سەرچاوەی زۆرێک لە کێشەکانی کۆمەڵگابوو، بەڵام نەبوونی پشتیوانییەکی ئەوتۆ بۆ ئەو جۆرە خوێندنە بۆ چینە

---

[١] محەمەد سەعید جاف: هەمان سەرچاوە، ل٢٥٧.
[٢] ئاراس محمدصالح: زانایانی ئیصلاح و..، ل١١٨، ١١٩.
[٣] بەهادین ئەحمەد محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٤.
[٤] حەمەکەریم هەورامی: چیرۆکی من... ، ل٢٢١.
[٥]سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

گشتییەکە پارسەنگی بەلای شێخ و بەگەکاندا خستبوو، ئەوەش وادەکات هەندێك لە مەلا دیارەکان ئەگەرچی بڕوایان بەو شێوە کارکردنەی شێخەکان نەبوو، بەڵام بە خوێندنەوەی واقیعی ڕووداوەکان خۆیان تێکەڵ بە ململانێ نەدەکرد و بێدەنگیان هەڵبژاردبوو.

لە چەشنی مەلا (حەسەنی دزڵی)[١] ئەم کەسایەتییە لەگەڵ ئەوەی لە ناوەندێکی سۆفیگەرای وەک (تەوێڵە) و هەوراماندا بووە، بەڵام نەچووەتە ژێر کاریگەری ئەو تەریقەتە و ڕەخنەشی لەو کەسانە گرتووە کە خەڵکیان بە ناوی دینەوە ڕووتاندووەتەوە، ئەو بە شیعر و گوتەکانی، خەڵکی لەو دۆخە وریا کردووەتەوە، بەڵام پەیوەندیشی لەگەڵ شێخانی نەقشبەندییدا هەبووە وهاتووچۆی کردوون[٢]. بەڵام دۆخی خوێندن و دامەزراوەکانی خوێندنی فەرمی لای شێخانی نەقشبەندی لە هەورامان جوودا بووە لە تێڕوانینی هەندێك لە شێخەکانیتر لە ناوچە جوداکان، بۆیە لە ئامۆژگاری شێخانی نەقشبەندی هەوراماندا هاتووە بۆ نەوە و خەلیفەکانیان، مادام مەلا ئەرکی ڕێنمونی و ئاراستەکردنی خەڵکە بۆ ڕاستەڕێی ئیسلام، گرنگ نییە بڕواداری تەریقەت بێت یان نا، بۆیە ڕێز و حورمەتی بەرز ڕادەگیرێت، تەنانەت ئەگەر هێرشی سەر شێخانیش بکات نابێت دژایەتی بکرێت[٣]. تێڕوانینی شێخانی هەورامان بۆ ئەو کەسانەی کە لە ئەدەبیاتی سۆفیزمدا بە (منکر) دەناسرێن، تێڕوانینێکی ڕوکارییە و نایبەستنەوە بە سنوربەزاندنی ئاینییەوە، چونکە ئەوان پیان وایە گەر کەسێك شێخانی خۆش بوێت و ستەمکار و خوانەناس بێت بەرامبەر بە دەروونی خۆی، ناسین و خۆشویستنی شێخان هیچ واتاو سودێکی نابێت، بەڵام لە دیوی پێچەوانەدا ئەگەر لەگەڵ شێخان و ئاراستەی بیرکردنەوەی ئاینی ئەوان ناسازبێت، بەڵام خوداناس بێت وخۆشەویستی خودای هەبێت گرفتێك نابێت گەر بەشێخانیش (منکیر) بێت[٤].

ڕێزی ئەهلی زانست لای ئەمانە بە ڕادەیەک بووە، هیچ کات بە مەلایان نەگوتووە موريد، بەڵکو بە مەنسوب ناویان بردوون، ئەوەش وەک پشکداری و هاوبەشی بوونە لەگەڵ ئەو کاروانەی خۆیان[٥]. لە خانەقای نەقشبەندییاندا هێندە ڕێز لە زانست گیراوە زۆر بەدەگمەن نەبێت ڕێگە نەدراوە فەقێ لەسەرەتادا سۆفی بێت و پاشان خەریکی خوێندن بێت، بەڵکو شێخانی ئەم تەریقەتە خواستوویانە خوێندەوارێکی سۆفی بن، نەك سۆفییەکی خوێندەوار، چونکە ئەگەر سۆفی بوون لەسەر بنەمای زانست و خوێندەواری بونیادنرابێت ئەوا جێگیر و سەرکەوتوو دەبێت، بە پێچەوانەشەوە دووچاری

---

(١) ناوی تەواوی (حەسەن کوڕی مەلا محەممەد کوڕی مەلا ڕەزا)، نازناوی هیجری بووە. لە (١٨٥٨) لەگوندی (وەیسیا) لەهەورامان لەدایك بووە. ئەم مەلایەی کورد تێگەشتنێکی زۆری لەدەقەکان هەبووە و زۆر وابەستەی تەقلید نەبووە. پاش یەکلاکردنەوەی بابەتێکی زانستی شەرعی لەکۆڕی زانایانی کەرکوك و بەغدا، سەلماندنی ڕاستی بەڵگەکانی خۆی کە تاڕادەیەك دژە ئاراستەی گشتی بووە بۆ ئەو کات، والی بەغدا بڕیاردەدات بیکاتە (قاضی القضات) یان ومفتی وڵات. بەڵام ئەو داوای لە والی دەکات لەبری ئەوە حەزی لە خوێندنی زیاترە و داواکارە لەسەر خەرجی دەوڵەت بینێرێتە زانکۆی ئەزهەر لە میسر، یان مەدینەی منەوەرە. سەرەنجام لەسەر خەرجی دەوڵەت دەچێتە ئەزهەر و پاش دووساڵ خوێندن بۆ ماوەی نۆساڵ دەبێتەوە بە مامۆستای ئەو ناوەندە زانستیە. پاش گەڕانەوی بۆ هەورامان و بەسەربردنی ژیانی ڕەبەنی لە (١٩٤٥) پاش تێپەڕاندنی سەرو هەشتا ساڵ لەتەمەن کۆچی دواییکردووە. (بڕوانە// عومەر چنگیانی: گەشتێك بۆ باکور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٣٨،٤٠).

(٢) عبدالرزاق عبدالرحمن محمد:سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٢، ٢٤٦.

(٣) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مەلاغەفوری عەبابەیلێ) مەلای ئاینی و دەرچوو حوجرەی ئاینی بیارە، لە ئێستادا وتاربێژی خانەقای بیارە و پێشنوێژە لە هەڵەبجەی شەهید، شوێنی چاوپێکەوتن هەڵەبجەی شەهید، ڕۆژی(پێنج شەممە)، ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٥/١٢)، کاتی چاوپێکەوتن (١٠:١٥)، ماڵەوە.

(٤) الشیخ محسن المفتي: المصدر السابق، ل ٣١.

(٥) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (دکتۆرعەبدودائیم هەورامانی)، سەرچاوەی پێشوو.

لادان و سەرلێشێواوی دەبێت[١]. ئەو ئامۆژگارییانە لە ڕووی کردارییەوە لەلایەن شێخ (عەلائەدین)ەوە بەر جەستەدەکرا، چونکە خزمەتێکی زۆری بە مەلا و فەقێ دەکرد، یەکەم شێخێک بوو لە هەوراماندا ئەرکی فەقێ و مەلای گرتبێتە سەرشانی خۆی[٢]. ژیانی مەلایەتی، لەو دەمەدا ئەگەرچی لە ژیانی زۆرینەی خەڵک باشتر بوو، بەلام جۆرێتی ئەو ژیانە بە هەموو مەلایەکیش قبووڵکراو نەبووە. وەک (قانع)ی شاعیر کە ژیانی مەلایەتی پێ قبووڵ نەبووە، چونکە هەندێک هەڵوێستی ئایینی لە وڵاتدا بە بەشێک لە کەرەستەی زەوتکردنی هزری ئازاد بینییوە و دەڵێت:

مەلایی و خوێندەواری، خوو ڕەوشتی خۆم و باوانمە
کەچی من ئارەزووی نان و ژیانی وەک مەلا ناکەم[٣].

وەنەبێت لەو قۆناغانەی نەهامەتیدا خزمەتی شێخەکان و بەتایبەتی شێخ (عەلائەدین) تەنیا بە چێنی مەلا و فەقێ بێت، بەڵکو ئەو نانەواخانەی کە ئەو شێخە لە (بیارە) کردبوویەوە و بەیانی و ئێوارە نانی بەخۆڕایی دەدا بە خەڵک و ڕێبواران، لەگەڵ ئەوەشدا سەرجەمی ئەو فەقێیانەی لە (بیارە) دەیانخوێند هەموو خەرجییەکیان لەسەر شێخ خۆی بوو، هەروەها هەموو ئەو هەژار و بێنەوایانەی بە دەوری خانەوادەی شێخەوە بوون، خەرجیان لەلایەن شێخەوە بوو[٤].

گەڕانی دەروێشان بە گوند و ناوچەکاندا ساڵانە، لەگەڵ دەف و سروودی ئایینی سۆفییانە و عیرفانیانە، کە خۆی لە پێداهەڵدانی یەک لە شێخە ناودارەکان دەبینییەوە، بەجۆرێک ڕێگەیان بۆ پەروەردەیەکی ئیماندارانە خۆش دەکرد، کە لە ڕێگە وشک و وەڕسکەرەکانی ئیمامی گوند جوودا بوو[٥]. خاوەنی ئەم بۆچوونە کە کوردناسێکی ڕۆژئاواییە، دەیەوێت ئاماژە بەو دوو جۆرە لە گەیاندنی پەیامی ئایینی نیشان بدات، بەلای ئەوەوە، بەهۆی تێکەڵی بانگەشەکانی ڕەوتە سۆفیزمەکە لە جووڵە و نمایشی ئایینی، کاریگەری و وەڵامدانەوەی زیاتر بووە لەو جۆرە ئاینداری و پەیام گەیاندنانەی مەلایانی گوندەکان لە قورئان و فەرموودە، کە تەنیا بابەتی تیۆری بوون، بەلای نووسەرەوە ئەمەیان ڕێگایەکی وشک و کەم کاریگەر بووە. وێڕای سوننی بوونی زۆرینەی کوردی ناوچەکە، بوونی تەریقەتەکانی (قادری و نەقشبەندی) لە ڕووی کردارییەوە لە ناو کورددا، وای کردبوو هاوسەنگییە ئایینزایەکانیش ڕابگرن، ئەویش بە ڕێزگرتنی ئەو ئیمام زادانەی کە بەلای شیعەکانەوە پیرۆز و بەخشراون، لە هەمانکاتدا بڕوابوونی تەواو بە سیمبولە دیارەکانی موسڵمانانی سوننی، ئەم دوو تەریقەتە توانیویانە لە ڕێگەی خۆپارێزی لە دەمارگیری، تاوەکو ڕادەیەکی باش خۆیان و ناوچەکە لە ململانێی مێژوویی ئەو دوو ڕێبازە بە دوور بگرن، ئەوەی لەو بوارەدا هاوکار بووە مۆرکێکی کوردانەی ئایین و پەیڕەوکردنی ئاینزای شافیعی بووە.

ئیمامی شافیعی بۆ خۆی زۆر سەر و ساختەی لەگەڵ سۆفیگەریدا نەبووە، بەڵکو ڕەخنەشی لێگرتوون، بەڵام هاوەڵ و شوێن کەوتەکانی زۆرینەی زۆریان چوونەتە سەر ڕەوتی تەسەوف و ئەم ڕێچکەیان بۆ خودا پەرستی هەڵبژاردووە[٦]. کە نەرمترین ئاینزا ئیسلامییەکانە بەرامبەر بە شیعەکان، پێچەوانە بە بۆچوونی حەنبەلی و حەنەفییەکان کە لە بەرامبەر تەشەیوعدا توندن. بۆیە لەو

---

[١] شێخ محسین شێخ خالید موفتی(ئەحسەن): گەوهەری حەقیقەت، ب٤، ل١٢٤.
[٢] موستەفا ئیبراهیم زەڵمی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨.
[٣] دیوانی قانع: کۆکردنەوەی بورهان قانع، چ٧، چاپخانەی داڵاهو، سنە، ١٣٩١، ل١٥٥.
[٤] محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب١، ل١٠٣٨.
[٥] مارتن ڤان برونسن: ئاغا و شێخ و ...، ب١، ٢٠١٠، ل١٤٧.
[٦] یاسن تەها محمد: سەرهەڵدانی تەسەوف لە وولاتی کوردەواریدا، گۆڤاری خاڵ، ژ(١٦)،سلێمانی ٢٠١٨، ل ١٣.

دوورێگەیەوە دەستگرتن بە ئاینزای شافیعی و پەیڕەوكردن لە تەریقەتەكانی سۆفیزم مەلا و شێخانی كورد توانیوویانە پارێزگاری لە دیمەنە گشتییەكەی ئاینزایی سونەگەری كورد لە ناوچەكەدا بكەن، لە قۆناغە جۆربەجۆرەكاندا ئەگەرچی هێڵی ڕاستەوخۆبوون لەگەڵ ئێرانی شیعەدا. بەوەش ڕۆڵێكی گرنگیان لە پاراستن و پەرەپێدانی شوناسی (ئیسلامی كوردی) و گەشەپێدانی ئیسلامەتی لە هەناوی كۆمەڵگای كوردییدا گێڕاوە، بە شێوەیەک تەواوی سیما و سروتەكانیان سیخناخ بوو بە ڕوانینی خۆماڵیی و گوتاری سۆفیگەریی كوردییان نەخستووەتە ژێرباری هیچ جۆرە ئەندێشەیەكی نامۆ و دەرەكییەوە، تاوەكو دەستكاری ئەو گوتارە میللییە كوردییە بكات، كە بەمۆركی میانڕەوی و لێبوردەیی ناسراوە[1].

## تەوەری دووەم: حوجرە و قوتابخانە ئاینییەكان لە هەورامان و هەڵەبجە:-

یەكێک لەو تایبەتمەندیانەی پێناسەی ڕۆشنبیری كۆمەڵگەی پێدەكرێت، بوونی زانا و زانست خوازەكانە، واتە لە هەر شوێنێک ئەوان هەبوون، دیارە ئاستی ڕۆشنبیری ئەو كۆمەڵگەیە بەرزە. بێگومان گرنگیدانی كوردناسان و مێژوونووسان بە لایەنی خوێندنی حوجرەیی لە ناوچە كوریییەكان، بەڵگەی گرنگیدانی ئەو ناوچانەیە بە خوێندن و خوێندەواری، تاوەكو ئەو شوێنەی بارودۆخی ناوچەكە دەرفەتی دابێت، گرنگی بەو لایەنە دراوە[2]. بوونی دامەزراوە فێركارییەكان لە هەڵەبجە و ناوچەكە مێژوویەكی كۆنی هەیە، لەگەڵ ئەو بەرفراوانییەی كە خوێندنی ئایینی لە كوردستان بە گشتی بۆ ماوەیەكی زۆر هەیبوو، بەڵام بە تێپەڕبوونی كات بڕست و توانای لە كزیدا[3]. لەم تەوەرەدا ئاوڕ لە خوێندنگە و حوجرە ئاینییەكانی ناوچەكە دەدرێتەوە، كە لەژێر كاریگەری شێخەكاندا بوون، بۆ ئەوەش لە چەند ڕوویەكەوە هەوڵی نیشاندانی ئەو ڕاستییە مێژوویانە دەدەین:-

### أ: دەستپێكی قوتابخانە ئاینییەكان لەناوچەكەدا:-

بەو پێیەی زانست و خوێندن لە ڕوانگەی دینەوە پێگەیەكی باڵایان هەیە، لەگەڵێشیدا فێربوونی زانست فەرمانێكی خوداییە، هەر بۆیە تێگەیشتن و فێربوون بەشێكی گەورەن لە تێگەیشتن و فێربوونی ئایین و ئاییناسیدا، لە قورئانیشدا وەك لە (سورەتی الزمر ئایەتی٩﴾دا ئاماژە دراوە بەو جیاوازیانە و شكۆمەندیی و گەورەیی بە زانست و زانست خوازان دراوە پرسیار لەسەر ئەو دۆخە دەكات ئایا ئەوانەی خاوەن زانیاری و زانان هاوتان بە نەزانەكان، ئەم پرسیارەش بۆ بیرخستنەوەی خاوەن ژیرییەكانە[4]. مێژووی خوێندن و زانست لە كوردستاندا لە مزگەوت و حوجرەوە دەستی پێكردووە، مەلایانی ئەو مزگەوتانە فێركارو ڕێنیشاندەری خەڵكەكە بوون، خەڵكیان فێری خوێندن و خوێندەواری كردووە، لە سەرەتای هاتنی ئیسلامەوە بۆ ناوچەكە تاوەكو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم

---

(1) بەرزانی مەلا تەها: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

(2) مەحموود دەشتی: كورد و ناوچە كوردنشینەكان لە كتێبی (معجم البلدان)ی یاقوتی حەمەوی، چ١، نووسینگەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠١٥، ل٢٠٧.

(3) توانا ڕەشید كریم: سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨) لێكۆڵینەوەیەك لە بارودۆخی سیاسي و ڕۆشنبیری ، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٢٢٤.

(4) بورهان محەمەد ئەمین عەبدولكەریم: سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥٩.

مزگەوت و حوجرە ڕۆڵی باڵا و کاریگەریان لە پێگەیاندنی خوێندەوار و زانای گەورە لە کوردستاندا هەبووە [١].

هەرچەندە ناوچەی هەڵەبجە و هەورامان وەک بەشێک لە هەرێمی شارەزوور، لە کایەی زانستیدا لە مێژوودا ناوێکی دیاربووە، بەڵام وەک پێویست گرنگی پێنەدراوە، لە کاتێکدا بە دەیان زانا و خاوەن خامەی شارەزوور لە هەریەک لە شارەکانی (مووسڵ، هەولێر، شام و میسر) بوونیان هەبووە، بەڵام زانیاری لەسەر ناوەندی فێربوونی سەرەتاییان بە ڕادەیەکی زۆر لە ڕووی مێژوویەوە ونە، ڕەنگە ئەوەش بۆ بابەتی شەڕ و شۆڕو داگیرکارییەکان بگەڕێتەوە، کە زیاتر سەرنجی مێژوونووسانی بۆسەر ڕووداوە سیاسی و جەنگییەکان چڕکردووەتەوە و کەمتر ئاوڕیان لەلایەنی زانستی داوەتەوە، هەروەها دووری ئەو مێژوونووسانە لە ناوەندی شارەزوورەوە بەشێکیتری ئەو کەم گرنگی پێدانەی لایەنی زانستی ناوچەکەیە، بەڵام لیرە و لەوێ لای مێژوونووسانی ئیسلامی و عەرەبی و گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسان، کەم تازۆر لە دووتوێی دێرەکاندا ئەو باسانەش دەبینرێت [٢].

زۆرێتی قوتابخانە ئاینییەکانی کوردستان و لەوانەش ناوچەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خانە فێرکاریانەی لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا هەبوون، پێ دەچێت یەکەم قوتابخانەی ئایینی لە باشووری کوردستان لە سەرەتای (سەدەی١١ز) و بە کردنەوەی مزگەوتی (عوقەیلیی)ە لە هەولێر دەستی پێکردبێت. دووریش نییە ئەوەی هەورامان یان (تەوێڵە) بێت، چونکە لە پەراوێزی قورئانێکی دەستنووسدا نووسراوە لە دەوورووبەری ساڵی (١١٣٥ز) نزیکەی (١٠٠) قوتابی تێدا بووە [٣]. لەو نووسەر و مێژوونووسە عەرەبانەی بابەتی خوێندن و خوێندەواری ناوچەکەیان گرنگی پێداوە (یاقووتی حەمەوی)ە[٤] لە کتێبی (معجم البلدان) کەیدا و لە باسی شارەزووردا ئاماژە بە بوونی زۆر پیاوی خوێندەوار و قازی وفەقیهی گەورە دەکات، بە بڕوای ئەو لەبەر زۆری ژمارەیان، ناتوانرێت ناوەکانیان بگوترێت، کە بەهۆی پێگەیشتوویی زانستیان لە شام قازی بوون، حوجرە و قوتابخانەکانی دونیای ئیسلامی پڕبوون لە قازی و مامۆستای شارەزووری[٥]. ئەوەش بەڵگەیە کە ناوچەکە و ناوەندەکانی خوێندن و حوجرەکانی کوردستان زۆر پێش ئەو کاتە هێندە خەڵکانیان پێ گەیاندووە کە توانای کارگێڕییان لە ناوەندە کارگێڕییەکانی شام و بەغدا و ناوچەکانی تری دونیای ئیسلامی هەبێت وبتوانن توانستی زانستی خۆیان بسەلمێنن، ئاشکرایە ناوچەی هەڵەبجە و هەورامانیش بەشێکی دیاری ئەو سنوورە جوگرافییە بووە کە بە شارەزوور ناسراوە.

---

(١) عەزیزی مەلا ڕەش: فەقێیان لە دەشتی هەولێر، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١١٠) ، بەغدا،١٩٨٦، ل١١٥.

(٢) سەنگەرعەبدوڵڵا ڕەسووڵ و حوسێن عەبدولڕەحمان حوسێن و طە ڕجب حمد: شارەزوور و شارە زوورییەکان لە مێژوودا، توێژینەوەی بڵاوکراوەی بەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆفایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە. گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، بەرگی (٥) ژ (٤) ، ٢٠٢٠، ل٧ www.huj-uoh.edu.iq .

(٣) خالد مەحمود کەریم: باشوری کوردستان...، ل١٤.

(٤) ناوی یاقوتی کوڕی عەبدوڵڵای حەمەوییە، لە ساڵی (١١٧٨ز) لە شاری (حەمما)ی سوریا لە دایك بووە، لە بەغدا خوێندویەتی، گەڕیدە و جوگرافیناس و شاعیرو ئەدیب و خۆش نووس بووە. بەهۆی کاری بازرگانیەوە زۆر شارو وواڵت گەڕاوە ، هۆگری بۆ خوێندنەوە و خوێندن هەبووە. لە گەشتەکانیدا هەموو تێبینیەکانی تۆمار کردووە. لە ساڵی (١٢٢٦ز) کۆچی دواییکردوە. زۆر نوسراوی لە پاش خۆی بەجێهێشتووە، معجم البلدان یەك لەوانەیە. (بڕوانە// ابوالعباس شمس الدین احمد بن محمد بن ابی بکربن خلکان: المصدرالسابق، ص ١٧٣) .

(٥) الامام شهاب الدین ابوعبدالله یاقوت بن عبدالله الحموی الرومی البغدادی: معجم البلدان،ط٢،مجلد٣، دارالصادر، بیروت، ١٩٩٥، ص٣٧٥.

هەروەها گەڕیدە و شاعیر و جوگرافیی ناسی عەرەبی (مسعربن مهلهل الخزرجی) لە گەشتەکەیدا باس لەوە دەکات لە ناوچەی شارەزوور و نزیک (زەڵم) شاری (نیم ازرای) هەبووە کە مزگەوتێکی گەورەی هەبووە[1]. بەڵام (محمد علی قەرەداغی) وەک نووسەر و توێژەرێکی ئەو بوارە، هەروەها وەک خوێندەوارێکی ناوەندە ئاینەکانیش بۆچوونێکی تری هەیە و پێی وایە زۆر پێش ئەوە خوێندن و حوجرە ئاینییەکان لە کوردستاندا هەبووە، بە تایبەتی لە شارەزوور، بەڵگەی ئەو بۆچوونەشی، ناوی زانایەکی وەک (ئەبووبەکری کوڕی ئەحمەدی شارەزووری) دەهێنێت، کە لە(٩١٠ز) کۆچی دوای کردووە ئەگەرچی ناوبراو لە بەغدا مامۆستا بووە، بەڵام بە بڕوای قەرەداغی ئەو لە ناوچەی شارەزوور و حوجرەکانی خوێندنی تەواو کردووە و بووەتە ئەو زانا گەورەیە[2].

مامۆستا (محمد علی قەرەداغی) باس لە (٢٤١) قوتابخانە دەکات کە ناویان هاتووە و لە کوردستاندا هەبوون، هەروەها لە بارەی (تەوێلە)وە لەسەر ئەو دەستنووسەی کە خاوەنەکەی نەناسراوە دەڵێت:"لایەنێکی جێگەی بایەخ لەو دەستنووسەدا هەیە کە شارۆچکەی (تەوێڵە) لە کۆندا نزیکەی (٥٠٠) ساڵێک لەمەوبەر شارێکی گەورە و جێگەیەکی دیار و خوێندنگەی باڵای کوردستان بووە، مێژووی نووسینی ئەو دەستنووسە بۆ(١٥٧٥) دەگەڕێتەوە بۆیە لە ناوەڕۆکی ئەو دەستنووسانەی کەلە (دارالصدام للمخطوطات)دا هاتووە بە ژمارەی (١٩٣٦٣) باس لە سێ قوتابخانەی ناو(تەوێڵە) دەکات ئەوانیش: قوتابخانەی گوندی (تەوێڵە) لە (١٥٧٥) لە (توێڵە) بووە، قوتابخانەی گوندی (تەوێلە) لە (١٦٩٥) و قوتابخانەی گوندی (تەوێلە) لە (١٨٧٣)، قوتابخانەی گوندی (باساکی) لە (تەوێڵە) لە (١٨٩٦)"[3]. بەر لەخانەقای (تەوێڵە) باس لەکردنەوەی یەکەم قوتابخانەی ئایینی گوندی (خەرپانی) دەکرێت، لەلایەن شێخ (محەممەدی کۆس)ەوە کە باوکی شێخ (عەبدوڵڵا) ی خەرپانییە، لە پێش مزگەوت و خانەقای (بیارە وتەوێڵە) لە دەوروبەری (١٦٩٠)دا دامەزراوە[4]. بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان مزگەوتی گەورەی خورماڵ دەستپێکی ئەو هەوڵە زانستییانەی خوێندنگە و حوجرەکانی ناوچەکەیە. کە مێژووەکەی دەبرێتەوە بۆ سەردەمی لەشکرکێشی ئیسلامی و کەسایەتی (عەبدوڵڵای کوڕی خەلیفە عومەر)، هەرچەندە ئەم بۆچوونە بنەمایەکی زانستی نییە، چونکە بەڵگە مێژووییەکان هیچ زانیارییەکمان پێ نادەن کە ناوبراو لە میانەی لەشکرکێشی ئیسلامیدا هاتبێتە ناوچەکە بە تایبەتی شارەزوور[5]. بەڵام بەو پێیەی کە خورماڵ (گوڵعەنبەر) ناوەندی شاری شارەزوور بووە لە سەردەمە ئیسلامییەکاندا و مزگەوتەکەشی بە یەکێک لە مزگەوتە دێرینەکانی کوردستان دادەنرێت، جۆرێک لە دڵنیاییمان دەداتێ کە هەر لە سەرەتای هاتنی سوپای ئیسلامەوە خوێندنگەی گوڵعەنبەر دامەزراوە، بە هاتنی ئەو سوپایە و گرتنی ناوچەکە هەوڵیان داوە خەڵکەکەی فێری بنەما ئاینییەکانی ئاینی نوێ بکەن، ئەوەش سەرەتای هەوڵە

---

(١) بروانە: مسعر بن مهلهل الخزرجی ابودلف: الرسالة الثانیة، اعتنی بنشرها مینورسکی، مطبعة جامعة القاهرة، القاهرة، ١٩٥٥، ص١١.

(٢) دیفاعێك لە خوێندن لە حوجرەکانی کوردستاندا، چ١، ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا، سلێمانی ، ٢٠٠٩، ل٢٠،٢١.

(٣) بوژانـەوەی مێـژووی زانایـانی کـورد لـە ڕێگـەی دەسـت خەتەکانیانـەوە،ب١،چ١، چاپخانـەی وەـیض، ١٩٩٨، ل٨٨،١٠٧ ؛ عبدالرزاق عبدالرحمن محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣٣،٦٣٤.

(٤) عوسمان حەمەفەرەج: خەرپانی لە ئاوێنەی مێژووی هەوراماندا، گۆڤاری پەیامی ڕاستی، ژ(١١٦،١١٧) ٢٠٢٠، ل١٤٩.

(٥) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: بنەماڵەی زانیاران، چ١، چاپخانەی شەفیق، بەغداد، ١٩٨٤، ل٤٢١.

فێرکارییەکانی ناو مزگەوت بووە لە ناوچەکە[1]. لە ناوچەی سلێمانی و دەوروبەریدا چەند مەڵبەندێکی زانستی گرنگ هەبوون کە کاریگەری گەورەیان هەبووە لەسەر بەرەو پێشبردنی لایەنی خوێندن و ڕۆشنبیری لەو سنورە. پشتیوانییەکانی میرانی بابان بۆ ئەو جۆرە ناوەندانە تەنیا لە سلێمانیدا نەبووە، بەڵکو لە ناوچەکانی دەوروبەریشدا وەک (پشدەر، گوڵعەنبەر، قزڵجە، پێنجوێن، قەرەداغ، کۆیە و هەریر)دا هەبووە [2]. سەرچاوەکانی خوێندەواری و زانست لە ناوچەکە، تاوەکو کۆتایی نیوەی یەکەمی (سەدەی ١٩ز) بە تەنیا پشتی بە خوێندنی حوجرە و ناوەندە ئاینییەکانی کوردستان بەستبوو، واتە خوێندنگەی فەرمی دەوڵەت لە کوردستان تاوەکو ئەو دەمانە بوونیان نەبووە، چونکە ناوچەکە و کوردستان لە دۆخێکی ئاڵۆزی کارگێڕی و داگیرکراوی دەستی عوسمانییەکاندا بوو، کە بە دوای خۆیدا دواکەوتوویی کارگێڕی هێنا بوو، بە جۆرێك ناوچەکەی لە خوێندنگە و ناوەندی خوێندنی فەرمی بێبەشکردبوو، ئەوەی هەبوو حوجرە ئاینییەکان بوون، لەو ڕێگەیەشەوە خزمەتێکی گەورەی کاروانی زانستیان کردوە.

لە بارەی گەورەیی زانایانی کورد و ناوچە کوردییەکان بۆ زانستی ئیسلامی و خزمەتەکانیان، هەژاری موکریانی وێنایەکی (ئەبو حامیدی غەزالی) وەك زانست خواز و خاوەن پێگەیەکی گەورەی زانستی دەکاتە نموونە، کە وتویەتی:"دینی ئیسلام لەسەر سێ ستوون (دینگە) وەستاوە، ئەگەر خودا ئەو سێ کۆڵەکەی نەدایە، لەوانە بوو تێک بتەپێت، ئەم سێ دینگە ئەستوورانەش هەریەک لە (دەینەوەر و ئامێدی و شارەزووری"بوون [3].

بەگشتی حوجرەکانی کوردستان لە زانستی کەلامدا لەژێر هەژمونی بیرکردنەوەکانی ئیمامی غەزالیدا بوون، بەو هەبوونەشەوە ناتوانین باس لە عەقڵانی بوونی دەرچوانی حوجرەکانی کوردستان بکرێن، بەچەمکە فەلسەفیە کۆن و نوێیەکەی عەقلانی بوون، چونکە حوجرەکان سەرلەبەری میتۆدی پشتبەستوو بەمەعریفەی ئاینی هەڵقوڵاو لە قورئان و سوننەتی بەکاردەهێنا و ئاوەزگەراو عەقلانیەتی فەلسەفیش لەو بنەمایانە یاخی بوو[4]. حوجرە، قوتابخانەی میللەتانی موسڵمان بووە، زیاتر لە (٨) سەدەیە لە کوردستاندا هەیە، پیاوی ئایینی و زانایانی پێگەیاندووە، ڕاگری سەرەکی ئایینی ئیسلام نەك هەر لە کوردستاندا، بەڵکو لە هەموو جیهانی ئیسلامیدا حوجرە بووە، بەوەی بنەماکانی ئایینی بە کۆمەڵانی خەڵك ڕاگەیاندووە و پارێزگاریشی لێکردوون[5]. مێژووی خوێندن و زانست لە کوردستاندا پەیوەستە بە مێژووی مزگەوت وحوجرەکانەوە، ئەویش بە گەیشتنی ئیسلام بە ناوچەکە و دروستکردنی مزگەوت دەستپێدەکات، چونکە مزگەوتەکان هاوتا بە کارە پەرستشییەکان ناوەندی

---

(١) حسن ابراهيم حسن(د): تاريخ الاسلام السياسي والديني والثقافي والاجتماعي، ط١٤، دارالجيل، بيروت، ١٩٩٦، ص٤٠٣.

(٢) عماد عبدالسلام رووف: مراكز ثقافية مغمورة في كردستان، ط١، مطبعة خاني، دهوك، ص٣٩ . ؛ ئاراس محەممەد ساڵح: هۆیەکانی گەشەکردنی بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا لە ١٧٨٤-١٩٥٨ز، چ١، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٣٩.

(٣) هەژاری موکریانی: دیوانی مەلای جەزیری، چ١، انتشارات سروش، تاران، ئیران، ل٥.

(٤) ئاراس محمد سالح : مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ لەکۆمەڵێك دیداری ڕۆژنامەنوسییدا، چ١، چاپخانەی سەردەم، لەبلاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی، سلێمانی، ٢٠١٥، ل ٦٠،٦٣.

(٥) حەمەکەریم هەورامی: مێژوی پەروەردە و خوێندن، ل٣١٨.

زانست و مەعریفەش بوون، ئەم جۆرە لە ڕۆڵبینین لە سەرەتای هاتنی ئیسلامەوە تاوەکو ناوەڕاستی (سەدەی ٢٠)م بەردەوام بوو[١].

لە دیدارێکدا مامۆستا (حەمەکەریم هەورامی) بڕوای وایە، زانستی کەلام و فەلسەفە لە حوجرەکاندا بۆ ئەوە نەخوێنراوە عەقڵی مەلای کورد لە جوغزە کۆنە چەق بەستوەکەی بێنێتە دەرەوە، بەڵکو بۆ ئەوە بووە، ئەگەر لەگەڵ غەیرە دینیکدا گەنگەشەی کرد بزانێ چۆن پارێزگاری لە بنەماکانی ئیسلام دەکات، ئەگەرچی مەلای کورد وابەستەیە بە مەزهەبەوە، بەڵام هەریەکە لە پێشەوایانی وەك( شافیعی و مالیك و ئەحمەدی کوری حەنبەل) خوێندنی فەلسەفەیان بەحەرام زانیوە، کەچی مەلایانی کورد لەوەدا گوێیان بەڕاکانیان نەداوە و وەك دوا مادەی خوێندنی حوجرەیی گرنگیان بەخوێندنی داوە.[٢]

**ب: شێخەکانی هەورامان و قوتابخانە ئاینییەکانی ناوچەکە:-**

پاش دەرکەوتن وگەشەکردنی تەریقەتی نەقشبەندی لە باشووری کوردستان وبەتایبەت هەورامان و هەڵەبجە، وەک ڕەوتێکی نوێخوازی ئایینی لە کوردستاندا هەوڵیدا قورسایی و گرنگی خۆی بۆ بابەتەکانی زانست و خوێندنی ئایینی بەتایبەتی بخاتەکار، کەمتر لە هەوڵی نزیک بوونەوەی سیاسەتدا بووە، ئەوەش لە نامەکانی مەولانادا بە ئاشکرا دەبینرێت کە بۆ خەلیفە و جێنشینانی خۆی ناردووە[٣]. ئەگەرچی لەسەردەمی بابانەکانەوە هەڵەبجە و دەورووبەری لەگەڵ کردنەوەی مزگەوتدا بەتایبەتی لە عەبابەیلێ لەسەردەمی (سەلیم پاشای کوڕی بەکربەگی بابانی (١٧٤٣-١٧٤٨) لەو ڕۆژگارانەی پاش هاتنی نەقشبەندی بۆ ناوچەکە شێخ و مەلایانی ئەو تەریقەتە لە چەشنی (شێخ قادری عەبابەیلێیی١٨٢٥-١٨٨٢) و مەلا (عەبدوڵڵای کوڕی شێخ قادر ١٨٧٨-١٩٣٨) و مەلا (محەممەد نەقشبەندی ١٨٨٢-١٩٢٧)، زۆر لە مەلایانیتریش لەو ناوچەیە ئەرکی وانەوتنەوەی ئاینییان لە ئەستۆگرتبوو[٤]. شوێنی ووتنەوەی وانە ئاینییەکانیش لە باشووری کوردستاندا وەک سەرژمێری و ئامارێکی دیاریکراو بۆ ژمارەی قوتابخانە ئاینییەکان لە بەردەستدا نییە، بەڵام دەتوانین بڵێین زۆرینەی مزگەوتەکان، چ لە گوند یان شار و شارۆچکەکان، تەنانەت ماڵەکانیش هەمیشە دەستکراوە بوون، بۆ دەستنیشان کردنی شوێنێک بۆئەوەی منداڵان تێیدا بخوێنن، چونکە وەک ئەرکێکی ئایینی تەماشای بابەتەکەیان کردووە[٥]. بەدەر لە باسکردنی ناوچەکانیتری دەرەوەی سنوری توێژینەوەکە، تەنها لە سنوری هەڵەبجە وهەوراماندا شوێنی ووتنەوەی وانە ئاینییەکان لە هەریەك لە (عەبابەیلێ و خەرپانی تەوێڵە و بیارە و باخەکۆن و بیاوێڵە و خورماڵ و باوەکۆچەك وئەحمەدبرنە)دا هەبوون[٦]. بابەتەکانی حوجرە سنووردداربوون جگە لە حوجرەگەورەکان، بۆئەوەی کەسێك بتوانی زانستە جیاوازەکان بخوێنێ دەبوو زۆر شوێن و حوجرەی جیاواز بگەڕایە.

---

(١) محمد علی قەرەداغی: بوژانەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەست خەتەکانیانەوە، ب١، چ١، چاپخانەی ومیض، ١٩٩٨، ل٩.

(٢) ئاراس محمد سالح: مامۆستا شێخ ... ل٩٢ .

(٣) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان ب١، ل٣٥٦،٣٥٨. ؛ ئیبراهیم فەتاح: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٢.

(٤) عماد عبدالسلام رووف: مراكز ثقافية...، ص١٩.

(٥) فاضل بيات: دراسات فی تاريخ العرب فی العهد العثمانی(رؤية جديدة فی الضوء الوثائق والمصادر العثمانية)، الطبعة الاولی، دارالمدار الاسلامی، بيروت، ٢٠٠٣، ص١٩،٢١.

(٦) عماد عبدالسلام رووف: مراكز ثقافية...، ص٣١،٣٧،٤٦،٤٨.

به بڕوای مامۆستا (حەسەن قزڵجی) کەم شوێن هەبووە، مزگەوتێک یان قوتابخانەیەکی ئایینی تێدا نەبووبێت[١]. هەروەها لە دیدی (جەمال) باباندا هەورامان و بە تایبەتی (تەوێڵە و بیارە)، لە کۆنەوە ناوەندی زانست و ڕۆشنبیری بوون، لەگەڵ چەندەها ئاوایی تری کوردستاندا ڕۆژ بە ڕۆژ لەبرە و دابوون[٢]. هەرچی خوێندنگەی ئایینی (بیارە)یە بەیەکێك لە دیارترین خوێندنگە ئاینییەکانی ناوچەکە دادەنرێت لە ماوەی پێنج سەدەی کۆتاییدا و ڕەنگە کۆنترینیشیان بێت، بەبەڵگەی ئەوەی لە زمانی مەلا (ئیبراهیم)ی بیارەوە کە لە (١٨٣٤) کۆچی دوایکردووە، مێژووی ئەو خوێندنگە ئاینییە باسدەکات بەوەی کە (٢٥) پشت لە باوانی ئەو بەبێ دابڕان تاوەکو سەردەمی ناوبراو لە (بیارە)دا سەرقاڵی ووتنەوەی وانەی ئایینی بوون، ئەو ماوەیەش بە نزیکەیی بە (٧٥٠) ساڵ دادەنرێت[٣].

لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ئاماژە بە هەوڵی شێخانی هەورامان لە دروستکردنی خانەقا لە ناوچەکەدا دراوە ، یەکێک لەو بەڵگانە باس لە هەوڵەکانی شێخ (ئەحمەد) نەقشبەندیی کوڕی شێخ (عوسمان سیراجەدینی یەکەم) دەکات، ئەم شێخە لە گوندی (ئەحمەدئاوا)ی قەزای گوڵعەنبەر خانەقایەکی دروستکردبوو، بۆ پێویستی و خەرجی مورید وفەقێکانی بڕی (٤٠-٥٠) هەزار قوروش پارەی ڕەزەکانی سنووری ئێران و دەیەکی کشتوکاڵی گوندەکانی (باوە کۆچەک) و (پریس)ی بۆ تەرخان کردبوو[٤]. ئەوەی گرنگە لەم بەڵگە نامەیەدا ئاماژە ناکات بە داواکاری شێخان بۆ هاوکاری ئەو حوجرە و قوتابخانە ئاینییە، بەڵکو کار بەدەستانی عوسمانی پاش بیستن و بەدواداچوونی دۆخەکە بۆخۆیان ئەو پێشنیارەیان بۆ سەرووی خۆیان بەرزکردوەتەوە، چونکە لە بەڵگەنامەکەدا هیچ ئاماژەیەك بە داخوازی پێشکەشکراو بۆ ئەو بوارە ناکات، بەڵکو قەرەباڵغی و دۆخێك کەلەو ناوچەیە دروست بووبوو وایکردبوو لە زۆرلاوە ڕووی تێدەکرا، ئەوەش سەرنجی کاربەدەستانی دەوڵەتی ڕاکێشابوو.

لەسەر قەرەباڵغی ئەو ناوەندانەی خوێندن مەلا (عەبدولکەریمی مودەڕیس) دەڵێت:"زۆر جار ژمارەی فەقێکانی ئەو قوتابخانانە دەگەیشتە هەشتا نەوەد کەسێک، ڕێدە کەوت نزیک بە پەنجا کەس لە تەلەبە پێکەوە مۆڵەتیان وەردەگرت، ئەوەش ڕێگایەک بوو لە ڕێگاکانی ڕێنوێنی و خزمەتکردن بە دین و موسڵمانان سوودی زۆریان لێوەردەگرت"[٥]. بە گوتەی مەلا (عەبدولکەریمی مودەڕیس) لە ناو حوجرە و خوێندنگەی ئایینی بیارە فەقێ و قوتابی ئێرانی و خەڵکی سووریاش (دیرالزور)ی لێبووە، دەرچووانی ئەم حوجرەیەی کوردستان لە دواتردا بوونەتە موفتی ناوچەی (دێرزوور) لە سوریا و ئەندامی باڵای ئەنجوومەنی ئیسلامی لەو وڵاتە[٦]. هەروەها شێخ (قاسم قەیسی) موفتی پێشووی عێراق یەکێك بووە لە فەقێکانی خوێندنگەی ئایینی بیارە[٧]. ئەم ئاماژەکردنانەی مەلای (مودەڕیس) و نوسەرانیتر لەمەڕ گەورەیی خوێندنگەی ئایینی بیارە و نموونە هێنانەوەی بۆ نیشاندانی گەورەیی توانستی زانستی دەرچووانی ئەو قوتابخانە ئاینییە، تاکە سەرچاوە و نیشاندان نین، چونکە بۆچوونی پێچەوانەش لەو ڕووە وە دەبینین، لەگەڵ ئەوەی خوێندنی حوجرەکان خوێندنی ئاینی بوون

(١) محمد القزلجی: التعریف بمساجد السلیمانیة و مدارسها الدینیة، بغداد، ١٩٢٨، ص٥.
(٢) جەمال بابان: سلێمانی شارە گەشاوەکەم...، ل ١٤١.
(٣) عماد عبدالسلام ڕووف: مراكز ثقافية...، ص٤٦.
(٤) نەوزاد یەحیا باجگر: سەرچاوەی پێشوو، ب٨، ل٩١. ؛ وێنەی بەڵگە نامەکە لە پاشکۆی ژمارە (١٣)
(٥) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: بنەماڵەی زانیاران، ل ٤١٨ .
(٦) مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: ڕۆژگاری ژیان، ل١٤١،١٤٣،١٤٩.
(٧) عماد عبدالسلام ڕووف: مراكز ثقافية...، ص٤٦.

له ناوچەکە و ئاشکراشە ئەو خوێندنە بە زمانی عەرەبی بووە. لەگەڵ خوێندنی هەندێك لە کتێبە فارسییەکان وەك گوڵستان، بۆیە زمانی فارسیش فێربوون.

بەڵام لە نووسینێکی گلەیی ئامێزدا (محەممەد ئەمین هەورامانی) دەڵێت: "پاش تەواوکردنی خوێندنم و گەڕانەوە بۆ (بیارە) وەک مامۆستا، بەهۆی ئەوەی ماڵی شێخ پێویستیان بە کەسێک بوو کە عەرەبی بزانێت، تاوەکو بۆ نووسینی سکاڵا و نامە نووسین لەگەڵ کاربەدەستان سوودی لێ ببینن، ئەو نزیکبوونەوەیە لەگەڵ من دروستبوو، بەڵام بە هاتنی (عەزیز عیسا جاف) کە جاسووسێکی کورد بوو، لە ماڵی شێخ(عەلائەدین) نیشتەجێ بوو، لە بری پاداشتی کارەکەم منیان بۆ ناوچەی هاوار گواستەوە"[1]. ئەم نووسینەی هەورامانی دەمانخاتە سەر ئەو بیرکردنەوەی زانینی زمانی عەرەبی بە جۆرێک کە شیاوێتی نووسینی هەبێت لە نێوان ماڵە شێخ و کاربەدەستانی دەوڵەتی تاوەکو ئەو کاتە بەو جۆرە نەبووە، ئەگەرنا پێویستی بەوەنەدەکرد، کەسێک لە دەرەوەی خێزان بۆ کارێکی وابهێنرێتە ناوئەو خانەوادەیە، لە کاتێکدا چ شێخ و چ منداڵەکانی قوتابی ناو حوجرەکان بوون.

کەمی یان ڕاستتر نەبوونی قوتابخانە فەرمییەکان لە ناوچەکە بووبووەهۆی ئەوەی کە چینی ڕۆشنبیری کەسانێك بن دەرچووی حوجرە و قوتابخانە ئاینییەکان بن، بەوەش شێخەکان وەك ڕۆشنبیرترین دەستە بژێری کۆمەڵگا دەردەکەوتن، خەڵکیش لەسەر ئەو بنەمایە شێخەکانیان کردبووە پێشەنگی خۆیان لەو ڕوانگەیەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن[2]. بەم جۆرە و بەدرێژایی چەند سەدەیەکی یەك لەدوای یەك توێژی ڕووناکبیری لە کۆمەڵگای کوردیدا دروست بوو[3]. کورد لە بایەخدان بە کردنەوەی قوتابخانە ئاینییەکان(حوجرە) لە گوند و شارەکاندا ناوبانگی تایبەتی هەبووە، بەجۆرێك ئەو قوتابخانانە جێدەستییان لە مێژووی هزری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیدا دیار و بەرچاوە[4].

حوجرە و خانەقاکانی هەورامان بە گشتی، پەیوەندییەکی بەهێزیان بە یەکەوە هەبووە، بە تایبەتی ئەوانەی (بیارە و تەوێڵە)، هەم لەبەر نزیکیان لەیەکەوە هەم لەبەرئەوەی سەرپەرشتیارانی ئەو خانەقا و حوجرانە لەلایەن بنەماڵەیەکەوە بەڕێوەدەبران، مامۆستاکانی ئەو خانەقایانە دۆستایەتی و خزمایەتییان پێکەوە هەبوو[5]. پێگەی بەهێزی شێخانی نەقشبەندی لە هەورامان و ئەو توانا مەعنەوی و ماددیەی لە خزمەتی مەلا و خوێندن و مزگەوتدا بەخشیویانە بۆ پێشخستنی خوێندنگەکانی (تەوێڵە و بیارە و گوڵعەنبەر و خەرپانی و هەڵەبجە) و شوێنەکانی تر، هەموو ئەمانە کاریگەری باشیان لەسەر ناوچەی هەورامان و شارەزوور لە ڕووی خوێندن و ڕۆشنبیرییەوە هەبووە، هەروەها ئەو ڕێبازە کاریگەری گەورەی لە پێشخستنی خوێندن و خوێندەواری و عیرفان و ئەدەب لە هەریەک لە هەورامان و هەڵەبجە و دەوروبەریدا هەبووە[6]. خانەقای (بیارە) لە ڕۆژگارەکانی شێخ (عومەر)دا بووەتە ناوەندێکی گرنگی فێرکاری زانست و زانیاری ئایینی ژمارەیەکی زۆری قوتابی و فەقێ لە

---

(1) هەندێ لە لاپەڕەکانی ...، ل ١١، ١٢.
(2) هیوا عەزیز: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.
(3) بەهادین نوری: بیرەوەرییەکانی بەهادین نوری، ب١، و.سەردارصالح، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٤٧.
(4) عومەرعەلی غەفوور: گوتاری ئاینی لەژێر وردبیندا، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس،٢٠١٠، ل١١.
(5) عەبدالرزاق عبدالرحمن محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣٢.
(6) ئاراس محمد صالح: مێژووی مزگەوت ...، ل ٨٨،٨٩.

زۆرلاوە بۆیدەهاتن، تەنانەت وەک ئەزهەرێکی بچووک بەناوبانگ بوو، جێگای باسە خانەقای (بیارە) لە (ساڵنامە)ی[1] عوسمانی (١٨٩٩) ئاماژە کراوە بە دامەزرێنەرەکەی کە شێخ (عومەری کوڕی شێخ عوسمان)ە و ژمارەی قوتابییەکانیشی (٣٠) قوتابی بوون[2]. بۆ ئەوکات.

وەک گەواهیدانێک لەمەڕ دڵسۆزی شێخ (عومەر) بۆ فەقێیانی خانەقای (بیارە)، یەکێك لە فەقێکانی ئەو خانەقایە بەناوی مەلا (ڕەحیم) دەڵێت: "ئێمە هەژدە هەتیو بووین لە خانەقای (بیارە) دەمانخوێند، زۆرجار بە نیوەشەوان شێخ بۆخۆی دەهاتە لامان و سەماوەرێک ئاوی گەرم و هەندێک شەکری لەگەڵ خۆی دەهێنا، یەکی قەنداغێکی دەداینێ و دایدەپۆشین و پاشان دەڕۆیشت"[3]. دڵسۆزی ئەم شێخە بۆ زانست و فێربوونی فەقێیانی ناوخانەقا و مەدرەسەی (بیارە) وایکردبوو لە هەوڵی بەردەوامدا بێت، بۆ هێنانی پێگەیشتووترین مامۆستا ئاینییەکانی ئەو ڕۆژگارە، بەو هۆیەشەوە مەلا (عەبدولقادری کانی کەوەیی) بۆ هێنا، کە بە مەلای گەورەی (بیارە) ناسراوە، تەنانەت کچێکی خۆشی پێداوە[4]. لەسەردەمی ئەودا ژمارەی قوتابییانی خانەقای (بیارە) گەیشتبووە (١٥٠) قوتابی[5]. گرنگیدانی ئەم شێخە بە حوجرە و فەقێکانی تاوەکو ئەو ڕادەیە بووە، کە جل وبەرگی بۆ فەقێکان دابینکردووە وتەنانەت شتنی جل وبەرگیشیانی بە خێزانەکانی خۆی کردووە، لەوەش زیاتر ئەگەرچی ئەم کەسە شێخی تەریقەت بووە و موریدێکی زۆری لە دەور کۆبووەتەوە، بەڵام لەکاتی ناکۆکی نێوان مورید و فەقێیاندا، هەمیشە پشتی خەڵکی زانستخوازی گرتووە، بۆیە لە گلەیی هەندێک لە موریدان لەوەی فەقێکان بە دەنگی بەرز کۆشش (سعی) دەکەن و زیکری ئەوان تێکدەدەن، شێخ وەڵامی سکاڵاکەیان دەداتەوە، بەوەی هەرکەس دەنگی فەقێکانی پێ قبوولناکرێت با لێرە بڕوا، چونکە ئەوان لە پێناو ڕێنمونی موسڵمانان کۆشش دەکەن و بوونیان لێرە بۆ بەرژەوەندی گشتییە، بەڵام ئێوەی سۆفی بۆ بەرژەوەندی خۆتان لێرەن[6].

هەرچی بابەتی ژیانی حوجرە و فەقێیانە ئەو دەمە زۆرینەی حوجرەکانی کوردستان ئاستی خوێندن تێیاندا تاوەکو ڕادەیەک وەکیەک بوو، ئەگەر جیاوازییەکیش هەبووبێت دیاریکراوبووە، بابەتەکانی پێویستی ژیانی مەلا و فەقێکانی ناو حوجرە دابین کراوە، تەنانەت سەرچاوەی زانستیشیان لە دەرەوەی کوردستانەوە بۆ هێناون شوێنی خەو و مانەوەی فەقێیانیش دابین کراوە، خەرجی و خواردنیش بەشێکی لەو وەقفانەوە دەهات کە لەسەر ئەو ناوەندانە وەقف کرابوون، لەگەڵ هاوکاری خێرخوازان[7]. لەپاڵ ئەمانەشدا مامۆستای بەهێز لە کوێ بووبن ئەوشوێن و حوجرەیە بەناوبانگ بووە، پێشتر و لە سەردەمی میرانی بابان گرنگی زۆریان بە خوێندنگەکانی خورماڵ و هەڵەبجە و ناوچەی هەورامان و شارەزوور داوە، چەندین زانا و بەهرەمەندیان بۆ ئەو خوێندنگانە دابینکردووە،

---

(1) ڕێکخستنی پێوانەی ڕۆژگارە، بەگوێرەی دیاریدە سروشتییەکان. وەك سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆی وخۆردا و سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا کە بە ٣٦٥ ڕۆژ و ٥سەعات و ٤٨ خولەك و ٤٦چرکە دەبیرێت و بە ساڵی خۆری دەناسرێت. وساڵی مانگی یا کۆچی بە ٣٥٤ ڕۆژ و ٨ سەعات و ٤٨ خولەك لە سوڕانەوەی مانگ بەدەوری گۆی زەویدا پێکدێت. جیاوازی نێوان ئەو دووساڵنامەیە ١١ ڕۆژە. (بۆ زیاتر بڕوانە// یاسن صابر صالح: سەرچاوەی پێشوو، ب٢،ل ٩٣٨،٩٣٧).

(2) خالد مەحمود کەریم: باشوری کوردستان...، ل ٧٨ .

(3) وەرگیراوە لە// مەلا عەبدولکەریمی مودەریس: یادی مەردان،ب٢،ل ١٦٣ .

(4) ئەمیر وەزیری: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٥.

(5) خالد مەحمود کەریم: باشوری کوردستان...، ل ٧٩ .

(6) مەلا عەبدولکەریمی مودەریس: یادی مەردان، ب٢، ل١٦١.

(7) شاهۆعوسمان سەید قادر: سلێمانی لە کۆتایی بابانەوە بۆ سەرەتای ڕاپەڕین، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی،٢٠٢١، ل٥١.

لەگەڵ بژێوی و خەرجی خوێندنیان و چەند گوندیان بۆ وەقف کردوون، وەسێتنامەکەی سلێمان پاشای بابان بەڵگەی ئەو ڕاستییە[1]. هەروەها لەسەردەمی دەسەڵاتی میرەکانی جاف لە هەڵەبجە و کەسێتی (مەحمود) پاشای جاف (١٨٤٦-١٩٢١)هەموو ئەو گوندانەی لە قەڵەمڕەوی جافدابوون هەر لە قزڕاباتەوە تاوەکو مەریوان موچە بۆ مەلا و وەقف بۆ مزگەوتەکان دابین کرابوو[2]. شێخ (عومەر) لەگەڵ ئەوەی خۆی خزمەتێکی زۆری فەقێ و زانستخوازانی ئایینی کردووە، لە هەموو ئەو ناوچانەشی کە بۆی ڕۆیشتووە، یان کەسایەتییەکانی هاتوونەتە لای، لە نموونەی ئاغاکانی (پشدەر) و خەڵکی (مەریوان) ڕێنمایی و ئاراستەی کردوون تاوەکو لە خزمەتی فەقێ و حوجرەدابن[3]. وەنەبێت خانەقاکان لە سەردەمی ئەم شێخەدا تەنیا لە هەورامان و (بیارە)دا بووبێت، بەڵکو لقی ئەو خانەقایە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەبووە، شاری (سەردەشت) بە نموونە[4]. هەروەها لە ناوچەی گەرمەسێر و شاری (کفری)ش خانەقاو حوجرەی هەبووە[5]. لە بارەی گرنگیدانی شێخانی (بیارە) بە خوێندن و خوێندەواری لە ناوچەکە بۆچوونی (موستەفا زەڵمی) وەردەگرین، کە لە دوو لاوە بۆ ئێمە بەها و گرنگی خۆیان هەیە، لە لایەک ناوبراو وەک کەس خەڵکی ناوچەکەیە و خوێندکاری ناوەندی حوجرەکانی ئەو ڕۆژگارە بووە، لە ناوچەکەدا و ئاگاداری بزاوت و جووڵەکانی ئەو سەردەمەیە، لە لایەکیتر وەختێک ئەو بۆچوونانەی نوسیوەتەوە کە سەردەمی قاڵبوونی ناوبراوە لە نووسین و توێژینەوەی زانستیدا. زەڵمی ئەگەرچی لەڕووی بیرکردنەوە و بۆچوونەوە لە زۆر لاوە ڕاجیایی هەیە لەگەڵ شێخەکان و لەسەرهەمان ڕەوتی بیرکردنەوەی ئەوان نییە، بەڵام ڕاستیەکانی نە شاردووەتەوە.

بەجۆرێك شێخ (حیسامەدین)ی نەقشبەندی دوای ئەوەی لە (تەوێڵە)وە دێتە گوندی (باخەکۆن)، خانەقایەک دەکاتەوە وهەوڵی زۆر دەدات لە پەرەپێدانی عیرفان و خوێندندا، لە زستاندا خۆی و موردیدەکانی دەچنە خورماڵ و لە مزگەوتی گەورەدا دەمێننەوە، لە ناو مزگەوتی گەورەدا حوجرەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی هەبووە، شێخی ناوبراو ڕۆڵی گەورەی لە نۆژەنکردنەوەی مزگەوتی گەورەی خورماڵ و پەرەپێدانی خوێندن لە خورماڵدا بینیوە، هەروەها هەوڵی گەشەپێدانی کشتوکاڵ و ئاودێری لەو شارەدا داوە، جۆگەیەکی ئاودێری ڕاکێشاوە کە بە جۆگەی شێخ (حیسامەدین) بەناوبانگە، لە نزیک خورماڵەوە باخێکی دروستکردووە کە زیاتر بەروبوومەکەی بۆ مزگەوتی خورماڵ خەرج کردووە، هەروەها گوندی (تەپەکەل)ی ناوچەی شارەزوور، چەند شوێنێکی تری بۆ مزگەوتی گەورەی خورماڵ وەقف کردووە[6]. هەروەها لە خانەقای (تەوێڵە)ش لەو دەمانەی شەڕی یەکەمی جیهانی جگە لە ئەرکەکەی خۆی کە خزمەتی فەقێ بوو، بووبووە ناوەندێک بۆ داڵدەدانی خەڵکێکی زۆر کە لە موکریانەوە ڕوویان لە ناوچەکە نابوو، لەبەر خراپی دۆخی ئابووری و ئاسایشی ناوچەکە [7].

لەگەڵ هەموو ئەو لایەنە ئەرێنییانەی خوێندنگەی (تەوێڵە)، بەڵام (موستەفا زەڵمی) گلەیی لە ئاستی خوێندنی هەبووە، بۆیە ئامادەبووە دەستبەرداری ئەو ژیانە ببێت وبۆ خوێندن ڕوو لە

---

[1] ئاراس محەممەد ساڵح: هۆیەکانی گەشەکردنی بزاڤی ڕۆشنبیری، ل٣١.
[2] مەلا عەبدوڵڵای زێوەر: گەنجینەی مەردان و یاداشتی ڕۆژانی دەربەدەری، بەغدا،١٩٨٥، ل ٧٢.
[3] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: یادی مەردان،ب٢، ل١٦٣، ١٦٤.
[4] خالد مەحمود کەریم: باشوری کوردستان..، ل ٧٨.
[5] بڕوانە// پاشکۆی ژمارە(٢).
[6] ئاراس محمد صالح: مێژووی مزگەوت و ...، ل ٨٩.
[7] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: ڕۆژگاری ژیان، ل٩٢ .

ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شاری (پاوە) بکات ئەگەرچی دۆخی ئابوری ئەو شارە لە ڕووی گرانییەوە بەکارەساتبارناودەبات، بەڵام توانستی مامۆستاکەی لە وانەوتنەوەدا وادەکات شان وەبەر ئەو دۆخە سەختە بدات و لەوێ درێژە بە خوێندن بدات، حوجرە و قوتابخانە ئاینییەکانی (تەوێڵە) لە ڕۆژگاری گرانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، وەك ئەو وێنای دەکات بۆ قوتابیانی ئایینی لە دۆخ و گوزەرانێکی باشدا بوون و دەڵێت: " لە تشرینی دووەمی ١٩٤١ بۆ کانوونی دووەمی ١٩٤٢ لە تەوێڵە مامەوە لەو دەمەدا تەوێڵە هیچ گرانییەکی پێوە دیار نەبوو، ژیانی بەدەنیم شاهانەبوو، ژووری دانیشتن ، خەوتن ، دەرسخوێندن زۆر خۆش بوو، گەرم و گوڕ و پاك و پوختە و خاوێن بوون، مزگەوتێکی گەورە و فراوانی هەبوو بۆ دەورکردنەوە"[١]. ئەم وێنە کێشانەی (زەڵمی) بۆ ڕۆڵ و کاریگەری شێخانی نەقشەبەند لە ناوچەکە بەسەر زانست و قوتابخانە ئاینییەکانەوە، بەڵگەیەکی تەواوەتییە، کە گومان و دودڵییەکان یەکلادەکاتەوە، چونکە وەک باسمان لێوەکرد ناوبراو خوێندکاری بەردەستی مامۆستا (سەید عارفی بێ لەنگ) بووە، کە لەسەرداخوازی شێخ (حیسامەدین) ئەو ئەرکەی وەرگرتووە[٢].

لەگەڵ ئەم نیشاندانە نەرێنییەی (زەڵمی) بۆ ئاستی خوێندنی حوجرەی (تەوێڵە)، مەلا (عەبدولکەریمی مودەڕیس) لە بارەی حوجرەی (بیارە)و ئاستە زانستییەکەیەوە دەڵێت:" بە کورتی خوێندنگەی (بیارە) دیمەنێکی بچکۆلەی (جامع الازهر)ی میسر بووە لە کوردستاندا، شانی لە شانی ئەو داوە، لە بڵاوکردنەوەی زانست و خوداناسیدا، بنکەیەکی ڕووناکی وڵات بووە، ئێستاش هەرکەس لەم وڵاتەدا زانا بێ و خزمەتی دین بکات، بێگومان پەیوەندی نزیک یا دووری بەو خوێندنگەوە هەیە"[٣]. سەیرکردنێکی خێرای ئەو دەستنووسانەی لە باشووری کوردستان و سەردەمی عوسمانیدا بەجێماون بەسە بۆ سەرسام بوونی مرۆڤ لە ئاست زیندوویەتی ئەو هەموو قوتابخانە ئایینی و زانا ئاینیانەی کە هەبوون، بە درێژایی ئەو سەردەمە خزمەتیان بە بواری زانست و زانستخوازی کردووە. لەوانەش لە چەشنی قوتابخانەکانی (بەرزنجە - بیارە - تەوێڵە - هەڵەبجە - پێنجوێن و گوڵعەنبەر)[٤]. وەك بەڵگەی گەورەیی توانستی زانستی قوتابخانەی (بیارە) لەیەکێك لەو دەستنووسانەی کتێبخانەی تایبەت بە دەستنووسەکان لە شاری (مەککە) هەڵگیراوە، بەرهەمێکی مەولانا خالیدی نەقشبەندییە وقسە لەبابەتەکانی عەقیدەدەکات و لە (بیارە) لەلایەن مەلا (عەبدوسەمیع چنارەیی) لە (١٨٩٤)دا نووسراوەتەوە[٥]. لە کۆی خانەقا و قوتابخانەکانی سەربە شێخانی هەورامان لە هەورامانی هەردوو دیوو، بە دەیان فەقێ و مەلای ئایینی پایە بەرز پێگەشتوون، بە سەدان بڕوانامەی ئایینی کە بە (دوازدە عیلم) ناوبانگی دەرکردووە بەخشراون. لە خانەقای (بیارە) ساڵ نەبووە، بە دەیان فەقێ

---

[١] ڕێدار ئەحمەد: پرۆفیسۆ موستەفا زەڵمی تاقیگەیەکی نەسرەوتن، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦، ل٥٦،٥٧.

[٢] طاهرملاعبدالله البحركي: حياة الامجاد من العلماء الاكراد، ط١، دارابن حزم، بيروت، لبنان، ٢٠١٥، ص٣٦،٣٧.

[٣] بنەماڵەی زانیاران، ل٤٠٩.

[٤] محمد علی قەرەداغی: بوژانەوەی مێژووی...،ب١، ل١٠٧،٨٨؛ عماد عبدالسلام رؤوف: مراكز...، ص ١٩-١٧٥.

[٥] خالید ئەحمەد نەقشبەندی: العقد الجوهری فی الفرق بين قدرة العبد وكسبه عند الماتريدي والاشعری، نووسەرەوە: عەبدوسەمیع چنارەیی، جۆری خەت نەسخی ئاسایی، ساڵی نووسینەوە،(١٨٩٤)، شوێنی پاراستن، مكتبة جامعة ملك سعود (٦٤٩٥)، بابەت، عەقیدە و بیروباوەڕی ئیسلامی، ژمارەی پەڕە (٩). وێنەی بەڵگە نامەکە لە پاشکۆی ژمارە(١٤)دایە.

لەوێدا نان نەخۆن و نەخوێنن[١]. دۆخی قوتابیانی حوجرە لە (بیارە) بەجۆرێك بوو هیچ کەس لە ڕوویاندا نەدەوەستایەوە، تەنانەت هەرچییان داوابکردایە بۆیاندەکرا[٢].

گرنگی وپێگەی حوجرە وقوتابخانەی (بیارە)، بەتایبەتی لە پاش دەستبەکاربوونی مەلا (عەبدولکەریمی مودەڕیس) لە (١٩٢٥) و ئەو پشتیوانییەی شێخ (عەلائەدین) بۆ ئەو قوتابخانە ئاینییە دەیکرد، بە جۆرێک ناو و ناوبانگی ئەو جێگایەی گەورەکرد کە خەڵکێکی زۆر لە ناوچە جیاوازەکانی دەوروبەرەوە، بۆ خوێندن و وەرگرتنی مۆڵەتنامەی مەلایەتی ڕوویان لێدەنا، تاوەکو ئەو ئاستەی مەلا هەبوو لە شوێنەکانی تری کوردستان مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتبوو، دووبارە دەهاتەوە (بیارە) بۆ وەرگرتنەوەی مۆڵەت[٣]. ئەم خانەقایە لە سەردەمی شێخ (عەلائەدین)دا بۆخۆی قوتابخانەیەکی ئاینی گەورە بووە، چەندین مامۆستا و زانای پایەبەرز تێیدا پێگەشتووە[٤]. بەو جۆرە خانەقای (بیارە) تاوەکو دەهات قەرەباڵغی زیاتر دەبوو، بەشێک لە هۆیەکەشی بۆ دۆخی گرانی و باشی ژیانی و دابینکردنی پێداویستی فەقێکان بوو لەو خانەقایە[٥].

ئەو خزمەتانەی فەقێ لە خانەقای شێخەکانی هەوراماندا لە کات و دۆخێکدا بوو خوێندنی ئایینی و ڕێگەی فەقێیەتی، بە گوڵ نەچنرابوو، تەنانەت دەستخستنی کتێب و نەبوونی مەرەکەبی نوسینەوەی وانەکان بەجۆرێك بەدەست دەخران هەموو کەس ئەو تاقەت و حەوسەڵەیەی نەبوو لەگەڵی هەڵبکات، کڕینی کتێب بۆ فەقێیەك لەسەر ئەرکی خۆی کارێك بوو هەموو فەقێیەك پێی نەدەکرا، بەهۆی کەمی کتێب و گرانی نرخی کتێبەکان، لەلایەك و نەبوونی دەسمایەی ماددی لەلایەکیتر بۆیە هیچ سەیر نییە بۆ کڕینی کتێب هاوشێوە بە کڕینی موڵکێك گرێبەست و شاهید گیراوە، لە دەست نوسێکدا ئەو بەڵگە مێژووییەمان بۆ دەردەکەوێت کە نرخی چواربەرگی لە کتێبی (مغنی المحتاج)[٦] کە بابەتی دواقۆناغی خوێندنی فەقێیان بووە، لە ساڵی (١٩٤٠)دا لەلایەن (مەلا یوسفی گڵێجاڵ)ەوە بە (٢) دینار و (١٥٠) فلس کڕدراوە، بە شاهیدی دوو لە ئامادەبووان. هەروەها بەهۆی گرانی کتێبەوە زۆرجار فەقێ و مەلایانی کورد ناچار بوون بە نۆرە گرتن بۆ کتێبێك کات دابنێن تا بەدەست بینووسنەوە، لەنموونەی نوسینەوەی کتێبی (شرح الافلاك) لەلایەن مەلا سەید ئەحمەدی (تاوگۆزی)یەوە[٧].

ڕەویەی فەقێیان وەها بوو دێهاتە و دێهات و شار بەشار دەگەڕان و لە یەك شوێندا سەقامگیر نەدەبوون، بۆ هەرشوێن و وولاتێك بڕۆشتنایە کەس و کاریان جگە لە غەریبیکردنی مەترسیان نەبوو، هەموو کەس (مەلا و ئاغا بەگ و میر) بە چاوی ڕێزەوە لە فەقێیان دەڕوانی و پێیان دەگوت (زانست خواز/ طالب العلم) بۆیە مایەی شانازی کەس و کارییان بوون[٨]. پێگەی خوێندن و خوێندەواری ئایینی بە جۆرێك بوو خەڵك ئەوانەی شتێك توانایان هەبوو، یان مەلا ئاینییەکان هەوڵیاندەدا منداڵەکانیان بنێرنە حوجرە دیارەکان، (بەهادین نوری) ئاماژە بەم ڕاستیە مێژووییە

---

[١] محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب١، ل١٠٦٧.
[٢] الشيخ محسن المفتي: خلوة السالكين و...، ج١، ص٢٩٩.
[٣] حەسەن عەبدولکەریم: ژیانێکی پڕ لە کوێرەوەری،گۆڤاری ژین، ژ(٩)، سلێمانی، ساڵی نۆیەم، دیسەمبەری ٢٠١٧، ل٢٣٩.
[٤] محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب١، ل١٠٦٧.
[٥] حەسەن عەبدولکەریم:سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٠.
[٦] ئەم کتێبە لە دانانی شمس الدين محمد بن احمد الخطيب الشربيني الشافعي (ت٩٧٧هـ) لە چەند بەرگێك پێکهاتووە، تایبەتە بە شرۆڤەی بابەتە فیقهییەکان لە ڕوانگەی ئاینزای شافیعییەوە. توێژەر
[٧] بڕوانە// وێنەی بەڵگە نامەکە لە پاشکۆی ژمارە( ١٥)
[٨] حەمەکەریم هەورامی: مێژوی پەروەردە و.. ،ل٣٠٧،٣٠٨.

دەکات و دەڵێت: "باوکم زۆری هەوڵداوە بچمە یەکێك لە مزگەوتەکانی قەرەداغ یان هەڵەبجە و بیارە، وەك فەقێیەك بخوێنم و ببمە زانایەکی ئاینی"[1].

هەموو ئەو خزمەتانەش لە خەرجی خەڵک و فەقێیان لە داهاتی وەقفەکانەوە بوو، وەقف وەک سیستمێکی هاوکاری و ئابوورییانە لە وڵاتانی ئیسلامی کاری لەسەرکراوە، لە هەورامان و ناوچەکەش ڕۆڵێکی گەورەی لە خزمەتکردنی بوارە ئاینییەکان هەبووە ، ئەو وەقفانەشی کە کراون بە زۆری لەو بەرهەمە بووە کە خەڵکی ناوچەکە خاوەنی بوون، هەرە دیاریان داری گوێزە کە لە ناوچەکە وەک بەرهەمێکی بەنرخی ئابووری بینراوە، بەڵام دەکرێت لە پاڵ دارگوێزە وەقفکراوەکاندا، لەو باخانەی بۆ حوجرە و خانەقاکان وەقفکرابوون داری تریشی تێدا بوبێت[2]. وەقفنامەکان پێش دەسەڵاتی شێخەکانیش نەریتێکی دیاری دەسەڵاتی میرانی کورد بوون، بابان بە نموونە سەردەمی بابانەکان وەقفەکان وەک بەڵگەیەکن لە خزمەتی مزگەوت و حوجرەکانی خوێندندا بەڵگەی ئەوەن بابانەکان چەندە گرنگیان بە زانست و زانیاری داوە[3]. هەر ئەوەشە وایکردووە زۆرینەی میرانی بابان لای توێژی مەلا و فەقێ و خەڵکی حوجرەکان خوشەویست بن و زۆربەیان بە شانازییەوە ناو و مێژووی میرانی بابانیان لە پەراوێزی کۆتایی دەستنوسەکانیاندا نووسیوەتەوە، کە سوودێکی مێژوویی هەیە، بۆ زانینی مێژووی هەندێک لە میرانی بابان[4]. ژمارەی ئەو وەقفانەی لە سنووری هەوراماندا لە خزمەتی خانەقا و قوتابخانەی بیارەدا بوون (١١) تەختە بوو[5]. داهاتی ئەو وەقفانە بە جۆرێک لە خزمەتی فەقێ و ژیانی فەقێکاندا بوو، لەو ساڵانەی پاش جەنگ و لە دۆخێکی وا سەختدا فەقێکان هەستیان بە برسێتی نەکردووە، چونکە لەو دەمەدا هەموو فەقێیەک ڕۆژانە بڕی هەشت نانی هەبوو بە خۆرایی و چێشتیش ئەوەی هەبوو دەیدرایە. هەرچەندە ئەو هاوکارییە هەر بۆ فەقێکان نەبوو، بەڵکو هاوکاری خواردن و خۆراک بۆ هەموو ئەوانە بوو لە خەڵکی برسی و ڕێبواران کە ڕوویان لە ناوچەکە کردبوو[6]. بەڵام لە شوێنەکانی تر دۆخەکە جوودا بوو لە پاییزدا فەقێکان بۆ کۆکردنەوەی ئازووقەی زستان بەناوی (دەقنە)[7]ی پاییزانەوە بەسەر دێهاتەکاندا دەگەڕان و زەخیرەیەکی زۆریان کۆدەکردەوە، بەشێکیان دەفرۆشت و ئەویتریان بۆ توێشووی زستان هەڵدەگرت[8].

خاوەن باخەکان بەشە وەقفکراوەکەی وەک باخەکەی خۆی خزمەت دەکرد و لەکاتی کۆکردنەوەی بەرهەمەکەیدا مەلا و چەند کەسایەتییەکی خەڵکی مزگەوت لە زیادکردنێکی ئاشکرادا ئەو بەرهەمەیان دەفرۆشت، هەرچی پارەکەشێتی بۆ خزمەتی مزگەوت یان مەلای مزگەوت و فەقێ و مەدرەسەکانی مزگەوت و ناندانی ڕێبواران بەکاردەهات، یان هەندێک جار ئەو بەرهەمانەش لە شەوانی هەینیدا بەخشراونەتەوە [9]. ئەوە تەنها تایبەت نەبوو بە خەڵکی هەورامان و خانەقای شێخ، بەڵکو لەو ساڵانەی جەنگدا خەڵکێکی زۆر لە سلێمانییەوە ڕوویان لە خانەقا و ناوچەکە کردبوو بۆ

---

[1] حەمەکەریم هەورامی: مێژوی پەروەردە و.. ، ل ٤٦.
[2] عبدالرزاق عبدالرحمن محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤٩.
[3] نەوشیروان موستەفا ئەمین: سەرچاوەی پێشوو، ٨٤،٨٣ .
[4] محمد عەلی قەرەداغی: بوژانەوەی مێژووی ...، ل٤٨.
[5] مەبەست لە تەختە واتە تەلانی گەورەی باخ و (٦٢) تەلان و (١٣٠) چل دارگوێز بوو. (بڕوانە // عبدالرزاق عبدالرحمن محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤٩).
[6] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: ڕۆژگاری ژیان، ل٩٣.
[7] ئازووخەیەکە قوتابیانی مزگەوت کۆی دەکەنەوە بۆ زستانیان. (بڕوانە // شێخ محەممەدی خاڵ: فەرهەنگی خاڵ، چ١،چاپخانەی ئاراس،هەولێر، ٢٠٢١،ل٢٠٤).
[8] ئەحمەد بانیخێڵانی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨، ٢٩.
[9] عبدالرزاق عبدالرحمن محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤٩.

کڕینی گەنم، بۆیە شێخ بڕیاری دابوو گەنمیان بە نرخێکی کەم پێبدات و بەڕێیبیان بکات[1]. بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارە هەورامان بەو ناوچە شاخاویە بێ دەرەتانەوە، کە لە بنەڕەتدا بەو قەبارەیە شوێنی چاندنی گەنم و جۆ نییە، دەبێت ئەو هەمموو گەنمەی لە کوێ بێت، کە نانی فەقێ و ڕێبوارانی لێبەرهەم بێت، ئەگەر سەرچاوەکەی کۆکردنەوەی زەکاتی گەنم و جۆی گوند و ناوچەکانی دەورووبەری هەورامان نەبێت، کە بێگومان ئەو جۆرە داهاتانە یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکانی ژیانی فەقێیان بووە.

لە سەروبەندی ساڵانی پەنجاکاندا لە ڕێگەی (عەبدوللحەق نەقشبەندی)ەوە لە بەغدا و لەلایەن مەلیکەوە بڕێك هاوکاری بۆ خانەقا و حوجرەی (بیارە) تەرخانکرابوو کە (١٧) دینار بوو، ئەمە تەنها بۆ ئەو خانەقایە بوو لە ناوچەکە، حوجرەکانیتر ئەو هاوکاریەیان وەرنەدەگرت، هەرچەندە لەلایەن نەیارانی شێخەوە کە شوعییەکان بوون دەنگۆی ئەوەدەکرا ئەوە لە پای هاوسۆزی شێخ (عەلائەدین)ە بۆ دەسەڵاتی حکومەتی عێراق و بە (جاشایەت)ییان ناودەبرد، بەڵام لە ڕاستیدا وانەبوو، بەڵکو لەبەر ئەو خزمەتە زۆرانە بوو کە بە فەقێ و خوێندنی ئایینی دەکرا لەوێ کە نزیکەی (٧٠) فەقێی تێدابوو لەوکاتەدا، بەهۆی پەیوەندی (عەبدولحەق)یشەوە ئەو بڕە تەرخانکرابوو[2].

دیاریدەیەک کە لە سەردەمی شێخ (عەلائەدین)دا دەبینرێت، لە ناو خانەقای (بیارە) و قوتابخانە ئاینییەکەی لەگەڵ گەورە بوونی قەبارە و ناوبانگەکەی، بەڵام سەرەتای ململانێی مەلا و مودەڕسینی ناو ئەو خانەقایە دەرکەوتبوو، ئەمە لە قۆناغەکانی پێشتردا بە دی ناکرێت، بۆیە شێخ لەو کاتەی مەلا (حوسێنی کوڕی مەلا قادری گەورە) دەکاتە مودەڕیسی خانەقای (بیارە)، دەیکات بە مەرج کە مەلا (بابا ڕەسووڵی بێدەنی)ش مودەڕیسی هەمان خانەقا بێت، ئەگەرچی مەلا (حوسێن) بەڵێنی ئەوەدەدات، بەڵام دواجار بۆ خۆ دوورگرتن لە دروستبوونی ناکۆکی مەلا (ڕەسووڵ) خانەقا بەجێ دەهێڵێت، لە کاتێکدا یەکێک بووە لە مەلا هەڵکەوتەکانی سەردەمی خۆی و لەگەڵ کاری مەلایەتیدا زاهیدێکی گەورەش بووە. پاش ئەویش مەلا (ئەحمەدی ڕەش) دەکرێتە مودەڕیس لە خانەقا، بەڵام ئەویش زۆر نامێنێتەوە و بۆ خۆدوورگرتن لە فیتنە و ئاژاوە ئەرکەکە بەجێ دەهێڵێت [3].

ئەو حاڵەتە هەر لە ناو مەلا ومودڕیسینی خانەقادا نەبووە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی لەسەر فەقێ و گوزەرانی فەقێکانیش هەبووە، بۆیە لە ڕۆژگارەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، لەگەڵ ئەوەی خزمەت بە فەقێ کانی ناوخانەقادەکرا، بەڵام بەهۆی کێشەیەك جۆرێک لە ناڕەزایی لە ناو فەقێکانی (بیارە) سەریهەڵدا، ئەوەش بەهۆی ڕیزێک دووکانی تەنیشت خانەقاوە بوو، کە بۆ خانەقا وەقف کرابوون، دەبووایە پارەکەی بۆ باشترکردنی ژیانی فەقێیان خەرج بکرێت، بەڵام کۆدەکرایەوە و نەدەزانرا چۆن دەخورێت، وەك ناڕەزایی لەو دۆخە فەقێکان بڕیاریاندا (بیارە) بەجێهێڵن و بڕۆن، تاوەکو دواجار دۆخەکە چاککراو لەوە بە دوا فەقێکان خۆیان کرێی دووکانەکانیان کۆدەکردەوە و بۆ خەرجی خۆیان بەکاریان دەهێنا، بەوەش دۆخیان شتێک باشتر بوو[4]. بە خوێندنەوەو بەراوردکردنی دۆخی فەقێ و ژیانی ناوخانەقای (بیارە) و ئەو خزمەتانەی پێشکەشیانکراوە، لەگەڵ ئەو ڕووداوە دەتوانین ئەوەی لێبخوێنینەوە کە دۆخەکە پەیوەندی بەجۆرێك لە گۆڕین لە ئاراستەی خزمەتکردن بە

---

[1] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: ڕۆژگاری ژیان، ل٩٤.
[2] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا محەممەد عەلائەدین حسین)، سەرچاوەی پێشوو.
[3] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: ڕۆژگاری ژیان، ل٣١١،٣١٢.
[4] حەسەن عەبدولکەریم: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٠.

فەقێكانی خانەقا ڕوویدابێت، ئەویش بەهۆی پێگەشتنی شێخ زادەكان بەجۆرێك وەك شێخی باوك نەیان توانیووە كرێ و بەرهەمی وەقفەكان بۆ فەقێی و پرۆسەكە خەرج بكەن، دەتوانین بڵێین ئەم ڕووداوانە ئاماژەی سەرەتای داكشانەوەی ڕۆڵی ئەو خانەقایە بوون.

لە دیدارێكی ڕۆژنامەوانیدا و بە بڕوای شێخ (محەممەد بەرزنجی) وەک مەلا و ڕابەری بزاوتێكی سیاسی ئیسلامی لەمەڕ توانستی زانستی حوجرە ئاینییەكان بەجۆرێك بووە بڵێت:"خاوەن بڕوانامە بەرزەكانی ئەمڕۆ لە ماستەر و دكتۆرا، لە بابەتێكی بچووكدا خاوەن پسپۆڕییەكی دیاریكراون، بۆیە بە دوازدە دكتۆرای نوێ لە ئاست دەرچوویەكی پێگەشتووی حوجرەكانی ئەوسا خاوەن زانست نین"[1]. هەر لەو بارەیەوە (محەممەدی مەلا كەریم) كوڕی یەكێك لە دیارترین مودەڕیسەكانی (بیارە) و سەردەمێكی زۆر لەناو ڕووداوەكانی ئەو ژینگەیەدا ژیاوە، دەڵێت :"من لام وایە خوێندنی حوجرەی جاران بۆ فەقێیەک شت تێبگات و مامۆستای ڕاستەقینەی هەبێت، دەورێكی زۆری هەبوو. من بەڕاستی پەشیمانی ئەوەم، كە تاوەكو لە قۆناغی خوێندندا بووم، بە باشی نەمدەخوێند و گوێم نەدەدایە، هەرچەندیش كەمتەرخەم نەبووم لە خوێندنەكەمدا، چ لەو قۆناغە، چ لەوە و پاش، تاوەكو باوكم مابوو سوودێكی پێویستم لێوەرنەگرت، بە داخەوە شوێن كەوتنی سیاسەت وا كاری تێكردم بە چاوی بایەخپێدانەوە تەماشای فەقێیەتی و خوێندنی حوجرە نەكەم"[2]. دیارە كەمبوونەوەی ئەو كاریگەرییە كەوای لە مەلازادەیەک كردووە، زۆر بایەخ بەو جۆرە لە خوێندن نەدات هەروا لە خۆوە نەبووە، بەڵكو لە ناوەندە فەرمییەكانی خوێندندا كەسی وایان تێدابووە، كە زۆر بە توندی هەوڵی دەدا بەگژ ڕێبازی تەسەوف و خوداناسیدا بچێتەوە و بەرپێبگرێت، بە لە بەرچاوخستن و لەكەداركردنی خوێندنی هەڵگرانی ئەو ڕەوتە[3]. نەیارێتی ئەو جۆرە لە قوتابخانە لە چواردەوری هەڵەبجە لەو كاتەدا هەبووە، لە هەمان كاتدا ئەوانەی لە ناو حوجرەدا خەریكی خوێندن بوون، بە جۆرێكی ناشیرین لە قوتابخانە فەرمییەكانیان دەڕوانی و بە سەرچاوەی بێ باوەڕییان دەزانی، ئەم جۆرە لە ململانێ لە نێوان هەردوولادا بەردەوام بوو[4].

بەهێزی هەستی ئایینی لە ناو كورددا وایكردبوو خوێندنی فەقێیەتی ڕەواجی زیاتر بێت، وەک لە خوێندنی قوتابخانە فەرمییەكان، هەروەها بەراورد بەوان كەم خەرجی تربوو لەلایەک و بەخشینی فەقێكان لە ئەركی سەربازی لە ناو دەوڵەتی عوسمانیدا لایەكی تری بابەتەكە بوو[5]. چونكە مزگەوت و خانەقاكان نەک تەنیا بەهۆی خوێندنەوە خەڵكیان فێری ناسینی ئایین و پەرستشەكان كردووە، بەڵكو بە شێوازی نمایش و بیستن (سەماعی)ش لە ڕێگەی زیكرەكانەوە خەڵكیان فێری بنەماكانی ئایین و یاد و خوداپەرستی كردووە[6]. هەرچی ڕۆڵە كولتووری و ڕۆشنبیرییە كەیە، هاوتا

---

(1) محەمەد مەحمود محەمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

(2) ئازادعبدالواحید: محەمەدی مەلاكەریم هەڤپەیڤین، گۆڤاری ڕامان، ژ(١٧٠)، بەشی سێیەم، هەولێر،٢٠١١/٧/٥، ل٣٥،٣٦.

(3) شێخ موحسین موفتی: گەوهەری حەقیقەت لە ژیان و كەسایەتی قوطبی طەریقەت،حەزرەتی شێخ محەممەد عوسمان سیراجەددینی نەقشبەندی، ب٢،چ١، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر،٢٠٠٣، ل ١٤٣ .

(4) حەسەن عەبدولكەریم: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٩ .

(5) ئاكۆعەبدولكەریم شوانی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠.

(6) شاهۆعوسمان سەید قادر: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩.

به ڕۆڵی زانستی ناوەندە سۆفیگەرییەکانی نەقشبەندی خۆی لەو قوتابخانە ئاینییانەدا دەبینێتەوە کە لە ناو خانەقاکاندا بوونیان هەبووە و بەسەدان کەسایەتی و خوێندەواریان پێگەیاندووە[1].

لە دیدی (هێمن)ی شاعیرەوە ناوەندەکانی حوجرە و خانەقاکان شوێنی ئەدیبی زۆر گەورە و هەڵکەوتوو بوون وباس دەکات کە هاتووچۆی خانەقا شەوقی ئەدەبی لەودا بەوجوود هێناوە و بەردەوام دەبێت و دەڵێت:"مەلا قادر ناوێک ئەگەرچی تەمەنی سەرکەوتبوو، بەڵام ئەگەر بڵێم شارەزاتر بوو لە ئەسەری سەعدی شیرازی، زیاتر لە سەعدی خۆی زۆرم نەگوتووە"[2]. ئەوەش بەرهەمی بوونی مامۆستای بەتوانا و سەرچاوەی زانستی نووسراوی مەلا و خوێندەوارانی کورد بووە، هاوتا لەگەڵ ئەو کتێبە ئاینییانەی کە لەلایەن مەلایانی کوردەوە مووتاڵا دەکران.

دەوڵەمەندی (بیارە و تەوێڵە) بەسەرچاوەی زانستی و دەستنووسی زانایانی پێشوو لە ئاستی دەوڵەمەندی کتێبخانەی گەورەی بابانەکان بووە، لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی، ئەو کتێبخانەیە لە زۆربەی زانستە ئاینییەکاندا سەرچاوەی بەنرخی هەبوو، هەرچەندی کتێبخانەی (تەوێڵە) زووتر لەناوچوو دەستی نابەرپرسی پێگەشت، بەڵام کتێبخانەی مزگەوتی (بیارە)، مایەوە تاوەکو ڕۆژگارەکانی دوایی و کتێبەکانی بۆ کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی گواسترایەوە[3]. بەشێکی زۆر لەو دەست نووسانە بەرێگەی جۆراوجۆر براوەتە ئێران، لە گێرانەوەیەکدا کەسێك بەناوی (ماجید) خوشکەزای (ئەحمەدی موفتی زادە)، لەسەردانی ماڵی ئاخوندێکی شیعە باسی لەوە کردووە ئەو کتێبانەی لە بەردەستیدان هەمووی کتێبی کتێبخانەی (بیارە)یە و بەوگەیشتووە[4]. ئەو هەمەڕەنگییەی لە ناوچەکەهەبوو بەهۆی هاتنی فەقێی شوێنە جیاوازەکانەوە بۆ خوێندن و سەردانیکەرانی ناوچەکە بەهۆی شێخەکانەوە، سوودی زمان و ناسینی شێوە زارەکانی هەبوو، بەهۆی هاتنی خەڵکی ئاست جیاواز و لەناوچەی جیاوازەوە، بەوەش کاریگەری شێوە زاری ئەوان لەسەر خوێندەوارانی ناوحوجرەکان هەستی پێدەکرا، کە بۆخۆی جۆرێك لە دەوڵەمەندی لە ئاخاوتنی فەقێیان و خوێندەوارانی ناو ئەو حوجرانەدا هەبووە[5].

**تەوەری سێیەم: ئاکار و ژیانی ناو قوتابخانە ئاینییەکان لە ناوچەکەدا:-.**

قوتابخانە ئاینییەکان بەو مێژوو و قەبارەیە کە لە ناوچەکەدا هەیانبووە، بناغەی ڕۆشنبیری و زانستیی ناوچەکەن، دەکرێت بە دوای هێڵە گشتییەکانی ئاکاری ئەو ناوەندانەی فێربووندا بگەڕێین.

بە گشتی تەمەنی خوێندن لە حوجرە ئاینییەکانی کوردستاندا، لە نێوان (٦ بۆ ٨) ساڵی، تەنانەت تاوەکو (١٢) ساڵیش چووە، زۆر جاریش تەمەن بۆ فەقێ دیاری نەکراوە[6]. خوێندن لە حوجرەکاندا هاوشێوەی خوێندنی فەرمی دابەشی سێ قۆناغ کرابوو، کە هەریەك لە دەستپێك و ناوەند و پێشکەوتوان بوون، لەرێگەی فەقێ ئاست بەرزەکانەوە وانە بەفەقێ سەرەتاییەکان دەوترایەوە، کە بۆخۆی شێوەیەکی باشی ڕاهێنان بوو لە باشتر پێگەشتن لەو زانستە ئاینییە خوێنراوانەدا، کاتەکانی

[1] خالد محمود کریم: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٣.
[2] تاریك و ڕوون، گوڵبژێرێك لە شیعرەکانی هێمن، بێ شوێنی چاپ، ١٩٧٤، ل ١٠٩.
[3] الشیخ محمد الخال: البیتوشي الشیخ معروف النودهی ،الطبعة الاولی، مرکزالخال الفکری والثقافي، ٢٠٢١، ل ٣٢٨.
[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەبدودائیم هەورامانی)، سەرچاوەی پێشوو.
[5] ئازاد عبدالواحید: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦
[6] شاهۆ عوسمان سەید قادر: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.

وانە گوتنەوە لە بەیانی هەر ڕۆژێکەوە تاوەکو درەنگانی شەو بەردەوام بوو[١]. ژمارەی فەقێی هەر حوجرەیەك بە پێی گونجاوی ئەو حوجرەیە بووە، تاوەکو چەند جێگای فەقێ دەکاتەوە، شێوازی خوێندنی فەقێیان لە حوجرەکاندا ئازادانە بووە، واتە خەڵکی بە خواستی خۆی چووەتە بەر خوێندن و حوجرەیەک لە حوجرەکانی هەڵبژاردووە، بۆ خۆشی دیاریکردووە لەلای کامە مامۆستا مۆڵەت وەربگرێت. هەروەها مامۆستا و فەقێ بە خواستی خۆیان توانیویانە بابەتی زانستەکانی خوێندن هەڵبژێرن، کتێبە خوێنراوەکان بە گشتی بابەتی (قورئان، فەرمووده ناسی و زانستەکانی تری وەک فەلەک ناسی، ئەندازیاری، ژمێریاری، ئەدەبیات و فەلسەفە) بوون. فەقێکان بۆ هەر قۆناغێکی خوێندن و لە هەرکام لە حوجرەکاندا، لەکاتی گواستنەوەیان بۆ حوجرەیەکی تر، بڕوانامەی پشتگیری پێدراوە، وەک ئاماژەی دیاریکردنی ئاستی خوێندنی فەقێکە تاوەکو لە حوجرەی تردا درێژە بە خوێندن بدات[٢].

شێوەی خوێندن لە حوجرەیەکەوە بۆ حوجرەیەکیتر جیاواز بووە، لە (بیارە) شێوازی خوێندن جودا لە شێوازی زۆربەی حوجرەکانیتر تەنها وتنەوەی وانە نەبوو، بەڵکو جۆرێك لە سیمپۆزیۆمێکی کراوە بوو بۆ گەنگەشەکردنی گرفتی بابەتی زانستە شەرعییەکان[٣]. لە ڕووی جل و بەرگیشەوە فەقێ جل و بەرگی لە مامۆستاکەی جیاواز بووە، تەنانەت ئەو جامەدانیەی لەسەریدەکرد، شێوەکەی جوودا بوو لە جامەدانی خەڵکانی ئاسایی، بۆی نەبوو مێزەری سپی لەسەر بکات، تاوەکو بە پۆشاکیدا بناسرێتەوە و لە مامۆستاکەی و خەڵکی ئاسایی جوودا بێت[٤]. خوێندن لەم دەزگایانەدا ئازاد بوو، بەڕێوەبردنی لە ژێر هیچ یاسا و ڕێسایەکدا نەبوو، مەلا یان فەقێی وانەبێژ لە پەروەردەکردنی منداڵدا بە ساڵێکی دیاریکراوە پەیوەستنەدەبوو، خوێندن تیایدا بە تاک بوو نەک بە کۆمەڵ، منداڵ بە پێی ئاستی زیرەکی و لێهاتوویی خۆی لە خوێندندا دەچووە پێش، نەک بە پێی تەمەنی[٥]. فێربوونی پیتەکان لەم جۆرە قوتابخانانەدا بە حونجە بووە، بە جۆرێک ئەو حونجەیە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا یەک فۆرم و شێواز بوو، نوێبوونەوەی بە خۆیەوە نەدەبینی، مەلا یان فەقێ بە ماندووبوونێکی زۆرەوە وانەکانی دەگەیاند، تەواوکردنی قورئان بەم جۆرە خوێندنە پلە و پایەی قوتابییەکەی مەزنتر دەکرد و لەلایەن هاوڕێکانییەوە ئاهەنگ و شیرینیان بۆ دەبەخشییەوە[٦].

خوێندن لە قوتابخانە ئاینییەکاندا بێبەرامبەر بووە، خەڵکی گوندەکە یان ئەو گەرەکەی قوتابخانەکەی تێدا بووە، بژێوی ڕۆژانە و گوزەرانی مەلا و فەقێکانیان دەگرتە ئەستۆ، هەروەها داهاتە وەقفکراوەکان سەرچاوەیەکی تری بژێوی و پێداویستی قوتابخانە ئاینییەکان بووە و ڕۆڵی گەورەیان لە خزمەتکردنی زانست و زانستخوازیدا هەبووە[٧]. ئەو نانەی لە ماڵان کۆدەکرایەوە لە هەڵەبجە و گوندەکانی دەورووبەریش ئەوانەی حوجرەی فەقێیان تێدا بوو بۆ ڕاتبەی فەقێ لەلایەن

---

[١] عماد عبدالسلام ڕووف: مراكز ثقافية...، ص٤٦.
[٢] شاهۆ عوسمان سەید قادر: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.
[٣] عماد عبدالسلام ڕووف: مراكز ثقافية...، ص٤٧.
[٤] شاهۆ عوسمان سەید قادر: سەرچاوەی پێشوو،ل٥٤.
[٥] مەزهەر شێخ نورەدین موفتی: مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس، کتێبخانەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٦٠.
[٦] محمدعلی قەرەداغی: بوژانەوەی مێژووی ...، ل١٧،١٤،١٢.
[٧] محمد صالح الابراهیمی المحمدی: حیاة علماء الکرد فی العالم الاسلامی، ج١، طهران، ١٣٦٤ش، ص ٤٧٠.

ماڵەکانەوە زۆر بەدڵخۆشی دەدرا و هیچ هەستێکی ڕژدی و پێناخۆش بوون بۆ ئەو خزمەتە هەستی پێنەدەکرا، لە کاتێکدا لەو ڕۆژگارەدا نان بەهۆی کەمییەوە دەستخستنی ئاسان نەبوو[١].

خوێندنی فەقێی و حوجرە و مزگەوتەکانی هەورامان ڕێک و پێک و بەدەستوور بوو، بێگومان بە یەکێک لەسەرچاوەکانی ئایین وخوێندەواری لە کوردستاندا دادەنرێ[٢]. لە خەسڵەتی قوتابخانە ئایینەکان ئەوە بوو هەموو کەسێک بە جیاوازی پلەی چینایەتییەوە دەیتوانی تێیدا بخوێنێت[٣]. تەنانەت کورانی شێخ مافی ئەوەیان نەبووە دەستوەردان لەکاروباری حوجرەکانی فەقێکان بکەن یان ستەم لە فەقێکان بکەن، لە ڕووداوێکدا کوڕێکی شێخ (عومەر زیائەدین) بەناو (محێدین) لەکاتی ئاهەنگی مێزەربەستن بۆیەکێك لەو موستەعیدانەی کە خوێندنی بە کۆتایی گەیانبوو، بێئەدەبیەك بەرامبەری دەکات و لێیدەدات و مێزەرەکەی دەخاتەخوار، کاتێك شێخ (عومەر) بەم حاڵەتە دەزانێت، مەلاکە بانگ دەکات و داوای لێدەکات تۆڵەی خۆی لە شێخ (عومەر) یان کوڕەکەی شێخ بکاتەوە، بەڵام ئەو مەلایە بەهیچ کام لەو پێشنیارانەی شێخ ڕازی نابێت، ئەگەرچی (محێدین) کوڕی گەورەی شێخ (عومەر) بوو، بەڵام لەلایەن شێخەوە کەنارخراو بەهۆی ئەو هەڵەیەوە هیچ سۆزێکی بەرامبەر نیشاننەدرا[٤].

جۆرێتی وچەندێتی ئەو وانانەی لە حوجرەکانی کوردستاندا دەگوترانەوە زۆربوون، بەڵام بە پێی قۆناغەکان گۆڕانی بەسەردا هات وله (١٢) بابەتی خوێندندا کۆکرانەوە، هەر بۆیە ئەوەی ئەو کتێبانەی تەواو دەکرد پێی دەگوترا (دوازدە عیلم) کە هەریەک لە بابەتەکانی (نەحو- سەرف- ڕەوانبێژی- بنەماکانی فیقھ - فیقهی زمان- لۆژیک - ئاداب - زانستی کەلام - فەلسەفە - ئەستێرە ناسی - ماتماتیک - ئەندازە) بوون[٥]. لە کاتێکدا لەو ڕۆژگارانە نەریتی باوی کۆمەڵایەتی لە عێراق بەگشتی ڕێخۆشکەر نەبوو بۆ فێربوونی ئافرەتان و مانەوەیانی لەماڵ بە ئەرکی سەرەکی دەبینی، بۆیە ڕێژەی نەخوێندەواری لەناو ئافرەتاندا زۆر لە پیاوان بەرزتربوو[٦]. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە هەورامانی شوێنپێگەی شێخەکاندا، وەنەبێت فەقێ بوون و خوێندنی ئایینی تەنها تایبەت بووبێت بە کوڕان و کچانی لێ بێبەش بووبێت، بەڵکو لە هەوراماندا ژنانیش خوێندوویانە، پاش تەواوکردنیش دەرسیان گوتووەتەوە، واتە ئافرەتانیش هەم خۆیان فێری خوێندن کردووە، هەم فێرخوازیان هەبووە، لە نموونەی خانمی ناسراوی (تەوێڵە) خەلیفە (لەیلێ) بوو، کە سەرەڕای ئەوەی چەندین ئافرەت لای ناوبراو خوێندوویانە، ڕێژەیەک لە پیاوانی دەڤەرەکەش لای ئەم خەلیفەیە قورئانیان تەواو (خەتم) کردووە، هەروەها خاتوو (خاڵێ)ی کچی پیر (جاروڵڵا)ی هەورامان و سۆفی (مروەت) خەلیفەی شێخ (عومەر)ی بیارە[٧]. لەهەڵەبجەش بەهەمان شێوە خاتوو(حومەیرا) مانگانە بە (٥٠)فلس وانەی بەچەند منداڵی کوڕ و کچ دەوتەوە قوتابی زۆری هەبوو[٨].

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محەمەد عەلائەدین محەمەد حسین)، سەرچاوەی پێشوو.
(٢) ئەحمەد بانیخێڵانی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨، ٢٩.
(٣) حەمەکەریم هەورامی: مێژووی پەروەردە و ...، ل٣٨٤ .
(٤) شێخ محسن شێخ خالید موفتی(ئەحسەن): گەوهەری حەقیقەت، ب٤، ل ١١٨.
(٥) محمد علی قەرەداغی: بوژانەوەی مێژووی ..، ل٦٦.
(٦) جميل موسى النجار: التعليم الحديث في العراق (١٩١٨-١٨٦٩م)، ط١، منشورات الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠١،ص ٧٧.
(٧) عبدارزاق عبدالرحمن محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨
(٨) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محەممەد عەلائەدین محەممەد حسین)، سەرچاوەی پێشوو

لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێت ئەو ڕاستییە بشاردرێتەوە، کە جیاوازییەکە لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا، هێندە گەورەبوو قابیلی بەراوردکاری نییە، بۆیە دروستە گەر خەسڵەتی پیاوانە بەو جۆرە خوێندنە بدرێت، چونکە بەشی هەرەزۆری ئەو قوتابخانانە لە ڕەگەزی نێر بوون، چ فەقێکان یان مامۆستایان، لەگەڵ ئەوەی نکۆڵی خوێندنی هەندێك لە ژنان لەو ناوەندە ئاینییانەدا ناکرێت، بەڵام بەووردبوونەوە لە دۆخی خوێندن وئەو دەرهاویشتانەی لە خوێندنی حوجرەکانەوە بینراوە لە خاوەن نوسینەکان وخەڵکانی دەرچووی ئەو ناوەندانە، ڕەنگە ڕاستتر ئەوەبێت خوێندنی ژنان تەنها تاوەکو ئاستی تەواوکردنی قورئان بێت وهاوشێوەی پیاوان زیاتر شۆڕنەبووەتەوە بۆ ناو زانستە ئیسلامیەکانیتر. لایەنێکی تری ئاکاری خوێندنی ناو حوجرەکان و ئاراستەی گشتی مامۆستایانی ئەو ناوەندانە، ڕەچاوی پێکەوە ژیان بووە، نموونەی پێکەوە ژیانی شێخانی هەورامان لەگەڵ پێکهاتە ناموسڵمانەکانی سنوورەکە باشترین بەڵگەیە، هەروەها لە سنوور و جێگاکانی تریش ئەو ڕەوت وتەرزە بیرکردنەوەیە هەمان جۆر بووە، یەکێک لەو نەریتانەی کە نیشانەی بیرکراوەیی قوتابخانە ئاینییەکانی (بیارە) وناوچەی هەورامانە، ڕاجیایی هەندێک لە مەلا وانە بێژەکانیەتی، لەگەڵ بیرکردنەوەی شێخەکاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەیان لێ نەگیراوە.

مەلا(محەممەد)ی گەورەی خورماڵ یەکێک لەو نموونانەیە، کە کوڕی مەلا بەها (بەهائەدین)ی (بیارە)یە، باوکی بۆ ماوەی زیاتر لە (٥٠)ساڵ پێشەوا (امام) و مامۆستای خانەقای (بیارە) بووە، پاش تەواوکردنی خوێندن لە مزگەوتی (بیارە) دەبێتەوە بە مەلا، لە ساڵی (١٩٥٠) دەبێتە مەلای خانەقای (تەوێڵە) و فەقێ ڕادەگرێت، پاشان لە (هانە گەرمەڵە) وخانەقای (بیارە) بۆتە مەلا، لەگەڵ ئەوەی پەیوەندی خزمایەتی و پێکەوەیی لەگەڵ شێخانی (بیارە) هەبووە، بەڵام پەیڕەوی لە تەریقەت و ئەنجامدانی خەتمە نەکردووە و ڕێزی هەموو جۆرە بۆچوونەکانی گرتووە، وەک لە کۆتایەکانی تەمەنیدا فەقێکانی بۆ ئەو مەبەستە هانداوە[1]. (مەسعود محەممەد) لە (١٩٧٣) نزیک بە نیو سەدە بەر لە ئێستا، ئاماژەی بە دەوری فەقێ وخوێندنی حوجرەکانی کوردستان لە پێکهێنانی پەیوەندییە کوردستانییەکاندا کردووە، بەبێ جیاوازی لەنێوان پارچە و شێوەزارە جووداکانی کوردستاندا، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە هیچ دەستە و گرووپێکی ترهێندەی ئەوان ڕۆڵی لە دروستکردنی ئەو پەیوەندییانەدا نەبووە. بەرهەمی ئەو قوتابخانە وحوجرانەش کەسانی وەک (مەلای جزیری وخانی وحاجی قادری کۆیی) بوون، هەربۆیە ئەم جۆرە لە خوێندن وخوێندەوارانی جێی بایەخ و گرنگی پێدانن[2]. هەر لەڕێی خوێندن وتێکەڵاو بوونی فەقێ ومەلایانی کوردەوە ئاشنایەتی بە شێوەزار و خوو ڕەوشت و ژیانی ئەو خەڵکە دروستبوو، فەقێ و خوێندەواری کورد پێویستی بە هانا بردنە بەر بێگانە نەبووە، بەڵکو زۆربەی مەلایانی ناوداری کورد خوێندنی خۆیان هەر لە کوردستاندا بووە[3]. سنووری ئەم جۆرە لە خوێندن لە ناو وڵاتی کوردەواریدا لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا بوو، بەڵام ڕۆڵی گەورەی لە بڵاوکردنەوەی ئاکار و ڕەوشتی باش، لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵک و کایەکانی ژیان هەبووە.

هەندێ جار وا ڕێککەوتووە، مەلای هەڵکەوتە وناوداری کورد، کەبەرهەمی حوجرە و قوتابخانە ئاینییەکانی ناوچەکە بووە، سنووری کوردستانی تێپەڕاندووە ولە ناوچەو وڵاتی عەجەمان توانیویەتی

---

[1] عومەرعبدالعزیز(د): ژیاننامەی مامۆستا مەلا بەهای بیارە، چ٢، سلێمانی،٢٠١٧، ل ٣٩ ؛ صلاح الدين محمد بهاالدين: مامۆستای گەورەی خورماڵ، چ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ل١٥.
[2] سەباح موفیدی(د): دەوری تویژی فەقێ و مەلایان لە پێکهاتنی پێوەندیی کوردستانی و گیانی کوردایەتیدا، ٢٠١٧/٧/١٦، http://www.Kurdistanc.com، سەردانیکردنی ٢٠٢٢/٦/٩).
[3] مەسعود محەممەد: حاجی قادری کۆیی، ب١، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ، ١٩٧٣، ل٢٧٣،٢٧٦.

خۆی بسەلمێنیت، ئەمە وێڕای کەسایەتییەکانی وەک مەولانا کە سنووره لۆکاڵییەکانی بڕیوە و وەک ڕابەرێکی جیهانی لە دونیای زانست وعیرفاندا سیمبولێکی گەورەیە، وابەستە نەبوون بە سنوورێکی دیاریکراو لەلایەن فەقێیانی کوردەوە، بە ئامانجی درێژەدان بە خوێندن و دۆزینەوەی باشترین مەلا ومامۆستا بووە، تاوەکو زۆرترین زانیاری لێوە فێربن، ئەم حاڵەتانەش پێچەوانەی بۆچوونی پێشوومان نییە. چونکە بەشێکی زۆری ئەو چوونە دەرەوەیەی فەقێکانی کورد، بۆ بەغدا و ناوچەکانی دەوروبەر هەربۆلای مەلایانی هەڵکەوتووی کورد لەو شوێنانە بووە، لە چەشنی گەشتی (مەحوی) شاعیر بۆ بەغدا بەمەبەستی خوێندن لەسەر دەستی زانای بەناوبانگی کورد (موفتی زەهاوی) کە لەوکاتەدا لە بەغدا بووە، هەروەها گەشتی وەفایی بۆ (مووسڵ و بەغدا)[1]. بەرهەمی ئەو حوجرە و (قوتابخانانە)ش[2]. کۆمەڵێک کەسی دیار وگەورەی وەک مەلا (محەممەدی کوڕی ئادەم باڵەکی (ئیبن ئادەم) و شێخ عەبدولڕەحمانی ڕۆژبەیانی و موفتی زەهاوی و مەلای مودەڕیس)ە. کە هەندێک لەوانە بوونەتە موفتی عێراق ولە ئاستێکی زانستی بەرزدا بوون، بەڕادەیەک لەودەمەدا شایەتی توانستی زانستی ناوەندەکانی خوێندنی کوردستان بوون ، بە نموونە کەسێکی وەک زەهاوی ماوەی (٣٨) ساڵ موفتی بەغدا بووە[3].

بەهۆی بوونی قوتابخانە ئاینییەکان و دروستبوونی چینێکی خوێندەوار لە هەورامان، بەتایبەتی (تەوێڵە وبیارە)، بنچینەیەك بۆ خوێندەواریی لە ناوچەکە دروست بووبوو بۆیە کردنەوەی قوتابخانە حکومییەکانیش لە پاش سلێمانی، دووەم شوێن لە هەڵەبجە، پاشان (تەوێلە) لە(١٩٢٨)دا کراوەتەوە، بە تایبەتی کاتێ لەلایەن (قادربەگ١٨٩٣-١٩٨٥)ەوە وەك کەسێکی دەوڵەمەند و دەست ڕۆشتووی ناوچەکە، بێبەرامبەر بۆ ماوەی هەشت ساڵ خانوی بۆ دابینکرا بوو[4]. ئەم بەگەی (تەوێڵە) وەك ئەوەی کوڕی (جافرسان) بووە، خاوەن توانایەکی ماددی باش و خوێندەواریش بووە، هەوڵی وەرگێرانی قورئانی بۆ شێوەزاری هەورامی داوە، لەگەڵ ئەوەی پیاوێکی دونیایی بووە لەڕووی دینیشەوە بەهێز بووە، بەڵام لەگەڵ شێخانی هەورامان تەبا و کۆك نەبووە، بەتایبەتی لەگەڵ شێخ (حیسامەدین) ڕەنگە ئەو هەوڵەشی لە هاوکاری کردنەوەی قوتابخانە لە (تەوێڵە) وەك هەنگاوێك بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی شێخەکان بینیبێت[5]. ڕەخنەگرێکی وەك (حەمەکەریم) هەورامی ئاماژەی بەوە کردووە کە لەو دەمانەدا خوێندنی فەرمی دەوڵەتی لەلایەن مەلا وناوەندە ئاینییەکانەوە بە چاوێکی کەم وبگرە دوورە دینیش تەماشاکراوە، ئەو فەقێیانەی کورد کە لە هەردوولا خوێندبێتیان بە چاوی گومانەوە تەماشاکراوون، ئەو جۆرە فێرکردنەیان بە سەگایەتی ناوبردووە[6].

(محەممەد ئەمین هەورامانی) وێنەی واقیعیکی ئەو ڕۆژگارەی (بیارە)مان نیشاندەدات لە بارەی تێڕوانین بۆ ئەو جۆرە لە دەزگا فەرمییەکانی فێربوون ودەڵێت: "لە چلەکاندا لە بیارە مەکتەبی سەرەتایی هەبوو، منیش یەکێك لەو قوتابیانە بووم کە تازە بۆ قوتابخانە چووبووم، لەگەڵ چەند

---

(١) دیوانی وەفایی: پێشەکی، کۆکردنەوەی عەبدوڵای ئەیوبیانی مەرکەزی، ئامادەکردنی عوسمان دەشتی، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٨٣.

(٢) لە ژمارەی ئەو قوتابخانە ئاینییانەدا سلێمانی زۆرترینە بەراورد بە شارەکانی تری باشووری کوردستان کە خۆی لە (٣٤) قوتابخانە دەدات. (بۆ زیاتر بڕوانە// خالید محمود کریم: دەوڵەتی عوسمانی و ...، ل٣٤).

(٣) عباس العزاوي: موسوعة تاريخ العراق بين الحتلالين،ج ٨، دارالعربية الموسوعات، بغداد، العراق،٢٠٠٤، ص١٢٧ .

(٤) عەبدالرزاق عبدالرحمن محمد: سەرچاوەی پێشوو،ل ٦٣٧،٦٣٨،٦٥١.

(٥) محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب٢، ل٢٥٨.

(٦) حەمەکەریم هەورامی: مێژووی پەروەردە ...، ل٢٩٤.

قوتابیەك بەڕێگەی بازاردا گەشتینە بەر حەوشی خانەقا وئەوەندەمان زانی لەلایەن فەقێکانی مامۆستا مەلا (کەریم)ەوە دراینەبەر شەق کەلێمان پرسین بۆ وادەکەن، لە وەڵامدا وتیان کە سەر ڕووتین وکافرین، ئیمەش لەسەر فەرمانی مامۆستا ناهێڵین هیچ کافرێك بە حەوشی خانەقادا گوزەر بکا"[1].
چونکە لە تێڕوانینی هەندێك لە مەلاکاندا ئەو جۆرە لە خوێندن بەکارێکی لە ڕێدەرچون وێنا دەکرا، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە وادەکات هەندێك لە خەڵکانی هاودەم بەو ڕۆژگارە شێخەکان بە دوژمنی زانست بزانن و بڕوایان وابێت ئەوان بە هەموو جۆرێك هەوڵی ئەوەیانداوە ئەو خەڵکە هەر نەخۆش و نەخوێندەوارو کەم دەسەڵات ودواکەوتوبن، چونکە لەم بارەیا، شێخ بەباشی هەموو کارێکی پێدەکرێت، لەژێر پەردەی دیندا و بە ناوی دینەوە ئەوەی خوا پێی ناخۆش بێت بەو خەڵکەی دەکەن، خەڵکە هەژارەکەش کەوتووەتە ناوبیری نەخوێندەوارییەوە هەر لە دووریشەوە ناهێڵرێت چاویان بە ترووسکەی خوێندەواری بکەوێت [2]. لە سەروبەندی درووست بوونی قوتابخانە فەرمییەکان هەندێك لەمەلاکانی ناو حوجرەی (بیارە)، ئەو جۆرە لە خوێندنیان بە هەوڵی دەرهێنانی قوتابی و مامۆستایانی حوجرە دەبینی تاوەکو لە ڕێگەی کارپێدانیانەوە لە ناوەندی زانکۆ و قوتابخانە سیکۆلارەکاندا سەرقاڵیانکەن، ئەو کارەیان بە هەوڵێکی زیانگەیاندن بە دین و بیروبڕوای خەڵکی زانیووە، بۆیە هەوڵیانداوە مامۆستایانی ئایینی لە شوێنی خۆیان بمێننەوە بۆ خزمەت گەیاندن بە موسڵمانان و ئەو جۆرە لە خوێندنیان پێباش نەبووە[3].

لەبەرامبەر ئەم وێنە کێشانەی (هەورامانی) لەسەر تێڕوانینی شێخەکان بۆ خوێندنی فەرمی لە قوتابخانەکاندا، (شاکرفەتاح) وێنەیەکی تەواو پێچەوانەی ئەو بۆچوونەمان نیشان دەدات، باس لەوە دەکات بۆ کردنەوەی قوتابخانەی فەرمی وفێرکردنی خەڵکی بە خوێندن ونوسین و زانست شێخەکان و بەتایبەتی شێخ (حیسامەدین وشێخ محەممەدی کوڕی و شێخ عەلائەدین و شێخ عوسمانی کوڕی) لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە هاوکار وپشتیوان بوون، بە پێدانی زەوی بۆ دروستکردنی بینا ودار بۆ سەقفی بینا، تەنانەت پارەش[4]. ئەم بۆچوونەی نووسەر لەسەر شێخەکانی هەورامان لە کاتێکدایە بۆ شێخەکانی تەریقەتی (هەقە) پێچەوانەکەی باس دەکات، بەوەی شێخەکانی ئەوان هیچ کات لە خەمی خوێندەواری خەڵکەکەیاندا نەبوون، لە کاتێکدا شێخەکانی نەقشبەندی خۆویستانە بە پارە و کەلوپەڵ بۆ کردنەوەی قوتابخانە هاوکارییاندەکرد، کەچی لە ناوچەی هەقەکان شێخەکانیتربە ڕێگەی توندوتیژی و ناچارکردنیان لە ڕێگەی فەرمانگەکانی حکومەتەوە ملیان بۆ ئەو بوارە داوە[5]. ئەم وێنەکێشانەی (شاکرفەتاح) ناچێتە قاڵبی خاترگرتنی شێخەکان وشاردنەوەی ڕاستییە مێژووییەکان چونکە ئەو لە هەندێك جێگادا بە ڕاشکاوی باس لە لادانی شێخزادەکان وستەمیان بە ستەمی دەرەبەگەکان هاوتا دەکات، دوورە لە بیرکردنەوەی شێخەکان و تەنانەت لە هەندێك بۆچووندا ئەوانی پێقەبوڵکراو نەبووە، وەك کاربەدەستێکی میریش پێویستی بە خاترگرتنی شێخەکان نەبووە، لەهەمان کاتدا دووریش بووە لە تێکەڵکردنی بۆچونی کەسی خۆی بە نوسینی مێژووی ناوچەکە.

پاڵپشت بە نووسینەکانی (شاکرفەتاح) لە دیداری مامۆستا (محەممەدعەلائەدین)دا جەختی لەوەکردەوە بەهۆی ئەوەی فەقێ بووە و لە قوتابخانەی فەرمیش بووە بە قوتابی ئەو مەلایە (نورەدین)

[1] مێژووی هەورامان، ب١، ل ٥٤٤،٥٤٥.
[2] محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب١، ل٦٥٨.
[3] الشیخ محسن المفتی: خلوة السالکین و ...، ج١ ، ص٣٢٢.
[4] شاکر فەتاح:ئاوێنەی...، ل٢٤٥
[5] شاکر فەتاح: ئاوێنەی ژینم، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ(١٠٥)، ساڵی١٩٨٥، ل ١٨٧،١٨٨.

که فەقێ بووە لەلای کە زانیویەتی قوتابی قوتابخانەی فەرمییە وازی لەوانە پێگوتنەوەی هێناوە و بەو هۆیەشەوە باوکی کە سۆفی شێخانی نەقشبەندی بووە، لەژێرکاریگەری ئەو مەلایەدا دەنگی لێوەرگرتووە و هاوکاری نەکردووە، بەڵام ئەو دۆخە لەسەر داخوازی (نەجیبەخان)ی کچی شێخ (عەلائەدین) کە سەردانی ماڵی شێخ (مەولانا)ی برای کردووە، لەدایکی ئەو قوتابییەوە باسەکە دەبیستێ و دواتر بە باوکی قوتابییەکە دەڵێت: "کاکم شێخ (عوسمان) منداڵەکانی خۆی ناوەتە قوتابخانە، تۆش نابێ ڕێگری لێبکەی، بەوەش باوکم دۆخەکەی لا ئاسایی بویەوە و منیش دەستم بە خوێندنی خۆم کردەوە"[1]. ئەم هاوکارییانەی شێخەکان بۆ (شاکرفەتاح) بەمەبەستی کردنەوەی قوتابخانە لە سنوورەکە لە کاتێکدا بوو کە ناوبراو خاوەن ڕۆژنامەی خورماڵ بوو، لە دووتوێی پەڕەکانیدا ڕەخنەی لە کاری شێخەکان دەگرت، لە ڕێگەی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی، بانگەشەی بۆ بیری پێشکەوتنخوازی دەکرد، هەموو ئەمانە نەبوونەتە هۆی ئەوەی شێخ (حیسامەدین) هاوکارییەکانی بۆ ناوبراو ڕابگرێت[2]. هەرچەندە لە و ڕۆژگاردا لەسەر ئاستی گشتی ئەوانەی لە قوتابخانە دەیانخوێند وەک کەسی لادەر و بێ بڕوا وێنا دەکران وهەندێک جار قابیلی ڕەزامەندی گشتی نەبوون[3]. کەچی پێچەوانە بە ڕای گشتی بەشێک لە کوڕە شێخەکان لەبەر باشی دۆخی ئابوورییان بۆ خۆیان لەو خوێندنگانەدا بوون، جیا لە کوڕە هەژارەکان، کە بێ ژیانی ناچار بە وازهێنانی دەرکردن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێخ زادەکان بەوەی خۆیان لە پێگەیەکی گەورەتردا دەبینی، کەمترگرنگیان بە خوێندن دەدا، چونکە بڕوایان وا بوو ئەوان ئەوەندە بەسە کە شێخ زادەن[4].

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محەممەد عەلائەدین محەممەد حسین)، سەرچاوەی پێشوو
[2] شاکر فەتاح: ئاوێنەی... ، ل٤٨
[3] هەفتەنامەی پێشکەوتن: ژمارە (٦٤)ی ساڵی دووەم، ١٤ی جوڵای/١٩٢١.
[4] حەمەکەریم هەورامی: مێژووی پەروەردە...، ل٢٢١.

### باسی یەکەم: شێخەکان و پەیوەندییان لەگەڵ جووەکان.

#### تەوەری یەکەم: جووەکان.

#### أ: پێشینەیەکی مێژوویی لەسەر پێکهاتەی جوو لە هەڵەبجە:-

جوو، یەکێکە لەوناوانەی بۆ شوێنکەوتوانی پەیامێکی دیاریکراوی ئاسمانی بەکاردەهێنرێت، کە مێژوویەکی کۆن و پڕ لە ڕووداویان لە خۆیاندا کۆکردوەتەوە، بەڵام بڕوادرانی ئەو ئاینە زۆرترین جارلە دونیای ئیسلامیدا بە (یەهود) ناودەبرێن، پەیامبەرەکانی جوو لەو بڕوایەدا بوون کە (یەهو) خواوەندی هەموو گەلانی دونیایە، ئەگەرچی لە ناو هەمووان‌دا پاداشتی شایستەی بە جووەکان بەخشیووە. نووسین لە بارەی جوو کارێکی ئاسان نییە، بەراوورد بە گەل و نەتەوەکانیتر، بەهۆی ئەوەی جووەکان مێژوویەکی زۆر کۆن و لە هەمانکاتدا ئاڵۆزیشیان هەیە، بە پێی سەرچاوەکان مێژوویان بۆ(٢٠٠٠ساڵ پ.ز) دەگەڕێتەوە، لایەنێکیتری ئاڵۆز بوونی مێژوویان پەیوەستە بەوەی ئاخۆ جووەکان گەلن یان نەتەوە و ئاینن؟[١].

وەك ئەوەی ئاینێکی ئاسمانییە جووەکان، بڕوایان وایە پەیامبەر و شەریعەتەکەیان کە خۆی لە کتێبی (تەورات)دا وێنا دەکات، کۆتا شەریعەت و دەستوری خوداییە بۆ سەرزەوی، ناکرێت شەریعەتی خواوەند گۆڕانی بەسەردابێت[٢]. بە شێوەیەکی نەریتی جوو هەر کەسێکە کە بایۆلۆژیانە لە دایکێکی جوو لە دایك بووبێت، گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت کە جوو بوون هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە کە باوەڕت بەو ئاینە هەیە یان نا. کەسێک کە لە دایک و باوکێکی غەیرە جوو لەدایک بووە و باوەڕ بەهەموو ئەو شتانە دەکات کە جووەکان باوەڕیان پێیەتی و هەموو یاسا و داب و نەریتێکی جوو ڕەچاو دەکات، هێشتا بەجوو هەژمارناکرێت، تەنانەت لە چاوی لیبراڵترین بزووتنەوەکانی ئایینی جوودا، کەسێک کە لە دایکێکی جوو لەدایک بووە، بەڵام بێدینە و هەرگیز سرووتە ئاینییەکانی جوو ئەنجام نادات، بە جوو دادەنرێت، بەم مانایە ئایینی جوو زیاتر لە نەتەوە دەچێت نەک ئایین ، جوو بوون وەک هاوولاتیبوون وایە[٣]. جووەکان گەلانی دەرەوەی خۆیان بە (جویم) دەناسێنن[٤]. ئەو بیرکردنەوەشیان لەوەوەهاتووە شکۆمەندی خواوەند لەگەڵ خۆیان بە یەکسانی دەبینن، واتە شکۆمەندی ئەوان یەکسانە بە توانست و شکۆمەندی خواوەند، دونیا بۆ ئەوانە و تەنها مافی ئەوانیشە بەڕێوەبەری سەر زەوی بن، خوداش پارێزگاری لە ژیان و بەرژەوەندی ئەوان دەکات[٥]. ناوی یەهود جودا لە ناوەکانیتری (عیبری و بەنی ئیسرائیل)[٦] گشتگیر ترە، چونکە ئەم دەستەواژەیە بۆ هەموو ئەوانە

---

[١] خسرو عبدالرحیم نجم: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦،١١٧.

[٢] شوان عوسمان: کوردستان و پرۆسەی بە ئیسلامکردنی کورد، چ١، سەنتەری چاپ و پەخشی نما، سلێمانی،١٩٩٧، ل١١٣.

[٣] **Who is a Jew?** https://www.jewfaq.org/who-is-a-jew#، سەردانیکردنی ٢٠٢٢/١١/٦.

[٤] جویم: مەبەست لە جویم هەموو ئەو خەڵکانەی لە دەرەوەی ئاینی یەهودي و ڕەگەزی بەنوئیسرائیلن، بە ئاژەڵ و پیس و پۆخڵ و بتپەرس هەژمار دەکرێن. ئەوەش بەڵگەی بروانەبونیانە بەهیچ بڕواو ئاینێکیتر لە دەرەوەی خۆیان، بەڵکو بە ئاژەڵیش سەیری غەیری خۆیان دەکەن. (بۆزیاتر بروانە//محمد خلیفە التونسی(د):الخطر الیهودی، ط١، مطبعة یاسین، ٢٠٠٥،ص٥٩،١١٧).

[٥] محمود الشرقاوی: التفسیر الدینی للتاریخ، ج١، مطبوعات الشعب، نشره الکترونیا ٢٠١٥، ص١٦٨.

[٦] ئیسرائیل ناوێکە بە پێغەمبەر یەعقوب (ابی الاسباط) دەگوترێت، لە عەهدی کۆندا مانای (کێ خوایەکی بینیوە) پاشان بوە بە ناوی هۆزو دواتریش بووەتە ناوی دەوڵەتی نەتەوەیی کە(داود)پێغەمبەر دروستیکرد. لە لێکدانەوەیەکیتری ناوی ئیسرائیلدا بە واتای بەندە و متمانە پێکراوی خودا دێت. (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە هەریەك لە// القس اکرام لمعی: الاختراق الصهیونی للمسیحیة، ط٢، دارالشروق، بیروت، ١٩٩٣، ص١٥. ؛ خسرو عبدالرحیم نجم: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦).

بەکاردێت کە دێنە ناو دینی جوو، ئەگەرچی لە ڕووی ڕەگەزەوە لە بەنی ئیسرائیلیش نەبن، بەواتایەکیتر بۆ هەڵگرانی پەیامی جووە بەگشتی، بێگوێدانە جیاوازی ڕەچەڵەکیان[١]. هەروەك چۆن بەنی ئیسرائیل ناوی (یەهود) بەکاردێنن، وەك ئاماژەیەکی ناسینەوەیە بۆ پەیڕەوکەرانی ئاینەکە[٢]. لەمەوە، تێدەگەین کە ناوی یەهود گشتگیرترە و بۆ(ملة)[٣] بەکاردێت، دەستەواژەی (میللەت) لەسەرەتاوە بۆ ئەو پێکهاتە مرۆڤایەتییانە بەکارهاتووە کە پەیڕەوکاری دینێکی دیاریکراوبوون، وەك میللەتانی (جوو، گاور، موسڵمان)، ئەمانە ئەگەرچی لە ڕووی داب و نەریت و زمان و کەلتورەوە جودا بوون، بەڵام لەسەر بنەمای یەکبوونی دینەکەیان پێیان گوتراوە (میللەت)[٤]. بە پێچەوانەی ناوەکانی (بەنی ئیسرائیل و عیبری) کە ئاماژەن بۆ پێکهاتەیەك لە پێکهاتەکانی بڕوادارانی ئەو ئاینە، نەك هەموویان، هەندێك پێیان وایە ناوەکە بنەڕەتێکی عەرەبی هەیە و لە ووشەی (الهود)ەوە وەرگیراوە، کە مەبەست لێی پاشگەزبونەوە و پشتکردنە گوناهـە[٥]. لە کاتێکدا بەشێکیتر لە توێژەران دەیبەنەوە بۆ بنەڕەتێکی ناعەرەبیانە و پەیوەستی دەکەنەوە بە (یەهوذا)ی[٦] کوڕی پەیامبەر (یەعقوب) پاش ئەوەی شانشینێك بەناوی (یەهوزا) لە فەلەستین دروست دەبێت[٧]. ئەم ناوەش(یەهود) بەهەموو ئەوانە وتراوە کە پاش ماوەی ئەو شانشینە بوون و لەلایەن دەسەڵاتدارێتییەکانی میسۆپۆتامیاوە لە نموونەی (نەبوخزنەسر)ەوە لە (سەدەی٦پ.ز)، ڕاپێچی (بابل) کران، هەر بەهۆی ئەویشەوە ناونران یەهود، بەوەرگرتن لە ناوی یەهوزاوە[٨].

یەهود لە ئێستادا بەهەموو ئەو کەسانە دەگوترێت کە هەڵگر و پەیڕەوکاری ئایینی جوون، نەك نەوەکانی یەهوزا، بڕواش وایە ناوی یەهودی بۆیەکەم جار لەپاش هاتنی ئایینی مەسیحی دەرکەوتووە[٩]. بۆیە ناوبردنی هەموو بەنوئیسرائیل بەناوی (یەهود) بنەمایەکی زانستی نییە و ڕاستی مێژوویی تێدا نییە، بەڵام ئەگەر لە قورئانەوە سەیری ناوەکەیان بکرێت، ئەوا چەند شێوەیەکیتر بۆ ناساندنیان بەکارهاتووە، وەك لە قورئاندا و لە ﴿سورەتی البقرة ئایەتی٥٣﴾ ئاماژەی کردووە، بیرتانە کاتێك کتێبی تەورات و جیاکردنەوەی ڕەواو ناڕەوامان بەخشی بەموسا، بەڵکو ڕێبازی ڕاست بگرنە

---

[١] میشیل مالرب: سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١.

[٢] جواد علی(د): المفصل فی تاریخ العرب قبل الاسلام، ج٢،مطبوعات المجمع العلمی العراقی، بغداد،١٩٩٣ ص٥٢٢.

[٣] ووشەی (ملة) بە ئاین و شەریعەت دەوترێت جیاوازیش ناکرێت لە نێوان ئاینی ڕاست یان چەوت واتە ووشەکە دوولایەنەیە و ووشەی میللەت بۆهەموو ئەوانە بەکاردێت کە شەریعەتیان بۆ نێراوە، بەڵام بۆ غەیری ئەوانە بەکار نایەت، جیاوازی نێوان ووشەکانی (ملة و قوم) لەوەدایە کە قەوم پەیوەندی بە بنچینەوەی ڕەگەزەوە هەیە. واتە زیاتر پێکەوەبونێکی خوێنیە، بەڵام (میله) پێکهاتەیەکە لەسەر بنەمای پێکەوەیی ئاینی. (بۆ زیاتر بڕوانە// فرج الله عبدالباری: الیهودیة بین الوحی الالهی وانحراف البشری، موسوعة العقیدة والادیان، ط١، دارالافاق العربیة، القاهرة ٢٠٠٤،ص١٤).

[٤] عەلائەدین سەجادی: مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، ١٩٥٢، ل٩.

[٥] مجدالدین حمد بن یعقوب الفیروزابادی: القاموس المحیط، ط٢، دارالمعرفة، بیروت، لبنان، ٢٠٠٧، ص١٣٦٨.

[٦] شانشینێکی جودا و سەربەخۆ بوو لە شانشینی ئیسرائیل، لەسەدەی دەیەمی پ.زدا، لە ڕووی هەڵکەوتنەوە کەوتبوە باشوری شانشینی پەیامبەر سولەیمان، ئەم دووشانشینە هاوسنورە ڕۆژگارێك لەتەمەنی دەسەڵاتداری خۆیان بەشەڕوو پاشان ئاشتی بەسەر بردووە. (بۆ زیاتر بڕوانە// متی المسکین: تاریخ اسرائیل من واقع نصوص التورات والاسفار وکتب مابین العهدین، ط١، مطبعة دیرالقدیس انبأ وادی نطرون، ١٩٩٧، ص١٠٥).

[٧] سعود بن عبدالعزیز الخلف: دراسات فی الٲدیان الیهودیة والنصرانیة، ط٤، مکتبة أضواء السلف، الریاض، ٢٠٠٤، ص٤٥

[٨] هشام محمد ابو حاکمة: اوهام الیهود فی الوطن العربی، دارالاسراء للنشر والتوزیع، عمان، لبنان، ٢٠٠٢.ل٨٨.

[٩] محمد رشید فیل(د): الیهود وعلم الاجناس، مطبعة شفیق، بغداد، بدون السنة الطبع، ص٧٨.

بەر[١]، هەروەها لە ﴿سورەتی الاعراف ئایەتی ١٥٩و سورەتی الجاثیة ئایەتی ١٦﴾ بە قوم موسی ناوی هێناون، هەندێك لە قەومی موسا هەیە، کەسانێکی ژیر و هۆشمەند شوێنی حەق دەکەون و ڕێنمونی بۆ لای دەکەن، وە بە حەق ، عەدالەت، دادپەروەری بانگەواز دەکەن[٢]. ئەگەرچی لە زۆر شوێن جووەکان بەناوی تری وەك (یەهودی و صەهیۆنی، زایۆنی)[٣] ناودەبرێن، ناوی (زایۆن)یش لە ناوی ئەو گردەوەیە کە شاری ئۆرشەلیمی لەسەر دروستکراوە، بەبەرزی (٨٠٠)م لەئاستی ڕووی دەریاوە[٤]. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە کوردستان و ناوچەکانی سلێمانی و هەڵەبجە لە چوارچێوەی گشتی و کۆمەڵایەتیدا تەنها بە جوو ناوبراون ڕەنگە ئەمەش تایبەتمەندێتی خۆی هەبوو بێت[٥].

ئەگەرچی هەندێك بابەتی تەبشیرو بانگەوازخوازی بۆ دینی جوو بە داخراو ناودەبەن، بەڵام ئەو دینەش وەك هەر دینێکیتر لە پاش نوسینەوەی تەورات ئەم ئاینە بەناو گەل و هۆزە جوداکاندا بڵاو بووەتەوە، ناگونجێت بگوترێت لە دەرەوەی خۆیان بڕواداریان نەبووە، یان ئاینێکی تایبەت بە گەلێکی دیاریکراو بووە و بۆ کەسیتر نەبووە بڕوا بەو ئاینە بێنێت، بەڵام ئەم ئاینە کەمتر بیر لەوەدەکاتەوە خەڵکانی دەرەوەی بەنوئیسرائیل بکاتە پەیڕەوکاری خۆی، زیاتر پەیگیری ئەوەیە نموونەیەکی ڕۆحانی نیشانبدات، هەرکەسیش بیەوێت دەتوانێ ببێتە جوو، بەڵام لەلایەن ڕەگەزی یەهودەوە هیچ هاوکارییەك ناکرێت[٦]. لەگەڵ ئەوەشدا وەك خەسڵەتی هەموو ئاینە ئاسمانییەکان، ئاینی جوو بڕوادارانی هەمەچەشن و جوگرافی جیاوازی لە خۆگرتووە، چونکە پیاوانی ئایینی ئەم ئاینە لەماوەی بیست سەدەدا بەو پەڕی لێبراویەوە کەوتوونەتە بڵاوکردنەوەی بیروبڕوای ئایینی خۆیان تاوەکولە (سەدەی١٣ز)دا ئەو پرۆسەیە وەستێنرا[٧].

### ١/ مێژووی هاتنی جووەکان بۆ ناوچەکە:-

ئەگەرچی ناوەند و نشینگەی سەرەکی ئەم پێکهاتەیە ناوچەکانی فەلەستین بووە، بەڵام بەهۆکاری جودا لە زۆر ناوچەی ڕۆژهەڵاتدا بڵاوبوونەتەوە، هەرچەندە خەسڵەتی ئاینە ئاسمانییەکان وەهایە بە ناوچەیەکی دیاریکراوەوە ناوەستن. بەڵام بڵاوبوونەوەیان زادەی پرۆسەیەکی بانگخوازی (تەبشیر)ی هاوشێوە بە مەسیحییەت و ئیسلام نییە، بەڵکو زیاتر بەرەنجامی پەلامار و شەڕ و ڕاگواستنەکان بووە، بەجۆرێك کەم شوێن و جێگا هەبووە کە جووی تێدا نەبووبێت، لەو ڕووەوە هەرچی پەیوەندی بە کوردستانەوە هەیە، دەرکەوتنیان هاوکاتە بە بڵاوبوونەوەیان لە میسۆپۆمیا و ئێران وئاسیای بچوکدا[٨]. بۆیە لە نەخشەی جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا، حەوت ناوەندی فەرمی بۆ کۆبوونەوەی جووەکان دیاریکراوە، کە هەریەك لە (عێراق و ئێران و ئەفغانستان و بوخارا و یەمەن

---

[١] بورهان محەمەد ئەمین عەبدولکەریم: سەرچاوەی پێشوو، ل٨.
[٢] هەمان سەرچاوە، ل٥٠٠،١٧٠.
[٣] جیاوازی نێوان زایۆنیزم و جودایيزم ئەوەیە کە زایۆنیزم ڕەوتێکی سیاسی دامەزراوی ناو کۆمەڵگای جووەکانە بۆ داگیرکردن یان(سەندنەوە)ی خاکی ئیسرائیل، بەڵام جوودایزم خودی ئاینی جولەکەکانە کەبەیەکێك لە ئاینە ئاسمانیە گەورەکان دادەنرێت. (بڕوانە// مۆردیخای زاکین: جولەکەکانی کوردستان، و.سیروان حسێن بیەیی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥، ل٣٧٩).
[٤] خسرو عبدالرحيم نجم: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٩.
[٥] شاهۆعوسمان سەید قادر: سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨.
[٦] میشل مالرب: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.
[٧] احمد سوسة: ابحاث في اليهودية والصهوينية، دارأمل للنشر والتوزيع، اربد، الاردن، ٢٠٠٠، ص٤٤.
[٨] ڕەشاد میران: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

و عەدەن و کوردستان)یش لەو چوارچێوەدایە[١]. لە هەندێك لە وولاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتە عەرەبیەکاندا وێنەی جووەکان بە تەواوی لەسەرچاوە نوسراوەکاندا بەدی دەکرێت، بەڵام کۆمەڵگای کوردی بێبەشە لە زۆرێتی ئەو سەرچاوە نووسراوانەی باسی نەتەوەی جوو دەکەن، چەند ڕاپۆرتێکی کورت هەن کە لەلایەن (دیڤید دبیس هیل-David Debis Hill)ەوە ئامادەکراون ئەوەش باسی ئەو جووانەی لە خۆگرتووە کە لە سنوری نێوان ئێران و تورکیادا بوون[٢]. لەوە بەدەرلە ناو سەرچاوە نوسراوەکاندا زانیاری لەسەر پەیوەندی کورد و جوو بە گشتی زۆرکەمە[٣].

بەپێی گێڕانەوە مێژوویەکان جووەکانی کوردستان بە کۆنترینی دەستەو پێکهاتە جووەکانی دەرەوەی خاکی ئیسرائیل دەناسێنن[٤]. لێکۆڵینەوەکان پشتڕاستی ئەوە دەکەنەوە یەکەم دەرکەوتنی جووەکان لە ناوچەکە (عێراق وکوردستان)ی ئێستادا دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵە فراوانخوازییەکانی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری نوێ لە (سەدەی هەشتەمی پ.ز) کە لە قۆناغە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی ئاشورییەکاندا بووە[٥]، بەجۆرێك جووە دیلکراوەکانی ڕاگواست و لە ناوچە شاخاوییە دابڕاوەکانی کوردستاندا بڵاویکردنەوە[٦]. ئایینی جوو لە ماوەی (سەدەی یەکەمی پێش زایین) کاریگەرییەکی زۆری هەبووە و بە خێرایی لە کوردستاندا بڵاوبووەتەوە و دانیشتوانی ناوچەکە بە شێوەیەکی بەرفراوان ئایینی جوویان لە باوەش گرتووە[٧]. هەرچەندە بە ئاماژەدانی سەرچاوە ئیسلامییەکان بە شێوازێکی گشتی لە سەرەتادا ژمارەی بڕوادارانی جوو لە هەرێمی شاخەکان کە مەبەست لێی کوردستانە، لە ژمارەی بڕوادارە مەسیحییەکان زیاتربووە[٨]. پاش نیشتەجێکردنی جووە هاوردەکان لە خاکی کوردستاندا لەلایەن (شەلمانسەری سێیەم ٨٥٨-٨٢٤پ.ز) و بەپێی (تەلمود)[٩] ڕێگە بە مەرجەعە دینییەکانی جوو درا ئایینی جوو لەناو کوردەکانا بڵاوبکەنەوە ئەوانیش لەم کارەیاندا سەرکەوتووبوون[١٠]. بۆیە پاش ماوەیەکی کەم خانەدانانی کوردانی (ئەدیابین)[١] لە هەولێر بوونە

---

[١] صموئيل أتينجر: اليهود فى البلدان الاسلامية١٨٥٠-١٩٥٠، ج٢، ت.جمال احمد رالرفاعى، عالم المعرفة، الكويت، ١٩٩٥، ص١٥.

[٢] مۆردیخای زاکین: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.

[٣] هەمان سەرچاوە، **ل٨، ١٤،١٥**

[٤] اريك بروار و رافائيل باتاى: يهود كردستان،ط٢، ت.شاخوان كركوكى و عبدالرزاق بوتانى، دارئاراس، أربيل،٢٠٠٩، ص٦٠.

[٥] احمد سوسة: ملامح من تاريخ القديم ليهود العراق، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠١، ص٣١. ؛ على ابراهيم عبدة و خيرية قاسيمة: يهود بلاد العربية، منظمة التحرير الفلسطينية، بيروت، لبنان، ١٩٧١، ص٤٥.

[٦] شوان عوسمان: سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣.

[٧] ادم بيدار(أ.م.د): التنوع والتعددية في اقليم كوردستان العراق ماضيا وحاضرا ومستقبلا،ط١ ،معهد تولينرانس بلاحدود، اربيل، ٢٠٢١ ص ٢٧.

[٨] محمد بن احمد (المقدسى): أحسن التقاسيم فى معرفة الاقاليم، جزء الاول، وزارة الثقافة والارشاد القومي، دمشق، ١٩٨٠م، ص ٣٩٤.

[٩] یەکێکە لە گرنگترین و پیرۆزترین کتێبە ئاینیەکانی جووەکان، لە دوو بەش پێکهاتووە: (ئەلمەشنا) پێکهاتەی یەکەم دەستەی نوسراوی شەریعەتی زارەکی دینی یەهودیە. بەشی دووەم (جیمارا)یە کە شرۆڤەو لێکدانەوەی (ئەلمەشنایە) ئەوەی زانراوە دوو دەستەواژەی (جیمارا و تەلمود) بە هاوتەریبی باسدەکرێن. هەمووشیان پێکەوە بنەماکانی شەریعەتی یەهودی پێکدێنن. تەلمود بە دەستەواژەی عیبری (شاس)ئاماژەی پێدەدرێت، کە کورتکراوەی (ششاە سداریم)ە، بەواتای شەش لێکۆڵینەوە دێت، ناوی تەلمودیش لە بنەڕەتێکی عیبري(لامد)ەوە وەگیراوە کە مەبەست لێی خوێندن و فێربوونە، لای جووەکان پیرۆزی تەلمود بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێیان وایە قسەی حاخامەکانیان کەلە تەلموددا کۆکراوەتەوە بنچینەکەی لە ڕۆحی پیرۆزەوە وەرگیراووە. (بۆ زیاتر بڕوانە// احمد ايش(د): التلمود كتاب اليهود المقدس، قدم له، أ.د.سهيل زكار، دارقتيبة، دمشق، ٢٠٠٦، ص٢٥).

[١٠] میهرداد ئیزەدی: ئاین و تایفە ...، **ل٨٨.**

پەیڕەوکاری ئەم ئاینە تازەیە لە ناوچەکەدا[٢]. ئەگەرچی بۆچوونی ئەو نووسەرانە باس لە کاریگەری گەورەی ئایینی جوو لەسەر خەڵکی ناوچەکە و بڕواهێنان بەو ئاینە بەژمارەیەکی زۆر دەکەن، بەڵام ڕاستییە مێژووییەکان بەو ئاراستەیە ناچن بەتایبەتی کاتێك لە ژمارە و پێگەی جوو وەك ئاین لە ناوچەکە وورد دەبیتەوە، بەراورد بە ئاینەکانیتر پێچەوانەیە و کەمترین پێگەو کاریگەری بەجێهێشتووە.

لەگەڵ ئەوەشدا بەدرێژایی ئەو سەردەمە زۆرەی مێژوو کە جووەکان لە ناوچەکەدا بوون، نەیان توانیوە کاریگەری گەورەی ئایینی خۆیان بەسەر خەڵکی ئەو ناوچانەدا بەجێبهێڵن، بەڵام بۆچونیتریش هەن کە پێیان وایە ئایینی جوو پێچەوانە بە مەسیحییەکان، لە ناو کورددا نەبووە، ئەو جووانەشی کە لە کوردستان و هەڵەبجەدا ژیاون، نە خۆیان و نەکەسی دیکەش بە کوردیان دانەناون[٣]. بەهۆی ئەو ئازادیە گەورە ئاینیەی پادشای فارس (أحا شویروش- سیریوس/کۆرشی دووەم) لە (٥٣٨پ.ز) بۆی فەراهەم کردن، بابل بووە ناوەندێکی گرنگی لێکۆڵینەوە (تەلمودی)یەکان بەپێی نووسینەکانی تەلمود جووەکان لە (٢٨٠٠) ساڵ بەرلەئێستاوە لە کوردستاندا هەبوون ئەویش پاش یەکەم هەوڵی ڕاگواستن و نەفیکردنیان لە مێژوودا، کە لە جووەکاندا بەرجەستە بوو، لەسەر دەستی پادشای ئاشوری (شلمنصری سێیەم)[٤]. بە جۆرێك کوردستان بووە ناوەندێکی دیاری ژیانی جووەکان و لە دوازدە نەوەکەی (یەعقوب) کە لەپشتی هەریەکەیان هۆزێك دروست بووبوو، (دە) لەوهۆزانە لە کوردستان نیشتەجێ بوون، ئەوانیش (نەفتالی، شمعون، لێڤی، ئیساخار، زابولون، دان، ڕوبێن، گاد، ئاشێر، یوسف) لە کاتێکدا (بنیامین و یەهودا) لە بابل دەژیان[٥].

لە هەموو ئەو ماوانەی دەسەڵاتدارێتی ساسانی بەسەر ناوچەکەدا زاڵ بوو، دۆخی جووەکان لە ناجێگیریدا بوو[٦]، بەڵام جارێکیتر و لەسەردەمی باڵادەستی ڕۆمان و پەلامارەکانی بۆ ناوچەکە لە ساڵی (٧٠) و لە سەدەی یەکەمی زانینیدا پاش ئەوەی شاری (ئۆرشەلیم/قودس)[٧] بۆ دووەم جار لە لایەن(تیطس٦٩-٧٩ز)ی ڕۆماییەوە داگیروکاولکرا. بەشێك لە جووەکان، بەرەو دورگەی عەرەبی گەڕانەوە، ئەم داگیرکردن و وەدەرنانە بۆ جووەکان ئەگەرچی سەخت بوو، بەڵام بووە هۆکارێك بۆ بڵاوبوونەوەیان بە هەموو ناوچەکاندا بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ئەم ڕووداوانە بۆ جووەکان، هەرکۆچێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو ڕووبەڕووی چەوسانەوەی ئایینی پێکهاتەکانیترهاتن ومافی خاوەندارێتی زەویان لێوەرگیرایەوە، بۆیە خوویان دایە بازرگانی و پیشەکردن[٨]. بە

---

[١] لەساڵی (٤٤) شانشینی (ئەدیابین) کە هەولێر دەبێتە پایتەختەکەی لەسەردەمی شاژن( هێلێن) ئاینی جوولەکەیان پەیڕەو دەکرد. (بۆزیاتر بڕوانە// https://academics.su.edu.krd//سەردانیکردنی ٢٠٢٢/٩/١٥).

[٢] ماهیرعەبدولسەلام خەلیل: کوردەکان کێن، چایخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٤.

[٣] محەمەد ڕەسوڵ هاوار: بیرەوەری، ئا.سدیق ساڵح، ب١، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٥٨.

[٤] نبيل الحيدرى: يهود كردستان: وثيقة تاريخية ناصعة مغيبة | العراق اليوم | DW | https://www.dw.com/ ٢٠١٣/١/٢٤ ، سەردانیکردنی ٢٠٢٢/١٢/٢

[٥] فرست مرعى(د): دراسات فى التاريخ اليهودية والمسيحية فى كردستان، دارئاراس، أربيل، ٢٠٠٨، ص١٣.

[٦] على ابراهيم عبدة و خيرية قاسيمة: المصدر السابق، ص٤٥.

[٧] ئەم شارە کە لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزیدا بە ئۆرشەلیم و لە زمانی عیبریدا بە یۆرشەلیم ناودەبرێت، بەپێی بەڵگە مێژووییەکان لە نێوان سەدەکانی (دەیەم تا شەشەمی پ.ز) شارێکی جوولەکە بووە، بەمانای شاری ئاشتی دێت. (بڕوانە// خسرو عبدالرحيم نجم: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠).

[٨] ول ديورانت: قصة الفلسفة، ت.فتح الله محمد مشعشع، ط٦، مكتبة المعارف، بيروت ،١٩٨٨،ص١٨٥. ؛ ڕەشاد میران: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

دروستبوونی دەسەڵاتدارێتی ئیسلامی و گرتنی زەوییەکانی ووڵاتی دووڕووبار(أرض سواد) لەسەردەمی خەلیفە (عومەری کوڕی خەتتاب)دا، جووەکان لە عێراق جارێکیتر جۆرێك لە بوژانەوەیان بۆ گەڕایەوە[1]. و ژمارەشیان زیاتر بوو، چونکە لەسەردەمی ئەو خەلیفەیەدا ژمارەیەك لە جووەکانی نیوە دوورگەی عەرەبی بەرەو ناوچەکانی باکوری خۆیان (عێراق) کۆچیانکرد و تێیدا نیشتەجێبوون[2]. تەنانەت باس لەوەشدەکرێت کە ئەو خەلیفەیە بۆخۆی ژمارەیەك جووی دوورگەی عەرەبی و ناوچەی خەیبەری هێنابێتە شاری (کوفە) بەمەبەستی گەشەدان بەبازرگانی لەو شارەدا[3]. کە بنەڕەتی ئەوانە لەو جووانە بوون کە کاتی خۆی بەهۆی ڕێگەپێدانی (کۆرش)ەوە گەڕابوونەوە بۆ ناوچەکانی (ئۆرشەلیم)[4]. پاشان لەسەردەمی دەسەڵاتی خەلیفە (عەلی کوڕی ئەبوتالیب) خاوەن ئازادی ئایینی خۆیان بوون و تەنانەت لە دانی (جزیە)ش بەخشرابوون[5].

لەودەمەدا لەناوچەی (ارض سواد) کە دواتر بە عێراق ناونرا، ژمارەیان بە (٩٠) هەزار کەس خەمڵێنراوە، هەروەها لەسەردەمی دووەمی عەباسیەکاندا دۆخیان لە بوژانەوەدا بوو تاوەکو سەردەمی خەلیفە (موتەوەکیل) لەوەبەدوا بارودۆخیان بەرەو خراپی چوو، پاش کۆتایی دەسەڵاتی خەلافەتی عەباسی و هاتنی مەغۆلەکان بەهەمان شێوە دۆخیان خراپ بوو[6]. شەپۆلێکیتری هاتنی ئەمانە بۆناوچەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی هەڵمەتی گەلە کریستیانەکان لە ئەورووپا بەتەواوی کە خۆی لە دژایەتی جووەکاندا دەبینییەوە، چونکە بە سەرچاوەی نەهامەتی و نەخۆشییان دەزانی و وەك ڕەگەزێکی شووم لێیان دەڕوانی، بۆیە لە گشت لاوە هەڵمەتی دژایەتی و دەرکردن و کوشتنیان پەیڕەودەکرا و ناچار بە کۆچکردنیان کردن، بەشێك لەوانە بەرەو باکوری ئەفریقا و بەشێکیتریان بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات هەڵهاتن، کوردستانیش بەشێك لەو ناوچانە بوو لە سایەی دەوڵەتی عوسمانیدا، کە دواجارجووکانی لێنیشتەجێبوو[7]. تاوەکو سەردەمی عوسمانیەکان ولەسایەی دەسەڵاتی عوسمانی لەو زەویانەی کە دواتر بە عێراق ناسران، کەوتنە بوژانەوە و تێکەڵ بوون بە واقیعی کۆمەڵایەتی و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی جێگا و شوێنێك بۆ نیشتەجێبونیان. دۆخ بەو جۆرە مایەوە تاوەکو هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی و عێراقیش وەك بەشێك لە زەویەکانی عوسمانی ڕووبەڕووی جەنگ بویەوە، بەهۆی پشتیوانیان لە هەوڵەکانی بەریتانیا بۆهاتنە ناوچەکە، ئیدی جووەکان دوچاری نارەحەتی هاتن[8].

لە کۆی ئەو ماوە زۆرەی جووەکان لە ناوچەکە بوون و بەهۆی ئەوەی ڕێگەی گەڕانەوەیان بۆ ووڵاتی خۆیان نەبوو، وایکرد تێکەڵ بە خەڵکی ناوچە جوداکانی ووڵاتی دووڕووباربن، لەوانەش کوردستان. بۆیە گوندی تایبەت بەخۆیان لە ناوچە کوردییەکاندا بنیادنا[9]. بەوەش سەرەتای دەرکەوتن و پاشان بڵاوبوونەوەی جووەکان لە ناوچەکە دەستیپێکرد، کە بۆ سەردەمێکی دووروو درێژی

[1] علی ابراهیم عبدة و خیریة قاسیمة: المصدرالسابق، ص٤٥.
[2] خلدون ناجی معروف: یهود العراق، جزء من کتاب یهود الاقطارالعربیة مرکز دراسات فلسطین، بغداد، ١٩٩٠، ص ٢٤.
[3] محمد العقیلی: الیهود فی شبه الجزیرة العربیة، عمان،١٩٨٠، ص٥٥.
[4] ول دیورانت: المصدرالسابق، ص١٨٥؛ ڕەشاد میران: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.
[5] غادة حمدي عبد السلام: الیهود في العراق (١٩٢٠-١٨٥٦م)، ط١، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٨م، ص٢٢.
[6] یەعقوب یوسف کوریە: جولەکەکانی عێراق مێژوویان و گوزەرانیان و کۆچکردنیان، و. شەرمین عەبدوڵا ڕەواندزی، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر ٢٠١٣، ل ٨.
[7] خسروعبدالرحیم نجم: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥.
[8] یەعقوب یوسف کوریە: سەرچاوەی پێشوو، ل ٨.
[9] رشید الخیون: الادیان والمذاهب باالعراق، ط١، مطبعة سبحان، ١٤٢٦هـ، ص١١٤.

مێژوویی بەردەوام بوو، جووە کوردەکان، ئەوخەڵکانەبوون کە بڕوایان بە ئایینی جوو هەبووە و لەناوچە کوردییەکاندا ژیاون، لە ئاخاوتندا زمانی ئارامییان بەکارهێناوە[١]. لەگەڵ ئەوەشدا بەسەر شار و گوندە جیاوازەکانی ناوچەکەدا دابەش بوون، بۆیە لە ناوچە گەلێکی وەك (ئامێدیی، دهوک، ئاکرێ، زاخۆ، زێبار و بەرواری باڵا ،هەولێر، سلێمانی، هەڵەبجە، کەرکوک، خانەقین، کفری) بە ژمارەی دیاریکراو هەبوون[٢]، وەك لە گەشتنامەی گەڕیدەی جوو (بنجامين توتەیلی- Benjamin Of Tudela) لە نیوەی دووەمی (سەدەی١٢ز)دا ژیاوە و گەشتی بەناوچەکەدا کردووە و هاتووەتە کوردستانیش بەتایبەتی باس لە جووەکانی شاری ئامێدی دەکات و دەڵێت: " لە کوردستاندا نزیکەی سەد نشینگەی جووەکانی لێیە، وژمارەی جووەکانیش لەوێ زۆرن و بەزمانی ئارامی دەدوێن و شێوە زاری تایبەت بە خۆشیان هەیە"[٣]. کە تێکەڵەیەکە لە دەستەواژەی عەرەبی و کوردی و عیبری و فارسی و تورکی و لای خۆیانەوە بە (لشون ترجوم) ناوبراوە[٤]. ئەوەی لە گێڕانەوە مێژوویەکانەوە دەرکەوتووە ئەگەرچی جووەکان لەبنەڕەتدا خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە نەبوون، بەڵکو بوونیان دەرەنجامی ئەو شەڕوشۆڕە مێژوویانە بووە، بەڵام مێژووی بوونیان لە ناوچەکە زۆر کۆنە.

هەرچەندە گەڕانەوەی جووەکانی کوردستان، بۆ زەوییە پیرۆزەکان زۆر پێش هەڵمەتی گەڕانەوەی گشتی ساتەوەختی دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل بووە، وەك هەوڵی تاکەکەسی و گرووپی بچوك بووە، بەتایبەتی لە (١٨١٢) ئەوەش لەژێر کاریگەری بانگەشەی ژیانێکی باشتر لە زەوییە پیرۆزەکان بوو، بەتایبەتی جووەکانی ناوچەی بادینان، لە نێوان ساڵانی (١٩٢٠بۆ١٩٢٦) هەڵمەتێکیتری کۆچی جووەکان کە (١٩٠٠) کەس بوون لە کوردستانەوە بەرەو فەلەستین کۆچیانکرد[٥]. بەهەموو ئەو گۆڕانکارییە مێژووییانەی بەسەر ناوچەکەدا هاتووە، بونی جووەکان لە کوردستاندا ژمارەیەکی بەرچاو بووە، تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی ڕابووردوو دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل لە(١٩٤٨) و گەڕانەوەی جووەکان بۆ خاکی ئیسرائیل (Eritz Yisrael) بە زمانی عیبری واتە خاکی ئیسرائیل ئەم ناوە لەلایەن جووەکانەوە بە پەسەند زانراوە بۆ خاکی پیرۆز[٦].

بەگشتی زانیاری لەسەر جووە کوردەکان لە قۆناغە جوداکاندا زۆرکەمە، ئەوەی لەبەردەستیشدایە وێنەیەکی تەواوەتی بە توێژەران نابەخشێت، چونکە جووە کوردەکان لە پاش خۆیان تۆمارەکانی نوسینیان بەجێنەهێشتووە، لەگەڵ ئەوەشدا مانەوەیان لەناوچەکە وێرای هەوڵە موژدەدەرییەکانی مەسیحی ودەسەڵاتدارێتی ئیسلامی، پەیوەست بوو بەو تەوژمە پاڵپشتیانەی کە لەدەرەوە بۆیان دەهات، تەنها لە پێناوی مانەوەدا[٧]. چونکە ئەوەی لە گێڕانەوە مێژویەکانەوە بەردەست کەوتوون، نیشاندەری ئەوەن کە جووە کوردەکان باشترینی ئەو پێکهاتانە بوون کە چوونەتە ناو مەسیحیەتەوە، لە ڕێگەی تەبشیرەوە ژمارەیەکی زۆری جووی کورد بوونەتە مەسیحی، ئەوەش بەهۆکاری کەمی ژمارەی

---

[١] فرست مرعی: المصدر السابق، ص٧.

[٢] احمد سوسة: حياتي في نصف قرن، دار الشؤن الثقافة العامة ،بغداد ،١٩٨٦، ص ٧٨،٨٩.

[٣] بنيامين بن يونية التطيلي: رحلة بنيامين التطيلي٥٦١-٥٦٩هـ، ط١، ت. عزراء حداد، دراسة وتقديم عبدالرحمن عبدالله الشيخ، المجمع الثقافي، ابوظبي، ٢٠٠٢، ص٣٢٥،٣٢٦

[٤] سعد سلمان عبدالله المشهداني (أ.م.د) و جودت جلال كامل عبد اللطيف (م.د): اليهود في شمالي العراق دراسة تاريخية، مجلة الدراسات التاريخية والحضارية مجلة علمية محكمة، المجلد(٦)، العدد(١٨)، كانون الثاني ٢٠١٤، ص١١٠.

[٥] فرست مرعي: المصدر السابق، ص١٧.

[٦] مۆردیخای زاکین: سەرچاوەی پێشوو،ل٣٣، ٣٩.

[٧] اريك بروار و رافائيل باتاي: المصدر السابق، ص٦٠،٦٦.

جووەکان بەراورد بەوان لێکدەدرێتەوە[١]. بەتایبەتی لە سەدەکانی چوارەم و پێنجەم و لە سەردەمی شانشینی (ئەدیابین) بەهۆی هەوڵی موژدەدەرە مەسیحییەکانەوە وازیان لە ئایینی جووهێناو بوونەتە مەسیحی.[٢] ئەوەی وەك ژمارە لە سەرچاوەکانەوە بە ئێمە گەشتووە ژمارەی جووە کوردەکانی لە کوردستاندا بە نزیکەی (٥٠،٠٠٠) کەس داناوە، بەجۆرێك لە ناوچەی لێکجودا و دوور لەیەکدا ژیاون[٣]. هەرچەندە ئەو ژمارەیە لە نوسراوەکانی گەڕیدەی جوو(بنجامین توتەیلی)دا تەنها بۆ جووەکانی ناوچەی (هەمەدان) لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، تەنانەت ئەو باس لە بوونی شوێنی تایبەت بە پەرستشی ئایینی جووەکان و گۆڕی پیاوانی پیرۆزی جوودەکات[٤]. هەروەها بە خەمڵاندنەکانی ئەو گەڕیدە جووە، ژمارەی جووەکانی ناوچەی ئامێدی بە نزیکەی (٢٥،٠٠٠)[٥]. جوو خەمڵاندووە، هەروەك چۆن ئاماژە بە بوونی جووەکان لە هەولێر و زاخۆ دەکات[٦]. تەنانەت زاخۆ لەو دەمانەدا ناوەندێکی چڕی جووەکان بووە، بەجۆرێك لەڕووی پەرستش و ڕۆحییەوە وەك (ئۆرشەلیم) وێناکراوە و جووەکانی ناوچەکانیتر بۆ کاری پەرستش ڕوویان لە (کنێش)ە[٧] کردووە[٨]. سەرچاوە مێژووییەکان لەسەر ئەوە کۆکن لەسەردەمی عەباسییەکاندا بەزۆری جووەکان لەناوچەکانی سەرووی عێراق، کە ناوچەی کوردنشین بوون کۆبوونەتەوە، بە جۆرێك نشینگەی تایبەت بەخۆیان هەبووە لە گوند و ئاوەدانییەکان لە دەووروووبەری موسڵ و ناوچەی بادینان[٩]. ئەمانە لە چاخە ئیسلامیە جیاوازەکاندا و بەتایبەتی لەسەردەمی عەباسیدا، زیاتر لەناوچە کوردییەکاندا بڵاوبوونەتەوە، بە تایبەتی لە سنورەکانی وولاتی فارس[١٠]. هەڵەبجە وهەورامانیش لە بڵاوبوونەوەی جووەکان لە ناوچەکە بێبەش نەبوون، وەك چۆن لە قەرەداغ و پێنجوێن و شارەزوور و قەڵاچۆلانیشدا هەبوون[١١].

### ٢/ جووەکانی هەڵەبجە:-

لە کۆی ئەو هەڵمەتانەی دەسەڵاتدارێتییە جوداکانی میسۆپۆتامیا بۆ بڵاوکردنەوەی جووەکان لە ناوچەکە، بەئەگەرێکی زۆرەوە هەڵەبجەو دەورووبەریشی جووەکانی لێدانراوە، چونکە لەڕووی جوگرافییەوە هەڵکەوتەی هەڵەبجە ناوەندێکە لەنێوان ڕێگاکانی هەمەدان و بەشەکانیتری باشوری کوردستان لە سلێمانی و قەرەداغ وخاوەن شاخی سەخت و ناوچەیەکی دوورە دەستیشە لەمەڵبەندی سەرەکی جووەکان کە فەلەستینە. بۆیە بە ئەگەرێکی زۆرەوە، ئەو جووانەی لە هەڵەبجە هەبوون بەرهەمی ئەو کۆچوڕەوە زۆرە ملێیانەی ئیمپراتۆرێتەکانی میسۆپۆتامیایە، لەوانەش (بابلییەکان).

---

[١] فرست مرعي: المصدر السابق، ص١٤.
[٢] میهرداد ئیزەدی: ئاین و تایفە ....، ل٨٩.
[٣] وەرگیراوە لە// احمد سوسه: لمحات من تاريخ ...، ص٦٠.
[٤] بنيامين التطيلي: المصدر السابق، ص٣٣٠،٣٣١.
[٥] هەرچەندە ئەو خەمڵاندنە بە زیادەڕۆدەزانرێت بۆ شارێکی بچوکی وەك ئامێدی لەو سەردەمەدا. بۆ زیارت بڕوانە// اريك بروار و رافائيل باتاى: المصدر السابق، ص ٦٣).
[٦] بنيامين التطيلي: المصدر السابق، ص٣٢٥،٣٢٦.
[٧] (کنیش) ئەو شوێنەیە کە جووەکان لێی کۆدەبنەوە بەمەبەستی نوێژکردن. بنەڕەتی ووشەکەش لە (کنشت)ی عیبرانیەوە وەرگیراوە. (بڕوانە // محمود عبدالله جمعة: مدينة ميافارقين من القرن الثالث الهجري حتى القرن السابع الهجري- دراسة تاريخية حضارية، اطروحة دكتورا،قسم الحضارات الاسيوية، معهد الدراسات والبحوث الاسيوية، جامعة الزقازيق، ٢٠٠١، ص٣٦٠).
[٨] غادة حمدى عبدالسلام: المصدر السابق، ص ١٢.
[٩] محمد محمود العباسي: امارة بهدينان العباسية، مطبعة الجمهورية، الموصل، ١٩٦٩، ص٢٠٨،٢٠٩.
[١٠] بنيامين التطيلي: المصدر السابق، ص ٣٢٥.
[١١] هەڵوێست عومەر قادر: يهود كردستان مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، سليمانية، ٢٠٠٧، ص٢٨.

فرەچەشنی گەل و کولتوورەکان کە هاوشانی کورد لەم ناوچەیەدا نیشتەجێ بوون، بە درێژایی مێژوو هەریەك لە (ئاری، سامی، عەرەب، ئەرمەنی، تورکمان، ئاشووری و کلدان) تێکەڵ بوون، کە بووەتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی هەمەچەشن، ئەم فرەچەشنییە لە خۆیدا سەرچاوەی دەوڵەمەندی کولتوورییە بۆ کۆمەڵگا، فرەچەشنی لە هەرێمی کوردستاندا دەتوانرێت پۆلێن بکرێت بۆ فرەچەشنی (نەتەوەیی، ئایینی، مەزهەبی، زمانەوانی)(١). جووەکان وەك بەشێك لە کۆمەڵە ئایینییەکانی کوردستاندا ناسنامەی تایبەتی خۆیان هەیە، بەڵام دەتوانرێ لەنێو کولتوری فرەیی کۆمەڵی کوردیدا جێگایان بۆ بکرێتەوە. جووەکان دووهەزارساڵ زیاترلە لەکوردستاندا ژیاون، ئەمانە زیاتر بەکاری کڕین و فرۆشتن و پیشەگەرییەوە خەریك بوون و بەزۆری لە شارو شارۆچکەکاندا دەژیان(٢). ژیانیان لە شارۆچکەکاندا و بەو چەشنە پێکەوەییە بەڕادەی بوونی گەڕەکی تایبەت بەخۆیان بۆ جۆرێك لە خۆ پارێزی بووە، لە چەوسانەوەو تاڵانکردن(٣). ئەکرێت مەبەستیشیان بۆ پێکەوە ژیانی بووبێت، بەهۆی ئەوەی کەمینە بوون لە ناو زۆرینەیەکی موسڵماندا، تا بتوانن بەو هۆیەوە کەمتر بکەونە ژێر کاریگەرییە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانی بەرەی زۆرینەی موسڵمان، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت نەبوونی گۆڕی گەورە پیاوانی ئایینی جوولە پێغەمبەرەکانیانەوە تاوەکو کەسایەتیە گەورەکانی مێژوویان و نەبوونی هیچ قوتابخانەیەکی تایبەت بە جوو لەهەڵەبجە لە کۆی ئەو (٢٦) قوتابخانەی تایبەت بوو بە جوەکان لە عێراق، بەڵگەی بچوکی قەبارەی ئەو گروپەیە لە ناوچەکە، بەراورد بە بەشەکانیتری خوارووی عێراق(٤). هەرچەندە هاوشان بەمێژووی دروستبوونی شارەکە، دڵنیای مێژووییمان هەیە لە بوونی جووەکان لە هەڵەبجە و مێژوویەکی زانراو و بینراوە، بەڵام دەستپێکی هاتن و بوونیان لە هەڵەبجە بەبەڵگەی مێژوویی تاوەکو ئێستا ڕوون و دیار نییە، نەبوونی سیمبولە پیرۆزەکانیان لە ناوچەکە وادەکات نەزانرێت کەی و لە چ سەردەمێکدا لە ناوچەکەدا بوون، چونکە بەڵگەی مێژوویی یەکلاکەرەوەمان نییە.

جووەکانی هەڵەبجە لە پاش دروستبوونی شاری هەڵەبجە و کۆبونەوەی خەڵك لەو جێگایە، پاشتر ژمارەیەکی زۆرلە جوو کە پیشەیان فرۆشیاری گەڕۆك بوو لە ناوچەکەدا، واز لە دەستگێڕی (چەرچی)(٥) دێنن و لەو شوێنە تازەیە کەهەڵەبجەیە نیشتەجێ دەبن و گەڕەکێك بۆ خۆیان بونیاد دەنێن بەناوی گەڕەکی جوولەکان(٦).

هەڵەبجە وەك ئەوەی ناوەندێکی گرنگی ناوچەکە بووە لە ڕووی شارستانیەوە، بەهەمان شێوە ناوەندێکی گرنگ و دیاری پێکەوە ژیانی پێکهاتە جوداکانی وەك کاکەیی و موسڵمان و جوولەکە و کریستیان بووە، بەشێوەیەك بەدرێژایی چەندین ساڵ، هیچ گرفتێك لەو ڕووەوە ڕووینەداوە هەروەها ناوەندێکی گەورەی دەسەڵاتداریێتی جاف بووە و سێ لەسەر چواری دانیشتوانی لە جافەکان بوون(٧).

(١) أدم بيدار: المصدر السابق، ص٢١.
(٢) دیڤید ماکداوڵ: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢.
(٣) خسرو عبدالرحيم نجم: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧.
(٤) یەعقوب یوسف کوریە: سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٤.
(٥) کەسێکە ووردەواڵە بەرێتە لادێکان و بە ڕۆن و دانەوێڵە بیگۆڕێتەوە. (بڕوانە // شێخ محەمەدی خاڵ: فەرهەنگی خاڵ، ل١٤٢).
(٦) حەکیمی مەلا ساڵەح: جووەکانی هەڵەبجە، دیداری تەلەفزوێنی چاو، ٢٠٢٠/١٢/٢٤.
(٧) هێرۆ عمر صالح: شیکردنەوەی جوگرافی دابەش بونی نشینگە دێهاتییەکان لە قەزای هەڵەبجەی شەهیددا، لێکۆڵینەوەیەکە لە بواری جوگرافیای دێنشینیدا) نامەی ماستەر ، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، ٢٠١٠، ل ١٧.

ئەم ڕەزامەندییەی جووەکان لە خەڵکی هەڵەبجە و ناوچەکە لە جێی خۆیدا بووە، چونکە ئەوان لە مێژووی تێکەڵاویان لەگەڵ گەلە ناجووەکاندا دۆخی وایان بەخۆیانەوە نەبینیبوو، ئەودەمەی لە جیهانی ڕۆژئاوا دەژیان لەگەڵ گەلە کریستیانەکاندا ناونانی گەڕەکەکانیان بۆ خۆی سوکایەتی و دژایەتی بوو، لە (سەدەی١٦ز) ئەو گەڕەکانەی کەتایبەت بوون بەجوو بە (گیتتۆ) ناودەبران، بەواتای شوێنی فڕێدانی شتومەکی بێکەڵك، لەگەڵ ئەو ناوبانگە نەشیاوەشدا، گەڕەکەکانیان دیواری بەرزیان بەدەوردا دەکردن و تەنها یەك دەرگا و دەروازەی هەبوو بۆ هاتووچۆکردن، ئەویش لە دووکاتدا دەکرانەوە بەیانیان لەکاتی ڕۆژهەڵاتن و ئێواران لەکاتی خۆرئاوابوون[1]. (شاکرفەتاح) لە بەراووردکردنی ژیانی جووەکانی هەڵەبجە بە ژن وپیاوەوە، سەربەستانەتر لە ژیانی جووی ناوچەکانیتر وێنای کردوون[2]. بەڕادەیەك جووەکان لە ناو کورددا ئازاد بوون، بۆ یەکەمجار رویداوە ژنێکی جوو ببێتە (حاخام)[3] بەشێوازێکی گشتی کوردەکان لێبوردە و نەرم بوون لەگەڵ جووەکاندا[4].

بوونی جووەکان بەو ڕێژەیە لە هەڵەبجەدا، پەیوەستبوو بە گونجاوی سروشتی ناوچەکە لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیی و ئاوهەوا و سەرە ڕێگەی بازرگانی و پاشان چەقی ژمارەیەکی زۆری گووند بووە، کە بۆ ساغکردنەوە وپێویستی ئاڵووێر ڕوویان لێدەنا، لەڕوی ئابوورییەوە جووەکان خەڵکانێکی کاسبکاربوون، لە پەیداکردنی ماڵ وساماندا بەتوانا بوون، لەگەڵ ئەوەشدا یارمەتی هەژارو کەمدەرامەتەکانی خۆیان دەدا، بەجۆرێك نەیاندەهێشت کەسیان ناچار بە سواڵکردن بێن[5]. کوردستان زەمینەیەکی لەباربوو بۆ پێکهاتە جۆراوجۆرەکان بۆ پراکتیزەکردنی ژیانی ڕۆژانەیان، لەوانەش ژیانی ڕۆشنبیری و سیاسی، پێکهاتە جیاوازەکان ڕێکخستن و دامەزراوەی سیاسی و ڕووناکبیری و ئاینیان هەبووە. لەو ڕێگەیەوە خزمەتیان پێشکەش بە پێکهاتەی جوو لە ناوچەکەدا کردووە، لە نموونەی ئەو ڕێکخراوە سیاسیانەی جووەکانی هەڵەبجە لە چلەکانی سەدەی ڕابووردوودا ڕێکخراوی (حالوتس و تلحای) بوون[6]. بەپێی ئامارە کۆنەکان ژمارەی جووەکان لە هەڵەبجە، ئاستێکی دیار و بەرچاو بوون بە جۆرێك لە (١٨٧٥) دا ژمارەیان بە نزیکەیی (٢٥٠) جوو بووە، لەکاتێکدا لە (١٨٩٢) ژمارەیان کەمیکردووە بۆ(١٢٩) جوو[7].هەرچەندە هیچ ئاماژەیەك بەردەست نییە لەمەڕ هۆکاری کەمکردنیان، ئایا بەهۆکاری نەخۆشیی بووە یان کۆچ و ڕەو.

بەو ژمارەیەی کە هەبوون، جووەکان بەشێك بوون لە تان و پۆی شارەکە، ئەگەرچی ژمارەیان کەم بوو، (مێجەرسۆن-Major E.W. SON) لە گەشتەکەیدا بۆ هەڵەبجە (١٩٠٩) ژمارەی جووەکانی بە نزیکەیی بە (٢٠٠)کەس لەقەڵەم داوە[8]، لە ناو بازاڕی هەڵەبجەدا دوونەتەوە(ڕەگەز) هەبوون کە ئەوانیش (کورد و جوولەکە) بوون ، بە هەردووکیان پێشوازییان لە خەڵکی نامۆ و

---

(١) خسرو عبدالرحیم نجم: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧.
(٢) شاکرفەتاح: ئاوێنەی ژینم...، ل١٥.
(٣) میهرداد ئیزەدی: ئاین و تایفە ....، ل٩٠.
(٤) باسیلی نیکیتین: المصدر السابق...، ص ٣٢٣.
(٥) عادل سدیق عەلی: چەند لاپەڕەیەك...، ل ٥١،٦٩.
(٦) نەریمان عبدالله علی (د): مێژووی پێکەوە ژیان لە شاری هەڵەبجە، وەك بەشێك لە کتێبی کوردستان وڵاتی پێکەوە ژیان، چ١، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٧٢.
(٧) عبد الحمید الارقط: دورالاقلیات الدینیة فی المجتمع العراقی خلال العهد العثمانی (١٥١٧-١٩١٧م)، اطروحة دکتوراه فی التأریخ الحدیث والمعاصر، منشور، جامعة الشهید حمة لخضر-الوادی، کلیة العلوم الاجتماعیة و الانسانیة،قسم العلوم الانسانیة، الجمهوریة الجزائریة، ص٩٦.
(٨) سلێمانی ناوچەیەك لە کوردستان، و.مینە، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٦.

غەریب دەکرد و لەو پێشوازییەشدا هەردووکیان وەك یەك بوون[1]. ئەم ژمارەیەی (سۆن) بەراود بە ژمارەکانیتر کەمترە، چونکە بەپێی دیاریکردنەکانی (محەممەد ئەمین جاف) جووەکانی هەڵەبجە لە نێوان (٥٠-٧٠) خێزانێکدا بوون[2]. هەموو ئەو ژمارانە بۆ جووەکانی شار جێگای گومانن، چونکە هیچیان ئاماری فەرمی نین. ئەگەرئەم ئاماژەیەی (محەممەد ئەمین جاف) وەك ژمارەی خێزان بۆ جووەکانی هەڵەبجە دیاریکردووە، لەگەڵ ئاماری فەرمی حکومەتی عێراقی ساڵی (١٩٤٧) بەراووردی پێبکرێت، کە ژمارەی جووەکان لەناو شاری هەڵەبجە بە (٥٨٠) کەس دیاریکردووە[3]، ئەوا ژمارەی هەر خێزانێکی جوو لە نێوان (٨ بۆ ١١) کەسدا بووە، ئەوەش گومان لە ڕاستبوونی دەکرێت، بۆیە هەموو ژمارەکان بۆ ئێمە جێگای گومانن، چونکە ئامارێکی فەرمی بەردەست نییە.

بەڵام ئەمانە تاوەکو یاسای لەکارخستنی ڕەگەزنامە لە (١٩٤٨) دا تێکەڵەیەکی دیاری ژیان و کۆمەڵگای ئەو شارە بوون، تەنانەت کەم شاری دیاری کوردستان هەیە کە گەڕەکێکی بەناوی ئەوانەوە نەبێت واتە گەڕەکی (جووەکان)[4]. بەڵام لەڕووی ژمارەی ماڵە جووەکانەوە لە هەڵەبجە جیاوازی زۆر لە سەرچاوەکاندا هەیە، هاوتا بەو ژمارانە نوسەرێکی وەك (عادل سدیق) ژمارەی ماڵە جووەکان لە هەڵەبجە بە (١٠٠) ماڵ هەژمار کردووە[5].

بەهۆی ئاوەدانی زۆر و ژمارەی دێهاتەوە، بەشێك لە جووەکانی کوردستان لەم ناوچەیەدا بوون و ژیانی ئاسایی خۆیان لەو شارەدا لەگەڵ سەرجەم پێکهاتەکانیتردا بەسەر بردووە[6]. بەگشتی ئەو ژمارە جووەی لە هەڵەبجە و دەوروبەریدا هەبوون لە ئاماری (١٩٤٧) دا بە (٦٣٩) کەس هەژمار کراون[7]. ئەگەر ووردبینەوە لەو خشتە سەرژمێریەی جووەکان لە شارو شارۆچکەکان ئەو ڕاستییە دەبینین، کە هەڵەبجە چ وەك ناوەندی قەزا چ وەك قەزاو ناحیەکانی سەر بە هەڵەبجە لە سنوری ناوچە کوردییەکانی هەرێمی کوردستاندا قەرەباڵغترین شوێنی کۆبوونەوەی جووەکان بووە، بەدەر لە ناوەندی پارێزگاکانی ( سلێمانی و هەولێر و قەزای زاخۆ)[8]. کە دەکرێت ڕاستترین ژمارە بێت بەو پێیەی لەلایەن دامەزراوەیەکی فەرمیەوە کراوە و خەسڵەتێکی فەرمی هەبووە.

### تەوەری دووەم: پەیوەندی خەڵك و شێخانی نەقشبەندی هەورامان لەگەڵ جووەکانی ناوچەکە:-

وەنەبێت جووەکان تەنها لە هەڵەبجەدا سەربەستییان هەبووبێت، بەڵکو لە زۆربەی ناوچە کوردییەکانی دەوروبەری هەڵەبجەش ئەو دۆخەیان بۆ فەراهەمکرابوو، جوو و مەسیحییەکان لە سنوری خۆیاندا بەبێ ڕێگرییەکی ئەوتۆ دەیانتوانی کارە ئاینیی و کەلتورییەکانی خۆیان ئەنجام

[1] عادل صدیق علی: هەڵەبجە شارێکی بچوك و..، ب١، ل ١٥٣،١٥٢.
[2] محمد امین جاف: حلبجة، ط١، دارورد للنشر والتوزیع، عمان، الاردن، ٢٠٠٨، ص٥٦.
[3] بڕوانە// پاشکۆی ژمارە (١٦).
[4] محمد امین جاف: المصدر السابق، ص٥٦.
[5] هەڵەبجە شارێکی ...، ل ١٥١. ؛ چەند لاپەڕەیەك لە ...، ل٥٢.
[6] ئەحمەد باوەڕ: جولەکەکانی کوردستان (بنەچەیان- داب و نەریتیان- هۆی کۆچکردنیان)، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٠،ل ٥٤.
[7] المملکة العراقیة، وزارة الشؤن الاجتماعیة، مدیریة النفوس العامة، احصاء السکان لسنة ١٩٤٧، ج٢، لواء الموصل- لواء کرکوك- لواء السلیمانیة- لواء ابغداد ، اربیل، ١٩٤٥، ص١٧٧.
[8] بڕوانە // پاشکۆی ژمارە( ١٦).

بدەن.[1] سێ فاکتەری سەرەکی ڕۆڵی گەورەیان  لە پەروەردەی میانڕەوی شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی دیووە لە هەورامان و هەوێنی ڕێکخستنی ئەو مێژووە لە پێکەوەیی و لێبوردەیی بوون لە ناوچەکە، ئەوانیش (ئیسلام وەك ئاین و کەلتووری ناوچەی هورامان و پەروەردەی سۆفیزمی تەریقەتی نەقشبەندی) بۆیە ئەو سێ فاکتەرە ڕەنگدانەوەی ئەرێنییان هەبووە بۆ چۆنییەتی پەیوەندییەکانی شێخەکان لەگەڵ پێکهاتە ناموسڵمانەکانی ناوچەکە. بۆ ئەوەش مێژووی نزیك بە (٢٠٠) ساڵەی شێخان لە سنوورەکە ئەو گەواهیدانە دەسەلمێنێت، کە ڕەنگە نموونەی لەو جۆرە کەم بوو‌بێت، لە ژیانی پێکەوەیی بێکێشە و گرفت لەگەڵ پێکهاتەیەکی وەك جوو. لای شێخەکان جیاوازییە ڕەگەزی و ئایینی و ناوچەییەکان بابەتێك نەبوون نەخشەی پەیوەندییەکانیان دیاری بکات بەقەدەر ئەوەی پێناسی ناسینەوە بوون. ئەو بڕوایەشە وادەکات لە سەردەمی شێخ (عەلائەدین)دا کاتێك گەڕیدە و کوردناسێکی ڕۆژئاوایی کە بەریتانیی بووە و بە ئاین مەسیحیی بووە، لەگەڵ ئەوەشی بەشێك لەو کوردناسانە پیاوی دەزگا هەواڵگرییەکانی وڵاتەکانیان  بوون کە دێتە خانەقای شێخ (عەلائەدین) لە (بیارە)، شێخ هیچی لێناپرسێت کە چییە و بڕوای چییە، چونکە شێخ بڕوای وابووە ئاینەکەی فەرمانی پێدەکات ڕێز لە میوان بگرێت بێگوێدانە بیروبڕوای ئایینی، ئەوەش لەو ڕوانگەیەوە هاتووە کە دەڵێت ڕێز لەمیوان بگرە بابێبڕوایش بێت[2].

شێخانی نەقشبەندی هەورامان هەوڵیانداوە ستەمی سەر ستەملێکراوان نەهێڵن بەبێگوێدانە بڕوای ئاینی کەسەکان موسڵمانە یان جوو، یان هەر ئاینێکیتر[3]. جووەکان سەردان و تێکەڵاوییان هەبووە لەگەڵ شێخەکان و لە سەردانیکردنی شێخەکاندا لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە جووەکان بینراون لە کۆڕی قەرەباڵغی شێخ (عەلائەدین)دا، لەوێش زۆر ڕێزیان لێدەگیراو ئەوانیش بە دیارییەوە دەچوونە دیداری شێخ[4].

بەگشتی ڕەوتی دینداری لەژێر هەژموونی سۆفیگەریدا کار بەمیانڕەویی دەکات و خۆدوور دەگرێت لە هەرجۆرە دەمارگیرییەك لە چوارچێوەی جوداییی ئاینیدا، شێخەکان نەك لەگەڵ  پێکهاتە ئاینییەکان و لەوانەش جوو تەبا بوون، بەڵکو هەوڵیانداوە زانایانی ئایینی سنورەکەش بۆ ئەو بڕوایە ئاراستە بکەن، تاوەکو لەگەڵیان تەبا و کۆك بن، تەنانەت بۆ ئەو کەسایەتییانەی ڕۆژئاوایی کە بە زۆری مەسیحی بوون و بۆ زانیاری وەرگرتن هاتوونەتە ناوچەکە بە تایبەتی لەسەردەمی شێخ (حیسامەدین)دا بە جۆرێك هەڵسوکەوتییان لەگەڵ کردوون، لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ ووڵاتی خۆیان لە ئەنجامی باشی ئەو پەیوەندییانەی کە بەو ماوە کەمە دروستییان کردووە لەگەڵیان، لە ڕێگەی نامە و بەریدەوە شێخیان لە سەلامەتی خۆیان ئاگادار کردوەتەوە، ئەمە وێڕای پێدانی دیاری پێیان[5]. لەودەمانەی کەسی جوو لە ناوچەکانیتردا دەچەوسێنرانەوە لەبەر ئەوەی کەجوو بوو، دەبوو نیشانیەکی ناسینەوە کە پارچە پەڕۆیەکی شین بوو بە بەرۆکی خۆیەوە بکردایە و ناچاریش بوو باج و سەرانە بدات، بەڵام لە شوێنێکی وەك بانەی ڕۆژ هەڵاتی کوردستان کە دۆخی جوو بەگشتی لە ئێراندا خراپ بوو کەسێکی کوردی وەك (حەمە حوسێن خانی بانە) جووەکانی لەو چەوسانەوە و سوکایەتییە

---

[1] مۆردیخای زاکین: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩.
[2] پەیوەندی دەنگی توێژەر لەگەڵ (ئامانج شێخ ناجی شێخ عەلائەدین شێخ عومەر زیائەدین نەقشبەندی)، لە دایك بووی ١٩٧٠ هەڵەبجە، دەرچووی پەیمانگا و ڕاگەیاندنکار و نووسەر، دانیشتووی سلێمانی، ڕۆژی(یەك شەممە)، ڕێکەوتی تۆمارکردن ٢٠٢٣/٢/٢٦، کات(٨:٣٦) خولەك.
[3] الشیخ محسن المفتي: المصدر السابق، ص٢٧.
[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (حەسەن مەحمود حەمەکەریم)، سەرچاوەی پێشوو.
[5] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ محەمەدعەلی شێخ ئەحمەد  شێخ محەممەد حیسامەدین)، سەرچاوەی پێشوو.

ڕزگار کرد[١]. هەروەها لە هەڵەبجەدا خانمی شار (عادیلە خانم) زۆر پارێزگاری لە پێکهاتەکانی شارەکە (جوو، مەسیحییەکان) دەکرد، بە جۆرێك ڕێگە بەکەس نەدەدرا دەست درێژی بکاتە سەر ماڵ و موڵکیان[٢]. ئەوە لەکاتێکدا بوو لە ئەڵمانیا جووەکان هەر بەمنداڵی ڕادەهێنران ئەستێرەیەکی زەرد بە جلکەکانیانەوە بکەن بۆ ناسینەوەو جیاکردنەوەیان لەخەڵکیتر و بۆشیان نەبوو کاری بازرگانی بکەن، یان لە بانکەکاندا کاربکەن و لە دەزگا حکومییەکاندا دابمەزرێن[٣]. بەهۆی خەسڵەت و سەرقاڵیان بە کۆنترۆڵکردنی دۆخی بازاڕو وەرگرتنی سوودی ئابووری لەهەرکوێدا بووبن وایکردوە لای زۆرینەی خەڵك خۆشەویست نەبن. گەڕەکی جووەکان لەشاری هەڵەبجە خاوەن تایبەت مەندێتی خۆی هەبووە، لە وێناکردنی سروشتی خانووی جووەکانەوە دەردەکەوێت کە کۆڵانەکانیان تەسك ودیواری حەوشەکانیان بەرزبووە، جوودا لە پێکهاتەی خانووی جووەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا[٤]. ئەم شێوازەی خانووی جووەکان لە هەڵەبجە وناوچەکە گەر بەراوردبکرێت بە جووەکانی ڕۆژئاوا لیرە شێوازی دروستکردنەکە خۆکردی بووە، نەك بەهۆی ستەمی دەورووبەرەوە بووبێت، چونکە باس و خواستی ناو سەرچاوەکان لە ژیانیان پشتگیری وەها بۆچونێك دەکەن، بەڵام لە دونیای ڕۆژئاوا دۆخەکە جوودا بووە.

لە وولاتێکی وەك (ئیتالیا) بۆئەوەی پەیوەندی جووەکان و تێکەڵاوویان لەگەڵ خەڵکی ئاسایی کەم کەنەوە، هاتن دیواریان بۆ گەڕەکە جوونشینەکان دروستکرد وەك خاڵی جیاکاری نێوانیان، لە ئیمبراتۆریەتی ڕوسیای قەیسەریدا جووەکان ڕێگەیان پێنەدەدرا کاری کشتوکاڵ بکەن، لە فەرەنسا دەکرانە دەرەوە و لە ئەڵمانیا بە هەزارانیان لێ کوژرا، هەروەها لەهەریەك لە ئیسپانیا و پورتوگال ناچار بەدەرکردن کران[٥]. ئەم جۆرە لە دیزاین بۆ گەڕەك و خانووی جووەکان دەتوانێ ئەوەمان نیشان بدات کە جووەکان لەگەڵ ئەوەی لە دۆخی ژیانیان لە هەڵەبجە ڕازیی بوون، بەڵام دڵنیاییان نەبووە، ئەوەش بەهۆی ئەو ترسە زۆرە بوو کە لە مێژوودا لەئەنجامی تێکەڵاو بوون بە گەلە ناجووەکان بۆیان درووست بووبوو، بۆیە شێوازی کۆڵان و خانوەکانیان بەجۆرێك ڕێکخستووە تاوەکو بتوانن خۆیان لە دەورووبەرەکانیان جودا بکەنەوە بە دیواری بەرز و کۆڵانی تەسك بۆ ئەوەی ئەگەری هاتوچۆی زۆر و چاودێریکردنی خانەوادەکانیان لە دەورووبەر دابڕن، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هێشتا بەراوورد بە جووەکانیتر سەربەست و ئازاد بوون.

جووەکان ئەگەرچی خاوەن گەڕەکی تایبەت بەخۆیان بوون، بەڵام تێکەڵاوی هاوسێیەتیان لەگەڵ هەندێك ماڵە موسڵمانیش هەبوو بێکێشەوگرفت پێکەوە ژیاون[٦]. لە ناو هەڵەبجەدا شێخانی (بیارە) پەیوەندی زۆر و ڕۆحییان لەگەڵ مزگەوتی (جامیعە)دا زیاتر لە هەر مزگەوتێکیتر هەبوو، بۆیە خەتمە و دیدارەکانیشیان کە بهاتنایەتە هەڵەبجە لەو مزگەوتەوە بوو، مزگەوتەکەش لەژێر

[١] ڕەشاد میران: سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١.
[٢] محەمەد سەعید جاف: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٤.
[٣] خسروعبدالرحیم نجم: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧.
[٤] عادل سدیق عەلی: چەند لاپەڕەیەك...، ل ٥٢.
[٥] خسرو عبدالرحیم نجم: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٥.
[٦] چاوپێکەوتنی عادل صدیق عەلی لەگەڵ (پورە خەدیجە کوێخا موستەفا حاجی محمد سلێمان محمد شۆڕەبەگ)، لەدایك بووی هەڵەبجە و تەمەنی (٨٠) ساڵ، شوێنی چاوپێکەوتن هەڵەبجەی شەهید، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن (٢٠٢٠/٦/٢٩) کاتی چاوپێکەوتن ( ٩:٣١)، ماڵەوە . تۆماری دەنگی بڵاونەکراوە.

سەرپەرشتی ماڵی موفتیدا بوو[١]. شێخ (موستەفای موفتی) کە لە بنەماڵەی شێخی خەرپانی و مەلایەکی دیاری هەڵەبجە بووە، لەهەمانکاتدا بڕوادار بووە بە تەریقەتی نەقشبەندی و پەیوەندی توندوتۆڵی ڕۆحی وزانستی لەگەڵ شێخانی (بیارە)دا هەبووە، بە جۆرێك سەردانەکانی شێخانی (بیارە) بۆ هەڵەبجە وبەشێکی مانەوەیان لە ماڵی ئەودا بووە، پەیوەندی ئەم مەلا بڕوادارە بە تەریقەتی نەقشبەندی لەگەڵ جووەکان بەڕادەیەك بووە، ڕێگەی نەداوە موسڵمانان بە بیانووی جودایی ئایینی دژایەتی جووەکان بکەن، ئاستی پەیوەندی و لێکنزیکی ئەو لەگەڵ جووەکان وایکردبوو لەکاتی کۆچی دوایی ئەو مەلایەدا وەك دۆخێکی ئاسایی لای موسڵمانەکان سێ ڕۆژ پرسەی بۆ گێڕدراوە، بەڵام جووەکان بۆماوەی پێنج ڕۆژ پرسە گێریان بۆگێڕاوە، ئەوەش بەهۆی پێزانینی جووەکانەوە بوو بۆ هەوڵی ئەو کەسایەتییە ئایینیە باوەڕدارە بە سۆفیزمی تەریقەتی نەقشبەندی لە پارێزگاریکردن و بڵاوکردنەوەی بیری یەکتر قەبوڵکردن لەناوچەکەدا[٢]. هەندێك لەو جووانەی موسڵمان دەبوون، بەتایبەتی ژنەکان و شویان بە موسڵمانان دەکرد، وەك ژنەکەی (حامی بەگ)ی جاف (حەلاوەخان) لە ماڵی موفتی موسڵمان بوو، چونکە جووەکان پەیوەندیان لەگەڵ ماڵی موفتی هەبوو[٣]. ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی جووەکان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە بەهۆی ژن و ژنخوازییەوە دروستییان کردبوو، سەربەستی زیاتری پێ بەخشیبوون[٤]. لە ڕووی کارتێکردنەوە هەندێك لەو جووانەی لە ناوچەکە ژیاون ئایینی خۆیان گۆڕیوە و بوونەتە موسڵمان، زۆرترینی ئەو حاڵەتانەش لە ئەنجامی ژن و ژنخوازییەوە بووە، چونکە زۆر کەسی موسڵمان ژنخوازیان لە جووەکان کردووە[٥].

شێخانی هەورامان بۆ خۆیان سەرمەشقی ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییانە بوون، ئەوەش ڕەنگدانەوەی لە پەروەردەی هەڵسوکەوتی خەڵکی ناوچەکەدا هەبووە بە مورید و دۆستانی شێخەکانەوە تاوەکو خەڵکی گشتی بۆیە دەبینین لە سەردەمی شێخایەتی شێخ (عومەر زیائەدین)دا کە بە یەکێك لە شێخە ناودارو بەدەسەڵاتەکانی هەورامان و تەریقەتی نەقشبەندی دادەنرێت و مورید و شوێنکەوتەیەکی زۆری هەبووە و تەریقەتەکەش لەسەردەمی ئەودا زۆر فراوان بوونی بە خۆیەوە بینی، یەکێك لە کوڕەکانی بەناوی شێخ (خالید) لە دەوروبەری ساڵی (١٩٣٠)دا بۆ گرێدانی ژیانی هاوسەری ئافرەتێکی (جوو) دەخوازێت، ئەمە ڕێگایەکی کردەیی بووە بۆ ئەوانیتر تاوەکو بە چاوێکی ڕێزەوە لە ڕوانگەی پەروەردەیەکی دروستی ئایینییەوە لە جووەکانی ناوچەکە بڕوانن و تێکەڵاویان لەگەڵ دروست بکەن، هەمیشە پەیوەندی شێخەکان لەگەڵ جووەکان لە ڕوانگەی پێوەرە ئاینییەکانەوە بووە، بۆیە ڕایەڵەیەکی بەهێز ئەوانی بە دەوروبەرەکەیانەوە لە هەموو پێکهاتەکان بە موسڵمان و ناموسڵمانەوە گرێداوە[٦].

لە کۆمەڵگای جوودا ئەو جووەی کە شوو بە کەسێکی موسڵمان دەکات دەبوایە لە خێزان و کۆمەڵگاکەی بەتەواوی جیا بکرێتەوە، لە دۆخی گۆڕینی ئاینەکەشی لە جووەوە بۆ ئیسلام لەناو

---

[١] چاوپێکەوتنی عادل صدیق عەلی لەگەڵ (شێخ جەمال شێخ کازم شێخ محەممەد شێخ نەجمەدین) لە دایك بووی (١٩٤٧)ی هەڵەبجە لە نەوەی شێخە نەقشبەندییەکانی هەڵەبجەیە، پیشەی مامۆستا بووە و ئێستە خانەنشینە، شوێنی چاوپێکەوتن هەڵەبجەی شەهید، ڕۆژی(دووشەممە)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن( ٢٠٢٣/٢/١٣)، تۆماری بڵاونەکراوە.

[٢] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ موحسین شێخ خالید موفتی-ئەحسەن)، سەرچاوەی پێشوو.

[٣] چاوپێکەوتنی عادل صدیق عەلی لەگەڵ (پورە خەدیجە کوێخا مستەفا...)، سەرچاوەی پێشوو.

[٤] شاکر فەتاح: گەشتی هەڵەبجە و هەورامان لە ساڵی ١٩٣٣، چاپخانەی کامەرانی، ١٩٧٤، ل ١٥.

[٥] ئەحمەد باوەڕ: جوولەکەکانی ...، ل ١٤٧.

[٦] پەیوەندی دەنگی توێژەر لەگەڵ (ئامانج شێخ ناجی شێخ عەلائەدین شێخ عومەر)، سەرچاوەی پێشوو.

کۆمەڵگای موسڵماندا نەك تەنها بابەتێکی ئاین گۆڕینبێت، بەڵکو پلەوپایەی کۆمەڵایەتیشی بەرزدەکردەوە[١]. لە کاتێکدا پیاوی جوو ناتوانێت لەگەڵ ژنێکی دەرەوەی ئاینەکەی خۆی پەیمانی هاوسەرگیری ببەستێت، تەنانەت ئەگەر ئەو ژنە، ئایینی خۆشی بگۆڕێت و ببێتە جوو، چونکە بە جوو بوونی ژن لە ڕێی ژیانی هاوسەرییەوە لە ئایینی جوودا ڕەوانییە[٢]. بەڵام لە وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا و بەرلە جەنگی دووەمی جیهانی بە بیانووی پاراستنی ڕەگەزی ڕەسەنی ئەڵمانی بە یاسا ژن و ژنخوازی لەگەڵ جووەکان قەدەغەکرابوو[٣]. تێکەڵاوی ئەمانە لەگەڵ خەڵکی هەڵەبجە و ناوچەکە بە دیوی جیاوازدا بینراوە، لەو کاتەی هەندێك لە خەڵك بە بیانووی پابەند بوونە ئاینیەکان زۆر تێکەڵاوی نەکردوون، خەڵکیتر هەبوون قسەو سەوداو مامەڵەی بازرگانی و تەنانەت ژن و ژنخوازیشیان لەگەڵ کردوون، بەڵام ژنیان پێنەداون[٤]. بەو پێیەی لە ڕووی ئاینیەوە هیچ ڕێگرییەك بۆ ئەو بابەتانە نییە کە ژن لە بڕواداران بە ئاینە ئاسمانییەکان بهێنرێت لەلایەن موسڵمانانەوە، بەڵام پێچەوانەکەی ڕێگەی پێنەدراوە.

جووەکان بە جۆرێك سەربەست بوون لە پیادەکردنی بیروبڕوا ئایینیەکانی خۆیان تەنانەت قەسابی تایبەت بەخۆیان هەبووە و گۆشتی سەربڕدراوی دەستی موسڵمانەکانیان نەخواردووە[٥]. چونکە خواردنی حەڵاڵ لەلای ئەوان کە ناوی (کاشر)ە دەبێت کەسێك یا حاخامێك کەشارەزایی لە ڕێوڕەسمە ئایینییەکاندا هەبێت بەکاری سەربڕین هەستێت[٦]. ئامادەکردنی گۆشت لە ئایینی جوودا بەشێکە لە بیروبڕوای ئاینیان، ئەوە لە کاتێکدایە موسڵمانان ڕێپێدراون کە ئاژەڵی حەڵاڵ و سەربڕدراو بە دەستی جوو بخۆن، بەدەقی قورئانی پیرۆز ئاماژە بەوە کراوەلە ﴿سورەتی المائدة ئایەتی٥﴾ لە ئەمڕۆ بە دواوە هەرچی خۆراکی چاك و پاکە بۆتان حەڵاڵە، وەخواردنی ئەوانەی کەخاوەن کتێبن لە (گاور و جوو) بۆتان حەڵاڵە، خۆراکی ئێوەش بۆ ئەوان حەڵاڵە. ئافرەتانی پاك داوێن لە ئیمانداارانی سەربەست و لە خاوەنانی کتێبی پێش ئێوە بۆتان حەڵاڵە، ئەگەر مارەییان پێبدەن﴾[٧]. هەروەها لە هەڵەبجەدا کانی تایبەت بەخۆیان هەبووە و پێیان گوتووە کانی جووەکان، هەرچەندە موسڵمانانیش ئاویان لێبردووە، بەڵام بە ناوی جووەکانەوە ناسرابوو[٨].

لە ڕووی بەراورد کارییەوە لە شێوە ژیان و پێکەوەیی پێکهاتەکان و موسڵمانەکان بە گێڕانەوەکانی (مێجەرسۆن) پێش دەرکەوتنی شێخە قادرییەکان لە دۆخێکی ئاساییدا بووە، بەڵام لە سەردەمی باڵا دەستی ئەو تەریقەتە لە ناوچەکە و تاوەکو هاتنی تەریقەتی نەقشبەندی، ئەو فرەییە وەك پێشوو قەبوڵنەکراوە و تەنانەت ئەو کوردناسە ئاماژە بەوە دەکات خەڵك لەسەر جودایی ئایینی کوژراوە و ئەوەش هۆکارێك بووە بۆ هەڵهاتن و چوڵکردنی ناوچەکە لەلایەن ئەو پێکهاتانەوە[٩]. ئەم بۆچوونەی (سۆن) لە وێنەی واقیعی ژیانی ناوچەکەدا هەڵگری ڕاستی مێژوویی نییە، چونکە ئەگەر بەراووردی ژیانی جووەکان بکرێت لە شارێکی وەك سلێمانیدا کە تەریقەتی قادری تێیدا بەهێز و

---

[١] مۆردیخای زاکین: سەرچاوەی پێشوو ، ل٣١٧.
[٢] میشل مالرب: سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٨.
[٣] خسرو عبدالرحیم نجم: سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧.
[٤] عادل صدیق: هەڵەبجە ١٨٨٩-١٩٣٠...ل٤١
[٥] بەکر حەمەصدیق عارف: لاپەڕەیەك لە مێژووی هەڵەبجە (١٧٠٠-١٩٥٨)، چ١، سلێمانی، ١٩٩٧، ل ٢٧.
[٦] میشل مالرب: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩١.
[٧] بورهان محەمەد ئەمین عەبدولکەریم: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٧.
[٨] چاوپێکەوتنی عادل صدیق عەلی لەگەڵ ( شێخ جەمال شێخ کازم) سەرچاوەی پێشوو.
[٩] مێجەرسۆن: گەشتێك بۆ ...، ل٢٢٨،٢٢٧.

کاریگەر بووە، لەسەردەستی شێخانی ئەو تەریقەتە شتێکی ئەوتۆ بە بیانووی جیاوازی ئایینی ڕوووینەداوە. بەڵام ڕەنگە جۆریتی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەم پێکهاتە ئاینییە بە بەراووردکردن لە نێوان هەردوو تەریقەتەکەدا، سەنگی باشی پەیوەندییەکان بەلای نەقشبەندیدا زیاتر بێت بەتایبەتی لەم ناوچەیە.

پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کوردستان پێشتر ڕێزیان لە پیرۆزییە ئایینی و نەتەوەییەکانی دیکە گرتووە، ئەمەش بەشێوەیەکی ئەرێنی لەسەر پرۆسەی بنیاتنانەوە و پتەوکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا ڕەنگدانەوەی هەبوو. (ساسون حسقێل) لە وێنە کێشانێکی گشتی ژیانی جووەکانی کوردستاندا کە جووەکانی هەڵەبجەش بشێکی ئەو مێژووەن باس لەوە دەکات، ئەو پیرە پیاوانەی لە کوردستان ژیاون ودواتر کۆچیان کردووە بۆ ئیسرائیل پێیان گوتووە، جوولەکەکان لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە بە باشی ڕێزیان لێگیراوە، وەک هاوڵاتی کورد لە کوردستان مامەڵەیان لەگەڵ کردوون و پارێزگارییان لێکردوون و ڕێزیان لە کەسایەتی و پیرۆزییەکانیان گرتووە[1]. لە ناویشیاندا جووکان، لەسەرئەوە هاودەنگن، کە خێزانە جووەکانی کوردستان لە ژیانی پێکەوەییان لەگەڵ کوردە موسڵمانەکان، دوچاری هەڵسوکەوتی نەشاز نەبوونەتەوە، بەڵکو لە جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمە ئاینییەکانی خۆیان لەو ناوچانەی لێی نیشتەجێبوون ئازاد وسەربەستبوون، بەڵام ڕێگەیان نەداوە چەك هەڵگرن یان ببنە بەشێك لە ململانێ ناوخۆییەکانی لە نێوان هۆزەکانی کورددا[2]. ئەو ڕێگریکردنەی جووەکان لەو دوولایەنەوە، خۆی لە خۆیدا جۆرێکی ڕێزگرتن و پاراستنی پێکەوەیی ژیانیان بووە، چونکە جووەکان لەگەڵ ئەوەی لەڕووی ئاینیەوە لە کوردە ڕەسەنەکانی ناوچەکە جودابوون، لەهەمانکاتدا لەڕووی ژمارەشەوە جیاوازیەکە بەراورد ناکرێت، بۆیە هەر ڕێگە پێدانێك بۆ بەشداریکردنی جووەکان لەو ناکۆکیە خێڵەکیانەی کورد، بە زیانی جووەکان کۆتایی دەهات و بەهانەشی دەدایە دەست خەڵکانی قین لەدڵ بۆ قۆستنەوەی بیانوی جیاوازی بیروبڕوای ئایینی، تاوەکو زیان بە جووەکان بگەیەنن، بۆیە ئەو ڕێگریانە خاڵێکی گەش و ژیرانەی کوردانە بۆ پاراستنی ئەو پێکاتە جودایەی ناوچەکە.

ئەو دیاردەیە هەر لای کورد نەبووە ، بەڵکو لە دونیای ڕۆژئاواش جووەکان بۆیان نەبووە بەشداری سوپا و بابەتی چەك هەڵگرتن بکەن[3]. پێکهاتەکان و لە ناویشیاندا جووەکان لە هەندێک شوێن بۆ پاراستنی تایبەتمەندی خۆیان دوکان و گۆڕستانی تایبەتیان هەبووە، جووەکان گۆڕستانێکی تایبەتیان هەبوو لە شاری هەڵەبجە کە تێیدا مردووەکانیان بەپێی ئەرک و بڕوا ئاینییەکانی خۆیان ئەسپەردە دەکرد[4]. هەروەها لە کۆی ئەو (٥٤) دووکانەی کە خانمی هەڵەبجە لە ناو شاری هەڵەبجەدا کردبویەوە، جووەکانی شار بۆ بەکارهێنانی بازرگانی (٢٠) دوکانیان بەکرێ گرتبوو، لەو ڕێگەیەشەوە سەرقاڵی فرۆشتنی قوماش و بازرگانی کوتاڵ بوون[5]. لە کاتێکدا ئەم ژمارەیە هەر لە زمانی (مێجەرسۆن)ەوە لە سەرچاوەیتردا بە (٥٢) دوکان هاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە باسی پێکهاتن وڕێکخستنی شمەکی ناو دووکانەکان جودایی لە نیوان دووکانی جووەکان وموسڵمانەکاندا دەکات، بە

[1] کوردە جووەکانی ئیسرائیل، گۆڤاری مامۆستای کورد، ژ(١٩)، ١٩٩٣، ل٣٠.
[2] عبد الوهاب محمد المسيري: موسوعة اليهود واليهودية والصهيونية، جلد٤، القاهرة، دارالشروق، ١٩٩٩،ص١٦٨.
[3] خسروعبدالرحيم نجم: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧.
[4] نەریمان عبدالله علی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٢.
[5] میجرسۆن: سلێمانی...، ل٥٢،٥٣.

جۆرێك هەرچی دووكانی جووەكان بووە سندوقێكی ئاسنی بەهێز لە بەردەم شمەك ودووكانەكاندا هەبوون، بەڵام بۆ موسڵمانەكان سندوقێكی تەختەی دارین هەبووە[1]. ڕەنگە ئەو توندو تۆڵییە لە ڕێكخستنی دوكانەكانیاندا پەیوەندی بە خۆپاریزییانەوە هەبێت.

جووەكان سەرقاڵی كاسپی و پیشەكاری خۆیان بوون و لەگەڵ پێكهاتەی موسڵمانی شارەكەدا تێكەڵ بووبوون[2]، بەپێی سەرژمێرییەكان لە ڕیزی كەمینە ئاینییەكانی عێراقدا جووەكان لە هەمووان شارستانیتر بوون، بە ڕێژەی (٩٦%)یان شارنشین بوون [3]، بەڵام جووەكانی كوردستان لە دەرەوەی ئەم پۆلێنكردنە بوون، بەهۆی چاولێكردن بە ژیانی كوردەكان و سەرقاڵ بوون بە كشتوكاڵ و ئاژەڵداری ئەوانیش لەو بوارەوە سەقاڵی خۆبژێوی بوون[4]. لەگەڵ بوونی ئەو جۆرە لە كاركردنی جووەكانی هەڵەبجە بەڵام زۆرێك لەوان لە بابەتەكانی دوكانداری و بازرگانی و كاری دەستگێری و تەبابەت و چارەسەری پزیشكیدا كاریان دەكرد، بۆ ئەوەش موسڵمانەكانیش سەردانیان دەكردن[5].

لە كنێشەكەیاندا لە هەڵەبجە وێرای پەرستشی ئایینی تایبەت بە خۆیان، لە ڕێگەی پیاوانی ئایینی خۆیانەوە كە پێیان دەگوت (مالوم) بەواتای مامۆستا، هاوشێوە بە حوجرەكانی خوێندنی موسڵمانان مالومەكان وانەی ئایینییان بە منداڵانی جوو دەگوتەوە[6]. لەگەڵ ئەوەشدا بەرزی ڕێژەی نەخوێندەواری جووەكانی كوردستان وهەڵەبجە بەراورد بە جووەكانی پارێزگاكانیتری عێراق لە ئاستێكی بەرزدا بووە، چونكە تاكە قوتابخانەیەكی تایبەت بە جووەكان لە ناوچە كوردییەكاندا تەنها لە شاری (هەولێر) هەبوو ئەویش ئەركی فێركردنی زمانی عیبری بوو، لە شرۆڤەی ئەو دۆخەی جووەكان، خۆیان باوەریان وایە كە پیاوانی ئایینی جوو لە كوردستان یا نەزان بوون، یان لە ئاستێكی هەژاریدابوون، بەجۆرێك هیچ كاریگەرییەكیان لەسەر دۆخی جووەكان نەبووە، تاوەكو بتوانن گرفتەكانیان چارەسەربكەن، ئەوەش وایكردووە ئەوانیش هاوشێوەی موسڵمانەكان و مەسیحییەكانی ناوچەكە بۆ یەكلاكردنەوەی گرفتەكانیان پەنا بۆ بەرپرسە موسڵمانەكان بەرن[7]. ئەمە بەڵگەیەكی ڕوونی كەمتەرخەمی دەسەڵاتدارانی عێراق نیشاندەدات بەرامبەر بە ناوچە كوردییەكان لە ڕووی گرنگی نەدان بە دامەزراوە پەروەردەییەكان لە ناوچەكەدا، بۆیە ئەو دۆخە تەنها تایبەت نەبووە بە جووەكانەوە، بەڵكو كوردیش بەهۆی كەمی گرنگیدانەكانەوە لە ئاستێكدا نەبووە ڕێژەی خوێندەوارانی فەرمی زۆر و دیاربێت، بۆیە نەخوێندەواری لای هەموو پێكهاتەكان بەرز بووە، نەك پەیوەندی بە ڕێگری خەڵكی كوردەوە هەبێت لە خوێندنی جووەكان یان خۆیان نەیان ویستبێت لەگەڵ كوردە

---

[1] گەشتێك بۆ...، ل٢٣٦.

[2] محمد امین جاف: المصدر السابق، ص٥٧

[3] سعد سلمان المشهدانی(د): الدیعایة الصهیونیة في العراق خلال عقد العشرینات، مجلة المؤرخ العربی، اتحاد المؤرخین العرب، العدد(٥٨)،٢٠٠٠،ص١١٥.

(٤)سعد سلمان عبدالله المشهداني (أ.م.د) و جودت جلال كامل عبد اللطیف (م.د): الیهود في شمالي العراق دراسة تأریخیة، مجلة الدراسات التاریخیة والحضاریة مجلة علمیة محكمة، المجلد(٦)، العدد(١٨)، كانون الثاني،٢٠١٤، ص١٢٠.

[5] چاوپێكەوتنی عادل صدیق لەگەڵ (مەلاعەلی قادر ڕەحمان یارئەحمەد)، لەدایك بووی (١٩٤٠)ی هەڵەبجە، خوێندەوارو مەلای ئاینی، دەرچووی حوجرەكانی هەڵەبجە، شوێنی چاوپێكەوتن هەڵەبجە، بابەتی چاوپێكەوتن، مێژووی هەڵەبجە، ڕۆژی(هەینی)، ڕێكەوتی چاوپێكەوتن (١٩/ ٦ /٢٠٢٠).

[6] سەلاحی حەمەی زەینەب: هەندێك لە جوولەكەكانی خەڵكی ئەم شارەو شاری هەڵەبجە، گۆڤاری سلێمانی،ژ(٧٣)، ٢٠٠٦، ل٤٤.

[7] سعد سلمان عبدالله المشهداني و جودت جلال كامل عبد اللطیف: المصدر السابق، ص١١٢.

موسڵمانەکاندا بخوێنن. بۆیە وەك چۆن حوجرەکانی خوێندن لە مزگەوتەکاندا لەوسەردەمە سەرچاوەی خوێندن بوو (کنێش)ی جووەکانیش هەمان ڕۆڵی بۆ منالآنی جووهەبوو.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی لە ڕۆژنامەی پێشکەوتنەوە نیشاندراوە وێنەی پێکەوەیی خوێندنی منداڵی جووەکانی هەڵەبجە بووە، لەگەڵ منداڵانی ناوچەکە لە هەورامی و خەڵکانی گوند و خەڵکی ناو هەڵەبجە بەوەی لە قوتابخانەی ئەو کاتی هەڵەبجەدا و لە (١٩٢٠/٦/١٠)دا نوێکراوەتەوە[١]. هەروەها لە (١٩٣٨)دا لە کۆی (١٢٠) قوتابی قوتابخانەکانی هەڵەبجە (١٧) یان جوو بوون[٢]. کەچی لە ڕووسیای قەیسەریدا پێش ئەو قۆناغە منداڵی جووەکان ڕێگەیان نەدەدرا لەگەڵ منداڵی کریستیانەکاندا بەشداری خوێندن بکەن[٣].

شێخەکان بەلای جووەکانەوە، لایەنێکی ڕوو لێنراو بوون، ئەگەرچی خەڵکی دیاری ئایینی بوون، بەڵام بەهۆی توانست وقسە ڕۆشتوویی شێخەکان لە چارەسەرکردنی کێشەی نێوان کەسەکان و خێڵەکاندا وایکردبوو پێگەیان لە ئاستێکی بەرزدا بێت و ئەو پێگەیەش بۆ گرفتەکانی نێوان جووەکان و موسڵمانەکان بەکاردەهێنرا [٤]. لە خوێندنگەو حوجرەکانی کوردستاندا لەوانەش ناوچەی هەورامان و هەڵەبجە کە شێخەکان ئاراستەیان دەکرد، زۆرێك لە زانستە عەقڵی و نەقڵییەکان خوێندراون، لەوانەش گرنگی زۆر دراوە بە زانستی لۆژیك و کەلام و فەلسەفە، کاریگەری ئەوزانستانەش وایکردوە هەمیشە مەلای کورد ئاسۆی بیری فراوان بێت و مامەڵەیەکی نەرم لە فەرمانەکانی ئایندا بکات، بۆیە سروشتی ئاینداری لە وڵاتی کوردەواریدا دوور بووە لە پەڕگیری و لادان، بە تایبەتی لە ناو ڕیزی زانایان و پێشڕەوایانی ئایندا[٥]. کارکردن بەو جۆرە لەگەڵ پێکهاتە جوداکانی ناوچەکە، نیشاندەری تێگەشتوویی پیاوانی ئایینی کورد بووە لەم ناوچەیە بۆ ئەو دەقە قورئانیانەی کە بانگەشە بۆ پێکەوە ژیانی دوورلە توندوتیژی دەکەن، بەوەی کە ویستی خودا لە جیاوازی مرۆڤەکاندا بووە، ئەگەرنا خودا کە دروستکەری هەمووانە دەیتوانی دروستکراوەکانی لەسەر یەك ئاراستەی بیرکردنەوەی بیروباوەڕ دروستبکات، وەك ئەوەی لە ﴿سورەتی هود ئایەتی ١١٨﴾دا ڕوونی دەکاتەوە ئەگەر پەروەردگار بیویستایە، هەموو خەڵکی دەکرد بە یەك تاقم و کۆمەڵ، بەڵام بەردەوام ئەو خەڵکە جیاوازن لە نێ،ان یەکتردا لە ئایین و بەرنامە و بۆچوون دا[٦]. هەموو ئەم پەیام و ئاماژە ئاسمانییانە بۆ ئەوەیە دەروونی تاکی موسڵمان ئامادەبکرێت کە قەبوڵی ئەویتر بکات، بە جیاوازی بیرو ڕاکانییەوە تاوەکو لەگەڵێدا بە ئاشتی ژیان بەسەر بەرێت.

ئەوەندەی پێزانرابێت، نەبووە بەهۆی قسەی شێخەکانەوە هیچ یەکێك لە کەمایەتییەکانی ناوچەکە دووچاری ستەمکردن بووبێتنەوە، تەنانەت جووەکانی هەڵەبجە بۆ دروستکردنی (کەنیش)ی تایبەت بە پەرستشی خۆیان، لە لایەن شێخەکانەوە هاوکاری کراون، هەرچەندە ئەو هەوڵە جێگای نەیارێتی مەلاکانی سنورەکە بووە[٧].هەر ئەوەشە لە کاتی (دروستکردن)ی کەنیشەکەیان، جووەکان چوونەتە لای شێخ (حیسامەدین) بۆ هاوکاریکردنیان لە پێدانی داری (سورەچنار) بۆ ڕایەڵەی سەقفی

[١] ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژ(٧)، ١٩٢٠/٦/١٠.
[٢] سەلاحی حەمەی زەینەب: سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.
[٣] خسرو عبدالرحیم نجم: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥.
[٤] مۆردیخای زاکین: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩
[٥] ئاراس محمد صالح: مێژووی مزگەوت و ...، ل ١٦.
[٦] بورهان محەمەد ئەمین عەبدولکەریم: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٥.
[٧] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ محەمەدعەلی شێخ ئەحمەد شێخ محەممەد)، سەرچاوەی پێشوو.

کەنیشەکەیان لە باخی شێخ دەخوازن، شێخی ناوبراو لەبەرامبەر داواکارییەکی وادا، فەرمان بە موریدەکانی دەکات بڕۆن لەگەڵیان بۆ پێدانی هەرچەندی داریان دەوێ، پێیان بدەن، بۆیە بڕی (٤٠) داری باش و شیاو بۆ کارەکەیان لە شێخ وەردەگرن[١]. ئەم کارەی شێخ جێگای نەیارێتی هەندێك لەمەلاکانی سنورەکە بووە، دیارە لە چوارچێوەی بنەما شەرعییەکاندا لە ڕێگەی مامۆستا (مەلا ساڵەحی گەورە)ی[٢]. هەڵەبجەوە گللەیی خۆیان بۆ شێخ ناردووە، چونکە ناوبراو نێوەندگیری نێوان هەردوولا بووە، بەڵام وەڵامی شێخ بۆ ئەوکارە ئەوەیە کە ئەو داری بە مزگەوت داوە نەك بە کەنیشە، ئەم هەڵوێستەی شێخ وەك دووربینی شێخ لێکدەدرێتەوە بەوەی شێخ زانیوێتی لە ئایندەدا دەبێتە مزگەوت[٣]. ئەوەش شرۆڤەی جیاوازی بۆدەکرێت، هەرچی موسڵمانانی شوێن کەوتەی تەریقەتن ئەو دۆخە بە لێکدانەوەیەکی کەرامات ئاسای شێخ وێنا دەکەن، گوایا شێخ زانیویەتی لە دواجاردا ئەو شوێنە دەبێتە مزگەوت، بەڵام بە دیوێکیتردا دەکرێتە بەڵگەی بڕوا بوونی شێخ بە بنەماکانی پێکەوە ژیان و ڕێزگرتنی جودایی باوەڕ و بیرکردنەوەی ئایینی.

بەبڕوای ئێمە پێناچێت ئەو دارانە بۆ دروستکردنی (کنێش) بێت، بەڵکو ڕاستتر ئەوەیە بۆ نۆژەنکردنەوەبێت، چونکە مێژووی جووەکان لە شارەکەدا کۆنترە لە مێژووی تەمەنی شێخ (حیسامەدین) یان تەریقەتی نەقشبەندی لە ناوچەکەدا، ناکرێت لەو مێژووەی پێشتر (کنێش)یان نەبووبێت، پاشان پەنابردنی جووەکان بۆ شێخێکی تەریقەتی ئایینی موسڵمان بۆ پڕکردنەوەی پێویستی پەرستگایەکی یئاینی لە ناوچەیەکی موسڵماننشیندا، لەو بڕوایەوە بووە کە شێخ هاوکار و دەسباریان دەبێت، ئەگەرنا لە ناوچەکە خەڵکیتری زۆر هەبوون کە خاوەن باخ و باخات بن بۆ دابینرکردنی دار، یان جووەکان بەهۆی ئەوەی لە کاروباری بازرگانی و بازاردا چالاك و کارکەر بوون دەیان توانی بەپارە هەرچەند داریان دەویست پەیدای بکەن، بەڵام وەرگرتنی دار لە شێخێکی خاوەن پێگەی وا، لەو ڕۆژگارەدا هێزبەخشینێك بووە بە جووەکان تاوەکو سەربەستانەترلە ناو ناوەندێکی موسڵماننشینی کاریگەر بە تەریقەتی نەقشبەندی کاروباری ئایینی خۆیان بکەن، بۆیە ناسینی سروشتی ئەو شێخە و بڕوابوونی بە پێکەوەیی ژیان لەگەڵ پێکهاتە ناموسڵمانەکانی ناوچەکە ئەو بڕوایەی لای جووەکان دروستکردبوو سڵ لە کارێکی وا نەکەنەوە، دیارە ئەو هەڵوێستەی شێخیش پەیوەست بووە بە پەروەردەی ئیمانییەوە.

---

[١] سەلاحی حەمەی زەینەب: سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

[٢] مەلا ساڵحی گەورە ناوی ساڵەح عەبدولکەریمە لە ساڵی (١٩٠٤) لە گوندی هەناروێی بەرزنجە لەدایك بووە، لە (١٩٣٠) مۆڵەتی زانستی وەردەگرێت، و لە (١٩٤٨) وە لە شاری هەڵەبجەدا مزگەوت و حەجرەی ئاینی دەکاتەوە.لە (١٩٥٤)وە هاوسۆزی لەگەڵ ڕێکخراوی (اخوان موسلمين) پەیدادەکات و لە (١٩٦٠)وە یەکەم قوتابخانەی فەرمی ئاینی لەو شارە دەکاتەوە و خۆی بۆ ماوەی ٨ ساڵ دەبێتە بەڕێوبەری، یەکێکە لە ڕێبەرەکانی کایەی شەرعی و تەدریس و فەتوا لە دەڤەری هەڵەبجە و سلێمانی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، لەبەر لێهاتویی و ناودارییش نازناوی "گەورە" ی پێدراوە، بەشی زۆری مەلا ناودارەکانی کوردستانی رۆژهەڵات و باشوور یان ماوەیەك وانەیان لاخوێندوە، یان مۆڵەتی مەلایەتییان لەو وەرگرتووە یان جۆرێك لە پەیوەندییان لەگەڵیدا هەبووە، وەك مەلا محەمەدی رەبیعی، مەلاعوسمان عەبدولعەزیز، مەلاعەبدولعەزیزی پاڕەزانی، لە (١٩٩٠) لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دوایکرد. (بۆ زیاتر بڕوانە هەریەك لە// ئیدریس سیوەیلی: ڕەوتی ئیسلامی لە باشوری کوردستان ١٩٤٦-١٩٩١، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٤. ؛ مامۆستا مەلا ساڵەحی گەورە، سەردانیکردنی ٢٠٢٢/١١/٢ /https:/ /NRT.TV٤/videos ) .

[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ محەمەدعەلی شێخ ئەحمەد شێخ محەممەد)، سەرچاوەی پێشوو.

ئەم شێخانە هەوڵیان داوە بە کردار پێکهاتەکان لە ئیسلام تێبگەیەنن نەك بەگوفتار بانگیانکەن بۆ ئیسلام[(١)]، کاریگەرییە ڕۆحییەکانی ئەو شێخانە بە جۆرێك بووە، لە خەڵکی جووەکان موسڵمان بووە تەنانەت لێشیان بووەتە خەلیفەی شێخ (حیسامەدین)، ئەگەرچی بەداخەوە ناوەکەی نەزانراوە[(٢)]. ئەو جۆرە لە پەیوەندی و ڕاگرتنی دڵی کەمینە جووەکان لەلایەن شێخ (حیسامەدین)ەوە، وادەکات لە ساتی مردنی ئەو شێخەی تەریقەتدا جووەکانیش وەك موسڵمانان بۆی خەمباربن هەروەك لە پارچە هۆنراوەیەکی سەید (کازمی سەڵاوات ئابادی) دا هاتووە:

مەگەر تۆفانە یا حەشرە کە عالەم پڕ لە غەوغایە

هەموو ناڵینە، گریانە، جهان پڕشین و ناڵینم

موسڵمان و یەهود و ڕاهیب و تەرسا وهەموو مەخلوق

دەناڵێنن دەڵێن ڕۆیی عەلی سوڵتانی دەورانم [(٣)].

هەرچەندە ئەم هۆنراوەیە دەکرێت وەك هەستێکی شاعیرانە لێی بڕوانین، کە خاوەنەکەی لە ڕوانگەی خۆیەوە وێنایەکی گشتگیری بۆ مەرگی ئەو شێخەی تەریقەت کێشاوە، بەڵام دواجار شیعریش هەڵگری وێنەی قۆناغی خۆیەتی و دەکرێت وەك سەرچاوە سودیان لێببینین.

لە بابەتە پزیشکی و تەندروستییەکاندا جووەکانیش بڕوایان بە چارەسەری شێخەکان هەبووە، وەك چۆن موسڵمانان ڕوویان لە شێخ (عەلائەدین) دەکرد بۆ چارەسەری پزیشکی، جووەکانیش بەهەمان شێوە دەهاتنە خانەقا و داخوازی چارەسەرییان لەو شێخە دەکرد [(٤)]. وەنەبێت بابەتی چارەسەری یەك سەرە بووبێت و تەنها جووەکان ڕوویان لە شێخەکانی هەورامان نابێت، بەڵکوو بنەماڵەی ئیسحاقییەکان کە جوو بوون و لە شاری (سنە) کە بە پزیشکی و پیشەی حەکیمی بەناو بانگ بوون، دکتۆر (ئیسحاق کەلیمی) پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ شێخانی هەورامان هەبووە، سەرەتای ئەو پەیوەندییانەش بۆ سەردەمی شێخ (عومەر زیائەدین) دەگەڕێتەوە، لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی شێخ بە (دیوان بەگی) فەرمانڕەوای قاجار، بەفەرمانی دیوان بەگی ئەو دکتۆرە جووە ڕادەسپێرێت تاوەکو پێویستییە پزیشکییەکانی ئەو شێخە و موریدانی لەهەرکاتێکدا پێویستیان بوو بەجێبهێنێت، جیاوازی بیروبڕوای ئایینی ئەو دکتۆرە، بەلای شێخ (عومەر)ەوە نەبووە گرفتێك و پەیوەندییەکان دروستبوون، بەجۆرێك ئەو پەیوەندییانە لەگەڵ بنەماڵەی ناوبراو بەردەوام بوون تاوەکو قۆناغەکانی دوایی وسەردەمی شێخ (عوسمانی دووەم) لەکاتی نەخۆشکەوتنیدا سەردانی کردوون وسودی لە چارەسەرییەکانیان وەرگرتووە، ئەوەی ئەو پەیوەندییانەی باسکردووە، شێخ (عوسمان سیراجەدینی دووەم)ە گوایە لەکاتی چارەسەری و لەوەختی بانگەکاندا لەلایەن ئەو پزیشکە جووە (ئیبراهیم کەلیمی) ویردە ئیسلامییەکان خوێنراوە، بەوتەی ئەو شێخە ئەو ویردانەی دکتۆر (ئیبراهیم) لە باوکیانەوە بۆی ماوەتەوە ئەویش لە شێخ (عومەر)ەوە وەریگرتووە، دواجار ئەوەی زانرابێت لەو

---

(١) هەمان سەرچاوە.

(٢) بڕوانە // پاشکۆی ژمارە( ١٧) وێنەی شێخ حیسامەدین و ئەو جووەی کە بوەتە موسڵمان و خەلیفەی شێخی ناوبراو

(٣) سامی دهقانی: منبع قبلی، ج١، ص٢٥٨.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ ثابت شێخ عەلائەدین) سەرچاوەی پێشوو.

بنەماڵەیە هەردوو حەکیم (ئیسحاق و ئیبراهیم) بەهۆی کاریگەری ئەو شێخانەشەوە ئاینیان گۆڕیوە و بوونەتە موسڵمان[١].

(کەنیش)ی تایبەت بە جووەکان، کە بە ئازادیی پەرستش و وانەی خۆیان تێدا خوێندووە لە پاش کۆچکردنیان بۆ ئیسرائیل بەناوی (شەمسە خانمی ئەنوەر بەگی جاف) تاپۆکرا، پاش ساڵی (١٩٥٤) لەلایەن مەلا (عومەر کوڕی شێخ عەبدولعەزیز)ی پریسەوە بەبڕی (٥٥) دینار دەکڕدرێت و پاشان دەکرێتە بە مزگەوت بە ناوی مزگەوتی (ئەحمەدی)[٢]. خوێندنی ناو (کنێش) وئاهەنگ وبۆنە ئاینیەکانیان بابەتی فێرکاری بوون بۆ نەوەکانیان، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە خۆیان بە ڕابووردوویانەوە ببەستنەوە، بە جۆرێك هەموو ئێوارەیەکی هەینی کە دەکاتە شەوی شەممە باوك لەگەڵ خێزانەکەی و دەست و پێوەندەکانیان کۆدەبوونەوە و پیرۆزبایی هاتنی ڕۆژی شەممەی لێدەکردن، پێکەوە نزایان دەکرد سروتی ئاینیان دەخوێند[٣]. هەندێك جار فەقێی سەرەڕۆ هەبوو بە مەبەستی هەوڵدان بۆزانینی پەرستشی جووەکان لە (کنێش)ی جووەکان نزیك دەبوونەوە، بەڵام ڕێگرییان لێدەکردن و بەوهۆیەشەوە هەندێك جار دەمەقاڵێ دروست دەبوو، جووەکان سکاڵا و شکاتی خۆیان دەبردە لای مامۆستا مەلا (ڕەسوڵ)ی مزگەوتی جامیعە و ئەو مامۆستایەش دژی ئەو هەوڵانەی فەقێکان بوو ئامۆژگاری دەکردن بۆ دووبارە نەکردنەوەی ئەو کارە[٤]. چونکە چ نزگەوتی جامیعە و چ مەلا (ڕەسوڵ) لە ژێر هەژموون و کاریگەری شێخەکاندا بوون.

لەکاتی گەڕانەوەی جووەکان بۆ ئیسرائیل و بەهۆی ئەو پەیوەندییە بەهێز و مێژووییەی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەدا هەیانبوو، وایکردبوو خەڵکی بەو پەڕی سۆزەوە بۆیان نیگەران بن، وەك ڕێزێکیش بۆ بەڕێکردنیان تاوەکو دەروازەکانی شار لەگەڵیانچوون، جووەکانیش ئەو گەڕانەوەیان بەهیچ جۆرێك پێ خۆش نەبوو[٥]. چونکە ئەو پەروەردە سۆفیزمەی کە کاریگەری لەسەرناوچەکە و پەروەردەی خەڵکی هەبووە، بەڕادەیەك دۆخی ئاینداری ناوچەکە لەو سەردەمەدا لەژێر هەژموونی شێخانی تەریقەتدا ئاراستەکراوە، هیچ کات جووەکان لە چوارچێوەیەکی فەرمیدا بەهۆی ئەو پەروەردەوە، هەستییان بە ستەملێکراوی نەکردووە. چونکە ئەو شێخانە لە مانای ئیسلام وەك ئاین گەشتبوون، خاڵی بوون لە سیاسەتکردن بە دینەوە، چونکە ئەگەر دین بۆ مەرامی سیاسی بەکار نەهێنرێت هیچ کات موسڵمانێك دەست بۆ کوشتن و ڕقلێبوونەوەی جوویەك یان هەر پێکهاتەیەکیتر نابات[٦]. ئەو جۆرە بیرکردنەوە لەو ڕۆژگارەدا هەژموونی بەسەر بیرکردنەوەی ئایینی ناوەندە ئاینییەکانیشەوە هەبوو، مامۆستا (عەلائەدین سەجادی) وەک ڕۆشنبیرێکی ڕۆژگاری خۆی و شارەزایەکی ئایینی لە ڕشتەی مرواریيدا وێنەی ئەو ڕۆژگارە دەخاتە ڕوو، کە لە شوێنێکی وەک سلێمانیدا کەسێکی وەک شێخ (بابا عەلی تەکێی) هەموو عەسرانێک لەسەر سەکۆی مزگەوتەکەی پێشوازی لە قەشەی مەسیحی گەڕەکی گاوران وحاخامی جوولەکەی گەڕەکی جوولەکەکان دەکرد و بۆ خۆیان گفتوگۆیان لەسەر کاروباری دین و دونیا دەکرد، هیچ کەسیش گومانی ئەوەی نەبووە، کە ئەمیان چووبێتە سەر دینی

---

[١] الشیخ محمد عوثمان سراج الدین: المصدرالسابق، ص٨٢،٩٢.
[٢] محمد امین جاف: المصدرالسابق، ص٥٦
[٣] حەمەکەریم هەورامی: مێژوی پەروەردە و ...، ل ١٣٩.
[٤] چاوپێکەوتنی عادل صدیق عەلی لەگەڵ(حاجی حەمە تۆفیق دەروێش ئەبوبەکر مارف فەتاح)، لەدایك بووی (١٩٣٢)ی هەڵەبجە، شوێنی چاوپێکەوتن هەڵەبجەی شەهید، بابەتی چاوپێکەوتن مێژووی هەڵەبجە، ڕۆژی(دووشەممە)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن (٢٠٢٠/٦/٢٩)، کاتی چاوپێکەوتن( ٩:٣١).
[٥] بەکرحەمە صدیق عارف: سەرچاوەی پێشوو ١٩٩٧، ل ٢٧.
[٦] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەبدودائیم هەورامانی)، سەرچاوەی پێشوو.

ئەوی تریان[١]. جۆرێتی وباشی پەیوەندییەکان وای کردووە نووسەرێکی جوو بڕوای وابێت، جووەکان لە ناو ئەندامانی خێڵە کوردییەکاندا خاوەن ڕێزی خۆیان بوون بەوەی کە دڵسۆز و باوەڕ پێکراوبوون، سادەیی جووەکان و ئەو مێژووە درێژخایەنەی گوێڕایەڵی و پێکەوەیی ئەوان وای لە کوردەکان کردبوو متمانەیان بەو پەیوەندییانە هەبێت کە لەگەڵ جووەکاندا هەیان بوو[٢].

شێخەکانی تەریقەت لە پەیوەندییان بەو پێکهاتە ئاینیەوە کاریگەرییان لەسەر خەڵکی بۆ چۆنییەتی ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییانە، پشت بەست بە بنەمائیسلامییەکان بوون، لەوەی ڕێنموونی (هیدایة) لە پێشترە نەك دوژمنایەتی وناکۆکی وکوشتن، بەو جۆرەش توانییویان کاریگەری خۆیان لەسەر دۆخەکە دابنێن، بۆیە نابینین لە ناوچەی باڵادەستی شێخەکانی نەقشبەندی لە هەورامان و هەڵەبجە جوویەك بەهۆی جوودایی ئاینییەوە دووچاری کوشتن و ستەملێکردن بووبێتەوە، ئەوەش لەو تێگەشتنەی ئیمامی (غەزالیی) وەك سیمبوڵی گەورەی سۆفیزمەوە هاتووە کە بە شیاونەزانراوە پەنا بۆ کوشتنی پێکهاتەی ناموسڵمان ببرێت لەسایەی موسڵماناندا، بەڵکو هەوڵی ڕێنوێنیکردنی لە پێشترە، بە تایبەتی ئەوانەش ئەهلی ئاشتی و بێگرفت بوون لە ناوچەکە[٣]. نموونەی ئەو پەروەردە ئاینییەشە وادەکات لەسەردەمی شێخ (عەلائەدین) لە ناو خانەقای (بیارە)دا ڕێگە بە مانەوەی جوویەك بدرێت تاوەکو ئەو کاتەی خۆی خانەقاکە بەجێدێڵێت[٤]. تەنانەت ئەو شێخە لەکاتی گەڕانەوەی جووەکان بۆ ئیسرائیل لە (١٩٤٨)دا داوای لە خەڵکی سنورەکە کردبوو، ئەو موڵك و ماڵانەی کە جووەکان دەیانفرۆشت، بەنرخی ڕۆژ لێیان وەربگرنەوەو ستەمیان لێنەکەن، چونکە جووەکان ڕێگەیان نەدەدرا ئەو کەلوپەلانە لەگەڵ خۆیان بەرنەدەرەوە[٥].

جیاواز لەهەموو ناوچەکانی وڵاتانی عەرەبی و لە پاش دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل لە (١٩٤٨) لە کوردستاندا مەیلێکی ئەوتۆ نەبوو بۆ تێکدانی ئەو پەیوەندییانە لەگەڵ جووەکاندا کە بۆ ماوەیەکی زۆری مێژوویی پێکەوە ژیا بوون[٦]. لە کۆتا پرۆسەی گەڕانەوەی جووەکاندا لەعێراق کە لە پاش (١٩٤٨) دەستپێکردبوو بۆ ئیسرائیل بەگشتی نزیکەی (١٢٥،٠٠٠) جوو بوو[٧]. لەو ژمارەیەش نزیکەی (٢٠) هەزاریان لە کوردستانەوە بوو[٨]. جووەکانی کوردستان لە ڕووی ئاخاوتنی گشتیەوە لە بازاڕو لەگەڵ خەڵکی ئاسایی زمانی کوردییان بەکارهێناوە، بەڵام لە گفتوگۆ تایبەتەکاندا لە جووەکانیتری عێراق جیاواز بوون، زمانی (سریانی)یان بەکارهێناوە، لە کاتێکدا جووەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق زمانی (عیبری)یان بەکاردەهێنا[٩]. ئەم دەستگرتنە بەزمانی سریانی وەك لقێك لە زمانی ئارامیی، لای جووەکانی کوردستان و هەڵەبجە بەردەوام بووە تەنانەت بۆ پاش ڕۆشتنەوەشیان بۆ ئیسرائیل، چونکە ئەو زمانە زمانی هاوبەشی پەیوەندیکردن بووە لە نێوان گەلانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستدا[١٠]. ئەو دەستگرتنەی جووەکان بە زمانی ئارامییەوە لە

---

[١] عەلائەدین سەجادی: ڕشتەی مرواری، ب٦، بەبێ ناوی چاپخانەو شوێنی چاپ، ١٩٧٨، ل٨٢٤،٨٢٣ p.d.f.
[٢] مۆردیخای زاکین: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٠،٢٠٣.
[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ محەمەدعەلی شێخ ئەحمەد شێخ محەممەد)، سەرچاوەی پێشوو.
[٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ موحسین شێخ خالید موفتی(ئەحسەن)، سەرچاوی پێشوو.
[٥] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا حەسەن مەحمود حەمەکەریم)، سەرچاوەی پێشوو.
[٦] مۆردیخای زاکین: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢.
[٧] فرست مرعی: المصدرالسابق، ص١٧.
[٨] سعد سلوم: الاقليات فى العراق الذاكرة، الهوية التحديات، ط١، مؤسسة مسارات للتنمية الثقافية والاعلامية، بغداد،٢٠١٣، ص٧٠.
[٩] سعد سلمان عبدالله المشهداني و جودت جلال كامل عبد اللطيف: المصدر السابق، ص١٢٢،١١٠.
[١٠] یارۆسلاڤ کراچی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٢. ؛ میهرداد ئیزەدی: ئاین و تایفە ....، ل٨٩.

ڕوانگەی خۆجیاکردنەوە بوو، چونکە زمان یەکێکە لەو فاکتەرە بنەڕەتییانەی گروپێکی پێ دەستنیشان دەکرێت بۆ جیاکردنەوە لەهەر گروپێکیتر[١]. هەروەها جیاوازییەکیتری نێوان ئەو دوولایەنە لەوەدایە جووەکانی کوردستان بەراورد بە جووەکانی بەشەکانیتری عێراق لەو ساڵانەی دوایدا تێکەڵ بە بیری شیوعی نەبوون، هۆکاری ئەمەش پێکاتەی کۆمەڵایەتی جووەکانی کوردستانە کە زیاتر پێکهاتەیەکی لادێیان هەبووە و تێکەڵ بە چالاکی سیاسی نەبوون[٢]. بەڵام ئەم بۆچوونە بەو ڕەهاییەش نییە، بەڵکو لە چالاکیە سیاسیەکانی پارت و ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە، بەتایبەتی پارتی شیوعی کە جووەکان بەزۆری ئەندام بوون لەو پارتەیا، بەشداری خۆپیشاندانەکانی هەڵەبجەیان کردووە، یەکێك لەو کەسایەتییانەی کەچالاکی خۆپیشاندانەکان بوو (باروخ دانیاڵ) بوو، لە دروشمەکانیدا دەیگوت (بژی برایەتی فەقێ و جولەکە) دواتر مەلاکان ڕەخنەیان لێگرت و گوتیان، ڕاستە ئێمە خەڵکی شارێکین و ڕێزی یەکتر ئەگرین، بەڵام نابین بەبرا، ئەوان جوو و ئێمە موسڵمانین[٣]. شێخەکانی هەورامان لە دۆخێکدا درووست بوون توانیویانە خزمەتێکی گەورە بە پەروەردەی گیان بکەن بەجۆرێك مایەی ئەوەبووە ناوچەکە لە ئارامییەکی باش و کەم وێنەدا بژی لەگەڵ بوونی پێکهاتی جیاوازیش، چونکە بنەمای بیروبڕوای ئەمانە پێکەوەبیە نەك دژایەتیکردن، تەنانەت لەگەڵ ئەوانەشی کە دژایەتییان کردوون. هەرچەندە شێخەکان دژ بە جووەکان نەبوون و نەشبیستراوە هیچ کات خەڵکیان بۆ دژایەتی ئەوان هاندابێت، تێکەڵاوییەکی باش هەبوو، بەڵام لە ناو جووەکانیشدا خەڵکی شوعی هەبوون و شوعییەکانیش دژی هەموان بوون، لەوانەش شێخەکان[٤]. چونکە بەپێی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیی ئەو ئاین و ئاراستەئاینییەکان سەرچاوەی دواکەوتوویی کۆمەڵگان. بۆیە لە چوارچێوەی دژایەتییان بۆ دەرەبەگ و سیستمی دەرەبەگایەتی شێخەکانیشیان بەو چاوە دەبینی.

---

(١) خسرۆ عبدالرحيم نجم: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٤.

(٢) سعد سلمان عبدالله المشهداني و جودت جلال كامل عبد اللطيف: المصدر السابق، ص١٢٢.

(٣) عادل صديق عەلی: هەڵەبجە لە بیرەوەری ع.ع شەونمدا، ل.١٢٣

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا محەممەد عەلائەدین محەممەد حسین)، سەرچاوەی پێشوو

**باسی دووەم: شێخەکان و پەیوەندییان لەگەڵ کاکەییەکان.**

**تەوەری یەکەم:  کاکەییەکان:-**

**أ: پێشینەیەکی مێژوویی لەسەر پێکهاتەی کاکەیی لە هەورامان و هەڵەبجە.**
**١/مێژووی دەرکەوتنی کاکەییەکان:-**

لە ناو پێکهاتە ئاینییەکانی کوردستاندا کاکەییەکان پێکهێنەرێکی دیارن، ئەم پێکهاتە ئاینییە بە سروشت و تایبەتمەندێتی ئایینی خۆیان، کە جودان لە ئاینەکانیتر لە چەند ناوچەیەکی کوردستاندا دەژین. بەگشتی کاکەییەکان یەکێکن لەو گروپە ئاینیانەی کە بە تایفە یەزدانیەکان ناسراون، هەریەك لە ئاینەکانی (ئێزدیی- عەلەویی- یارسان) دەگرێتەوە[١]. دیاریکردنی مێژووی سەرهەڵدانی ئایینی کاکەیی ئاسان نییە، چونکە وەك دەردەکەوێت ئەم ئایینە بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیووە، پاشان پەرەی سەندووە و شێوەی ئێستای وەرگرتووە، بەگشتی هەریەك لەو قۆناغانەش خەسڵەتی تایبەت بەخۆیان هەبووە، بەڕوونی ناتوانرێت خاڵ لەسەر بڕگەیەکی مێژوویی دابنرێت و بە ڕەهاییانە بکرێتە سەرەتاو دەستپێکی ئەم ئاینە. بەجۆرێك بۆچوونی زۆر و لێکجوودا  بۆ سەرەتای ئەم ئاینە هەن، کە دووری نێوانیان زۆر و جیاوازە، ڕەنگە کۆنترین مێژوو کە کاکەییەکان و ئاینەکەیانی بۆ ببرێتەوە ئەو ڕایەی نووسەری کاکەیی (نورعەلی ئیلاهی) بێت، کە پێی وایە ئاین و بیروباوەڕی کاکەیی سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش درووستبوونی ژیانی ماددی و پەیوەستە بە پەیمانی (أَلَسْتُ)[٢]. ئەو پەیمانەی کە خودا لە جیهانی ڕۆحدا و بەڵێنی خواوەندێتی خۆی لە بەندەکانی وەرگرتووە. [٣]

بەڵام بۆچونێکیتریش هەیە لەگەڵ ئەوەی ئەمانە بە بەشێك لە عەلی ئیلاهی دادەنێت، پێی وایە پاشماوەی بیروباوەڕەکانی کۆنەکانی  وڵاتی دوو ڕووباڕ و دەوروبەرێتی[٤]. لەکاتێکدا هەندێکیتر لە کاکەییەکان بنچینەی ئاینەکەیان دەبنەوە بۆ ئایینی (میترایی) و لەو بڕوایەدان ئاینەکەیان مێژوویەکی کۆنی چەند هەزار ساڵەی هەیە[٥]. ئەوەش هەر بۆچوونی ئەوان نییە، بەڵکو هەندێك لە مێژوونووسانیش ئەم ئاینە بەیەکێك لە کۆنترین ئاینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەزانن و پەیوەستی دەکەنەوە بە ڕیشەی ئایینی (میترایی) و دەیگێڕنەوە بۆ مێژووەیەکی (٥٠٠٠) ساڵی[٦]. بۆ هەر ئاینێك سەرەتا و دەستپێکێك هەیە، بە باوەڕی مامۆستا (محەممەد جەمیل ڕۆژبەیانی) کاکەیی ئاینێکی کۆنی کوردییە، لە وشەی (دێویەسنا) واتە پەرستیارانی (داود) کە لەناوی (دیاوس)ەوە هاتووە، ئەم ناوەش لە دەربڕینیا جۆرێك لە جیاوازی تیادا دروستبووە، بەجۆرێك لای ئێزدییان بووە بە (مەلەك تاووس) و لای کاکەییەکانیش بووە بە (داود)[٧]. کە پیاو چاکێکی کاکەییەکانە، بەبڕوای ئەوان بەرجەستە بوونی خودایی تێیدا ڕوویداوە، بۆیە لە پێشترە لە (محەممەد) پێغەمبەری ئیسلام[٨]. ئەگەرچی مەبەست لە ناوی (داود) یەکێك لە پێشینە چاکەکارەکانی کاکەییەکانە، بەڵام بۆ ئەم بۆچوونەی

---

[١] میهرداد ئیزەدی: ئاین و تایفە ....، ل٢٠.
[٢] برهان الحق، چ٨، انتشارات جیحون، تهران، ١٣٧٣، ص١٧.
[٣] الاعراف، الایة ١٧٢.
[٤] ب.لیرخ: دراسات حول الاكراد واسلافهم الخالديين الشماليين، ت.عبدی حاجی، ط١، منشورات مكتبة خانی، حلب، ١٩٩٤، ص٤٠.
[٥] شیرین احمد و انور صباح: الطائفة الكاكائیة فی العراق بین المعتقد والتصوف، ٢٠٢١/٨/٢٢ https://www.youtube.com/watch?v ، سەردانیکردنی ٢٠٢٢/١٠/٢٥.
[٦] أدەم بیدار: المصدر السابق، ص ٢٨.
[٧] ڕەشاد میران: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٩.
[٨] عباس العزاوی: الكاكائیة فی التأریخ، شركة التجارة والطباعة محدودة، بغداد، ١٩٤٩، ص٦٢.

(ڕۆژبەیانی) لینك ونزیكایەتی مێژوویی لەناو كاكەییەكانی گوندی (هاوار)دا هەیە، بەوەی هەندێكیان بڕوایان وایە كە پێغەمبەری ئەوان (داود)ەو پەڕاوەكەشیان (زەبوور)ە [1]. چونكە تا ئێستاش لە هەندێك سوێند خواردنی پەیڕەوكارانی ئەو ئاینە بەتایبەتی ئەو بەشەی كە بە (قەڵخانی) ناودەبرێن بە (داود) سوێند دەخۆن. لە ئایینی كاكەییدا (مەلەك تاووس) بەو ناوەوە بوونی نییە، بەڵكو ئەوەی هەیە (بنیامین)ە كە ڕۆڵ و پێگەی لە (مەلەك ووس) گەورەترە، بەچەشنێك بەرجەستەبوونی خودایی تێیدا ڕوویداوە[2]. بە پێی هەندێك لێكدانەوە دەركەوتنی ئەم جۆرە لە بیروباوەڕی ئایینی (كاكەیی) لە (سەدەی١١ز) دا بووە[3]. بەڵام لە بڕوای (د.جەمال نەبەز)دا (باڵولی دانا ماهی-مادی)[4] لە (سەدەی ٨ز) دایمەزراندووە[5]. بەوەش ساڵی (٧٨٦ز) دەكەنە دەستپێكی دروستبوونی [6]. لایەنگرانی ئەم بۆچوونە زیاتری لەسەر دەڕۆن و پێیان وایە ئاینەكە لە ماوەی (سەدەكانی٨،١٤،١٣ز)دا بە شێوازێكی نهێنی لە سینەی دامەزرێنەرە كەیدا (باڵوڵ) و یارانی بڕوادارێدا ماوەتەوە[7]. بەڵام ئەم بۆچوونە لە ڕووی مێژووییەوە دژیەكی تێدایە، چونكە (باڵوڵ) وەك ئەوەی باسدەكرێت قوتابی ئیمام (جەعفەری سادق) بووە ئەو كەسایەتیەش لە (٧٠٢ز) لەدایك بووە و لە (٧٦٥ز) كۆچی دواییكردووە، بۆیە ئەگەر (وهب بن عمر/باڵوڵ) لە ناوەڕاستی (سەدەی ٨ز) لەدایك بووبێت، دووسال پاش كۆچكردنی مامۆستاكەی لەدایك بووە، ئەوەش پێچەوانەی ژیری و لۆژیكە[8].

ئەمانە وەك نوسراو و ئاماژەی مێژوویی هەن، بەڵام بەڵگەی سەلمێنەری زانستی مێژووییان لەگەڵدا نییە، بەچەشنێكی یەكلاكەرەوە بیسەلمێنن ئەم ئاینە لەو قۆناغەدا دروستبووە، چونكە ئەو بەڵگە وێژەییانەی لە هۆنراوەكانەوە وەردەگیرێن بۆخۆیان ڕوون نین كە هی (باڵولی دانا) بن یان نا، بەهۆی ئەوەی پانتایی بەڵگەكان تەنها لای باوەڕدارانی ئەم ئاینە هەن و لە هیچ جێگایەكیتری نوسینی مێژوووییدا ئاماژە بەوەها بەڵگەیەك نەكراوە، جگە لەوەی بەڵگەكان یەكلایەنە و زارەكین، خاڵێكیتری لاواز لەم بۆچونانەدا هیچ بەڵگەیەكیتر بەردەست نییە جەخت لەوە بكاتەوە كە (باڵوڵ) بۆخۆی پەیڕەوكاری ئایینی كاكەیی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا مێژووی نوسین و وێژەی كوردیی مێژوویەكی

---

(1) هادی بەهمەنی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٦.

(2) پەیوەندی تەلەفۆنی عەبدوڕەقیب یوسف لەگەڵ (كۆساری ئەمیرخان نوسەرو كەسایەتی كاكەیی لە گوندی هاوار)، ٢٠١٥/٤/٢.وەرگیراوە لە پەیجی عەبدوڕەقیب یوسف.

(3) تۆمابوا: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦.

(4) بۆ ناساندنی ئەم كەسایەتییە بۆچوونەكان زۆر و لێكجودان، ناوی (عەمری كوڕی وەهب)ە و نازناوی باڵولە، شاعیرێكی كوردی لەدایك بووی لوڕستانە، زانا و خواناسێكی سۆفیگەر بووە، بە دامەزرێنەری ئاینی یاسان دادەنرێت، كۆششی بۆ زیندووكردنەوەی ئاینی زەردەشتی كردووە، بۆ بڵاوكردنەوەی ڕێبازەكەی چووەتە بەغدا، بووەتە قوتابی جەعفەری سادق، پاش گەڕانەوەی بۆ ناوچەكە لە كرماشان و لە نزیك شاخی (تەنگە گۆڵ) كۆچی دوایی دەكات، بەڵام لە سەرچاوە عەرەبییەكاندا ناساندنی جودایەناوی (ئەبو وەهەبی كوڕی عەمری كوڕی سەیرەفی هاشمی كوفي) یە، لە كوفە لەدایك بووە، بەڵام ساڵی لەدایك بوونی نەزانراوە، مردنەكەی لە نێوان ساڵانی (٨٠٧- ٨١٢ز)دیاریكراوە، گۆڕەكەی لە گۆڕستانی كەرخە لەبەغدا و شوێنی دیارییە، شیعەكان بە زانا و زاهیدێكی خۆیانی دەبینن. ( بڕوانە هەریەك لە// سدیق بۆرەكەیی: مێژووی وێژەیی كوردی،ب١، تەبرێز، ١٩٩١، ل٤٧ . ؛ بطرس البستاني: دائرة المعارف، مجلد٥، مطبعة المعارف، بيروت، ١٨٨١م، ص٦٤٤ . ؛ شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد بن عثمان بن قَايْماز الذهبي (المتوفى٧٤٨هـ): سير اعلام النبلاء، مؤسسة الرسالة، الجزء ٢٠، ط٣، ١٩٨٥، ص٤٣٩).

(5) فەلسەفەو ڕامانی یارسانی لە فەرهەنگ و كۆمەڵگەی كوردەواریدا ، هەولێر، ٢٠٠٩ ، ل٣٤.

(6) هادی بەهمەنی: سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١٤.

(7) صدیق صفی زاده (بۆركەئی): دوره هفتوانه، انتشارات كتابخانه طهوری، تهران، ١٩٨٢، ص٢٥.

(8) ئەحمەد حەمەئەمین(ڕەنجبار): تێڕوانینێك بۆ زەردەشتی، یەزیدی، كاكەیی، چ١، چ.چوارچرا، سلێمانی،٢٠١٥، ل٨٥،٨٦.

زۆر کۆن نییە و ناشتوانرێت بەهۆی گۆڕانکارییە زمانەوانییەکانەوە مێژووی دروستی ئەو هۆنراوانە دیاری بکرێن، ئەوەش لایەنێکیتری لاوازی بۆچوونەکە نیشاندەدات[1]. بەپێی ئاماژە مێژوویییەکانی ناوچەی لوڕستان دامەزرێنەری ئەم بیروباوەڕە ئایینییە (شاخوشین)ە[2] لە بۆچوونێکیتردا ناو بردنی ئەم ئاینە بە کاکەیی دەگەڕێنرێتەوە بۆسەردەمی مەغۆل و (سەدەی١٣ز)، چونکە بەر لەو سەدەیە بەڵگەیەکی نوسراوی بەردەستمان نییە، ئاماژە بێت بە ناوی کاکەیی[3]. ئەم ئاینە دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی لەسەرەتادا دەگەڕێتەوە بۆ ناوچە کوردنشینەکانی لوڕستان، لە هەرێمی شاخەکانی (قرمەسین)[4] لە (سەدەی١١ز)[5]. پاش ئەو قۆناغە کەوتە بڵاوبوونەوە و گواستنەوەی بۆ ناوچەکانی شارەزوور وئازربایجان ودواتر هەورامان، بوویە ناوەندی سەرەکی ئاینەکە، ئەوەی لە توێژینەوەکانەوە بەردەست کەوتووە ئەم بیروباوەڕە ئاینێکی پەنهانە، باوەڕ وایە لەلایەن پیاوچاکێکەوە بەناوی سوڵتان(ئیسحاق/ سەهاك)ەوە[6] دامەزرا[7]. کە برای (حەمزە خەرات) بووە[8] لە نەوەی ئیمام (جەعفەری سادق)ن[9] بۆیە وەك دامەزرێنەری ڕاستەقینەی ئەم ئاینزا پەنهانە ناوی (سەید ئیسحاق) کە کوڕی شێخ عیسای بەرزنجییە هاتووە[10]. نووسەر لەم نووسینەیدا لەبری ناوهێنانی بە ئاین ناوی ئاینزای بۆ کاکەیی بەکارهێناوە.

---

(1) جوتیارنەریمان حسێن: مێژوو و بیروباوەری ئایینی کاکەیی (یارسان)، ٢٠١٧/١٢/٣٠، History Of Kurdistan سەردانیکردنی، ٢٠٢٢/٥/١٦.

(2) مجموعة من الباحثين: دائرة المعارف الاسلامية، ج٣، ت.احمد الشنتناوي و ابراهيم زكي خورشيد وعبدالحميد يونس،دارالمعارف بيروت، بدونه سنة الطبع، ص١٠٢.

(3) عباس العزاوي: الكاكائية في التأريخ، شركة التجارة والطباعة محدودة، بغداد، ١٩٤٩، ص٥.

(4) لە دوای هاتنی ئاینی ئیسلام عەرەبەکان ناوی کرماشانیان گۆڕی بۆ (قەرمەسین) و لە قۆناغەکانی دواتردا بوو بە کرماشان، لە سەردەمی سەلجوقییەکان و لە سەدەی یازدەهەمدا کرماشان وەک شاری سەرەکی کوردستان هەڵبژێردرا. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا شاری کرماشان یان قەرمەسین بە یەکێک لە چوار ناوچەی عێراق ناسراوە. لەو سەردەمەدا زۆرجار هەرێمی شاخەکان بە عێراق عەجەم ناودەبرا، بۆ ئەوەی لەگەڵ عێراقی عەرەبیدا تێکەڵ نەکرێت، کە بە نزیکەیی هاوتای ناوچەی میدیای کۆن بوو. (بۆزیاتر بڕوانە// کرمانشاه، http://exb.pnu.ac.ir/portal/home/ سەردانیکردنی ٢٠٢٢/٦/١٤).

(5) احمد تاج الدين: الاكراد تاريخ شعب وقضية وطن، دارالثقافة للنشر، القاهرة، ٢٠٠١م، ص٧١.

(6) کوڕی شێخ عیسای بەرزنجییە، دایکی ناوی دایرەك خان کچی حسێن بەگی جاف بووە، پاش خوێندن و حەجکردنی ماڵی خودا دەگەڕێتەوە بۆ بەرزنجە و دواتر دەچێتە گوندی شێخانی هەورامان، ئەم کەسایەتییە لەسەردەمی خۆیدا کەراماتی زۆر بووە، بەڵام هەندێك لە مەنسوبە نەزان و نەفامەکانی گەلێ خورافات و شتی پڕوپوچ و بیروباوەڕی ناڕەوا و نادروستییان خستەسەر ڕێباز و یاساو تەریقەتەکەی، کە ئەو زۆر لەو شتانە دوور بووە و پیاو چاك و موسڵمانی ڕاست بووە. باس و خواسی (سوڵتانی ئیسحاق) لە نووسراوەکانی کاکییدا جودایی زۆری تێداهەیە، بەجۆرێك هەندێك بە داهێنەر و هەندێکیتریش بە ڕێکخەری ئەو ئاینەی دەزانن، نەك هەرئەوەندە، بەڵکو لە ڕێکەوتەکانی لەدایك بوون و مردنیشی جیاوازییەکان زۆر و دوور لەیەکن. بە بڕوای کاکییەکان سوڵتان (ئیسحاق) مرۆیەکی ئاسایی نییە و بەرجەستەکارێکی بەرزی ڕۆحی گەردوونە، بۆماوەی ژیانی لەو بڕوایەدان ئەو سەدان ساڵ ژیاوە و هێز و توانای سەیر و سەمەرەی هەبووە، تا ئێستاش بەشێوەی ڕۆحێکی شاخاوی لە ئەشکەوتەکانی لوتکە بەرزەکانی شاخەکانی ناوچەکەدا دەژی. (بڕوانە هەریەك لە // مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس: بنەماڵەی زانیاران، ل٢١٠. ؛ ئەیوب ڕۆستەم: یارسان ...، ل ٢٤. ؛ هادی بەهمەنی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٤ ؛ محەمەد ئەمین هەورامانی: مێژووی هەورامان، ب٢، ل ٥٦٠،٥٦١).

(7) طارق محمد عبدالرحيم: المستشرق فلاديمير ف.ميتورسكي و كتاباته عن الكرد في العصر الاسلامي حتى نشوء الخلافة العثمانية، ط١، مطبعة وزراة التربية، اربيل، ٢٠٠١، ص.١٠.

(8) بەواتای دارتاشی و دارساف و لوسکردن بە ئامرازی تایبەت دێت. (بڕوانە: هەژاری موکریانی: هەمبانە بۆرینە...، ل٢٦٢).

(9) جكرخوين: تأريخ كردستان، ت. خالص مسور، ج٢، بدون مكان وسنة الطبع، ص ٣٥٨.

(10) محەمەد ئەمین هەورامانی: کاکەیی، چاپخانەی الحوادث، بەغداد، ١٩٨٤، ل ٣٩.

لە ڕاپۆرتی نهێنی دەزگای هەواڵگری بەریتانیدا هاتووە کە کاکەییەکان لە بنەڕەتدا تەریقەتێکی سۆفیگەری دەروێشین، چ لە ڕووی ڕێکخستن چ لە ڕووی مێژووییەوە، دامەزرێنەرەکەشی سوڵتان سەهاکە[1]. ئەوەی لەو ڕاپۆرتەش دەخوێنرێتەوە دان پێدانانی کاکەیی وەك ئاین نییە، بەڵکو بچوکتر لە ئاینزاش وێنایان کردوون و بەتەریقەتێکی سۆفیگەری ناویان بردوون، جا بۆیە هەموو ئەمانە کۆتایی بۆچوونەکان نین، بەڵکو ئەوەی زیاتر لە گەڵ لۆژیك دەگونجێت و بەڵێکدانی بۆچوونەکان و دەستخستنی ئەنجامگیرییەك بۆ سەرەتای ئەم ئاینە، کە ئەکرێت وەك یەکێك لە بۆچوونەکانی دیاریکردنی لێی بڕوانرێت، ئەوەیەکە:

ئەم ئاینە وسەرهەڵدانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پاش (سەدەی١٣ز)و لەوە و پاش هێدی هێدی گەشەی کردووە، گومانیش هەڵناگرێت کە سوڵتان (سەهاك)ی بەرزنجی ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە دەرکەوتن و گەشەدان بەم ئاینە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەو قۆناغانەدا تەسەوفی ئیسلامی بە قۆناغی کامڵبوونی خۆیدا گوزەریی کردووە، لەبەرامبەریشدا گفتوگۆ کەلامییەکانی ڕێچکە جوداکانی تەشەیوع گەشتبوونە لوتکە. بەوهۆیە ولە ئەنجامی تێکەڵبوونی ئەو دوو ئاراستە بیرکردنەوە دینداریییە لەگەڵ هەندێك لە ڕەوتەکانی وەك (بەکتاشی) دەستبارێکی باش بوون بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەم ئاینە، ئەگەر لەو قۆناغەشدا خودی سوڵتان (سەهاك) نەکەوتبێتە ژێرهەژموونی ئەو ئاراستە بیرکردنەوانە ئەوا لە قۆناغەکانیتری دواتردا شوێنکەوتە وهاوەڵانی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەو بارودۆخەوە[2]. نزیکترین بۆچوونیش لەسەر مێژووی ئەم ئاینە هەرچەندە خاوەنی بۆچوونەکە وەك ئاین لێی ناڕوانێت و بەڕێچکە و تەریقەتێك ناوی بردووە، دەیباتەوە بۆ کۆتایی تەمەنی دەوڵەتی سەلجوقی لە ئەنادۆڵ و بڕوای وایە ئەوان لەبنەڕەتدا پەیڕەوکاری  ڕێگاکانی سۆفیگەری بوون، لە نێوخۆیاندا سەرکردەیەکیان هەبووە کە داوای برایەتی لەسەر بنەمای مرۆڤ بوون وهاوکاری نێوان هەمووانی دەکرد، ئەوەشی وەك ئەرکێک دەبینی، کاکەییەکان بۆ ماوەیەک لەسەر ئەم میتۆدە بەردەوام بوون، کە هەڵهێنجراوی بنەما سۆفیگەرییەکان بوو، دواتر هەندێکیان بەو هیوایەی کە حکومەتێک لە (ئەنادۆڵ) دامەزرێنن، سوودمەند بوون لە دۆخی لاوازی سەلجوقییەکان و هەندێک لە دەسەڵاتدارێتیان لە ناوچەکانی دەورووبەری (ئەنقەرە و سیواس) دروستکرد، تاوەکو دواجار سوڵتان (موورادی عوسمانی) زاڵبوو بەسەریاندا ویەک لە دوای یەک لەناویبردن ودەستی بەسەر شانشینیە کانیاندا گرت، ئەگەرچی کەوتنە ژێردەستی سوڵتانی عوسمانی، بەڵام تاوەکو ئەمڕۆش هێشتا بانگەشە بۆ بیرۆکەی برایەتی دەکەن[3]. لەم ڕایەوە دروستبوونی کاکەییەکان جگە لەوەی وەك ئاین پیشان نادرێن و بە ڕێچکەیەکی ئایینی سۆفیزم ناوی بردوون، تەمەنی دەرکەوتنیشیانی  بۆ سەردەمی عوسمانییەکان نزیکتر کردوەتەوە.

**٢/ بنچینەی ناوی کاکەییەکان:-**

ئەم پێکهاتە ئاینییە ناوگەلێکی جۆراوجۆریان بۆ بەکارهاتووە. بەڵام لێرەدا زیاتر ناوی (کاکەیی) بەکاردێنین، چونکە دیارترین ناوێکە لەو سنور وناوچەیەی کە ئێمە توێژینەوەکەمان بۆ تەرخانکردووە، کە سنوری هەورامانی لهۆن و هەڵەبجەیە. هەرچەندە لە ناونانی ئەم پێکهاتە ئاینییەدا

---

(1) اسـراء اسـد: العقائـد الكاكيـة عقيـده علويـه صـوفية عراقيـه   Kakaey   -  الكـاكيه اهـل الحـق يارسـان (https://sites.google.com). سەردانیکردنی ٢٠٢٢/٣/٦.

(2) جوتیار نەریمان حسێن: سەرچاوەی پێشوو.

(3) عەباس العزاوی: الکاکائیة فی ...، ص٨.

ناوی (کاکەیی) بە (کاکیی)یش بیستراوە، بەڵام لە زۆرینەی نوسراوەکاندا بە (کاکەیی) هاتووە و بووەتە ناویکی باو لای هەمووان، بەڵام بەپێی بۆچوونی کەسایەتی کاکەیی و مامۆستای زانکۆ (ئیسماعیل صالح) ناوی ڕاستی بەکارهاتوو لای بڕوادارانی ئەم ئاینە (کاکی)یە، نەك (کاکەیی یان کاکائی)، کە بەهۆی وەرگێرانە عەرەبیەکانەوە  دووچاری ئەو شێواوییە بووە[١]. لە ڕووی زاراوەسازییەوە ناوی (کاکەیی)، بنەڕەتێکی ئاڤێستایی هەیە و لە (گائاکە، گەئاکە و گائەکا)وە هاتووە، بەواتای (گەورە، مەزن، سەرۆك)دێت[٢]. کاکەییەکان لەدوو بەش پێکهاتوون (گۆران، شمشێرئاوەردە)، بەشێك لە گۆرانەکان، لە تایفەی ئایینی (عەلی ئیلاهین)[٣] شمشێر ئاوردەکانیش واتە ئاوانەی بەهێزی شمشێر خەڵکیان کردووە بە کاکەییی[٤]. لە ڕووی بەشکاریەوە، ئەوانەی نەوەی شێخ (عیسان) بە کاکەیی دەناسرێن و ئەوانەشی نەوەی ئەو نەبن بە (داودی) ناودەبرێن[٥]. ئەم بۆچوونە لەگەڵ لۆژیکی ئاینەکە و شرۆڤە کاری ناوەکە ناگونجێت، چونکە کاکەیی وەك ئاین لە چەندین ناوچە هەیە، بەڵام وەك ناوی (کاکەیی) تەنها لە ناو پەیڕەوانی ئەم ئاینە لە باشوری کوردستان بەکاردەهێنرێت[٦]. (کاکەیی) لە بنەڕەتدا ناوە بۆ پێکهاتەیەکی ئایینی، نەك ناساندێکی کۆمەڵایەتی و هۆزگەری[٧].

زمانی ئاخاوتنی کاکەییەکان شێوەزاری گۆرانە، ئەوەش لە دوولایەنەوە بۆیان بایەخدارە، لەلایەك خاوەن دیالێکتی تایبەت بە خۆیانن، هەر ئەو تایبەتمەندێتییە جەماوەری تایبەت بە خۆیانی پێبەخشیون[٨]. ئەم بۆچوونەی نووسەر ڕەنگە لەژێر کاریگەری لێکدانەوەی جوگرافیایی ناوچەی سەرەکی کاکەییەکاندا بووبێت، ئەگەرنا شێوەی فەرمی ئاخاوتنیان هەورامی نییە، چونکە لە سێ تیرەی پێکهێنەری کاکەییەکان تەنها بەشێك لە دایکەوە هەورامی بووە، دوو تیرە و باوکی تیرەکەیتریشیان بە تەواوی جاف بوون، بۆیە بەشێوەزاری هەورامی قسە ناکەن[٩]. بەڵام بنەماکانی ڕێسا و یاسای ئاینیان کە کتێبی (سەرەنجام)ە[١٠]. بە شێوەزاری گۆرانی نوسراوەتەوە،  پەیوەستی زمانی هەورامی و ئایینی کاکەیی بەجۆرێکە بڕوا وایە وەك چۆن لە هەرجێگایەك موسڵمانێك هەبێت، لەو جێگایە زمانی عەرەبی هەیە، ئاواش لەهەرشوێنێك ئایینی کاکەیی هەبێت زمانی

---

(١) شیرین احمد و انور صباح:  المصدرالسابق.
(٢) محەمەد ئەمین هەورامانی: کاکەیی...،ل٦٥.
(٣) ب.لیرخ: المصدرالسابق، ص٤٥.
(٤) هادی بەهمەنی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٥.
(٥) محەمەد ئەمین هەورامانی: کاکەیی...، ل ٦٧.
(٦) ڕەشاد میران: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٦.
(٧) خالد محمود کریم: دەوڵەتی عوسمانی و...، ل١٥٠.
(٨) ڕەشاد میران: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٤.
(٩) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا ئاکۆ شاوەیس هاواری)، لەدایك بووی (١٩٧٠)، بەکالۆریۆس لە زانستی کیمیا و چالاکوانی کاکەیی، خاوەن دوو کتێبی تایبەت بە کاکییەکانە، شوێنی چاوپێکەوتن هەڵەبجەی شەهید، ڕۆژی (چوارشەممە)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن (٢٠٢٣/١/١٨) ،کاتی چاوپێکەوتن (٢:٢٧)، ماڵەوە.
(١٠) سەرەنجام: کتێبی پیرۆزی یارسانەکانە و بەشێوەیەکی تەواوەتی لەسەدەی هەشتەمی کۆچیدا لەلایەن سوڵتان و هاوەڵانیەوە بە هەورامی نووسراوە. لای خۆیان بە (کەڵام)یش ناودەبرێت، ئەم کتێبە لە شەش بەش پێکدێت کە (بارگەبارگە، حەوتەوانە، گڵێم وەکۆڵ، دەورەی چل تەن، دەورەی عابیدینی جاف، ووردە سەرەنجام) زمانی نوسینی بەشێواز گۆرانییە، تەنها بەشی کۆتایی نەبێت کەبە شێوازی قسەکردنی جافی شارەزووری نوسراوەتەوە. (بۆ زیاتر بڕوانە// نامیق هەورامی: تێکستی ژنان لە دەفتەرەکانی یارساندا، بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاو کردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١١، ل٧٩).

هەورامیش لەو شوێنە هەیە[١]. بۆچونێکیتر وشەکە دەبەستێتەوە بە دۆخێکی کەرامات ئاسای شێخەکانی بەرزنجەوە، گوایا کاتێك هەردوو کوڕانی (باباعەلی هەمەدانی) (شیخ عیسا و شێخ موسا)ی بەرزنجی ویستوویانە مزگەوتی گوندەکە نۆژەن بکەنەوە، لە ناویاندا (ئیسحاق)، لەکاتی دارەڕاکردندا یەکێك لەڕایەڵەکان (حەماڵ) کورتبووە وبەهەردوو بەری دیوارەکەدا نەگەشتووەتەوە، سوڵتان (ئیسحاق)یش بەبرا گەورەکەی گوتووە (کاکە) بیکێشە بەوە دارەکە درێژ بووە و بووە بەمایەی دڵخۆشی باوکی، لەوەبەدوا بەشوێنکەوتووەکانی گوتراوە کاکەیی، هەمان چیرۆك دەدرێتە پاڵ شێخ (عیساو شێخ موسا)ش[٢]. بەچەشنێکیتر ئەم ناوە پەیوەست دەکەنەوە بە سوڵتان (ئیسحاق)ەوە، چونکە کوڕەکانی ڕاسپاردووە دەستگیرۆیی یەکتربکەن و بەوەش یەك بە یەکیان وتووە کاکە لەوەشەوە ئەو ناوە پەیدابووە[٣]. هەندێکیش بۆ توندوتۆڵی پەیوەندی نێوان کاکییەکانی دەباتەوە، لەزمانی کوردیدا کاکە بەبرا گەورە دەوترێت، بۆ ڕێزگرتنە، تاوەکو بە ناوی خۆیەوە بانگ نە کرێت[٤].

(یارسان) ناوێکی جودا لە (کاکەیی)ە، بەڵام هەمان بیروبڕوای ئاینییە و کۆنترین ناویانە[٥]. هەرچی ناوی یارسانە دەبرێتەوە سەر وشەی (یارستان) بەمانای ووڵاتی یاران، بەوەش دەبێتە ناولێنانێکی جوگرافییانە، نەك ناوی ئایینی، بۆیە ناکرێت پشتگیری ئەم بۆچوونە بکرێت، لەسەر ئەم ناوە بۆچونێکیترهەیە، خەڵکی هەورامان (سوڵتان) دەکەن بە (سان) بەوەش ناوی سوڵتان (ئیسحاق) دەبێتە (سان ئیسحاق) کەواتە مانای (یارسان) دەبێتە (یارانی سوڵتان)[٦] (یار) بەواتای هاوەڵ وخۆشەویست، (سان)یش بەواتای گەورە، خالق، پێکەوە وشەکە دەبێتە خۆشویستانی خودا[٧]. ئەم ناوەش زیاتر لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا بەکاردەهێنرێت، جگە لەوەش (ئەهلی هەق)یشیان پێدەڵێن. ئەم ناوە لە ڕووی واتاوە ئاماژەیەکی گشتییە و کەم گروپ و ئاینێك هەیە، مافی هەق بوون بەخۆی نەبەخشێت، تاوەکو لە بەرامبەر ئەوانیتردا داکۆکی لە خۆی بکات، لەم ئاینەشدا یەکێك لە ناوەکان (ئەهلی هەق)ە کە زیاتر لە ئێراندا بەکاردێت و لایان پیرۆزە بەڕادەیەك ناوی (ئەهلی هەق) بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیان دەزانن[٨]. بەڵام ناوێکی لەجێی خۆیدا نییە، چونکە خەسڵەتێکی تاڕادەیەك گشتیی هەیە[٩].

(ئەهلی هەق) لقێکی توندڕەوی شیعەگەرییە، توندڕەوییەکەی لەوەدایە کە هیچی بەسەر ئیسلامەوە نەماوە[١٠]. نزیك لەو ناوە بە (عەلی ئیلاهی)یش ناویان هاتووە ئەم ناوە لەو ناوەندە زانستییانەی کە بۆ لێکۆڵینەوەی ئایینناسی کاردەکەن بەکاردێت[١١]. (هیوبەرد G.E.Hubbard)

---

(١) نامیق هەورامی: هەورامی زمانی ئاینی یارسان، چاپخانەی لەریا، بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٣، ل ٦٦.

(٢) عباس العزاوي: الكاكائية في ...، ص٤ . ؛ نوري ياسين هرزاني(د): الكاكاييه، دراسة انثروبولوجية للحياة الاجتماعية، معهد تراث الكردي، دارئاراس، اربيل، ٢٠٠٦، ص٤٤.

(٣) محەمەد ئەمین هەورامانی: کاکەیی..، ل ٧١،٦٨.

(٤) ئەیوب کوێخا ڕۆستەم: یارسان لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دینییە سەبارەت بە کاکەیی، چ١، مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان، ٢٠٠٦، ل٢٨.

(٥) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا ئاکۆ شاوەیس هاواری)، سەرچاوەی پێشوو.

(٦) ڕەشاد میران: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٦.

(٧) سعیدی گل بابا: فرهنگ اصطلاحات عرفانی ابن عربی، چ٣، انتشارات شفیعی، تهران، ١٣٨٧، ص٨٤٥ .

(٨) ڕەشاد میران: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢.

(٩) هەمان سەرچاوە، ل ١٥٥.

(١٠) مارتن ڤان برونسن: ئاغاو شێخ و...، ب١، ل٢٠٣،٢١٠.

(١١) ڕەشاد میران: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٢.

یەكێك لەو توێژەرانەیە كە گەشتی ناوچەی (داڵەهۆ)ی كردووە، وەك شوێنی پیرۆزی ئەو ئاینە و بە (عەلی ئیلاهی) ناویان دەبات[1]. چونكە بەرجەستەبوونی خودایی لە (عەلی كوڕی ئەبوتالیب)دا دەبینن، بەڵام ناولێنانێكی نادروستە، چونكە لای ئەم پێكهاتە ئاینییە بەرجەستەبوونی خودایی لە زۆر كەسیتردا بەدیهاتووە، سەرچاوەی ئەم ناولێنانە لەلایەن موسڵمانانەوە بووە، چونكە لەكۆی ئەو ناوانە تەنها (عەلی) ناسراوە[2]. دینی عەلی ئیلاهی بێ پێچ و پەنا دینێكی كوردی بێ ئەملاولایە.[3] ئەمانەو چەند ناوێكیتری لۆكاڵێشیان بۆ بەكارهاتووە بە پێی جوگرافیای شوێنەكان وەك: (قەڵخانی[4]، هاواری[5]، قزڵباش و درووز[6] الصارلیة[7]، كرد بچە وخروش كوژ[8] نوسەیری و شەیتان پەرست)[9] پەرست)[9] لە ناوچەكانی هیندستان و پاكستان و ئەفغانستانیش بە (زیكری) دەناسرێن[10].

**٣/ دابەشبوونی جوگرافیی كاكەییەكان:-**

كاكەییەكان هەمیشە شوێنەكانیان پەرتەوازە بووە و لەسەر هێڵە سنوورییەكان بوون، بۆیە ئەوەش گەورەترین كێشەی مێژوویی بۆ درووستكردوون لەوەی یەكێتییەكی یەكگرتووی جوگرافییان نەبووە[11]، بەڵام وادەردەكەوێت ئەو پەیوەندییانەی لە نێوان یارسانەكانی دەرروبەری سیراوان و لوڕستاندا هەیە، شا (خۆشێن) دایمەزراندبێت، ئەگەرچی لانكەی سەرەكی ئەم ئاینە ئەو شوێنەیە كەوا گۆرانەكانی لێدەژین، لەنزیك ڕووباری سیروان، بەڵام دواتر گەشەیكردووە بۆ ناوچەكانی ئازەربایجان، لە ئێستایا بەزۆری لە سنوورەكانی نێوان عێراق و ئێران دابەشكراون[12]. لە چوارچێوەی ئەو دابەشبوونەدا بەشێكی زۆریان كەوتوونەتە قوڵایی ناوچەی گۆران لە نزیك شاری (گاهوارە) یان (گاوارا) ئەم شارە بەدووری چل میل لە ڕۆژئاوای كرماشانە، گۆڕی (بابایادگار)یش لە گوندێكدایە بەهەمان ناو كە پەنجا میل لە باشوری ڕۆژئاوای (گاهوارا)وە دوورە، تاوەكو ئێستا وەكو پیرۆزترین شوێنی یارسانەكان دەژمێردرێت[13]، بەڵام لە ڕاستیدا پیرۆزترین شوێن بەلای ئەمانەوە مەزاری سوڵتان (ئیسحاق)ە، لە گوندی شێخان لە نزیك سنورەكانی هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێران[14]. لە درێژەی دابەشبوونەكانیان لەو سنوورە جوگرافییەدا مێژوونووسی ڕۆژئاوایی (دیڤید ماكداوڵ) وێنەیەكیتر بۆ دابەشبوونی چڕی كاكەییەكان نیشاندەدات، كە كەوتووەتە ناوچەكانی

---

(١) سامان حوسێن ئەحمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٦.

(٢) عباس عەزاوی: الكاكائیة فی ...، ص١٠٥.

(٣) محەمەد ئەمین هەورامانی: كاكەیی...، ل ١٠.

(٤) هەژاری موكریانی: هەمبانە بۆرینە، ل ٥٨٥.

(٥) ڕەمەزان هەمیرحان(كۆساری): هاوار و هاوارییەكان، چاپخانەی ڕامان، ٢٠٠٥، ل ٥٩. ؛ ئەحمەد حەمەئەمین(ڕەنجیار): سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.

(٦) جەمال نەبەز: كوردانی سەرگەردان و براموسڵمانەكانیان، و.سوارە قەڵا دزەیی، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١١١.

(٧) عبدالمنعم الغلامی: بقایا الفرق الباطنیة فی لواء الموصل، ط١، مكتبة الامل و مكتبة الاسلامیة العراق، ١٩٥٠، ص١١،١٢.

(٨) ڕەشاد میران: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٧.

(٩) میهرداد ئیزەدی: ئاین و تایفە ...، ل٤٤.

(١٠) طیب طاهیری: تأریخ و فلسفە سەرەنجام، دەزگای توێژینەوەو بلاوكردنەوەی موكریانی،چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٥٨٢.

(١١) چاوپێكەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا ئاكۆ شاوەیس هاواری)، سەرچاوەی پێشوو.

(١٢) طارق محمد عبدالرحیم: المصدرالسابق، ص١٠٧.

(١٣) میهرداد ئیزەدی: ئاین و تایفە ....، ل٥٢.

(١٤) شاكر خصباك: العراق الشمالی دراسة لنواحی الطبیعیة و البشریة، مطبعة شفیق، بغداد، ١٩٧٣، ص ١٨٨ .

دەوروبەری (زەهاو، قەسری شیرین) و پشتوێنە کەنارییەکانی شاخی زاگرۆس تاوەکو ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە باشوریش لە ناوچەکانی (سلێمانی و کەرکوك و موسڵ)دا هەن[١]. دیارە سلێمانی بەو سنوورە کارگێرییەی جارانی کە هەڵەبجەش بەشێك بووە، لەو سنوورە بۆیە نووسەر تەنها ناوی پارێزگاکەی بردووە.

بەووردکردنەوەی هەریەك لەو سنوورانە بۆمان دەردەکەوێت کە دابڕانیکی جوگرافیی گەورە لە نیوان کاکەییەکاندا هەیە، شوینکەوتوانی ئەم ڕێوڕچەیە لە چەندین ناوچە و هەرێمی جیاجیای دوور لەیەکتردەژین لە هەریەك لە وڵاتەکانی (عیراق، ئێران، تورکیا، سوریا، لبنان). ئەم پەرتەوازەیی نیشتەجیبوون و ئەم دابرانە جوگرافیاییە بووە بەهۆی ئەوەی لەسەردەمە جیاجیاکاندا بکەونە ژێر کاریگەری بیروباوەڕە دینییەکانی دەوروبەریانەوە[٢]. لەلایەکیتریشەوە ئەو دابەش بوونە لە جوگرافیای لێکدابڕاو چ لەسەر ئاستی یەك دەوڵەت یان لەسەر ئاستی ناوخۆی دەوڵەتەکان وێنەیەکە لە ناسازی ئەم ئاینە لەگەڵ ئاینەکانیتری ناوچەکە[٣]. هەرچەندە نووسەر ڕوونینەکردوەتەوە بۆچی دەبێت ئەو پارچەبوونە وێنەی ناسازی ئەو ئاینەبێت لەگەڵ ئاینەکانیتر، لە کاتێکدا بەو بەشکارییانەی کە هەن لەگەڵ ئاینەکانی سنورەکانی خۆیاندا گونجاوتەبان.

لە عیراق لەسنوری پارێزگای هەڵەبجە بە زۆری لە ناوچەکانی (هەورامانی لهۆن و چیای شنروێ و گوندەکانی (هاوار، هاوارە کۆن، چاڵان، دەرەتوێ، ژاوەرۆ)[٤] و (گریانە)هەن[٥] کە بەژمارە (٧)گوندن[٦]. بەڵام نووسەر ناوی گوندەکانی نەهێناوە تەنها ئاماژە بەژمارەی گوندەکان دەکات لەو ناوچەیە، ئەگەرچی بەپێی سەرچاوەکانیتر ژمارەی گوندەکان (٦) گوندن. هەروەها نووسەر لەناوهێنانی گوندەکاندا گوندی (ژاوەرۆ)ی لە سنووری باشووری کوردستاندا هەژمارکردووە، بەڵام ئەو گوندە، لەبەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە لە هەورامانی تەخت.

هەموو ئەوانەی وتراون باس و خواستی نووسەرانی دەرەوەی ناوچە و ئاینەکەیە، بەڵام ئاماری گوندەکانی ئەو ناوچەیە کەوەك مەڵبەندی سەرەکی (کاکی)یەکان ناوی هاتووە لەلایەن کەسایەتی و شاعیری کاکەیی بە(٣) گوند دیاریکراوە کە پەیڕەوی لە ئایینی (کاکەیی)دەکەن، ئەوانیش (هاوار، هاورە کۆن، دەرەتوێ)ن، ئەمەی کۆتاییان بە (حەوتماڵە)ش دەناسرێت[٧]. بەگشتی لە پارێزگای کەرکوك ژمارەی (١٣) گوند و لە ناوەندی پارێزگای سلێمانی لە گەڕەکی سەرشەقام بوونیان هەیە و لە هەڵەبجە لە گوندەکانی (هاوار هاوارە کۆن و دەرەتوێ)ن، لە هەولێر ژمارەی (١٤) گوند و لە خانەقین ژمارەی (١٧) گوند جگە لە ناوشاری خانەقین کە ژمارەیەکی زۆر لەکاکەییەکانی لێیە، هەروەها لە مەندەلی و تەلەعفەریش بوونیان هەیە[٨].

لە پارێزگاری سلێمانی جگە لەناو شاری سلێمانی چەندین خیزانیشیان لە قەزاکانی شارەزوور و کەلاردەژین، لە ناوچەکانی گەرمەسێرجگە لەناو پارێزگای کەرکوك و گەڕەکی جنگڵاوە، لە

---

(١) دیڤید ماکداوڵ: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧.
(٢) ئەیوب ڕۆستەم: یارسان...، ل٢٤.
(٣) سمکۆ محەمەد: ئاین و کەمینەکان لە کوردستان، چ١، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١١، ل٧٧،٧٨ .
(٤) ڕەشاد میران: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢،١٥٣.
(٥) شاكر خصباك: العراق الشمالي دراسة ...، ص ١٨٨ .
(٦) خالد محمود کریم: دەوڵەتی عوسمانی و...، ل١٥٤.
(٧) ڕەمەزان هەمیرخان(کۆساری): سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩.
(٨) عەباس العزاوی: المصدر السابق، ص٣٧،٣٨،٣٩.

شوێنەکانیتری سەربەو پارێزگایە، کە هەریەك لە گووندەکانی (مەتیق، تۆبزاوا، عەلی سەرا، لهێب، زەنقڕ)دا هەن[١]. بەڵام گرنگترین شوێنی کاکەییەکان لەم پارێزگایە ئەو کۆمەڵەیەن کە کەوتونەتە ناو قەزای (داقوق) لە پارێزگای کەرکوك و مێژووی جێگیربونیان دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی (سەدەی١٩) لە ناوچەکەدا[٢]. لە سنوری شاری خانەقینیش هەریەك لە گوندەکانی (مێخاس، شێخ ڕەحیم، پویکە، چەمچەقەڵ) و لە ناو شاری مەندەلیش گەڕەکی (قەڵەم حاج)ن، ژمارەیەکی دیاریش لە شارۆچکەی گوێری سەربە پارێزگای هەولێر دەژین، لە سنوری پارێزگای موسڵیشدا لە گوندەکانی (مەتراد، سنفەید، توێڵەبەن، هۆردەك، کەڵەبۆر، گەزەکان، کەڵەك)دان، لەهەریەك لە شارەکانی (بەدرە و زرباتیە)، پاشان لە بەغدادیش بونیان هەیە. لە (ئیران)یشدا لەناوچەکانی (قەسری شیرین، سەرپیل زەهاو، کرماشان، مایدەشت، هەمەدان قەزوین، ئازەربایجان، کرند، لەناو ئێلەکانی لەك لە لوڕستان و دەماوەند) دەژین[٣]. وەك هۆز و پێکهاتەی کۆمەڵایەتییش ژمارەی هۆزە کاکەییە کان (٣٤) هۆزن کە لە نێوان عێراق و ئێراندا بڵاوبوونەتەوە[٤]. ئەو نووسەرە عەرەبە لە شوێنیتری کتێبەکەیدا ڕەتیدەکاتەوە کاکەیی هۆزو تیرە و خێڵ بن، بەڵکو وەك پێکهاتەی ئایینی دەیان بینێت، کاکەیی هۆز و تیرە نییە، بەڵکو بیرو باوەڕێکی ئایینییە[٥]. وەك زۆرێك لە پێکهاتەکانیتر و بەهۆی جیاوازی شوێنی جوگرافیان و خەسڵەتی نهێنی لە ئاشکرانەکردنی ئاینەکە بەتایبەتی لە ناو شارنشینەکاندا بەدروستی ژمارەیان نەزانراوە بۆیە لەماوەی جیاواز و بەپێی شوێنەکانیش ژمارەی جیاوازیان لێباس دەکرێت. کاکەییەکان لە ڕیزی عەشیرەتە نیشتەجێ و کشتوکاڵدارەکان دانراون، ژمارەیان بە گوێرەی خەملاندنەکان لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بە نزیکەیی (١٥٠٠) خێزان دانراوون.[٦] لە شوێنیتردا بە نزیکەیی (٥٠٠)هەزار کەس خەملێنراون.[٧] لەکاتێکدا لە سەرئاستی ئێران و عێراق و بەپێی خەملاندنێکی تر ژمارەکان جوداترن، لە ئێران بە نزیکەیی (٤) ملێۆن ولە عێراقیشدا بەنزیکەیی (١) ملێۆن دادەنرێن.[٨] ئەگەرچی کەمترین ژمارەیان بەبەراوورد بە ژمارەی گشتی پەیڕەوکارانی ئەم ئاینە کەوتونەتە سنوری هەورامانەوە، بەڵام شێوەی ئاخاوتنی ئاینییان هەورامییە[٩]. ئەم ژمارەیە بەراورد بە ژمارەکانیتری نوسەران جیاوازی زۆرە، بەڵام لەبەر نەبوونی ئامارێکی فەرمی[١٠]. ناتوانین هیچ کام لەو ژمارانە بە ڕەهایی وەرگرین، هەرچەندە لە ڕووی لۆژیکییەوە ئەم ژمارەیە زۆرە و زیاتر دانراوە لە ژمارەی ڕاستی ئەم پێکهاتەیە.

---

(١) ڕەشاد میران: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢

(٢) خالد محمود کریم: دەوڵەتی عوسمانی و..، ل١٥٤.

(٣) ڕەشاد میران: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣.

(٤) عەباس العزاوی: الکاکائیة...، ص،٣١،٣٢،٣٣،٣٤

(٥) نفس المصدر، ص٨.

(٦) مێجەرسۆن: چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو، و.نەجاتی عەبدوڵا، چاپخانەی ژین، سلێمانی ، ٢٠٠٧، ل ٧٤. ؛ خالد محمود کریم: دەوڵەتی عوسمانی و ...، ل١٥٣.

(٧) میشل مالرب: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٦.

(٨) عباس الحسيني: علويو العراق (الكاكائية واليارسنية)، http://www.ebanonfiles.com. بتاریخ ٢٠١٧/٦/١٢، سەردانیکردنی ٢٠٢٣/١/٣.

(٩) نامیق هەورامی: هەورامی زمانی ئاینی یارسان...، ل٨٨.

(١٠) بەپشت بەستن بە تازەترین ئاماری نافەرمی کاکەییەکان کە ئامارێکی خۆکردییە و لەلایەن (عەدنان ئاغا کوڕی فەتاح ئاغای کاکی) لە (١٩٩٧) دا کراوە، بە (١٧٥٠٠٠) کەس لە عێراقدا تۆمارکراوە. (بۆ زیاتر بڕوانە// شیرین احمد و انور صباح: المصدرالسابق.

**تەوەری دووەم: پەیوەندیی خەڵك وشێخانی نەقشبەندی هەورامان و هەڵەبجە لەگەڵ کاکەییەکان:-**

ناتوانرێت نکۆڵی لەوە بکرێت ئاین لەسەردەمە جوداکاندا بە خاڵی جودایی نێوان میللەتان دانراوە، پۆلێنکاریەکان لەسەر بنەمای جوودایی ئاین هۆکارێك بوون بۆ پێکدادان و دژبەرییەکانی سەرزەوی، لە کۆنەوە بۆ ئێستا. بۆیە کەمنین ئەو شەڕانەی لە پێناوی ئاین و بەمەبەستی سەرخستنی هەر ئاینێك کراون، لە ئەنجامی پیرۆزی بەخشین بە ئاینێك و بەکەم سەیرکردنی ئەویتر بووە، کۆی ئەو ململانێ و جەنگانەش دەرەنجامی سروشتی ئاینییەکە نەبووە و نییە، بەقەدەر ئەوەی پەیوەندی بە پەروەردەی ئایینی ئایندارەکە و تێکەڵکاری بەرژەوەندی کەسی و گروپەوە هەبووە، لەم شارو ناوچەیەشدا پێگەی فرەیی ئاین و جودایی بیروباوەڕ لە زووەوە هەبووە و لەو قۆناغەشدا کە ناوچەکە لە ژێر هەژموون و باڵا دەستی تەریقەتی نەقشبەندیدا بووە، ئەو فرەییە نەك دژایەتی نەکراوە، بەڵکو پارێزگاری لێکراوە و هاوکاریکراون، بۆیە زۆربە دەگمەن دەبیسترێت، بەڵکو لە نەبوو نزیکترە حاڵەتێك کە بڕوادارێکی کاکەیی دوچاری تەنگەتاو کردن بووبێتەوە.

کاکەییەکان کۆمەڵێکی ئیتنۆ ئاینین، لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا، لە زێدی خۆیاندا، دوورە پەرێزانە دەژین و خاوەن قەوارەی ئایینی و مۆرك و نەریتی تایبەت بە خۆیانن ئەمانە لەلایەن کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسانەوە هاوتا بە قزڵباشەکان، وەك پێکهاتەیەك لە پێکهاتە ئاینییەکانی کورد ناویانبراوە[1]. ئەم ئاینە لە دەرەوەی پێکهاتەی کوردی لە ناوچە و جوگرافیایتریشدا هەن، وەك هەر ئاینێکیتر بوونی پەیوەست نییە بە کوردستان و کوردەوە، تەنها ئەوەندە هەیە زۆرینەی بڕوادارانی ئەم ئاینە کوردن، بەڵام لەڕێگەی ئەو توێژینەوانەی لە ووڵاتانی ئێران و فەرەنساوە کراون لەسەر ئەم ئاینە جەخت لە کورد بوونی تەواوەتییان کراوەتەوە، ئەمە وێڕای شوێنە پیرۆزەکانیان کەلە کوردستانە و نوسراوە پیرۆزەکانیشیان بە کوردی و شێوەزاری گۆرانییە[2]. بوونیان لەناوچەکە بەومێژووەی هەیانە، وێڕای جیاوازی زۆر لە ڕووی ژمارە و قەبارەوە، بەڵام گرفتێکی دروست نەکردووە، بە تایبەتی لە سنورەکانی هەڵەبجە و هەورامان، لەکاتێکدا لەو ناوچەیە تەریقەتێکی گەورەی ئایینی وەك نەقشبەندی بە پێشەنگی شێخانی نەقشبەندی لە هەورامان خاوەن جەماوەر و پێگەی گەورە بوون، تێکەڵاوی سنوری جوگرافیشیان هەبووە، بەڵام هەست پێنەکراوە بەهۆی جوودایی بیروباوەڕی ئاینییەوە گرفتی پێزانراو ڕوویدابێت و ستەم لەو پێکهاتەیە کرابێت.

شێخانی هەورامان لە شێخ (عوسمان سیراجەدین)ەوە بەو حیکمەتە ئاینییەی هەیان بووە توانیویانە سەرپەرشتی ڕۆحی کاکەییەکانیش بکەن، لە ڕێگەی پەیوەندییان بە زۆرێك لەکەسایەتییە کاکەییەکانەوە تەنانەت ناونای ئەو کەسانە بە سۆفی، وەك ئاماژەی نزیکیان بووە لە شێخانەوە، بەجۆرێك لە گرنگیدان بە پاك و خاوێنی جەستە و ژینگەکەیان هاوکار و ڕێنمایکردوون، وەك مامۆستا (حەسەن حەمەکەریم) ئاماژەی پێدەکات، شێخ (سیواك)ی وەك سونەتێکی ئیسلامی بەکاکەییەکان بەکارهێناوە، بەمەبەستی پاکڕاگرتنی بەشێك لە جەستەیان، ئەو هەوڵەی شێخ هەموو شوێنکەوتەکانی سوڵتان (ئیسحاق)ی لە ناوچەکە گرتەوە، وەك هەوڵێك بۆ ڕاگرتنی پاك و خاوێنی و هەروەها هەوڵیداوە پاك و خاوێنی جل و بەرگیان وەك بەشێك لە پەرستشیان تێدا بچەسپێنێت. لەکاتێکدا مەلاکانی شارەزوور لەو ڕۆژگارانەی پێش (سیراجەدین) ئاراستەی ڕێنماییەکانیان بۆ

---

[1] سامان حوسێن ئەحمەد: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٨.

[2] باسیلیی نیکیتین: المصدر السابق، ص٣٠٢.

پەیڕەوکارانی ئەو ئاینە بەجۆرێك بوو لەبری بە خۆدا چوونەوە زیاتر بە ئاراستەی دوور بوون لە ئیسلامی بردن، بەڵام ئەو شێخە بەحیکمەت لەگەڵیان خەریك بوو، نەك بەحیکمەتی مەلاکانی هاودەم و پێش خۆی، بەجۆرێك هەندێك لە زاهیدان و خەڵکانی ڕۆچوو لە سۆفیزم لەناو پەیڕەوکارانی کاکەیدا بوونە مورید و شوێنکەوتەی شێخ عوسمان و کاریگەر بوون بەو جۆرە بیرکردنەوەیەی ئەو[1].

لەسەردەمی شێخایەتی شێخ (عەلائەدین)دا بەهۆی کێشەی ناوخۆیی کاکەییەکانی ناوچەی (داڵەهۆ) کەلەوێ بە (قەڵخانی) ناودەبرێن، (قەمەر سوڵتان)ی کاکەیی کە سەرەك هۆزی کاکەییەکانی ئەو ناوچەیە بوو لەلایەن کەسە نزیکەکانیەوە لێی هەڵگەڕانەوە، بەجۆرێك ناچار بەهەڵهاتنکرا، بۆیە ناوبراویش لەناو ئەوهەموو کەسایەتییانەی نزیك بەدەسەڵاتدارێتی خۆی لە (موستەفا خانی باوەجان)ی و دەسەڵاتدارانی شیعەی ئێرانی بەرەو باشوری کوردستان دێت ولە گوندی (عەبابەیلێ) لە نزیك هەڵەبجە وهەورامان، خۆی و دەست و پەیوەندەکانی کە لەگەڵی بوون، هەوار هەڵدەدەن و پەیامی خۆی بۆ شێخ (عەلائەدین)ی نەقشبەندی دەنێرێت و دەڵێت: "من قەمەر سوڵتانی گۆرانم شەیتان پەرست و (عەلی ئیلاهیی)ن، وەلێ من لێم قەوماوە و پەنا ئەهێنم بۆ تۆ"[2]. ئەو شێخەی نەقشبەندی نەك بەهۆی جیاوازی ئاینییەوە جوابی ناکات، بەڵکو ڕێزێکی زۆر لە پەیامی ئەو کەسایەتییە دەگرێت و پێشی ڕادەگەیەنێت، با ئارام بگرێت و پاش سێ ڕۆژێکیتر کێشەکەی چارەسەر دەکرێت و خزمانی پۆزشی بۆ دەهێننەوە و دەچێتەوە ماڵ و جێگای خۆی، ئەم وەڵامەی شێخ تاوەکو ڕادەیەك بەدڵی نووسەری نامەکە شێخ (عوسمان)ی کوڕی بووە نابێت، چونکە بەڵێنێکی وا بە نالۆژیکی دەبینێت. بەڵام شێخ سوربووە لەسەر قسەکانی خۆی، بەپێی گێڕانەوەی (ئەمین بەگی وەڵەدبەگی) پاش ماوە دیاریکراوەکە کێشەکەی (قەمەر سوڵتان) چارەسەر دەبێت، بۆیە لەبەرامبەر ئەم کارە پەرجوو ئاسایەدا ئەو کەسایەتییە کاکەییە، دەچێتە لای شێخ وەك نیشاندانی سوپاسگوزاری، شێخی ناوبراویش بۆ سێ ڕۆژ لای خۆی دەیهێڵێتەوە، بەر لەگەڕانەوەی ناوبراو بەهۆی ئەو هەڵوێستە کردارییەی شێخەوە بڕوا بەدینی شێخ دێنێت و دەگەڕێتەوە ناو خزم و کەسەکانی بۆ ناوچەی (داڵەهۆ)[3]. چونکە شێخەکان بەر لە خوێندنەوەی بنەما ئاینییەکە، بەچاوی مرۆڤ بوونەوە لە خەڵك و پەیوەندییەکانیان ڕوانیووە، ئەوەش گرەنتی پێکەوە هەڵکردنی سەرجەم پێکهاتەکانی ناوچەکەبووە بەهۆی تێگەشتنی قوڵی شێخەکان بۆ کرۆکی ئاین لەو قۆناغانەدا[4]. بۆیە بڕوادارانی کاکەیی نایشارنەوە لەوەی ئەوان کە شوێنیان لە ناو جوگرافیای هەورامانی لەهۆن دابووە، پێکەوەبوونیان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە و بوونی شێخانی نەقشبەندی لەو سنوورە لەگەڵ ئەوەی کە موسڵمانی پەیڕەوکاری ئایینی ئیسلام بوون، بەڵام هیچ جۆرە گرفتێکیان لەلایەن ئەوشێخانە و ئەو بیرکردنەوە دینییە سوننەگەرایەوە بۆ دروست نەبووە، پتەوی پەیوەندییەکان وایکردووە هیچ کات وەك کاکەیی هەست بە کەمینە بوون لە هەڵەبجە و هەوراماندا نەکەن، چونکە ئەو هەستەیان لادروست نەبووە موسڵمانانی سنورەکە بە پلە دوو سێ یان بە چاوێکی کەمتر لە خۆیان تەماشایانکردبن[5].

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا حەسەن مەحمود حەمەکەریم)، سەرچاوەی پێشوو.

(٢) شێخ موحسین شێخ خالید موفتی(ئەحسەن): گەوهەری حەقیقەت...، ب٤، ل٢٤٧.

(٣) الشیخ محسن الموفتی: خلوة السالکین و...، ج١ ، ص٣٣٩،٣٣٨.

(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا ئەیوب ڕۆستەم)، سەرچاوەی پێشوو.

(٥) عـــەزیز ڕەســـوڵ: پێکـــەوە ژیـــانی ئـــاینی پایتـــەختی ئاشـــتی لـــە هەڵەبجـــە بەخشـــی https://wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare، سەردانیکردنی ٢٠٢٢/٩/٢.

تەنانەت کاکەییەکان لەلایەن شێخانی نەقشبەندی، لە نموونەی شێخ (حیسامەدین) بە کاکە بانگکراون نەك ئەوەی بە کەمتر تەماشاکرابن[1]. ئەو جۆرە هەڵسوکەوتکردنەی شێخانی تەریقەت لەگەڵ پێکهاتە ئاینییە جوداکاندا وایکردووە پەیڕەوکارانی ئەو ئاینە بە چاوی ڕێزەوە لە کارە پەرستشییەکانی موسڵمانان و مزگەوتەکانیان بڕوانن، تەنانەت لەدەرەوەی ناوچەکەش، وەك ئەوەی لە یاداشتەکانی عیزەت کاکەییدا بەئاشکرا باسی لە وێنەی پێکەوەیی نوێژخوێنانی موسڵمانی کردووە، ئەو کارەی بەپیرۆز ناوبردووە، بە جۆرێك کە کەشێکی ڕۆحانی گەورە لەو کۆمەڵەوە دروست دەبێت کە دڵی مرۆڤی پێدەکرێتەوە، لە بڕوای ئەودا دیمەنێکی لەو شێوەیە هەموو نیشانە و بۆنێکی برایەتی و یەکێتی و نزیك بوونەوەی دڵەکان نیشان دەدات[2]. هۆکاری ئەوەش بەبڕوای کاکەییەکان شێخەکانی نەقشبەندی بۆخۆیان خەڵکانی میانڕەو بوون لە ئایندارێدا و دوور بوون لە تێڕوانینێکی توندئاژوانە، لای کاکەییەکان شێخانی تەریقەت وەك قاڵ بوویەکی سۆفیزم، بینراون، بەجۆرێك کە لە پلەی حەقیقەتی ئایینی تێگەشتوون، بۆیە تێڕوانینی پیاوانی ئایینی کاکەیی جیاواز لە خەڵکێکی ئاسایی لە شێخانی نەقشبەندیان ڕوانیووە[3]. تەنانەت شێخێکی وەك شێخ (حیسامەدین) لای کاکەییەکان بە پیرۆز تەماشاکراوە، هاوشێوە بە پیاوانی ئایینی خۆیان ئەوانەی کە پلەی پیرۆزی ئاینییان هەبووە[4].

خەسڵەتێك کە سۆفیان و شێخانی کورد بە هاوبەشی هەیانبووە دڵفراوانی و ڕاهاتووییانبووە لەگەڵ ڕووانگە و بیروبڕوا ئاینییە جیاوازەکاندا[5]. هەروەها شێخ (عوسمانی دووەم) زۆر پێداگربووە لە سەر بیری میانڕەوی لە ناو موریدانیدا، لە زۆرێك لە مۆجگارییەکانیدا بۆ موریدانی جەختی لەوە کردوەتەوە کە نابێت سوکایەتی بە نەیارەکانیش بکرێت یا قسەی زبر و ڕوشێنەر لە دژیان بەکاربهێنرێت[6].

بوونی تەریقەتی نەقشبەندی بۆ خۆی لەناوچەکە هەوێنێکی سەرباری میانڕەوی کارو تێڕوانین بووە بۆ ئەوانیتر، جا ئەو بەرامبەرە هەر پێکهاتە و ئاینێك بووبێت، پاشخانی هەورامانیش وەك زاگرۆس نشینانی ڕەسەن لە ناوچەکە بۆ خۆی پاشخانێکی پێکەوەیی و قەبوڵکردنی ئەویترە، تەریقەتەکانیش لە ڕووی کردارییەوە پلەیەك لە ڕواڵەتە فەرمییەکەی ئاین دوورکەوتونەتەوە و ئایندارێکی کرداری بوون، لەگەڵ ئەو ژینگەیەی تێیدا ژیاون ئاینداریان کردووە، واتە پێچەوانەی ئەوەی کەهەیت خۆت نیشانبدەیت، بەڵام بەدیوە ئەرێنییەکەدا، جوودا لە ڕووپامایی و توقییەی شیعەگەری، بەو مانایەی چەندە باش بیت، بەرامبەر لە خۆت بەباشتر بزانیت، نەك خود پەسەندیت هەبێت، ئەوەش کاریگەری دادەنێت لەسەر شوێنکەوتەکانیان، ئەگەر بە ئەدەبیاتی مەنسوب و موریدانی ئەو تەریقەتە لەناوچەکە بچینەوە تەنها یەك هەوڵ لەبەردەستە کە دژ بە پێکەوەیی بێت و جۆرێك لە کەم سەیرکردنی دەرەوەی خۆی تێدابێت، ئەویش نازانین ئەوشاعیرە میللییە کە (عەبدوڵڵا حەسەن)ەو لەگەڵ کابرایەکی کاکەییدا گرفتێکی هەبووە، گرفتەکەی خۆی بەناوی شێخ (عوسمانی سیراجەدینی یەکەم)ەوە ئاراستە دەکات و بە هۆنراوە دەڵێت:

پیری تەوێڵە ئەیفەرموو مچە دینەکەت فێڵە.

---

(1) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا ئەیوب ڕۆستەم)، سەرچاوەی پێشوو.
(2) نەوزاد صالح ڕەفعەت: یاداشتەکانی عیزەت کاکەیی ١٨٨٦-١٩١٤ز، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠١٣.
(3) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا ئاکۆ شاوەیس هاواری)، سەرچاوەی پێشوو
(4) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ(مامۆستا ئەیوب ڕۆستەم)، سەرچاوەی پێشوو.
(5) سەباح موفیدی: سەرچاوەی پێشوو.
(6) بەرزانی مەلا تەها: سەرچاوەی پێشوو ،ل١٣.

دیارە مچە کەسێکی کاکەیی و کاسبکارێکی ناوچەکە بووە، ئەم هۆنراوەیە ئەگەر چی هێرش و سوکایەتی تێدایە بەڵام لەبەرامبەر ئەوەدا دەیان وتن و شیعری مورید و مەنسوبان و خەلیفەکانی ئەو شێخانە هەن لە وێناکردنی جوان و پێکەوەیی ئەو پێکهاتەیەدا[1]. ئەو پەروەردە سۆفیزمەیە کەهۆنەرێکی وەك (مەولەوی تاوگۆزی)وا لێدەکات بچێتە سەر مەزاری (باوەیادگار) کەسایەتی ئایینی کاکەیی و یەکێک لە جوانترین شیعرەکانی لەو شوێنەوە گوتووە:

سەرشار صەهبای بەزم موناجات

مەلجەی ئیلتیجای ئەرباب حاجات

جای ڕجای جەرگەی پادشا و دەروێش

بارەگا و پەنا، پەی بێگانە و خوێش[2].

ئەو خۆشەویتسییەی کە تەسەوف لەنێوان موسوڵمانان و کاکەییەکانی ئەو ناوچەیەدا دروستیکرد، نەک بوو بەهەوێنی یەکێک لە هۆنراوەکانی مەولەوی، بەڵکو مەولەویشی لای کاکەییەکان خۆشەویست کرد، بەشێوەیەک لە گۆرانی و سرودە ئاینییەکانیاندا هۆنراوەکانی ئەو شاعیرە موسڵمانە سۆفییە لەسەر زاریانە[3].

بەراورد بەم نموونەی هەورامان، بۆچوونی پێچەوانەش هەیە، کە نەبوون یان کەمی ڕێژەی کاکەییەکان لە ناوچەکانی سنە و سابڵاغ بە لێکدانەوەی (مینۆرسکی- Vladimir Minorsky) بۆ کاریگەری زۆری موسڵمانی دەمارگیر وشێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان دەگەڕێنێتەوە، بەڵام بۆچوونی ئەم کوردناسە ڕۆژئاواییە، بەلێکدانەوەی (د.نوری تاڵەبانی) بینینێکی نالۆژیکیانەیە، چونکە بوونی کاکەییەکان لەو ناوچانە لە ڕووی مێژووییەوە زۆر کۆنترە لە بوونی شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی[4]. بۆیە نەك شێخەکان نەبوونەتە هۆکاری کەم بوونەوەیان لەو ناوچەیە، بەڵکو جۆرێتی پەیوەندییەکانیان بەڕادەیەك بووە دەبینین موسڵمانی ناوچەکە هەبوون لە تەریقەتی نەقشبەندی نارازی بوون و گلەییان هەبووە، بەڵام نابینین کاکەییەك هەبێت، ئەو نارەزایەتییەی لە شێخان و شوێنکەوتەی ئەو تەریقەتە هەبووبێت،ئەگەر بەشێکی ئەوە پەیوەندی بە باشی هەڵسوکەوتی شێخان و خەڵکەوە هەبوبێت، لایەنەکەیتری پەیوەست بووە بە کەمینەیی کاکەییەکان و خۆپارێزییان کردووە لە هەر جوڵەیەك کە ئارامی ناوچەکە بخاتە مەترسییەوە. ئەو جۆرە ئارامیەی ناوچەکە جگە لە کەلتورە زاگرۆسییەکە، کە مێژوویەکی کۆنتر لە بوونی تەریقەتەکەی هەبووە، ڕۆڵی شێخەکانیشی تیدا

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (هومایۆن صاحیب کریم) ، لەدایك بووی ١٩٧٣ی تەوێڵە، بڕوانامەی دبلۆم، نووسەر توێژەر لە هۆنراوە و عیرفانیات، خاوەنی بەرهەمی نووسراوە لەو لایەنەوە، شوێنی چاوپێکەوتن هەڵەبجەی شەهید، ڕۆژی(چوار شەممە)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن (٢٠٢٣/١/١٨)، کاتی چاوپێکەوتن کاتژمێر(٩:٣٠).

[2] عبدالرحیم بن سعید (مەولەوی): دیوانی مەولەوی، ل٢٨٨.

[3] سالار تاوگۆزی(د): لەپێناو پێکەوەژیاندا ناسری ڕەزازی و یارسان (کاکەیی) باوەیادگار و مەولەوی (https://haremnews.com)، سەردانیکردنی٢٠٢٢/٢/٥.

[4] باسیلیی نیکیتین: المصدر السابق، ص٣٤٧.

دەبینرێت، چونکە ئەوان بوونیان لە ناوچەکە بۆ مانەوە بووە، کەسێکیش بیەوێت بمێنێتەوە دەبێت ڕۆح پەروەردە بکات بۆ ئارامگرتن[١].

ئەو جۆرە پەروەردەیەشە پەیوەندی نێوان ئەو دوولایەنەی کردووەتە پەیوەندییەکی دۆستانە، بەجۆرێك دوور بووە لە بەرژەوەندی تایبەتی و مەبەستی پشت پەیوەندییەکان پێکەوەیی ژیان بووە، نموونەی ئەو پەیوەندییانەش لە نێوان شێخ (حیسامەدین) و سۆفی (ڕەشید)ی هاواریدا بینراوبیستراوە، بەجۆرێك زۆرجار (سۆفی ڕەشید)ی هاواری سەردانی شێخی کردووە و بۆ چەند ڕۆژێك لەوێ ماوەتەوە و لە کۆڕی شێخدا ئامادەیی هەبووە، تەنانەت پێکەوە نانیان خواردووە و ئامێری مۆسیقای تەنبووری ژەندووە کە تایبەتە بە ڕێوڕەسمە ئاینییەکانی کاکەیی، بە ئامادەیی شێخ و موریدان لەو کۆڕانەدا ئەم شێخە نەقشبەندییە سونیگەرایە، داوای لە موسڵمانان کردووە پەیوەندیان لەگەڵ کاکەییەکان درێژە پێبدەن[٢]. تەنانەت ئەو لێك نزیکییە تاوەکو ئاستێك ڕۆشتووە هەندێك جار شێخەکان لە ڕوانگەی ڕاگرتنی دڵی ئەوانیتر و بۆ ئەوەی ئەو تەباییە تەواوەتییە لە ناوچەکە ڕابگرێت، گوتویەتی: "من هیچ کات خۆم لەوان (کاکەییەکان) بەباشتر نازانم". وەك ئەوەی شێخ (عوسمان سیراجەدینی یەکەم) گوتبووی[٣].

هەژموونی شێخەکان لەو ڕۆژگارانەدا جۆرە یەکێتییەکی لە نێوان موسڵماناندا دروستکردبوو بەچاوی مەرجەعەوە سەیری شێخ دەکراو گووتەکانی ڕەنگدانەوە و کاریگەری خۆیان لە ناو زۆرینەی موسڵماناندا هەبوو، ئەوەش دۆخێکی ئەرێنی بۆ پێکهاتەی کاکەیی خولقاندبوو، چونکە کاتێك شێخ قسەیەکی دەکرد موسڵمانی ناوچەکە پێوەی پابەند دەبوون، وەك پیرۆزی پێگە وکەسێتی، بەهۆی کاریگەری پێگەی ڕۆحی شێخەکانەوە[٤]. هەرئەو پەیوەست بوونەشە وایکردووە کوردناسان بڵێن کوردەکان بەیەك ئاماژەی شێخەکەیان بۆ چەك هەڵگرتنیش ئامادەبوون[٥]. کە دیارە کاریگەرییەکان زیاتر لە ناو پەیڕەوکارانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. لەبەر ئەوە شێخەکانیش وەك کەسانێکی پابەند بەدین و بروادار بە ئازادی ئایینی هیچ کات قسەیەکیان لێوە نەبیستراوە دژی پێکهاتەکانیترتاوەکو لەلایەن شوێنکەوتە وموسڵمانانەوە بکرێتە بەهانە بۆسنوربەزاندن وستەمکردن لە کاکەییەکان[٦]. بۆیە بە ئاراستەکردنەکانی شێخ و پیاوانی ئایینی لە سنورەکە، هاوتا بە کەلتوری لێبوردەیی و قەبوڵکردنی بەرامبەر وای کردبوو جۆرێك لە پەروەردە کۆمەڵگا ئاراستە بکات، جیاوازییەکان لە خۆیدا قەبوڵبکات، بەڕادەیەك بناغەی ئەو جۆرە پەروەردەکردنە پتەوبووە، زۆر پێویستی بەوە نەبووە دوانگەی مزگەوتەکان بەو بابەتەوە سەرقاڵبکرێن، چونکە لای تاکی هەردوولا کرابووە کەلتوور[٧].

تەنانەت نزیك بوونەوەی شێخەکان لە کاکەییەکان بەڕادەیەك بووە خۆیان نەبواردووە لە خواردنی خۆراکیان و هەڵسوکەوت نەکردن لەگەڵیان، بەڵکو وەك چۆن لەگەڵ موسڵمانان هەڵسوکەوتیانکردووە لەگەڵ کاکەییەکانیش بە هەمان شێوە بوون، شێخەکان هەوڵیانداوە ئەو بەندو

---

[١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا و نووسەر هومایۆن ساحێب کەریم)، سەرچاوەی پێشوو.

[٢] سەفەر کەریم هاواری: کوردستان وڵاتی پێکەوە ژیان شاری هەڵەبجە وەك نمونەیەکی گەش، وەك بەشێك لە کتێبی کوردستان وڵاتی پێکەوە ژیان، چ١، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٩٨.

[٣] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا و نووسەر هومایۆن ساحێب کەریم)، سەرچاوەی پێشوو.

[٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا ئاکۆ شاوەیس هاواری)، سەرچاوەی پێشوو.

[٥] باسیلیی نیکیتین: المصدر السابق، ص٣١٦.

[٦] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا ئاکۆ شاوەیس هاواری)، سەرچاوەی پێشوو

[٧] عەزیز ڕەسوڵ: سەرچاوەی پێشوو.

باوە ئاینییانەش تێپەڕێنن کە سەربڕدراوی دەستی خەڵکانی ناموسڵمان نەخۆن و بە خواردنێکی قەدەغەکراوی بزانن، لەو ڕووەوە نموونەیەك لە خودی شێخ (حیسامەدین)ەوە باسدەکرێت کاتێك ڕاوچییەکی کاکەیی بەناوی (غەفار) چەند کەوێکی ڕاوکراوی پێدەبێت، لەلایەن شێخەوە بانگدەکرێت و کەوەکانی لێوەردەگیرێت بە خەلیفە و سۆفییەکانی ناو ئەو دانیشتنە کەوەکان پاکدەکات و هەرلەوێدا ئامادە دەکرێت بۆخواردن و تەنانەت شێخ بەشە خواردنی خۆی لەگەڵ ڕاوچییە کاکەییەکەدا دەخوات، ئەم بابەتە وانەیەکی کرداریی شێخ بووە بۆ دەووروووبەرەکەی تاوەکو پێکەوەیی و تەبایی زیاتر گەشە پێبدات[1]. هەرچەندە ئەو هەنگاوەی شێخ بە پێچەوانەی بنەما ئاینییەکان بینراوە، بەڵام ڕەنگە خواردنی شێخ لە سەربڕراوی دەستی ئەم کەسە کاکەییە بەدەر لە خەسڵەت و ئاکارەکەسی و تایبەتییەکان، کە دەکریَت لەو کەسەدا هەبووبێت و شێخ تێیدا بەدیکردبێت و ڕەچاوی کردبێت، لەهەمان کاتدا پشت ئەستوورە بەو دەقە شەرعییە، کە بواری ئەوە دەدات سەرجەم ئایینە جیاوازەکانی دیکە، هەمان مامەڵەی ئەهلی کیتابیان لەگەڵ بکریَت، بەو پێیەش خواردنی دەستیان حەرامێکی یەکلابووەوە نییە و، دەکریَت لە قوڵایی شەرعدا جێ و ڕێی هەبێت. وەك ئەوەی خەلیفە (عومەری کوڕی خەتاب) دەربارەی (مەجوسەکان) تێرامابوو کە نەی دەزانی بەچی و چۆن ڕەفتاریان لەگەڵ بکات تاوەکو (عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف) گوتی: گەواهی دەدەم خۆم لە پێغەمبەرم بیست فەرمووی، هەمان مامەڵەی ئەهلی کیتابیان لەگەڵ بکەن[2]. سەرباری ئەوەی زۆرێك لە زانایان ئەم بابەتە تایبەت دەکەن بەبواری سەرانەوە و بابەتی سەربڕین و هاوسەرگیری لێ هەڵاوێردەکەن، بەڵام دواجار ئەمە قسەی کۆتایی و یەکلاکەرەوە نییە، بەڵکو جێگەی مشتومڕی زانایانە. هەروەك (ئیبن مونزیر) گوتویەتی:"حەرامێتی هاوسەرگیری کردن و خواردنی سەربڕراوی دەستی جگە لە ئەهلی کیتاب لەنێو زانایاندا کۆدەنگی لەسەر نییە، هەرچەندە زۆرینە لەسەر ئەوەن کە حەرامە"[3].

هۆکاری ئەو جۆرەش لە هەڵسوکەوتن کردن لەگەڵ کاکەییەکاندا پەیوەست بووە بەوەی کاکەییەکان و کەسایەتییەکانیان خەڵکی بێگرفت و بێکێشەن، ئەوان سەربەگۆبەن و دوزمان و ئاژاوە چی نین، بەڵکو دۆستی ئارامی و پێکەوەژیانن، ئەمانە خۆدوور دەگرن لە نەفرین (لعنة) و جنێودان بە هەر بیروباوەڕو ئاینێکیتر، تەنانەت نەفرین لە شەیتانیش ناکەن، لە بڕوای ئەواندا نەفرین کردن نییە نە دژ بە تاك نە دژ بە ئاین و بیروباوەڕەکانیتر، پیکهاتەیەکی کەم وێنەن لە ئارامی و دوور لە کێشەوگرفتن لەگەڵ خەڵکانیتر و دەووروبەریان[4].

پەیوەندی کاکەیی و موسڵمانەکان جودابووە لە پەیوەندی نێوان موسڵمان وئێزدییەکان، چونکە ئێزدییەکان بەچاوێکی زۆر قین و دوژمنانەوە تەماشای موسڵمانەکانیان دەکرد.[5] بۆیە مێژوویی پێکەوەیی موسڵمانان لەگەڵ هەردوو پێکهاتە ئاینییەکە لە بەراووردکردندا جیاوازییان هەیە، بەشێکی هۆکاری ئەو جیاوازییەش پەیوەستە بە تێروانین لەیەکتری، ئەو تێڕوانینەشە وایکردووە ئێزدییەکان

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا ئەیوب ڕۆستەم)، سەرچاوەی پێشوو.

[2] أبو بكر أحمد بن الحسين بن علي ( البيهقي): في سننه الكبرى، باب اعْتِبَارِ الْكَفَاءَةِ. السنن الكبرى وفي ذيله الجوهرالنقي، مجلس دائرة المعارف النظامية الكائنة في الهند ببلدة حيدر آباد، جلد٩، الطبعة الأولى، برقم: ١٤١٢٩، ١٣٤٤هـ. ج٩، ص١٨٩.

[3] محمد بن علي بن محمد الشوكاني: نيل الأوطار من أحاديث سيد الأخيار شرح منتقى الأخبار، ج٨، مع تعليقات يسيرة لمحمد منير الدمشقي، إدارة الطباعة المنيرية، ص١٣٦.

[4] عەباس العزاوی: المصدر السابق، ص٣٦، ٦٧،٦٩.

[5] نەوزاد صاڵح ڕەفعەت: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩.

پێچەوانەی کاکەییەکان ڕووبەڕووی ڕووداوگەلێکی توندوتیژ ببنەوە، بە پێچەوانەی کاکەییەکانەوە. کاکەییەکان ئەگەرچی بونیان لە ناو سلێمانیدا هەبوو بە جیاوازی ژمارەیان لە چاو هەورامان و هەڵەبجە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ناو سلێمانیدا لە ئاماری فەرمیدا بونیان ئاشکرانەکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەلایەن شێخ و کەسایەتییەکانی ناو شاری سلێمانیشەوە ڕێز لێگیراوبوون، تەنانەت لە سەروبەندی شۆڕشی شێخ (مەحمود)دا لە سلێمانی کەسێك بەتۆمەتی سیخوڕی بۆ ئینگلیزەکان لەلایەن چەکدارەکانی شێخەوە دەگیرێت و بڕیای کوشتنی دەدرێت، لەسەر تکای کەسێکی کاکەیی شێخ لەو بڕیارەی پاشگەزدەبێتەوە و بەخاتری ئەو کاکەییە ئازادی دەکات، تەنانەت بەر لەو قۆناغەش سکرتێری تایبەتی شێخ (سەعیدی حەفید) وەك شێخێکی دیاری تەریقەتی قادری کەسایەتییەکی کاکەیی بووە بەناوی (عیزەت کاکەیی)[١]. پێچەوانە بە هەورامان و هەڵەبجە کە لە ئامارەکاندا بە تایبەتمەندێتی ئایینی خۆیان تۆمارکراون[٢].

لەکاتێکدا لەناوچەکانیتر ئەو کەمینانەی وەك (کاکەیی و ئێزدی و هەقە)کە هەبوون، گوایا لە ڕووی بیروباوەڕیانەوە کەم یا زۆر لە ئیسلام دوورکەوتونەتەوە، بیروباوەڕیی خۆیان بەنهێنی و شاراوەیی وەرگرتووە و خۆیان ئاشکرا نەکردووە، لە ترسی زۆرینە و کاربەدەستانی دەرووبەر، تاوەکو دژایەتی نەکرێن[٣]. بەڵام لە هەڵەبجە و هەوراماندا ئەمە پێچەوانەیە، چونکە هەر لەسەرەتای هاتنی کاکەییەکانەوە بۆ هەڵەبجە و بوونیان لە گوندەکانی (هاوار و هاوارە کۆن و دەرەتوێ)دا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان لەگەڵ زۆرینەی موسڵمانی ناوچەکە لەو پەڕی پتەویدا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی مەزارگەی پیرۆزی کاکەییەکان لەناوچەکە وەك (شاخی شنروێ، تەپی سەفا، ناوچەی هۆرێن، ئەحمەد بڕندە و فەقێ جنە) بەڵگەی ڕوونی پێکەوەژیانی هەردوو پێکهاتەکەیە[٤]. ئەم جیاوازییە لە نێوان کاکەییەکانی هەڵەبجە و سلێمانیدا ئەوەندەی پەیوەندی بە ئەو لایەنەوە هەیە کە کاکەییەکانی ناو سەنتەری سلێمانی نەیانویستوە خۆیان ئاشکرا بکەن، ئەوەندەش پەیوەندی بەو هەستکردن بە ئاسایشەوە هەیە کە لە هەورامان و هەڵەبجەدا بەرقەرار بووە بۆ ئەوان تاوەکو بتوانن سڵ لە خۆناساندنیان وەك کاکەیی نەکەنەوە .

جووڵەی بەرپرسیارانە و بڕوابوون بە لایەنی بەرامبەر بە سروشتە تایبەتەکەی خۆی وا لە مرۆڤ دەکات دەرەوەی بیروباوەڕەکانی خۆی قبوڵ بکات، چونکە ئەویدیش هەمان ئەو مافەی هەیە کە مرۆڤ بۆ خۆی دەخوازێت هەیبێت، بەوەش هەمووان لە پێناو کۆمەڵگایەك کە مرۆڤ بوون تێیدا بالاترین بێت و چاکە خوازی پێوەربێت هەمووان دەکاتە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەگەر لێبوردەیی و پێکەوەیی نەبێتە بنەڕەتی پەیوەندی نێوان تاکە جیاوازەکان، کۆمەڵگای مرۆیی بە ئامانجە باڵاکانی ناگات[٥]. بەهۆی ئەو پەیوەندییە دۆستانەیان لەگەڵ موسڵمانان کاکەییەکان ڕێزێکی زۆر لە مانگی ڕەمەزان دەگرن ئەگەرچی تێیدا بە ڕۆژوو نابن، بەشداری جەژنەکانی قوربان و ڕەمەزان وشیرینی بەخشین و سەردانی ماڵانی موسڵمانان دەکەن، تەنانەت لە گەڕانەوەی حاجیانی موسڵمان لە بەجێهێنانی فەریزەی حەجدا کاکەییەکان سەردانیان دەکەن و دەستییان ماچ دەکەن، لەبەرامبەریشدا

[١] نەوزاد صاڵح ڕەفعەت: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨،٢١.
[٢] شاهۆ عوسمان سەید قادر: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨.
[٣] جەمال بابان: یاداشتنامەی ژیانم، چ١،بەڕێوبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٧٥.
[٤] نەریمان عەبدوڵڵا عەلی: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٦،١٧٧.
[٥] حسين علي مصطفى: ادبيات التعايش بين المذاهب، ط١، دار الملاك، بيروت، ٢٠١٠، ص٢٣،٢٤.

موسڵمانان لە ئەنجام دانی خێری قوربانی و کارە خێرییەکاندا ماڵە کاکەییەکان لەبیرناکەن و پشکداریان دەکەن، تەنانەت ناونانی منداڵانی کاکەیی لە سنورەکە بەهەمان ناوە ئیسلامییەکانە[1].

خۆشبەختانە کۆمەڵگای کوردی لە چاو کۆمەڵگاکانیتردا لە ڕووی کێشە ئایینی و ئاینزاییەکانەوە تاوەکو ڕادەیەکی باش دوور بووە لە ململانێی ئایینی، ئەگەرچی چەندین ئاین و ئاینزای لە خۆگرتووە، لە هەموو دۆخەکاندا دەبێت بیروبڕوای هەر توێژ و ئاینێك وەك خۆی وەربگیرێت و بڕوای ئەو بڕوادارنە بێتە قبوڵکردن و ڕێزلێگرتن، کەواتە قبوڵکردن مەرجی سەرەکی ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە[2]. بابەتێك کە جێگەی پرسیارە لەوەی خانەقای شێخەکان و ناوەندەکانی خوێندنیان بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی دین و سۆفیزم بووە، لەو ناوچانەی کە لێی بوون. کەچی نابینین و هەست پێنەکراوە لەوەی شێخانی هەورامان بەو مێژووەی کە هەیان بووە لە ناوچەکە لە ڕێگەی مەلایەك یان خەلیفەیەکی شێخەوە چووبێتنە ناوچەی کاکەییەکان و هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامیان دابێت، لەکاتێکدا خانەقاکانیان سنورێکی زۆر دوورتر لە هەورامان ڕۆشتوون بە ئاراستەی ڕۆژهەلاتی کوردستان و ناوچەکانی گەرمە سێر و تەنانەت بۆ دەرەوەی سنوری عێراق و هەندێك لە وڵاتانی ناوچەکەش. کەسایەتییەکانی ناو تەریقەتەکە لەو بڕوایەدان هۆکارێك بۆ ئەوە داخراوی کاکەییەکان بووە، لەوەی دەرگا بە ڕووی ئاین و بیرو باوەڕیتردا بکەنەوە تاوەکو لەناویاندا کار بۆ بڵاوکردنەوەی بکرێت، لەسەر ئاستی گشتی ئەگەرنا لەسەر ئاستی تایبەت کەسایەتی و تاکیان تێکەڵاویان لەگەڵ شێخەکانی نەقشبەندی و خانەقاکانیاندا هەبووە[3]. وەنەبێت ئەو جۆرە مامەڵەیەی شێخەکان لەگەڵ کاکەییەکان دەنگی نەیار و نەشازی دژ نەبووبێت، بەڵکو چ لە ناو کاکەیی و چ لە ناو موسڵماناندا خەڵك هەبوونە ئەو پەیوەندییانەیان پێباش نەبووە، بگرە دژیشی بوون، بەڵام نە شێخەکان کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەو جۆرە لە بیرکردنەوە کورت بینییەی هەندێك لە موریدان و نە کاکەییەکان و دۆستانی شێخیش بەرەخنەی خەڵکی خۆیان سارد بوونەتەوە لەو پەیوەندییانەیان.

لەو بارەیەوە یەکێك لە کەسایەتییە کاکەییەکان بەناوی (مامە شەریف) وەك خۆی دژی ئەوە بووە هەندێك کەسی کاکەیی و لەناویشیاندا سۆفی (ڕەشیدی کاکەیی) دژی سەردانی بەردەوام و پەیوەندی توند و تۆڵی لەگەڵ شێخ (حیسامەدین)دا بووە، ویستوویەتی لەو پەیوەندییەی پەشیمانی بکاتەوە چووەتەلای و پێی ڕاگەیاندووە، هیچ پێویست ناکات تۆی بڕواداری کاکەیی بەو جۆرە پەیوەندیت لەگەڵ شێخێکی موسڵماندا هەبێت، بەڵام ئەو لە باسی توانستە ڕۆحییەکانی ئەو شێخەدا بەرامبەری قەناعەت پێکردووە، لەگەڵێدا بێت و سەردانێکی ئەو شێخە بکات تاوەکو خۆی ڕاستییەکان بزانێت و بۆ خۆی ئەو شێخە موسڵمانە تاقیبکاتەوە، بەپێی گێڕانەوەی دەماودەمی کاکەییەکان کاتێك ئەو دوو کەسایەتییە کاکەییە پێکەوە سەردانی شێخ (حیسامەدین) دەکەن و شێخ بەخێرهاتنیان دەکات و کڵاوەکەی خۆی دادەگرێت و دەیکاتە سەری (مام شەریف)، ئەم ڕووداوە بۆ (مام شەریف) جێگای تێڕامان بووە، چونکە پێش چوونی بۆ لای شێخ کارێکی وای بەمەرجی توانای ڕۆحی شێخ دانابوو، لەگەڵ سۆفی ڕەشیدی هاودینی خۆی باسی لەوە کردبوو، پاش بینینی ئەو ڕووداوە ناچار مام شەریف دەبێتە دۆستی شێخ و دان بەتوانای ڕۆحی ئەو شێخەدا دەنێت[4].

---

[1] سەفەر کەریم هاواری: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٣،٢٠١،٢٠٠.
[2] هەمان سەرچاوە، ل١٨٣،١٨٦.
[3] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ موحسین شێخ خالید موفتی-ئەحسەن)، سەرچاوەی پێشوو.
[4] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا ئاکۆ شاوەیس هاواری)، سەرچاوەی پێشوو.

هەڵسوکەوتی شێخەکانی نەقشبەندی لەگەڵ پێکهاتە ناموسڵمانەکانی ناوچەکە بەجۆرێك بووە، زەمینەسازی بۆ پەروەردەیەکی ئایینی میانڕە و لە ناوچەکە کردبوو، دکتۆر (عەلی سوڵتانی) لە دیدارێکی تایبەت بە هەوراماندا دانی بەو ڕاستییەدا ناوە، تاوەکو نەیاران نەتوانن بۆ سودی خۆیان بەکاری بێنن، بەجۆرێك تەبایی کاکەییەکان و ناوچەکەیان لە سنوری هەورامان ئەوەندە بووە کە قوتابیانی کاکەیی ئەو سێ گوندە، هاتونەتە (تەوێڵە)و خوێندوویانە و ئەوەندەی لەو مێژووە بینراوە و بیستراوە هیچ ڕووبەڕووبونەوەیەکی نەشاز لەنێوان ئەو پێکهاتە ئاینیانەدا ڕووینەداوە[1]، بەجۆرێك ئەو پەیوەندییە دروستانە تەنیا لەگەڵ کاکەییەکانی هاوار و هەوراماندا نەبووە، تاوەکو لە چوارچێوەی ئەگەری هاوسێبووندا بیبینین، بەڵکو تەنانەت ئەو کاکەیانەشی کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و بەهۆی گرفتی کەسی و کۆمەڵایەتییەوە ئاوارە بوون و هاتبوونە ناوچەکە، لەلایەن خەڵکی ئەو سنورە و بەتایبەتی گوندی (دەرەشیش)ەوە جێدەکرێنەوە و تەباو بێگرفت ژیانی خۆیان بەڕێدەکەن[2].

بەو پێیەش موسڵمانان و پەیڕەوکارانی ئاینەکانیتر لە پێکەوەییەکی بێگرفتدا ژیانیان بەڕێکردووە، بێگوێدانە بیروباوەڕی ئایینی، جا ئەو ئاینە ئاینێکی ئاسمانی بوبێت یان نا، قەبوڵکردنی بەرامبەر بە خەسڵەت و بڕوای خۆیەوە وایکردووە شێخەکانی نەقشبەندی گرفتیان لەگەڵ کاکەییەکاندا نەبێت نەلە ژەنینی تەنبورر و نە لەو سیما تایبەتەی کە کەسێکی کاکەیی پێی دەناسرێت، بەشداری دانیشتنەکانی شێخ و موریدانی شێخیان کردووە، ئەگەرچی جێگەی گلەیی هەندێك لەموریدان بووە، بەڵام شێخ خۆی بەو کرانەوە و تێگەشتنە ئاینییەی کە هەیبووە، ڕێگەی بەو دۆخە داوە.

تێکەڵاوبوونە کۆمەڵایەتییەکانی کاکەییەکان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە وای لێنەکردوون خۆیان وون بکەن، بەڵکوو هەندێك سیمای کۆمەڵایەتی و ئایینی خۆیان وەك (سمێڵ هێشتنەوە، ڕۆژوو گرتنی تایبەت بەخۆیان و جەژن و کۆبوونەوە تایبەت و گشتییەکانیان بپارێزن) لەگەڵ ئەوەشدا ڕەچاوی دۆخە کۆمەڵایەتییەکەی موسڵمانانی سنورەکەیان کردووە، لە تێکەڵاویکردن و بەدەمە چونیان[3]. تەنانەت لە بۆنەی موسڵماناندا وەك جەژنە ئاینیەکانی (قوربان و ڕەمەزان) ئەوانیش هاوشێوە بە موسڵمانان شیرینی دادەنێن و پێشوازی لە میوانە موسڵمانەکان دەکەن لە گەڕان و سەردانیکردنیان[4]. بەڵام هیچ حاڵەتێك نەبیستراوە کە شێخانی هەورامان بەهۆی بۆنەکانیان یان سەردانی تایبەت، سەردانی گوندی هاواریان کردبێت[5].

بڕوا بەیەك بوون تاوەکو ئاستێك بووە هەردوولا ڕاستی یەکتری بڵێن، بۆیە کاکەییەکان بۆ خۆیان دەڵێن هیچ کات بەناوی دینەوە ئێمەی کاکەیی لەو سنورەدا ستەممان لێنەکراوە، بەجۆرێك هەستمان بە جیاوازی نەکردووە، لە پارێزگاری لە سنورەکە دژ بەهێزە پەلاماردەرەکان لەگەڵ موسڵمانەکاندا بەشدارییانکردووە. تەنانەت پەیوەندییەکان بەجۆرێك بووە لەکاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی سوپای ئینگلیز و داگیرکردنی گوندی (هاوار) لەلایەن ئەو سوپایەوە، هاوارییەکان ناچار بە چۆڵکردنی گوندەکانیان دەکرێن و دێنە گوندەکانی (دەڵەی مەڕ و عەبابەیلێ) بێگوێدانە جیاوازی بیرو باوەڕی ئایینی لەلایەن خەڵکی موسڵمانی ئەو گوندانەوە لە دروستکردنی کەپر و شوێنی مانەوە و

---

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا و نووسەر هومایۆن ساحێب کەریم)، سەرچاوەی پێشوو.
[2] سەفەر کەریم هاواری: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٦.
[3] شێخ عەلی: شارەکەم هەڵەبجە، چاپخانەی ڕوون ، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ١٠١.
[4] نەریمان عەبدوڵڵا عەلی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨.
[5] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا ئاکۆ شاوەیس هاواری)، سەرچاوەی پێشوو.

پێویستییەکانی ژیان هاوکاری دەکرێن، بەجۆرێك هەر ڕۆژەی لەلایەن کەسێکەوە دەعوەت دەکران[١]. ئەوەشیان لەپای ئەو هەڵوێستەیان بوو لە بەشداریکردن لە شۆڕشی شێخ (مەحمود) دژ بە سوپای ئینگلیز[٢]. بەبێ لە بەرچاوگرتنی ڕێگرییەکانی بەردەمیان لە جودایی بیروباوەڕئەم پێکهاتە ئایینییە لە ناوچەکە بە هاوبەشی لەگەڵ موسڵمانەکان دژ بە هەژموونی بێگانە وەستاونەتەوە[٣].

نێوان هەرسێ گوندەکەی هاواری و ناوچەی شێخەکان زۆر نزیك بوون و هاوسنوور بوون، لەگەڵ ئەوەی هیچ ستەمێکیان لێنەکراوە، لەسەردانیکردنی کاکەییەکان بۆ (تەوێڵە و بیارە) بەمەبەستی ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان مانەوەیان لە ماڵی شێخاندا بووە[٤]. دیارە ئەوەش بەڵگەی هەستکردن بووە بە ئارامیەکی تەواو بۆیە پەنای بۆبراوە، بەڵام پێچەوانە بە پەیوەندییان لەگەڵ شێخەکان کاکەییەکان هەندێك جار لەسەر دەستی بەگەکان ڕووبەڕووی ستەم بوونەتەوە، وەك چۆن خودی هەوراامییەکانیش دوچاری بوون، لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتە دونیاییەکانی بەگەکان هەوڵیانداوە زەویی و باخی کاکەییەکان داگیر بکەن و بۆخۆیان بەکاری بهێنین، بەڵام هیچ کات کارێکی لەو شێوەیە لەلایەن شێخە خاوەن پێگەکانی هەورامانەوە نەبیستراوە[٥]. هەرچەندە گلەیی موسڵمانانی هەورامان لە هەندێك لە شێخەکان هەبووە بەوەی زەوییان داگیرکردوون و لەسەر خۆیان تاپۆیانکردووە.[٦]بەڵام ئەم دیاردەیە دژ بە کاکەییەکان نابینین، کە ڕەنگە بۆ شێخەکان ئاسانتر بوبێت لە ژێر پەردەی ئایندا زەوی و موڵکیان داگیر بکەن.

پەیوەندیی کاکەییەکان زیاتر لەگەڵ هەوراامییەکاندایە، هەرچەندە لە ڕووی ئاینییەوە جودان، بەڵام بۆئەوە هۆکارگەلێك هەن، لەوانەش فەرهەنگ و تێکستی ئایینی کاکەیی بە زمانی هەورامی نوسراوەتەوە[٧]، لەگەڵ ئەوەشدا کاکەییەکان بەهەورامی قسەناکەن چونکە ئەوان لە سێ بەش پێکهاتوون (پیرسمایل) کە لە بنەڕەتدا خەڵکی ناوچەی (کەوەڵانە) لە پێنجوێن[٨]، ئەمانە بەهۆزی (کوێخا) بەناوبانگن[٩]. تایفەی (وسەین) جافی جوانڕۆن و خەڵکی ناوچەی ( کڵاش)ن، پێکهاتەی سێیەم تایفەی (کاك ئەحمەدی)ە، دایکیان هەوراامییە و باوکیان جافە[١٠]. بەهۆزی (دۆمان) ناسراون، بەهۆی دروستکردنی کڵاش لە (هاوارەکۆن) نیشتەجێبوون[١١]. واتە لە سێ تایفەی پێکهێنەر دوو تایفەیان بە تەواوی جافن و بەشێك لە تایفەی سێیەمیان هەوراامییە، بۆیە بەشێوەزاری هەورامی قسە ناکەن، تەنانەت ئاستی پەیوەندی کاکەییەکان بە کۆمەڵگای موسڵمانی ناوچەکەوە بەجۆرێك بووە، لە ناوەندگیرییە کۆمەڵایەتییەکاندا هاوشێوە بەکەسایەتییە موسڵمانەکان ڕیش سپی یان کوێخا کاکەییە-کانیش لە چەشنی کوێخا (شاوەیس، خەسرەو، بارام) بەشدارییان لەو چارەسەرییانەدا کردووە، هەروەها لە شایی و خۆشییەکانی یەکتردا بەشدارییان کردووە، هەروەها نەبیستراوە لەلایەن شێخانی

---

[١] ڕەمەزان میرخان: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦.
[٢] سەفەر کەریم هاواری: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٨.
[٣] محمد خاني چهري: منبع قبلی، ص١٤.
[٤] چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ (مامۆستا هومایۆن ساحێب)، سەرچاوەی پێشوو.
[٥] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا ئاکۆشاوەیس هاواری)، سەرچاوەی پێشوو.
[٦] موستەفا ئیبراهیم زەڵمی: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨ ،٤٤٦.
[٧] سەفەر کەریم هاواری: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٨.
[٨] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا ئاکۆ شاوەیس هاواری)، سەرچاوەی پێشوو.
[٩] نەریمان عەبدوڵڵا عەلی: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٦.
[١٠] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا ئاکۆ شاوەیس هاواری)، سەرچاوەی پێشوو.
[١١] ڕەمەزان میرخان: هاوار و ...، ل ٥٦،٥٧.

نەقشبەندییەوە لە ناوچەکەدا داوا لە کەسایەتییەکانی کاکەیی کرابێت ببنە موسڵمان[١]. تەنانەت لەقۆناغی ئەوپەڕی بالادەستی شێخانی نەقشبەندی و پەرینەوەی هەوڵەکانی شێخان بۆ دەرەوەی هەورامان و کردنەوەی خانەقاکان لە دەرەوەی هەورامان و هەڵەبجە، هیچ مەلا و کەسێکی سەربەو تەریقەتەیان نەناردووەتە ناو کاکەییەکان بۆ گۆڕینی ئاین و بیروباوەڕیان.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڕوایان بە چارەسەری شێخەکانی نەقشبەندی هەبووە و بۆ ئەو مەبستە سەردانیان کردوون[٢]، تەنانەت لە چارسەرکردنی ژنی وسەین(حسین)بەگی گۆران کوڕی (قەمەرسوڵتان) لە (داڵەهۆ) پەنا بۆ شێخ (عوسمانی سیراجەدینی دووەم) براوە، هەروەها چارەسەری نەخۆشی (بارام سوڵتان)ی کوڕی (قەمەرسوڵتان)ی کردووە، پاش ئەوەی لە چارەسەری دکتۆرەکان بێهیوا بووە، بەوهۆیەشەوە ناوبراو، دەچێتە لای شێخ و موسڵمان بوونی خۆی ڕادەگەیەنێت[٣].

بۆیە کاتێك دێین ئەو مێژووە بەراورد دەکەین بە مێژووی ڕووبەڕوو بوونەوەی خەڵکانی ناموسڵمان لەلایەن هێزە موسڵمانە کوردییەکانەوە، وەك ڕووبەڕوو بوونەوەکانی میرانی بابان بۆ لێدانی ئێزدیەکان و میری سۆران بۆ کوشتاری ئێزدێیەکان، ئەو هەوڵ و جۆرە هەڵسوکەوتکردنە لەهەورامان و سایەی شێخانی نەقشبەندیدا نابینین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێخانی نەقشبەندی لە پابەند بوون و سوربوون بە پاراستنی بیروباوەڕی ئایینی خۆیان، ئامادەیی دژوەستانەوەیان هەبووە بەرامبەر هەوڵەکانی ئەو هێزانەی کە وێستوویانە بیرکردنەوەی ئایینی و ئاینزایی لە ناوچەکەدا بگۆڕن[٤]، وەك هەوڵەکانی شێخ (عوسمان سیراجەدینی یەکەم) بۆ ڕاگرتنی هەڵمەتی شیعەگەری لە سنە و ناوچەی ئەردەڵان، بۆیە بڕوا بوون بە ئاین لەلایەن ئەم شێخانەوە بڕوایەکی چەسپیوی دوور لە دەمارگیریی بووە، چونکە شێخێکی تەریقەت گەر دەمارگیر بوایە بۆ ئاینەکەی لە ناردنی نوێنەر بۆ لای فەرمانڕەوایانی قاجار بۆ ڕاگرتنی هەڵمەتی بەشیعەکردنی خەڵکی لە ناوچەیەکی سونەگەرادا، دەبوو کاریشی بۆ گۆڕینی ئایینی پێکهاتەی کاکەیی بکردایە[٥]. بەڵام ئەوەندەی زانرابێت لەبری هەوڵی گۆڕینی ئاینیان هەوڵی پێکەوەژیانیان پەرە پێداوەو لەو ڕێگەیەشەوە توانیویانە پێکەوەیی بپارێزن و تەنانەت کاریگەریشیان لەسەر دابنێن.

---

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا ئاکۆ شاوەیس هاواری)، سەرچاوەی پێشوو.
(٢) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ ثابت شێخ عەلائەدین نەقشبەندی)، سەرچاوەی پێشوو.
(٣) شێخ موحسین شێخ خالید موفتی(ئەحسەن): گەوهەری حەقیەقەت...، ب٤، ل٢٦٦،٢٦٧.
(٤) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا و نووسەر هومایۆن ساحێب کەریم)، سەرچاوەی پێشوو.
(٥) عبدالرحیم بن سعید (مەولەوی): دیوانی مەولەوی، لاپەڕەکانی پێشەکی ل ،ع.

**ئەنجام.**

پاش گەڕان و کنەکردنی سەرچاوەگەلێك بۆ پڕکردنەوەی نووسینی ئەم ناونیشانە ئەوەی وەك ئەنجامی نووسینەکە بەدەست هاتووە ئەم چەند خاڵەن:-

یەکەم/ تەریقەتی نەقشبەندی و ڕێبەرە ڕۆحییەکەی پاش ئەوەی لە ناوچەکە کەوتنە هەوڵ و کۆشش بۆ بڵاوکرنەوەی ئەو جۆرە لە بیرکردنەوەی ئاینی و بەهۆی ئەو پێشوازییە گەورەیەی لەڕووی جەماوەرییەوە لێیکرا، جۆرێك لە دژبەری لەگەڵ هێزە پێشینەکانی تەریقەتگەرایی لە نموونەی قادرییەکان بۆ دروست بوو، بنەڕەتی ئەو ناکۆکیانەش بیرکردنەوەی جودایی ئایینی نەبوو، بە تایبەتی لەلایەن قادرییەکانەوە، بەڵکو بەهۆی ترسان بووە لە پێگەی کۆمەڵایەتییان بەهۆی ئەم تەریقەتە تازەیەوە، کە خەڵکێکی زۆری ناوچەکەی بەرەو باوەشی خۆی کێش دەکرد. ئەوەش هۆکاری دژایەتی ڕێبەر و تەریقەتەکەی بوو لەو قۆناغەدا.

دووەم/ پاش مەولانا بەهۆی جیابوونەوەی سنوری تەریقەتی نەقشبەندی لەلایەن شێخانی هەورامانەوە، بە جۆرێك ئەو مەترسیانەی کە مەولانای ڕێبەریان بۆ تەریقەتی قادری دروستیکردبوو، ئەمان نەبوونە جێگای مەترسی بۆیان لەلایەك، لەلایەکیتر نەوەی شێخەکانی پاش شێخی نۆدێی لە قادرییەکان و خەلیفەکانی مەولاناش جۆرێك لە گونجان لەگەڵ تەریقەتی خۆیان هەڵبژارد وسەرقاڵ نەبوون بە ناکۆکیەوە وەك قۆناغی مەولانا، بەتایبەتی پاش ئەوەی شێخانی هەورامانیش هاوشێوە بە قادرییەکان شێخایەتییان کردە خێزانی لە باوکەوە بۆ کوڕ، ئیدی ترسی قادرییەکان ڕەوییەوە و ناکۆکییەکان گۆڕانیان بەسەرداهات، تەنانەت پەیوەندیش لە قۆناغەکانی دواتردا دروست بوو. خاڵێکیتری پەیوەست بە نەمانی ناکۆکییەکان پەیوەندی بە سروشتی خێزانی ماڵباتی مەولانا خالید و شێخانی نەقشبەندییەوە هەیە، چونکە مەولانا لە خێزانێکی ئاسایی جاف گەورە بووبوو، بۆیە لە چۆنییەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی خاوەن هێزو پێگەکاندا سەرکەوتوو نابێت، ئەوەش وادەکات چەندجارێك شوێنگۆڕکێ بکات و مەیدانی ململانێکان بۆ بەرامبەر جێبهێڵێت، بەڵام شێخانی هەورامان بەهۆی پێشینەی ئاغاگەری باوکیان و نزیکیان لە دەسەڵاتدارانی ڕۆژگاری خۆیان، زیهنییەتی ململانێکردنیان باشتر بوو.

سێیەم/کۆتایی دەسەڵاتی میرایەتی بابان کە بەشێکی هێزی بنەماڵەی ئاغاگەری هەورامان پەیوەست بوو بە میرانی ئەو میرایەتییە، هەروەها گرتنەبەری ڕێگای خوێندن و شێخایەتی لەلایەن نەوەی خالید بەگەوە، ئاراستە دەسەڵاتدارییەکە لە دەسەڵاتی دونیاگەری ئاغاگەرییەوە گۆڕا بۆ دەسەڵاتدارێتی شێخایەتی و پێگەی ئایینی لەناوچەکە، بە جۆرێك ئەم کایە لە دەسەڵاتدارییان بەهۆی ناونیشانە ئاینییەکەوە، سنورەکەی گەورەتر و کاریگەرییەکەی زیاتر بوو، تەنانەت پەیوەندییەکان لە پەیوەندی ئاغایەکی ناوچەیی بە میرنشینێکی سنور دیاریکراو گۆڕا بە پەیوەندی شێخایەتی بە دەسەڵاتدارە جوداکانی ئەو ڕۆژگارە، بەتایبەتی عوسمانییەکان کە لە قەبارەدا گەورەتر و لە هێزیشدا باڵاتر بوون، ئەوەش ڕۆڵی هەبوو لەگەورەتربوونی دەسەڵاتیاندا.

چوارەم/ هەرچەندە سۆفیزم و بنەما عیرفانییەکان بە گشتی دەست شۆرینە لە دونیا لە پێناو ئاوەدانکردنەوەی دواڕۆژ و هەندێك لە شێخەکانی نەقشبەندی لە هەورامان لەسەرەتادا بەم بنەمایەوە پەیوەست بوون، لە خۆجیانەکردنەوە لەخەڵك و هاوشێوە بوون لە ژیان و گوزەراندا، ئەگەرچی لەسەر پێشینەیەکی بەگزادەیی ژیابوون، ئەو پێشینەییە نەبووە هۆکارێك بۆ جودایی پێگەی کۆمەڵایەتی، بەدەر لەوەی لای خەڵکی ئاسایی شێخ خاوەن پیرۆزییەکی ئایینی بوو، بەڵام ژیانی

هاوشێوه به ژیانی دەورووبەرەکەی بووه، کەچی ئەم بنەما زوهد و عیرفانییه، لای شێخانی هەورامان وەك خۆی نەمایەوه، بەڵکو به تێپەڕبوونی کات دۆخەکه گۆڕانی بەسەردا هات و هەندێك له شێخەکان له بابەتی موڵك وماڵ و زەوی و زاردا بوونه هێزێکی ئەرستۆکراتی ئاینی و قەبارەی موڵك و ماڵیان هاوشێوه به بەگ و سانەکان بوو. هەرچەنده بیانووی شێخەکان بۆ ئەو ئاراسته گۆڕینه بۆ خزمەتی تەریقەتەکه بووه، بەڵام له دیوی پێچەوانەشدا ئەوەی لێدەخوێنرێتەوه که ئاین بەدەرله بنەماکانی سۆفیزم بۆ بەرژەوەندی کەسی بەکارهاتووه.

پێنجەم/ لایەنێکی تری شێخان، پێنەگەشتوویی زانستیانه بەراورد به مەولانای ڕێبەر و تەنانەت به زۆرێك له خەلیفەکانیان له ڕووی زانسته ئاشکراکانەوه، ئەگەرچی له دونیای سۆفیزمدا زیاتر کار له سەر زانستی پەنهان دەکرێت (علم لدونی)، ئەوەش دەکرێته پەردەیەك بۆ پۆشینی کەمی ئاستی زانستی ئاینییان ئەوەی که له تێگەشتنی خوێندنی ئاینیدا به (دوازده عیلم) ناسراوه، چونکه ئێمه تێبینی ئەوەمان کردووه هیچ شێخێکی نەقشبەندی له هەورامان و هەڵەبجه له شێخی (سیراجەدینی یەکەم)ەوه بۆ شێخ (عوسمانی دووەم) بەو مێژووه نزیك له (٢٠٠) ساڵەیه، مۆڵەتنامەی زانستی ئاینیان وەرنەگرتووه، بەڵکو تەنها تاوەکو سنورێك له زانستەکانی حوجرەدا ڕۆشتوون، لەگەڵ ئەوەشدا سەرپەرشتی کۆی ئەو ڕەوته له زانا ئاینییەکانی ئەو قۆناغانەیان کردووه و گەشەیان به زانستی ئاینی لەو سنوره و دەورووبەریدا له ڕێگەی خانەقا و حوجرەکانیانەوه داوه.

شەشەم/ سۆفیزم خۆ دوور دەگرن له پەیوەندی به دەسەڵاتدارانەوه تەنانەت مەولانا داوادەکات خۆتانیان لێ بەدوور بگرن، بەڵام شێخانی نەقشبەندی له هەڵەبجه وهەورامان به کۆی ئەو دەسەڵاتدارێتییانەی ئەو قۆناغه مێژوویەی که هەبووه، پەیوەندییان لەگەڵیان هەبووه، بەڵام له کۆی ئەو پەیوەندییانەیاندا تەنانەت له گەڵ دەسەڵاتدارانی قاجاری شیعه مەزهەبدا، هەوڵیانداوه پارێزگاری له ئاین و ئاینزای خۆیان بکەن و نەبنه لایەنێك له کۆی ململانێ زۆرەکانی ئەو مێژووه، تاوەکو لەوێوه پارێزگاری لەو شێوه ئاینداریيەی خۆیان بکەن. بۆیه پەیوەندییەکانیان نەبووەته هۆکارێك بۆ کێشەنانەوه له سنورەکەدا، بەڵکو زیاتر دۆخێك له ئارامی بەرهەم هێناوه.

حەوتەم/ دیدگای ئەوان بۆ ئاینداری بەو مێژووەی که بوونێکی کاریگەر و بەرچاویان هەبووه له ناوچەکه، به جۆرێك بووه له دەرەوەی سنوری ئاینزایی و بیرکردنەوەی پەرگیرانه بیریان کردوەتەوه، بۆیه نابینین لەوسنورەی ئەوان خاوەن دەنگ وپێگه بوون و پێکهاتەی ناموسڵمانیشی لێبووه، هیچ کێشەیەك ڕوویدابێت بەراورد به سنوورەکانیتر له ناوچەکه و تەنانەت له ناو چوارچێوەی باشوری کوردستانیش نموونەی لەو جۆره کەمه. ئەوه مێژوویەکی گەش و دیاره، چونکه ئەوان ئاینیان وەك خۆی بینیوه، لەوەی مرۆڤ به جیاوازی بیروبۆچوونی ئاینیشەوه ڕێزلێگیراوه، بەڵام ئەمه ناکاته ئەوەی ستەمکاریش بەرامبەر هەندێك له نەیارانی ئەو جۆره بیرکردنەوه ئاینییه ڕووینەدابێت، ئەگەرچی ڕووداوەکان لەلایەن خودی شێخه دیارەکانەوه نەبووه، بەڵکو لەسەر دەستی نەوەی شێخەکان بەرجەسته بووه.

هەشتەم/ دواجار ئەم تەریقەته بەو مێژووەی له ناوچەکەدا هەیبوو، لەگەڵ بوونی ئەو هەموو ململانێ سیاسیانەی هێزه ڕکابەره جوداکان، توانییوو خۆی ڕاگرێت، بەڵام بەهۆی تێکەڵ بوونی حەز و ویستی دونیاگەری و لادان له بنەماکانی سۆفیزمی ڕاستەقینه و هەوڵدانی نەوەی شێخەکان بۆ سوود بینینی نادروست له پێگه و مێژووی شێخانی باوان، هۆکاربوون بۆ جۆرێك له ناکۆکی خێزانی به تایبەتی دیاریکردنی شێخی جێنشین، ئەو ناکۆکیانەش بەدوای خۆیدا لادانیان دروستکرد، که لاواز

بوون و پوکانەوی پێگەی شێخەکانی بەدواوە بوو، وێڕای گەشەکردنە کۆمەڵایەتییەکان و بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندن و خوێندەواری و پاشەکشەی خوێندنی ئایینی حوجرەیی لە ناوچەکە و باڵادەست بوونی هێزە سیاسییە فەرمانڕەواکان لە چەشنی دەوڵەتی نوێ و پەیدا بوونی ڕەوت و ئاراستەی نوێ لە ئیسلامی سیاسی.

نۆیەم/ لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بۆ ئەودەمە شێخەکان خاوەن هەژمونێکی کۆمەڵایەتی گەورە بوون و لەلایەن پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵگای کوردییەوە ڕێزلێگیراوبوون، ئەوەش بەهۆی پێگەی ئایینی و بەکارهێنانی ئەو پێگەیە لە بەهێزکردنی هەژموون و پێگەی دونیایی لە نێو کۆمەڵگای کوردی ئەو دەمدا. بەجۆرێك کەم کایە هەبووە، شێخەکان قسەو کاریگەری خۆیان لەسەری دانەنابێت. چ لە چارەسەرکردنی کێشەکان یان لە گرێدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. تەنانەت بەهۆی ڕۆڵ وکاریگەرییانەوە ئەو پەیوەندییانەیان سەری کێشاوە بۆ بەخشینی پێگەی سیاسی.

## لیستی سەرچاوەکان.

**یەکەم/ أ: قورئانی پیرۆز.**

**ب:** بورهان محەمەد ئەمین عبدول کەریم: تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەمیر، تاران، ٢٠٠٠.

**دووەم/ فەرموودە.**

أبو بكر أحمد بن الحسين بن علي ( البيهقي):

١- في سننه الكبرى، باب اعْتِبَارِ الْكَفَاءَةِ. السنن الكبرى وفي ذيله الجوهرالنقي، مجلس دائرة المعارف النظامية الكائنة في الهند ببلدة حيدر آباد، جلد٩، الطبعة الأولى، برقم: ١٤١٢٩، ١٣٤٤هـ.

٢- في سننه الكبرى، باب اعْتِبَارِ الْكَفَاءَةِ. السنن الكبرى وفي ذيله الجوهر النقي ، مجلس دائرة المعارف النظامية الكائنة في الهند ببلدة حيدر آباد، جلد٧، الطبعة الاولى، ١٣٤٤هـ، برقم: ١٤١٢٩، ١٣٤٤هـ

أبو داود سليمان بن الأشعث السجستاني(أبوداود):

٣- سنن أبي داود، باب فِى إِحْيَاءِ الْمَوَاتِ، جلد٣، دارالكتاب العربي، بيروت. برقم،٣٠٧٥، بدون سنة الطبع.

**سێیەم/ دەست نووس.**

٤- خالید ئەحمەد نەقشبەندی: العقد الجوهري في الفرق بين قدرة العبد و كسبه عند الماتريدي والاشعري، نووسەرەوە: عەبدوسەمیع چنارەیی، جۆری خەت نەسخی ئاسایی، ساڵی نووسینەوە(نسخ)، (١٨٩٤)، شوێنی پاراستن، مكتبة جامعة ملك سعود المملكة العربية السعودية (٦٤٩٥)، بابەت، عەقیدە و بیروباوەڕی ئیسلامی، قەبارە(٩)پەڕە، وێنەی دیجیتاڵی ئەم دەست نووسە لە ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی.

چوارەم/ **بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان:-**

٥- شخصيات عراقية في ملفات الاستخبارات البريطانية ١٩٢٣، تقارير استخبارية سرية عن شخصيات من:( الموصل-اربيل- كركوك-السليمانية)، الطبعة الاولى، تحرير و مراجعة بشير الوندى، دارالصفار للترجمة والطباعة والنشر، بغداد، ٢٠١٨.

٦- المركزالعراقي للمعلومات والدراسات، قسم المعلومات والتوثيق: العراق وقائع وأحداث ١٩١٤-١٩٥٨م، قسم الاول، الطبعة الثانى، بدون اسم المطبعة، بەغداد، ٢٠١٠.

٧- المملكة العراقية، وزارة الشؤن الاجتماعية، مديرية النفوس العامة، احصاء السكان لسنة ١٩٤٧، جلد٢، لواء الموصل- لواء كركوك- لواء السليمانية- لواء ابغداد، اربيل، ١٩٤٥.

**پێنجەم/ یاداشت:**

**أ: بە زمانی کوردی:**

ئەحمەد بانیخێڵانی:

٨- یادەوەرییەکانم، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٤.

بەهادین نوری:

٩- بیرەوەرییەکانی بەهادین نوری، بەرگی یەکەم، و.سەردار صالح، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠١.

جەمال بابان:

١٠- یاداشتنامەی ژیانم، چاپی یەکەم، بەڕێوبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٧.

شاکر فەتاح:

١١- ئاوێنەی ژینم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣.

محەمەد ئەمین هەورامانی:

١٢- هەندێ لە لاپەڕەکانی ژیانم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٤.

موستەفا ئیبراهیم زەڵمی(د):

١٣- کاروانی ژیانم، چاپی سێیەم، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر،٢٠١٨.

محەمەد ڕەسوڵ هاوار:

١٤- بیرەوەری، ئا.سدیق ساڵح، بەرگی یەکەم، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧.

مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس:

١٥- ڕۆژگاری ژیان، یاداشت و بیرەوەرییەکانی، ئامادەکردن و لەسەر نوسینی ڕەووف مەحمودی، چاپی یەکەم، ١٣٩٤هـ.

مەلاعەبدوڵڵای زێوەر:

١٦- گەنجینەی مەردان و یاداشتی ڕۆژانی دەربەدەری، بەغدا،١٩٨٥.

**ب/ به زمانی فارسی:**

ڕئوف ضیایی:

١٧- یاداشتهای أز کردستان، خاطرات شیخ ڕئۆف ضیایی أز وقایع حضور ڕوسیة وبریتانیا وعثمانی و أشوب های محلی، به کوشش عمر فاروقی، مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کردی، اورمیة، ١٣٦٧هـ.

١٨- ایل سنجابی و مجاهدت ملی ایران، خاطرات علی اکبر خان سردار مقتدر سنجابی، تحریر و تحشیه: د. کریم سنجابی، تهران،١٣٨٠هـ.

**شەشەم / نامەو تێزە زانکۆییەکان:-**

**أ/بەزمانی کوردی:**

ئومێد ئیبراهیم محەمەد:

١٩- ڕەوشی خوێندنی ئایینی ئیسلام لە شاری سلێمانی نێوان ساڵانی (١٩٢٢-١٩٥٨)، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زانستە مۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە، مێژوو، ٢٠١٣.

بەهرۆزبەکرعوسمان:

٢٠- ژنی کورد لە دیدی کورد ناساندا ١٨٠٠-١٩٥٠، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژوو، ٢٠٢٢.

هێرۆعمرصالح:

٢١- شیکردنەوەی جوگرافی دابەش بونی نشینگە دێهاتییەکان لە قەزای هەڵەبجەی شەهیددا، لێکۆڵینەوەیەکە لە بواری جوگرافیای دێنشینیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، ٢٠١٠.

**ب/ بەزمانی عەرەبی:**

صباح عبدالرحمن احمد:

٢٢- دور التصوف فی نشر الدعوة محافظة السليمانية أنموذجا، رسالة ماجستر، كلية الامام الأعظم الجامعة، قسم الدراسات العليا، بغداد،.٢٠١٣.

عبدالحميد الارقط:

٢٣- دور الاقليات الدينية فی المجتمع العراقی خلال العهد العثمانی (١٥١٧-١٩١٧م)، اطروحة دكتوراه، (منشور) فی التأريخ الحديث والمعاصر، منشور، جامعة الشهيد حمة لخضر- الوادی، كلية العلوم الاجتماعية و الانسانية، قسم العلوم الانسانية، الجمهورية الجزائرية.

٢٤- عطا محمد علاالدين:
٢٥- قضاء هەڵەبجه دراسة في الجغرافية الاقليمية، رسالة ماجستير، جامعة السليمانية، كلية العلوم الانسانية، قسم الجغرافيا، ٢٠٠٧.
عمار يوسف عبدالله عويد العكيدى:
٢٦- السياسة البريطانية تجاه عشائر العراق ١٩١٤-١٩٤٥ ، اطروحة الدكتوراه فى فلسفة التأريخ ، كلية التربية، جامعة الموصل، العراق، ٢٠٠٢.
محمود عبدالله جمعة:
٢٧- مدينة ميافارقين من القرن الثالث الهجري حتى القرن السابع الهجري- دراسة تأريخية حضارية، اطروحة دكتورا،قسم الحضارات الاسيوية، معهد الدراسات والبحوث الاسيوية، جامعة الزقازيق، ٢٠٠١.
مهند سمير حسن:
٢٨- سياسة بريطانيا تجاه الكرد ١٩١٤-١٩٤٦، رسالة ماجستير، جامعة ديالى، كلية التربية للعلوم الانسانية، قسم التاوەكوريخ، ٢٠١٣.

**حەوتەم / كتێب**

**أ/ كتێبە كوردییەكان:-**

أ.م. مینتیشا شڤیلی:
٢٩- كورد كورتەی پەیوەندیی كۆمەڵایەتی ئابووری ڕۆشنبیری و گوزەران، و.پ.د عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی خانی، دهۆک ،١٩٨٤.
ئاراس محمد صالح(د):
٣٠- زانایانی ئیصلاح و نوێكردنەوەی ئاینی لە كوردستان، چاپی یەكەم، ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠١٨
٣١- مێژووی مزگەوت و خوێندنگەی گەورەی خورماڵ، چاپی یەكەم، ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠١.
٣٢- مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لە كۆمەڵێك دیداری ڕۆژنامەنوسییدا، چاپی یەكەم، چاپخانەی سەردەم، لەبڵاوكراوەكانی سەنتەری زەهاوی بۆ لێكۆڵینەوەی فیكریی، سلێمانی، ٢٠١٥.
٣٣- هۆیەكانی گەشەكردنی بزاڤی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانیدا لە ١٧٨٤-١٩٥٨ز، چاپی یەكەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٥.

ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی(د):
٣٤- شاری سلێمانی ١٩٣٢-١٩٤٥ز، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨.
ئەحمەد باوەڕ:
٣٥- جووەکانی کوردستان (بنەچەیان- داب و نەریتیان- هۆی کۆچکردنیان)، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ٢٠٠٠.
٣٦- ئۆزدەمیر و کورد مێژووی ململانێی بەریتانیا و تورک لە باشوری کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٧.
ئەحمەد حەمەئەمین(ڕەنجبار):
٣٧- تێڕوانینێك بۆ زەردەشتی، یەزیدی، کاکەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی،٢٠١٥.
ئەمیر فەرهەنگ ئیمانی:
٣٨- بەهائوڵڵا لە کوردستان، و.دڵشاد کریم، چاپخانەی ڕوون سلێمانی، ٢٠١٠ .
ئەمیر وەزیری:
٣٩- نەقشبەندی لە کوردستان، چاپی دووەم، وعەلی میرزا عارف هەورامی، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٠.
ئەمین شێخ عەلادین نەقشبەندی:
٤٠- تەسەوف چی یە، چاپی دووەم، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٢.
ئەیوب ڕۆستەم:
٤١- هەورامان لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی کولتوورییە، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی قانع، سلێمانی،٢٠٠٤.
٤٢- گەوهەری ژمارەیەک لە تێکست و دەستنووسەکان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی تەژنە، ٢٠١٨.
٤٣- یارسان لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی دینییە سەبارەت بە کاکەیی، چاپی یەکەم، مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان، ٢٠٠٦.
٤٤- هەگبە و هەوارگە چەمكێك لە مێژوو کەلتوروری چەند تیرە و هۆزو ناوچەیەکی کوردەواری، چاپی یەکەم، چاپخانەی قانع، سلێمانی ، ٢٠٠٣.
ئیبراهیم حاجی زەڵمی:
٤٥- خورماڵ لێکۆڵینەوەیەکی سۆسێۆ ئەنثرۆپۆلۆجییە، بەرگی یەکەم، چاپەمەنی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٨.

ئیبراهیم فەتاح:
٤٦- نامە عەرەبیەکانی مەولانا خالید، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.
ئیدریس سیوەیلی:
٤٧- ڕەوتی ئیسلامی لە باشوری کوردستان ١٩٤٦-١٩٩١، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦.
باسیل نیکتین:
٤٨- کوردناسی، کۆمەڵە ووتار، و. نەجاتی عەبدوڵڵا،بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤.
بەرزانی مەلا تەها:
٤٩- سۆفیزم و شۆڕش، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١٨
بەکر حەمەصدیق عارف:
٥٠- لاپەڕەیەك لە مێژووی هەڵەبجە (١٧٠٠-١٩٥٨)، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٧.
بوتروس ئەبو مەننە و تێری زارکۆن:
٥١- دەرکەوتنی تەریقەتی خالیدی و بڵاو بوونەوەی لە جیهانی ئیسلامیدا، وەك بەشێك لە کتێبی ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندی - خالیدی مەولانا خالید و تەریقەتی خالیدی، ب١، و.محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، لە بڵاوکراوەکانی دیداری جیهانی ئیسلامی مەولانا خالید،چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٩.
تۆما بوا:
٥٢- ژیانی کوردەواری، و. حەمەسەعید حەمەکەریم، بەبێ ناونیشانی چاپخانە و شوێنی چاپ، ١٩٧٩.
تەحسین حەمە غەریب:
٥٣- حەقیقەت، شەریعەت، تەریقەت، چاپی یەکەم، بەبێ شوێنی چاپ و ناوەندی چاپ، ٢٠٠٩.
توانا ڕەشید کریم:
٥٤- سلێمانی لە نێوان ساڵانی(١٩٤٥-١٩٥٨)لێکۆڵینەوەیەك لە بارودۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢.
جرجيس فتح الله:
٥٥- وریا بوونەوەی کورد١٩٠٠-١٩١٤، و. حەسەن جاف، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٩.

جەعفەر عەلی رەسوڵ:
٥٦- سۆفیزم و کاریگەری لە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەیی گەلی کورددا١٨٨٠-١٩٢٥، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی ، ٢٠٠٨.
جەلال هۆرێنی:
٥٧- ڕاپەڕینی جوتیارانی هۆرێن و شێخان، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی،٢٠٢١.
جەلیلی جەلیل:
٥٨- کوردەکانی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی، و. د.کاوس قەفتان، دار الحریة للطباعة، بغداد، ١٩٨٧.
جەمال بابان:
٥٩- سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی سێیەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢.
جەمال نەبەز(د):
٦٠- فەلسەفەو ڕامانی یارسانی لە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردەواریدا ، هەولێر، ٢٠٠٩ .
٦١- کوردانی سەرگەردان و برا موسڵمانەکانیان، و.سوارە قەڵادزەیی، هەولێر، ٢٠٠٥.
جەمال ئەحمەد ئاین:
٦٢- مەستوورە، چەند لاپەڕە لە مێژوویەکی تەم داگرتوو، و.عەدنان بەرزنجی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.
جویس بلۆ (پ.د):
٦٣- دۆزی کورد لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سۆسیۆلۆجی، و. بۆفارسی د. پەروێز ئەمین، و. بۆکوردی. کارزان محەمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٤.
چارلزتریپ:
٦٤- چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی عێراق، و. محەمەد حوسێن ئەحمەد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠.
حامید ئاڵگەر:
٦٥- تەریقەتی نەقشبەندی – خالیدی لە تاڵش باکوری ڕۆژئاوای ئێران، وەك بەشێك لە کتێبی ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندی - خالیدی مەولانا خالید و تەریقەتی خالیدی، ب١، و.محەمەد حەمەساڵح توفیق، لە بڵاوکراوەکانی دیداری جیهانی ئیسلامی مەولانا خالید،چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٩.

حسێن مەدەنی:
٦٦- کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، سلێمانی،٢٠١٤.
حشمەتوولّلا تەیبی:
٦٧- ئاین و زمان و ڕەچەڵەکی کورد، و.ڕەفعەت مورادی ،چاپی یەکەم، بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی،٢٠١٨.
حەمەکەریم هەورامی:
٦٨- چیرۆکی من و گوندەکەم، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر، ٢٠١٦
٦٩- مێژوی پەروەردە و خوێندن لە حوجرەکانی کوردستاندا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨.
حەکیم مەلا صالّح:
٧٠- هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی .منارە، هەولێر،٢٠٠٤.
خالد محمود کریم:
٧١- دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردەکان لە کوردستانی باشوور ١٨٦٩-١٩١٤، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١٢.
٧٢- باشوری کوردستان لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩.
خالید دلێر:
٧٣- ستەمکردن لە حاجی قادری کۆیی تاوانە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەفوەت،سلێمانی،١٩٩٧ .
خسرۆعبدالرحیم نجم(د):
٧٤- دەروازەیەك بۆ مێژووی هاوچەرخی جیهانی عەرەبیی ١٨٧٦-١٩٧٧، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی،٢٠٢٢.
دارا حمید محمد(د) و ئیبراهیم کوێخا محەمەد(د):
٧٥- توێژینەوەکانی زانستی تەسەوف، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك، ٢٠١٤.
درک کینان:
٧٦- کورد و کوردستان لە نێوان بەرداشی داگیرکەران، و. سەلام ناوخۆش، بێشوێنی چاپ، ٢٠٠٠.

دیڤید ماکداوڵ:
٧٧- مێژووی هاوچەرخی کورد، و.ئەبوبەکر خۆشناو، ب١، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٥.
٧٨- دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی، سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، چاپی دووەم، شارە کتێبی میدیا، سنە،٢٠٠٧. بەبێ ناوی نووسەر.
دیوانی وەفایی:
٧٩- پێشەکی، کۆکردنەوەی عەبدوڵڵای ئەیوبیانی مەرکەزی، ئامادەکردنی عوسمان دەشتی، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٢.
دیوانی قانع:
٨٠- کۆکردنەوەی بورهان قانع، چاپی حەوتەم، چاپخانەی داڵاهو، سنە، ١٣٩١هـ.
ڕەشاد میران(د):
٨١- ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستان، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی سەنتەری برایەتی، سلێمانی، ،٢٠٠٠.
ڕەمەزان هەمیرحان(کۆساری):
٨٢- هاوار و هاوارییەکان، چاپخانەی ڕامان، ٢٠٠٥.
ڕۆبەرت ئۆڵسن:
٨٣- ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، و.ئەبوبەکرخۆشناو، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، چ٢، ١٩٩٩.
ڕیاز کاکە مەحمود و شکار جەلال:
٨٤- دیداری گەورەکان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی گوڵنار،٢٠٢١، .
ڕێدارئەحمەد:
٨٥- پرۆفیسۆ موستەفا زەڵمی تاقیگەیەکی نەسرەوتن، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦.
ڕەمزی قەزاز:
٨٦- بزوتنەوەی سیاسی و ڕۆشن بیریی کورد لە کۆتایی چەرخی نۆزدەهەمەوە تاوەکو ناوەڕاستی چەرخی بیست، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٧١.
ڕێبازی سۆفیگەری نەقشبەندی- خالیدی:
٨٧- و. د.هەڵکەوت حەکیم، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دیداری جیهانیی مەولانا خالید، چاپخانەو دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.

سامان حوسين ئەحمەد:
٨٨- كورد لە سەرچاوە مێژووییەكاندا مێژووی كورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسی بریتانیدا (١٩٠٠-١٩٥٠)، چاپی یەكەم، چاپخانەی موكریانی، هەولێر، ٢٠١٤.
صدیق بۆرەكەیی (د):
٨٩- هەورامان باشتر بناسین، چاپی یەكەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.
٩٠- مێژووی وێژەیی كوردی، بەرگی یەكەم، تەبریز، ١٩٩١.
سمكۆ محەمەد:
٩١- ئاین و كەمینەكان لە كوردستان، چاپی یەكەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١١.
سەفەركەریم هاواری:
٩٢- كوردستان وڵاتی پێكەوە ژیان شاری هەڵەبجە وەك نمونەیەكی گەش، وەك بەشێك لە كتێبی كوردستان وڵاتی پێكەوە ژیان، چاپی یەكەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٣.
سەلاحەدین شێخ تائب نەقشبەندی:
٩٣- ڕێبازی نەقشبەندی و تەسەوف، وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی كوردستان، ٢٠٠٢.
سەید تاهیری هاشمی:
٩٤- مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشبەندی، و.دلێر میرزا، چاپی یەكەم، چاپخانەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٤.
سیسیل جۆن ئیدمۆندز:
٩٥- كورد تورك عرب، و.حەمید گەوهەری، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
سەركۆ ناجی جەبار:
٩٦- ڕەوشی هەورامان لەسەردەمی دەوڵەتی قاجاریدا، ١٧٩٦-١٩٢٥، چاپی یەكەم، ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠٢٠.
سەیید عەبدول صەمەدی توداری:
٩٧- چەمكێكی مێژووی هەورامان و مەریوان، چەند لاپەڕەیەک لە كتێبی (نورالانوار)، و. محەممەدی مەلا كەریم، چاپی بەغدا، ١٩٧٠.
شاكر فەتاح:
٩٨- گەشتی هەڵەبجە و هەورامان لە ساڵی ١٩٣٣، چاپخانەی كامەرانی، ١٩٧٤.
٩٩- ڕۆژنامەی خورماڵ، چاپخانەی حوادث، بغداد، ١٩٨٣.

شاهۆ عوسمان سەید قادر:
١٠٠- سلێمانی لە کۆتایی بابانەوە بۆ سەرەتای ڕاپەڕین، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی،٢٠٢١.
شوان عوسمان:
١٠١- کوردستان و پرۆسەی بە ئیسلامکردنی کورد، چاپی یەکەم، سەنتەری چاپ و پەخشی نما، سلێمانی،١٩٩٧.
شێخ عەلی:
١٠٢- شارەکەم هەڵەبجە، چاپخانەی ڕوون ، سلێمانی، ٢٠١٢.
شێخ موحسین شێخ خالید موفتی(ئەحسەن):
١٠٣- گەوهەری حەقیقەت لە ژیان و کەسایەتی قوطبی طەریقەت،حەزرەتی شێخ محەممەد عوسمان سیراجەددینی نەقشبەندی، ب٢،چ١، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،٢٠٠٣.
١٠٤- گەوهەری حەقیقەت لە ژیان و کەسایەتی قوطبی طەریقەت حەزرەتی شێخ عوسمان سیراجەدین نەقشبەندی، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.
١٠٥- گەوهەری حەقیقەت لە ژیان و کەسایەتی قوطبی طەریقەت حەزرەتی شێخ عوسمان سیراجەدین ی نەقشبەندی، بەرگی چوار، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨.
شێخ محەممەدی خاڵ:
١٠٦- ناڵەی دەروون، بەرگی یەکەم، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٢١
١٠٧- ناڵەی دەروون، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٢١.
بەبێ ناوی نووسەر:
١٠٨- شەڕی بەردەرکی سەرا لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیادا، و. بروسك عەبدول، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای دواڕۆژ بۆ ڕووناکبیری و ڕاگەیاندن، بەبێ شوێنی چاپ، ٢٠١٦
صەباح شێخ محەمەد بەرزنجی(د):
١٠٩- سێ گۆشە نیگا بۆ شەڕی ژیارەکان یان گفتوگۆی نێوانیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨.
صەلاحەدین محەممەد بەهائەدین:
١١٠- مامۆستای گەورەی خورماڵ١٩٠٧-١٩٨٤،چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی،٢٠١٧.

طيب طاهيرى:
١١١- تـاريخ و فلسفەی سـەرەنجام، دەزگـای توێژینـەوەو بڵاوكردنـەوەی موكریانی،چاپخانـەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩.
عەلائەدین سەجادی:
١١٢- مێژووی ئەدەبی كوردی، چاپخانەی مەعاریف، ١٩٥٢.
١١٣- ڕشتەی مرواری، بەرگی شەشەم، بەبێ ناوی چاپخانە و شوێنی چاپ، p.d.f.
عادل صديق علی:
١١٤- هەڵەبجە ١٨٨٩-١٩٣٠ لێكۆڵینەوەیەكی مێژژوویی سیاسییە، چاپی یەكـەم، چـاپ و پەخشـی نووسەر، ٢٠٠٨ .
١١٥- چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی هەڵەبجە، چاپخانەی كەمال، سلێمانی ٢٠١١.
عبدالرحمن شێخ صلاح الدين شێخ سلێمان بەرزنجی بێلاف:
١١٦- تەریقـەتی نەقشبەندی بنـەمـا و ئامانجـەكان، بەرگـەكانی (١ و٢)، چـاپی یەكـەم، دەزگـای موكریان، هەولێر،٢٠٠٢
عبدالرحيم بن سعيد (مەولەوی):
١١٧- دیـوانی مەولـەوی، كۆكردنـەوەو لێكۆڵینـەوەی مـەلا عەبدولكـەریمی مـودەڕیس، چـاپی سێیەم، بڵاوكردنەوەی كوردستان، سنە، ١٣٨٩.
سەيد عبدالرحيم مەولەوی:
١١٨- عقیـدەی مرضـیة، شـەرح و لێكدانــەوەی مــەلا عەبدولكــەریمی مـودەریس، پێداچونــەوەی فــاتح عەبدولكەریم، چاپخانەی خلود، بەغدا، ١٩٨٨.
عبدالرزاق عبدالرحمن محمد:
١١٩- سەربوردێكی هەورامان و سەردانێكی تەوێڵە، چاپی یەكەم، چاپخانەی مەهارات، تاران، ٢٠٠٥.
عزەت فتاح حمه صالح:
١٢٠- هەورامان، توێژینەوەیەكی سۆسیۆ ئەنثرۆپۆلۆجی، ٢٠٠٦.
عەبدولخالق عەلائەدین:
١٢١- مـەلای گـەورە زانـا و ئـەدیب و شـاعیر، چـاپی دووەم، چاپخانـەی مـەنار، هـەولێر، بـێ سـاڵی چاپ.
عەبدولكەریم حەمید عەبدولكەریم:
١٢٢- ئەحمەد موختار جاف شاعیر و مرۆڤ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

عەبدوڵڵا غەفور(د):
١٢٣- ئەتنۆگرافیای باشوری کوردستان، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦.
عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد ئەحمەد ئاوایی:
١٢٤- نەقشبەند و نەقشبەندییەکان، چاپی یەکەم، بەبێ شوێنی چاپ، ٢٠١٨.
عومەر چنگیانی:
١٢٥- گەشتێك بۆ باکور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢.
عومەر عبدالعزیز(د):
١٢٦- ژیاننامەی مامۆستا مەلا بەهای بیارە، چاپی دووەم، بەبێ ناوی چاپخانە، سلێمانی،٢٠١٧.
عومەر عەلی غەفوور:
١٢٧- گوتاری ئاینی لەژێر وردبیندا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، ٢٠١٠.
فازڵ کەریم مامۆستا جەعفەر:
١٢٨- شاری سلێمانی ململانێی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان ١٨٢٠-١٩٢٠، چاپخانەی شڤان. سلێمانی.٢٠٠٦.
کۆمەڵێك توێژەر:
١٢٩- توێژینەوەکانی زانستی تەسەوف، ئامادەکردن و کۆکردنەوەی .د.دارا حەمید محەمەد و ئیبراهیم کوێخا محەمەد، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٤.
کۆمەڵێک توێژەر:
١٣٠- گڵێجاڵ لە بەڵگەنامەو بیرەوەریەکاندا، داڕشتنەوەی یاسین تەها، چاپی یەکەم ،ناوەندی خاڵ، ٢٠٢١.
کۆمەڵێك نووسەر:
١٣١- سەلەفیزم لە کوردستاندا، و. ماجید خەلیل، دەزگای ئایدیا بۆ فیکرو لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی، بەبێ شوێنی چاپ، ٢٠١٦.
کاوەی بەیات:
١٣٢- خۆرهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی ناو خۆی ئێراندا (تایبەت بە یەکەمین جەنگی جیهانی، ئۆرگانی بەڵگەنامە نیشتیمانیەکانی ئێران)، و. موستەفا غەفور، هەولێر، ٢٠١٣.

١٣٣- كورد لە نامەكانی میس بێڵ دا، و. محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، چاپی یەكەم، چاپخانەی تاران، ٢٠١٦.
كەریم بەگی فەتاح بەگ:
١٣٤- تاریخی جاف، بەبێ ناوی چاپخانە، بەغدا، ١٩٩٥.
كەمال بوركای:
١٣٥- كورد و كوردستان لەسەردەمی باستانەوە تاوەكو كۆتایی جەنگی یەكەمی جیهان، و. فەتح عەلی چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٦.
گۆتفرید یوهانس میوولەر:
١٣٦- دزەكردنە ناو كوردستانی داخراو، و.عوسمان عەبدوڵڵا هەڵەبجەیی، چاپی یەكەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١١.
گۆران سەلام:
١٣٧- كاریگەری خێڵ و ئایین لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی كورد لە نێوان ساڵانی ١٨٤٧-١٨٨١، چاپی سێیەم، چاپخانەی كەمال، هەولێر، ٢٠٠٤.
گۆران ئیبراهیم ساڵح:
١٣٨- كەركوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لە نێوان ساڵانی (١٨٧٦-١٩٠٩)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.
م.ب.ڕۆدێنكۆ:
١٣٩- وتار گەلی ئەدەبی كوردی سەدەكانی ناوەڕاست، و.ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی یەكەم، چاپخانەی گۆران، ٢٠٢٠.
م.س. لازەریف:
١٤٠- مێژووی كوردستان، و.هۆشیار عەبدوڵڵا سەنگاوی، بەرگی یەكەم، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤.
مارتن ڤان برونسن:
١٤١- ئاغاو شێخ و دەوڵەت، بەرگی یەكەم، و. كوردۆ عەلی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٠.
١٣٤- مەولانا خالید و دەسەڵاتی میرایەتی ئاینی لە كوردستان و ئیندۆنیسیا، و.محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، چاپی یەكەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠٢٣،
مەزهەر شێخ نورەدین موفتی:
١٤٢- مەلاعەبدولكەریمی مودەڕیس، كتێبخانەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠٠٥.

ماهیر عەبدولسەلام خەلیل:
١٤٣- کوردەکان کێن، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٦.
محمد شووانی:
١٤٤- سۆسیۆ لۆژیای چینە کۆمەڵایەتیەکان، چاپی یەکەم، چ.ڕۆژهەڵات، هەولێر،٢٠١١.
محمد علی قەرەداغی:
١٤٥- بوژانەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەست خەتەکانیانەوە، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەمیض، ١٩٩٨.
١٣٩- دیفاعێك لە خوێندن لە حوجرەکانی کوردستاندا، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا، سلێمانی ، ٢٠٠٩.
محەممەد سەعید جاف:
ئاوارە، بەرگی دووەم، دارالحریة للطباعة، بغداد، ١٩٩٩.
محەممەد ڕەسوڵ هاوار:
١٤٦- شێخ محمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، جاف پریس، لندن،١٩٩٩.
محەممەد ڕەووف تەوەکولی:
١٤٧- مێژووی تەسەوف لە کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥.
محەممەد سابیر ئەحمەدئاوایی:
١٤٨- چەردەیەك لە مێژووی ئەحمەد ئاوا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕێدار، سلێمانی،٢٠٢١.
محەممەد ئەمین هەورامانی:
١٤٩- کاکەیی، چاپخانەی الحوادث، بەغداد، ١٩٨٤.
١٥٠- مێژووی هەورامان، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٦.
١٥١- مێژووی هەورامان، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٦.
محەمەدی مەلاکەریم:
١٥٢- دوو بابەت لە بارەی بیر و شیعری حاجی قادری کۆییەوە ، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٠.
مەسعود محەمەد:
١٥٣- حاجی قادری کۆیی، بەشی یەکەم، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ، ١٩٧٣.
مەلا عبدالکریمی مودەڕیس:
١٥٤- یادی مەردان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٩.

١٥٥- يادى مەردان، بەرگى دووەم، چاپى يەكەم، مطبعة المجمع العلمى العراقى، بغدا،١٩٨٣.
١٥٦- بنەماڵەى زانياران، چاپى يەكەم، چاپخانەى شەفيق، بەغداد، ١٩٨٤.
١٥٧- ديوانى مەولەوى لەگەڵ چەند لێكۆڵينەوەيەكى گۆران محەمەد مەلاكەريم و حەكيمى مەلا صالح و ئەنوەر قادر، چاپى يەكەم، دەزگاى چاپ و پەخشى سەردەم، سلێمانى، ٢٠٠٦.
١٥٨- باوەشێنى دڵ، پێداچوونەوە و ئامادەكردنى پ.د عيرفان ڕەشيد شەريف،چاپى يەكەم، نووسينگەى تەفسير، هەولێر، ٢٠٢٢.
مۆرديخاى زاكين(د):
١٥٩- جووەكانى كوردستان، و.سيروان حسێن بيەيى، چاپخانەى ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥ .
١٦٠- مێجەرسۆن:
١٦١- چەند سەرنجێك دەربارەى هۆزەكانى كوردستانى خواروو، و.نەجاتى عەبدوڵا، چاپخانەى ژين، سلێمانى ، ٢٠٠٧.
١٦٢- سلێمانى ناوچەيەك لە كوردستان، و.مينە، مەڵبەندى كوردۆلۆجى، سلێمانى، ٢٠٠٧.
١٦٣- گەشتێك بۆ ميسۆپۆتاميا و كوردستان لە بەرگى ناديارداد، و.مينە، چاپى يەكەم، كتێبخانەى يادگار، سلێمانى، ٢٠١٨.
ميرزا محەمەد ئەمين مەنگوڕى:
١٦٤- حەقائيقى بەسەرهاتى شێخ مەحمود لە پەناى ئيستيقلالى كورددا، چاپخانەى وەزارەتى ڕۆشنبيرى،سلێمانى، ٢٠٠٣.
ميشيل مالرب:
١٦٥- مرۆڤ و ئاينەكان ڕۆڵى ئاين لە ژيانى تاك و كۆمەڵدا، چاپەمەنى گەنج، سلێمانى، ٢٠٠٩.
ميهرداد ئيزەدى:
١٦٦- ئاين و تايفە ئاينييەكان لە كوردستاندا، و. كامران فەهمى، چاپى يەكەم، مەكتەبى بيرو هۆشيارى(ى.ن.ك)، سلێمانى، ٢٠٠٢.
١٦٧- چەردە باسێک لە بارەى كوردانەوە، و. ئەمين شوان، دەزگاى چاپ و پەخشى سەردەم، سلێمانى، ٢٠٠٧.
مەحموود دەشتى:
١٦٨- كورد و ناوچە كوردنشينەكان لە كتێبى (معجم البلدان)ى ياقوتى حەمەوى، چاپى يەكەم، نووسينگەى تەفسير، هەولێر، ٢٠١٥.

نازناز محمد عبدوالقادر:
١٦٩- باروودۆخی سیاسی کوردستان (١٨٨٠-١٩٤٦ز) چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.
نامیق هەورامی:
١٧٠- تێکستی ژنان لە دەفتەرەکانی یارساندا، بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١١.
١٧١- هەورامی زمانی ئاینی یارسان، چاپخانەی لەریا، بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٣.
نەجاتی عەبدوڵڵا:
١٧٢- شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەکانی فەرەنسییدا ١٨٧٩-١٨٨٢، مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی، ٢٠٠٤.
نەجیبە خانی جەلیزادە:
١٧٣- مێژووی جەلیزادە، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەو پەخشی کۆیە، ٢٠١١.
نەریمان عبدالله علی (د):
١٧٤- مێژووی پێکەوە ژیان لە شاری هەڵەبجە، وەك بەشێك لە کتێبی کوردستان وڵاتی پێکەوە ژیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٣.
نەوزاد صاڵح ڕەفعەت(د):
١٧٥- یاداشتەکانی عیزەت کاکەیی ١٨٨٦-١٩١٤ز، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠١٣.
نەوزاد یەحیا باجگر(د):
١٧٦- سلێمانی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا١٨٤٨-١٩١٨ز، و.ئاشتی ڕەحمان، بەرگی هەشتەم ، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهان، هەولێر، ٢٠١٩.
١٧٧- سلێمانی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا١٨٤٨-١٩١٨ز، و.ئاشتی ڕەحمان، بەرگی نۆیەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهان، هەولێر، ٢٠١٩.
نەوشیروان موستەفا ئەمین:
١٧٨- میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی ڕۆم و عەجەم دا، چاپ و بڵاوکردنەوەی مەڵبەندی ئاوەدانی کوردستان، بەرلین، ١٩٩٨.
هادی بەهمەنی :
١٧٩- پەیامی هەورامان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژین، هەولێر،٢٠٠١.

هاوڕی باخەوان:
١٨٠- ئاڵای کورد، لێکۆڵینەوەی مێژووی و ڕامیاری، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠١.
هەژاری موکریانی:
١٨١- دیوانی مەلای جەزیری، چاپی یەکەم، انتشارات سروش، تاران ، بەبێ ساڵی چاپ.
هیمدات حوسێن (د):
١٨٢- کولتوور و فەرهەنگی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی دهۆک، ٢٠٠٩.
هێمن موکریانی :
١٨٣- تاریك و ڕوون، گوڵبژێرێك لە شیعرەکانی هێمن، ١٩٧٤.
هیوا عەزیز:
١٨٤- ناسیۆنالیزمی کورد(١٨٨٠-١٩٣٩)، مەکتەبی بیرو هۆشیاری(ی.ن.ك)، سلێمانی، ٢٠٠٣.
ی.ئی. ڤاسیلیەڤا:
١٨٥- کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات لە سەدەی حەڤدەوە تاوەکو سەرەتای سەدەی نۆزدە(کورتەیەکی مێژووی ئەردەڵان و بابان)، و. ڕەشاد میران، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.
یاسین سەردەشتی:
١٨٦- گەلی کورد و بزاڤی مەشروتە خوازی لە ئێران (١٩٠٥-١٩١١)، چاپخانەی هاوار، سلێمانی، ٢٠٠١.
یەعقوب یوسف کوریە:
١٨٧- جووەکانی عێراق مێژوویان و گوزەرانیان و کۆچکردنیان، و. شەرمین عەبدوڵا ڕەواندزی، چاپخانەی ڕۆشنبیر، هەولێر ٢٠١٣.

**ب/ کتێبە عەرەبییەکان:**
أ. شامیلوف:
١٨٨- حول مسالة الاقطاع بين الكرد، ترجمه وقدم له وعلق عليه د.كمال مظهراحمد، الطبعة الثانية، مطبعة الحوادث، بغداد،١٩٨٤.
ادم بيدار(أ.م.د):
١٨٩- التنوع والتعددية في اقليم كوردستان العراق ماضيا وحاضرا ومستقبلا،الطبعة الاولى، معهد تولينرانس بلاحدود، اربيل، ٢٠٢١.

ابو العلا عفيفي:
١٩٠- الثورة الروحية في الاسلام، دارالشعب، بيروت، ١٩٦٣م.
ابوالقاسم عبدالكريم بن هوزان القشيري:
١٩١- الرسالة القشيرية في علم التصوف، مطبعة التربية، دار منير، بغداد، بدون سنة الطبع.
ابوالوفاء الغنيمي التفتاوزاني(د):
١٩٢- مدخل الى التصوف الاسلامي، الطبعة الثالثة، دارالثقافة للنشر والتوزيع، مصر، ١٩٧٩.
ابو حسين مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيرى النيسابوري:
١٩٣- الجامع الصحيح المسمى صحيح مسلم، جلد١، دارالجيل و دارالافاق الجديد، بيروت، رقم الحديث ٢٠٥ باب بيان، بدون تأريخ الطبع.
ابوريحان محمد بن احمد البيروني:
١٩٤- كتب البيروني فى تحقيق ما للهند من مقولة مقبولة فى العقل او المرذولة، مطبعة مجلس دائرة المعارف العثمانية، حيدر اباد، الهند، ١٩٥٨.
ابوعباس احمد بن زروق:
١٩٥- قواعد التصوف، تحقيق. عبدالمجيد الخيالي الطبعة الاولى، دارالكتب العلمية، بيروت، لبنان، ٢٠٠٣.
ابو عبدالله بن سعد بن احمد السلماني:
١٩٦- الاحاطة فى اخبارغرناطة، جلد ٣، الطبعة الاولى، تحقيق د.يوسف على طويل، دارالكتب العلمية، بيروت، لبنان،٢٠٠٣.
ابوالعباس شمس الدين احمد بن محمد بن ابى بكر بن خلكان:
١٩٧- وفيات الاعيان وانباء ابناء الزمان، جلد١، تحقيق احسان عباس، دارصادر، بيروت، ١٩٠٠م.
أبواليزيد أبو زيد العجمي(أ.د):
١٩٨- التصوف فى حياة المسلمين تأريخ وقضايا، بدون اسم المطبعة، القاهرة، ٢٠١٢.
ابوبكر محمد الكلا باذى:
١٩٩- التعرف لمذهب اهل التصوف، الطبعةالاولى، مكتبة الكليات الازهرية، القاهرة، مصر، ١٤٠٠هـ،
ابونسرالسراج الطوسي:
٢٠٠- اللمع، حققه عبدالحليم محمود و طه عبدالباقي سرور، دارالكتب الحديثة، مصر، ١٩٦٠.

اجازات مولانا خالد النقشبندي:
٢٠١- من منشورات الملتقى العالمي لمولانا خالد، دراسة وتحقيق.حسين حسن كريم، الطبعة الاولى، مطبعة اراس، اربيل، ٢٠٠٩.
احمد ايبش(د):
٢٠٢- التلمود كتاب اليهود المقدس، قدم له، أ.د.سهيل زكار، دارقتيبة، دمشق، ٢٠٠٦.
احمد تاج الدين:
٢٠٣- الاكراد تأريخ شعب وقضية وطن، دارالثقافة للنشر، القاهرة، ٢٠٠١.
احمد تقى الدين:
٢٠٤- ابن تيمية، التصوف والصوفية، جمع وتحقيق،محمد طاهر الزين، دارالايمان، مصر، اسكندرية.
احمد سوسة(د):
٢٠٥- ابحاث في اليهودية والصهوينية، دارأمل للنشر والتوزيع، اربد، الاردن، ٢٠٠٠.
٢٠٦- حياتى في نصف قرن، دارالشؤن الثقافة العامة ،بغداد ،١٩٨٦.
٢٠٧- ملامح من تأريخ القديم ليهود العراق، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠١.
أدورد فنديك:
٢٠٨- اكتفاء القنوع بما هو مطبوع، مجلد الاول، دارالصادر، بيروت، ١٩٨٦.
ارفنج زايتلن:
٢٠٩- النظرية المعاصرة في علم الاجتماع، ت.محمود عودة(د) و ابراهيم عثمان(د)، ذات السلاسل، كويت،١٩٨٩.
اريك بروار و رافائيل باتاي:
٢١٠- يهود كردستان، الطبعة الثانية، ت.شاخوان كركوكي و عبدالرزاق بوتاني، دارئاراس، أربيل،٢٠٠٩.
الامام العلامة ابو فضل جما الدين محمد بن مكرم بن منظور الافريقى المصري:
٢١١- لسان العرب، الطبعة الاولى،( باب الطرق) دارالصادر، بيروت، لبنان، ١٩٩٧.
الامام شهاب الدين ابو عبدالله ياقوت بن عبدالله الحموى الرومى البغدادى:
٢١٢- معجم البلدان، مجلد ٣، الطبعة الثانية، دارالصادر، بيروت، ١٩٩٥.
ب.ليرخ:
٢١٣- دراسات حول الاكراد واسلافهم الخالديين الشماليين، ت.عبدى حاجي، الطبعة الاولى، منشورات مكتبة خاني، حلب، ١٩٩٤.

باسيليي نيكتين:
٢١٤- الكرد دراسة سوسيولوجية و تأريخية، ت.د.نورى طالبانى، الطبعة الاولى، مطبعة خانى، دهوك، ٢٠٠٨.
بديع الزمان سعيد النورسي:
٢١٥- الكلمات، ت. احسان قاسم صالح، الطبعة السابعة، دارسوزلرللنشر، القاهرة، مصر، ٢٠١٤.
بنيامين بن يونية التطيلي:
٢١٦- رحلة بنيامين التطيلي٥٦١-٥٦٩هـ، الطبعة الاولى، ت. عزراء حداد، دراسة وتقديم عبدالرحمن عبدالله الشيخ، المجمع الثقافي، ابوظبى، ٢٠٠٢.
بيارلاروك:
٢١٧- الطبقات الاجتماعية، ت.جوزيف عبود كبة، الطبعة الاولى، منشورات عويدات، بيروت، لبنان، ١٩٧٣.
جرجيس فتح الله:
٢١٨- مبحثان على هامش ثورة الشيخ عبيدالله النهرى، ط٢، مطبعة التربية، دارئاراس، اربيل، ٢٠٠١.
جكر خوين:
٢١٩- تأريخ كردستان، ت. خالص مسور، ج٢، بدون مكان وسنة الطبع.
جمال الدين ابى فرح عبدالرحمن (ابن الجوزي):
٢٢٠- تلبيس ابليس، الطبعة الخامسة، دارأسامة للنشر، الاردن، ١٩٩٨.
جميل موسى النجار:
٢٢١- التعليم الحديث في العراق(١٨٦٩-١٩١٨م)، الطبعة الاولى، منشورات الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠١.
جوادعلي (د):
٢٢٢- المفصل فى تأريخ العرب قبل الاسلام، جلد٢،مطبوعات المجمع العلمي العراقي، بغداد،١٩٩٣ .
حسن ابراهيم حسن(د):
٢٢٣- تأريخ الاسلام السياسى والديني والثقافى والاجتماعي، الطبعة الرابعة عشر، دارالجيل، بيروت، ١٩٩٦.

حسين جمو:
٢٢٤- التكايا المسلحة التأريخ السياسي للنقشبندية الكردية، الطبعة الاولى، تموزللطباعة ونشر، دمشق، ٢٠١٩
حسين علي مصطفى:
٢٢٥- ادبيات التعايش بين المذاهب، الطبعة الاولى، دارالملاك، بيروت، ٢٠١٠.
خلدون ناجي معروف:
٢٢٦- يهود العراق، جزء من كتاب يهود الاقطارالعربية مركز دراسات فلسطين، بغداد، ١٩٩٠.
خواجه محمد بن محمد پارساي بخارائى:
٢٢٧- قدسية، كلملت بهاالدين نقشبند، تصحيح وتعليق احمد طاهرعراقي، تهران، ١٩٧٥.
رشيد الخيون:
٢٢٨- الاديان والمذاهب باالعراق، الطبعة الاولى، مطبعة سبحان، ١٤٢٦هـ.
رفاعة رافع بن بدوى بن علي الطهطاوي:
٢٢٩- نيهاية الايجاز فى سيرة ساكن الحجاز، الطبعة الاولى، دارالزخائر، القاهرة، ١٤١٩هـ.
ريمون بودون و فرانسوا بوريكو:
٢٣٠- معجم نقدى لعلم الاجتماع، ت.د.سليم حداد، الطبعة الاولى، مؤسسة، الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٨٦.
ستيڤن همسلي لونگريك:
٢٣١- اربعة قرون من تأريخ العراق الحديث، ت.جعفر الخياط، الطبعة الخامسة، دارالرافيدين للطباعة والنشر، المملكة العربية السعودية، ٢٠٠٤.
سعد سلوم:
٢٣٢- الأقليات فى العراق الذاكرة، الهوية التحديات، الطبعة الاولى، مؤسسة مسارات للتنمية الثقافية والاعلامية، بغداد،٢٠١٣ .
سعود بن عبدالعزيز الخلف:
٢٣٣- دراسات فى الأديان اليهودية والنصرانية، الطبعة الرابعة، مكتبة أضواء السلف، الرياض، ٢٠٠٤.
السيد ابراهيم فصيح الحيدرى:
٢٣٤- المجد التالد فى مناقب الشيخ خالد، مطبعة العامرة، ١٢٧٢هـ.
شاكر خصباك(د):
٢٣٥- الاكراد ديراسة جغرافية اثنوغرافية، دارالعربية للموسوعات، بدون مكان النشر، ٢٠٠٥.

٢٣٦- العراق الشمالى دراسة لنواحي الطبيعية و البشرية، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٣.
شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد بن عثمان بن قَايْماز الذهبي:
٢٣٧- سير اعلام النبلاء، مؤسسة الرسالة، الجزء٢٠، الطبعة الثالثة،١٩٨٥.
شهاب الدين محمود بن عبدالله الحسيني الألوسي أبو الفضل:
٢٣٨- روح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني، المجلد٣٠، دارإحياء التراث العربي، بيروت، ١٩٩٤.
الشيخ محسن المفتي:
٢٣٩- خلوة السالكين وبهجة المتقين في حياة ومناقب حضرة قطب العارفين الشيخ محمد علاءالدين النقشبندي العثماني، جلدالاول،الطبعة الاولى، مطبعة كوردستان، اربيل، ٢٠١٦.
الشيخ عبدالكريم مدرس:
٢٤٠- علماؤنا في خدمة العلم والدين، الطبعة الاولى، داراحياء التراث العربي، بيروت، لبنان،٢٠١٤.
شيخ فرياالدين ايدن:
٢٤١- الطريقه النقشبنديه بين ماضيها وحاضرها، العبرللطباعه والنشر، اسطنبول، ١٩٩٧.
الشيخ محمد الخال:
٢٤٢- البيتوشي الشيخ معروف النودهى ،الطبعة الاولى، مركزالخال الفكرى والثقافي، ٢٠٢١.
الشيخ محمد عثمان سيراج الدين النقشبندى:
٢٤٣- سراج القلوب، الطبعة الاولى، مطبعة نواعير، الرمادى، ١٩٩٠ .
صابر طعيمة:
التصوف التفلسف، الوسائل والغايات، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٥.
٢٤٤- صادق الاسود(د):
٢٤٥- علم الاجتماع السياسي، مطابع الجامعة، جامعة بغداد، ١٩٨١.
صموئيل أتينجر:
٢٤٦- اليهود فى البلدان الاسلامية١٨٥٠-١٩٥٠، جلدالثانى، ت.جمال احمد رالرفاعى، عالم المعرفة، الكويت، ١٩٩٥.
طاهرملاعبدالله البحركي:
٢٤٧- حياة الامجاد من العلماء الاكراد، الطبعة الاولى، دارابن حزم، بيروت، لبنان، ٢٠١٥.

طارق محمد عبدالرحيم:
٢٤٨- المستشرق فلاديميرف .ميتورسكى وكتاباته عن الكرد في العصر الاسلامى حتى نشوء الخلافة العثمانية، الطبعة الاولى، مطبعة وزراة التربية، اربيل، ٢٠٠١.
عامر النجار(د):
٢٤٩- الطرق الصوفية فى مصرنشأتها ونظمها و روادها الرفاعي- الجيلاني- البدوي- الشازلي- الدسوقي، الطبعة الاولى، دارالمعارف، القاهرة، مصر، ١٩٩٨.
عباس العزاوي:
٢٥٠- الكاكائية في التأريخ، شركة التجارة والطباعة محدودة، بغداد، ١٩٤٩.
عبد المجيد فهمي حسن:
٢٥١- لواء السليمانية، بدون مكان الطبع، وبدون اسم المطبعة، ١٩٤٦.
عبدالوهاب محمد المسيري:
٢٥٢- موسوعة اليهود واليهودية والصهيونية، جلد٤، القاهرة، دارالشروق، ١٩٩٩.
عبد ربه ابراهيم الوائلي:
٢٥٣- تأريخ الامارة البابانية (١٧٨٤-١٨٥١)، الطبعةالاولى، دارالزمان للطباعة والنشر، سوريا، ٢٠٠٨.
عبدالحكيم عبدالغني قاسم:
٢٥٤- المذاهب الصوفية ومدارسها، الطبعة الثانية، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٩.
عبدالرحمن محمد بن خلدون:
٢٥٥- المقدمة، مجلد الثاني، الطبعة الثالثة، مؤسسة الكتب الثقافية، بيروت، بدون سنة الطبع
عبدالرحمن السلمي:
٢٥٦- طبقات الصوفية، يسره ورتبه احمد الشدياحي، مطابع الشعب، القاهرة، ١٠٣٨هـ.
عبدالرحمن محمد سعيد دمشقيه:
٢٥٧- الطريقه النقشبنديه، نشر من قبيل موقع فرقان، www.frqan.co، تأريخ النشر ٢٠١٩.
عبدالله بن دجين السهلي(د):
٢٥٨- الطرق الصوفية نشأتها وعقائدها وأثارها، الطبعة الاولى، داركنوزاشبيليا للنشر والتوزيع، المملكة العربية السعودية، ٢٠٠٥.
عبدالله غفور(د):
٢٥٩- التشكيلات الادارية فى جنوب كردستان، مطبعة شڤان، سليمانية، ٢٠٠٥.

عبدالمجيد بن محمد الخاني:
٢٦٠- الحدائق الوردية فى حقائق اجلاء النقشبندية، دمشق، ١٣٠٦هـ.
عبدالمنعم الغلامي:
٢٦١- بقايا الفرق الباطنية في لواء الموصل، الطبعة الاولى، مكتبة الامل و مكتبة الاسلامية العراق، ١٩٥٠.
عبدالوهاب بن على بن عبدالكافى تاج الدين السبكى أبونصر:
٢٦٢- طبقات الشافعي الكبرى، جلد الثانى ،الطبعة الثانية، تحقيق محمود محمد الطناحى و عبدالفتاح محمد الحلو، دارهجرللطباعة والنشر والتوزيع، ١٤١٣هـ .
عزالدين علي الملا:
٢٦٣- حي الاكراد في مدينه دمشق بين عامي١٢٥٠-١٩٧٩م دراسه تأريخيه اجتماعيه اقتصاديه، الطبعه الاولى، داراسو للطباعه والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان، ١٩٩٨.
عصام الحساوي:
٢٦٤- المفردات القدسيه في شرح كلمات الاحدي عشرعند السادات النقشبنديه، مقتبس من كتاب الصدق والمعرفه لم يطبع بعد، ٢٠٢١.
علي ابراهيم عبدة و خيرية قاسيمة:
٢٦٥- يهود بلاد العربية، منظمة التحرير الفلسطينية، بيروت، لبنان، ١٩٧١.
علي بن محمد بن على الشريف الجرجاني:
٢٦٦- معجم التعريفات، دارالفضيلة، بدون اسم مكان الطبع، ١٤١٣هـ
علي علي ابو شامى(د):
٢٦٧- التصوف والطرق الصوفية فى العصر العثمانى المتاخر،الطبعة الاولى، بيسان للنشر والتوزيع، بيروت، لبنان، ٢٠١٧.
٢٦٨- عماد عبدالسلام رؤوف(د):
٢٦٩- مراكز ثقافية مغمورة فى كردستان، الطبعة الاولى، مطبعة خاني، دهوك.
٢٧٠- دراسات وثائقيه فى تأريخ الكرد الحديث و حضارتهم، الطبعه الاولى، دارالزمان، دمشق، سوريا، مؤسسة التفسير، اربيل،٢٠١٢.
عمادالدين ابي الفداء اسماعيل ابن عمربن كثير القرشى الدمشقى(ابن كثير):
٢٧١- البداية و النهاية، جلد١٢، دارابن الجوزى، القاهرة، ٢٠٠٩.

عمر محمد كريم:
٢٧٢- القضية الكردية فى سياسة الحكومات العراقية١٩٣٢-١٩٤٥، جامعة سانت كلمنتس، ٢٠٠٩.
غادة حمدي عبدالسلام:
٢٧٣- اليهود في العراق(١٩٢٠-١٨٥٦م)، الطبعة الاولى، مكتبة مدبولي، القاهرة، ٢٠٠٨.
الغزالي:
٢٧٤- روضة الطالبين وعمدة السالكين، دارالسعادة مصر، ١٩٢٤.
فاضل بيات:
٢٧٥- دراسات فى تأريخ العرب فى العهد العثماني(رؤية جديدة فى الضؤ الوثائق والمصادر العثمانية)، الطبعة الاولى، دارالمدارالاسلامى، بيروت، ٢٠٠٣.
فرج الله عبدالبارى:
٢٧٦- اليهودية بين الوحى الالهى وانحراف البشرى، موسوعة العقيدة والاديان، الطبعة الاولى، دارالافاق العربية، القاهرة، ٢٠٠٤.
فرست مرعي(د):
٢٧٧- دراسات فى التأريخ اليهودية والمسيحية في كردستان، دارئاراس، أربيل، ٢٠٠٨.
القاضي عبد رب النبي بن عبد رب الرسول الأحمد نكري:
٢٧٨- دستور العلماء أو جامع العلوم في اصطلاحات الفنون، مجلد٢، دارالكتب العلميه، لبنان، بيروت، ١٤٢١ هـ/٢٠٠٠م.
القس اكرام لمعي:
٢٧٩- الاختراق الصهيوني للمسيحية، الطبعة الثانية، دارالشروق ،بيروت، ١٩٩٣.
قيس نوري (د) و عبدالمنعم الحسني (د):
٢٨٠- النظرياة الاجتماعية، وزارة تعليم العالي والبحث العلمي، بدون سنة الطبع.
كلۆديۆس جيمس ريچ:
٢٨١- رحلة ريج المقيم البريطانى فى العراق عام ١٨٢٠الى بغداد- كردستان- ايران، ت.اللواء بهاالدين نوري، الطبعة الاولى، الدار العربية للموسوعات، بيروت ، ٢٠٠٨.
كامل مصطفي الشيبي(د):
٢٨٢- الصلة بين التصوف والتشيوع، الطبعة الثانية، دارالمعارف، مصر، تأريخ النشر الكترونيا ٢٠١١.

متى المسكين:
٢٨٣- تأريخ اسرائيل من واقع نصوص التورات والاسفار وكتب مابين العهدين، الطبعة الاولى ، مطبعة دير القديس انبا وادى نطرون، ١٩٩٧.
٢٨٤- مجدالدين حمد بن يعقوب الفيروزابادي:
٢٨٥- القاموس المحيط، الطبعة الثانية، دارالمعرفة، بيروت، لبناتن، ٢٠٠٧.
مجموعة من المؤلفين:
٢٨٦- موجز دائرة المعارف الاسلامية، ت.مجموعة من اساتذة الجامعات المصرية والعربية، الطبعة العربية مادة التصوف، جلد ٧، مركز الشارقة للابداع الفكري، ١٩٩٨.
مجموعة من المؤلفين:
٢٨٧- موسوعة المفاهيم الاسلامية العامة، المكتبة الشاملة الحديثة، جلد١.بدون مكان وسنة الطبع.
محمد محمود العباسى:
٢٨٨- امارة بهدينان العباسية، مطبعة الجمهورية، الموصل، ١٩٦٩.
محمد بن احمد (المقدسى):
٢٨٩- أحسن التقاسيم فى معرفة الاقاليم، جزء الاول، وزارة الثقافة والارشاد القومي، دمشق، ١٩٨٠م.
محمد احمد درنيقة:
٢٩٠- الطرق الصوفية ومشايخها فى طرابلس، الطبعة الاولى، دارالانشاء، طرابلس ،١٩٨٤.
٢٩١- الطريقه النقشبنديه واعلامها، الطبعة الاولى، بدون اسم المطبعة، طرابلس، ١٩٨٧.
محمد العقيلى:
٢٩٢- اليهود فى شبه الجزيرة العربية، عمان،١٩٨٠.
محمد القزلجى:
٢٩٣- التعريف بمساجد السليمانية و مدارسها الدينية، بغداد، ١٩٢٨.
محمد امين جاف:
٢٩٤- حلبجة، الطبعة الاولى، دارورد للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠٠٨.
محمد امين زكي بگ:
٢٩٥- تأريخ السليمانية و انحائها، ت. وتعليق محمد جميل بند الروزبيانى، الطبعة الثانية، مطبعة وزارة الثقافة، السليمانيه.١٩٥١.
محمد بن أبي بكرأيوب الزرعي أبوعبدالله (ابن قيم الجوزي):
٢٩٦- عدة الصابرين وذخيرة الشاكرين، الجزء الاول، دارالكتب العلمية، بيروت، ٢٠١٩.

٢٩٧- مدارج السالكين بين منازل إياك نعبد وإياك نستعين، الطبعه الثانيه، مجلد١، تحقيق: محمد حامد الفقي، الناشر: دارالكتاب العربي، بيروت، ١٣٩٣هـ/ ١٩٧٣م.

محمد بن حسين السلمي:

٢٩٨- تسعة كتب فى اصول التصوف، الطبعة الاولى، حققها وعلق عليها الدكتور سليمان ابراهيم اتش، الناشرللطباعة والنشر والاعلان، ١٩٩٣.

محمد خليفه التونسي(د):

الخطر اليهودي، الطبعة الاولى، مطبعة ياسين، بدون اسم مكان الطبع، ٢٠٠٥.

محمد رشيد فيل(د):

٢٩٩- اليهود وعلم الاجناس، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٥٨.

محمد سليمان:

٣٠٠- الحديقه النديه فى اداب النقشبنديه، القاهره، ١٣٤١هـ.

محمد صالح الابراهيمى المحمدي:

٣٠١- حياة علماء الكرد فى العالم الاسلامى، جلدالاول، طهران، ١٣٦٤ش.

محمد علي قرداغي:

٣٠٢- كنوزالكرد فى خزائن دارالمخطوطات العراقية، الطبعة الاولى، جلد١، المديرية العامة للمطبوعات فى السليمانية، ٢٠١٣.

محمد كمال جعفر:

٣٠٣- من التراث الصوفي(سهل بن عبدالله التستري) دارالمعارف، مصر، ١٩٧٤.

محمود الشرقاوي:

٣٠٤- التفسيرالدينى للتأريخ، الجزء الاول، مطبوعات الشعب، نشره الكترونيا ٢٠١٥.

محمود عبدالرشيد البدران(د):

٣٠٥- التنظيمات الصوفية و تنمية المجتمع دراسة من منظورعلم الاجتماع الدينى، بدون اسم المطبعة ومكان الطبع ، ٢٠٠٦.

محي الدين بن عربي:

٣٠٦- الفتوحات المكية، الجلد٢، دارالمعرفة، بيروت، لبنان، نشره الكترونيا٢٠١١.

مروان عواد الفاعوري:

٣٠٧- التصوف الراشد جذوره و افاقه و دوره فى بناء الحضارة الانسانية، الطبعة الاولى، دارالفينيق للنشر والتوزيع، الاردن، ٢٠٢١.

مستورەي أردلان:
٣٠٨- تأريخ الاكراد، بامؤخرەى، مرزا على اكبر وقائع نكار، انتشارات أراس، اربيل، ٢٠٠٥.
مسعر بن مهلهل الخزرجي ابودلف:
٣٠٩- الرسالة الثانية، اعتنى بنشرها مينورسكي، بدون عدد الطبع، مطبعة جامعة القاهرة، القاهرة، ١٩٥٥.
مصطفى حليمة و عبدالمنعم ابو بصير:
٣١٠- زنادقة العصر، بدون اسم المطبعة ومكان الطبع، ٢٠٠٠.
مير بصري:
٣١١- اعلام الكرد، الطبعة الاولى، رياض الريس للكتب هالنشر، لندن-قبرص، ١٩٩١.
نايل جرين:
٣١٢- الصوفية نشأتها و تأريخها، ت.صفية مختاومكور، مراجعة. مصطفى محمد فواد، مؤسسةهنداوى للنشر، مملكة المتحدة،٢٠١٧.
نزاراباظة(د):
٣١٣- الشيخ خالد النقشبندى العالم المجدد حياته واهم مؤلفاته، الطبعة الاولى، دارالفكر، ديمشق، ٢٠٠٨.
نورى ياسين هرزاني(د):
٣١٤- الكاكاييه، دراسة انثروبولوجية للحياة الاجتماعية، معهد تراث الكردى، دارئاراس، اربيل، ٢٠٠٦.
نيقولا تيماشيف:
٣١٥- نظرية علم الاجتماع طبيعتها وتطورها، ت. محمود عودة وأخرون، مراجعة وتقديم محمد عاطف غيث، دارالمعارف، القاهرة، ١٩٧٠.
هشام محمد ابو حاكمة:
٣١٦- اوهام اليهود فى الوطن العربي، دارالاسراء للنشر والتوزيع، عمان، لبنان، ٢٠٠٢.
هەڵوێست عومەر قادر:
٣١٧- يهود كردستان مؤسسة حمدى للطباعة والنشر، سليمانية، ٢٠٠٧.
الوزيرمحمد بن عبدالله بن سعد بن على السلماني المعروف ب(لسان الدين ابن الخطيب):
٣١٨- روضة التعريف بالحب الشريف، دارالفكرالعربى، مصر، بدون سنة الطبع.
ول ديورانت :
٣١٩- قصة الفلسفة، ت.فتح الله محمد مشعشع، الطبعة السادسة، مكتبة المعارف، بيروت ،١٩٨٨.

ويليام ايغلتون:
٣٢٠- القبائل الكردية، ت. د. احمد محمود خليل، الطبعة الاولى، مؤسسة مكريانى للطباعة والنشر، كردستان، ٢٠٠٦.
ياسين تەها محمد:
٣٢١- الاديان والمذاهب والعقائد فى كردستان خلال العصر الوسيط الاسلامي، الطبعة الاولى، مطبعة سارا، السليمانية، ٢٠١٩.
يوسف سامي اليوسف:
٣٢٢- مقدمة للنفري، دراسة في فكر و تصوف لمحمد عبدالجبار النفري، دار الينابيع، دمشق، ١٩٩٧.

**ج / كتێبە فارسییەکان:**

ابريشمى عبدالله:
٣٢٣- هويت تأريخى و مشكلات كنونى مردم كرد، تهران، ١٣٨٥هـ.
٣٢٤- دەفتەری سياسى پاسدارانى ئينقلابى ئيسلامى: كوردستان ئيمبرياليزم و گروههاى وابەستە، تهران، ١٩٨٠.
رضا أذرى شهر ضايى:
٣٢٥- اسناد مشروطيت در كردستان و كرمانشاهان، مجلس شوراى اسلامى، تهران، ١٣٨٥هـ.
سامى دهقانى:
٣٢٦- سراج السالكين. جلد اول، چاپ اول، انتشارات علمى كالج، ايران، ١٣٩٣هـ.
سردشتى نادر كريميان:
٣٢٧- تذكرة عرفاى كردستان، تهران، ١٣٨٠ هـ.
صديق صفى زاده (بۆرکەئی):
٣٢٨- دوره هفتوانه، انتشارات كتابخانه طهورى، تهران، ١٩٨٢.
عبدالكريم طباطبائى:
٣٢٩- سالنامەی دنيا، دوازدەهمين سالنامەی سياسى، ادبى و مصور، چاپ تهران، ١٣٣٥هـ. ش
عمر فاروقى:
٣٣٠- نگاهى به تأريخ فرهنگ كردستان، تهران، شرق، ١٣٦٢هـ.
كمال ڕوحانى:
٣٣١- تأريخ جامع تصوف كردستان، پيران شهر، ١٣٨٥ش.

مجتبى برزويى:

٣٣٢- أوضاع سياسى كردستان أز١٢٥٨- ١٣٢٥، مقدمة ابراهيم يونسى، فكرنو، تهران، ١٣٧٨هـ.

نورعلى الهى:

٣٣٣- برهان الحق، نوبت چاپ هشتەم، انتشارات جيحون، تهران، ١٣٧٣هـ.

هردى مهدى ميكه:

٣٣٤- سياست ايران در قبال كردها١٩٢١-١٩٤١م، چاپ اول، انتشارات مركزاسناد وتحقيقات أكادميك كوردستان، سليمانى، ٢٠١٩.

**د / کتێبە ئینگلیزیەکان:**

Michel Chodkiewicz:

٣٣٥- A lif of Scholarship and DevotionK. Routledge ٢ Park Square. Milton Park. Routledge.U.S.A and Canada. ٢٠٠٧

**حەوتەم/ دیدارو چاوپێکەوتنەکان.**

**أ/ چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆی توێژەر:**

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ:

٣٣٦- (ئەحمەد عەبدوڵڵا دەلاك)، بەتەمەن و سۆفی و سەرخەتمی تەریقەتی نەقشبەندی هاوەڵی شێخ عوسمانی دووەم، شوێنی چاوپێکەوتن سلێمانی، ڕۆژی(هەینی)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن(٢٠٢٢/٣/١١)، کاتی چاوپێکەوتن(٢:٣٥) ماڵەوە.

٣٣٧- (نوری فارس حەمەخان)، لە دایك بووی (١٩٣٥) لە قەرەداغ، ساڵی (١٩٥٧) مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە، مامۆستای ئاینی و نوسەری ئیسلامی خاوەن زیاتر لە (٢٥) بەرهەمی زانستییە لە نوسین و وەرگێران، سەرقاڵی نووسینە، شوێنی چاوپێکەوتن سلێمانی، ڕۆژی(سێ شەممە)، ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٥/١٧)، کاتژمێر(٤:٤٨)، ماڵەوە.

٣٣٨- (دکتۆر نەوید نەقشبەندی)، توێژەری کوردستان ناسی و مامۆستا زانکۆی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان(سنە)، شوێنی چاوپێکەوتن زانکۆی گەشە پێدانی مرۆیی سلێمانی، ڕۆژی(پێنج شەممە)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن (٢٠٢٢/٥/١٩)، کاتی چاوپێکەوتن کاتژمێر(٤).

٣٣٩- مەلاغەفوری عەبابەیلێ: مەلای ئاینی و دەرچوو حوجرەی ئاینی بیارە، لە ئێستادا وتاربێژی خانەقای بیارە و پێشنوێژە لە هەڵەبجەی شەهید، شوێنی چاوپێکەوتن هەڵەبجەی شەهید، ڕۆژی(پێنج شەممە)، ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٥/١٢)، کاتی چاوپێکەوتن (١٠:١٥)، ماڵەوە.

٣٤٠- (دکتۆرعەبدودائیم هەورامانی)، مەلای ئاینی و مامۆستای زانکۆ، توێژەری ئاینی و شارەزای عیرفان و سۆفیزم، بەرپرسی ناوەندی ڕێکخراوی (تاج ئەلعارفین) لە هەڵبجەی شەهید، شوێنی چاوپێکەوتن ناوەندی ڕێکخراو- هەڵەبجە، ڕۆژی(پێنج شەممە)، ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٦/٣٠) کاتی چاوپێکەوتن(٤:٣٠) خولەك.

٣٤١- (شێخ ئاوات شێخ مەحمود نەقشبەندی) لەدایك بووی (١٩٨٣) ، بڕوانامەی ماستەر لە بەشی دیراساتی ئیسلامی، لە نەوەی شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامانە، وتارخوێنی خانەقای حاجی شێخ ساحیبە لە زەڕایەن، خاوەن بەرهەمی نوسینە لە بواری کەسایەتییە ئاینییەکانی تەریقەتی سۆفیزمی نەقشبەندی، شوێنی چاوپێکەوتن، خانەقای حاجی شێخ ساحێب لە زەڕایەن، ڕۆژی(یەك شەممە)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن(٢٠٢٢/٧/٣)، کاتی چاوپێکەوتن کاتژمێر (١٠:٩)خولەك

٣٤٢- (شێخ ثابت شێخ عەلائەدین نەقشبەندی) لەدایك بووی (١٩٣٥) لە هەورامان، دەرچووی کۆلێژی یاسا و لە ساڵانی نەوەدەکاندا سەرۆکی دادگای سلێمانی بووە. ئێستا خانە نشینە و وەك دواهەمین کوڕی شێخ عەلائەدین لە ژیاندا ماوە، شوێنی چاوپێکەوتن سلێمانی، ڕۆژی(سێ شەممە)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن ( ٢٠٢٢/٧/٢٦)، کاتی چاوپێکەوتن کاتژمێر (٤٥: ٦). ماڵەوە.

٣٤٣- (عەبدوڕەقیب یوسف)، لەدایك بووی( ١٩٤٣)ی باکوری کوردستانە، پیشە مامۆستا بووە، بۆ زیاتر لە ٤١ ساڵیشە لە بواری شوێنەوار و مێژووی کورددا کاردەکات، خاوەنی چەندین بەرهەمی نوسراو ئەرشیفێکی گەورەی مێژووییە، ئێستا خانەنشینە، شوێنی چاوپێکەوتن سلێمانی، ڕۆژی(سێ شەممە)، ڕێکەوتی(٢٠٢٢/٧/٢٦)، ماوەی چاوپێکەوتن (١:٣٠). ماڵەوە.

٣٤٤- (شێخ محەممەدعەلی شێخ ئەحمەد شێخ محەممەد شێخ عەلی حیسامەدین)، ساڵی (١٩٧٦) لە سلێمانی لەدایك بووە، مۆڵەتی زانستی مەلایەتی لە شاری سنە وەرگرتووە، لە پایزی (١٩٩٠)وە جێگەداری شێخایەتی نەقشبەندییە لە ناو نەوەکانی شێخ (حیسامەدین)دا، شوێنی چاوپێکەوتن (خانەقای ئەحمەدی) لە هەڵەبجەی شەهید، ڕۆژی(چوارشەممە)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن ( ٢٠٢٣/١/١٨)، کاتی چاوپێکەوتن (٤:٣٠)

٣٤٥- (مامۆستا ئاکۆ شاوەیس هاواری)، لەدایك بووی (١٩٧٠)، بەکالۆریۆس لە زانستی کیمیا و چالاکوانی کاکەیی، خاوەن دوو کتێبی تایبەت بە کاکییەکانە، شوێنی چاوپێکەوتن هەڵەبجەی شەهید، ڕۆژی(چوارشەممە)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن (٢٠٢٣/١/١٨)، کاتی چاوپێکەوتن (٢:٢٧)، ماڵەوە.

٣٤٦- (هومایۆن صاحیب کریم) ، لەدایك بووی ١٩٧٣ی تەوێڵە، بڕوانامەی دبلۆم، نووسەر تـوێژەر لـە هـۆنراوە و عیرفانیـات، خـاوەنی بەرهـەمی نووسـراوە لـەو لایەنـەوە، شـوێنی چاوپێکــەوتن هەڵــەبجــەی شــەهید، ڕۆژی(چــوار شــەممە)، ڕێکــەوتی چاوپێکــەوتن (٢٠٢٣/١/١٨)، کاتی چاوپێکەوتن کاتژمێر(٩:٣٠).

٣٤٧- (محەمەد اوڕەحیم حەمەئەمین) لەدایك بووی (١٩٥٣)ی گوندی سەرشاتە، بە ئاگا لە چیرۆك و ڕووداوە بینـراو بیسـتراوەکان، شـوێنی چاوپێکـەوتن شـارۆچکەی زەڕایـەن، ڕۆژی(هـەینی)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن (٢٠٢٣/١/٢٠)، کاتی چاوپێکەوتن(٨:٣٠)، ماڵەوە

٣٤٨- (مامۆستا ئـەیوب ڕۆستەم)، لـەدایك بـووی (١٩٥٤)ی هەورامانـە، نوسـەر و ڕاوێژکـاری وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانە، خاوەن (٣٠ )کتێب و نوسراوی تایبـەت بـە هەورامان و مێژوو و ڕۆشنبیری کورد و ناوچەکەیە، لەوانەش کاکەییەکان، شوێنی چاوپێکـەوتن سلێمانی، هۆڵی هونـەر، ڕۆژی(سـێ شـەممە)، ڕێکـەوتی چاوپێکـەوتن (٢٠٢٣/١/٣١)، کـاتی چاوپێکەوتن (١٠:٣٠).

٣٤٩- (مامۆستا محەممـەد عـەلادین محەممـەد حسێن)، لـەدایك بـووی(١٩٣٨) هەڵەبجـە، فـەقێ موسـتەعید لـە حوجرەکـانی هەڵەبجـە و مامۆسـتا لـە قوتابخانـەی گونـدی بەڵخـەی هـەورامان (١٩٦٠)، مامۆستا خانەنشین، شوێنی چاوپێکـەوتن سلێمانی، ڕۆژی(چوارشـەممە)، ڕێکـەوتی چاوپێکەوتن (٢٠٢٣/٢/٨)، کاتی چاوپێکەوتن (کاتژمێر٢)، ماڵەوە.

٣٥٠- (شـێخ موحسـین شـێخ خالیـد مـوفتی ئەحسـەن)، نـاوبراو لـە دایـك بـووی (١٩٦٠)ی هەڵەبجەیە، دەرچووی کۆلێژی شـەریعەی زانکۆی بەغدا و لەهەمانکاتدا خاوەن مۆڵەتنامـەی زانستی مەلایەتییە، لە (١٩٨٣)وە وتارخوێن و پێشنوێژی مزگەوتی عومەری کوڕی خەتـاب بـووە لـە سلێمانی، ئەنـدامی خـولی یەکـەمی پەرلـەمانی کوردسـتان بـووە، خـاوەنی چەنـدین بەرهەمی نووسراوە لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی و شێخانی نەقشبەند و کەسایەتییەکانی سـەر بـەو تەریقەتەیـە لـە هـەورامان و هەڵەبجـە، شـوێنی چاوپێکـەوتن مزگـەوتی کـانی ئاسکان لـە زەڕایەن، ڕۆژی(شەممە)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن(٢٠٢٣/٢/١١)، کاتی چاوپێکەوتن (٢:٥٠) پەیوەندی دەنگی توێژەر لەگەڵ،

٣٥١- (ئامـانج شـێخ نـاجی شـێخ عەلائـەدین شـێخ عومـەر زیائـەدین نەقشـبەندی)، لـە دایـك بووی(١٩٧٠) هەڵەبجە، دەرچووی پەیمانگا و ڕاگەیاندنکار و نووسەر، دانیشتووی سلێمانی، ڕۆژی(یەك شەممە)، ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/٢٦، کاتی پەیوەندی ( ٨:٢٦) خولەك.

٣٥٢- (حەسـەن مـەحمود حەمەکـەریم)، لـەدایك بـووی ١٩٥٥ی هەڵەبجـە، بـەکالۆریۆس لـە مێژوو، نووسەر و مامۆستا، خاوەنی (٢٠) بەرهەمی نوسراوە لە کتێب لە بابەتی مێژووی

ئیسلامی و مێژووی کورد. مامۆستا خانەنشینە، شوێنی چاوپێکەوتن سلێمانی، ڕۆژی(سێ شەممە)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن(٢٠٢٣/٢/٢٨)، کاتی چاوپێکەوتن کاتژمێر(١٠). ماڵەوە چاوپێکەوتنی توێژەر لەڕێگەی تەلەفۆنەوە لەگەڵ

٣٥٣- (بەهیەخانم کچی حامید بەگی مەجید بەگی جاف)، لەدایك بووی (١٩٢٥)ی هەڵەبجەیە. شارەزا لە مێژووی هەڵەبجە، ئێستە لە وولاتی بەریتانیا دەژی، ڕۆژی(شەممە)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن (٢٠٢٣/٣/٤) کاتی چاوپێکەوتن (٥:٥٠) .

**ب/ چاوپێکەوتنی وەرگیراو:**

چاوپێکەوتنی عادل صدیق لەگەڵ:

٣٥٤- عەلی لەگەڵ مەلاعەلی قادر ڕەحمان یارئەحمەد، لەدایك بووی (١٩٤٠)ی هەڵەبجە، خوێندەوارو مەلای ئاینی و دەرچووی حوجرەکانی هەڵەبجە، شوێنی چاوپێکەوتن هەڵەبجە، بابەتی چاوپێکەوتن، مێژووی هەڵەبجە، ڕۆژی(هەینی)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن (١٩/ ٦/ ٢٠٢٠)، تۆمارە بڵاو نەکراوە .

٣٥٥- (حاجی حەمە تۆفیق دەروێش ئەبوبەکر مارف فەتاح)، لەدایك بووی (١٩٣٢)ی هەڵەبجە، شوێنی چاوپێکەوتن هەڵەبجەی شەهید، بابەتی چاوپێکەوتن مێژووی هەڵەبجە، ڕۆژی(دووشەممە)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن (٢٠٢٠/٦/٢٩)، تۆمارە بڵاو نەکراوە .

٣٥٦- (پورە خەدیجە کوێخا مستەفا حاجی محمد سلێمان محمد شۆڕەبەگ)، تەمەنی(٨٠)ساڵ، شوێنی چاوپێکەوتن هەڵەبجەی شەهید، ڕۆژی(دووشەممە)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن ( ٢٠٢٠/٦/٢٩) ، ماڵەوە، تۆماری دەنگی بڵاونەکراوە.

٣٥٧- (شێخ جەمال شێخ کازم شێخ محەممەد شێخ نەجمەدین) لە دایك بووی (١٩٤٧)ی هەڵەبجە لە نەوەی شێخە نەقشبەندییەکانی هەڵەبجەیە، پیشەی مامۆستا بووە و ئێستە خانەنشینە، شوێنی چاوپێکەوتن هەڵەبجەی شەهید، ڕۆژی(دووشەممە)، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن( ٢٠٢٣/٢/١٣) ، تۆماری بڵاونەکراوە.

دیداری تۆمارکراوی عەبدوڕەقیب یوسف لەگەڵ:

٣٥٨- (شێخ ئەمین شێخ عەلائەدین نەقشبەندی)، نووسەری کتێبی (تەسەوف چییە)، ناوبراو زاوای مەحمود خان و کوڕی شێخ عەلائەدینی نەقشبەندیش بووە، ڕۆژی(سێشەممە)، لەڕێکەوتی ١٩٨٤/٦/٢٦ز لە بەغداد.

پەیوەندی تەلەفۆنی عەبدوڕەقیب یوسف لەگەڵ
٣٥٩- کۆساری ئەمیرخان نوسەرو کەسایەتی کاکەیی لە گوندی هاوار، ڕۆژی(دووشەممە)، ڕێکەوتی ٢٠١٥/٤/٢.وەرگیراوە لە پەیجی عەبدوڕەقیب یوسف.

**هەشتەم/ گۆڤارەکان:**

**أ/ بەزمانی کوردی:**

ئیبراهیم حاجی زەڵمی:
٣٦٠- پەروەردەی ئایینی و پرسی ئایین و کۆمەڵگە"، گۆڤاری پەیامی ڕاستی، ژمارەکانی (١١٦-١١٧)، سلێمانی، ٢٠٢٠.
بەهادین ئەحمەد محەمەد :
٣٦١- شاکرفەتاح ڕۆژنامە نوسیی کورد، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە(١)ی ساڵی هەشتەم٢٠٠٦.
تێری زرگۆن:
٣٦٢- بڵاو بوونەوەی تەریقەتی قادری بەرە و ڕۆژهەڵات، و. محمد حەمە صالح تۆفیق، گۆڤاری کوردۆلۆجی، ژمارە (٢)، سلێمانی، ٢٠٠٩.
حەسەن جاف(د):
٣٦٣- لە یادی شێخ عوسمانی نەقشبەندیدا، گۆڤاری بەیان، ژ(١٨٠)، شوباتی ١٩٩٧.
حەسەن عەبدولکەریم:
٣٦٤- ژیانێکی پڕ لە کوێرەوەری، گۆڤاری ژین، ژمارە (٩)، سلێمانی، ساڵی نۆیەم، دیسەمبەری ٢٠١٧.
خالد محمود کریم:
٣٦٥- تەکیەوخانەقاکانی باشوری کوردستان لە کۆتایەکانی سەردەمی عوسمانیدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٣٧)، بەرگی ٢٠١٦.
داود غەفاری:
٣٦٦- وێستگەکانی ئامادەبوونی دەڤەری هەورامان، لە بزاڤی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی کوردستان کارتێکەرییە سلبی و ئیجابییەکانی لەسەر ناوچەکە، گۆڤاری هەورامان، ژ (٣٣)، سلێمانی، ٢٠١٥.
٣٦٧- دیمانەی ئارام عەلی لەگەڵ (د.هەڵکەوت حەکیم)، شارەزاو پسپۆڕ لە سەر نەقشبەندی، دەسەڵاتی تەریقەتی نەقشبەندی سنوری ئەمارەتە کوردییەکانی تێپەڕاندووە، گۆڤاری کۆچ، ژمارە (١٠)، سلێمانی، ٢٠٠٩.

ساسۆن حسقێل:
٣٦٨- كوردە جووەكانی ئیسرائیل، گۆڤاری مامۆستا كورد، ژ(١٩)، ١٩٩٣.
سەلاحی حەمەی زەینەب:
٣٦٩- هەندێك لە جووەكانی خەڵكی ئەم شارەو شاری هەڵەبجە، گۆڤاری سلێمانی،ژ(٧٣)، ٢٠٠٦.
سەلام عەبدولكەریم(د) و بەرزانی مەلا تەها:
٣٧٠- كاریگەری هەستی مەزهەبگەرایی لەسەر ئەندێشەی موسڵمانی كورد، گۆڤاری خاڵ، ژ(١٣)، سلێمانی، تشرینی یەكەمی ٢٠١٧.
سەنگەرعەبدوڵلا ڕەسووڵ و حوسێن عەبدولڕەحمان حوسێن و طه ڕجب حمد:
٣٧١- شارەزوور و شارە زووربیەكان لە مێژوودا، توێژینەوەی بڵاوكراوەی بەشی مێژووی كۆلێژی زانستە مرۆفایەتیەكان ، زانكۆی ڕاپەڕین، ڕا نییە، گۆڤاری زانكۆی هەڵەبجە، بەرگی (٥) ژمارە (٤) ، ٢٠٢٠،www.huj-uoh.edu.iq
صبور هەورامی:
٣٧٢- دەربارەی سۆفیگەری، گۆڤاری هەورامان. ژمارە(٤٣)، سلێمانی، ٢٠٢١.
عادل صدیق عەلی:
٣٧٣- هەڵەبجە لە بیرەوەری ع.ع شەونمدا، گۆڤاری خاڵ، ژ (١٩)، سلێمانی، تشرینی یەكەمی ٢٠١٨.
عادل محمد پور:
٣٧٤- تازیانەی سلووک لە ڕوخساری دەقەكانی مەولانا خالیددا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ( ١٤٨). هەولێر٢٠٠٩/٩/٥.
عەبدوڵلا كەریم محمود:
٣٧٥- تێڕوانینێك بۆ ڕابووردووی هەشتا ساڵەی گروپی هەقە، لێكۆڵینەوە، گۆڤاری تایم، ژمارە(١١)، سلێمانی، كانونی یەكەم، ١٩٩٩.
عەزیزی شەمزینی:
٣٧٦- دابەش بونی چینایەتی و پەیدا بوونی چینی كرێكاران لە كوردستاندا، گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی، ژ(٣)، سلێمانی، ساڵی شەشەم ١٩٩٨.
عەلی حەمەغەریب:
٣٧٧- هۆشیاركردنەوە و خولقاندنی بەهەشتێك بۆ بەرامبەر باسێك لە، گۆڤاری پەیامی ڕاستی، ژ(١١٦-١١٧)، ٢٠٢٠.

عوسمان حەمەفەرەج:
٣٧٨- خەرپانی لە ئاوێنەی مێژووی هەوراماندا، گۆڤاری پەیامی ڕاستی، ژ(١١٦-١١٧)، ٢٠٢٠.
عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ:
٣٧٩- سۆفیزم لە شیعری کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(١٠٧) دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا،١٩٨٥.
عەزیزی مەلا ڕەش:
٣٨٠- فەقێیان لە دەشتی هەولێر، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(١١٠) ، بەغدا،١٩٨٦.
غەسان نەعسان:
٣٨١- تەریقەتی خالیدی و کاریزماو هەستی نەتەوەیی کورد، دیمانە، و.حەسەن یاسین، وەرزنامەی کەلتور ، ژمارە(٣) سلێمانی ، ٣ی نیسانی ٢٠١١.
فەرهاد شاکەلی:
٣٨٢- شێخانی نەقشبەندی هەورامان و گەنجینەی تەریقەتی خالیدی- موجەددیدی لە کوردستان، گۆڤاری ڕامان، ژ(٢٦٧)، هەولێر، ٢٠١٩.
٣٨٣- تەسەوف وەک سەرچاوەیەکی فەرهەنگی کورد، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ (١٧). هەولێر، ساڵی ٢٠٠٠ .
فەیرۆز حەسەن عەزیز:
٣٨٤- گەشتوگوزار لە ناوچەی هەوراماندا، گۆڤاری هەورامان، ژ(٣)، ٢٠٠٥.
کەشکۆڵ:
٣٨٥- هەڵەبجە لە هەڵدێری مێژوودا، گۆڤاری خەرمانە، ژ(٨)،١٩٩٣.
محمد نجم الدین النقشبندی:
٣٨٦- شێخ نەجمەدین نەقشبەندی ڕێبەری تەریقەتی نەقشبەندی لە بیارە و ڕۆڵی لە بەرگریکردن لە کوردستاندا، گۆڤاری کاروان، ژ (١٤٥). هەولێر. ٢٠٠٠.
محەمەد مەحمود محەمەد:
٣٨٧- دیداری گۆڤاری پەیامی تەسەوف لەگەڵ جەنابی مەرحوم مامۆستا شێخ محەمەدی بەرزنجی، گۆڤاری پەیامی تەسەوف، ژمارە(٦)، هاوینی ٢٠١٤.
محەمەد ئەمین زەکی بەگ:
٣٨٨- کوردی بەناوبانگ، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارەکانی(٥ و٦)، مایسی ١٩٤٢.
مەحمودی مەلا عیزەت:
٣٨٩- زارم و چرا، ڕۆڤار،ژ(٣٤)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی، ٢٠٠٥/٦/١٥.

مەسعود عەبدول خالق:
٣٩٠- كاریگەری ململانێی تائیفیی لەسەر كوردستان، گۆڤاری خاڵ، ژ(١٣)، سلێمانی ٢٠١٧.
نورالدین ئایدن:
٣٩١- مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە نێوان حەقیقەت و وەهمدا، ئەرسەلان تۆفیق. گۆڤاری كۆچ، ژمارە (١٠)، سلێمانی، ٢٠٠٩.
نیعمەت ڕەحمانی:
٣٩٢- خوێندنەوەیەكی خێرای مێژووی هاوچەرخی هەورامان، گۆڤاری هەورامان، ژمارە(١٧)، سلێمانی ٢٠٠٩.
هەردی صابر:
٣٩٣- كورتەیەك لە ژیانی مامۆستا مەلا شێخ عەبدوڵلای خەرپانی ١٧٤٦-١٨٣٨، گۆڤاری پەیامی ڕاستی، ژمارە (١١٦-١١٧)، ٢٠٢٠.
٣٩٤- هەفتەنامەی پێشكەوتن : ژمارە(٦٤)ی ساڵی دووەم، ١٤ی جولای/١٩٢١.
هێرش عەبدوڵلا حەمەكەریم:
٣٩٥- سلێمانی لە جەنگی جیهانی دووەمدا، گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارە (١٨)، كانوونی یەكەمی ٢٠٠١.
ئازادعبدالواحید:
٣٩٦- محەمـــەدی مەلاكـــەریم هەڤپـــەیڤین، گۆڤـــاری ڕامـــان، ژ(١٧٠)، بەشـــی ســـێیەم، هەولێر،٢٠١١/٧/٥.
یاسن تەها محمد:
٣٩٧- سەرهەڵدانی تەسەوف لە وولاتی كوردەواریدا، گۆڤاری خاڵ، ژمارە (١٦)،سلێمانی ٢٠١٨.
ئەكبەرحەسەن:
٣٩٨- سەرچاوەكانی ناسنامە، گۆڤاری(نۆڤین)، ژمارە(١٦)، مەكتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك) ، چاپ وپەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٠.

**ب/ بەزمانی عەرەبی:**

سعد سلمان عبدالله المشهداني (أ.م.د) و جودت جلال كامل عبد اللطيف (م.د):
٣٩٩- اليهود في شمالي العراق دراسة تأريخية، مجلة الدراسات التاريخية والحضارية مجلة علمية محكمة، المجلد(٦)، العدد(١٨)، كانون الثاني،٢٠١٤.

عفاف مصباح بلق(د):
٤٠٠- التصوف الاسلامي، مفهومه-نشأته و تطوره- مصادره، جامعة الزاوية، مجلة كلية التربية، العدد(١٤)، يونيو،٢٠١٩.
محمد نجم الدين النقشبندى:
٤٠١- الشيوخ النقشبنديون و تأثيرهم فى الثقافه الكرديه الاسلاميه، گۆڤاری کۆڕی زانیاری (دەستەی کورد) بەرگی (٣١)، قسم العربى، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا، ٢٠٠٦.
ندى موسى عباس (د):
٤٠٢- التصوف و اسباب ظهوره فى العراق، مجله ديالى، العدد(٣٥)، ٢٠٠٩.

**ج/ به زمانى فارسى:**

احد محمدى و عظيم زمانى:
٤٠٣- بنياد هاى هويت سياسى كردهاى ايران، پژوهشهاى جغرافياى انسانى، شماره (٣)، دوره (٤٥)، ١٣٩٢هـ.
پرستو سعيدى:
٤٠٤- بررسى طريقت نقشبنديه در دوره پهلوى دركردستان، رشته تاريخ ايران دورەي اسلامى، دانشگاه پيام نور مركز تهران، خرداد١٣٩٠هـ.
عباس زارعى مهرورز(پ.د):
٤٠٥- بررسى تأثيرات سياسى و اجتماعى طريقتهاى كردستان در أغاز قرن بيستم، تحقيقات تأريخ اجتماعى، پژوهشگاه علوم انسانى و مطالعات فرهنگى، سال پنجم، شمارة (اول)، بهار و تابستان ١٣٩٤.
محى الدين امجدى و عبدالله طلوعى آذر:
٤٠٦- مكتوبات فارسي مولانا خالد نقشبندى و نقش آن در گسترش زبان و ادبيات فارسي در خارج از مرزهاى ايران، مقاله پژوهشى انتشارات دانشگاه، علامه طباطبائى، دوره ٢٧،شماره ٩٦،تابستان ١٤٠٢هـ.
نصرالله پور محمدى و عليه جوانمردى:
٤٠٧- نقش شيوخ أورامان در تحولات سياسى تأريخ معاصر، با تكيه بر جنگ جهانى أول، پژوهشنامه تأريخ هاى محلى ايران، سال پنجم، شماره (دوم)، ٢٠١٧.

**نۆیەم / ڕۆژنامەکان بە زمانی کوردی:-**

ئیبراهیم میکە عەلی:

٤٠٨- ڕۆژنامەی خورماڵ، ژ(٨)، ساڵی یەکەم٢٠٠٥/٨/١

ئیبراهیم حاجی زەڵمی:

٤٠٩- لە لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆ ئەنسرۆپۆلۆژیدا مێژووی خورماڵ دەنوسمەوە، ڕۆژنامەی خورماڵ، ژمارە(٤٢)، ٢٠٠٨/٨/١.

٤١٠- ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژ(٢٢)، ١٩٢٠/٩/٢٣.

٤١١- ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ژ(٧)، ١٩٢٠/٦/١٠.

٤١٢- ڕۆژنامەی ژین: ژمارە (٢٨٥) ١٩٣١./٦/١١.

کەمال سولەیمانی:

٤١٣- گێرانەوە ئاینیەکانی میللەتی کورد لە دوادوایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا)، و. محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، بەشی حەوتەم، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژمارە(١٥) ئازاری ٢٠٢٢.

**دەیەم/ ئینسکلوپیدیا.**

**أ/ بەزمانی کوردی:**

هەژاری موکریانی:

٤١٤- هەمبانە بۆرینە، فەرهەنگی کوردی فارسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سروش، تهران، ١٣٦٩هـ.

یاسین صابرصالح:

٤١٥- ئینسکۆپیدیای گشتی، بەرگی سێیەم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

ب/ **بەزمانی عەرەبی:**

بطرس البستاني:

٤١٦- دائرة المعارف، مجلد ٥، مطبعة المعارف، بيروت، ١٨٨١.

٤١٧- خيرالدين الزركلي:

٤١٨- الاعلام، قاموس تراجم لاشهر الرجال و النساء من العرب والمستعربين و المستشرقين، الطبعة١٥، جلد٤، دارالعلم للملاين، بيروت، لبنان،٢٠٠٢.

عباس العزاوي:

٤١٩- موسوعة تأريخ العراق بين الحتلالين، مجلد٨، دارالعربية الموسوعات، بغداد، العراق،٢٠٠٤.

عبدالمنعم الحنفي(د):

٤٢٠- الموسوعة الصوفية، الطبعةالاولى، دارالرشاد للنشر، القاهرة، ١٤١٢هـ.

مجمع اللغة العربية:

٤٢١- المعجم الوسيط، استاوەكونبول، دارالدعوة للطباعة و النشر، ١٩٨٩.

مجموعة من الباحثين:

٤٢٢- دائرة المعارف الاسلامية، جلد٣، ت.احمد الشنتناوي و ابراهيم زكى خورشيد وعبدالحميد يونس، دارالمعارف بيروت، بدونه سنة الطبع.

**ج/ بەزمانی فارسی:**

سعيدى گل بابا:

٤٢٣- فرهنگ اصطلاحات عرفانی ابن عربی، چاپ سوم، انتشارات شفيعی، تهران، ١٣٨٧ق.

**یازدەیەم: سەرچاوە ئەلکترۆنیەکان:-**

**أ/ کوردی:**

ئیسماعیل مەحمودی(د):

٤٢٤- کوردستان، رۆڵی تەریقەتی نەقشبەندییە لە سەرهەڵدانی وشیاری نەتەوەیی – زەهاوی – Zahawi.org. https:// ،٢٠٢١/٦/٥، سەردانکردنی ٢٠٢٢/٣/٤.

پەیجی فەرمی:

٤٢٥- مامۆستا عبدالرقیب یوسف(https://abdulraqib.net/books)

جوتیار نەریمان حسێن:

٤٢٦- مێژوو و بیروباوەری ئایینی کاکەیی (یارسان)، ٢٠١٧/١٢/٣٠، History Of // :https Kurdistan ، سەردانیکردنی ٢٠٢٢/٥/٦.

خالید مەجید فەرەج:

٤٢٧- باڵەکانی مەولانا خالید لە نێوان سلێمانی و شامدا، ٢٠٢٣/٤/٩، https://www.WTARIKURD.info ، سەردانیکردنی ٢٠٢٣/٥/٦.

سالار تاوەگۆزی(د):
٤٢٨- لەپێناو پێکەوەژیاندا ناسری ڕەزازی و پارسان (کاکەیی) باوەیادگار و مەولەوی (https://haremnews.com)، سەردانیکردنی٢٠٢٢/٢/٥.
سەباح موفیدی(د):
٤٢٩- دەوری تویژی فەقێ و مەلایان لە پێکهاتنی پێوەندیی کوردستانی و گیانی کوردایەتیدا، ٢٠١٧/٧/١٦ https://www.Kurdistanc.com . سەردانیکردنی ٢٠٢٢/٦/٩.
شادومانی مەلا حەسەن:
٤٣٠- تەریقەتی شێخایەتی و بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد، ٢٠٢١/١/١٤، https://politicmedia.net/ سەردانیکردنی ٢٠٢٢/١/٤.
شەریف عەلی:
٤٣١- بەڵگەنامەکانی بەریتانیا: هەر لە کەرکوک، چەمچەماڵ، سلێمانی، تاوەکو هەڵەبجە و بیارە بۆلای حامید بەگی جاف و شێخ عەلائەدین، ئاوێنە، سەردانیکردنی ٢٠٢٢/٥/١١https://www.awena.com
عەزیز ڕەسوڵ:
٤٣٢- پێکەوە ژیانی ئاینی پایتەختی ئاشتی بە هەڵەبجە بەخشی https://wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare، سەردانیکردنی٢٠٢٢/٩/٢.
مامۆستا مەلاساڵەحی گەورە:
٤٣٣- /https:/ /NRT.TV٤/videos . سەردانیکردنی ٢٠٢٢/١١/٢.

**ب/عەرەبییەکان.**
احمد بن عبدالرحمن العمر(د):
٤٣٤- الدرر السنية، موسوعة الفرق، نشأة التصوف،https://www.dorar.net ، سەردانیکردنی ٢٠٢١/١٢/١٣.
الاء جرار:
٤٣٥- (من هو جابر بن حيان)، ٢٠١٧/١٠/٢٦، https://www.mawdoo٣.com ، سەردانیکردنی٢٠٢٢/٣/١٠
أزاد احمد على(د):
٤٣٦- (النقشبنديه، النسخه الكورديه للإسلام الاجتماعي)، ٢٠١٨/١/١٢، https://www.medaratkurd.com، سەردانیکردنی ٢٠٢٢/٣/١ .

اسراء اسد:
٤٣٧- العقائد/ الكاكية عقيده علويه صوفية عراقيه Kakaey - الكاكيه كاكەيي اهل الحق يارسان (https://sites.google.com/site/kakaey١٩٧٠). سەردانيكردنى ٢٠٢٢/٣/٥.
حسن حنفى(د):
٤٣٨- (ماذا يعنى التأويل ؟)، الاتحاد، ٢٠٢٠/٨/٢٢،-https://www.alittihad.ae/opinion/ ، سەردانيكردنى ٢٠٢٢/٤/١٧.
زروقى كمال و بوكرلدة زواوى(أ.د):
٤٣٩- نزعة التنوير عند السوفسطائيين، مجلة دراسات انسانية واجتماعية، جامعة وهران، (file:///D:\١٩٤١٢٨(cerist.dz)
https://www.asjp.cerist.dz/en/downArticle/سەردانكردنى٢٠٢٢/٦/١٦
شيرين احمد و انور صباح:
٤٤٠- الطائفة الكاكائية فى العراق بين المعتقد والتصوف، ٢٠٢١/٨/٢٢ https://www.youtube.com/watch سەردانكردنى ٢٠٢٢/١٠/٢٥.
عباس الحسيني:
٤٤١- علويو العراق (الكاكائية واليارسنية)، http://www.ebanonfiles.com. بتأريخ ٢٠١٧/٦/١٢، سەردانيكردنى ٢٠٢٣/١/٣.
مارتن ڤان برونسن:
٤٤٢- الكرد والاسلام-الطرق الصوفية و ادوارها الاجتماعية و السياسية". ت. راج ال محمد. (٢٠١٣/٦/١)https://www.medaratkurd.com/ ،سەردانيكردنى ٢٠٢٢/١/٢.
٤٤٣- (١٥-١٧/اغسطس/١٩٨٦م). "الطريقة النقشبندية أداة للاحتجاج السياسى بين الكرد(٢)"، ت. راج ال محمد، الجزء الثانى، من ورقة مقدمة الى المؤتمر الدولى مقاربات جديدة فى الدراسات الاسلامية، المعهد الاندونيسى للعلوم، جاكارتا، ٢٠١٧/٥/٨. https://www.medaratkurd.com/٢٠١٧، سەردانيكردنى ٢٠٢٢/١/٢.
ممدوح غالب احمد برى:
٤٤٤- اشكالية العلاقة بين التصوف والسياسة فى المشرق الاسلامى، المركز الديموقراطى العربى، ١٨/يناير/٢٠١٦، http://www.democraticac.de، سەردانيكردنى ٢٠٢٢/٣/٥.
مؤمن منصور فنون:
٤٤٥- ماهي العملة المستخدمة فى ايران ١٩/يونيۆ/٢٠١٩.https://mawdoo٣.com/ سەردانيكردنى٢ /٢٠٢٢/٣.

نبيل الحيدرى:

يهود كردستان: وثيقة تاريخية ناصعة مغيبة | العراق اليوم | DW | https://www.dw.com/
٢٤,٠١,٢٠١٣ ، سەردانيكردنى ٢٠٢٢/١٢/٢.

نوبار محمد:

٤٤٦- علاقـــة الكـــرد بالتصـــوف مـــن خـــلال الطريقـــة النقشـــبندية". https://www.medaratkurd.com/ ، سەردانيكردنى ٢٠٢٢/١/٢٥.

محمد مهنا:

٤٤٧- الفـــرق بـــين الصـــوفى والمتصـــوف والمتمصـــوف، ٢٠٢١/٨/١٩، https://www.youtube.com سەردانيكردنى،٢٠٢١/١٢/٢٦.

٤٤٨- مـــاهو معنـــى كلمـــه خواجـــه، **https://www.word.helpkade.com**/٦/٠٣/٢٠٢١،سەردانيكردنى ٢٠٢٢/٣/١٢.

٤٤٩- كرمانشاه، http://exb.pnu.ac.ir/portal/home/) سەردانيكردنى ٢٠٢٢/٦/١٤.

٤٥٠- ماهى العروه الوثقى؟ ٢٠/ديسمبر/٢٠١٩، http://www.Almrsal.com، سەردانيكردنى ٢٠٢٢/٣/٢٣

٤٥١- ابونسر السراج، له https//stringfixer.com ) سەردانيكردنى ٢٠٢١/١٢/٣٠.

ج/ ئينگليزى:

**Who is a Jew?** https://www.jewfaq.org/who-is-a-jew# سەردانيكردنى ٢٠٢٢/١١/٦

٤٥٢- https://academics.su.edu.krd//) ، سەردانيكردنى ٢٠٢٢/٩/١٥.

٤٥٣- https://stringfixer.com/ar/Historyoftherupee) ،سەردانيكردنى ٢٠٢٢/٨/١٤.

# پاشکۆکان

## پاشکۆی ژماره(١)

## نامەکەی شێخ عبیداللە بۆ سەرەخۆشی و پرسانەی شێخ عوسمانی سیراجەدین



پاشکۆی ژماره(٢)

وێنەی خانەقای شێخانی نەقشبەندی هەورامان لە شاری کفری لە پەیجی عەبدوڕەقیب یوسف وەرگیراوە.




پەیجی فەرمی، مامۆستا عبدالرقیب یوسف(https://abdulraqib.net/books)

## پاشکۆی ژماره(٣)

وێنەی ئاڵا و پەرچەمی جیهادی نەقشبەندییان دژ بە سوپای ڕووس






لە ئەرشیفی شێخ ئاوات شێخ مەحمود نەقشبەندی وەرگیراوە ؛ الشيخ محسن المفتي: خلوة السالكين في....، ج١، ص٨٦.

پاشكۆی ژماره(٤)

نامەی دەست نووسی شێخ حیسامەدین بۆ (مستەفا كەمال ئەتاتورك) بە بۆنەی شەڕەكانی لەگەڵ سوپای یۆنانی كە تەمەنای سەركەوتنی بۆ دەكات لەوكاتەی كە هێشتا دەوڵەتی عوسمانی نەڕووخابوو ئەو كەسایەتییەش بەناوی سوپای ئەو دەوڵەتەوە شەڕیدەكرد.



لە ئەرشیفی شێخ ئاوات شێخ مەحمود نەقشبەندی وەرگیراوە؛ سامی دهقانی:منبع قبلی،ج١،ص ١٤٣.

## پاشكۆی ژماره (٥)

نامەی سالار الدولەی قاجاری بۆ شێخ حیسامەدین.



سامی دهقانی: منبع قبلی، ج١،ص١٣٩.

پاشکۆی ژماره (٦)

نامەی شا ڕەزای پەهلەوی بۆ شێخ حیسامەدین.


پهلوی شاهنشاه ایران


پهلوی شاهنشاه ایران

سامی دهقانی: منبع قبلی، ج١،ص١٤٠،١٤١.

## پاشکۆی (٧)

نامەی نێوان کاپتن لیزی ئینگلیز و شێخ محەممەد حیسامەدین، کە سڵاونامەیە بۆ شێخ حیسامەدین و هەواڵی گەڕانەوەی بۆ ئینگلتەرە بەو شێخەدەدات.


بوجناب شیخ محمد کوری شیخ علی حسام الدینه

گیشتمه بمبی و صبینێ احچم سوار ابم بو انگلتره ایره زور گرمه عفو
سلامم تبلیغ بکه له خدمت باوکتا کاتیم نیه ابی جناب کاپتیان دکلس ترجمه
بکا و بنیری بو شیخ محمد ۱۱ مایس کاپتیان لیز

سامی دهقانی: منبع قبلی، ج١،ص١٥٦.

پاشکۆی ژماره (٨ و ٩)

نامەی نێوان شێخ حیسامەدین و پاشا فەیسەڵی عیراقە.


البلاط الملكي
الديوان

البلاط الملكي
الديوان

سامی دهقانی: منبع قبلی، ج١،ص ١٣٣،١٣٤.

## پاشکۆی ژماره (١٠)

دەقی فەتواکەی شێخ عەلائەدین بۆ جیهاد دژی ئینگلیزەکان لەکاتی شۆڕشی مایسی (١٩٤١)دا.



علاء الدين العثماني

رئيس الطريقتين النقشبندية والقادرية

بيان من حضرة علاء الدين

النقشبندي القادري

(قدس الله سره العزيز)

شێخ موحسین شێخ خالید موفتی(ئەحسەن): گەوهەری حەقیقەت...، ب٤، ل٣٦٦.

## پاشکۆی ژماره(١١)

نامەی نێوان شێخ عومەر زیائەدین و مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە.



پەیجی فەرمی، مامۆستا عبدالرقیب یوسف(https://abdulraqib.net/books)

## پاشکۆی ژمارە (١٢)

بەڵگەنامەی عوسمانیی لەسەر تاپۆکردنی زەوی بۆ شێخ حیسامەدین .



سلێمانی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی دا

| 27 جەمادي يەكەم 1312 | 000523.039214 | BEO. |
|---|---|---|

٢٧ جەمادی یەکەم ٣١٢

بۆ بەڕێزی دەفتەرخاقانی جەلیلە

لە قەرای گولعەنبەری سەر بە سانجەقی سلێمانی لە گوندی مەسعود، بەمەبەستی نۆژەنکردنەوە بە نووسراوی دیوانی عالی دراوەتە شێخ محەمەد ئەفەندی. هەروەها لەگەڵ مردنی ناوبراو و ئەو بڕیارانەی کە لەسەری هەیە جێگیر بووە، بۆیە لەلایەن شێخ محەمەد زادە عەلی و هاوەڵانی داواکراوە، ٦٠٠ دۆنم زەوی بە ئاو و ٧٠٠ دۆنم زەوی بە باران بە کۆکراوەیی دەکاتە ١٦٠٠ دۆنم زەوی بە وێنەی بڕیاری حەق وەرگرتنی گونجاو نییە، بەڵام پێشەکی بە چ تۆمار و مەرجێك حەواڵە کراوە، دیسان بەم وێنەیەوە بدرێتە شێخ عەلی گوڕی کۆچکردوو، پێویستە لەلایەن شێخی ناوبراوەوە کشتوکاڵی لەسەر بکرێت، نووسراوی دەوڵەت حەواڵەی شورای دەوڵەت کراوە، لە فەرمانگەی ناوخۆ باسکراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.

١٠٩

نەوزاد یەحیا باجگر: سەرچاوەی پێشوو، ب٩، ل١٠٩.

## پاشكۆی ژمارە (١٣)

بەڵگە نامەی عوسمانییە لەسەر داواکاری کاربەدەستانی ئەو دەوڵەتە بۆ هاوکاریکردنی ماددی حوجرە و خانەقاکانی تەوێڵە و بیارە، بەهۆی ئەو خزمەتانەی پێشکەشیان کردووە




| | | |
|---|---|---|
| 5 زیلقەعدە 1311 | 000401.030043 | BEO. |

٥ زیلقەعدە ١٣١١
بۆ نەزارەتی دارایی جەلیلە
لە قەزای گولعەنبەری سانجەقی سلێمانی و ناوچەکانی سەر سنووری ئێران بە ناوی تەوێڵە و بیارە و پێنجوێن خۆیان تەرخان کردووە بۆ تەریقەتی نەقشبەندی هەروەها بەردەوام شوێنی چەندین تەریقەت بووە تەکیەکی دوو دەرگایی لەگەڵ مەدرەسەیەکی دوو دەرگایی هەیە، بۆ یەك رۆژیش [illegible] لەبووە، شێخ و مودەریسەکانیان بەهۆی خزمەتە شایستەکانیان، وەکو خۆراکی تەکیە و مەدرەسەکە مووچەیەکی گونجاو دابین بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش لە ویلایەتی موسڵی جەلیلە نووسراو لە مێژووی ١٥ رەمەزان ١٣١١ هاتووە، بۆ دەوڵەت نێردراوە، بە تێڕوانین لە بابەتەکە جێبەجێ بکرێت و حیممەت بکرێت لە راگەیاندنی

١٧٠

نەوزاد یەحیا باجگر: سەرچاوەی پێشوو ، ب٨، ل١٧٠

## پاشکۆی ژمارە(١٤)

وێنەی دەستنووسە، لە ناوەندی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە و ئەرشیفکردن وەرگیراوە. نووسەرەوەی ئەم دەستخەتە بەناوی (عبد السميع الجناري)ە ولە ساڵی (١٨٩٥) لە گوندی بیارەی دەڤەری هەورامان، کە خانەقای سەرەکیی نەقشبەندییەکانی لێیە و مەڵبەندی حوجرەی شێخانی هەورامان بووە:-



ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی..

پاشکۆی ژمارە( ١٥)

وێنەی دەست نووسییە لەسەر گرانی نرخی کتێب .







پاشكۆی ژماره( ١٦)

ئاماری ساڵی ١٩٤٧ جووەكانه له عێراق و هەڵەبجەش وەك قەزایەك كه جووەكانی لێنیشتەجێبووه.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| لواء الموصل | قضاء العمادية | مركز القضاء | ٢٠ | ٣٠١ |
| | | ناحية العمادية | ٦٢ | |
| | | ناحية بزوة ريكان | ١١٤ | |
| | | ناحية برواري | ١٠٥ | |
| لواء الموصل | قضاء دهوك | مركز القضاء | ٦٧٣ | ١٢٥٤ |
| | | ناحية دهوك | ٥٠٢ | |
| | | ناحية المزوري | ٧٩ | |
| لواء السليمانية | قضاء السليمانية | مركز السليمانية | ١٥١٥ | ١٥١٧ |
| | | ناحية تانجرو | ١ | |
| | | ناحية قره داغ | ١ | |
| لواء السليمانية | قضاء حلبجة | مركز حلبجة | ٥٨٠ | ٦٣٩ |
| | | ناحية خورمال | ١ | |
| | | ناحية بنجوين | ٥٨ | |
| لواء السليمانية | قضاء بشدر | مركز القضاء | ١٠٤ | ١١٥ |
| | | ناحية قلعة دزه | ١١ | |
| لواء اربيل | قضاء اربيل | مركز اربيل | ١٣٢٠ | ١٥٠١ |
| | | ناحية قوش تپه | ١٣٣ | |
| | | ناحية شقلاوه | ٤٨ | |
| لواء اربيل | قضاء مخمور | مركز مخمور | ٥٩ | ٣٥٨ |
| | | ناحية الكوير | ١٥٠ | |
| | | ناحية كنديان | ١٤٩ | |
| لواء اربيل | قضاء رانيه | مركز رانيه | ١٧٧ | ١٨٣ |
| | | ناحية جناران | ٦ | |
| لواء اربيل | قضاء كويسنجق | مركز كويسنجق | ٤٤٠ | ٤٤٠ |

بڕوانه: المملكة العراقية، وزارة الشؤن الاجتماعية ، مديرية النفوس العامة، احصاء السكان لعام ١٩٤٧، ج٢، بغداد، مطبعة الحكومة ، ١٩٥٤، ص٩٦،٢٢.

پاشکۆی ژماره(١٧)

وێنەی شێخ حیسامەدین و ژمارەیەك لە خەلیفە و موریدانی لە ناویاندا جوویەك هەیە بووەتە موسڵمان، ناوەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپ (١/سەید جەمیل کوڕی سەید تەهای لۆن. ٢/جووی موسڵمان بوو ناوی نەناسراوە. ٣/ حاجی شێخ عوسمان کوڕی شێخ حیسامەدین. ٤/شێخ حیسامەدین. ٥/کوڕی سەید عەبدوڵلای بڵبەر خەلیفەی شێخ عومەری بیارە. ٦/شێخ مەحمود نەوەی شێخ حیسامەدین. ٧/حاجی حەسەنی باخەکۆن.) پاشان بووەتە خەلیفەی شێخ حیسامەدین.



لە ئەرشیفی شێخ (محەممەدعەلی شێخ ئەحمەد شێخ محەممەد شێخ حیسامەدین)ەوە وەرگیراوە.

چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ، شێخ محەممەدعەلی شێخ ئەحمەد شێخ محەممەد شێخ حیسامەدین، سەرچاوەی پێشوو

**ملخص البحث**

هذه الرسالة مكوّنة من مدخل (تمهيد) و ثلاثة أقسام رئيسية، وهي في الإجمال عرض تأريخ منطقة كانت تحت نفوذ وسيطرة طريقة دينية.

خصّصنا المدخل لتعريف مصطلح التصوف، الذي هو أساس فكر الطريقة النقشبندية في المنطقة. حيث أنّ نموّ الطريقة مربوط بالمبادئ الرئيسية لفكر التصوف، و من هنا نريد أن نفتح الباب تجاه تعريفة التربية الروحية والجسدية لدى حامل هذه الطريقة ومعتقديها، ونوضّح تاريخ نشأتهم و تطوّرهم تحت ظلّ أبرز شخصياتهم، وعلى رأسهم مولانا خالد النقشبندي الكردي.

القسم الأول يحمل عنوان: الطريقة النقشبندية في هورامان و حلبجة، الذي قسمناه إلى محورين أساسيَين، فقد حاولنا أن نُجمع معلومات حول الطريقة النقشبندية في المنطقة وتطورها.

في المحور الأول تحدثنا عن نشأة الطريقة في المنطقة، وعبورها من السليمانية إلى هورامان وحلبجة، الذي أدّى إلى توسّع أكثر من أي منطقة أخرى في شمال كردستان، وما هي عناصر تطورها؟ وهل هذا العبور فرار عن سلطة مدينة صاحبِ طريقة أسبق من الطريقة النقشبندية أم لا؟

أما في المحور الثاني، فقد عرضنا أنشطة وحركات الشيوخ السياسية المتنوعة مع القُوى المختلفة، حيث وزّعنا المحور إلى ثلاث مطالب، كل مطلب يتضمن فروعا ونقاطا عِدّة. ففي مطلبنا الأول ذكرنا علاقات مشايخ النقشبندية في هورامان و حلبجة بالقوى السياسية المزامنة لتلك المرحلة. الذي هو يدلّ على عدم جمود المشايخ من ناحية، وعدم انحيازهم إلى جهة أو قوى معينة من ناحية أخرى، وذلك على الرغم من أن التصوف النقشبندي في غلافه العام محايد عن السياسة، ومع ذلك فمن الناحية العملية يلاحظ أنهم (أي المشايخ) ذات علاقة منطقية متوازنة مع السياسة.

أما ما يخصّ بالقسم الثاني، الذي هو منقسِم على ثلاث محاور، فهو التفات إلى طبيعة المشايخ الذاتية وبيئتهم الإجتماعية التي عاشوها، نتكلم بشكل عام عن مكانتهم و مدى تاثيراتهم الإجتماعية والعلمية ومراكزهم التربوية التي تتمثّل في حجراتهم و خانقاهاتهم. ويتمضن هذا المحور مطلبان:

المطلب الأول: مُكوّن من ثلاثة فروع، الفرع الأول: مكانة المشايخ وتاثيراتهم في الطبقات الإجتماعية لمنطقة هورامان و حلبجة، ومدى اغتنام علاقاتهم مع مختلف القوى الدنيوية والسياسية من الآغوات لمصالح عام المنطقة. فمادام الدين دافع نشأتهم، فحدود شهرتهم مرتهِن بحدود الدين، والذي ألان الطريق لجيمع طبقات المجتمع إلى نوع من التالف و التواصل بسبب التناكح والتزاوج، حيث يوجد عدد هائل من الشيوخ قد تزوجوا بأكثر من امرءة، وذلك مقارنة بالأشخاص العاديين من سائرالأقوام والعشائر الأخرى الذين لا يتزوجون بأكثر من امرءة، والذي أدّى بعدُ إلى التنازع بين أبناء الشيوخ على الملك والسلطة و المكانة، كما تطرّقنا إلى ذلك في الفرع الثاني.

الفرع الثالث: خصّصنا هذا الفرع لعرض صورة عامة لمحاولة المشايخ لحلّ المشاكل الإجتماعية في المنطقة، حيث كان بسبب عدم وجود المراكز الحكومية و غياب الإدارة في المنطقة، استطاع المشايخ أن يسدّوا تلك الفراغات ويحلّوا محل الحكومة ويقوموا بتوجيه المجتمع والقيام بأوامرهم إلى حدّ كبير.

المطلب الثاني يتضمن موضوع مُلكية المشايخ وتملكهم الأراضي والعقارات، حيث التفتنا فيه إلى تلك الأسباب التي حوّل بعض من المشايخ مِن تَصَوّفٍ زاهد إلى متكاثر شريس، في حين كان جُلّ وصايا الشيخ مولانا التمرّد عن التملك و الدنيا.

المطلب الثالث، و يحتوى ثلاثة فروع، الفرع الأول: تحدّثنا عن مكانة المشايخ وتاثيراتهم على المجتمع ومدى استجابة المجتمع لهم واحترامهم، وازدحام مجالسهم وخانقاهاتم بالعلماء و الشخصيات البارزة، و رجوع الناس إليهم والإستشارة بهم. الفرع الثاني: حجراتهم و مدارسهم الدينية بالإضافة إلى تربياتهم الروحية، التي تُعدّ محاولة كبيرة وجهدا جبارا للمشايخ لنشر العلوم والمعارف والثقافات الدينية وقتئذ،

بالإضافة إلى اغتنام تلك المراكز و استعمالها لنشر دعواتهم الروحية و المعنوية من ناحية، و حفظ دين و مذهب المجتمع من ناحية أخرى. الفرع الثالث: وضع التدريس في تلك المدارس، والمناهج المدروسة آنذاك، واحتواء تلك المدارس لجيمع طلاب العلم لا للكرد و أهل المنطقة وحده، بل لسائر المناطق و طلاب أقوام الأخرى-.

القسم الثالث، توجيه الشيوخ وحثّهم الناسَ للتعايش السلمي مع المكونات المختلفة الموجودة المتجسدة في المنطقة، فالمشايخ بالتربية التصوفية التي كانت لهم و لَدَيهم، عمِلوا و حثّوا الجميع على هذا النمط والتفكير لئلا يتولد أقلّ اصطدام فكري أو عقدي أو اجتماعي على أساس الدين، إذ لم يكن لهذا الموضوع فهم صحيح سيؤدي إلى انشقاق كبير وتفرُّق شنيع، إلاّ أنهم استطاعوا أن يتعايشوا مع ديانتين مختلفتين في المنطقة وهما (اليهود والكاكائية) بسلمٍ وأمان، بل كانوا متالفين ومتعاونين إلى حدّ كبير.

Research Summary

Tariqa (The Sufi doctrine or esoteric path) and following, Tariqa with its long history in Kurdish religiousness requires many speeches, because reflecting that way of religiousness by Kurdish individuals was a felt fact and active. This led to give a special form to Kurdish religiousness, in a way; The Sheikhs (the first religious figures) always stood at the top of this religious system and were the first source of knowledge to their followers and also their followers bound to. In this research, we want to shed light on that bright history that had a great role and its importance at that time. We want to understand how deep the spiritual education of Sufism went into the core of Kurdish society . At the end, we come to the conclusion that Sufism gave a picture of co-existence and living peacefully. Sufism did much before it combined with economical interests.

This dissertation is composed of an introduction and three main parts. Generally it tries to show the region under the hegemony of this religious order. The research introduction is specialized to introduce Sufism as the basis thoughts of Naqshbandi order in the region. Through the most outstanding figure and the greatest symbol of the Tariqa (Maulana Khalid Al-Naqshbandi) we want to open new doors to have better understanding from those spiritual educations blanketed this order. Maulana Khalid is a key figure and is our only tool to have full-understanding, because he deeply rooted in and also had unforgettable role in advancing the Tariqa.

The first part is about the origin of this order in the region and its passing to Sulaymaniyah, Hawraman and Halabja. What are the reasons of its expansion to other places? Is this crossing an escape from the authority of the city which backed by an earlier order than Naqshbandi or not? why this crossing in the region led to great developing in comparing other places؟

In the second part we presented the various political activities and movements of the Sheikhs with different forces. We divided this part into three axis,each axis includes several branches and points.The first axis is about the political relationships of the Sheikhs with the political forces of that historical stage.In fact, This order isn’t a political on originally,it was neutral political; but in practice we feel Sheikhs intelligence to politics .

As for the second part which divided into three axis,it pays attention to the personal nature of Sheikhs and their social environment in which they lived in. Generally we talked about their status and the extent of their social, scientific and their educational centers through their followers.

The first discussion is composed of three sections. The first section: the status of the sheikhs and their influences in the social classes of the Hauraman and Halabja regions, and the extent to which their relations with the various worldly and political powers, such as the local leaders and the Agas (landlord), exploited the interests of the people of the region. As long as religion motivated their upbringing, the limits of their fame depended on the limits of area, which has now paved the way for all classes of society to a kind of harmony and communication due to marriage and intermarriage, as there is a huge number of Sheikhs who have married more than one woman, compared to ordinary people from all other nations and clans who do not marry more than one. From a woman, which then came to the dispute between the sons of the Sheikhs over kingship, power and status, as we touched on that in the second section.

The third section: We devoted this section to presenting a general picture of the Sheikhs' attempt to solve social problems. In the region, where it was due to the lack of government centers and the absence of administration in the region, he could Sheikhs to fill these voids and replace the government and direct the community and do pretty much their orders.The second discussion includes the issue of Sheikhs' properity and ownership of lands and real estate, in which we turned to those reasons that transformed some of the Sheikhs from ascetic Sufism to ferocious proliferators, while most of the commandments of Sheikh Maulana were rebellion against possession and the world.

The third discussion, and it contains three sections. The first section: We talked about the status of the Sheikhs and their influence on society, the extent to which society responds to them and respects them, and the crowding of their councils and their relationship with scholars

and eminent personalities, and people returning to them and consulting with them.The second axis: Their religious rooms and schools, in addition to their spiritual education, which is considered a great attempt and a tremendous effort by the Sheikhs to spread the sciences, knowledge and religious cultures

at that time, in addition to seizing these centers and using them to spread their spiritual and moral calls on the one hand and to preserve the religion and doctrine of society on the other hand. Section Three: Setting

Teaching in those schools and the curricula studied at the time, and those schools containing all students of knowledge. Not only for the Kurds and the people of the area, but for all regions and students of other peoples. The third section, the Sheikhs alone direct the people to peaceful coexistence with the various existing components embodied in the region. The Sheikhs, with the Sufi education that was spreaded, worked and urged everyone to follow this pattern and thinking so that the slightest intellectual, doctrinal or social clash on the basis of religion does not arise. They had a correct understanding of this issue, which would lead to great dissension and outrageous disunity, but they were able to coexist with two different religions in the region, namely the Jews and the Kakais, in peace and security and without any problem. Rather, they were harmonious and cooperating to a large extent, and this is a wonderful and ideal model compared to any other areas.

Kurdistan Regional Government
Ministry of Higher Education And Scientific Research
University of Sulaimani – Faculty of Humanities
Department of History

# Position of Naqshbandi Sheikhs in Hawraman and Halabja
**١٩١٨- ١٩٥٨**

Thesis Submitted by:

Luqman Mohammed Qadir

To the council of colleg of Humanities - University of Sulaimani in partial fullfillment of the requirements for the Master Degree in a new and contemporary History

supervised by :

**Professor. Dr. Sozan kerim Mustafa**

٢٧٢٣ Kurdi ٢٠٢٣ A.D